تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

مەریوان وریا قانیع

دەسەڵات و جیاوازی



دەسەڵات و جیاوازی

مەریوان وریا قانیع

دەسەڵاتوجیاوازی

مەریوان وریا قانیع

ناوی کتێب: دەسەڵات و جیاوازی
ناوی نووسەر: مەریوان وریا قانیع
بابەت: کۆمەڵە وتار
دیزاینی بەرگ: ناوەندی دیزاینی ئەندێشە-باسم رەسام
دیزاینی تێکست: ناوەندی دیزاینی ئەندێشە-دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: سێهەم ٢٠١٣
چاپخانە: تاران-ئێران
تیراژ: (١٥٠٠) دانە
نرخ: (١١٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(٢٧١٧)ی ساڵی (٢٠١٢)ی دراوەتێ.

ناوەندی رۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە/ ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم
www.endeshe.org ● andesha.library@yahoo.com
http//www.facebook.com/Andeshacenter
07501026400

پێشکەشە بە ڕۆحی بەفرینی هاوڕێ شەهیدەکانم: زاهیر و ستار و دەشتی و ئەکرەم، لەگەڵ هەندێکیاندا ژوورێک لە زانکۆ و لەگەڵ ئەوانیتریاندا ژوورێکم لە شاخ، بەشکرد.

ناواخن

پێشەکی چاپی سێهەم ٧
لەباتی پێشەکی ٣٣
شەڕی ناوخۆ: خێڵ، حیزب، سیاسەت ٤١
بۆ شەڕی ناوخۆ بە "شەڕی براکان" ناودەبرێت؟ ١٣٥
هاوکێشەکانی دەسەڵات: سزا، کۆنترۆڵ، کاریزما ١٥٥
یەکگرتن، یان جیاوازبوون، پێداچونەوەیەک بە گوتاری یەکگرتندا ٢٢١
ئەنفال و مۆدێرنە، ڕوداوێک لەدوامانەوە، یان ئەگەرێک لەپێشمانەوە.... ٢٧٧
جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ، بانگەوازێکی گەردوونییە، یاخود بەرهەمێکی خۆرئاواییە؟ ٢٤٥
ئەخلاقناسی جیاوازی لە دونیای پۆست ـ مۆدێرندا ٣٦٥

پێشەکی نوێی دەسەڵات و جیاوازی

-١-

دوای دوازدە ساڵ لە چاپی یەکەمی کتێبی دەسەڵات و جیاوازی بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە چاپی سێهەمی ئەم کتێبە دەخەمە بەردەستی خوێنەران. ئەم کتێبە جگە لەوەی یەکەمین کتێبە من وەک نووسەر بڵاومکردبێتەوە، هاوکات یەکێکە لەو کتێبانەش، کە هێڵە هەرە گشتییەکانی فیکر و بیرکردنەوەی منی تێدایە. بەشی زۆری ئەوەی من لە کتێبی دەسەڵات و جیاوازیدا نووسیومە بنەمای سەرەکی بڕێکی زۆری تری ئەو نووسینانەی تریشە، کە لە ساڵانی دواتردا نووسیومن. لەڕووی فیکری و میتۆدییەوە ئەم کتێبە بەرگری لەوەدەکات، کە ئینسان بکەرێکی کۆمەڵایەتییە و هەمیشە توانای کارکردنی لەسەر ئەو دونیا و ژینگەیە هەیە، کە تیایدا دەژی، هەمیشە دەتوانێت کۆمەڵێک ئەگەری نوێ بۆ گۆڕان و دەسکاریکردنی دونیای خۆی دابهێنێت، تەنانەت لەو کاتانەشدا، کە دونیای کۆمەڵایەتی وادەردەکەوێت خۆی دووبارەبکاتەوە و نەتوانێت بگۆڕێت. لە دیدی ئەم کتێبەوە خودی ئەو خۆدووبارەکردنەوە و نەگۆڕانە، دەرەنجامی کردەی مێژوویی تایبەتن و بەناو ژمارەیەکی زۆر لە بڕیار و پلان و چالاکی ئینسانیدا تێدەپەڕن. بەکورتی

کتێبی دەسەڵات و جیاوازی هەڵگری دونیابینی و پاشخانێکی فیکری و میتۆدییە، کە من لە بەشی هەرەزۆری بەرهەمەکانی دیکەمدا سەرلەنوێ بەکارمهێناونەتەوە و پەرەمپێداون و دەوڵەمەندمکردوون. شتێکی دیکە، کە لە کتێبی دەسەڵات و جیاوازیدا بەشێوەیەکی بەرچاو ئامادەیە و لەوێشەوە لەبەشێکی زۆری نووسینەکانی مندا ڕەنگیداوەتەوە، مەسەلەی ئامادەگی گەشبینییەکی ڕێژەییە لەو نووسینانەدا، باوەڕبوونە بە ئینسان وەک بکەرێکی وشیار و چالاک و بیرکەرەوە، دیتنی ئەگەری بەرپاکردنی گۆڕانکارییە تەنانەت لەداخراوترین ساتەوەختی مێژوویدا. بەمانایەکی دیکە ئەو دیدەی، کە ئاراستەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنەکانی ناو ئەم کتێبە دەکات باوەڕبوونە بەو ڕاستییەی، کە گۆڕان و تازەبوونەوە هەمیشە بەشێکی گرنگن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەرکی فیکریش ئەوەیە ئەو گۆڕان و تازەبوونەوانە ببینێت و هەوڵبدات ڕوویەرەکانیان گەورەتربکات. وتارەکانی ئەم کتێبە لەناو ساڵە تاریکەکانی شەڕی ناوخۆ و ئاشتی درۆزنانەی دوای شەڕدا نووسراون، بەڵام ئەو دیدەی لەپشتی ئەو وتارانەوەیە ئەو دیدەیە، کە دونیا لە جوڵە و گۆڕانێکی بەردەوام و هەمیشەییدا دەبینێت.

بۆ ئامادەکردنی ئەم چاپە تازەیە سەرلەنوێ هەموو کتێبەکەم خوێندەوە و بەرێنووس و برێک لە زاراوەکان و دارشتنی هەندێک لە ڕستە و پەرەگرافەکانیدا چوومەوە، هاوکات هەوڵمداوە برێکی زۆری ئەو هەڵە زۆرانەی چاپیش، کە لە چاپەکانی پێشوتردا هەبوون، چاکبکەمەوە. بەدەر لەمانە خوێندنەوەی تازەی کتێبەکە توشی سەرسوڕمانێکی گەورەی کردم، پێم سەیربوو برێکی زۆری ئەو بۆچوون و تێزانەی لەم کتێبەدا پێشکەشمکردون، تا ئەمڕۆکەش ڕاستن و ئێستاییبوونی خۆیان نە لە ئاستی سیاسی و نە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و نە لە ئاستی ئەخلاقی و فەرهەنگیدا، لەدەستنەداوە. هەندێک لەو نووسین و تێزانەی لەم کتێبەدا هەن وەک ئەوە وان ئەمڕۆکە نووسیبێتم، یان تەنانەت سبەینێ بیاننووسم.

ئەمەش هەم مایەی دڵخۆشی و هەم مایەی خەمبارییە، مایەی دڵخۆشییە چونکە ڕاستی و دروستی بڕێکی زۆری ئەو بۆچوون و تێزانە دەسەلەمێنێت، کە من لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی پێشکەشمکردون، مایەی خەماریشە، چونکە نیشانیدەدات ئەو واقیعەی ئەم تێکستانەی بە من نووسیوە، تا ئێستاش نەیتوانیوە بەو ڕادەیە بگۆڕێت و تازەببێتەوە، یان بەو ئاراستەیەدا بگۆڕێت و تازەببێتەوە، بتوانێت تێز و بۆچوونی ناو تێکستەکان تێپەڕێنێت. بەداخەوە دوای ئەو هەموو ساڵانە لە جەنگی نێوان تێکست و واقیع لە کتێبی دەسەڵات و جیاوازیدا، تێکست لە واقیعی بردۆتەوە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا من کەمەکێک درێژتر لەسەر هەندێک لەو تێزە سەرەکی و بنەڕەتییانە ئەدوێم، کە ئەم کتێبە لەخۆیگرتون و پێشموایە تا ئەمڕۆ تێزی گرنگ و سەرەکی خوێندنەوە و نرخاندنی ڕەخنەیی دونیای ئێمەن. کۆمەڵێک تێز، کە کتێبی دەسەڵات و جیاوازی شەرەفی ئەوەی هەیە بۆ یەکەمجار لە ڕۆشنبیری ئێمەدا بەوشێوەیە پێشکەش و نمایشیکردبێت.

ئەو پرسیارەی حەزدەکەم هەر لەم سەرەتاییەدا بیکەم و ڕاستەوخۆش وەڵامیبدەمەوە پرسیاری ئەوەیە من بۆ دەنووسم؟ بۆ دەمەوێت وەک نووسەرێک بژیم؟ واتە لێرەدا دەمەوێت بۆ پرسیاری سەرەتاکان بگەڕێمەوە، ئەو پرسیارەی، کە دەپرسێت ئینسان بۆ بڕیاردەدات ببێت بە نووسەر. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەمەوێت هێما بۆ وەڵامی دوو نووسەری دیکە بکەم، کە من ڕێزێکی تایبەتم بۆ نووسین و شێوازی بیکردنەوەیان هەیە و لەزیاد لە نووسین و لێکۆڵینەوەیەکیشدا سوودم هەم لە هەندێک لە بیر و ڕا و بۆچوونەکانیان وەرگرتوە، هەم لەو شێوازی بیکردنەوە و ڕوانیانەی ئەوان بۆ دونیا و ئینسان و کۆمەڵگا و نووسین هەیانبووە، مەبەستم لەو دوو نووسەرەش فەیلەسوفی فەرەنسی میشێل فۆکۆ و نووسەری بریتانی جۆرج ئۆرویلە.

میشێل فۆکۆ یەکێکە لەو نووسەرانەی زۆرجار باسی ئەوەی کردووە بۆ دەنووسێت.

وەڵامی سەرەکیشی بەم پرسیارە ئەوەبووە نووسین بەر لەهەمووشتێک هۆکار، یان ئامرازێکی گرنگە بۆ دروستکردن و گۆڕینی خودی خۆی، بۆ داهێنانی شوناسی نوێ بۆ خۆی و بۆ بوون بە ئینسان و کەسێکی تازە و جیاواز لەوەی هەیە. بەبۆچوونی فۆکۆ نووسەر لەڕێگای نووسینەوە بەر لەهەمووشتێک خۆی دەگۆڕێت، خۆی دەکات بەکەسێک جیاواز لەوەی، کە کۆمەڵگا و دین و ئایدیۆلۆژیا و دەزگا و ئەخلاق و بۆچوونە باڵادەستەکان چاوەڕوانیدەکەن، کە هەبێت. فۆکۆ لە کتێبی ئارکیۆلۆژیای مەعریفەدا ئەم دیدە ئاشکراتر بەیاندەکات و دەنووسێت: "من گومانم لەوە نییە، کە تاقە نووسەرێک نیم دەنووسم بۆئەوەی ڕوخسارێکی جێگیرم نەبێت. لێم مەپرسە من کێم و داواشم لێمەکە نەگۆڕێم و هەمیشە هەمان کەس بمێنمەوە. ئەم داوایانە وازلێبێنە بۆ پۆلیس و بیرۆکراتەکان، کە تەماشای ناسنامەکانمان دەکەن بۆئەوەی بزانن ساختەن، یان نا. لانیکەم، کە دەنووسین دەبێت خۆمان لە ئەخلاقیاتی پۆلیس و بیرۆکراتەکان ڕزگاربکەین" (Foucault 1969: 17). ئەگەر کۆمەڵگا و دەسەڵات و دین و ئەخلاق و زانستەکانی وەک دەروونناسی و پزیشکی ڕۆحی و کۆمەڵناسی و زۆرشتیتریش، بیانەوێت ئینسان بکەن بەوەی، کە ئەوان دەیانەوێت، ئینسان وا دروستبکەن و وا دابڕێژن وەک ئەوەی ئەوان دەیخوازن، ئەوا کاری نووسین ئەوەیە ئینسان، دژ بەو شتانەی باسمکرد، خۆی بەوجۆرە دروستبکات و بەوجۆرە دابهێنێت، کە خۆی دەیەوێت. واتە ئەرکی نووسین لای ئەم فەیلەسوفە ئەرکی دروستکرنی شوناسێکی پڕجوڵە و ناجێگیر و کراوەیە بۆ خودی نووسەرەکە خۆی، شوناسێک لەسەر ئازادی و ویست و ئارەزووی ئینسان بۆ گۆڕان دروستبوونێت، نەک کۆپی، یان دووبارەکردنەوە و سەلماندنی ئەو شوناسانەبێت، کە لەدەرەوەڕا بەسەریدادەسەپێنرێت. فۆکۆ ئەم ئەرکی خۆدروستکردنە لەڕێگای نووسینەوە وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و ئیستاتیکی و سیاسی دەبینێت، چونکە لە بنەڕەتدا هەوڵدانە بۆداهێنانی خودێک لەدەرەوەی

جەبر و فشارەکانی دەسەلاتدا، ئیدی لە دەسەلاتی دینی و سیاسییەوە بیگرە، بۆ دەسەلاتی ئەخلاق و بەها و ئیستاتیکای بالادەست. بەمانایەکی دیکە نووسین لای فۆکۆ یەک مانای سەرەکی هەیە: بەرگریکردنی بەردەوام لە ئازادی و لە مافی ئەوەی ئینسان خۆی بتوانێت خۆی دروستبکات و ببێت بەو شتەی، کە خۆی دەیەوێت ببێت. نووسین لەم ئاستەدا یەکێکە لەو ئامرازە سەرەکییانەی یارمەتی ئینسان دەدات ببێت بەوەی، کە خۆی دەیەوێت ببێت، نەک ئەوەی، کە کۆمەڵگا و دین و ئەخلاقی بالادەست لێی چاوەڕواندەکەن، کە ببێت. بەبۆچوونی فۆکۆ یەکێک لە ئەرکە هەرەسەرەکییەکانی نووسین ئەوەیە، کە نووسەرەکە بکات بە ئینسانێکی تر، بە ئینسانێکی تازە، ئینسانێک خۆی لەسەر خۆی کاریکربێت و خۆی خۆی داهێنابێت. فۆکۆ لە کۆتاییەکانی ژیانیدا و لە چاوپێکەوتنێکی بەناوبانگدا هەمان دید دووبارەدەکاتەوە دەڵێت " من باوەڕم وایە تاکە ئەرکێک، کە نووسەر هەیەتی ئەوە نییە، کە کتێبەکەی بنووسێت، بەڵکو کاری هەرە سەرەکی و گەورەی بریتییە لە خودی خۆی لە کردەی نووسینی کتێبەکانیدا" (Ashbery 1986: 186)

بە کورتی دەمەوێت لەگەڵ فۆکۆدا پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دابگرم، کە نووسینی هەر کتێبێک ڕەهەندێکی شەخسی هەیە، کە پەیوەندی بەکارکردنی نووسەرەکەوە لەسەر خودی خۆییەوە هەیە، پەیوەندی بەداڕشتنی شوناسی خۆی و بەبەخشینی ماناوە هەیە بە ژیانی خۆی وەک ئینسان. واتە هەمیشە ڕەهەندێکی تاکەکەسی لە نووسین و بوون بە نووسەردا هەیە بەو مانایەی لەسەرەوە باسکرا. بەڵام هاوکات دەبێت ئەوە بڵێم، کە ئەمە هەموو هۆکارەکانی نووسین نییە، لای میشێل فۆکۆ خۆشی ئەمە تاقە پاڵنەرێکی نووسین نەبووە و نییە. نووسین هەمیشە ڕەهەندێکی گشتیشی هەیە، کە لەخەمی تێکەڵبوونەوە بە دونیا و بە کۆمەڵگا و بە پرۆسە مێژووییەکانەوە لەدایکدەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕەهەندەی نووسین دەمەوێت چەند سەرنجێکی کورت لەهەندێک لە بۆچوونەکانی نووسەری بەریتانی جۆرج

ئۆرویل بدەم لەسەر ئەم بابەتە. ئۆرویل لە کتێبێکی بچووکدا بەناونیشانی "من بۆ دەنووسم" باس لەم بابەتە دەکات و بەوردی ڕەهەندە جیاوازەکانی نیشان دەدات. ئۆرویل لەو کتێبەدا باس لە بوونی چوار پاڵنەری سەرەکی دەکات، کە پاڵ بە نووسەرەوە دەنێن بۆ نووسین. ئەو پاڵنەرانەش بریتین لە خۆخۆشویستن، یان ئەنانیەت، حەماسەتی ئیستاتیکی، پاڵنەری مێژوویی و مەبەستی سیاسی. من دەمەوێت لێرەدا تەنها لەسەر پاڵنەری چوارەمیان بوەستم، کە "مەبەستی سیاسی"یە، چونکە پێموایە لەپشتی نووسینی کتێبی دەسەڵات و جیاوازی و لەپشتی بەشێکی زۆری نووسینەکانی تریشمەوە ئەو "مەبەستە سیاسی"یە ئامادەیە، کە ئۆرویل باسیدەکات. بەڵام ئەوەی دەبێت لای خوێنەر ئاشکرابێت ئەوەیە، کە ئۆرویل ئەو مەبەستە سیاسییە بەمانا ڕۆژانەییەکە سیاسەت باسناکات، واتە باس لە بەرگریکردن لەم سیاسی، یان لەویتر، لەم پارتی سیاسی، یان ئەویتریان ناکات، بەڵکو باس لە ئارەزوو و حەز و ویستی گۆڕانی دونیا دەکات. باس لە سیاسەت دەکات وەک یەکێک لە ئامڕازە گرنگەکانی گۆڕانی دونیا بەرەو باشتر. ئۆرویل سیاسەت وەک هێزێکی سەرەکی بۆ گۆڕان و تازەکردنەوەی دونیا دەبینێت. ئۆرویل سیاسەت وەک: "ئارەزووی پاڵنان بە دونیاوە بۆ گۆڕان بە ئاراستەیەکی دیاریکراو" دەبینێت، هاوکات سیاسەت دەبەستێتەوە بە هەوڵدان بۆ "گۆڕینی بیرو بۆچوونی خەڵک بەرامبەر بەو کۆمەڵگایەی پێویستە خەبات بۆدروستکردنی بکەن" (Orwell 2004: 5). هەر لەم ئاستە سیاسییەدا ئۆرویل دەڵێت ئەو بۆیە دەنووسێت "چونکە هەمیشە هەندێک درۆ هەن، کە دەبێت ئاشکرابکرێن و هەندێک ڕاستی هەن، کە دەبێت گرنگیانپێبدرێت" (Orwell 2004: 8). بە کورتی ئۆرویل لەپاڵ ئەو مەبەستە شەخسییەی فۆکۆ بە کردەی نووسینی دەدات، مەبەستێکی دەستەجەمعی و کۆمەڵایەتی بە نووسین دەدات، کە خۆی لە ویست و ئارەزووی بەرپاکردنی گۆڕانکاری لە دونیادا بەرجەستەدەکات، گۆڕان

بەئاڕاستەی دونیایەکی ئینسانتر و هێمنتر و کراوەتر.
لەهێنانەوەی بۆچوونەکانی فۆکۆ و تۆرویلدا سەبارەت بە نووسین دەمەوێت ئەو ڕاستییە بە خوێنەر بڵێم، کە لەپشتی سەرجەمی نووسینەکانی منەوە هەم ئەو مەبەستە فۆکۆییە و هەم ئەم مەبەستە تۆرویلییە بە خەستی ئامادەن، نووسین بۆ من هەوڵدانێکی بەردەوام و بێوەستانە هەم بۆ دەسکاریکردنی خودی خۆم و داڕشتنەوەیە بەشێوەیەکی نوێ، هەم بۆ دەسکاریکردنی ئەو دونیایەی تیایدادەژیم، دونیایەک بە دونیای خۆمی دەزانم و بەلامەوە گرنگە بەشداریم لە داڕشتنی چوارچێوە و گوتار و خەون و چاوەڕوانییەکانیدا. بەم مانایە کتێبی دەسەڵات و جیاوازی کتێبێکە بۆ هەردوو مەبەستەکە نووسراوە.

-٢-

کتێبی دەسەڵات و جیاوازی کتێبی نیشاندانی ئەو مەترسییانەیە، کە لە دونیای دوای ڕاپەڕینی ئێمەدا ئامادەن، ئەم کتێبە ڕاپۆرتێکی درێژە دەربارەی ئەو هەڕەشە قووڵانەی لە ئینسان لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەکرێت، ئیتر لە هەڕەشە و مەترسی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە تا ڕادەی بەرپاکردنی جەنگ دژ بە کۆمەڵگاوە بیگرە، تا مەترسی خراپ ئیدارەدانی دونیا و ئیدارەدانی ژیان، لە مەترسی تێکەڵبوونی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ و دیسپلینکەرەوە بە دەسەڵاتێکی کاریزمی نابەپرسیارەوە بیگرە، بۆ مەترسی گۆڕینی هەموو دڕۆیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بۆ هەقیقەت. لەهەموو ئەو دۆخانەشدا مەترسی دەستدرێژیکردنێکی بەردەوام و تاوانبارانە بۆسەر ژیانی تاکەکەسی و ژیانی گشتی کۆمەڵگا. کتێبی دەسەڵات و جیاوازی سەرجەمی ئەم مەترسییانە لەژێر ناونیشانی قبووڵنەکردن و

ڕێزنەگرتنی جیاوازیدا کۆدەکاتەوە. جیاوازی چەمکی هەرەسەرەکی و هەرە گرنگی ئەم کتێبەیە، هەم لەبەرامبەر شێوە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا دانراوە و هەم وەک ئەلتەرناتیڤ بۆ شێوازی ئیشکردنی وێرانکەرانەی ئەو دەسەڵاتانە گریمان و پێشنیارکراوە. بەم مانایە کتێبی دەسەڵات و جیاوازی کتێبی بەرگریکردنە لە جیاوازی، کتێبی بەرگریکردنە لە ئینسان وەک بوونەوەرێکی جیاواز، کتێبی بەرگریکردنە لەهەموو ئەو شوناسە جیاوازانە، کە شوناسی باڵادەست دەیەوێت پەلاماریانبدات. لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێمەدا ئەم کتێبە کتێبی بەرگریکردنە لە هەموو ئەو شوناسانەی دەیانەوێت لەدەرەوەی ویستی براگەورەکانی ناو حیزب و ناو سیاسەت و ناو دین و ناو ئەخلاقی باڵادەستدا دروستببن و بژین.

ئەو ئاسۆیەی کتێبی دەسەڵات و جیاوازی تەماشایدەکات ئاسۆیەکی پڕ جیاوازییە، جیاوازی بەمانای چەمک و پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەخلاقی، کە ڕێ لەدروستبوونی هەموو جۆرە کۆمەڵگا و دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری بگرێت. نەهێڵێت دونیایەک دروستببێت تیایدا کۆمەڵێک کەس دروستببن و دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت بتوانن بە ئێمەبڵێن چۆن بژین، ئەوەی ئەوان بە هەقیقەتی ئەزانن و ئەوەی ئەوان بە تاکە شێوەی ژیان و بەتاکە شێوەی پەیوەندی و بەتاکەشێوەی بیرکردنەوەی ئەزانن، بەسەر هەمووماندا بیسەپێنن. نایشارمەوە من، کە وتارەکانی ئەم کتێبەم دەنووسی ئەو وێنەیەی بەردەوام لەبەرچاوم‌دابوو، وێنەیەک، کە پێموابوو دونیای ئێمە بەنیازی کۆپیکردن و دووبارەکردنەوەیەتی، وێنەی ئەو دونیا تۆقێنەرە بوو، کە جۆرج ئۆرویل لە ڕۆمانی "١٩٨٤"دا، بەهەستێکی مێژوویی کەموێنەوە، باسیدەکات. وێنەی دونیایەک، کە ئێمە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا و لە ئەزموونی حیزبی بەعسی سەردەمی سەدام حوسەیندا لەناو جەهەنەمەکەیدا ژیاین و لە دونیای دوای ڕاپەڕینیشدا خەریکبوو سەرلەنوێ

دروستبکرێتەوە. خەمی من لە سەرەتای راپەرینەوە خەمی دروستکردنی حوکمڕانییەکی دیموکراسی و کراوە و ڕێزبەخش بوو، کە بتوانێت ڕێزی جیاوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بگرێت، دەسەڵاتێک نەک تەنها مەیل و ئاکاری تۆتالیتاریانە نەبینێت و بەڵکو بەبەردەوامی هەر دەرکەوتێکی ئەم مەیل و ئاکارە لەناوخۆیدا بکوژێت. خەونی من ئەوەبوو دونیایەک دروسبێت تیایدا ڕێز لە ئینسان و ڕێز لە ژیان وەک دوو دیاردەی پڕ جیاوازی و فرەڕەنگ، یاسای سەرەکیبێت. سەرجەمی ئەو نووسینانەی لەم کتێبەدا ئامادەن، لەم خەمەوە سەرچاوەیانگرتوە. بەم مانایە کتێبی دەسەڵات و جیاوازی کتێبی بەرگریکارە، بەرگری نەک تەنها بە مانا سیاسییەکەی، بەڵام بەمانا فیکری و تیۆریی و فەرهەنگی و ئەخلاقییەکەشی.

ئەگەر بمەوێت کتێبێک بدۆزمەوە، کە تەولو ئاکۆبێت بە کتێبی دەسەڵات و جیاوازی، ئەوا دەتوانم تەنها بیر لە ڕۆمانی "١٩٨٤" جۆرج ئۆرویل بکەمەوە. لەم ڕۆمانەی ئۆرویلدا وێنەی دونیایەک دەکێشرێت، کە لەسەر کوشتنی هەموو دەنگێک و هەموو ڕەنگێک و هەموو بوونێکی جیاواز کاردەکات، کە دەسەڵاتداران نەیانەوێت هەبن. دونیایەک تیایدا حەزێکی نەخۆشانە لە دەسەڵات ڕووداوەکانی بەرهەمدەهێنێت و کۆمەڵگایەک دروستدەکات لەهەموو ئاستێکدا بەشێوەیەکی تۆقێنەر کۆنترۆڵ و چاودێرکراوبێت. کۆمەڵگایەک لەسەر درۆ و فێڵ و دروستکردنی هەقیقەتی ساختە کاربکات. حیزب نەک تەنها کۆنترۆڵی ئێستا بکات، بەڵکو دەستنیشانی رابردوش بکات، پێمانبڵێت مێژوو چی بووە و چۆن بووە، کێ پاڵەوان و کێ ناپاک و خائین بووە، هەموو ئەمانەش لەڕێگای پرۆسەیەکی گەورەی ساختەکارییەوە، کە حیزب دەزگای تایبەت و سەدەها فەرمانبەری چالاکی بۆتەرخاندەکات. بەمانایەکی دیکە لەم دونیا ئۆروێلیەدا تەنها ئێستا کۆنترۆڵ و چاودێریناکرێت، بەڵکو بیرکەوتنەوە و یادهاتنەوەش کۆنترۆڵدەکرێت. لەم دونیایەدا

حیزب و سەرۆکێک ئامادەن، کە بڕیار لەسەر هەمووشتێک ئەدەن و هەمووشتێکیش بەڕێوەدەبەن، حیزب و سەرۆکێک، کە هەردووکیان موقەدەسن، هەرگیز هەڵەناکەن و هەرگیز هەڵەشیان نەکردووە، چییان وت هەقیقەتە، نەک تەنها بۆ ئێستا، بەڵکو بۆ ڕابردووش. لەم کۆمەڵگایەدا هەموو ئینسانەکان لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئەو حیزبە و سەرۆکەکانی ئەو حیزبەدان، نەک تەنها کۆنترۆڵی ئەو شتانە دەکرێت، کە کەسەکان دەیانکەن و پێیانهەڵدەستن، بەڵکو کۆنترۆڵی دونیای ناوەکییشیان و کۆنترۆڵی هەست و بیرکردنەوەشیان دەکرێت. واتە سەپاندنی ئیرادەی حیزب و براگەورە تەنها بەسەر واقیعی دەرەکیدا نییە، بەڵکو بەسەر قووڵترین ئاستەکانی کەسایەتی ئینسانەکانیشدایە. لەم دونیا ئۆروێلییەدا دووشت بەبەردەوامی لەناودەبرێن، یان دەسەڵات دوو دوژمنی سەرەکی و هەمیشەیی هەیە: جیاوازی و سەربەخۆبوون. لەم دونیایەدا ئینسان نەبۆی هەیە لەوانیتر جیاوازبێت، نە بۆی هەیە سەربەخۆشبێت. ئینسانی خاوەن شوناسی تایبەت و ئینسانی سەربەخۆ دوژمنە سەرەکییەکانی ئەو حیزب و سەرۆک و دەسەڵاتەن، کە هەوڵی بەردەوام ئەدەن نەهێڵن هیچ واقیعێکی سەربەخۆ لەدەرەوەی ویستی حیزبدا دروستببێت. هەم جیاوازی و هەم سەربەخۆیی دوو تەحەدای گەورەن بۆ حیزب و بۆ براگەورەکان.

ڕێکەوت نییە، کە کتێبی دەسەڵات و جیاوازی لە لاپەڕەی یەکەمییەوە تا دواهەمین لاپەڕەی دژ بەو دونیا ئۆروێلییەیە. دەڵێم ڕێکەوت نییە، چونکە ئەزموونی دونیای دوای ڕاپەڕین و شێوازی حوکمڕانی لەو دونیایەدا، ڕووی لە دروستکردنی دونیایەکی ئۆروێلی بوو. دونیایەک دوو حیزب دەیانویست وای دروستبکەن و وای دابڕێژن لەگەڵ خواست و ویست و قازانجی براگەورەکاندا بگونجێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵبدەن سەرلەبەری ئەو ئەگەر و ڕەهەندە جیاوازانە کۆنترۆڵبکەن، کە لەگەڵ ویست و قازانج و عەقڵیەتی ئەواندا ناگونجێت. لەمەشدا هەم کارێکی زۆر و

هەوڵێکی بێشوماریان دا و هەم بەشی هەرەزۆری وزەی مادی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان و هەوادارەکانیان بۆ پیادەکردنی ئەم پرۆژە ئۆرویلیە تەرخانکرد. کتێبی دەسەڵات و جیاوازی یەکێکە لەو کتێبانەی سەرسەختانە لەبەردەمی پرۆژەی دروستکردنی ئەم دونیا ئۆرویلیەدا وەستا. هەم بابەتەکانی ئەم کتێبە و هەم تێزەکانی و هەم زمانەکەی و هەموو ئەو وێنانەی ئەم کتێبە بۆ دونیا و کۆمەڵگا و ئینسانیان دەکێشێت، دژ بە ورد و درشتی ئەو دونیا ئۆرویلییەن، کە بەڕێوەبوو. بە مانایەکی دیکە کتێبی دەسەڵات و جیاوازی بەشێکبوو لەو هەوڵە بێوچانەی بەرگریکردن لە دونیای ئێمەدا دژ بەم پرۆژە ئۆرویلیە دروستبوو، ئەم کتێبە دەنگێکە لە پاڵ ئەو دەنگانەدا، کە نەیانهێشت دونیای ئێمە، سەرباقی هەموو ناشیرینییەکانی، ببێتە دونیایەکی ئۆرویلی. ئەم کتێبە هەوڵێکە لەپاڵ هەوڵەکانی تری کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ گۆڕکردنی ئەو پرۆژە ئۆرویلییەی بەناوی دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆماڵی و ئەزموونی ڕەسەن و تازەپێگەیشتووەوە ئەدرا. ئەگەر دەسەڵات و جیاوازی نرخێکی مێژوویی هەبێت، ئەوا بەشداریوونی ڕاستەوخۆیەتی لەم پرۆسەی بەرگریکردنە لە ئینسان و لە کۆمەگا، دژ بەو مەیل و تەماح و خەون و ئاکارە تۆتالیتارییانەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی دونیای دوای ڕاپەڕیندا هەڵگرتبوو. وێنەی ئەو کۆمەڵگایەی ئەم کتێبە بەرگریلێدەکات، وێنەی کۆمەڵگایەکی بێ شەڕوشۆڕ و بێ پێکدادانی کۆمەڵایەتی بێ توندوتیژییە، کۆمەڵگایەکە ڕێزی جیاوازییەکانی ناو هەناوی خۆی دەگرێت و چوارچێوەیەکی گشتی یەکسانخوازیش بۆ جێگیرکردنی ئەو جیاوازییانە لەپاڵیەکدا دروستدەکات، واتە وێنەی کۆمەڵگایەکی نائۆرویلییە.

-٣-

وەک لە پێشەکی چاپی یەکەمدا هێمای بۆکراوە، بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ لەپشتی نووسینی بەشێکی زۆری نووسینەکانی ناو ئەم کتێبەوەیە. شەڕ بۆ من لە ئاستە فیکـری و تیۆرییەکەیـدا، وەک لە وتـاری یەکەمـدا پێناسـەکراوە، بـریتییە لە هەڵنەکردنی دوو جیـاوازی بەیەکەوە، یـان لە پەلامـاردانی دوو هێـز بۆسـەریەکتری لەبەرئەوەی نـاتوانن و نایانەوێـت جیاوازییەکـانی یەکتـری قبـووڵبکەن، ئیتـر لە قبووڵنەکردنی جیاوازی دید و بۆچوون و بیرکـردنەوەوە بیگـرە، بـۆ قبـووڵنەکردنی سود و قازانج و پلانـی جیـاواز. واتە قبـووڵنەکردنی جیـاوازی ژێرخـانی ئەو ڕۆحە مۆنۆپۆڵخـواز و دەستبەسـەراگر و قۆرخکـارەیە، کە جەنـگ بەشـێکە لە شـێوازی کارکردنی لەناو دونیا و دیاردەکاندا. ئەم ڕۆحە مۆنۆپۆڵخوازانە لەدۆخی پەلامـاردان و تەقینەوەیـان بەڕووییەکتـردا هاوکـات هەوڵـی ئەوەیانـدا هەمـوو ئەو خـاڵی بەرگریکردن و تەسلیمنەبوونانەی لە دونیای ئێمەدا هەبوون، ئەو خـاڵانەی دیـد و ئەخلاق و ویست و خەونی جیاوازیان هەبوو، یان تەواو کۆنترۆڵبکەن، یـان بـخەنە ژێرپێوە تا ڕادەی لەناوبردن و وێرانکردنـی تەواوەتیـان. وەک لە نووسـینەکانی ئەم کتێبەدا دەردەکەوێت توێژێکی کۆمەڵایەتی نوێ و کایەیەکی سیاسی پڕ تەقینەوە و دابەشبوون و عەقڵیەتێکی سیاسی مۆنۆپۆڵخواز و کولتورێکی سیاسی دیـاریکراو و ئیرادە و ویست و بڕیـاری کۆمەڵێـک سیاسـی لەپشـتی بەرپـابوونی جەنگەوەبـوو. جەنگ بەشێک بـوو لەم پێکهـاتە نەخـۆش و ترسـناکە. بـۆئەوەی لێـرەدا زیـاد لە پێویست درێژە بەم باسە نەدەم، چونکە وەک وتم بەشی زۆری کتێبکە تەرخانە بۆ باسکردنی ئەم مەسـەلەیە، هەوڵـدەدەم لێـرەدا هەنـدێک لە گرنگتریـنی ئەو تێـزانە کۆبکەمەوە، کە ئەم کتێبە لەناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەوە خسـتویەتییە بەر دیـدی خوێنەران و بەردەم هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان.

یەکێک لە تێزە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە لە پەیوەندیدا بە شەڕی ناوخۆ ئەوەیە، کە ئەم شەڕە وابەستەی دروستبوونی توێژێکی کۆمەڵایەتی نوێییە لە کوردستاندا، کە پێشتر بوونیان لەناو نەخشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێمەدا نەبووە: مەبەستم لەمەش بوونی بەرپرسە سیاسی و سەربازی و حیزبییەکانی کوردستانە بە توێژێکی سەرمایەداری گەورە و بەهێز. شەڕ یەکێک بوو لە ئامرازە هەرەسەرەکییەکانی دروستبوون و بەهێزبوون و گەورەبوونی ئەم توێژە. شەڕی ناخۆی ژینگەیەکی سیاسی پڕ پشێوی و نائارامییەکی کۆمەڵایەتی وای دروستکرد، ئەم توێژە بتوانێت هەموو دەسەڵاتەکان لە کوردستاندا لەدەستی خۆیدا کۆبکاتەوە، لە دەسەڵاتی سیاسییەوە بۆ دەسەڵاتی سەربازی و لە دەسەڵاتی بیرۆکراسییەوە بۆ دەسەڵاتی ئابوری. بەتایبەتی دەستگرتن بەسەر ئابوری کوردستاندا و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەم ئابوورییەش بەشێوەیەک خۆیان ببنە هێزی ئابوری ژمارە یەک لە کوردستاندا. شەڕی ناوخۆ ئەو ژینگە پڕ ترس و توندوتیژی و بێچاودێرییەی بۆ خولقاندن بتوانن تیایدا ببنە سەرمایەدارە گەورەکانی دونیای ئێمە. بتوانن، وەک لە وتاری یەکەمدا باسکراوە، "مەوقیعی سیاسی" خۆییان بگۆڕن بە "مەوقیعێکی ئابووری"، کەسایەتی سیاسی و کەسایەتی بازرگان لەناو یەککەسدا کۆبکەنەوە. بەکورتی ئەو جێگۆڕکێ کۆمەڵایەتییە گەورەیە، کە دروستبوو بەبێ شەڕی ناوخۆ نەدەکرا بەو ئاسانییە دروستببێت. کۆمەڵگای ئێمە تا ئەمڕۆ باجی ئەم جێگۆڕکێ کۆمەڵایەتییە کوتوپڕ و تا ڕادەیەکی زۆر مافیاییە دەدات. بەزۆر ماناش ئەم تێزە، کە لە ساڵی ١٩٩٥دا بۆ لێکدانەوەی شەڕی ناوخۆ پێشکەشکراوە، تا ئەمڕۆش بۆ لێکدانەوەی برێکی زۆری ململانێ گەورەکانی ناو کوردستان دروستە.

تێزێکی دیکەی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە، کە شەڕ لە کوردستاندا هەرزوو لە شەڕ لە سەر دەسەڵاتی سیاسییەوە گۆڕا بۆ شەڕ لەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە، هاوکات لە مۆنۆپۆلکردنی پەیوەندییەکانی ناو حیزبەوە پەڕییەوە بۆ

داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی حیزب بۆ زۆریەی هەرەزۆری کۆمەڵگا و ئەو پانتاییە کۆمەڵایەتییانەی لەدەرەوەی حیزبدا ئامادەبوون، بەتایبەتی دروستکردنی هەوادارانێکی توندڕە و جەنگاوەر. هەر لەساڵی ١٩٩٥ مەترسییەکانی ڕۆڵی حیزب بەمشێوەیە باسکراوە: "لە ڕۆژگاری ئێستاماندا گروپی هەرە گرنگ لە کۆمەڵگای ئێمەدا حیزبە، حیزبە، کە دەتوانێ گروپەکانی دیکە بنرخێنێ، حیزبە شوناسەکان دابەشدەکات، حیزبە ئەرێ و نەرێکان بەرهەمدەهێنێ، حیزبە لەناو "بەرزەمندا" جێگیرە، حیزبە پەیوەندیی نێوان "ئەستی کۆ" و "من" ی کۆمەڵایەتی دەستنیشان و کۆنترۆڵدەکات، حیزبە پرۆسەکانی تەماهیکردن بەڕێوەدەبات و چاودێریشیاندەکات. بەکورتی دەکرێ قسە لە "عوسابێکی کۆمەڵایەتی" گشتی بکەین، کە حیزب سەرچاوە و ئامرازی هەرە سەرەکی ئەو عوسابەیە، عوسابێک، کە بەجەنگ و پێکدادانی خوێنای تەعبیر لەخۆی دەکات." وەک دەبینین حیزب تەنها وەک هێزێک بۆ داگیرکردنی کۆمەڵگا وێنانەکراوە بەڵکو وەک سەرچاوەییەکی سەرەکی بۆ شێواندنی وشیاری و دروستکردنی بیماری دەروونی و گرێی ڕۆحی گەورە و دەستەجەمعی. پێموایە بەشێک لەم تێزە تا ئەمڕۆش مانا و قورسایی خۆی لەدەستنەداوە.

تێزێکی دیکەی سەرەکی لەم کتێبەدا پەیوەندی بە تێگەیشتن بۆ سیاسەت و چۆنیەتی کارکردنی "کایەی سیاسی"یەوە هەیە لە کوردستاندا. وتاری یەکەمی ئەم کتێبە بەرگری لەوەدەکات، کە سیاسەت لەکوردستاندا، نەک تەنها خەریکی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو خۆی ڕێگرێکی گەورەیە لەبەردەم چارەسەرکردنی زۆر کێشەدا و ڕێگرێکی گەورەشە لەبەردەم گەشە و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگا. هاوکات "کایەی سیاسی کوردی" خۆیشی ئەوەندەی "کایەی خولقاندنی کێشەی نوێ" و کایەی "قوڵترکردنەوەی کێشە کۆنەکان"ە لە کوردستاندا، ئەوەندە کایەی چارەسەری هیچ کێشەیەک نییە. بەمانایەکی دیکە

سیاسەت لە کوردستاندا هونەری چارەسەری بیماری و کێشەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئامرازی دروستکردنی بیماری و کێشەی زیاترە. هەر لەو نووسینەدا تێزێکی دیکە ئامادەیە، کە پێیوایە "کایەی سیاسی" ناعەقڵانی، نەک تەنیا خودی سیاسییەکان نەخۆش و ناعەقڵانی دەکات، بەڵکو زۆربەی خانە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی سیاسەتیش نەخۆشدەخات. بەکورتی ئەم کتێبە ئاوا باس لە کایەی سیاسی لە کوردستاندا دەکات: "کایەی سیاسی لە دنیای ئێمەدا هەنجن هەنجنە بە هەڵەکانی ڕابردوو، بە هەڵەکانی ئێستا، بە دەستێوەردانی شێوێنەوارانەی داگیرکەران، بە پەیوەندی نهێنی و ژێرپەردەی حیزبەکان، بە کڕینی خەڵک، بە پاڵەوانکردنی خائینەکان، بە دروستکردنی ڕەمز و قارەمانی وەهمی، بە بەخشین و بڵاوکردنەوەی لێکدانەوەی هەڵە، بە درۆکردن لەگەڵ خود و لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ دنیادا".

ئەو تێزەی سەرەوە هاوکات بەرگری لەوەدەکات لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا ئیفلیجبوونی سیاسەت مانای ئیفلیجبوونی خودی کۆمەڵگا و بەفیڕۆدانی ئەو وزەی گۆڕان و تازەبوونەوەیە دەگەیەنێت، کە کۆمەڵگا لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە. لە کوردستاندا ئەم دۆخە پەیوەندی بەوەوە هەیە سیاسەت دەستیگرتووە بەسەر زۆربەی هەرەزۆری کایە کۆمەڵایەتییەکاندا، چووتە ناو هەموو شوێنێکەوە لە هونەرەوە بۆ ئابوری و لە میدیاوە بۆ وەرزش، لە ڕێکخراوی منداڵان و پیرانەوە بۆ ڕێکخراوی کەمئەندامان و نووسەران. هەر لەم بوارەدا یەکێک لە گرنگترین تێزەکانی ئەم کتێبە دێتەپێشەوە، کە پێیوایە سروشتی ئەو دەسەڵاتەی لە دونیای ئێمەدا ئامادەیە ئەوەیە کایەکان لەناوەوە وێراندەکات، لێناگەڕێت ئەو کایانە بە پێی یاسا و مەرج و بەها تایبەتەکانی خۆیان بژین. لەباتی ئەمە سیاسەت لەدەرەوەڕا دەستدەخاتە ناو کایەکان و لۆژیکی تر بەسەر کایەکاندا دەسەپێنێت، کە لۆژیکی خۆیان نییە. بۆ نموونە گەر کایەی سەربازی وەرگرین، ئەو لۆژیکەی

لەم کـایەیەدا کارنەکـات ئەوە نیـیە، کە لێهـاتوترین و لێزانتـرین و بەتوانـاترین کەسایەتی سەربازی ببێتە بەرپرسی سوپاس، بەڵکو کەسێکی نەخوێندەواری نزیک بە بەرپرسەکانی حیزب دەبێتە بەرپرسی سوپا. گەر کایەی ڕۆژنامەوانی وەرگرین، لێرەشدا بەرپرسی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کەسێک نییە، کە چالاکی و شارەزایی و بەتوانایی خۆی لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا بردبێتییە ئەو شوێنە، بەڵکو وەفـای بـۆ حیـزب و بـۆ تـوێژە باڵادەستەکەی نـاو حیـزب بـردوویەتییە ئەو جێگەیە. ئەمەش وایکـردووە نەک تەنهـا حیـزب زۆربەی کـایە کۆمەڵایەتییەکـان داگیربکـات، بەڵکـو واشبکات کایەکان بە لۆژیکی ناوەکی خۆیان نەجوڵێن و ئەو لـۆژیکە وەرگـرن، کە لەدەرەوەڕا بەسـەریاندا دەسـەپێت. بەمەش وێرانکـارترین شـێوازی دەسـتێوەردانی حیزبە لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

ئەو دۆخەی سەرەوە دەمانخاتە بەردەم یەکێکیتر لە تێزە گرنگەکانی ئەم کتێبە: ڕێگـرتن لە دروسـتبوونی نەتەوە بەمانـا سیاسـییەکەی لە کوردسـتاندا. لەئاسـتی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـدا ئەمە مانـای واتە ڕێگـرتن لەدروستبوونی ئەو چوارچێـوە نەتەوەییە گشتییە، کە شوێنی هەموو جیاوازییەکـان و هەمـوو هێزەکـان و هەمـوو تێڕوانینەکانی تێدابێتەوە. ڕێگرتن لە دروستبوونی نەتەوەیەکی سیاسـی لەپێنـاوی دروستکردن و سەپاندنی دەسەڵاتێکی سیاسی داخراودا، ئەو یاسا سیاسییەیە، کە سەرجەمی ئیشکردنی نـاو کـایەی سیاسـی و ئیشـکردنی دەزگاکـان و ئیشـکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و ئیشکردنی میدیای دەسەڵاتی لە کوردستاندا ئاراستەکردووە. ئەم تێزە تا ئەمڕۆش هیچ قورساییەکی سیاسی و فیکری نەدۆڕاندووە، ئەگەرچـی ئەمڕۆ لەهەمووکات زیاتر باس لە پلان و ستراتیژ و خەونـی نەتەوەیـی و تەنـانەت دامەزرانـدنی دەوڵەتـی سـەربەخۆش بـۆ کوردسـتان دەکرێـت. لە ڕێگـرتن لە دروستبوونی نەتەوەدا وەک بکەرێکـی سیاسـی، بە پـلەی یەکەم، کـایەی سیاسـی کوردی بەرپرس و تاوانبارە. بەر لە هەشدە سـاڵ لەمەوبەر وتـاری یەکەمـی کتێبـی

دەسەڵات و جیاوازی ئاوا باس لە پێکهاتەی ئەم کایەیە دەکات: "کایەی سیاسی لە دنیای ئێمەدا هەنجن هەنجنە بە هەڵەکانی ڕابردوو، بە هەڵەکانی ئێستا، بە دەستێوەردانی شێوێنەوارانەی داگیرکەران، بە پەیوەندی نهێنی و ژێرپەردەی حیزبەکان، بە کڕینی خەڵک، بە پاڵەوانکردنی خائینەکان، بە دروستکردنی ڕەمز و قارەمانی وەهمی، بە بەخشین و بڵاوکردنەوەی لێکدانەوەی هەڵە، بە درۆکردن لەگەڵ خود و لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ دنیادا".

بێگومان خوێنەر ئەمڕۆکە ئەو ڕاستییە دەزانێت، کە بەشێکی زۆری ئەم تێزانە دوای زیاد لە پازدەساڵ لە نووسینیان، هەم بوون بە بەشێک لە زمانی سیاسی زۆرێک لە خوێنەران خۆیان و هەم بەتێزی هەندێک لە هێزە سیاسییەکان و هەم بەتێزی سەردەمی هەندێک ڕۆشنبیر، کە تا ئێستا بەدەربڕینی جیاواز، بەڵام بەهەمان مانا و ناوەڕۆکەوە، ئەو شتانەی لە کتێبی دەسەڵات و جیاوازیدا هاتوون دووبارەدەکەنەوە. لەم ئاستەدا کتێبی دەسەڵاتی جیاوازی یەکێکە لەو کتێبانەی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر زمانی سیاسی و لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتن و وێناکردن خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان حیزب و سیاسەت، حیزب و کۆمەڵگا و حیزب و ئابوری، هەروەها بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی ڕۆڵی ئەو توێژ، یان نوخبە حیزبییە تازەیە لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا دروستبوو.

-٤-

بەشێکی دیکەی کتێبی دەسەڵات و جیاوازی تەرخانە بۆ شیکردنەوەی ئەو مۆدێلە لە دەسەڵات، کە لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا دروستکراوە. خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئاکارەکانی ئەم دەسەڵاتە بەشێکە لەو هەوڵە فیکرییانەی ئەم کتێبە لەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی. تێزی سەرەکی ئەم کتێبە سەبارەت بە دەسەڵات لە کوردستاندا ئەوەیە، کە دەسەڵات لە کوردستاندا قاچێکی لەناو تەقلیدییەت و قاچێکی لەناو دەزگا مۆدێرنەکاندایە، جۆرێک لە دەسەڵاتدارێتییە تیایدا دید و بۆچوون و تەکنیکی تەقلیدی دەسەڵات تێکەڵە بە نوێترین تەکنۆلۆژیا و دەزگای مۆدێرنی پیادەکردنی دەسەڵات. بەکورتی هەم خەڵک وەک ڕەعیەت تەماشادەکرێن و بەڕێوەدەبرێن، و هەم حیزب وەک دەزگایەکی سیاسی مۆدێرن لەهەناوی ئەو "ڕەعیەت"انەدا ئامادەیە.

یەکێک لە تێزە سەرەکییەکانی دیکە ئەوەیە ئەم شێوازە لە دەسەڵات، دەسەڵاتی ئەو هێزانەیە، کە ناتوانن خاوەنی "هەیمەنە" بن، دەسەڵات لە کوردستاندا، دەسەڵاتێک نییە خاوەنی هەیمەنەبێت. بەڵام دەبێت وریابین چەمکی هەیمەنە لێرەدا بەهەڵە لێکنەدەینەوە، ئەو هەینەمەیەی، کە دەسەڵات و جیاوازی باسیدەکات هەیمەنەیە بەمانا گرامیشییەکەی، کە دەڵێین هیچ هێزێک لە کوردستاندا خاوەنی هەیمەنە نییە، واتە هیچ هێزێک نەیتوانیوە بیر و بۆچوون و لێکدانەوەکانی خۆی بۆ سیاسەت و بۆ کۆمەڵگا و بۆ دونیا، بکات بە بیروبۆچوونی باڵادەست و خەڵک خۆبەخۆ باوەڕیانپێبهێنن و وەک بەشێک لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی خۆیان مامەڵەیبکەن. هەیمەنە لای گرامشی وەک ئەلتەرناتیف بۆ فشارێهێنان و ترساندن و بەکارهێنانی توندوتیژی باسدەکرێت. هەر هێزێک هەیمەنەی فیکری و ئایدیۆلۆژی و کولتوری هەبێت، پێویستی بەوە نییە فشار بۆ

کۆمەڵگا بهێنێت، خەڵک بترسێنێت و پەنا بۆ توندوتیژی ببات بۆئەوەی بیروبۆچوون و سیاسەتەکانی خۆی بسەپێنێت. هەیمەنە لێرەدا مانای قبوڵکردنی خەڵک بۆ سەرکردایەتی هێزێک لە کۆمەڵگادا وەک جۆرێک لە بەڵگەنەوسیت، وەک دیاردەیەکی سروشتی و ئاسایی، نەک لەڕێگای کڕین و فێڵ و تەڵەکە و خڵەتاندن و ترساندن و هەڕەشە و بەکارهێنانی توندتیژییەوە. بەمانایەکی دیکە بوونی هەیمەنە مانای توانای هێزێک بۆئەوەی بتوانێت ڕۆڵی سەرکردایەتییەکی کولتوری و ئەخلاقی ببینێت و کۆمەڵگاش ئەو هێزە بەڕاستی وەک سەرکردەی کولتوری و ئەخلاقی ببینێت. ئەوەی لەدونیای دوای ڕاپەڕیندا ئاشکرایە ئەوەیە هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نەک تەنها وەک هێزێک نەبیرلون، کە سەرکردایەتییەکی کولتوری و ئەخلاقی کۆمەڵگا بکەن، بەڵکو پێشتر وەک هێزی مافیایی داخراو و بیرتەسک و بێفیکر و نەخوێندەوار و شەڕانی وێناکراون. هەیمەنە لەڕێگای دانوسان و گوێگرتن و ڕێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵگا و لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستدەبێت، هێزێک دەتوانێت هەیمەنە پەیدابکات توانای ئەوەی هەبێت لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێکبکەوێت و بەشێک لە خەون و ویست و سودوقازانجەکانی ئەوان لەناو دونیابینی و کردەوە و سیاسەتەکانی خۆیدا بەرجەستەبکات، نەک ئەوەی خۆی بچێتە شوێنی کۆمەڵگا و هەموو هێزەکانی تر لەڕێگای فشار و هەڕەشە و توندوتیژییەوە ناچار بەبێدەنگی بکات.

باشە ئەم دەسەڵاتە، کە ناتوانێت خاوەنی هەیمەنەبێت، کەناتوانێت ڕۆڵی سەرکردەیەکی ئەخلاقی و کولتوری ببینێت، کە ناتوانێت دونیابینی هیچ هێزێک لەدەرەوەی دونیابینی توێژە باڵادەستەکەی ناو حیزبدا لەناو خۆیدا کۆبکاتەوە، ئەی چۆن کاردەکات، لە واقیعدا چ جۆرە تەکنیک و چ جۆرە شێوازێکی پیادەبوونی هەیە؟ میکانیزمەکانی ئیشکردنی کامانەن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەشێکی

گرنگی کتێبی دەسەڵات و جیاوازییە. من لێرەدا زۆر بەکورتی لەڕێی یەکێک لە تێزە سەرەکییەکانی تری کتێبەکەوە، لەپاڵ هەندێک لە بۆچوونەکانی میشێل فۆکۆدا، هەوڵدەدەم هەندێک لەو مەسەلانە ڕوونبکەمەوە. بەبۆچوونی فۆکۆ ستراتیژیەتی دەسەڵات لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا لەسەر سزادان کاریکردووە، پادشا، یان دەسەڵاتدار ڕاستەوخۆ ئەو کەسەی، کە تەحەدای دەسەڵاتەکەی کردووە، کوشتوە. بەڵام لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا دەسەڵات لەسەر سزا کارناکات، بەڵکو هەوڵدەدات ئینسانەکان دیسپلین و کۆنترۆڵبکات. ئەمەش لەڕێگای ئەو هەموو دەزگایانەوە، کە لە دونیای مۆدێرندا دروستدەبن، ئیدی لە بەندیخانە و کارخانە و سەربازگە و قوتابخانەوە بیگرە تا بە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی دەگات. تێزەی سەرەکی لە کتێبی دەسەڵات و جیاوازیدا ئەوەیە، کە دەسەڵات لە دونیای ئێمە لەسەر هەردوو تەکنیکەکە کاردەکات، واتە هەم سزادەدات و دەکوژێت، هەم دیسپلین و کۆنترۆڵدەکات، هەم میلیشیای حیزبی و گروپی ئیغتیالات دروستدەکات، هەم ئەو هەموو دەزگای ئاسایش و پۆلیس و سەرباز و قوتابخانە و بنەکەی حیزبی و ڕێکخراوی قوتابیان و ژنان و لاوان و دەزگاکانی چاودێریکردن و سانسۆرکردنی ئینتەرنێت و گوێگرتن لە تەلەفۆن هتد... بەمانایەکی دیکە دەسەڵات لە دونیای ئێمەدا هەم هەموو ئامرازەکانی دیسپلینکردنی لەبەردەستایە و کاریانپێدەکات، هەموو دڵڕەقی و توندوتیژییەکانی دەسەڵاتی ناو کۆمەڵگا تەقلیدییەکانیش. مرۆڤ لەکاتێکدا لە کۆمەڵگای ئێمەدا نوقمە لەناو پرۆسەی چاودێریکردنێکی سەرتاسەریدا، هاوکات گەمارۆشدراوە بە سیاسەتی کوشتن و بڕین و لێدان و فەلاقەکردن و پەلاماردان. شێوازی کارکردنی دەسەڵات لە دونیای ئێمەدا لەسەر تێکەڵکردنی ئەو دوو تەکنیکە بەیەکتری کاردەکات، هەم دیسپلین و چاودێرکردن، هەم سزادان و کوشتن. پێمولیە ئەم تێزە تا ئێستاش هیچی لە ئێستاییبوونی خۆی نەدۆڕاندووە.

تێزێکــی گرنگــی تــری کتێبــی دەســەڵات و جیــاوازی بــریتییە لە تێــزی "بەجەستەییکردنی دەسەڵات" و بە "کاریزماکردنی جەستەکان". لە دونیـای دوای ڕاپەڕیندا برێکی زۆری دەسەڵات لەناو هەندێک جەستەی دیاریکراودا کۆکرانەوە و تا ئێستاش بەهەمانشێوە کۆکراونەتەوە، ئەمانەش جەستەی پیاوانی ژمارە یەکی نـاو حیـزب و هەنـدێک لەو کەسـانەن، کە لێیـانەوە نـزیکن. ئەم بەجەسـتەییکردنەی دەسەڵات وادەکات حیزب خۆشی، سەرباری ئەو ڕۆڵە گەورەیەی لە چاودێریکردن و دیسپلینکردندا دەیبینێت، دەزگـایەکی کەم دەسـەڵاتبێت و بە ئەمـر و نەهییەکـانی ژمارەیەکی کەمی بەرپرسانی حیزب بجوڵێتەوە. ئەم شێوازە لە دەسەڵات لەسەر بە کاریزمــایکردنی کەســەکان کاردەکــات، واتە هەمیشــە هەوڵــی دروســتکردنی کەســایەتییەک دەدات، کە بەنــاوی کاریزمــاوە دەســەڵاتێکی هێجگــار گەورەی لەلاکۆببێتەوە، کاریزماش لێرەدا پێدراوێکی سروشتی نیـیە، بەڵکـو دروسـتکراوێکی سیاسییە و میدیای مۆدێرن ڕۆڵێکی سەرەکی لەدروستبوونیدا دەبینێت. میـدیایەک دەتوانێت کەسێکی نەزان و بێئاست و بێفیکر و بێبیرکردنەوە، وەک سەرکردەیەکی مێژوویی پێشکەشبکات.

-٥-

دواهەمین ڕەهەندێکی کتێبی دەسەڵات و جیاوازی بمەوێت لێرەدا بە کورتی قسەی لەســەربکەم ڕەهەنــدە فەلســەفییەکەیەتی. ئەم کتێــبە گەرچــی زیــاتر ســەر بە سۆسیۆلۆژیای سیاسی و کولتورییە، بەڵام هاوکات کتێبێکە بەدەر نییە لەکۆمەڵێک ئیدگای فەلسەفی. دەکرێت ئەم ئیدەگایەش لەدوو ئاستدا نیشـانبدەین. یەکەمیـان چـۆنیەتی وێنـاکردن و مـامەڵەکردنی چەمکـی جیـاوازییە. دووهەمیـان چـۆنیەتی

وێناکردنی چەمکی هەقیقەتە. کتێبی دەسەڵات و جیاوازی چەمکی جیاوازی بە بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی و بنەمای فیکر دەزانێت. لەڕاستیدا ئەم کتێبە جیاوازی وەک ژێرخانێکی گەورە، وەک لۆژیکێکی گشتی دەبینێت، کە لەهەموو بوارێکی ژیان و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئینسانیدا ئامادەیە. چەمکی جیاوازی لێرەدا وەک چەمکێک دژ بە شوناس پێشنیارکراوە، ئەگەر فەلسەفەی شوناس لەسەر بیرۆکەی لێکچوون و بیرۆکەی یەکێتی دروستبوبێت و هەمیشە بوونی جەوهەر و سروشتێکی تایبەت و نەگۆڕ پێشنیاربکات، ئەوا جیاوازی لەم کتێبەدا وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ ئەو چەمکە کاردەکات. واتە جیاوازی لەم کتێبەدا لە شوێنی بیرۆکەی لێکچوون و یەکگرتن کاردەکات، چ لە پەیوەندی ئینسان بە خۆیەوە، چ لە پەیوەندیدا بەوانیترەوە. لەم دیدەدا جیاوازی لەڕووی ئەنتۆلۆژییەوە دەکەوێتە پێش چەمکی شوناسەوە. ئەوەی لە جیاوازیدا گرنگە پێداگرتنە لەسەر پەیوەندی و لەسەر هەڵسوکەوت و پراکتیک، مەسەلەی سەرەکیش تەنها بینینی جیاوازییە گەورە و ڕادیکاڵەکان نییە، واتە تەنها بینینی ئەو جیاوازییانە نییە، کە هەموو کەسێک دەتوانێت بیانبینێت، جیاوازییەک لەپڕێکدا شتێکی تەولو نوێ دروستبکات، بەڵکو مەسەلەی بینینی ئەو هەموو جیاوازییە بچووکانەیە، کە دونیای کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ئینسان بەخۆیەوە و بە دونیاوە ڕەنگرێژدەکات. واتە مەسەلەی بینینی ئەو جیاوازییانەی زۆرجار فیکر نایەوێت وەک جیاوازی بیانبینێت.

ئەم دیدە بۆ جیاوازی داوامانلێدەکات دیدێکی هێجگار جیاوازمان بۆ هەقیقەت و بۆ مەسەلەی باشە و خراپە هەبێت، ئەمەش یەکێکی دیکە لە ڕەهەندە فەلسەفییەکانی ئەم کتێبەیە. ئەوەی ئەم کتێبە بەرگریلێدەکات ئەوەیە، کە نە هەقیقەت و نە باشە و نە خراپە شتگەلێکن نین پێشوەخت و بەکاملی و حازریەدەست بە ئینسان درابن، واتە خاوەنی بوونێکی بابەتی، یان ئۆنتۆلۆژی نین، شتێکنین لۆژیکێکی گریمانکراو بۆ مێژوو، یان زانست، یان خودا، بۆ ئێمەیان

نەستنیشانکرىبێت و ئێمە ناچاربین پەیڕەویانبکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە هەم هەقیقەت و هەم چاکە و هەم خراپە، وەک شتگەلێک تەماشابکەین و ببینین، کە لە میانەی پەیوەندی و دەسەڵات و دیالۆگ و بەرخورد و دانوسان و گۆڕینەوەیەی ئەرگومێنتەوە دروستدەبن، واتە هەموویان ئاکارێکی کۆمەڵایەتی و مەعریفی مێژووییان هەیە. ڕێکەوتن لەسەریان و وەرگرتنیان وەک هەقیقەت، بەشێکە لەو شتەی، کە ئەوانەی کردووە بە هەقیقەت. بێگومان شێوازێکی تایبەتی بەرهەمهێنانی هەقیقەت لە شێوازێکی دیکەیان باشتر و کاریگەرتر و کراوەترە. بۆ نموونە ئەو هەقیقەتەی ئەمڕۆکە پێویستە وەک هەقیقەت بەرهەمیبهێنین و مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، دەبێت ئەو دروستکراوەبێت، کە دوای گفتوگۆ و گۆڕینەوەی ڕا و بۆچوون و بەرخورد دروستبووە، بەمەرجێک ئەوانەی لەو گفتوگۆ و ڕا و بۆچوون و بەرخوردەدا بەشدارن هەموویان توانا و مافی ئەوەیان هەبێت بە بەڵێ، یاخود بە نەخێر وەڵامی هەموو ئەوشتانە بدەنەوە، کە دەگوترێن و باسدەکرێن، واتە ماف و توانای ئەوەیان پێدرابێت ئەو شتانەی کەباسدەکرێن لە دیدی دیکەی تەواو جیاوازەوە ببینن و بەشێوەیەکی تر لێکیبدەنەوە (Regh & Bohman 2001: 55). بۆ دروستبوونی ئەم دۆخەش بۆ هەقیقەت و ئەم شێوازە لە پەیوەندی، هەمیشە دانپیانی کۆمەڵایەتی بەویتردا پێویستە، واتە مەرجی هەرەگرنگ ئەوەیە ئیعتراف بەو کەسە بکەیت، کە بەشدارە لە گفتوگۆکاندا وەک کەسێکی سەربەخۆ، کە دەتوانێت بەشێکبێت لە پەیوەندیکردنی ئازادانە لە نێوان کۆمەڵێک بکەری جیاوازدا. لەم دیدەدا هەر کردەیەکی مێژوویی، کە ئەنجامدەدرێت، یان هەر پلانێک، کە پێشنیاردەکرێت، ڕەوایەتی خۆیان لە هەندێک هەقیقەتی بابەتی و پرنسیپی موفاریقی دەرەوەی سیاقەکانەوە وەرناگرن، بەڵکو ئەم ڕەوایەتییە لە ڕازیبوون و ڕاگۆڕکێی هەموو ئەوانەوە وەردەگیرێت، کە ئەو پلان و کردانە کاریگەریان بۆسەر ژیانی ئەوان دەبێت. بەمانایەکی دیکە ئەو بەهایانەی، کە بە کارێک ڕەوایەتی

دەبەخشێت بەهای بابەتی نین و بەناوی هەقیقەتێکی بابەتییەوە قسەناکەن، بەڵکو بەناوی هەندێک ڕێکەوتنەوە قسەدەکەن، کە لایەنە جیاوازەکان دوای ڕاگۆڕکێ و بەرخورد و پەیوەندی کراوە و ئازاد پێیدەگەن، ئەو لایەنانەی، کە ئەو جۆرە بڕیار و پلانە کاریگەری لەسەر ژیانیان بەجێدەهێڵێت.

بەم مانایە کتێبی دەسەڵات و جیاوازی کتێبی بەرگریکردنە لە ئینسان و لە کۆمەڵگا، کتێبی بەرگریکردنە لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕکێی ئازاد، کتێبی ڕێگرتنە لەدروستبوونی پرۆژەیەک تیایدا ئینسان بێحورمەتی بەرامبەریکرێت، لەباتی ئەو قسەبکرێت و خۆشی بێدنگ و بێماف بکرێت. ئەم کتێبە کتێبێک نییە بیەوێت هەقیقەت نیشانبدات، چونکە هەر لەسەرەتاوە باوەڕی بەوەنییە، کە هەقیقەت شتێکبێت، نووسەر، یان خەڵک، یان تاکەکەس بگەڕێت بەدوایدا و لەشوێنێکدا بیدۆزنەوە، هەقیەت بەرهەمدەهێنرێت، دروستدەکرێت، دادەهێنرێت، بەڵام لە میانەی ئەو پەیوەندییانەدا، کە ئینسانەکان لەگەڵ یەک و لەگەڵ بیروبۆچوونە جیاوازەکاندا، دروستیدەکەن. ئەم کتێبە هەوڵدان نییە بۆ بەرهەمهێنانی هەقیقەتێکی دیاریکراو، بەڵکو کۆششێکە بۆ دروستکردنی هەلومەرجێکی کراوە بۆ بەرهەمهێنانی هەقیقەت.

-٦-

ئەوەی ئەم کتێبە لە ئاستی ئەخلاقیدا بەرگریلێدەکات ئەخلاقی ڕێزگرتنی جیاوازییە، ئەوەشی لە ئاستی سیاسیدا بەرگریلێدەکات سیاسەتی هاریکاری و بەدەمیەکەوەچوون و بڕیاردانی تاکەکەسی و دەستەجەمعی یاسا بۆدانراوە. لەگەڵ فۆکۆدا باوەڕم بەوە نییە مۆدێلێکی سیاسی هەبێت، کە دواهەمین مۆدێلبێت بۆ

داهاتووی مرۆڤایەتی، باوەڕم بەوە نییە تیۆرەیەکی سیاسی هەبێت وەڵامی هەموو پرسیارەکان و هەموو تەحەداکان بداتەوە. بەڵام لە ئێستادا باوەڕێکی گەورەم بە کۆمەڵگا و سیستمی دیموکراسی هەیە، باوەڕم بەوە هەیە دەکرێت دونیایەک دروستبکرێت بەشێکی زۆری ئازار و مەینەت و نەهامەتییەکانی ئەمڕۆکەی تیانەبێت. وەک فەیلەسوفی ئەمریکی، ریچارد رۆتی، باوەڕم بەوەیە ستراتیژیەتی ڕاستەقینەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەوە نییە قسەی گشتی لەسەر گۆڕانی سیستم بکەین، بۆ نموونە بڵێین دەبێت سیستمی سەرمایەداری بگۆڕێت و شوێنی بە سیستمێکی دیکە بگیرێتەوە، ئەوەی من باوەڕم پێیەتی شتێکی سادەتر و واقیعتر و مێژووییترە، من باوەڕم وایە دونیای ئەمڕۆکەی ئینسانەکان دونیایەکە ڕەهەندی جوان و گرنگ و ئینسانی گەورە و فرەجۆری تێدایە، وەکچۆن ڕەهەندی نائینسانی و خراپ و وێرانکەر و دژ بە ئینسانی زۆریشی تێدایە. وێنەی من بۆ ئایندە وێنەی سیستمێک نییە لە ئێستادا وەک ئەلتەرناتیف دروستمانکردبێت، یان دلوای جێگرتنەوەی سیستمێک بە سیستمێکی تر بێت، وێنەی من بۆ ئایندە وێنەی دونیای ئێستایە، بەڵام بە زیادکردن و گەورەکردن و بەهێزکردنی ڕووبەرە جوانەکانی ئەم دونیایە و کەمکردنەوەی ڕووبەرە خراپ و ناشیرین و ترسناکەکانی ئەمڕۆ. ئەمەش مانای ئەوەی من باوەڕم بە ئایندەیەکە بکرێت کاری بۆبکەین و یۆتۆپیایەکی ڕووت نەبێت. دیسانەوە وەک ریچارد ڕۆرتی دەڵێت، ئەو ئایندەیە ئایندەیەکە لە شتە باشەکانی ئەمڕۆ زۆرتر و لە شتە خراپەکانی ئەمڕۆ کەمتری تێدابێت(Rorty 1991: 175). بە زمانی فۆکۆ بدوێم باوەڕم بەوەیە، کە پێویستە کۆمەڵگاکانی ئایندە کۆمەڵگایەکبن هەیمەنەی کەمتر و کاری پێکەوەیی زیاتری تێدابێت، کۆمەڵگایەکبن ئینسان تیایاندا ئینسانی تر ناچارنەکات دژ بە ویست و حەز و ئیرادەی خۆی شتێک بکات و شتێکی بووێت.

سەرچاوەکان:

1- Ashbery, John (1986). Michel Foucault. Death and the Labyrinth. Cromwell Press, Trowbridge, Wiltshire.
2-Foucault, M (1972). The Archaeology of Knowledge (1969), publ. Routledge.
3-Orwell, George (2004). Why I Write. Penguin Books, London.
4-Rehg, William and Bohman, James (2001). Pluralism and the Pragmatic Turn: The Transformation of Critical Theory, Essays in Honor of Thomas McCarthy. The MIT Press.
5- Rorty, Richard (1991), Essays on Heidegger and Others: Philosophical Papers Volume II, Cambridge University Press.

لەباتی پێشەکی

-١-

شەڕی ناوخۆ ئەو ڕووداوەیە، کە لەپشتی نووسینی ئەم کتێبەوەیە. بەبێ شەڕی ناوخۆ ئەم کتێبە و بەشێکی زۆری وتارەکانی ناو ئەم کتێبە نەدەنوسران. ئەم شەڕە پرسیاری زۆری لەناو زۆربەی هەرە زۆرماندا درووژاند، زۆربەمانی تووشی ترس و نائارامی و بێئومێدییەکی گەورە کرد. ئەو وەڵامانەش، کە بەرامبەر بە هۆکار و کاریگەری و ئەنجامەکانی ئەم شەڕە لەئارادابوون، بە قەبارەی پرسیار و گومان و نائومێدییەکانی ئێمە نەبوون. کارەسات و دەرەنجامی کوشندەی شەڕەکانیش لەو لێکدانەوە و ڕاڤەکردنە حیزبی و ئایدیۆلۆژییە سادانە گەورەتربوون، کە لایەنە شەڕکەرەکان و ڕۆشنبیرەکان و ئایدیۆلۆژیستەکانی ئەو شەڕە بە کۆمەڵگای کوردییان دەبەخشی.

شەڕ لە نیشتیمانی ئێمەدا دونیایەک وێراندەکات، کە هێشتا بەشێکی گەورەی پڕە لەو هەوا ژەهراوی و ترس و هەڕەشانەی بەعس سادەترین ماناکانی ژیانی پێکوشتوە. ئەم شەڕە بە میلەتێکیش دەکرێت هێشتا جەستەی خوێنی برینەکانی ئەنفال و خوێنی زامەکانی شۆڕش و خوێنی ڕاپەڕینی لێدەڕژێت. نەدەکرا بە

لێکدانەوە سادەکان ڕازیبین، نەماندەتوانی باوەڕمان بە پڕوپاگەندەی هەمەجۆری حیزبەکان ببەخشین، گوتاری ڕۆژانەی ناو ئێزگەکان و حەماسەتی بێمانای ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکان، نەیاندەتوانی ڕاستی ئەوبیوی تەقاندنی تفەنگەکانمان پێبڵێن. بۆ تێگەیشتن لەشەڕ، کە بە پلەی یەکەم تێگەیشتنە لە خودی خۆمان، دەبوایە وردتر بڕوانین و قووڵتر بەدوای ماناکانی جەنگ و میکانیزمە جەهەنەمییەکانیدا بگەڕاینایە، دەبوایە دابەزینە ناو تاریکستانی مێژوو و کولتور و سیاسەتی کوردیی خۆیەوە و بۆ تێگەیشتن لە شەڕ بەر لە هەموو شتێک ئەو حەرامە سیاسی و کولتوری و سۆسیۆلۆژییانە بپشکنین، کە لەناوەوەڕا ڕۆح بەبەر شەڕ و تەقاندنی تفەنگەکاندا دەکەن. گەر کەسانێک هەبن بتوانن بۆ هەندێک لە خراپەکاری ناو جومگە تاریکەکانی مێژووی کوردی بڕێک لە شەرعیەت بدۆزنەوە، ئەوا شەڕی ناوخۆی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم لە کوردستاندا، لەدەرەوەی هەموو شەرعیەتێک و هەموو ئەخلاقیەتێک و هەموو عەقڵانیەتێکی سیاسیدا بوو.

تێگەیشتن لە شەڕی ناوخۆ هەنگاوێکی گرنگی تێگەیشتنە لە خودی خۆمان و لە کۆمەڵگای کوردی و لەو پاڵنەر و هۆکارانەی دونیای ئێمە لە ناوەوەڕا بەرەو پێکدادان و بە ئاراستەیەکی دیاریکراوی گەشەکردنی ڕووداوەکاندا دەبات. شەڕی ناوخۆ لە چەند ساڵی ڕابردوودا نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە، کە کۆمەڵگای ئێمە بە گشتی و کایەی سیاسی کوردی بەتایبەتی تا سەر ئێسقان نەخۆشن، بەبێ ناسینی هۆکارەکانی ئەو نەخۆشییە و بەبێ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجا و بۆ دەرچوون لەو هەلومەرجە نەخۆشە، ناتوانین قسە لە چاکبوونەوەیەکی ڕاستەقینە بکەین.

ئەو گەلەی ڕابردووی خۆی نەناسێت و تێنەگات بۆ لە ناو مێژوویەکی نەخۆشدا ژیاوە و دەژی ناتوانێت لەدەرگای هیچ ئاییندەیەک بدات، بۆ ئەوەی دەرگاکانی ئاییندە بکەینەوە دەبێت شوراکانی ڕابردوومان ڕووخاندبێت. ئێمە میللەتێکین لە ساتەوەختێکی مێژوویی واوە گلاوین، کە شەڕ بەشێکە لە پێکهاتە ناوەکییەکەی،

تێپەڕاندنی ئەو ساتەوەختە و گواستنەوە بەرە و زەمەنێکی تەندروست، بەبێ ناسینی ئەو رابردووە مەحاڵە. لەڕاستیدا ئەو رابردووە شەڕانگێزە ئەوەندە نزیکە دەشێت هەمیشە وەک بەشێک لە ئێستا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و لە خوێندنەوەی ڕووداوەکانیدا قسە لە "مێژووی ئێستا" و لە ئامادەگی ئەو قورساییە مێژووییە لەناو ئێستادا بکەین. "مێژووی ئێستا" مێژوویەکە ئامادە لەناو جومگە گرنگەکانی دونیای ئێمەدا و لەناو هەناوی ئەو ڕووداوانەدا، کە لەئێستادا لەدەرگای واقیع و لەدەرگای "هەنووکەیی بوونی" ئێمە ئەدەن. لەم ڕووەوە من وای بۆ دەچم پێویستمان بە هێنانەکایەی گفتوگۆیەکی زیندو و زانستی هەمەلایەن و لەسەرخۆ هەیە دەربارەی هۆکار و دەرەنجامەکانی شەڕی ناوخۆ، پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی وردی مێژوویی ئەم چارەکە سەدەیەی دوایی و ڕووداوە گەورە و بچووکەکانی ناو ئەم مێژووە هاوچەرخەیە، کە پڕە لە شەڕ و پێکدادانی کورد لەگەڵ کوردا. دەبێت نەترسین و بەچاوێکی کراوەوە تەماشای ئەو مێژووە و ڕوودلوە خوێناوییەکانی بکەین، بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە بونیادنانی دەزگای تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و سایکۆلۆژی و ئابووری کۆمەڵگای خۆمان هەیە. دەبێت لێکۆڵینەوەی ئەو فەزا سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و کولتورییەی شەڕ بەرهەمدێنێت، ببێت بە بەشێک لەو وانانەی لە زانکۆکاندا دەخوێندرێن و لەم ڕووەوە کادری لێزان و قوتابی زیرەکی بۆ تەرخانبکرێت. بەبێ ئەم ناسینە هەمەلایەن و فرەڕەهەندە ناکرێت باس لە ئاشتییەکی جێگیر و باوەڕپێکراو بکەین.

ئەم کتێبەی لە بەردەستی خوێنەراندایە هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ خوێندنەوەی ئەو فەزایەی باسمکرد، هیوادارم لە ئاییندەدا چەندان کتێب و وتاری دیکە لە دید و بۆچوون و میتۆدین جیاواز لەوەی ئەم کتێبەوە بنووسرێت و هەریەکێک بەپێی توانا بەشێک لەم تاریکستانە ڕووناک بکاتەوە. بەڵام بێگومان بەبێ موزایەدەی

سیاسی و بەڕۆحێکی ڕۆشنبیریی بەرپرسیارەوە، کە بەپلەی یەکەم هەوڵی بنیادنانی دونیایەکی تەندروست بۆ خۆمان و بۆ نەوەکانی دوای خۆمان، ئاراستەی بکات.

-٦-

لەگەرمەی شەڕەکاندا من قوتابی بەشی زانستە سیاسییەکان بووم لە زانکۆی ئەمستەردام لە هۆڵەندا، ئەو مامۆستا و دۆست و شارەزایانەی کوردیان دەناسی بە سەرسامییەوە سەبارەت بەم شەپۆلە تازەیەی شەڕی کورد لەگەڵ کوردا، پرسیاریان لێدەکردم و دەیانویست لەوە تێبگەن بە چ مانا و لۆژیکێک کورد خۆی خوێنی خۆی دەڕێژێت و خۆی دونیای خۆی بەسەرخۆیدا وێراندەکات. من زۆرجار بێدەنگ دەبووم و نەمدەزانی چ وەڵامێک بدەمەوە. ئەو بێدەنگییەشم پڕپڕبوو لە شەرم، شەرم لەو مێژووە ناشیرینەی لەو ساتەدا تفەنگی کورد دژی کورد لاپەڕەکانی دەنووسیەوە. پرسیارەکان تا دەهاتن زیاتر دەبوون و منیش تادەهات بێدەنگتر و شەرمنتر دەبووم لەبەردەمیاندا، تا ئەوکاتەی کوردستان بووە سەرزەمینی داوەتکردنی دەبابەکانی بەعس و لەشکرکێشی ئایەتوڵاکان. لەو کاتەدا بۆ یەکەمینجار تێگەیشتم بزوتنەوەی سیاسی کوردی چۆتە قۆناغی شکاندنی هەموو شەرمێک و وێرانکردنی هەموو ئەو تابو و حەرامانەی هەر بزاوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی شەرعیەتی خۆی، پێویستی پێیەتی.
بەشێکی زۆری ئەم نووسینانە بەرهەمی کۆتاییهاتنی ئەو شەرمە و کۆتاییهاتنی ئەو سڵەمینەوانەیە، کە نەیدەهێشت دیوە جەهەنەمی و شەیتانییەکەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ساتەوەختی ئێستایدا ببینین. ئەم کتێبە تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی ئەو

قۆناغی کۆتایهاتنی شەڕمەیە، بەرهەمی تەماشاکردن و ڕافەکردنی ڕووداوەکانە بەبێهیچ سانسۆرێکی مەعریفی و سیاسی دەرەکی. لێرەوە ئەم کتێبە چاوەڕوانی ئەوەنییە هەمووان ئافەرینی لێبکەن، هەروەها باکی بە تورەبوونی زۆرانیش نییە، ئەم کتێبە هەوڵدانێکە بۆ دواندن و قسەکردن، مافی بوونیشی لە مافی دواندن و قسەکردنەوە هەڵدەهێنجێت، ئەگەر سیاسەتی کوردی لەدوای ڕاپەڕینەوە لە هێڵە گشتیەکانیدا کوردستانی کردبێتە وێرانەیەکی مادی و سیاسی و ئەخلاقی، ئەوا یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیران ئەوەیە باس لە دەرکەوت و ڕووخسار و ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو وێرانەیە بکەن. حیزبە کوردییەکان چەند مافی وێرانکردنی ئەم نیشتیمانەیان بە خۆیان بەخشیوە، بە هەمان ئەندازە ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە باس لە ئینسان و خەون و حیکایەتە کوژراوەکانی ناو ئەو وێرانەیە بکەین. ئەم کتێبە هەوڵدانێکی تیۆری نووسینەوەی حیکایەتە کوژراوەکانی ناو ئەو جەهەنەمەیە، نەک باسکردنی مژدەی ئەو بەهەشتانەی ئەم بزوتنەوەیە بە میللەتی ئێمەی دەدات. بێگومان لەدوای ڕاپەڕینەوە هەندێک شتی باش لە کوردستاندا کراوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە هەم شەڕی ناوخۆ و هەم بەکردەوە دابەشکردنی کوردستانی عێراق بۆ دوو پارچەی لێکجیاواز، هەموو شتەکانی دیکەی داپۆشیوە. ڕەنگە بۆ هەندێک کەس من لەهەندێک شوێندا زیاد لەپێویست پێمداگرتبێت و زیاد لەپێویست ئاشکرا قسەمکردبێت، لەوەڵامی ئەمەدا ئەڵێم هیچ شتێک لە کوردستاندا بەقەد شەڕی ناوخۆ و داوەتکردنی داگیرکەرە جیاجیاکان بۆ ناو بێشەی بڕین و خوێن و خەونەکانی ئێمە ئاشکرا نییە، پێشموایە تا ئاشکرا قسە نەکەین و ڕاستەوخۆ کێشەکان نەناسێنین، زەحمەتە ڕێگاچارەیەک بۆ دەربازبوون لەو کێشانە بدۆزینەوە. ئێمە میللەتێکین کاتی چاوەڕوانی درێژمان لەبەردەمدا نییە، یان ئەوەتە ڕاستەوخۆ خەریکی چارەسەری کێشەکانمان دەبین، یان ئەوەتە دەبێت خۆمان یاسینی خۆمان بخوێنین.

لە ژێر سێبەری ئەو ڕاستییانەدا ئەم کتێبە هەوڵدانی دەرچوونە لەو شێوازە شەرمنەی لێکۆڵینەوەی سیاسی، کە دیاردەکان تەنها لە مانا سیاسیە سادەکانیاندا دەبینێت و یەکەمین و دواهەمین حوکمی لە بە پاڵەوانکردنی لایەنێک و بە خائینکردنی لایەنێکی دیکەدا بەرجەستە دەکات. لەهەمانکاتدا ئەم کتێبە هەڵگری جۆرێک لە دڵڕەقیشە بەرامبەر بە خۆمان، بەتایبەتی بەرامبەر بە عەقڵانیەتی سیاسی باڵادەست لە کوردستاندا، کە بەردەوام کارەساتی گەورە و نەهامەتی فرە لایەن بەرهەمدێنێت.

بۆمن زۆرگرنگ بوو لە سروشتی ئەو دەسەڵاتە تێبگەم، کە لەپشتی شەڕەکانەوە ئامادەیە. بۆ ئەم مەبەستە دەبوایە زۆر بە وردی لە کۆمەڵێک ڕەهەندی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ڕابمێنم، کە پێموایە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە شەڕ و پێکدادانەکانی ناو مێژووی هاوچەرخی ئێمەوە هەیە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لێکدانەوەی "بونیادی کۆمەڵایەتی" کۆمەڵگای کوردی و لە ڕووی سیاسیەوە دروستبوون و سەقامگیربوونی "کایەی سیاسی" کوردی و لە ڕووی فەرهەنگییەوە لەو دەزگا چەمکییە ڕابمێنم، کە ئەم دەسەڵاتە بۆ پایەداربوونی خۆی دەیانخاتەگەڕ. لێرەوە بۆ نموونە هەم بە "پەیوەندیەکانی خزمخواهی" وەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هەم بە "دابەشبوونە سیاسیەکانی" ناو کایەی سیاسیدا و بە چەمکی "یەکگرتن" دا، وەک گرنگترین چەمکی سیاسی ناو کولتوری سیاسی کوردی، چوومەوە.

لەپاڵ ئەمانەشدا دەبوایە تەماشای ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانە بکەم، کە لە دوای ڕاپەڕینەوە لە نەخشەی سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگای ئێمەدا ڕوویداوە، بڕوانمە ئەو میکانیزمە ئابووری و کولتوری و سیاسییانەی حیزبە کوردییەکان لەدوای ڕاپەڕینەوە لە وڵاتی ئێمەدا پیادەیانکردووە بۆ پاراستنی پایەداری ئەو گروهە سۆسیۆلۆژیە نوێیە، کە لەڕێگای سیاسەتەوە دروستبووە. جگە لەمانەش دەبوایە تەماشای ئەو

گوتارە چەپێنراو و بێدەنگکراوانە بکەم، کە ڕۆشنبیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی ئێمە بەردەوام پەراوێزیان کردوون و بەمەش هەلی بەرهەمهێنانی جۆرێکی تری ڕاستی و هەلی بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی تری بەرهەمهێنانی هەقیقەتیان لەناوبردووە.

ئەم خاڵەی سەرەوە بەرەو قسەکردن لەسەر بابەتی دووهەمی ئەم کتێبەم دەبات، کە بیرۆکە، یان چەمکی جیاوازییە. ئەگەر شەڕ، هەمووشەڕێک، پێکەوە هەڵنەکردنی دوو جیاوازبێت بەیەکەوە، ئەوکات گرنگیدان بە جیاوازیی و ناساندنی وەک چەمکێکی کولتووری و سیاسی دەبێتە بەشێکی دانەبڕاوی هەوڵدانی تێگەیشتنی بنەما کولتورییەکانی شەڕی ناوخۆ. لە خوێندنەوەی وتارەکانی ناو کتێبەدا خوێنەر ئەوەی بۆ ئاشکرائەبێت چەمکی جیاوازیی بە شێوەیەکی ئاشکرا و نائاشکرا لە هەموو وتارەکاندا ئامادەیە و یەکێکە لەو چەمکە سەرەکیانەی پایەکانی کتێبەکەی لەسەر بیناکراوە. دواهەمین وتاریش ڕاستەوخۆ تەرخانە بۆ لێدوان لەم چەمکە لەناو ئەخلاقناسی هاوچەرخ لە بیری فەلسەفی ڕۆژئاواییدا.

هیوادارم ئەمە کتێبە سەرەتایەکی تەندروستبێت بۆ گفتوگۆکردنێکی هێمن و لەسەرخۆ دەربارەی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا و هەنگاوێکیش بێت بەرەو لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەندنی ئەم دیاردە وێرانکەرە. مافی خۆمانە خەون بە نیشتیمانێکی ئارام و ئاسودە و بێشەڕەوە ببینین.

مەریوان وریا قانیع

ئەمستردام ١٩٩٩

شەڕی ناوخۆ

فێڵ - میرب - سیاسەت

شەڕی ناوخۆ

فێڵ ـ مێژوو ـ سیاسەت

-١-

ئایا شەڕی ناوخۆ، شەڕی وێرانکردنی ماڵی خۆمان بە دەستی خۆمان، شەڕی خوێنڕشتنی برا بۆ برا و دراوسێ بۆ دراوسێ و شار بۆ شار و ناوچە بۆ ناوچە لەکوێوە دێت؟ ئەم (با) ئەهریمەنییە لەکوێوە هەڵدەکات و فوو بە چرای داگیرساوی ناو ڕەفە و تاقەکانی مێژوومانەوە دەکات؟ ئەم وزە تێکدەرە چییە لە هەناوی مێژووی ئێمەوە بە بەرەدەوامی دێتەدەرەوە و پرۆژەکانی خۆمان بە دەستی خۆمان، بەر لە دەستی دوژمنەکانمان، وێراندەکات؟ چییە ئەم "نەگۆڕە"، کە ساڵ دوای ساڵ و ڕۆژ دوای ڕۆژ لەگەڵمان دێت و لە مێژووماندا چەندبارە دەبێتەوە؟

لەکوێوە دەست بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بکەین؟ لە تاوانبارکردنی دراوسێ ـ دوژمنەکانمانەوە، یان لەبێمتمانەیی هێزە ناوچەیی و نابەرپرسیارێتی هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە؟ ئایا بۆ تێگەیشتن لە جەنگی ناوخۆ ئەوەندە بەسە بڵێین لەپشتی ئەم جەنگەوە بەغدا و ئەنقەرە و تاران و دیمەشق وەستاون و، عەرەب و

تورک و فارس لێناگەڕێن ماڵی خۆمان وەک چۆن خۆمـان دەمانەوێـت ڕێکخەیـن و لەناویدا وەک زۆربەی گەلانی تری سەر ئەم ئەستێرەیە بە ئاسودەیی بژین؟ ئایا تەنیـا دەسـتی سـەدام حوسـەینەکان، ڕەفسـنجانیەکان، تشـیلەرەکان و ئەولنیتـر خۆشکەری ئاگری ئەم جەنـگەن، یـاخود جەنـگ هۆکـاری دیـکەی هەیە و بەتەنیـا ناتوانرێت لەپاڵ ئەم تاوانبارکردنە دەرەکییانەدا بخوێندرێتەوە؟

لە ماڵی خۆشماندا، ئایا ئەوەندە بەسە یەکتری بە تـاوانی هەڵگیرسـاندنی جەنـگ مەحکومبکەین؟ ئایا جەنگ بڕیاری ئەم سەرکردە، یان ئەو سەرکردە بە تەنیا، ئەم حیـزب، یـان ئەویـدی، بەرژەوەنـدیی ئەم گروپـی سیاسـی، یـان هـی ئەویـدیکە، دەیخولقێنێت؟ بەمانایەکی دیکە، ئایا جەنگ تەنها بڕیاری ئەو بوونەوەرە نەخۆشـە دەیخولقێنێت، کە ناوی "سیاسیی کورد"ە، یـان دەشـێ خـودی ئەو بـوونەوەرە و بڕیارەکانیشـــی ڕەگەزێکـــبن لەڕەگەزەکـــانی نـــاو بونیـــادێکی سۆسیۆسیاســـی و پێکهاتەیەکی ڕەوشـتی و کولتـورێکی سیاسـی نەخـۆش، کە کـۆی کـارکردنی ئەو بونیـاد و پێکهـاتەیە بەسـەریەکەوە، جەنـگ وەک بەرهەمێـک لە بەرهەمەکانیـان، تورپەدلتە ناو دونیای ئێمەوە؟

ئایـــا ناشـــێ پێکهـــاتەی کـــۆمەڵایەتی ئـــێمە و بونیـــادی پەیوەنـــدی هێـــزە سۆسیۆلۆژییەکانی ناو ئەو پێکهاتەیە فـاکتەرێکی گرنگـی بەرپـابوون و تەقینـەوەی جەنـگ و سـەرلەنوێ بەرهەمهێنـانەوەی بێـت؟ ئایـا ناشـێ چەنـد ڕەهەنـدێکی دیاریکراوی کولتوریی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە لە پێناسـەکردنیاندا بـۆ کـۆمەڵێ چەمکـی گرنگـی وەک "جیـاوازی" و "لێبـوردن" و "یەکـدی قبـووڵکردن"، کە هاوسەنگی پەیوەندییەکان و ئارامبوونیـان ڕادەگـرن و جـۆرێکی تـایبەت لە بەهـا و نۆرم و ئەخلاقـیەت بەرهەمـدەهێنن، وەک فـاکتەرێکی دیـکەی گرنگـی بەرپـابوونی جەنگ تەماشابکەین؟ ئایا ناکرێ "کـایەی سیاسـیی کـوردیی" خـۆی، لە ڕۆژگـاری دروســـتبوون و پەیـــدابوونیەوە و بەدرێژایـــی قۆنـــاغە جیاجیاکـــانی دوای

دروستبوونەکەی، هۆکارێکی دیکەی بەتەقە هێنانی تفەنگەکان بن؟
بە کورتی ئایا جەنگ لەدەرەوەڕا دێت و بەسەر جەستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکریی ئێمەدا دەسەپێنرێت، یان دەشێ خودی ئەم جەستەیە هەڵگری ڤایرۆسی جەنگ و ڤایرۆسی ماڵی یەکدی وێرانکردن و هەپروون بە هەپروونکردنی پرۆژە کۆییەکانی ئێمەبێت؟ ئایا ناشێ ئەو دەستە نادیارانەی لەهەناوی مێژووی خۆمانەوە دێنەدەر، بەهەمان ئەندازەی دەستە پیلانگێڕە دەرەکییەکان تێکدەر و جەنگهێنەرین؟ تەواو سادەتر بدوێین دەپرسین: ئایا جەنگ بەری پیلانە دەرەکییەکانە بەتەنیا، یاخود دەشێ لەسەرێک لەسەرەکانەوە بەرئەنجامی پیلانە ناوەکییەکانیش بێت؟

لەڕاستیدا ئاسانترین و نابەرپرسیارترین وەڵام بە پرسیاری جەنگ لەکوێوە دێت ئەوەیە، کە تەنیا و تەنیا "ئەوانیتر"، تەنیا دوژمنەکان و دونیای دەرەوە بەهۆکاری تەقینەوەی ناکۆکییەکان، بۆ ئاستی فیشەک بەیەکدییەوەنان، تێبگەین. ڕاستە دوژمنان هەمیشە و هەردەم لەودیوو پەنجەرەکانەوە وەستاون و بۆن بەماڵەکانمانەوە دەکەن. ڕاستە ئەوان لەودیو دەرگاکانەوە سەرقاڵی پیلانڕێژی و ئاژاوەگێڕی و خۆئامادەکردنن. ڕاستە ئەوان چاوەڕێ و خەریکی کردنەوەی دەرگاکان و پەنجەرەکان و کلاوڕۆژنەکانن، عەودالی دۆزینەوەی کونێک، کەلەبەرێک، درز و شەبەنگێکن، بۆ هاتنەژوورەوە و جێبەجێکردنی پیلانە هەمیشەییەکانیان ـ لە سزادانی دەستەجەمعی سادەوە بۆ جینۆسایدکردن ـ ڕاستە ئێمە لەناو کۆمەڵێ هاوکێشەی سیاسی ناوەکی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیی ئێجگار سەخت و ئاڵۆزدا دەژین و لەدونیایەکدا بەدوای ئازادی و مافی خۆماندا دەگەڕێین، کە دەستە نەوتاوییەکانی سەدام حوسێن و ڕیشی ئایەتوڵا خومەینی، لەخوێنی منالانی ئێمە و خوێنی مێژوو و خوێنی نیشتمانی هەنجن هەنجنکراومان، بەنرختر و گرانبەهاترن. بەڵام هەموو ئەمانە بەرپرسیارێتی خۆمان، بەرپرسیارێتییەکی

گەورەش، لەبەرپابوونی جەنگە ناوخۆیی و بەردەوامەکانی خۆمان و ئامادەکردنی زەمینەی بەردەوامی تەقاندنەوەی ناکۆکیەکان و خولّقاندن و بەخشینی فرسەتی سووک و ئاسان و کالّفامانە بەدوژمنان، ناشارێتەوە.

بە بۆچوونی من، بۆچوونێک لەدرێژایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لایەنە جیاجیاکانی ئاشکرادەبێ، جەنگ لە دونیای ئێمەدا چەند لە دەرەوەڕا و لە ڕێی پیلانی دوژمنان و هێزە دژەکوردییەکانەوە دێت، ئەوەندەش لە ناوەوەڕا بونیاد و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و ئەخلاقی و فەرهەنگی و سایکۆلۆژی هەیە، کە نەک دژی ئەو مۆتیڤە دەرەکییانە کارناکەن و هەوڵی پەکخستنی پیلانەکان نادەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە وزە و توانا و زەمینەیەکی لەباریشیان بۆ دەڕەخسێنن و پرۆسەی جێبەجێکردن و پیادەکردنی ئەو پیلانانەش خێراتر و ئاسانتر و هەمەلایەنتر دەکەن. پیلانەکان لە دەرەوەڕا دێن، لە بەغدا و ئەنقەرە و تاران و شوێنانی تروە پۆستدەکرێن، بەڵام گرفتی سەرەکی لەوەدایە، کە دونیای ئێمە لە ئاستی جیاجیادا، لەکولتورەوە بۆ سیاسەت، لە بونیادی پەیوەندییەکانەوە بۆ بونیادی زەین، لە مەعریفەوە بۆ دەسەلات، پڕن لەو پۆستەچییانەی ئەو پیلانانە بەسەر جەستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا بڵاودەکەنەوە. ئەڵبەتە ئەو پۆستەچییانە بەتەنیا کۆمەڵێ مرۆڤی بەکرێگیراو و خۆفرۆش و لایەنی سیاسیی ترسنۆک و سازشکەرنین، بەڵکو لەپێش هەموو شتێکەوە کۆمەڵێ کۆنسێپت و میکانیزمی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بونیادێکی سۆسیۆلۆژی و پێکهاتەیەکی کولتوری و کۆمەڵێک کایە و عەقڵیەتێکی سیاسی و تێگەیشتنێکی دیاریکراو بۆ چەمکەکانی دەسەڵات و مەعریفە و پێکهاتەیەکی رەمزی و فانتازیایی و سایکۆلۆژییە بەسەریەکەوە، کە خودی ئەو کەسە خۆفرۆش و لایەنە ترسنۆک و سازشکارانە، ئاستێک لە ئاستەکانی کارکردن و دەرکەوتێک لە دەرکەوتەکانی کۆی کارکردنی ئەو پێکهاتە نەخۆشەن بەسەریەکەوە.

بەکورتی بۆ ئەوەی لە جەنگی ناو ماڵ و شار و ناوچەکانی خۆمان تێبگەین، ئەوە بەس نییە تەنیا دوژمنە دەرەکییەکانمان تاوانباریکەین، تەنیا پیاوانی ئەودیو پەنجەرەکان و پیلانە هەمیشەییەکانیان بە تاقە بکەر و تاقە هۆکاری بەرپابوونی جەنگ بزانین. بەپێچەوانەوە کاری سەرەکی ئەوەیە هۆکارە ناوەکییەکانی جەنگ، ئاستە جیاجیاکانی بەرهەمهێنانی، جوومگە تاریک و نەناسراوەکانی، ڕەگەکانی لەناو عەقڵیەتی سیاسیدا، بە کورتی ڤایرۆسەکانی ناو واقیعی کوردی خۆی بدۆزینەوە. تاهیچ نەبێت بتوانین ژینگەیەکی ناوەکی تەندروستی وا دروستبکەین، کە پیلانە دەرەکییەکان نەتوانن لە ناویدا بژین و ئازادانە هەناسەبدەن. خولقاندنی ئەو ژینگەیە یەکەمین هەنگاوی ڕاستەقینەی ئێمە دەبێ بە ڕووی قەبراندنی جەنگی ناوخۆ و دەرئەنجامە کوشندەکانیدا، دەنا هەموو ڕێکەوتنە سەرزارەکییەکان، هەموو ماچە درۆزنانەکان، هەموو ئیمزا نائومێدەکانی سەر ڕێکەوتنامە وەهمییەکان، جگە لە سوڕانەوەیەکی بێسەمەر بە دەوری پیلانەکانی جەنگدا، جگە لە خۆڵەمێشکردن بەچاوی یەکدیدا، شتێکی دیکە نییە و شتێکی دیکەشی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

-٣-

کە دەڵێین هۆکارە ناوەکییەکانی جەنگ وابەستەی بونیادێکی سۆسیۆلۆژی و کۆمەڵێ کۆنسێپت و میکانیزمی فیکری و کولتوری و کایەیەکی سیاسی دیاریکراو و بونیادێکی عەقڵی و مەعریفی و پێکهاتەیەکی ڕەمزی و فانتازییە، ئەمە بەو مانایە نییە ئەم هۆکارانە کۆمەڵێ هۆکاری سەد دەرسەد سەربەخۆبن و بەتەواوی لە دەرەوەی دەسەڵات و وشیاری و ئەزموونەکانی مرۆڤدا ئامادەبن. بەمانایەکی دیکە مەبەستم نییە بڵێم ئەو هۆکارانەی سەرەوە کۆمەڵێ هۆکاری بابەتین و دواجار

جەنگ لەو دونیا بابەتییەوە دێت و بڵاودەبێتەوە و وزەی شێوێنەرانەی خۆی لە دونیای ئێمەدا بەرەڵادەکات، نەک لە کۆمەڵێ بڕیاری تایبەت و ویستی سیاسی دیاریکراوەوە، کە ئەم سەرکردە، یان ئەوی دی، ئەم گروپ، یان ئەوی دی، دەریدەکەن. ئاشکراتر دەڵێم، بە "بونیادگەراکردنی" کێشە و گرفتەکان بەو مانایە نییە، کە بونیادەکان تەواو سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم، لەدەرەوەی وشیاری و ویست و ئیرادەی کەسەکاندا، کاردەکەن. سونەتێ، کە بونیادگەری لە چاپە "شتراوس" یە "لاکان" یە "ئەلتۆسێر" یەکەیدا پێشنیاریدەکات.

مەسەلەی بەبونیادگەراکردنی ئەم کێشانە لەوێوە سەرچاوەدەگرێت، کە جەنگ وەک دەرئەنجامی کۆمەڵێ پەیوەندی دیاریکراوی ناو بونیادێکی تایبەتی هێز و دەسەڵات و مەعریفە ببینین، نەک وەک دەرەنجامی بڕیارە سیاسیەکان بە تەنها. واتە ناتوانین جەنگ بەتەنها وەک "مەبەستگەرایی" تاکێک، یان کەسێک تەماشابکەین و هەموو ئەو ڕەگەزە بونیادییانە فەرامۆشبکەین، کە نائیارانە ئاگری جەنگ لە نیشتمانی ئێمەدا خۆشدەکەن. ناکرێ جەنگ تەنهاو تەنها بە مەبەستگەرایی کەسێک، یان گروپێک، یان حیزبێکەوە گرێبدەین و هەوڵدەین لەوێوە بیناسێنین و ڕاڤەیبکەین و شیبکەینەوە. بەمەبەستگەرایی کردنی جەنگ دەشێ هەندێک ڕاستی و ڕوویەک لە ڕووەکانی جەنگ و ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی بەرپابوونی ئاشکراکات. دەشێ پێمان بڵێت ئەم حیزب، یان ئەوی دیکەیان، لەفلانە مەسەلە و لە فلانە ڕۆژ و لە فلانە پێکداداندا خەتابارتر و تاوانبارترە لەوی دیکەیان. دەشێ بڵێین فلان ڕووداو فلانە کەس، یان گروپ، یان دەستە کەم تازۆر لێیبەرپرسیارە، نەک فلان، یان فیسار حیزب، بەڵام با ئەوەمان لەیاد نەچێت ئەم مەبەستگەراییە هەرگیز ناتوانێت کۆی ئەو هۆکارە نائیارانە ببینێت، کە لە ناوەوەڕا مەبەستەکان بەرهەمدەهێنێت و پیلانەکان دەچێنێت و زەمینەی جەنگ و تەقاندنەوە هەمیشەییەکان دووبارە و دەبارە خۆشدەکاتەوە. بەداخەوە بە

مەبەستگەرالیکردنی جەنگ و دیتنی لە دیدێکی فینۆمینۆلۆژییەوە، تاقە لێکدانەوە و راڤەکردنی باڵادەستی ئەم دیاردەیەیە، هەم لەناو رۆشنبیرانی ئێمەدا و هەم لەلایەن حیزبە سیاسییە کوردییەکان خۆیانەوە. بە بۆچوونی من ئەمجۆرە لێکدانەوەیە لێکدانەوەیەکی نوقسان و ناتەولوە و ناتوانێت زۆربەی راستییەکانمان پێبڵێت و جەنگ وەک بەرهەمی بونیادێک، لە پەیوەندیدا بەکارکردنی مرۆڤەکانەوە لەناویدا، بناسێنێت و میکانیزمەکانی بەرپابوونی دەستنیشانکات.

وەک وتمان ئەگەر بەبونیادگەراکردنی کێشەکان بەو مانایە نەبێ، کە رۆڵی ئینسانەکان لەپلەی بەتەقاندنەوە گەیاندنی کێشەکاندا بسڕێتەوە؛ واتە بەو مانایە نەبێت، کە ئالتوسێر باس لە "لەبەرکردنی تاکەکەس بۆ بونیادەکان" دەکات و تاکەکان بە جەبری بونیادەکان مەحکوم دەکات.، یان بەو مانایەی گوایە "مێژوو لەدەرەوەی زاتەکاندا دروستدەبێت" و خودی ئینسانەکان جگە لە قبووڵکردنی یاسا و جەبری بونیادەکان هیچ رۆڵێکی دیکەیان نییە، ئەوکات دەشێ بەساکاری بپرسین ئەی باشە چۆن لە بەردەوامی بەرپابوونی جەنگ و بە "نەگۆڕ" مانەوەی لە مێژووی ئێمەدا تێبگەین؟ ئەگەر جەنگ لە سەردەمانێکی دوورەوە، کە دەشێ بە شەڕی نێوان میرنشینە کوردییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەستپێبکەین، بەشێکی "نەگۆڕ" بووبێت لە مێژووی ئێمە، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە کەسەکان لێی بەرپرسیارنین و بونیادەکان دەیخوڵقێنن، یان دەیسەپێنن؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەو کەسانەی بەشەڕدێن خۆیان قوربانییەک لە قوربانییەکانی بونیادەکانن و جەبرێک، جەبری مێژوو، لە دەرەوەڕا تفەنگەکانیان پێدەتەقێنێت؟ وەک پێشتریش هێمامان پێکرد، نە چەمکی بونیاد و نە مەسەلەی بەبونیادگەراکردنی کێشەکان لەم باسەدا بەم مانایە بەکارنەهاتووە و هەرگیز ناکرێت لەژێر بەهانەی بەبونیادگەراکردنی ئەو کێشانەدا، مەسەلەی بەرپرسیارێتی ئەو سەرکردە و کەس و حیزب و گروپانە فەرامۆشکرێت، کە خاوەنی دوامەمین بڕیاری بەتەقە خستنی تفەنگەکانن. ئەی

کەوایە مەبەستمان لە بیرۆکەی بە بونیادکردنی جەنگ چییە؟
مەسەلەی بە بونیادکردنی جەنگ و دووبارەبوونەوە و بەردەوامبوونی لە مێژووی ئێمەدا لەم باسەدا بەمانای "سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیەتی لەزەمەندا" دێت، سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی کوشتار و خوێنڕشتن و پەلامارەکان لە ساتە مێژووییە جیاوازەکاندا. بەڵام داخۆ مەبەستمان لە دەستەواژەی "سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە" چییە؟ مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیە کۆمەڵێ هێز و تێڕوانین و عەقڵییەت لە مێژووی ئێمەدا دەستبەکار و ئامادەن، کە کێشەکانی دوێنێ بەهەمان ناوەرۆک و بەهەمان ئاراستەوە لەمڕۆدا بەرهەمدەهێننەوە. ئەم هێزانە واقعێک دووبارە و دەبارەدەکەنەوە، کە ئەرکی سەرەکی ئەوان گۆڕین و تێپەڕاندن و تێکشکانی ڕەگەزە "نەگۆڕ" و دووبارەبووەوەکانییەتی. لێرەوە بەبونیادگەراکردنی ئەو کێشانە مانای غیابی عەقڵیەتێکی گۆڕانخوازە، نائامادەیی ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵ و ناساندنێکی ڕاستەقینەی کێشەکان و داڕشتنی بەرنامەیەکی ڕادیکاڵە بۆ گۆڕینیان. هەموو ئەمانەش مانای کوشتن و زەلیلکردنی زەمەنە لە ڕێگای بەرهەمهێنانەوەی دوێنێ لەناو ئێستادا، مانای دۆڕاندنی ئێستاییبوون و هەموو هەستێکی ڕاستەقینەیە بەمێژوو و بەدونیای ناو ئەو مێژووە.

بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوونبکەینەوە و بۆ ئەوەی هیچ گومانێک بەرامبەر بەبونیادگەراکردنی جەنگ دروستنەبێت، هەوڵدەدەم لە ڕووی دوو زاراوەی ئەرستۆ وە جارێکی تر ئەم مەسەلەیە ئاشکراتر و ئاسانتر نیشانبدەم ومەبەستەکانم بەخوێنەر بناسێنم. بونیاد لەم باسەدا زیاتر لەو جۆرە "بوونە" دەچێت، کە ئەرستۆ ناوی دەنێ "بوونی بەزەبر- الوجود بالقوه"، بەڵام جەنگ وەک ڕوودلو ئەو شێوازی بوونەیە، کە ئەرستۆ ناوی "بوونی بەکردەوە ـ الوجود بالفعل"ی لێدەنێت. وەک چۆن گواستنەوە لە "بوونی بەزەبرەوە" بۆ "بوونی بەکردەوە" لای ئەرستۆ بەناو چالاکییە ئینسانییەکاندا تێدەپەڕێ، ئاوا بەهەمان شێوە گواستنەوە لەبونیادەوە بۆ

ڕووداو، گواستنەوەیەکە بەبێ چالاکییە ئینسانییەکان دروستنابێت. لێرەوە ئەگەر جەنگ لە دونیای ئێمەدا بوونێکی بونیادییانەی هەبێت، ئەوکات ئەوەی دەیکاتە "ڕووداو" خودی کارکردنی بونیادەکە نییە وەک بونیاد، بەڵکو کۆی ئەو بڕیار و چالاکییە ئینسانییانەیە، کە جەنگ لەناو بونیادەکانەوە، بۆ ناو مێژوو پەلکێشدەکەن، لە "بوونی بەزەبرەوە" دەیکەن بە "بوونی بەکردەوە" و لە متبوونەوە دەیگۆڕنە سەر جووڵە. بۆیە هەرگیز ناکرێت بەبەهانەی بەبونیادگەراکردن بەرپرسیارێتی مرۆڤەکان لەبەرپاکردنی جەنگدا لەبیربکەین و کارەساتەکان بخەینە ئەستۆی بونیادەکان نەک بڕیارەکان.

بەمجۆرە ناکرێت ڕۆڵی کەسەکان و گروپەکان و حیزبەکان لەناو میکانیزم و کارکردنی بونیادەکاندا لەبیربکەین و ئەوە لەیادبەینەوە، کە دواجار مرۆڤەکان توانا و وزە پەنهانەکانی ناو بونیادەکان وەگەڕدەخەن و ئاراستەکانی دیاریدەکەن. ڕاستە بونیادەکان خۆیان هەڵگری جەبر و ناچاریی تایبەتن و لەوێشەوە سنورێک، یان چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئیرادە و کاری ئیرادەگەرانە دەکێشن، بەڵام دوجار ئەوە ئیرادەی ئینسانەکانە وزەی متبووی ناو بونیادەکان و ئەگەرەکانیان دەکاتە ڕووداو و مێژوویەکی زیندوو، کە بەبەردەمماندا تێدەپەڕێت. دەکرێت لێرەدا ئەو قسەیەی مارکس، کە دەڵێت: "مرۆڤەکان مێژوو دروستدەکەن، بەڵام لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی دیاریکراودا" پێچەوانە بکەینەوە و بڵێین: "ڕاستە هەلومەرجەکان ئامادەن و سنوردادەنێن بۆ کارە ئیرادەگەرییەکانی مرۆڤ، بەڵام دواجار ئەوە مرۆڤە ئەو هەلومەرجانە دەگۆڕێت و مێژوویەکی دیکە دروستدەکات".

ئەگەر ئەو دیدە میتۆدی و ئەو بۆچوونانەی سەرەوە کورتبکەمەوە دەکرێت بڵێم: جەنگ دیاردەیەکە کۆمەڵێ ڕەگەزی بونیادییانەی "نەگۆڕ" ئامادەیدەکەن و زەمینەیەکی لەبار و بەپیتیش بۆ تەقاندنەوە و بەرپابوونی بەرهەمدەهێنن، بەڵام هەمیشە کۆمەڵێ "بڕیاری سیاسی" دێت و ئەو ئامادەگییە بونیادییە، لەناو

پراکتیک و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و دونیای واقیعدا دەکاتە ئامادەگییەکی حەیاتی و جەنگ لە زەبرەوە بەرەو کردەوە، یان لە بونیادەوە بەرەو ڕوودلو پەلکێشدەکات. هەر ئەم ڕاستییەیە وامانلێدەکات بۆ قسەکردن لەسەر جەنگ نە مەنهەجیەتی بونیادگەریی بەتەنیا و نە مەنهەجیەتی فینۆمینۆلۆژی بەتەنیا بەڕاست بزانین و بەدوای ڕوانینێکی فرلوانتردا بگەڕێین لەیەککاتدا هەم هۆکارە بونیادییەکان و هەم هۆکارە ئینسانییەکان، هەم جەبری واقیع و کولتور و هەم ئیرادەی سیاسی، هەم خودی مێژوو خۆی و هەم خودی ئەو عەقڵەی لەگەڵ مێژوودا مامەڵە دەکات، هەر هەموویان بەسەر یەکەوە، لە گشتێتییەکی تایبەتدا، بە هۆکار و سەرچاوەی جەنگە بەردەوامەکانی خۆمان بزانین.

-٣-

ئەو هەڵوێستە میتۆدییەی سەرەوە بەرەو ئەوەمان دەبات سەرەتا هەوڵدەین تۆپۆگرافیای جەنگ لەناو پێکهاتەی هێزە سۆسیۆلۆژییەکان و لەناو پێکهاتەی فیکری و ڕۆشنبیری و سایکۆلۆژی مرۆڤەکاندا دەستنیشانکەین. بەمانایەکی دیکە بۆ ناسین و تێگەیشتن لە هۆکارەکانی جەنگ دەبێت هەوڵدەین ئەو شوێن و جێیە بدۆزینەوە، کە جەنگی لێوە هەڵدەقوڵێت و بەسەر جەستەی کۆمەڵایەتیدا بڵاودەبێتەوە. هەوڵدەین ئەو زەمینە پێشینەیە، ئەو ناوەندە، ئەو کایە دیاریکراوە شیبکەینەوە، کە "بوونی بەزەبر" و بوونی بوونیادیانەی جەنگی گرتۆتە خۆی. دەبێت هەوڵدەین ئەو هەڵقەیە بدۆزینەوە، کە "بوونی بەزەبر" و "بوونی بونیادییانە"، دەبەستێتەوە بە "بوونی بەکردەوە" و "بوونی ڕوودلوییانەی" جەنگەوە. هەڵقەیەک کەهێزە پەنهان و وزە نادیارەکان دەگۆڕێتە سەر وزە و هێزی

دیار و ئامانە، وێناکردنەکان دەکاتە کردەوە، ئامادەگییەکان دەگۆڕێت بە پراکتیک، هێزە سایکۆلۆژییەکان دەکاتە جووڵەی ڕەوشتی و ناکۆکییەکان دەگۆڕێتە سەر فیشەکنان بە سەردڵی یەکتریەوە. بەکورتی دەبێت هەوڵدەین ئەو سەرزەمینە بارگاویە بناسین، کە نادیارانە پراکتیکەکان ئاڕاستە دەکات و یاساکانی خۆی دەسەپێنێ و فیکر و بۆچوونەکان دەگۆڕێتە سەر جووڵە و هەڵسوکەوت و شێوازێکی تایبەتی وشیاریش بەرهەمدێنێت، کە سڵ لە بەرپاکردنی جەنگ ناکاتەوە. دەشێت لێرەدا سود لەزاراوەی "هەبیتۆس" Habitus ی کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەرەنسی بیار بۆردیۆ ببینین و لەوێوە بچینە ناو ئەو ناوەندەی هێمامان بۆکرد (١).

"هەبیتۆس" لای بۆردیۆ، ئامادەگی گشتی ئینسانە بۆ کردن، یان نەکردنی شتێک، ئەو سەرزەمینەیە، کە تیایادا ڕەوشت و کار و کردەوەکان ئاڕاستە دەکرێت. هەبیتوس ناوەندێکە وێناکردن و بۆچوونەکانی مرۆڤ دەربارەی دونیا و دیاردەکان دەگرێتەخۆی و ئەو ئامادەگییە نیشان دەدات، کە ئینسان بەهۆیەوە بڕیاردەدات کارێک بکات. بەمانایەکی دیکە هەبیتۆس ژێرخانی پراکتیک و ئامادەگییە گشتییەکانی ئینسانە بۆ ئەنجامدان، یان ئەنجامنەدانی شتێک. هەموو ئینسانێک ئامادەگییەکی تایبەتی تێدایە بۆ هەڵسان بە کارێک و جێبەجێکردنی بەو شێوەیەی بەڕاستی دەزانێت. بەباوەڕی بۆردیۆ هەبیتۆس سەرزەمین و ماڵی ئەو ئامادەگییە گشتییە. لای بۆردیۆ ئەم "ئامادەگیە گشتییە" بەرهەمهێنەری "کۆمەڵێک وێناکردنی تایبەتە" لە ئینساندا و، ئەم وێناکردنانەش "لەمەیدانە جیاجیاکانی فیکر و کارکردندا" پیادەدەکرێت و هەڵسوکەوتەکانی ئینسان بەرهەمدەهێنێت. مەبەست لە وێناکردنیش کۆی بۆچوون و دید و تێڕوانینەکانی ئینسانە دەربارەی ژیان و کۆمەڵگا و هێز و دەسەڵات و پەیوەندییەکان. بەکورتی هەبیتۆس مانای ئەو ئامادەگییە گشتیەیە لە ئینساندا، کە تێڕوانینەکان و کار و کردەوەکانی ئینسان

دەستنیشاندەکات. بۆردیۆ ئەم زاراوەیە دەداتە پاڵ چینە کۆمەڵایەتییەکان و قسە لە هەبیتۆسی تایبەتی چینەکان دەکات. بەبۆچوونی بۆردیۆ هەر هێزێکی کۆمەڵایەتی هەبیتۆسی خۆی هەیە، ئەم هەبیتۆسەش ئامادەیییە گشتییەکان و بۆچوون و وێناکردنەکانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە دەگرێتەخۆی، چ لەئاستی فیکر و ئایدیۆلۆژیادا چ لەئاستی پراکتیک و هەڵسوکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. پرسیاری سەرەکی لای بۆردیۆ ئەوەیە چۆن هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ئامادەگییە گشتییەکان و وێناکردنەکانی دەگۆڕێت بۆ پراکتیک. چۆن بۆچوونەکانی بەرهەمدەهێنێت و دواجار چۆن ئەم بۆچوونانە دەکات بە بنەمای ڕەوشت و هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی. هەبیتۆس ئەو "کۆمەڵە بنەمایانەیە، کە بەرهەمهێنی هەڵسوکەوتەکانە".

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم چەمکە با ئەو نموونەیەک بهێنینەوە، کە بۆردیۆ دەربارەی منداڵی کرێکارێک و منداڵی بۆرژوایەک دەیهێنێتەوە. بەبۆچوونی بۆردیۆ منداڵێکی سەر بەچینی کرێکار هەڵگری هەبیتۆسێکە جیاواز لە هەبیتوسی منداڵێکی سەر بە چینی بۆرژوا، ئەم جیاوازییەش دەشێت لە پەیوەندی ئەو دوو منداڵەدا بە سیستمی خوێندن و بە وێناکردنی هەریەکێکیانەوە بۆ شەهادە بە ئاشکرا ببینین. منداڵی کەسێکی کرێکار هەڵگری هەبیتوسێکە پێیدەڵێت قوتابخانە زۆر گرنگ نییە و مرۆڤ تا زووتر پیشەیەک فێربێت باشترە. لێرەدا ئەم هەبیتوسە ئامادەگییەکی گشتی دیاریکراو لەو منداڵەدا دەچێنێت و وێناکردنێکی تایبەتی بۆ قوتابخانە و بڕوانامە و هەموو سیستەمی پەروەردەیی لادروستدەکات، کە تیایاندا بڕوانامە بە سێنتەر و هۆکار و ئامرازی سەرکەوتن و پێشکەوتن لە ژیاندا نابینێت. لەکاتێکدا منداڵێکی سەر بەچینەکانی سەرەوە لەگەڵ هەبیتۆسێکی دیکەدا مامەڵە دەکات، کە قوتابخانە بەبناغە و بنچینەی سەرکەوتن لە ژیاندا دەزانێت. لێرەوە منداڵی کرێکارەکە وێناکردنێکی تایبەتی بۆ قوتابخانە و سیستمی پەروەردەیی هەیە

و جۆرێکی دیکە لە ڕەوشت و هەڵوێست و تێگەیشتن بەرامبەر بە قوتابخانە و سیستمی پەروەردەیی دەنوێنێ، بە بەراوردکردنی بە منداڵی بۆرژوازییەک. ئەوەی من لەم زاراوەیەی بۆردیۆدا لە پەیوەندیدا بە جەنگ و شەڕەکانی دونیای خۆمانەوە دەیبینم مەسەلەی ئامادەگییە گشتییەکانی ئینسانی ئێمە و ئەو شێوازە تایبەتەی هەبیتوسە، کە وێناکردنەکانی ئینسانی ئێمە بۆ هەڵسوکەوت و کار و کردەوەکان دەستنیشاندەکات. ئەو پرسیارەی دەمەوێت بیکەم ئەوەیە داخۆ جەنگ نەبۆتە بەشێک لە ئامادەگییە گشتیەکانی ئینسانی ئێمە، یان ڕاستتر بدوێم ئایا جەنگ نەبۆتە بەشێک لە هەبیتوسی سیاسی ئێمە؟

-٤-

سەرەتا پێمان لەسەر ئەوە داگرت، کە جەنگ بەتەنیا لە دەرەوەڕا نایەت و بەتەنیا لەدەرەوەڕا بەسەر جەستەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمەدا ناسەپێنرێت. ئەوەشمان وت، کە جەنگ لە ناوەوەڕا شوێن و جێی تایبەتی خۆی هەیە و تاڕادەیەکی زۆریش ئەو دونیا ناوەکییە بەرهەمیدەهێنێت. ئێستا لەپاڵ سۆسیۆلۆژیای بۆردیۆدا هەنگاوێک زیاتر دەچینەپێشەوە و دەڵێین جەنگ لە دونیای ئێمەدا بوونێکی هەبیتۆسانەی هەیە. بە هەبیتۆسکردنی جەنگ مانای ئەوەی جەنگ چیدی ڕووداوێکی لابەلا و سەرپێی و لاوەکی نییە و هەروا بەتەنیا ناکۆکییەکی سیاسی دیاریکراو نایخولقێنێ، بەڵکو لەڕاستیدا بۆتە بەشێک لە هەبیتۆسی سیاسی کوردی و لەوێشەوە کراوە بە بەشێک لە هەبیتوسی کۆمەڵایەتی ئێمە. جەنگ بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە وێناکردنی سیاسی هێزە سیاسییەکانی ئێمە بۆ یەکتری و بۆ دونیا و بۆ دەوروبەر و پەیوەندییەکان. نەک هەر ئەمە، بەڵکو جەنگ بۆتە بەشێک

لەوێناکردنمان بۆ دەسەڵات. ئەگەر بمانەوێت بە زمانێکی سادەتر بدوێین دەکرێت بڵێین جەنگ لە دونیای ئێمەدا بۆتە کولتور و سایکولۆژیا و قووڵ دابەزیوەتە ناو پێکهاتەی سیاسیمانەوە.

بە هەبیتۆسکردنی جەنگ مانای بە جەنگاوبوونی ئامادەگییە گشتیەکانی ئینسانی ئێمە، وردتر بدوێم مانای بە جەنگاوبوونی ئامادەگییە گشتییەکانی هێزە سیاسیەکانی ئێمە. کێشەکەش لەوەدایە، کە جەنگ لە دونیای ئێمەدا بەتەنها لە کایەی سیاسەتدا پیادەناکرێت، بەڵکو بە حوکمی بوونی هەبیتوسیانەی پەرێنراوەتەوە بۆ ناو کۆی کایەکانی تری ئەو کۆمەڵگایە. ئەمەش مانای ئەوەی جەنگ لە جەنگی حیزبەوە گواستراوەتەوە بۆ جەنگی کۆمەڵگا و لە کۆمەڵگاشەوە بۆ جەنگی تاکەکەسەکان لەگەڵیەکتردا، دواتریش لە رێگای جوولەیەکی پێچەوانەوە جارێکی تر لە تاکە کەسەکانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا و لەناو کۆمەڵگاشەوە بۆناو حیزب. ئەم بارنە داخراوە ئەو کارەساتە نوێیەیە، کە کۆمەڵگای ئێمە لە دوای راپەرینەوە و لەژێر کاریگەریی کاری وێرانکارانەی حیزبە کوردییەکاندا کەوتۆتە ناوی و ئێستا لە هەموو کات زیاتر ئاسۆی گۆڕین و تێپەڕاندن و چارەسەرکردنی ون و نابینا و نائامادەیە.

ساکارتر بدوێین دەکرێت بڵێین شەڕ لە دونیای ئێمەدا لە شەڕ لەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە گۆڕاوە بۆ شەڕ لەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە، لە مۆنۆپۆڵکردنی یەکلایەنەی پەیوەندییەکانی نێوان دەزگاکانی حیزب و دەزگاکانی کۆمەڵگاوە، پەڕیوەتەوە بۆ داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی حیزب بۆ کۆمەڵگا. هەر ئەم بەرفراوانبوونەی سەرزەمینی شەڕە وایکردووە شەڕ بوونێکی هەبیتۆسانە وەرگرێت و لە سیاسەتەوە دابەزێتە ناو ژیان خۆی، لە ڕەهەندی سیاسی کەسایەتی مرۆڤی ئێمەوە بگواسترێتەوە بۆ ڕەهەندە سایکولۆژی و کولتورییەکان. لە "جیاوازی" نێوان دوو دیدی سیاسییەوە، بکرێت بە جیاوازی نێوان دوو مرۆڤ، دوو کولتور، دوو

دیالێکتی زمان و دوو کوردستان لەیەکدی. ئەم پرۆسەی گۆڕانەش پرۆسەیەکە لەئاستێکی غەیبانی سەد دەر سەددا ڕوودەدات و هەڵگری هیچ ڕەهەند و مەودایەکی مەعریفی و فیکریی ساکاریش نییە، بە جنێو دەستپێدەکات و بەجنێو کۆتایی دێت. بەبۆچوونی من ئەم دۆخە لەزۆر ڕووەوە وابەستەی جێگۆڕکێیەکی کۆمەڵایەتی نوێیە لە دونیای ئێمەدا، کە بەبێ جەنگ و خولقاندنی پشێوی و نائارامی ناتوانێت دروستببێت، جێگۆڕکێیەک تیایدا دەسەڵاتی سیاسی دەخوازێت پایەی ئابووری بۆخۆی دروستبکات و "سیاسیەکانی شاخ" تیایادا دەخوازن ببنە "سەرمایەدارانی شار".

بەکورتی، لەڕاپەڕین بەدواوە، جەنگ لە دونیای ئێمەدا چیدی بەتەنها هەڵگری خەسڵەتێکی سیاسی نییە، بەڵکو بۆتە خەسڵەتێک لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمە و قووڵ بەناو هەناوی ئەم کۆمەڵگایەدا ڕۆچووە و بنەما سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤی ئێمەی ڕەنگڕێژکردووە. ڕەنگە ئەم پرۆسەیە، مەبەستم پرۆسەی پەڕاندنەوەی جەنگە لە کایەی سیاسەتەوە بۆ ناو هەناوی کۆمەڵگا و لە ڕووداوێکی دەرەکییەوە بۆ ناو هەبیتۆس، پرۆسەیەک نەبووبێت حیزبە کوردییەکان بەئەنقەست و هۆشیارانە کاریان بۆکردبێت. دەشێت ئەم مەسەلەیە دەرەنجامی ململانێیەکی نابەرپرسیارانە و مەترسییەکی دەرکپێنەکراو و زنجیرەیەکی بەردەوامی کاری هەڵە و کوشندەبێت، کە حیزبە کوردییەکان نائاگایانە و بەدەر لە ویستێکی وشیار و بەدەر لە چاوەڕوانکردنی دەرەنجامە کوشندەکانی ئەنجامیاندابێت. لەهەموو دۆخێکدا بەهەبیتۆسکردنی جەنگ دەرەنجامی پراکتیزەکردنی سیاسەتێکی کوێرانەیە، کە گومان و ڕق و قازانجی وەختی و بەرتەسک و نابینایییەکی سیاسی گەورە لەپشتی دارشتنی هێڵە گشتیەکانییەوەیە.

-٥-

کاری ناعەقڵانییانەی "عەقڵیەتی سیاسی" لە غیابی مەعریفە و توێژینەوە و تێگەیشتنی زانستییانەدا، لەغیابی هەستکردنێکی ئەخلاقیدا بەرامبەر بە لانیکەمی ئەو قوربانییانەی بە درێژایی مێژووی ئێمە پێشکەشکراون، جۆرێکی تایبەت لە سیاسەت دروستدەکات، لەباتی چارەسەرکردنی کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و لەباتی ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە کاریگەرە کوشندەکانیان، خۆی دەبێتە ڕێگرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەبەردەم چارەسەری ئەو کێشانەدا. لە دونیای ئێمەدا سیاسەت نایەت بۆئەوەی کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەربکات، بەپێچەوانەوە سیاسەت خۆی دەبێتە قەیدێکی گەورە بەسەر گەشە و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگا و چارەسەرکردنی کێشەکانیەوە. سیاسەت لە دونیای ئێمەدا لەدەرگاکانی مێژوو و ئایندە نادات و ئەگەرەکانیان گەورەناکات، بەپێچەوانەوە سیاسەت دێت بۆ ئەوەی مێژوو دابخات و ئاییندە لە "ئێستادا" گیربخوات. بێگومان لە "ئێستایەکدا"، کە بوونیادی دەسەڵاتی باو تیایدا سەروەر دەمێنێتەوە و ڕێ لەهەر گۆڕانێکی ڕاستەقینە دەگرێت. بەم شێوەیە "کایەی سیاسی" بە گۆڕانی لە کایەی چارەسەری کێشەکانەوە، بۆ "کایەی خولقاندنی کێشەی نوێ" و کایەیەی "قوڵترکردنەوەی کێشە کۆنەکان"، هەموو ئەو مانایانە لەدەست دەدات، کە سیاسەت بە هونەری بنیاتنانی ئاییندە و زانستی ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگا و کردنەوەی ئەگەرە داخراوەکان، یەکساندەکات.

"کایەی سیاسی" ناعەقڵانی، نەک تەنیا خودی سیاسییەکان ناعەقڵانی دەکات، بەڵکو زۆربەی خانە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی دیکەش بە ڤایرۆسەکانی خۆی نەخۆشدەخات. ئەو کۆمەڵگایەی سیاسەت لەناویدا کوێرانە کاریکات، زەحمەتە یەکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی توانای چاوکردنەوەیان هەبێت و دونیا لە هەقیقەتی

خۆیدا ببینن،، کە سیاسەت کوێر بوو مانای ئەوەی کۆمەڵگا چیدی نەدەتوانێت خۆی، نە دونیای دەرەوەی خۆی، نە دۆست و نە دوژمنەکانی بناسێت، کە ئەمەشی نەکرد ئیدی بەجارێک هەموومان بۆ سەرخوانی خودکوژییەکی دەستەجەمعی داوەت دەکات. کۆمەڵگای ئێمە لە نەوەدەکاندا بەردەوام کۆمەڵگایەکی داوەتکراوبووە بۆسەر ئەو خوانە تۆقێنەرە، ئەوەشی داوەتیکردووین بە پلەی یەکەم سیاسیەکانی کورد خۆیان بوون، نەک دوژمنە دەرەکییەکان.

لە کۆمەڵگایەکی لە بابەتی کۆمەڵگای ئێمەدا ئیفلیجبوونی سیاسەت مانای ئیفلیجبوونی خودی کۆمەڵگا و بەفیڕۆچوونی ئەو وزەی گۆڕان و پێشکەوتنەی کۆمەڵگا لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە. لەم دۆخەدا داخستنی دەرگاکانی عەقڵانییەت لەبەردەم سیاسەتدا، مانای داخستنی ئەگەرەکانی ئایندەیە لەبەردەم کۆمەڵگادا. ئەگەر سیاسەت سەرەتا و کۆتایی ئەو وزە کۆمەڵایەتییە بێت، کە دەیەوێت لە دونیای ئێمەدا فۆرم بەکۆمەڵگا و بەمێژوو بدات، لەبەر غیاب، یان کوشتن و مۆنۆپۆلیزەکردنی تواناکانی دیکە و تواندنەوەیان لەناو سیاسەتدا، ئەوا ئەوکات قەیرانی سیاسەت مانای قەیرانی هەموو توانا و وزە کۆمەڵایەتییەکانی تریش. بەمانایەکی دیکە، چونکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتی باڵادەستە و دەخوازێت بەتەنها و لە غیابی دەسەڵاتەکانی دیکەدا دەستنیشانی ئەوەبکات مێژووی ئێمە چ ئاراستە و شێواز و ناوەڕۆکێک وەربگرێت، بۆیە قەیرانی ئەم سیاسەتە ڕاستەوخۆ دەبێتە قەیرانی سەرتاسەری کۆمەڵگا و کارەساتەکانی سیاسەت دەبێتە کارەساتی مێژوویی گەورە و هەڵەکانیشی دەبێتە هەڵەی کوشندەی ئەوتۆ، کە کاریگەری بۆ سەر زیاد لە هێزێکی کۆمەڵایەتی و زیاد لەنەوەیەک و زیاد لە ڕۆژگارێک دەبێت.

ئەگەر بمانەوێ وەسفێکی گشتی "کایەی سیاسی" لە کوردستاندا بکەین، بەو پێیەی ئەم کایەیە مێژووی کورد لەناویدا دەبزوێت و سەری بە دیوارەکانی ڕابردوو

و ئێستا و ئاییندەیدا دەکێشرێت، بەوپێیەی لەناو ئەم کایەیەدا بڕیارەکان دەردەچن و وێناکردنەکان بەرهەمدەهێنرێن و مێژووی ئێمە ئەزموونددەکرێت. ئەوا ئەوکات ئەم وێنەیەمان لادروست دەبێت (٢): کایەی سیاسی کوردی لە ئێستادا کایەیەکە بارگاوییە بە ڕۆحیەتێکی دوژمنکارانەی وا، کە بچووکترین ناکۆکی تیایدا قابیلە بۆ ئەوەی زۆر بەتوندی بتەقێتەوە و پەرەبستێنێ بۆ جەنگێکی گەورە و گشتگیر. دوو ڕای جیاواز لەسەر مەسەلەیەکی تایبەت، قابیلە بگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان دوو حیزب و دواتر بۆ شەڕی نێوان ئەو لایەنگر و هەوادار و بنکە کۆمەڵایەتیاینەی ئەو دوو حیزبە لە هەناوی کۆمەڵگای کوردیدا دروستیانکردووە. لەپاڵ ئەمەدا کایەی سیاسیی کوردی کایەیەکە بێ مەعریفە، بێ زانست، بێ کادیری لێزان، بێ دیپلوماتی شارەزا. هەموو مێژووی سیاسی کوردی تائێستا یەک دیپلۆماتی پلە سێ و پلە چواریشی بەرهەمنەهێناوە ـ کایەیەکە بێ لێکۆڵینەوەی زانستی و بێ ناسین بێ هیچ تێز و تیۆرەیەک، کاردەکات. ئەم کایەیە لە ڕووی ڕادەی گەشەکردنی فیکری سیاسییەوە تا ئێستاش لە دوای پرنسیپە سەرەتاییەکانی میکیاڤیلیەت و سەرەتاکانی لەدایکبوونی سیاسەت، وەک زانستەوەیە.

کایەی سیاسەت لە کوردستاندا کایەیەکە بارگاویە ڕەمزەکانی جەنگ، بەتوندوتیژی ئاشکرلو ڕەمزی، بە دابەشبوون، بە ناکۆکی و ململانێی خێڵەکییانە، بە نەرجسیەتێکی ترسناکی دەسەڵات و دەسکەوتی کاتی. بە کورتی ئەم کایەیە بارگاوییە بەهەموو ئەو ڕەمز و قازانج و دیدانەی، کە دەکەونە بەر لە دروستبوونی نەتەوەوە وەک بکەرێکی سیاسی دەستەجەمعی. ئەم کایەیە پڕکراوە لە ڕەمزەکانی خێڵ، ناوچە، جیاوازی ڕەنگ، جیاوازی دیالێکتەکانی زمان، جیاوازی هاوپەیمانێتی و هەموو ئەو پێکهاتانەی دیکە، کە ڕێ بە لەدایکبوونی سیاسیانەی نەتەوە دەگرن و کۆمەڵگای ئێمە بەوە مەحکوم دەکەن نەتوانێت لە قۆناغی "بەر لەنەتەوەوە" بۆ قۆناغی "بوون بە نەتەوە" گەشەبکات. ئەم کایەیە بەردەوام ڕێگری سیاسی،

کولتوری، ئابووری و ڕەمزی لەبەردەم دروستبوون و بەرجەستەبوونی نەتەوە نەک تەنها بە مانا سیاسییەکەی، بەڵکو بەمان کولتورییەکەشی، دروستدەکات. ئەم کایەیە کۆمەڵگای ئێمە لەسەر مۆدێلی خێڵ، ناوچە، یان هەر پێکهاتێکی دیکەی "بەر لەنەتەوە" بەرهەمدەهێنێتەوە. کایەی سیاسی لە دونیای ئێمەدا هەنجن هەنجنە بە هەڵەکانی ڕابردوو، بە هەڵەکانی ئێستا، بە دەستێوەردانی شێوێنەرانەی داگیرکەران، بە پەیوەندی نهێنی و ژێرپەردەی حیزبەکان، بە کڕینی خەڵک، بە پاڵەوانکردنی خائینەکان، بە دروستکردنی ڕەمز و قارەمانی وەهمی، بە بەخشین و بڵاوکردنەوەی لێکدانەوەی هەڵە، بە درۆکردن لەگەڵ خود و لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ دونیادا. ئەڵبەتە ئەم کایە سیاسییە، کە لەم کاتەدا و بەم ناوەرۆک و ڕەگەزانەوە لەئارادایە و خۆی بەسەر ژیانی سیاسی کوردیدا سەپاندووە، کایەیەک نییە هەروا لەپڕێکدا و ناکاوانە لەدایکبوبێت. بەپێچەوانەوە ئەم کایەیە مێژوویەکی درێژی هەیە، مێژوویەکی درێژی پڕناکۆکی سیاسی چارەسەرنەکراو و کەڵەکراو بەسەریەکدا، مێژووی درێژی بێبەرنامەیی و هەڕەمەیی لە کاری سیاسیدا، مێژوویەکی درێژی پەیوەندیی دوژمنکارانە و خوێناوی، مێژوویەکی درێژی تێگەیشتنی هەڵە لە واقیعی کوردی و لە هێزە سۆسیۆلۆژی و بونیادە فانتازی و ڕەمزییەکانی مرۆڤی ئێمە، مێژوویەکی درێژی تێگەیشتنی هەڵە لە دەلوەسی قەسابەکانمان، لە هێزە ناوچەییەکان، لە دونیا و ئاڕاستە جیهانییەکانی سیاسەت، مێژوویەکی درێژی تەماحی تاکەکەسی و نەرجسیەتی سەرکردەکان.

بەکورتی کایەی سیاسیی لە کوردستاندا، بەو پێکهاتەیەی لە سەرەوە هێڵە گشتیەکانیمان دەستنیشانکرد، کایەیەکە تا سەر ئێسقان نەخۆش، تاسەر ئێسقان ئیفلیج، تاسەر ئێسقان عەبەس، کایەیەکە بۆتە کارخانەی بەرهەمهێنانی بێهیوایی و بێهودەیی، کارخانەی بەرهەمهێنانی سیاسیی ئیفلیج و سەرکردەی نەخۆش و لەوێشەوە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی نەخۆش، کۆمەڵگایەک ئیفلیج و بێ هیوا،

کۆمەڵگایەکی گیرخواردوو بە دەست کێشە چارەسەرنەکراوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و بێگومان سبەینێشەوە. ئەم کایەیە نەک فەزای ڕزگاری و ئازادی نییە، بەڵکو فەزای قەبرلنندنی ئازادی و تیرۆرکردنی ڕزگارییە. ئەم کایەیە لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە کایەیەکی دابەشبووە، بەشێوەیەکی ئاشکرلو بەرچاو، بەسەر دوو بزاوتـی سیاسیی سـەرەکی و یەکدی ڕەتـکەرەوەدا، لەپاڵیانـدا کـۆمەڵێ گـروپ و نـاو و کەسـایەتی پەراوێزی و لاوەکیش دروستبوون، کە لە هـیچ کـاتێکی مێـژووی سیاسـیی ئـێمەدا نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی ڕاستەقینەیان لەسەر واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە هەبـێ. کارەسـاتی سـەرەکیش لەوەدابـووە ئەم دوالیـزمە بەردەوام بارگـاوییبووە بەململانێـی دەسـەڵات، بەنـاکۆکی تونـدوتیژ، تیایـدا بەردەوام ئەگەری جەنـگ و پێکدادان، بە درێژایی ئەو مێژووە، ئەگەرێکی کراوە و زیندووبووە و هەمیشە جەنگ لەنێوان ئەو دوو هێزەدا، لەئاشتی ڕاستەقینەتر و واقیعیتربووە.

-٦-

بەبـڕوای مـن خـۆراکی سـەرەکی بەردەوامـی ئەو دوالیـزمە سیاسـییە و بەرهەمهێنـانەوەی بەردەوامـی بەو فـۆرم و نـاوەڕۆکەی سـەرەوە، لە سـەرێک لە سەرەکانەوە، وابەستەی ئەو دوالیزمە ئەنترۆپۆلۆژییە زیهنییەیە، کە زەینی ئایینی لە دونیای ئێمەدا هەڵگریەتـی. مەبەسـت لەمەش ئەو دوالیـزمە ئـایینییەیە، کە دونیـا دوولایەنانە بۆ لایەنێـک خێـر و لایەنێـک شـەڕ، لایەنێـک بـاش و لایەنێـک خـراپ، لایەنێک بەموتڵەقی لەسەر هەق و لایەنێک بەمـوتڵەقی نـاهەق، دابەشـدەکات. ئەم شێوە ئایینییەی دابەشکردنی دونیا، کۆنترین شێوەی دابەشکردن و سـەرەتاییترین و ساکارترین هەوڵی پۆلێنکردنی دونیایە، لە ڕاستیشدا پۆلینێکی ناڕاست و دوور لە

ئاڵۆزییەکانی دونیا و واقیع و مێژووە.

پـۆلێنکردی ئایینیـانەی دونیـا پـۆلێنێکی جەبـری و تاکڕەهەنـدە. ڕاسـتە هەمـوو پرۆسەی پۆلێنکردنێک هەڵگری جۆرێک لە جەبر و ناچارییە، بەڵام ئەوەی پـۆلێنی ئـــایینی لە پۆلێنەکـــانی تـــر جیادەکـــاتەوە ســـنورداربوونیەتی. مەبەســـت لە سنووردداربوون ئەوەیە لە پـۆلێنی ئایینیـدا جـگە لەیەک هەقیقەت، یەک سـێنتەر، یەک ئاڕاستە، شتێکی دیکە لەئارادا نییە و هەموو لادانێک لەو هەقیقەت و سێنتەر و ئاڕاستەیەش، وەک کەوتنە ناو وەهم و هەڵە و گوناهبـاری وێنادەکرێت. پـۆلێنی ئایینی دونیا پۆلێنێکی ئەخلاقیی، دوولایەنەی باش بەرامبـەر خـراپ، لە جەوهەردا هەوڵدانێکی ئەخلاقـیە بـۆ ئۆرگـانیزەکردنی کۆمەڵگا و پەیوەنـدییە کـۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی ناو کۆمەڵگا. ئاشکرایە بەخشینی ئەم بـارگە ئەخلاقیـیە بە پـۆلێنە ئایینیەکان، هەوڵدانێکی سەرەتاییە بۆئەوەی کۆمەڵگا لە دەرەوەی دەزگا و لەڕێـی نۆرم و بەها ئەخلاقییەکانەوە بەڕێوەببرێت و کۆنترۆڵبکرێت. هەرچـی سیاسـەتە، هـیچ نەبێـت لە سـەردەمی ماکیـاڤیلیەوە، بەوەی شـێوە ئـایینییەکەی ئەخلاقـی تەلاقداوە، کەوتۆتە ناو کایە و ناوەنـدێکەوە جیـاواز لە کـایە و ناوەنـدی ئـایین. لە سەرزەمینی سیاسەتدا ئەو دابەشکردنە ئایینیە دوالیزمیە لاوازبووە و دونیا لەبـاتی یەکڕەهەندی هەبێت، بۆتە هەڵگری چەندان ڕەهەند، سیاسەت بەپێچەوانەی دینەوە لەباتی ئەوەی مۆنۆلـۆژێکی نـاوەکی داخراوبێـت، بـۆتە دیـالۆگی هێـزە جیاجیاکـان لەگەڵ یەکتیـدا. لە ڕاسـتیدا هـاتنی سیاسـەت، بەتـایبەتی بە مانـا نەتەوەیـی و دیموکراسییەکەی، بەبێ گۆڕینی ڕۆڵی ئایین و ئاڕادەیەکیش بەبێ چـوونە شـوێنی ئایین، کارێکی مەحاڵە.

سادەترین و بەڵگەنەویسترین دابەشکردنی سیاسی لە دونیـای ئـێمەدا دابەشـکردنە بۆ نیشتمانپەروەر/خائین، ئەم دابەشکردنەش دابەشکردنێکە هەر گروپ و هێزێکـی سیاسی، بەپێی ئایدیۆلۆژیا تایبەتەکانی خۆیان، لە دونیای ئێمەدا پیـادەیکردووە و

هێـزە کۆمەڵایەتییەکانیـان لەو ڕێگـایەوە خـانەڕێژی کـردووە. ئەم دابەشـکردنە سەرەکییە بەئامـادەبوونی ئایـدۆلۆژیا سیاسـییەکان لە دونیـای ئـێمەدا بـۆتە هـۆی ئەوەی زۆر هێز و ئایدیۆلۆژیا بە خائین و ناپاک ناوببرێن و زۆر هێز و ئایدیۆلۆژیای دیکەش، ئافەرین بکرێن. بەبۆچـوونی مـن زۆرجـار ئەم دابەشـکردنە دوالیـزمییە لە جەوهەردا سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دوالیزمە ئایینییەکان بووە لەناو سیاسـەتدا. بەکـورتی بەرهەمهێنـانەوەی دوالیـزمە ئایینییەکـان لەنـاو سیاسـەتدا و بەخشـینی لۆژیکی ئایین بە لۆژیکی سیاسەت شایەتی لە لەدایکبوونێکی نالەباری سیاسەت لە دونیـای ئـێمەدا ئەدەن، لەدایکبوونێـک دواجـار جەنـگ و ڕەتکـردنەوەی مـوتڵەقی ئەویتری بەتاقە ئامرازی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان زانیوە و لەدەلاقەی لۆژیکی ئایین و گریمانەی ئـایین و پـۆلینکردنە ئایینییەکـانەوە تەماشـای سیاسـەت و کۆمەڵگـا و مێـژووی کـردووە. وەک ئاشـکرایە کـایەیەکی سیاسی لەم بابەتەش هەر لە بنەڕەتەوە هەڵگری هیچ بونیـادێکی دیالۆگی نیـیە و پرۆسەی "خۆ بە موتڵەقکردن" تیایـدا پرۆسـەی هەرە باڵادەسـت و هەرە بەهێـزە. ئەمەش وایکردووە هەر لە سەرەتاوە نەکرێت گوێمان لە زیـاد لە نەغـمەیەک بێـت، ئەگەرچـی سیاسـەت بە پـلەی یەکەم مانـای گـوێگرتنە لە هەمـوو نەغمەکـان و خولقاندنی هەلومەرجێکیی گونجاو بۆ بیستنی هەموو نەغمەکان.

-٧-

ئێمە وتمان جەنگ لەناوەندی سیاسی ئێمەدا بوونێکی هەبیتۆسییانەی هەیە و ئەو بوونەش ناچارماندەکات بکەوینە نـاو ئەو وێناکردنـانەی مرۆڤـی ئـێمە بـۆ دونیـا و دەوروبەر و دۆسـت و دوژمـن و سیاسـەت و مێـژوو و کۆمەڵگـا، هەیەتـی. وەک

هەنگاوی یەکەمیش ئەوەمان وت، کە زەینیەتی ئایینی زەینییەتی باڵادەست و دەستبەکارە لە دونیای سیاسی ئێمەدا و سیاسەت لەو نیگا ئایینییەوە بەشێکی زۆری وەڵامەکانی بۆ دونیا و مێژوو و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە بەرهەمدەهێنێت. خاڵی سەرەکی لەو بۆچوونانەی سەرەوەدا ئەوەیە، کە وێناکردنە سیاسییەکانی دونیای ئێمە لە جەوهەردا وێناکردنێکی ئایینین. پرۆسەی بەرهەمهێنانی وێنەکان، پرۆسەی ناونانی دیاردەکان، مەبەستم وێنە و ناونانە سیاسییەکانە، بە هەمان لۆژیکی بەرهەمهێنانی وێنە و ناونانی ئایینی کاردەکەن. بۆ فیکری ئایینی ناسینی دونیا گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئاسمان بناسین. لەفیکری ئایینیدا ناسینی دونیا دەبێ بەپلەی یەکەم بە مەبەستی ناسینی ئاسمان بێ، خودی دونیا خۆی ئاماژەیەکە بۆ ئاسمان و هیچیدی. لێرەوە کاتێک سیاسەت ئەم وێناکردن و میکانیزمە ئایینییانە قبوڵدەکات و دەیانکاتە بنەمای کارکردنی خۆی لەسەر دونیا و مێژوو و ناسینی واقیع و کێشەکانی، ئەوکات جگە لە نائومێدییەکی سیاسی و مەعریفی بەهیچ دەرەنجامێکی دیکە ناگەین. کاری سیاسەت ئەوەیە دونیا شیبکاتەوە، زۆرجاریش دژ شیکردنەوەکانی ئاسمان، سیاسەت دێت تا جۆرێک لە پراگماتیزم پیادەبکات، بچێتە ناو ململانێکانی سەر زەوییەوە، نووقمبێت لەناو کێشە و دەرەنجامە ساتەوەختییەکاندا، لەناو سیاقەکاندا مەلەبکات، گوێ لە دڵی زەمەن بگرێت، دەستبخاتە سەر نەبزی مێژوو، بە کورتی سیاسەت دەبێت کۆمەڵێ کار جێبەجێبکات، کە ئایین و لۆژیکی ئایینیی کەمنرخ، یان بێبایەخیان، دەکات.

بەبۆچوونی من، یەکێ لە گرنگترین دەرەنجامەکانی کاریگەری عەقڵیەتی دینی لەسەر سیاسەت لە دونیای ئێمەدا مانەوەی ئەو دوالیزمەیە، کە ژیانی سیاسی کوردیی شاقوڵییانە دابەشکردووە بەسەر دوو هێزدا و بۆتە هۆکاری ئەوەی تائێستاش لە دونیای سیاسی ئێمەدا "ئیجماعێکیی سیاسی" دروستنەبێت. ئەگەر

لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئایین توانیبێتی "ئیجماعێکی فەرهەنگی"، یان هیچ نەبێ ئیجماعێکی بەهێزتری لەئیجماعی سیاسی خوڵقاندبێت و میری میرنشینێک، یان شێخێ لە شێخەکانی تەریقەت، لەسەر بنەمای ئەو ئیجماعە ئایینییە ڕێژەییە توانیبێتی ژمارەیەکی بەرچاوی خێڵە جیاجیاکان و کەسانی سادەی ناو گوند و شارە کوردییەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە و حوکمیانبکات، ئەوا کێشەی سەرەکی لەم سەدەیەدا ئەوەیە ئیجماعی سیاسی نەیتوانیوە بچێتە شوێنی ئەو ئیجماعە ئایینیە و حیزبە کوردییەکان نەیانتوانیوە ئەو پرۆسەیە جێبەجێبکەن، کە میرنشینە کوردییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، کەم تازۆر جێبەجێیاندەکرد.

ئایین بەوەی وێناکردنێکی گشتیتر بۆ ڕەمزە سەرەکییەکانی دەخولقێنێت، مەبەستم وێناکردنەکانی (خودا، بەهەشت، جەهەنم، فریشتە، شەیتان)ە، هەروەها ڕەهەندێکی ئەبەدی و ئەزەلیش بەو وێناکردنانە دەبەخشێت، بۆیە ئاسانترە کەسانێکی زۆر لە ژێر چەتری ئەو وێناکردنانەدا کۆبکاتەوە و وایان لێبکات خۆیان وەک هاوڕەگەز و هاوچارەنووس و هاودین ببینن. ئەمە جگەلەوەی فیکرەی مردن و لێپرسینەوە، هەمیشە دەیانخاتە بەردەم مەسەلەی "لەیەکبوردن" و "گەردن ئازادییەوە" و وایالێدەکات کێشە ناوەکییەکانیان لەگەڵیەکیدا لەیادبکەن. هەرچی سیاسەتە بۆی نەکراوە لەم ڕووەوە ئەم پرۆسانە جێبەجێبکات و ئەو وێناکردنانەی سیاسەت بەرهەمیهێناون لە گشتێتی خۆیاندا نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی گشتێتی وێناکردنە ئایینیەکان و هەمان هێزی وێناکردنە ئایینیەکانیان هەبێت. بۆ نموونە هەرگیز مەسەلەی بوونی "یەک کوردستانی گەورە"، وەک ناوەندیترین ڕەمزی سیاسیی و نەتەوەیی ئێمە، نەیتوانیوە بچێتە شوێنی بوونی یەک خواوەند، یان هیچ نەبێت هەمان هێز و مۆتیڤی ویژدانی هەبێت. هەرگیز وێناکردنەکانی "بەهەشتی ئەو دونیا" شوێنی خۆی لە خەیاڵ و ویژدانی مرۆڤی ئێمەدا نەداوە بە "بەهەشتی وڵات"، هەرگیز حیزب نەچۆتە شوێنی فریشتەکان. لێرەدا سیاسەت لە

ئاستی ویژدانی و سایکۆلۆژی و ڕەمزی و فانتازیدا نەیتوانیوە هاویەشێکی کۆمەڵایەتی، ویژدانی، سایکۆلۆژی بەرفراوان بەرهەمبهێنێت و هەمیشە بەدەست ئەو کەموکوڕییە کوشندەیەوە ناڵاندوویەتی. هەر ئەمەش قەیرانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئاستە ویژدانی و ڕۆحییەکەیدا نیشاندەدات و هێما بۆ بۆشاییەکی ڕۆحی نەتەوەیی دەکات، کە تائەم ساتەی ئێستاشمان بەتاڵە و بەهیچ بارگەیەکی ویژدانی پڕنەکراوەتەوە.

-۸-

حیزب پێشنیاری نوخبەی نوێی کوردییە بۆ مێژووی هاوچەرخی کوردی و دەستپێشخەری ئەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کێشە سیاسییانەی کۆمەڵگای ئێمە لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا ڕووبەڕوویان بوویۆوە. حیزب دەزگای هەرەسەرەکی سیاسی کوردییە، کە دەربڕی ئیرادەی نوخبەی نوێیە بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرێکی سیاسییانەی مەسەلەی کورددا. لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەر لە ئامادەبوونی حیزب دوو دەزگای کۆمەڵایەتی دیکە لە ئارادابوون و ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە ڕێکخستنی هەوڵ و چالاکییەکانی مرۆڤی کورد و بەرنامەڕێژیی پرۆژەکانیدا. سیفەتی سەرەکی ئەو دوو دەزگایە ئەوەیە دوو دەزگای خۆڕسکن و زیاتر دەربڕ و هێمای کاری خۆڕسکانەی مرۆڤی ئێمەن لەسەر مێژوو. مەبەستم لەو دوو دەزگایەش مزگەوت و خێڵە. مزگەوت و خێڵ، دوو دەزگای کۆمەڵایەتین، کە مرۆڤی ئێمە بەردەوام خۆی لەناویاندا دۆزیوەتەوە و بەپێی بەها و یاسا و داواکارییەکانیان ڕەوشت و هەڵوێستی نواندووە و لەوێدا ژیاوە و فێربووە و گەورەبووە، هاوکات هەر لەوێشدا مردووە. ئەم دوو دەزگایەش یەک ئەویدی

تەولوکردووە. مزگەوت لەئاستی ئایدیۆلۆژی و فانتازیادا، خێڵی بەرهەمهێناوەتەوە و خێڵـیش لەلایەن خـۆیەوە، بنەمـا مادییەکـانی بەردەوامبـوونی مزگەوتـی فەراهەمکردووە. هەردووکیشیان بەسەریەکەوە دوو سنوری ئەستوور و پۆڵایین بـوون، کە کۆمەڵگـای کشـتوکاڵی کوردیـان پەرژینرێژکـردووە و نەیانهێشـتووە سنوورەکانی فراوانببێتەوە.

پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا چ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان حیزب و خێڵدا هەیە؟ بەتایبەتی حیزب وەک دەزگایەک، کە ئیرادەی نوخبەی نوێی لەپشتەوەیە و خێڵیش وەک دەزگایەکی سروشتی، کە هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمەی ئۆرگانیزە و ڕێکخستوە؟ بەچ شێوەیەک ئەم دوو دەزگایە کاریان لەیەکدی کردووە؟ ئایا حیزب توانیـویەتی خێڵ ڕاکێشـێتە نـاو "کـایەی سیاسـی" ەوە و یاساکانی ئەو کـایەی بەسەردا بسەپێنێت، یاخود بەپێچەوانەوە خێڵ حیزبی ناچارکردووە لەناو پێکهاتەی سروشتی ئەودا و لەناو دونیای سنووردار و ئینتیما بچووکەکانی ئەودا، گیربخوات؟ بەمانایەکی دیکە ئەگەر حیزب سیمبۆڵی وشیاری سیاسی تازە بێت و خێڵیش سیمبۆڵی واقیعێکی کۆمەڵایەتی پێشوەخت پێدراو، ئایا چ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان ئەو دوولایەنەدا هەبووە؟ پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە با سەرەتا لەو ڕاستییەوە دەستپێبکەین، کە دونیـای کۆمەڵایەتی ئێمە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەڵگری دوو نوخبەی کۆمەڵایەتییە، "نوخبەی نوێ" و "نوخبەی تەقلیدی". پرۆسەی خۆ تازەکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ڕۆژگاری "تەنزیماتەوە" هۆکاری لەدایکبوونێکی هێمن و لەسەرخۆ، بەڵام بەردەوامی نوخبەی نوێ بووە، لەهەمانکاتیشدا "تەنزیمات" خۆشی نوخبەی تەقلیدی لەکوردستاندا بەهێز و بەهێزتر کردووە لە ڕێگای دانانی یاسای خاوەندارێتی زەوی و دابەشکردنی بەشـێکی زۆری زەوی و زاری کوردسـتان بەسـەر شـێخ و پیـاوە ئـایینیە دەسەڵاتدارەکاندا.

ئێمە گوتمان حیزب هەڵگری ئیرادەی نوخبەی نوێ و پڕۆژەکانی ئەم نوخبەیەیە، هەروەها ئەوەشمان وت، کە دونیای ئێمە دوو جۆر نوخبەی بەخۆیەوە دیوە، ئێستا دەکرێ وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لە دونیای ئێمەدا بەپێی نوخبەکان بۆ دوو جۆر وشیاری دابەشکەین: "وشیاری تەقلیدی" و "وشیاری نوێ". مەبەستم لە وشیاری تەقلیدی کۆی ڕەوش و فانتازیاکانی ئایین و سیمبۆلە تەقلیدییەکانی ناو واقیعی کوردییە، ئەو سیمبۆلانەی، کە هاڵاوی ئایینیان لێهەڵدەستێ و هەر لەسەر زەمینی ئایینیشەوە هاتونەتە ناو مێژووی ئێمەوە. ئەم وشیاریە ئایینییە لەسەرێکەوە وابەستەی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەیە، کە بە خێڵمان ناونووس کرد، بەڵام لەهەمانکاتدا وابەستەی ئەو چوارچێوە سیاسیە گەورەیەشە، کە لە فۆرمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لەئارادابووە. بەمانایەکی دیکە وشیاری تەقلیدی ئێمە لەسەرێکەوە وابەستەی خێڵ و کۆنفیدراسیۆنەکانی خێڵە، لەسەرێکی دیکەشەوە وابەستەی ئەو پەیوەندییەیە، کە خێڵ و کۆنفیدراسیۆنی خێڵە کوردییەکانی بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، وەک ئیمپراتۆریەتێکی ئایینی، گرێداوە. نوخبەی تەقلیدی بەهۆی ئەو وشیاریە تەقلیدییەوە، کە ئایین هێڵە گشتیەکانی دەنەخشێنێت، ڕاستەوخۆ شانی داوەتە سەر ئەو سەرمایە ڕەمزییەی ئایین بۆی فەراهەمکردووە، ئەم سەرمایەیەش پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەو دونیا ڕۆحی و ڕەهەندە ئایینیەوە، کە بەشێکی گەورەی کەسایەتی مرۆڤی کوردی داگیرکردووە و ماناکانی بوون، ژیان، مێژوو، دونیا و مەبەستەکانی دیکەشی بۆ پێناسە و دەستنیشانکردووە.

ئەم سەرمایە ڕەمزییە ئەو هێز و دەسەڵاتەی بەخشیوە بە نوخبەی تەقلیدی، کە بتوانن واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە کۆنترۆڵبکەن و شوێنی خۆیان لە لوتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتیدا دەستنیشانبکەن. بێگومان ئەم شوێنە کۆمەڵایەتییە توانای ئەم نوخبەیەی هێجگار بەهێز کردووە و خاوەنەکانی هەم وەک "سەرکردەی

ڕۆحی" و هەم وەک "سەرکردەی دونیایی" ناساندووە. لێرەوە ئاسانبووە ئەم سەرکردانە سەرمایە ڕەمزییەکەیان بگۆڕن بە سەرمایەیەکی ئابووری و کەڵەکەبوونی سەرمایەی ڕەمزی بگۆڕنە سەر کەڵەکەبوونی سەرمایەی ئابووری. ئەمەش پرۆسەیەکە کاریگەریی گەورەی لەسەر ژیانی سیاسیی ئێمە جێهێشتوە، بەتایبەتی لەسەر دەستنیشانکردنی بڕی تواناکانی نوخبەی نوێ، کە لە هەلومەرجێکدا خۆی دۆزیوەتەوە دەبوایە دژ بەهەردوو شێوەکەی سەرمایەی نوخبەی تەقلیدی لەململانێدابێت. نوخبەی تەقلیدی، لەپاڵ ئەو هاوکێشەیەی سەرەوەدا بۆتە خاوەنی شوێن و جێ و هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی هێجگار پتەو بەهێز. هەوڵی سەرەکی ئەم نوخبەیەش لە ناوەڕاستی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە بریتیبووە لەپاراستنی ئەو هاوکێشەیە و پاراستنی وشیاری تەقلیدی وەک ژێرخانی ئەو سەرمایەیەی هەڵگریەتی. وەک ئاشکرایە زۆربەی هەرە زۆری سەرکردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە، سەر بەم نوخبەیە بوون و هەم هەڵگری سەرمایەیەکی ڕەمزی بەهێز و هەم خاوەن سەرمایەیەکی ئابووری پتەوبوون. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ئەم نوخبەیە لەیەک کاتدا هەم شێخ بوون، واتە هەڵگری سەرمایەیەکی ڕەمزی دینی گەورە و هەم سەرۆک خێڵ، واتە هەڵگری سەرمایەیەکی ئابووریی، گەورەش بوون. لە شێخ عوبەیدوڵای نەهریەوە بۆ شێخ مەحمود و لە قازی محەمەدەوە بۆ بارزانی. سەرکردە سیاسییەکانی کورد دەربڕێکی ڕاستگۆی ئەو بۆچوونانەی سەرەوەن.

ئەوەی دەبێت لێرەدا جەختی لەسەربکەین ئەوەیە، کە دروستبوونی حیزب لە کۆمەڵگای ئێمەدا نەبۆتە هۆی لاوازبوونی نوخبەی تەقلیدی کوردی، بەپێچەوانەوە ئەم نوخبەیە لە دوای دامەزراندنی حیزبەوە لە یەک کاتدا بووەتە خاوەنی سێ شوێنی کۆمەڵایەتی گرنگ:

یەکەمیان: شوێن و جێی لەناو پێکهاتەی خێڵ دا، وەک سەرۆک خێڵ و پیاوانی

ڕیزی یەکەمی خێڵ.

دووهەمیان: شوێن و جێی وەک پیاوانی ڕۆحی و ئایدیۆلۆژیستی خێڵ.

سێیەمیان: شوێن و جێی لەناو دەزگاکانی حیزبدا وەک سەرکردە و بەرپرس.

هەموو ئەمانە وایانکردووە حیزب لە ئەزموونی ئێمەدا تا ڕادەیەکی گەورە ببێتە ماڵی خێڵ و خێڵیش بە ماڵی حیزب، حیزب ببێتە درێژکراوەی خێڵ لەناو جەستەی کۆمەڵایەتیدا و خێڵیش بە درێژکراوەی جەستەی حیزب لەناو هەناوی خۆیدا. لەم هاوکێشەیەدا نوخبەی تەقلیدی لەلایەکەوە سنوورەکانی دەسەڵاتی خێڵی لەڕێگای حیزبەوە فرلوانکردووە، لەلایەکی دیشەوە سنوورەکانی دەسەڵاتی حیزبی لەناو خێڵدا سنووریەند و بەرتەسککردۆتەوە.

یەکەمین دەرەنجامێک لەم دۆخەوە بەدەستیبهێنین گۆڕینی حیزبە لە دەزگایەکی ئیرادەگەرەوە، لەدەزگایەکەوە، کە وشیاری سیاسی نوێ دروستیکردووە بەدەزگایەکی نیمچە سروشتی، نیمچە خۆڕسک. دەزگایەک، کە بەشێکە لە دونیای تەقلیدی و لەدواجاردا بوونی بە هێزێک بۆ پاراستنی ئەو دونیا تەقلیدییە. ئەمەش لەزۆرجاردا بەتاڵکردنەوەی حیزب بووە لە هەر گوڕ و توانا و مەیلێکی نوێگەرانە. دەرەنجامی دووهەم بریتیە لەبەتاڵکردنەوەی کاریگەریی وشیاری لەسەر واقیع و دابڕینی واقیع لە هەموو بەرهەمهێنانەوەیەکی ڕەخنەگرانەی لە ئاستی فیکردا. ئەمەش مانای دابڕین و بێبەشکردنی واقیع لە هەر هەنگاوێکی ڕاستەقینە بە ئاڕاستەی گۆڕین و تێپەڕاندن و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی بنەما تەقلیدییەکانی مانەوەی. لێرەدا دەکرێت قسە لە قرتاندنی ئەو پەیوەندییانە بکەین، کە دەشێت وشیاری لە ڕێگەیانەوە کاریگەرییەکانی خۆی لەسەر مێژوو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پیادەبکات و کەم تا زۆر ناچار بە گۆڕانیان بکات. دەرەنجامی سێیەم بریتیە لە کوشتنی دەزگا و عەقڵیەتی دەزگایی. تەسلیمکردنەوەی حیزب بە خێڵ مانای ڕەتکردنەوەی دەزگا سەربەخۆکانی ئەودیو پێکهاتەی تەقلیدی و بەخشینەوەی

هەموویان بە لۆژیکی خێڵ و قازانجەکانی خێڵ.
هەموو ئەمانەی سەرەوە وامان لێدەکات بڵێین، دەسەڵات لەم پێکهاتەیەی سەرەوەدا شوناسێ وەردەگرێت، کە بریتییە لە دەسەڵات لە غیابی وشیاری و دەزگا و مەعریفە و کۆنترۆڵ و لێپرسینەوەدا، دەسەڵاتێک لە دەرەوەی هەموو پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا، دەسەڵاتێک شانیداداوەتە سەر تەراتوبیەت و هیرارکیەتی ناو خێڵ و پەیوەندییەکانی خزمخواهی. بەکورتی دەسەڵاتێکی پاتریارکی، کە لە لوتکەی هەرەمەکەدا سەرکردە و لە بنکەکەشیدا هەموو حیزب، یان هەموو نەتەوە ئامادەیە، بەقسەی فۆکۆ لە لوتکەدا دەسەڵاتی "شوانێک "و لە بنکەدا "ڕەعیەتێک"، کە دەکرێتە گاڕانەوە. (٣) لێرەدا دەشێ بەسوودوەرگرتن لەو ئارکیۆلۆژیایەی فۆکۆ بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگای کۆندا کردویەتی، ئەو ڕاستییە دووپارەبکەینەوە، کە دەسەڵاتی سیاسیی لای ئێمە، لە ژێر کاریگەریی ئەو بنەما ئایینی و شوێنگە سۆسیۆلۆژی و ڕەمزییەی لە سەرەوە هێمامان بۆ کرد، دەسەڵاتێکە لەپاڵ پەیوەندیی شوان و ڕەعیەتدا سەقامگیرە، مەبەست لەم دەسەڵاتەش ئەوەیە سەرکردەیەک مافی ئەوە بەخۆی دەدات وەک شوانێک هەڵسوکەوتبکات و میللەتێکیش وەک ڕانەمەڕێک بەڕێوەبەرێت. بێگومان لە دونیای ئێمەدا زۆرجار شوانی ناو حیزب و شوانی ناو خێڵ هەردوکیان یەک کەس بوون و سروشتی سەرکردایەتی کۆمەڵایەتی لە دونیای ئێمەدا بەم شێوەیە بووە.
ئەگەر ئەو ڕایەی "برنارد بادی"شمان بەڕاست زانی، کە دەڵێت لە دونیای ئیسلامدا تائێستاش "سەرزەمینی" و "ئاسمانی" لەیەکدی جیانەکراوەتەوە و بەتەواوی هەردوکیان ڕژاونەتە ناو یەکدییەوە (٤)، ئەوا بە ئاسانی دەشێ شوێنی کۆمەڵایەتی شوانەکان چ لەناو حیزب و چ لەناو خێڵدا، بە شوێن وجێی ئاسمانیانەی خوداوەند، لە وێناکردنەکانی مرۆڤی ئێمەدا بۆ سەرکردە بدۆزینەوە. هەر ئەمەشە پاڵ بەئەندامێکی پەرلەمانی کوردییەوە دەنێ ڕایگەیەنێت، کە مەسعود بارزانی وەک

سەرکردە لەوە پیرۆزتـرە بچێتە نـاو پەرلەمـانی کـوردییەوە و پەرلەمـان وەک باڵادەستترین دەزگای سیاسیی ئێمە لە مەقـامی ئەو سـەرکردەیە وەک 'پیـاوێکی پیرۆز' کەمبکاتەوە. بەکورتی نوخبەی تەقلیدی لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییانەی سەرەوەدا نـاتوانێ جەسـتەی خێـڵ و جەسـتەی حیـزب، دەسـەڵات لەنـاو خێـڵ و دەسەڵات لەناو حیزبدا، پەیوەندییەکانی نـاو خێـڵ و پەیوەندییەکانی نـاو حیـزب، شێوازی ئۆرگانیزەی حیزب و شێوازی ئۆرگانیزەی خێڵ لەیەکدی جیابکاتەوە. ئەم نوخبەیە حیزب دەکاتە بەشێک لە خێڵ و خێڵیش بەبەشێک لە حیزب.

ئێستا کاتی ئەوە هاتوە تەماشای نوخبەی نوێ و ئەو دونیا سیاسی و ئایدیۆلۆژی و فانتازیە بکەین ئەم نوخبەیە بە کۆمەڵگای ئێمەی بەخشیوە. بێگومـان نـوخبەی نـوێ ڕۆڵێکـی بەرچـاوی بینیـوە لە گـۆڕینی وشـیاری ئـایینی ئینسـانی ئـێمەدا بە وشیاری سیاسی و ئەو هەنگاوەی بە کۆمەڵگای ئێمە هەڵهێناوە، کە تێیدا ئایین تا ڕادەیەک شوێنی خۆی بە سیاسەت بدات. ئەم نـوخبەیە هەر لە سـەرەتاوە لەنـاو سیاسەت و گۆڕانە سیاسییەکاندا لەدایکبوو. هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ دروسـتکردنی کـۆڕ و کـۆمەڵەی ڕۆشـنبیری و سیاسـی و ڕۆژنـامە و گۆڤـار و ئەدەب و نوسـیندا هاتەکایەوە. ئەم نـوخبەیە ئامـادەگی ڕۆژئـاوا لە دونیـای ئـێمەدا لە فـاکتەرە هەرە بەهێزەکـانی لەدایکبـوون و چـالاکبوونیەتی. هەروەهـا پرۆسـەی مـۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و چارەکی یەکەمی ئەم سـەدەیەدا، بنەما ماددییەکانی لەدایکبوونی لەناو نەخشەی سۆسـیۆلۆژیی کۆمەڵگـای کوردییـدا، فەراهەمکرد. ئەم نوخبەیە ڕەخنەگرانە لەدایکدەبێ، مۆدێرنانە دەیەوێت بـژی، بەڵام ڕەخـنە و مـۆدێرنەیەک، کە هەڵگـری یۆتۆپیـایەکی کۆنکرێـت و ڕادیکـاڵ نەبـووە. مۆدێرنەی ئەم نوخبەیە زۆرجار مۆدێرنەیەکی کورتکراوە بووە بـۆ کـۆمەڵێ وەعـز و ئامۆژگـاری، بـۆ بانگێشـەکردن بـۆ کـۆمەڵێ گـۆڕانی تـایبەت لەنـاو پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی ئـێمەدا، کە زیـاتر بەئاقـاری پەروەردە و کێشـەی چارەسـەرکردنی

نەخوێندەواری و بنیادنانی قوتابخانە و کۆمەڵە مافێکی سەرەتایی بۆ ئافرەتاندا تێپەڕیوە، نەک بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بەرفراوان لەڕێگایەوە بتوانێت بنەما تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای ئێمە هەڵوەشێنێتەوە. بەرنامە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم نوخبەیە سنووری بەرنامەیەکی بەرتەسک و ریفۆرمیستییانەی سەرەتایی تێنەپەڕاندووە و بۆی نەکراوە بەرزبێتەوە بۆ ئاستی پرۆژەیەکی ڕەخنەیی قووڵی هەمەلایەن و لە ڕەخنە لە بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستپێبکات و بەرزببێتەوە بۆ ڕەخنە لە عەقڵیەت و فانتازیای باڵادەست. ڕەخنەی ئەم نوخبە تازەیە ڕەخنەیەکی گیرخواردو بووە لە نێوان خوێندنەوەی نادروستی واقیعی کوردی لەلایەک و ناسین و تێگەیشتنی هەڵەی تیۆرەکانیش لەلایەکی دیکەوە. ڕەخنەی ئەم نوخبەیە ڕەخنەیەک بووە لە دەرکەوتە بەرچاوەکانی دیاردەکان، نەک لە ڕەگوڕیشە قووڵ و نادیارەکانیان. ئەم ئاستە رووکەشەی ڕەخنە، وادەکات دواجار نوخبەی تەقلیدی بەئاسانی و بەبێ گۆڕانێکی قووڵ و ڕادیکاڵ لە پێکهاتە و عەقڵیەت و بۆچوونەکانیدا، هێڵە گشتیەکانی ئەم ڕەخنەیە قبووڵکات و بیکاتە بەشێک لە پرۆژە و بەرنامەی کۆمەڵایەتی خۆی، بیکاتە پرۆگرامی بەرەنگاربوونەوەی تەحەدا کۆمەڵایەتییەکانی واقیعی کوردیی، بەڵام لە فۆرم و ناوەڕۆکێکی وادا، کە هەم بنکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی وەک نوخبەیەکی تەقلیدی پێبپارێزێ و هەم ببێتە فاکتەرێکیش بۆ خۆنوێکردنەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجە نوێکانی واقیعی ئێمەدا. وردتر قسەبکەین دەکرێ بڵێین بەرنامەی کۆمەڵایەتی نوخبەی نوێ ئەوەندە کەم خوێن و لاواز و بێ مەترسی بووە بۆ سەر واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە و شێوازی ڕیزبەستن و سیستماتیزەبوونی هێزەکانی ناوی، زیاتر لەوە دەچێ بەرنامەیەک بێ ئەم نوخبەیە بۆ ڕزگارکردنی نوخبەی تەقلیدی نووسیبێتی، نەک بەرنامەیەک دەربڕی شوناسی خۆی بێ وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی نوێ، کە واقیع لەبەردەم پرسیاری گۆڕانی ڕادیکاڵ و بنەڕەتیدا ڕابگرێت و

ئەگەرەکان و ئاسۆی گۆڕانەکان، گەورەتر و هەمەلایەنتر بکات.

نوخبەی نوێ و نوخبەی تەقلیدی پێکەوە لەدەرگای سیاسەت دەدەن و پێکەوە دەچنە ژوورەوە بۆ ناو دونیای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەڵام ئەم هاوکاتییە نەبۆتە هۆی ئەوەی نوخبەی نوێ ببێتە خاوەنی حیزب و سەرکردایەتیکردنی. بێگومان ئەم مەسەلەیە لەزۆر ڕووەوە وابەستەی توانا ڕەمزی و واقیعییەکانی ئەم نوخبەیەیە لە بەراوردکردنیدا بە توانا ڕەمزییەکانی نوخبەی تەقلیدی. ئەم ناهاوسەنگییەی هێز و نفوزی کۆمەڵایەتی سەرەتای دابەشبوونێک دروستدەکات، کە دواتر، دوای ساڵانێکی درێژی پێکەوە ژیانی ناچارانە، لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، دەبێتە هۆی دابەشبوونی ئەو ماڵەی پێکەوە کۆیکردبوونەوە. لەو ڕۆژگارەدا و دوای مێژوویەکی درێژی پێکەوەژیان نوخبەی نوێ ماڵی خۆی جیادەکاتەوە. لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە ئەم دوو نوخبەیە بەئاشکرا دەکەونە ململانێ لەگەڵ یەکدیدا. سەرەتای ئەم ناکۆکیە نوخبەوییە، وەک وتم، لە سەرەتای دروستبوونی بزوتنەوە سیاسییەکان خۆیانەوە لە دونیای ئێمەدا دەستپێدەکات، کە دەشێت بیگەڕێنینەوە بۆ ڕۆژگارە سەرەتاییەکانی دروستبوونی ئۆرگانە سیاسییەکان و تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کورد و دراوسێکانی. ئەم ناکۆکییە دەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و مەعریفییانەیە، کە کۆمەڵگای ئێمە لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەوە دووچاری بووە. لەناو گروپی "تەعالی و تەرەقی"دا، ئەفسەرەکان و پاشاکان لەململانێیەکی سەختدا بوون، لەبزوتنەوەی شێخ مەحمود دا ناکۆکی نێوان خوێندەواران و ئۆردوگای شێخ ناکۆکییەکی بەرچاو و سەخت بووە، دامەزراندن و گەشەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسەلەی سەرکردایەتی لە ناویدا، دەربڕێکی زیندووی بوونی دوو مەیلی جیاواز و ئامادەبوونی دوو نوخبەی جیاوازە لەناو هەناوی ئەو حیزبەدا بووە.

بە بۆچوونی من کێشەی هەرە سەرەکی نوخبەی نوێ لە نەبوونی ئەو "سەرمایە ڕەمزی "ەدایە، کە نوخبەی تەقلیدی هەڵگریبووە. لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا، کۆمەڵگایەکی خۆڕێکخەر و دامەزراو لەسەر بنەمای "پەیوەندییەکانی خزمخوامی"، کۆمەڵگایەک تیایدا مۆدێرنە تەنها چەند هەنگاوێکی شەرمنی ناوە و بەمەش مەوقیعی کۆمەڵایەتی زۆر هێزی تەقلیدی خستۆتە مەترسییەوە، دەڵێم لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا سەرمایەی ڕەمزی ڕۆڵێکی گرنگ و چارەنووسساز دەبینێ لە دەستنیشانکردنی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەدا، کە دەشێ باڵادەستیی کۆمەڵایەتی خۆی بسەپێنێ و سەرکردایەتی کۆمەڵایەتی بگرێتە دەست. لەڕاستیدا ململانێی سەرەکی لە کۆمەڵگایەکی لەو بابەتەدا ململانێیە لەنێوان دوو جۆری جیاوازی سەرمایەی ڕەمزی و ململانێیە لەسەر پێشنیارکردن و سەقامگیرکردنی سیستمێکی ڕەمزی نوێ، کە ئینسان لەڕێیەوە ماناکان بەرهەمبهێنێت و شوناسی خۆشی لەسایەی ئەو سیستمەدا دروستبکات.

لاوازیی سەرمایەی ڕەمزی لەپێکهاتەی نوخبەی نوێدا لاوازییەکی بونیادییە و ڕاستەوخۆ وابەستەی ستراکتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی و پێکهاتە کولتوری و ڕۆحی و ڕەمزییەکەیەتی. بێگومان چارەسەری ئەم کەموکورییە بونیادییە، بەبێ هەوڵدانێکی ڕادیکاڵانە بۆ گۆڕانی خودی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ڕەمزییە و گۆڕانی ئەو سەرمایە ڕەمزیەش، کە نوخبەی تەقلیدی ماناکانی بوونی خۆی و هێزە مەعنەویەکەشی لێوە هەڵدەهێنجێت، کارێکی بێهودە دەبێت. زەحمەتە هیچ گۆڕانێکی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕوویدات بەبێ جێگرتنەوەی سەرمایەی ڕەمزی تەقلیدی بە سەرمایەیەکی دیکەی ڕەمزی، کە هێز و ماناکانی خۆی لە پرۆسەی گۆڕان و مۆدێرنکردنەوەی کۆمەڵگای ئێمەوە وەربگرێت، نەک لە ئایین و نفوزی خێڵەکییەوە. بەبێ تێکشکاندنی ئەو کۆسپ و بونیادە ڕێگرانەی بەردەوام فوو بە ڕۆحی سەرمایەی ڕەمزی تەقلیدیدا دەکەن، هەر

لە پێکهاتەی خێزان و پەیوەندیی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکانەوە، تا بەو غەیبیانیەتە ئایینیە دەگات، کە ڕۆحی ئینسانی ئێمەی لەناوەوە ئیفلیجکردووە، دەڵێم بەبێ تێکشکانی بنەماکانی ئەو پەیوەندییانە کارێکی مەحاڵە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی نوخبەی تەقلیدی لاواز و لێژبکرێت. بەمانایەکی دیکە بەبێ تێکشکاندنی پایە ڕۆحی و سایکۆلۆژییەکانی سەرمایەی ڕەمزی تەقلیدی، لە تێکشکاندنی پایە و دەسەڵاتی ئایینیەوە بۆ کۆی ئەو پاشخانە ئەخلاقی و ڕۆحییەی ئەو پایانەی لەسەر ڕاوەستاوە، ناکرێت بیر لە هیچ پرۆژەیەکی مۆدێرن و لاوازبوونی تەقلیدیەت بکەینەوە. گرفتی هەرە سەرەکی مێژووی ئێمەش لەوەدایە، کە نوخبەی نوێ هەڵگری پرۆژەیەکی لەم بابەتە نەبووە و نییشە. وەک نیشانیشمان دا بەرمانە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم نوخبەیە هەڵگری قووڵاییەکی ڕەخنەیی ڕادیکاڵ نەبووە و لەئاستی تەحەداکردنی پایە تەقلیدییەکان و بەناڕەواکردنی بوون و مانەوەی ئەو پایانەدا نەبووە. بەمەش نوخبەی نوێ لە ناوەندێکدا کاریکردووە، کە نە ئێستاییبوونی ئەو ناوەندە و نەئاییندەییبوونیشی، ئێستاییبوون و ئاییندەییبوونی ئەو نەبووە و لە غیابی ستراتیژێکی ڕەخنەیی و شارستانی ڕادیکاڵدا، دواجار کەوتۆتە ژێر کاریگەریی پایە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای کوردیی و ژێر کاریگەری نۆرم و بەهاو ڕەمزەکانی ئەو دونیایەوە. ئەمەش بە پلەی یەکەم مانای ئەوە بووە، کە نوخبەی نوێ بەردەوام جەنگێکی کردووە، کە ستراتیژ و تاکتیکەکانی لەناو سەرزەمینی تەقلیدیەتدا بووە، نەک لە سەرزەمین و دونیایەکدا ئەم خۆی دەستنیشانی کردبێت و خۆی ئامادەیکردبێت بۆ بەرەنگاربوونەوە. بەمەش نوخبەی نوێ تاڕادەیەکی زۆر هێزی بەرەنگاربوونەوە و هێزی نوێکردنەوەی خۆی لەدەستداوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان پلانەکان و تواناکانی تەسلیم بە تەقلیدیەت بۆتەوە.

بەکورتی تێکشکانی پرۆژەی تەقلیدیەت و تێکشکانی دەسەڵاتی نوخبەی تەقلیدی

تەنیا و تەنیا بە کارکردنێکی وشیارانە لەسەر پێکهاتەی تەقلیدی واقیعیی کوردی و مرۆڤی کورد و کولتوری کوردی و ئەو فەزا ڕەمزیە بالادەستە دەبێت،کە تێیدا هەم خودی واقیع و هەم خودی مرۆڤەکانی تێدا بەندکراوە. ئەم فەزا ڕەمزیەش فەزایەکە ئینسانی ئێمەی لەناو بازنە بچووک و بەرتەسکانەدا نیشتەجێکردووە، کە نوخبەی تەقلیدی پایەکانی خۆی لەسەر بنیادناوە. بەبێ تێکشکاندنی ئەو بازنە بچووکانە، لە تێکشکاندنی بونیادی خێڵەوە، بۆ بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە بەرتەسکەکان، لە تێکشکاندنی ئینتمای بچووکەوە بۆ خێزان و خێڵ و ناوچە بۆ تێکشکانی ڕۆحانیەتی ئایینی چەپێنەر و مۆنۆپۆڵکردنی دونیا ڕەمزییەکەی مرۆڤی ئێمە، زەحمەتە بکرێت پایەکانی دەسەڵاتی تەقلیدی لەدونیای ئێمەدا لەبەریەکدی هەڵوەشێندرێتەوە. بەبێ هەڵوەشاندنەوەی ئەم پایانەش ناکرێت بیر لەهیچ پرۆژەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی تەندروست بکەینەوە و ناکرێت خۆمان بۆ دروستکردنی دونیایەک ئامادەکەین جیا لەوەی لەئێستادا لەئارادایە. نوخبەی نوێ ئەبێت هەڵگری پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری وابێت، کە ئاسۆی نوێ بۆ ئینتیمای مرۆڤی ئێمە پێشنیاربکات، ئاسۆیەک لەدەرەوەی ئەو ئینتیما بەرتەسکانەی لەسەرەوە باسمانکردن، کە بەپلەی یەکەم وەک بەردی بناغەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی نوخبەی تەقلیدی کاردەکەن.

لەدونیای ئێمەدا زانیارییەکی دروست دەربارەی واقیعی سۆسیۆلۆژی کوردی و دونیای ڕەمزی مرۆڤی ئێمە لەئارادا نییە. دۆگما فیکرییەکان ناهێڵن واقیع ببینرێت، دەسکەوتی سیاسی کورت و بچووک لێناگەڕێت ئاسۆکانی گۆڕانی ستراتیژی ببینین. لەهەمانکاتدا نوخبەی نوێ لە کوردستاندا ترسێکی ڕۆشنبیری و سیاسی وای هەڵگرتووە، وایلێکردووە نەوێرێت دەست بۆ تازەکردنەوەی بونیادە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەرێت. هەموو ئەمانەش نەک نوخبەی تەقلیدی لاوازنەکردووە و پرۆژەکانی تێکنەداوە، بەڵکو بەهێز و بەهێزتری کردووە و ئاوی

حەیاتی بە پلانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیەکانیدا کردووە. لەم ناوەندەدا، دژایەتی ئەو دوو نوخبەیە بۆ یەکدی، بەوەی لەسەر بونیادێکی عەقڵی و بونیادێکی فانتازیی ئایینی و هەموو ئەو دوالیزمانە دروستبووە، کە ئایین بۆ پۆلێن و ناساندن و هەڵسەنگاندنی دونیا بەرهەمیاندەهێنێ، جگە لە ڕەتکردنەوەی موتڵەقی یەکدی و گوناهبارکردنێکی سەرتاسەریی هیچی ئەوتۆی لێ دروستنەبووە. نوخبەی تەقلیدی هەمیشە نوخبەی نوێی بە جاش و بەکرێگیراو و ئەفەندی و کتێبی و هتد... دلوەتە قەڵەم و نوخبەی نوێش بەردەوام نوخبەی تەقلیدی بەکۆمپرادۆر و پیاوی ئیمپریالیزم و داردەستی کۆنەپەرستی و هتد... ناساندووە. لەهەناوی ئەم ململانێیەدا هەمیشە یەک بەهەشت هەبووە، ئەویش بەهەشتی "ئێمە"بووە بەرامبەر بەجەهەنمی "ئەوان"، یەک فریشتە هەبووە ئەویش "ئێمەین"، بەرامبەر بەشەیتانێک، کە "ئەوان"ن، یەک نیشتمانپەروەر هەبووە ئەویش "ئێمەین"، بەرامبەر بەخیانەتنامەی "ئەوان".

دەشێت پێداگرتنی هەمیشەیی نوخبەی نوێ لەسەر خەباتی چەکدار وەک هەوڵدانی ئەم نوخبەیە ببینین بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی نەبوونی سەرمایەی ڕەمزی خولقاندوویەتی، بەڵام ئەم هەوڵدانە لە سایەی هاوکێشەی تەرازووی هێزەکاندا دیسانەوە تاڕادەیەکی زۆر ئەم نوخبەیەی بردۆتەوە باوەشی خێڵ. جگە لەمەش بەوەی، کە نوخبەی نوێ تائەم ساتەی ئێستاشمان هەڵگری پرۆسەی ڕەخنەگرتنێکی گشتی و سەرتاسەریی نییە لە کۆمەڵگای ئێمە و تێگەیشتنێکی دیکەی بۆ دەسەڵات و بۆ شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و پەیوەندییەکان پێشنیارنەکردووە، بۆیە نەیتوانیوە گۆڕەپانی ململانێیەکی کۆمەڵایەتی نوێ پێشنیارکات کەتێیدا هاوکێشەکان بەلای خۆیدا پارسەنگبکات. نوخبەی نوێ تائێستاش بەهەمان تێگەیشتنی تەقلیدی و بەهەمان وێناکردنی ئایینی شوان/ ڕەعیەت بۆ دەسەڵات دەڕوانێت و بەتەولوی لە ژێر جەبری کوێرانەی بونیادە

کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا کاردەکات. لێرەوە ئەم نوخبەیە هەمان ئەو دوالیزمە بەرهەمدەهێنێتەوە، کە هەر لە سەرەتاوە مەعقولیەتی سیاسیی ئێمە گیرۆدەیەتی و بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

لە درێژەدان بەململانێکردنێکی دەسەڵاتگەرانە لەگەڵ یەکتیدا نوخبەی نوێ هەموو ئەو پرۆژانە لەبیردەکات، کە دەشێت دەرەنجامی هەنووکەییان نەبێت، بەڵام لەئاستی ستراتیژیدا دەرەنجامی ئاییندەیی گرنگ بدەن بەدەستەوە و هەنگاوێکی راستەقینە و رادیکاڵیش بن بۆ تێکشکاندنی نەگۆڕەکانی ئەو بونیادە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هەبیتۆسی کۆمەڵایەتی ئێمە. بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بۆچوونە من مەسەلەی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ و ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕین بە نموونە دەهێنمەوە تا نیشانیبدەم چۆن کۆی کارکردنی هەردوو نوخبەکە نەک نەبووە هۆی خۆشنەکردنی زەمینەیەک بۆ خولقاندنی ئیجماعی سیاسی و ڕزگاربوون لە جەبری پڕوکێنەری دوالیزمە ئایینی و سەرسەختەکانی ناو سیاسەتی کوردی، نەک نەبووە هۆکاری باڵکردنەوە و ڕەهاکردنی هێزە نادیار و شاراوەکانی ناو کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاکاری ڕۆژانەی ئەو دوو نوخبەیە ڕۆژ دوای ڕۆژ وێناکردنە کۆنەکان و دوالیزمە دێرینەکانیان قووڵتر و بەهێزتر و هەمەلایەنەتر دەکردەوە. ئەم دوو نوخبەیە هەبیتۆسێکی دێرینەیان دەژیاندەوە، کە دابەشکردنەکانی ناو واقیعی ئێمەی قووڵتر و فراوانتر و خوێناویتر دەکرد، بەڕادەیەک خودی ئەو دوو نوخبەیە کەوتنە پەلاماردان و دابەشکردنی دوالیزمانەی ڕەمزە مێژووییە نەتەوەییەکانیش. دەستدەبرا بۆ دابەشکردنی فانتازیای کۆمەڵایەتی ئێمە و فانتازیای نەتەوەییمان لە ژێر زەبری دابەشکردنەکانی حیزبدا بەشبەش و پارچەپارچە دەکرا. بۆ نموونە، هەر لەو سەرەتاوە شەڕێکی ڕەمزی لەسەر مانا ڕەمزییەکانی کەسایەتیەکی وەک شێخ مەحمود دەکرا. دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان بەجیا پەیکەر و پۆستەریان بەناوی خۆیانەوە بۆ شێخ مەحمود

دروستدەکرد، هەردوولا هەوڵیاندەدا ڕەهەندە گشتییەکانی ئەو ڕەمزە و ئاراستە نەتەوەییەکانی فانتازیای کۆمەڵایەتیمان بکەنە ڕەهەندی حیزبی و گشتێتیبوونی ئەو سەرمایە ڕەمزییە بکەنە موڵکی تایبەتی حیزب. ئەنجامی هەڵبـژاردنەکەش دوویـارە بەرهەمهێنانەوەیەکی تری هەمان دوالیزم بوو بەڕادەیەک کار گەیشتە دابەشـکردنی بەشە ناشیرین و دزێـوەکەی مێـژووی ئـێمە، مەبەسـتم پیاوخراپـان و خیانەتکارە ڕاستەقینەکانی ناو مێژووی هاوچەرخی ئێمەیە. فەسـڵێکی دیـکەی قـووڵکردنەوەی ئەو دوالیزمە خۆکوشتنی حیزبە بچووکەکان و دابەشکردنی خۆیان بوو بەسـەر دوو حیـزبە گەورەکەدا. پاشـانیش دابەشـکردنی هەمـوو شـتەکان بەنیـوەیی - پەنجا بەپەنجا- وەک دەرەنجامێکی حەتمی ئەو بونیادە دوالیزمیە. هەمـوو ئەمـانە لەڕووی واقیعیەوە بوونە هۆکاری دابەشکردنێکی جوگرافی کۆمەڵایەتی لە نیشتمانی ئـێمەدا و جەنگ و ئەخلاقیەتی ڕۆژانەی کۆمەڵگای سیاسیی کـوردی تـا ئەم سـاتەش ئەو دابەشکردنە فراوانتر و بەهێزتردەکەن و خەریکە لە یـادەوەریی و وشیاریی خەڵـکی ئێمەدا دەبێتە ئەمرێکـی واقیـع و ئەم بەشـەی کوردسـتان لەئەنجـامی ڕاپەڕینێکـی جەماوەریدا سەرلەنوێ دابەشدەکرێتەوە و دەبێتە دوویەش!!!

دواهەمین خاڵێک لێرەدا بمەوێت جەختی لەسەر بکەم ئەو ڕاستیە سۆسیۆلۆژیەیە، کە هیچ حیزبێکی کوردی بە تەنها نوێنەری هیچ یەکێک لەو دوو نوخبەیە نییە، لە ئێستادا ناکرێت هیچ یەکێک لە حیزبەکان بەماڵی یەکێـک لە نوخبەکـان دابنێـین، بەپێچەوانە هەر یەکێک لەو دوو نـوخبەیە بەشـێوەیەک لە شـێوەکان لەنـاو حیـزبە کوردیەکاندا ئامادەن. ئەم ئامادەییەش وایکردووە برێکـی ململانێـی نێـوان ئەم دوو هێـزە لەنـاو خـودی حیزبەکـان خۆیانـدا بێـت، بێگومـان بـڕ و ڕادە و هێـزی ئەم ململانێیە لە حیـزبێکەوە بـۆ ئەویـدیکە دەگۆڕێـت و لە یەکێکیانـدا ئەم ململانێـیە ئاسۆی گەشەکردنی زیاترە تا لەویدیکەیاندا. لەهەمـوو دۆخێکدا ئەم دوو نـوخبەیە تائێسـتاش گرنگتـرین دوو هێزیـی کـۆمەڵایەتین لە کوردسـتاندا، کە دەشـێت

ستراتیژیەتی ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان دەستنیشانکەن.

-٩-

ئەگەر جەنگ لە سادەترین پێناسدا سەپاندنی دونیابینییەک، وێناکردنێک، قازانج و دەسکەوتێکی تایبەت بێت بەسەر دونیابینییەک، وێناکردنێک، قازانج و دەسکەوتێکی دیکەی جیاوازدا، لەڕێی توندوتیژییەوە، ئەگەر جەنگ پێکدادانێکی توندوتیژانەی دوو دونیابینی جیاواز بێت، یان هەڵنەکردنی دوو جیاوازیی بێت بەیەکەوە، ئەوکات پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا کولتوری ئێمە بەگشتی و کولتوری سیاسیمان بەتایبەتی چ پێناسێکی بۆ تێرمی جیاوازی هەیە، جیاوازی چ مانایەک دەبەخشێ، سنوورەکانی تاکوێ کراوەن و لەکوێشدا داخراون؟ تا چەند ئەم چەمکە لەناو دونیای واقیعی ئێمەدا بەگشتی و دونیای فیکری و سیاسیماندا بەتایبەتی ئامادەیە؟ بەکورتی، تا چەند دەبێت لەیەک بچین و کەی و لەکوێدا و چۆن لەیەکدی جیاواز بین؟

جیاوازی هەمیشە بەشێکە لە بوونی سروشتییانەی مرۆڤ و کۆمەڵگا. خودی سروشت خۆی چەندەها جیاوازی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ (٥): جیاوازی سێکس، نێر/مێ. جیاوازی لەش، گەورە/بچووک. جیاوازی ڕەنگ، ڕەش/سپی/زەرد. لەهەموو کۆمەڵگایەکیشدا کولتور دێت و یاسا بۆ ئەو جیاوازییانە و دەیان جیاوازی دیکەش دادەنێت، کولتور دێت بۆئەوەی ڕێسایەک بۆ کۆبوونەوە و پۆلێنکردن و سیستماتیزەکردنی جیاوازییەکان دابنێت. جیاوازی چەمکێکە لەهەناوی هەموو کولتورێکدا ئامادەیە، ئەوەندەش گشتییە هەندێک باوەڕیان وایە ئەوەی شوناس، یان تایبەتمەندییەکانی کولتورێک دیاریدەکات ئەوەیە ئەو کولتورە چ مانایەک بە

تێرمی جیاوازی دەبەخشێ و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، چۆن و بەچ شێوەیەک جیاوازی عەقڵانیدەکات، چۆن شتە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە و هارمۆنییەتێکیان دەداتێ و بەڕێوەیاندەبات؟ چەمکی جیاوازی پەیوەندییەکی توند و بەهێزی بەتێرمی "شوناس" ەوە هەیە، ئایا تاکوێ من لەگەڵ ئەویدیدا وەک یەکم و پێکەوە شوناسێکی هاویەشمان هەیە، لەکوێدا جیاوازییەکانمان ئەوەندە گەورە و کاریگەرە ناکرێ لەژێر چەتری یەک شوناسدا کۆببینەوە؟ ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکەی لەم بابەتە، سنووری ئەو زەمینە فیکرییە دیاریدەکەن، کە دەبێ بەناویدا تێپەڕین بۆ ئەوەی بکرێ لەو پەیوەندییە ئاڵۆزە تێبگەین، کە دوو بوونەوەری جیاواز بەیەکەوە گرێدەدات و دوو گروپ لە ناوەندی کولتورێکدا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و دوو دونیابینی جیاواز لە پەیوەندییەکی تەندروستدا بەرامبەر بەیەک ڕادەگرێت. من لێرەدا هەوڵدەدەم زۆر بە گشتی ئەو مانایانە دیاریکەم، کە تێرمی جیاوازی لە کولتوری ئێمەدا هەڵگرین.

ئەوەی دەشێت وەک سەرەتا هەمووممان لەسەری تەبابین ئەوەیە، کە کۆ، یان گروپ لە کولتوری ئێمەدا شوێن و جێیەکی گرنگی هەیە و هەمیشە بەرز و بایەخدار نرخێندراوە. پەندی پێشینانی ئێمە، شیعری کوردی، لقە ئەدەبییەکانی دیکە، کولتوری زارەکیمان پڕن لەو وانە ئەخلاقییانەی باس لە گرنگیی گروپ و پیرۆزیی گروپ و مەسەلەی یەکگرتنی گروپەکان دەکەن. ئیسلام لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی ئاشکرا و بەرچاوی گێڕاوە. ڕۆحی ئیسلام وەکو دین، لەڕاستیدا ڕۆحی هەموو ئایینەکان، ڕۆحێکی گروپخوازە، چەمکی 'ئوومە' بۆنموونە، چەمکێکی گرنگە، کە ئیمانداران وەک گروپێک بەیەکەوە گرێدەدات و دەیانکاتە برای ڕۆحی یەکتری. قورئان لەبانگێشەکردنی باوەڕدارانـدا هەمیشە بە ڕاناوی "ئێوە" و لە ناونانی بێئیماناندا بە ڕاناوی "ئەوان" قسەدەکات. لەبەرامبەر ئەمەدا تاکەکەس بەردەوام وەک بوونەوەرێکی تاک و تەنیا، لاواز، بێدادە، کەمبایەخ و پڕگرفت

تەماشـاكراوە. هەر دەركەوت و ڕووكـارێكی تاكـانە، هەر دەنگێكـی تـاك، هەر دەربڕینێكی تاكانە، زۆربەیجار وەك ڕووكار و دەنـگ و دەربڕینێكـی نەفراتلێكـراو مامەڵەی لەگەڵـداكراوە. جـگە لەمەش هەمیشـە تـاك وەك هەڕەشـەیەك لە كـۆ و پڕۆژەی تاكانە وەك هەڕەشە لە پڕۆژە كۆییەكان تەماشاكراوە. كولتوری ئێمە تەنیا لەو شـوێنانەدا سـەرنجی تاكەكەسـی داوە و ئـافەرینیكردووە، كە تـوانیبێتی نوێنەرێكی بەوەفا و دڵسۆزی كـۆ و بەرنـامە كۆییەكـان بێـت، لەو شـوێنانەدا، كە توانیبێتی ئاوێنەیەك بێت تاك تیایدا نەرجسـیەتی خـۆی كوشـتبێ، تـا شـوێن بـۆ نەرجسـیەتی گـروپ بكـاتەوە، دەنـگ و ئـارەزوو و شوناسـی خـۆی خەفەكردبێـت بۆئەوەی بوبێت بە هەڵگری دەنگی كۆ و شوناسی كۆ و ئارەزووەكانی كۆ.

تاكەكەس لەجەوهەردا دەربڕی جیاوازییە و هەرخۆشی بەرجەستەیەكی فەرنبیانەی جیاوازییە. بەڵام كۆ، یان گروپ زۆربەیجار سڕینەوە و لابردن و لە باشترین دۆخـدا لاوازكردنێكـی قـووڵی جیـاوازییە. كـۆ كاتێـك دروسـتدەبێت، كە تاكەكـان جیاوازییەكـانی خۆیـان وەلانـابێ، تـاكیش كـاتێ دروسـتدەبێ، كە بەرگـری لە جیاوازیەكانی خۆی بكات و لەبەردەمی كۆدا بیسەلمێنێ. بێگومان من لێرەدا باسی جـۆرێكی تـایبەت لە كـۆ دەكەم، كە لەسـەر بنەمـای نەفیكردنـی جیاوازیەكـان كاردەكات، دەشێت كۆ هەبێت، كە بەرهەمی بڕیاری ئازادانە و وشیارانەی تاكەكـان بێت. ئەگەر كولتوری ئێمە، وەك وتم، كولتورێك بێت بەشـێوەیەكی گشـتی كـۆ و ڕووكارە كۆییەكـان بەرز بنرخێنـێ، ئەوا كـارێكی لـۆژیكییە ئەنجامگیری بكەیـن و بڵێین چەمكی جیاوازی لە كولتوری ئێمەدا باش نانرخێندرێت. ئەگەر تاكەكەس لە كولتوری كوردیـدا ڕۆحلەبەرێكـی شـەڕانی و نەفرەتلێكراوبێـت و گـروپ تـا ئاسـتی پیرۆزی بەرزبكرێتەوە، ئەوكات ئەو ئەنجامگیرییەی سەرەوە بەهـیچ جـۆرێك نـابێتە شوێنی گومان.

هاوكـات نابێـت ئەو ئەنجـامگیرییە بە ڕەهـایی وەرگـرین و وەك یاسـایەكی ڕەهـا

مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. چونکە کولتوری ئێمە جیاوازی دەناسێت و دوو ئاستی دیاریکراوی جیاوازیش لەیەکدی جیادەکاتەوە، ئەو دووئاستەش ڕاستەوخۆ گرێدراوی ئەو پێکهاتەی سۆسیۆلۆژیەن، کە لەدونیای ئێمەدا ئامادەیە، ولەبەستەی دوو ئاستی دیاریکراوی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لەناو ئەو بونیادە سۆسیۆلۆژیەدا. ئەم خاڵە دواتر دێینەوە سەری. ئەگەر تاکە کەس هەڕەشەبێت لە پێکهاتەی کۆ، ئەوا جیاوازیش هەمان هەڕەشەی دووبارەیە لە کۆ. ئەگەر کۆ بەرهەمهێنەری شوناس بێت، بێگومان تاکەکەس تێکدەری شوناسە. ئەگەر کۆ هێزبێت ئەوا تاکەکەس لاوازی و دوشووستیە. بەم مانایانە جیاوازی لەدونیای ئێمەدا چەمکێکی هەڕەشەکەرە، تێرمێکە هارمۆنیەتی گروپ، دونیای ڕۆحی گروپ، پیرۆزیی گروپ دەشێوێنێت، بەڵام وەک ئاشکرایە، نە تاکە کەس بەبێ کۆ و نە کۆش بەبێ تاکەکەس بوونیان هەیە. بۆیە پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەمەیە: ئایا تاکەکەس و کۆ لەدونیای ئێمەدا لە کوێدا بەیەکدی دەگەن و لە کوێدا لە یەکدی جیادەبنەوە؟ ئایا لەو ناوەندا جیاوازی چ مانا و دەلالەتێک وەردەگرێت؟

ئێمە وتمان کولتوری ئێمە خۆی وەک کولتورێکی کۆیی دەناسێنێت و تاکە کەس باش نانرخێنرێت. لێرەوە دەشێت ئەنجامگیریبکەین و بڵێین، کەواتە دەبێت فۆرمی ئەو پەیوەندییەی تاکەکەس لەم کولتورەدا بەکۆوە گرێدەدات فۆرمێک بێت بتوانێت سنوور و مەوداکانی بەرهەمهێنانی جیاوازی بەرتەسک و بچووک بکاتەوە، فۆرمێک بێت ڕێگر لەبەردەم بەرهەمهێنانی جیاوازیدا، ڕێگر لە جیابوونەوەی تاکەکەس و سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمبوونی لەبەرامبەر کۆدا. بەکورتی ئەم فۆرمە ئەبێت فۆرمێک بێت تاکەکەس لەکۆدا دووقمکات و بیکات بە بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتەی ئەو کۆیانەی لەوکاتەدا ئامادەن. دیارە فۆرمێکی لەو بابەتە دەبێ فۆرمی "پەیوەندییەکی دەمجی" بێت، دەمج بەمانای سڕینەوەی هەموو جیاوازییەکان و تێکەڵکردنی هەموو تاکەکان بەیەکدی و فەرامۆشکردنی هەمەڕەنگییەکان. پەیوەندیی دەمجی

مەحکومکردنی تاکەکەسە بە سڕینەوەی هەموو ڕووکارە فەردییەکانی خۆی، هەموو ڕووکارە ئۆتۆنۆم و ڕووکارە تایبەتەکانی ژیانی خۆی وەک تاکەکەس. ئەم شێوە پەیوەندییە بە پلەی یەکەم مانای گۆڕینی تاکەکەسە بۆ بوونەوەرێکی بێ دەمووچاو، بێ کەسایەتی و بێ ڕۆح و بێ بڕیار و بێ دەسەڵات و دواجار بێ چارەنووس. لە دونیای ئێمەدا، تاکەکەسی کورد مەحکومە بەوەی هەموو جیاوازییەکانی خۆی بچەپێنێت و یەکە یەکەیان ڕەتبکاتەوە و نەیاندۆزێتەوە و بەرزیاننەکاتەوە بە ڕووی دونیای دەرەوەدا. لە خێزاندا، پەیوەندی دەمجی یاسای سەرەکی گرێدان و نووقمکردنی تاکەکەسە لەناو خێزاندا. قازانجی خێزان وەک گشتێک، ناوبانگی خێزان وەک کۆیەک و مانەوەی خێزان وەک ڕاستییەکی کولتوری پیرۆزکراو - بەهەمان بونیادی باوکسالارییەوە- لە قازانج و ناوبانگ و مانەوەی تاکەکەس گرنگترە. کولتوری ئێمە مەودای ئەوە بەتاکەکان نادات بوونی خۆیان، ناوبانگی خۆیان، مانەوەی خۆیان بەهەمان ئەندازەی گرنگیی و پیرۆزیی خێزان و لە دەرەوەی ڕەهەندی خێزاندا بەرهەمبهێنێت و هێڵێک، ماوەیەک، فاریزەیەک لەنێوان خۆیان و ڕووکارە کۆییەکانی خێزاندا بکێشن.

دەمجبوون لەم ڕەوتەدا مانای دووبارەکردنەوەی هەموو ئەو بونیاد و پەیوەندییانەی جیاوازی دەکوژن و وێکچوون بەرهەمدەهێنن، وێکچوون لەسەر بنەمای چەپاندنی هەموو ئەو چەمک و دید و بۆچوونانەی هێما بۆ کەسایەتیە جیاوازەکان و لێکدانەوە جیاوازەکان و پەیوەندییە جیاوازەکان دەکەن. "پەیوەندی دەمجی" لە خێزاندا مانای ئەوەیە نەوە نوێکان هەمان بەها و بابەت و وێنەی نەوەکانی بەر لە خۆیان دووبارەبکەنەوە، منداڵان دەبێ هەمان وێنەی باوکیان بەرهەمبهێننەوە، خێزان دەبێت ماناکانی باوک، بۆچوونەکانی باوک، بەهاکانی باوک، بە کورتی دونیای ڕەمزی و ڕۆحی باوک، کەلە واقیعی ئێمەدا دونیایەکی پاتریارکی تۆقێنەر و چەپێنەرە- نەک وەک بەڵگە نەویستێک قبووڵبکات، بەڵکو وەک پیرۆزێک مامەڵەی

لەگەڵدا بکات. ئەمەش مانای ئەوەی ئەم مانایانە دەبێت بارگاوی بکرێن بەبونیانێکی سایکۆلۆژی ئایینی، کە تێیدا گومانکردن لەڕووە پیرۆزەکانی ئەو پێکهاتەیە و قبوڵنەکردنی، ببێتە هۆی ئەوەی تاکەکەس بکرێتە دەرەوەی ئەو چوارچێوە ڕەمزییانەوە، کە بەهاکان و ماناکان و هێڵەگشتییەکانی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دەستنیشاندەکات. ئەو منداڵەی جورئەتی ئەوە دەکات جیاوازییەکانی خۆی بە ڕووی سیستەمی خێزاندا، بەڕووی بەها و نرخ و هیراركیەتی خێزاندا بەرزبکاتەوە و بەرگری لە فەردیەتی خۆی لە هەڵبژاردن و بڕیار و دروستکردنی دونیای تایبەتی خۆی بکات و یاسای دەمجبوون و وێکچوون نەسەلمێنێت، ئەو منداڵە وەک نەفرەتلێکراوێک دەنرخێنرێت. پەیوەندیی تاکی کوردی و نەفرەت پەیوەندییەکی بەرچاوە، حیکایەتێکە باس لە چارەنووسی پاڵەوانێکی تراژیدی دەکات، پاڵەوانێک، کە هاوسەنگی خۆی و دونیا و هاوسەنگی خۆی و فەزای ڕۆحی لەدەستداوە، پاڵەوانێک کۆمەڵگا تووڕیدەداتە ئەودیو سنوورەکانییەوە و لەلوتکەی پاڵەوانبوونیدا لە ڕووی ڕۆحی و سایکۆلۆژیەوە هەتیویخستوە بەکورتی چەمکی جیاوازی لە ئاستی خێزان و شوێنی کۆمەڵایەتی خێزاندا لەناو پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی ئێمەدا هەڵگری هەموو ئەو مانا کۆمەڵایەتی و کولتورییە نێگەتیڤانەیە، کە کولتوری پاتریاركییەت بەرهەمیاندەهێنێت. جیاوازی لەم ناوەندە ڕەمزیەدا وەک شتێکی خراپ و پڕمەترسی و دژ بە یەکگرتن و دژ بە پاراستنی پەیوەندییەکان و ڕاگرتنی هاوسەنگییەکان دەنرخێنرێت. جیاوازی وەک مەترسیەک بۆسەر توانا و ئەگەری مانەوە تەماشادەکرێت و تابتوانرێت مەوداکانی ئامادەبوونی بەرتەسکدەکرێتەوە.

لە دوای خێزان دەشێت خێڵ ئەو گروپەی دیکەبێت، کە تاکەکەسی کوردیی خۆی لەهەناودا دەدۆزێتەوە. بێگومان لەدونیای ئێمەدا گروپی دیکەش لەئارادان، کە لەدەرەوەی خێزان و خێڵدا سەرزەمینی کۆکردنەوەی ئینسانی ئێمەن، بەڵام بەوەی

دواجار بونیادی گروپ لەواقیعی ئێمەدا هەمان بونیادی خێزان و خێڵ دووبارەدەکاتەوە و بەهەمان فۆرم و هەمان شێوازی پەیوەندی و پێکهاتەی دەسەڵاتەوە کاردەکات، بۆیە لێرەدا زیاتر پێ لەسەر خێڵ وەک گروپی دوای خێزان دادەگرم. بەتایبەتی چونکە خێڵ لە بیست ساڵی ڕابردوودا بەئاشکرا ڕۆڵی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمەدا گەورەتر و کاریگەرتر بووە. ئەگەر خێڵ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆبوونەوەی کۆمەڵێ خێزان و بەرەبابی جیاوازبێت لەناو دەزگایەکی گەورەتر لەدەزگای خێزاندا، ئەوا یاسای دروستبوون و کارکردن و بەردەوامبوونی خێڵیش لەسەر هەمان سڕینەوەی ئەو جیاوازییانە دروستدەبێت، کە لەنێوان خێزانەکانی ناو یەک خێڵدا هەیە و دروستیشدەبێت. خێڵ کۆیەکی گەورەیە لەسەر بنەمای سڕینەوەی جیاوازییەکانی ناو کۆ بچووکەکانی ناو هەناوی دروستدەبێت، بەرهەمهێنانەوەی هەمان بونیادی خێزانە، بەڵام لە ئاستێکی گەورەتردا. لێرەوەیە مارکس خێڵ بە "خێزانێکی گەورە" ناونووسدەکات. دەمجبوون لە خێڵدا، وەک دەمجبوون لە خێزاندا، پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و سەرلەبەری جەستەی کۆمەڵایەتی خێڵ دادەپۆشێت. لەڕاستیدا پرۆسەی وێکچوون لەخێڵدا توندتر و چاودێریکراوترە، چونکە مەسەلەی دەمجبوون، یان نەبوون لە خێڵدا کۆمەڵێ دەرەنجامی کۆمەڵایەتی و سیاسی لێدەکەوێتەوە، کە گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ پاراستن و مانەوەی خێڵەکە وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ. لە دۆخێکی لەوبابەتەشدا پاراستنی خێزان وابەستەی پاراستنی خێڵە و تێکشکانی خێڵ مانای تێکشکانی خێزانیشە. لێرەوە ئامانجی سەرەکی خێزان لە پێکهاتەیەکی لەوبابەتەدا تاڕادەیەکی زۆر پاراستن و قایمڕاگرتنی پایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەسەڵاتدارییەکانی خێڵە. بێگومان مەرجی سەرەکی دەمجبوون لە خێڵدا دەمجبوونی پێشینە لە خێزاندا. ئەو تاکەکەسەی لەخێزاندا دەمج نەبووبێت زەحمەتە بتوانێت لە خێڵدا دەمجببێت. ئەوەشی لە خێڵدا دەمجدەبێت مانای ئەوەی پێشوەخت لە خێزاندا دەمجبووە.

لەنێوان دەمجبوون لە خێزان و دەمجبوون لەخێڵدا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە. بەڵام دەرەنجامەکانی دەمجبوون لە خێڵدا لە زۆر ڕووەوە لە دەرەنجامەکانی دەمجبوون لە خێزاندا گرنگترە. پەیوەندی دەمجی لەگەڵ خێڵدا تاکە پەناگایەکی ئەمین و دڵنیاکەرە هەم بۆ خێزان خۆی و هەم بۆ تاکەکەسیش. بۆ ماوەیەکی درێژ ئاسایشی مرۆڤ لە دونیای ئێمەدا تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی بڕی ئەو داکۆکیلێکردن و پاراستنە بووە، کە خێڵ بۆی مەیسەرکردووە. پەناگای سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی مرۆڤی ئێمە ئەو هێزە بووە، کە خێڵ هەم لە واقیعدا و هەم لە فانتازیای ئەودا دروستیکردووە. لێرەوە دەمجبوون لە خێڵدا و سڕینەوەی هەموو ئەو جیاوازییانەی دەشێت درزێک بکاتە پەیوەندی نێوان تاکەکەس و خێڵ، یاسای سەرەکی مانەوە و ئاسایشی مرۆڤی ئێمە بووە. هەر تاکێکیش بۆ هەر هۆیەک لە هۆکان جیاوازی خۆی و فەردیەتی خۆی بەڕووی یاسا دەمجییەکانی ناو خێڵدا بەرزکردبێتەوە، ئەوا تاقە چارەسەر هەڵاتن و پەنابردنە بەر خێڵێکی دیکە بووە. هەڵاتن بووە لە کۆیەک بەرەو کۆیەکی دیکە، سەندنەوەی مافی جیاوازبوون بووە لە شوێنێکدا بۆ دۆڕاندنی لە شوێنێکی دیکەدا. کەلەپووری ئێمە پڕە لە نموونەی ئەو شێوە هەڵاتن و ناڕەزاییانە، بەڵام ئەوەی شوێنی سەرنجە هەرگیز ئێمە لە لێکدانەوەماندا بۆ ئەو ڕووداوە کەلەپوورییانە قسەمان لەسەر فەردیەت و بەرگریکردن لە فەردیەت لای ئەو کەسانە نەکردووە، هەرگیز نەمان گوتوە ئەمانە بەرگریکەرن لە بیرۆکەی جیاوازی، بەپێچەوانەوە بەردەوام قسەمان لە پاڵەوانێتی و قارەمانی ئەو یاخیگەرانە کردووە. ئەوەی خێڵی بەجێهێشتوە و لە دژی ئەو هەڵوێستی وەرگرتووە لە کولتوری ئێمەدا وەک تاکەکەس نەناسراوە و کارەکەشی وەک هەوڵدان بۆ پاراستنی تاکایەتی نەناسراوە. ئەوکەسانە لە باتی ئەوە شوناسی پاڵەوانیان پێدراوە. بە پاڵەوانکردنی تاکەکەسەکانیش بەخشینی کۆمەڵێک سیفەتی ئەفسانەیی بان ـ مێژوویی و بان ـ ئینسانییە، کە دەریاندەکاتە دەرەوەی سیاقە

مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکانەوە و گرنگیان وەک بوونەوەرێکی جیاواز کەمدەکاتەوە. بەم مانایەش کولتوری ئێمە لەڕێگای بە پاڵەوانکردنی کەسە جیاوازەکانەوە یاخیگەرە سۆسیۆلۆژییەکانی خۆی، نەک بەتەنیا لە فەردیەت و جیاوازبوونی خۆیان دابڕیوە، بەڵکو لە وەشی دابڕیون، کە مرۆڤ بن. بێگومان لە ڕەوتێکی لەم بابەتەدا دیسانەوە جیاوازی وەک هەڵبژاردنێکی تاکانە چەمکێکی نەفرەتلێکراوە، چەمکێکە نائارام و شێوێنەر، هەڕەشەیەکە و لە خێڵ کراوە. بۆیە تاقە چارەسەر بریتیبووە لە خۆبەدەستەوەدان و وازهێنان لە فەردیەت و گەڕانەوەبووە بۆ ئامێزی خێڵ، یان هەڵاتن بووە لە خێڵ بەرەو خێڵێکی دیکە.

بەڵام ئەمە دواهەمین ماناو دواهەمین فۆرمی ئامادەبوونی چەمکی جیاوازی نییە لە کولتور و دونیای سۆسیۆلۆژی ئێمەدا. ئەمە دواهەمین دەرکەوتێک نییە چەمکی جیاوازی لە دونیای ئێمەدا بیگرێتەخۆی. بەمانایەکی دیکە چەمکی جیاوازی لەدونیای ئێمەدا تەنها هەڵگری ئەو مانا نێگەتیڤانەی سەرەوە نییە، بەڵکو لە ئاستێکی دیکەدا و بۆ مەبەستێکی دیکە کۆمەڵێ مانای پۆزەتیڤیشی هەیە. ئەو ئاستەش ئاستی پەیوەندییەکانی خێڵە لەگەڵ دونیای دەرەوەی خێڵدا. ئەگەر تاکەکەس لە ئاستی خێزان و خێڵدا ناچاربێت دەمووچاوی خۆی ونبکات بۆ ئەوەی ڕووخساری خێزان و خێڵ بباتەوە، شوناسی خۆی وەک فەردێک بدۆڕێنێ بۆ ئەوەی شوناسی خێڵی دەسکەوێت، ئەوا لە ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەی خێڵدا تاکەکەس دەبێت جیاوازی خۆی وەک ئەندامی خێڵێکی دیاریکراو بەڕووی خێڵەکانی دیکەدا بەرزبکاتەوە، شوناسی خۆی وەک کوڕی خێڵێکی دیاریکراو لە شوناسی خێڵەکانی دیکە جیاکاتەوە. لێرەدا تاکەکەس ئەو جیاوازییەی بەناچاری لە ئاستی ئەندامبوونی لە خێزانێک و لە خێڵێکدا دەیچەپێنێ و ڕەتیدەکاتەوە، دەبێت لە ئاستی دووهەمدا بەڕووی دونیای دەرەوەی خێڵدا بەرزبکاتەوە و بیپارێزێت. بە مانایەکی دیکە لەبەردەم خێزان و خێڵەکەی خۆیدا دەم و چاوی

خۆی و جیاوازییەکانی بتۆرێنێت، بەڵام لە بەرامبەر خێڵەکانی دیکەدا ئەم دەم و چاوە تایبەتەی خۆی نیشانبداتەوە و پێی لەسەرداگرێت. ئەمەش بۆخۆی گەمەیەکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییە، کە یاساکانی سەرتاپا دژیەیەک و ناکۆک و پڕکێشەن لەگەڵ یەکدیدا.

وەک گوتمان دەمجبوونی تاکەکەس لە ناو خێزان و خێڵدا، بەو شێوەیەی لە سەرەوە هێڵە گشتیەکانیمان دیاریکرد، ئامادەکردنی تاکەکەس نییە بۆ دەمجبوون لە نێو پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەودیوی خێڵدا. خێڵ لە گەمەی دەمجکردنی تاکەکەس لە ئامێزیدا، ئەو ئامادەگییە گشتییە لە تاکەکەسدا دروستناکات، وای لێبکات لەگەڵ ئەو پێکهاتانەی دیکەدا، کە دەکەونە ئەودیو خێڵەوە و فۆرمێکی دیکەی دەمجبوون دەخوازن، پەیوەندییەکی تەندروستی هەبێت. بۆ نموونە دەمجبوون لەناو خێزان و خێڵدا دەمجبوون نییە لەناو نەتەوەدا، نەتەوە خوازیاری فۆرمی دیکەی دەمجبوونە، کە دەمجبوونی ناو خێڵ و خێزان ناتوانن دابینیبکەن. نەتەوە ئەو پەیوەندی و فانتازیایانەی گەرەکە، کە دەکەونە ئەودیوی پەیوەندییە بەرتەسک و ناوەکییەکانی ناو خێزان و خێڵەوە. لەڕاستیدا پەیوەندی نەتەوەیی کاتێک دروستدەبێت، کە فانتازییەکانی خێڵ شوێنیخۆی چۆڵکربێت بۆ فانتازیاکانی نەتەوە. ئەو ڕووخسارەی تاکەکەس لەبەردەم خێڵدا ئەیدۆرێنێت بۆ ئەوەی ڕوخساری خێڵ بباتەوە، ڕووخسارێکە نیشانەکانی خێڵ و یاساکانی خێڵ سنوورەکانی بۆنەخشاندووە و شیاو و نەشیاوەکانی بەوردی بۆ دەستنیشانکردووە. تێنەپەڕاندنی ئەم ڕووخسارە خێڵەکییە بەرەو ڕوخساری دیکە، بۆنموونە گەشەنەکردنی پەیوەندییەکانی خێڵ بۆ پەیوەندی چینایەتی، یان پەیوەندی نەتەوەیی، بەبێ وەستاندنی ئەو پرۆسەی دەمجبوونەی خێڵ ئینسانەکانی تێدا بەنددەکات و بە شوناسێکی بچووکتر و بەرتەسکتر لە چین و نەتەوە مەحکومیان دەکات، کارێکی مەحاڵە. ئەنترۆپۆلۆژەکان شێوەی پەیوەندییەکانی ناو خێڵ بە

"پەیوەندییەکانی خزمخواهی" ناودەبەن، ئەم پەیوەندییانە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای "پەیوەندییەکانی خوێن" دروستدەبن، خێڵ لەم پەیوەندییانەدا دەبێتە ماڵ، یان نیشتیمانێکی بچووک، بێگومان تێکەڵبوونی خوێنی تاکەکەس بە خوێنی خێزان و بە خوێنی خێڵ، مانای تێکەڵبوونی ئەو خوێنە نییە بە خوێنی ئەو پێکهاتانەی دیکەی سنورەکانیان دەکەونە ئەودیوی سنوورەکانی خێڵەوە.

بەکورتی مرۆڤی ئێمە لەئاستی ناوەکیدا فەردیەتی خۆی دەدۆڕێنێ بۆ ئەوەی کۆیبوونی خێزان و خێڵ بیاتەوە، بەڵام لە ئاستی دەرەکیدا کۆییبوونی چین و نەتەوە، کۆییبوونی ئەودیوی سنوورەکانی خێڵ، دەدۆڕێنێ بۆ ئەوەی "فەردیەتی خێڵ" بیاتەوە. بەمجۆرە مرۆڤی ئێمە لە دواهەمین ئەنجامدا هەم فەردیەتی خۆی وەک تاکێکی سەربەخۆ دەدۆڕێنێ و هەم هەمان ئەو گشتە گەورانەش دەدۆڕێنێ، کە لەودیوی خێڵەوە دروستدەبن. لێرەوە لە دونیای ئێمەدا چەندە فەردیەت ونە، بەهەمان ئەندازەش ڕۆحی چینایەتی ونە، چەندە تاکەکەس ونە بەهەمان ڕادەش خودی نەتەوە خۆی ونە. ڕێکەوتیش نییە لە ئەزموونی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا فەردیەت و ناسیۆنالیزم، تاکەکەس و نەتەوە بە یەکەوە لەدایکبوون و هەردووکیان یەک پرۆسە هێناونی، ئەو پرۆسەیەش پرۆسەی مۆدێرنەیە.

-١٥-

لاوازیی ئامادەگی چەمکی جیاوازی لە کولتوری ئێمەدا پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی تایبەت دەخولقێنێ، کە خاڵی سەرەکی تێیدا لاوازی و بچووکی "من" ە لە بەرامبەر دەسەڵات و جەبەروتی "بەرزەمن" دا. لە دونیای ئێمەدا ئەم پرۆسەیە ئەوەندە سەختە، کە پانتایی "من" بەڕادەیەکی ترسناک بچووک و پانتایی "بەرزەمن"

بەڕادەیەکـــی ترســـناک گەورەیە. ئەمەش دیـــاردەیەکی ســـایکۆلۆژی و ڕۆحـــی بەرهەمدەهێنێت دەکرێ ناوی بنێین "بچووکگەرایی". ئەم بچـووکگەراییەش فـۆرمی جیاجیا دەگرێتەخـۆی، بۆنمـوونە بچـووکی مرۆڤـی ئـێمە لەبەردەم سـەرکردەکاندا، بچووکی منـاڵان لەبەردەم باوکانـدا، بچـووکی ئەنـدامانی خێـزان لەبەردەم خێزانـدا، بچـووکی هاووڵاتیـان لەبەردەم دەزگاکانـدا، بچـووکی نەوە نوێکـان لەبەردەم نەوە کۆنەکاندا. "مـن" لە کولتـوری ئـێمەدا سـومبولی خۆپەرستییە، ئەو دەنـگەی، کە دەڵێـت "مـن" و ناڵێـت "ئـێمە" دەنگێکـی تاوانبـارە، تەنـانەت بەشـێکی گەورەی ئەدەبی ئێمە تا ساتی ئێستامان هەڵگری تۆنەکای دەنگـی "ئـێمەیە" نەک دەنگـی تـاکەکەس، "مـن" لەوێشـدا بـوونەوەرێکی نەفرەتلێکـراو و نـاچیزە. لە فەزایەکـی کولتوریی لەو بـابەتەدا مرۆڤـی ئـێمە ناتوانێـت بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ و بەربـڵاو پەیوەندی خۆی بەدونیا و دەورووبەرەوە دەستنیشانبکات، ناتوانێت ئەزموونی خۆی، ڕاڤەی خۆی، مانای خۆی بۆ دیاردەکـان هەبێـت. لەو دۆخەدا مرۆڤـی ئـێمە لەژێـر جەبری واقیعی و ڕەمزیی بەها و نرخ و سیمبۆڵەکانی ناو "بەرزەمنـی کـۆمەڵایەتی" دا بۆتە بوونەوەرێکی بێدەنگ و ترساو، بوونەوەرێکی گوێڕایەڵ و خۆبەدەستەوەدەر بەو یاسا پاتریارکییـانەی لە منـاڵییەوە هەمـوو ڕۆحێکـی تۆتۆنـۆم و جیـاوازخوازی تێـدادەکوژن. لەدۆخێکـی لەویـابەتەدا ئینســـان هەر لە منـــاڵییەوە فێردەکرێـــت ڕاڤەکردنەکـانی کـۆ، وەڵامەکـانی کـۆ، هەڵوێسـتەکانی کـۆ، بکـاتە ڕاڤە و وەڵام و هەڵوێسـتی خـۆی. هەر لەمنـاڵییەوە "مـن" سـەرکوتدەکرێت و دەچەپێنرێـت، لە کۆتاییشدا هەموو ئەو سەرچڵییە فیکریی و ڕۆحی و ژیارییـانەش دەچەپێنرێـت، کە دەشـێت "مـن" لە ئەزمـوونی خـۆیەوە بـۆ دونیـا و لەڕاڤەکردنـی خـۆیەوە بـۆ ئەزموونەکانی تر، بەدەستیانبهێنێت. هەر ئەمەشە وادەکات مرۆڤی ئـێمە بەئاسـانی ببێـتە گەمەی دەسـتی "کـۆ" جیاوازەکـانی دونیـای ئـێمە، هەر ئەمەشـە وادەکـات حیـزب وەک "کـۆ" یەکـی تـایبەت بتوانێـت بە بڕیارێـک هەزاران کەس ڕووبەڕووی

جەنگێکی خوێناوی بکاتەوە، یاخود سەرۆکی "خێڵ" ێک بتوانێت لەباتی هەموو خێڵەکەی بڕیاردات و"پیاوەکان" ی بەو ئاڕاستەیەدا ببات، کە خۆی دەیەوێت.

مۆڕاڵی باڵادەست لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە تەماشاکردن و نرخاندنی تاکەکاندا عەودالّی ناسینی ئینتما کۆییەکانی تاکە کەسە. سەر بە چ خێزان و خێڵ و حیزب و ناوچەیەکیت؟ ئەمە پرسیاری سەرەکی شوناسە لە کولتوری ئێمەدا و ئەمە فەزای نرخاندنە کۆمەڵایەتییەکانە لەدونیای ئێمەدا. بێگومان لە ڕۆژگاری ئێستاماندا گروپی هەرە گرنگ لە کۆمەڵگای ئێمەدا حیزبە، حیزبە، کە دەتوانێ گروپەکانی دیکە بنرخێنێ، حیزبە شوناسەکان دابەشدەکات، حیزبە ئەرێ و نەرێکان بەرهەمدەهێنێ، حیزبە لەناو "بەرزەمندا" جێگیرە، حیزبە پەیوەندیی نێوان "ئەستی کۆ" و "من" ی کۆمەڵایەتی دەستنیشان و کۆنترۆڵدەکات، حیزبە پرۆسەکانی تەماهیکردن بەڕێوەدەبات و چاودێریشیاندەکات. بەکورتی دەکرێ قسە لە "عوسابێکی کۆمەڵایەتی" گشتی بکەین، کە حیزب سەرچاوە و ئامرازی هەرە سەرەکی ئەو عوسابەیە، عوسابێک، کە بەجەنگ و پێکدادانی خوێنای تەعبیر لەخۆی دەکات.

-١١-

بەڵام چی ئەو پێکهاتەی سەرەوەی ڕاگرتوە؟ چییە وادەکات مرۆڤی ئێمە هەڵگری ڕووخساری خۆی نەبێت؟ چییە نەرجسییەتی تاکی کورد دەکوژێت و لە گروپێکی وەک خێزان، خێڵ، حیزبدا بەندیدەکات؟ چییە وادەکات ئەم مرۆڤە ببێتە ئامرازێک بۆ پیادەکردنی ئەو ئارەزوو و پلانانەی دەکەوێتە دەرەوەی خۆیەوە؟ چییە وادەکات مرۆڤی ئێمە ئازادی خۆی، فیکری خۆی، ژیانی خۆی، بداتە دەست باوکە

جیاجیاکان، لە باوکی بایەلۆژییەوە بۆ باوکی کولتوری و سیاسیی؟ ئاشکرایە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە زیاد لە هۆکارێک و زیاد لە مۆتیڤێک لەئارادان، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە جێی سەرنجە و لەپەیوەندیدا بە جەنگەوە دەمەوێت پەنجەی بخەمەسەر، هۆکارێکە بەباوەڕی من لە هەموو فەزای کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی ئێمەدا ئامادەیە و ڕۆژانە کاری وێرانکارانەی خۆی لەسەر پێکهاتەی ڕۆحی و عەقڵی مرۆڤی ئێمە و لەسەر بونیادە کۆمەڵایەتی و هێزە جیاوازەکانی ناو واقیعی ئێمە پیادەدەکات، ئەو هۆکارەش توندوتیژییە.

توندوتیژی، هەم توندوتیژی فیزیکی و هەم توندوتیژی ڕەمزی، ئەو فاکتەرەیە لە ناو هەناوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە و لەناو هەناوی بەهاکانەوە دێت و بەتاکەکەسی کورد دەڵێ: تۆ بوونەوەرێکی لاواز و بێ دادە و پەنایت، تۆ بێنرخ و بێداهاتوو، بێهێز و ناکوتەنهایت. توندوتیژییە دێت و بەتاکەکەسی ئێمە دەڵێ تاقە پەناگای گەرم و ڕاستەقینە، تاقە ڕێگای دەربازبوون، تاقە بەهەشتێک، کە هەبێت، باوەشی کۆ و دونیای کۆیە. توندوتیژی مرۆڤی ئێمە زەلیلدەکات و بونیادێکی سایکۆلۆژی وای پێدەبەخشێت، کە زۆربەی ڕەگەزە ئۆتۆنۆمەکانی ناوهەناوی وێراندەکات. توندوتیژی فیزیکی و توندوتیژی ڕەمزی ئینسانی ئێمە دەکەنە بوونەوەرێکی پاشکۆ، ئینسانێک هەمیشە لە دوای دولوە بڕوات، لە دوای دولوە بخوات، لە دوای دولوە تەماشابکات. توندوتیژی چاو لەئینسانی ئێمە دەسێنێتەوە و لەباتی ئەوە دووربینێکی کۆیی پێدەدات، دووربینێک تەنیا ئەو دونیا ساکار و سنوورە دروستکراوانە دەبینێت، کە کۆیەکی دیاریکراو، لە دژایەتیکردن، یاخود هاریکاریکردنی کۆیەکانی دیکەدا دروستیکردووە، دونیایەکی مۆنۆپۆڵکراو و سنووردار.

توندوتیژی وزەیەکی چەپێنەر و بێدەنگکەرە و لە زۆر پانتایی سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگای ئێمەوە دێتەدەرێ، لە خێزاندا توندوتیژی لە پەیوەندیی باوک/ منداڵ،

گەورە/بچووک، نێر/ مێ دا لە چڵەپۆپەدایە، لە کۆمەڵگادا پەیوەندیی نێوان نەوە نوێکان و نەوەکانی پێشتر، سەرکردە و مرۆڤە سادەکان، دەزگاکان و هاوولاتییان، گروپ و تاکەکەس، پەیوەندییەکە توندوتیژی چنیویەتی و توندوتیژی ڕایگرتووە. بونیادی خێزان، بونیادی خێڵ، بونیادی حیزب، بونیادی گروپەکانی دیکە، بەگشتی بونیادێکن لەپاڵ توندوتیژی و لەپاڵ کۆمەڵێک پەیوەندی ناهاوسەنگ و لەپاڵ فەزایەکی فیکریی و ئەخلاقیی توندوتیژدا مانەوە و بەردەوامی خۆیان پاراستوە. بێگومان توندوتیژی وەک هەقیقەتێک، وەک ئامرازێک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیيە کۆمەڵایەتییەکان، ناتوانێت هەمیشە توندوتیژییەکی بەرچاو و بینراو، توندوتیژییەکی مادی بەرجەستە و فیزیایی بێت. دەسەڵات گەمەی خۆی، توندوتیژییەکانی، هەقیقەتەکانی بەردەوام نابینا و نەدیتراو دەکات و بەچەندان ڕەمز و شێوازی جیاواز دایاندەپۆشێت. توندوتیژی بەرگی ڕەمز لەبەردەکات و دەبێتە سیمبۆل، بەرگی ئەخلاق لەبەردەکات و دەبێتە بەها، بەرگی سیاسەت لەبەردەکات و دەبێتە ئایدیۆلۆژیا، لەهەموو ئەم دۆخانەشدا بەشێوەیەکی نادیار و نەبینراو کاردەکات و دەبێتە "توندوتیژییەکی ڕەمزی". لەم دونیا ڕەمزیەدایە دەسەڵات گەمەکانی خۆی نابینادەکات و دونیای ڕاستەقینەی خۆی بە سیمبۆڵ دادەپۆشێ.

بێگومان ئەم ئامادەگییە بەرفراوانەی توندوتیژی بەئاسانی وامانلێدەکات ئەنجامگیریکەین و باس لەغیابی دەیان چەمکی سیاسی و فیکری و ئەخلاقی گرنگ بکەین، کە ناهێڵن پانتاییەکانی توندوتیژی ڕەمزی و توندوتیژی فیزیایی لە مێژوویەکی دیاریکراودا پەرەبسێنێت. من لێرەدا تەنیا لە چەمکی "لێبوردن" دەدوێم، بەو پێیەی ئەم چەمکە یەکێ لەکۆڵەکە گەورەکانی هاتنەکایەی کۆمەڵگای مۆدێرن و کایەی سیاسی مۆدێرنە. هەروەها ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی پتەویشی بە چەمکەکانی "جیاوازی" و "شوناس" و "ئەویتر" و "ئازادی" یەوە هەیە، کە هەموویان بەسەریەکەوە بنەماکانی ژیانی دیموکراسییانەی بێ توندتیژی، یان بە

توندوتیژییەکی کەمەوە، دەستنیشاندەکەن. لە ڕێنیسانسـەوە چەمکـی لێبـوردن لە فیکری سیاسی هاوچەرخدا ئامادەیە و مێژوویەکی درێژی لەپشتەوەیە و تائێستاش بەچەند قۆناغێکی جیاوازی گۆڕان و گەشەکردن و فرلوانبوونی ماناکانیدا تێپەڕیوە، کەبەداخەوە من لێرەدا مەودای پیاچونەوە و ناساندنی ئەو مێژوو و گۆڕانکارییـانەم نییە. چەمکی لێبوردن قسە لەبڕی کرانەوەی سنووری ئەخلاقـی و کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانی کۆمەڵگـایەکی دیـاریکرلو دەکـات بە ڕووی مانــای جیــاواز و بیرکردنەوەی جیاواز و شێوەی ژیانی جیاواز و کەسایەتی جیاوازدا. ئامـادەنەبوونی چەمکـی لێبـوردن خـۆی لەخۆیـدا هێمـایە بـۆ ئامـادەبوونی ناوەنـدێکی سیاسـی و کولتوری و لەوێشەوە کەسایەتیەکی داخراوی دەسەڵاتگەر. بەبێ چەمکـی لێبـوردن ناکرێت قسە لە ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی تەندروست و پتەو و باوەڕپێکراو بکەین.

لەڕاسـتیدا سـەرهەڵدانی چەمکـی لێبـوردن لە کومەڵگاکـانی خۆرئاواشـدا بەتەواوی هاوتـای هەوڵـدانی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و کولتـوری ئەو کومەڵگایـانە بـوو بـۆ وەستاندن و کۆتاییهێنانی بە جەنـگە ئایینیەکـان، بەتـاییەتی لەسـەدەی شـازدە و هەڤدەهەمدا. لێبوردن سەرەتا مانای "بێدەنگکردنی تفەنگەکان" بـووە، دواتـر و لە قۆنـاغێکی پێشـکەوتووتردا لێبـوردن لە بێـدەنگکردنی تفەنگەکـانەوە بـووە بە "ئایدیالێکی ئەخلاقی"، یان مۆراڵی و بووە بە بەشێک لە پێکهـاتەی ئەخلاقـی ئەو کومەڵگایـانە. سـەرچاوەی چەمکـی لێبـوردن، وەک زۆربەی چەمـکە سیاسـی و کولتـورییە هاوچەرخەکـانی دیـکە لە ڕۆژئـاوادا، سـەرچاوەیەکی ئەنـوارییە، واتە لە ڕۆشنگەرییەوە هـاتووە و ڕەگەکـانی لەنـاو بیرکـردنەوەی فەیلەسـووفانی "پەیمـانی کۆمەڵایەتی"دایە، لە لۆکەوە بۆ ڕۆسۆ و دوای ئەوانیش لەناو فەلسەفەی ئەخلاقی و سیاسی ئیمانوێل کانتدا.

جـۆن لـۆک بیـرۆکەی لێبـوردن بەتونـدی دەبەسـتێتەوە بەبێتوانـایی مـرۆڤ لە گەیشتنیدا بەڕاستی و هەقیقەت، بەتایبەتی هەقیقەتی ئەبستراکت و نەبینرلو. لۆک

پێیوایە تواناکانی مرۆڤ بۆ ناسین و گەیشتن بە ڕاستی، توانایەکی سنووردار و دیاریکراون، کەس ناتوانێ هەڵگری هەموو ڕاستییەکان و هەموو پێناس و ناسینەکان بێت بەسەریەکەوە، ئینسان لە دیدی لۆکدا بوونەوەرەێکی نوقسانە و ئەوەی تاکەکەسێک دەیزانێت تەنها بەشێکی زانیارییەکان و بەشێکی ڕاستییەکانە. بۆیە بۆئەوەی ئینسانەکان بتوانن بەیەکەوەبژین دەبێت ئەوەیان قبووڵبێت، کە هەریەکێکیان بەشێک لە هەقیقەت و بەشێک لە ڕاستییەکان و لە زانیاریەکانی پێیە. بۆیە دەبێت هەریەکێکمان لەوە ببورین، کە ئەویدیکەمان هەڵگری ڕاستییەکە جیاوازە لە ڕاستییەکەی ئێمە. بەباوەڕی لۆک لێبوردن چارەسەرێکە بۆ داپۆشینی ئەو کەموکوڕییە ئینسانییە، ئەو بێتوانابییەی ئینسان لەگەیشتن بە هەموو ڕاستیەکان. بەباوەڕی لۆک ئەم کەموکوڕییە کەموکوڕییەکی وجودییە، هەمیشە و هەردەم لەگەڵ ئینساندایە، بۆیە پێویستە خەڵک بەرەو فیکرە و کردەی لێبوردن بیات.

ئەگەرچی فیکرەی لێبوردن لەجەوهەردا پەیوەندی بەجەنگە دینیەکانەوە هەیە، بەڵام هەم دواتر و هەم ئێستا ماناکانی ئەم چەمکە فراوانتر و گشتیتر دەبێت و بەتەنها لێبوردنی ئایینی ناگرێتەوە. ئێرە شوێنی نیشاندان و کەوتنەدوای مانا جیاوازەکانی چەمکی لێبوردن نییە و خوێنەر خۆی دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئەو هەموو سەرچاوە زۆرانەی چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوودا ئەم چەمکەیان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێکداوەتەوە. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە پێی لە سەرداگرم و نیشانیبدەم ئەوەیە، کە نابێت فیکرەی لێبوردن وەک لێبوردنی خێڵێک، حیزبێک، یاخود گروپێک بۆ حیزب و خێڵ و گروپێکی دیکە تەماشابکەین. نابێت پێمانوابێت لێبوردن موفاوەزاتی نێوان دوو گروهە بۆ پاراستنی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی هێز لەنێوانیاندا، دەبێت بیرۆکەی لێبوردن بەتەنها لە کایەی سیاسەت و کایەی دەسەڵاتدا بەندنەکەین، بەڵکو ڕاستەوخۆ دایبەزێنینە

ئاستی پەیوەندییە حەیاتیە ڕۆژانەییەکانەوە و ببێتە لێبوردنی تاکەکەسێک بۆ تاکەکەسێکی دیکە، لێبوردنی دوو ڕای جیاواز لە یەکتری، لێبوردنی دوو دیدی جیاواز، دوو ئەخلاقیەتی جیاواز، دوو ڕەگەزی جیاواز، دوو هەقیقەتی جیاواز لەیەکتری. لێبوردن دەبێت ڕزگاربکرێت لە مانای لێبوردنی گشتی گروپێ بۆ گروپێکی دیکە و دەرکرێ لە سنووردارکردنی بەمانا سیاسییەکان بەتەنها و نەکرێت بە سیمبۆڵی سازشی دوو هێز لەگەڵ یەکتریدا. ئەم چەمکە دەبێ ببێتە چەمکێکی شارستانی، ببێتە بەشێکی گرنگ لە کەشێکی ئەخلاقی و فیکریی، ببێتە سیستەمێک لە مامەڵەکردن بە مەرجێ هەموو ئەوانەی دەکەونە سنوورەکانی ئەو سیستەمەوە لەژێر کاریگەریەکانیدابن و لێبوردن بووبێتە بەشێک لە پێکهاتەی ئەخلاقی و سیاسی و کولتوریان. بەکورتی لێبوردن دەبێ ببێت بە بەشێک لە پراکتیکی ڕۆژانەی ژیان لەهەموو ئاست و کایە و ڕەهەندە جیاجیاکانیدا، لێبوردن دەبێ ببێ بە ئەخلاق، ولتە مۆراڵ.

-١٣-

ئەگەر کولتوری ئێمە و کارکردنی کۆمەڵێک لە چەمکەکانی ناوی و غیابی هەندێ چەمکی دیکە تیایدا، یەکێک لە فاکتەرە ناوەکییەکانی ئامادەگی زەمینەیەکی ناوخۆیی لەبارێت بۆ بەرپابوونی جەنگ، ئەوا ستراکتووری کۆمەڵایەتی کوردیش فاکتەرێکی دیکەی تەقینەوەی ناکۆکیەکانە بۆ ئاستی بەرپابوون و هەڵگیرسانی جەنگ. با هەوڵدەین ئەم بۆچوونە زیاتر شیبکەینەوە. سەردەمانێکی درێژ ئێمە نەخشەی سۆسیولۆژیی کۆمەڵگای کوردیمان بەپێوەر و نەخشە تەقلیدییەکەی مارکسیزمی ڕەسمی دەپێوا. قسەمان لە ناکۆکی چارەهەڵنەگری نێوان "پرۆلیتاریا"

و "بورژوازی کوردی" دەکرد و لەنێوان ئەو دوو "چینە" سەرەکیەشدا قسەمان لە "بورژوازییەکی بچووک" دەکرد، کە "دڵەڕاوکێ" و هەڵبەز و دابەزی چینایەتی گومڕا و نابینا و ترسنۆکی کردووە. خۆ ئەگەر زۆر لیبرال بووینایە، دەمانگوت تائێستاش "دەرەبەگایەتی" پاشماوەی لە کوردستاندا ماوە و فیودالیزم تا ئێستاش کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی سۆسیۆلوژی ئێمە و دیاردەکانی هەناوی ناو ئەو پێکهاتەیە هەر ماوە. هەروەها باسمان لەوەدەکرد، کە جوتیاران لەژێر سەرکردایەتی "پرۆلیتاریا" و "پارتە پێشڕەوەکەی" دا سۆسیالیزممان لە نێو شاخ و دەشتە بەیارەکانی کوردستاندا بۆ بنیاددەنێن. ئەم نەخشە سۆسیۆلۆژییە سادەیە ئەوەندە جێگای باوەڕ و متمانە بوو، ئەوەندە بەڵگەنەویستانە قبووڵکراو بوو، هەموو گۆشەنیگایەکی دیکەی بۆ تەماشاکردن و خوێندنەوەی پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی ئێمەی بەلاوەنابوو.

ئەو ڕاستییەی، کە سەرمایەداری سیستەمێکی گەردوونیە و شێوە بەرهەمهێنانی باڵادەستە لە ساتەوەختی ئێستای مێژووی مرۆڤایەتیدا، مانای ئەوەنییە خۆبەخۆ هەموو دونیا و هەموو کۆمەڵگاکان یەک پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی و یەک تەوقیتی کۆمەڵایەتی و یەکجۆر ناکۆکی و یەکجۆر ئایینده و یەکجۆر کێشەیان هەیە. لەدونیای ئێمەدا سەرمایەداری شێوازێکی تایبەتی بەرهەمهێنانە، کە نەیتوانیوە فۆرمەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کولتوری پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە سەرمایەداری ناو کۆمەڵگای ئێمە ڕاپیکاڵانە بگۆڕێت و لەشوێنیاندا فۆرم و پەیوەندی نوێ پایەداربکات. مەبەستم لەو فۆرمانەش فۆرمی خێڵ و فۆرمی خێزانە، کە تائێستاش لە کۆمەڵگای ئێمەدا تاڕادەیەکی زۆر شوێن و مەوقیعی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵە سیاسی و کولتورییە تەقلیدییەکانی خۆی پاراستوە. سەرەڕای ئەمەش سەرمایەداری لە دونیای ئێمەدا نەیتوانیوە "پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان" لە "پەیوەندییەکانی خزمخواهی" و لەوێوە چەمکە ئابوورییەکان لە چەمکە

ئایدیۆلۆژییەکان دابڕێت و ئابووری بکاتە ئەو هێزەی کەدەشێت لە پشتی زۆر لە گۆڕانکارییەکانەوە بێت. بێگومان ئەم بۆچوونە نایەوێت بڵێت ئابوری ڕۆڵی لە جێگۆڕکێ و ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دونیای ئێمەدا نییە، بەپێچەوانەوە شەڕی ناوخۆی ئەمجارە لە کوردستاندا تاڕادەیەکی زۆر وابەستەی جێگۆڕکێیەکی کۆمەڵایەتییە، کە تێیدا گۆڕینی "مەوقیعی سیاسی" بە "مەوقیعێکی ئابووری" ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت و لانیکەم ئەوەمان بۆلێکدەداتەوە بۆ ئەم شەڕە ناوەستێت. ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە بیلێم ئەوەیە سەرمایەداری لە دونیای ئێمەدا فۆرمی پەیوەندی و فۆرمی ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە سەرمایەداری بەتەواوی و ڕادیکالانە بۆ نەگۆڕاوە، بەڵکو لەناو هەناوی خۆیدا جێی بۆکردونەتەوە و پاراستوشنی. با ئەم بۆچوونە وردتر شیبکەینەوە.

لەسەدەی نۆزدەهەمدا، ئەوەی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێمە و هاوسەنگیی پەیوەندیی نێوان خێڵەکانی ڕادەگرت میرنشینە کوردییەکان بوون. ئەم میرنشینانە چەقی بەتاڵکردنەوەی بارگەکانی جەنگی نێوان ئەو خێلانە بوون، کە دەکەوتنە ژێر چەتر و دەسەلاتی میرنشینەکانەوە. جەنگی خێڵەکان لەبەردەم ئامادەگی میرنشینەکاندا تاڕادەیەکی زۆر دەوەستا و میرەکان دەیانتوانی ڕۆڵی ناوکۆییەک ببینن لەنێوان خێڵە جیاجیاکانی ژێر دەسەلاتیاندا. بێگومان ئەم کۆبوونەوە ناوچەییە ڕێی لەوە نەگرتوە، کە میرنشینەکان خۆیان لە نێوان خۆیاندا پەلاماری خێڵەکیانە بۆسەر یەکتری ببەن. بەمانایەکی دیکە میرنشینەکان ڕۆڵی فیدراسیۆن، یان کۆبوونەوەی، کۆمەڵێک خێڵی تایبەتیان بینیوە لە بەرامبەر میرنشینێکی دیکەدا وەک فیدراسیۆنی کۆمەڵێ خێڵی دیکەدا، هاوکات میرنشینەکان لەنێوان خۆیاندا لە پەیوەندییەکی خێڵەکییەکاندابوون لەگەڵ یەکتریدا.

لەدوای ڕوخان و فەوتانی میرنشینەکان، ئیدی ئەو چوارچێوە سیاسی و

کـۆمەڵایەتییە کـۆکەرەوەیە بزرەبـێ، کە خێڵەکـان بەیەکـدیەوە کۆدەکـاتەوە و کۆمەڵگای ئێمە بەتەواوی دابەشدەبێتەوە بـۆ کـۆمەڵێ خێڵـی بچووک و ناتەبـا و ململانـێکەر، کە میرنشـینەکان نـامێنن ئیـدی ناوەنـدێک بـۆ دەسـەڵات نـامێنێتەوە بتوانێت ئەو هێزە لۆکاڵییە پارچەپارچانە کۆبکاتەوە، ئەگەرچی هەوڵی شـێخەکان، بەتایبەت شێخەکانی تەریقەت بۆ خـۆ بە سـێنتەرکردن و کـۆکردنەوەی خێڵەکـان، وەک مارتن ڤان براوینێسـن دەڵێـت، لەم ڕووەوە هەوڵێکـی بەرچـاوبووە. لەڕاسـتیدا ئەوەی ئەم بـارودۆخە تـایبەت و پـڕ تەقیـنەوەیەی لەجەنـگ و پەلامـاری نـاوخۆ ڕزگارکرد، دوو فاکتەر بوون:

یەکەمیـان ئەو هەلـومەرجە سیاسـییە نێـونەتەوەیی و نـاوچەییەی لەو ڕۆژگـارەدا هاتەکایەوە، کە سەرەتاکانی گوتارێکی نەتەوەیی هێنایەکایەوە و خەڵکی لە دەوری کۆمەڵێک چەمک و مانای سیاسی نـوێ کـۆدەکردەوە، کۆنسـێپتی نەتەوە و بیـری نەتەوەیـی بـۆ نمـوونە. لەپـاڵ ئەمەشـدا هەسـتکردنی کـورد بە هەوڵـدان بـۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی مەسیحی لەو ناوچانەدا، کە کورد لەو ڕۆژگـارەدا بە مـوڵکی خـۆی زانیـوە، هۆکـارێکی گرنـگ بـووە دابەشـبوونە ناوەکییەکـانی هێمنکردۆتەوە. بەمانایەکی دیکە بوونی دوژمنێکی دەرەکی تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵـی هەبووە لە هێمنکردنەوەی کێشە ناوەکییەکاندا.

دووهەم: ئامـادەبوونی بـازاڕی سـەرمایەدارییە وەک ناوەنـدێک بـۆ کـۆکردنەوەی خێڵەکان و کاڵا بەرهەمهێنراوەکانیان.

بەبۆچـوونی مـن بـازاڕی سـەرمایەداری لە نیـوەی دووهەمـی سـەدەی نۆزدەهەم و چارەکەسەدەی یەکەمـی ئەم سـەدەیەدا ئەو ڕۆڵەی بینـی، کە میرنشـینەکان وەک فیدراسـیۆنی خێڵەکـان دەیـانبینی، بـازاڕی سـەرمایەداری و ئـاڵوگۆڕی کـاڵا بەرهەمهاتووەکان بوونە ناوەندی ڕاگرتنـی هاوسـەنگییە نـاوەکییە کۆمەڵایەتیەکـانی دونیـای ئـێمە، بـوونە ناوەنـدێک بـۆ کـۆکردنەوە و نیشـتەجێکردنی خێڵەکـان و

ناوەندێک بۆ ئاڵوگۆڕ و بەرهەمهێنانی کۆمەڵێ پەیوەندیی نوێ. بەڵام ئەم هاوسەنگییە نوێیە، نەیتوانی خێڵ وەک فۆرمێکی سەرەکی و وەک شکڵبەندی کۆمەڵایەتی، هەروەها نەیتوانی پەیوەندییەکانی خزمخواهی، وەک پەیوەندی زاڵ و باڵادەست لەدونیای ئێمەدا، تێکبشکێنێت.

بەدرێژایی ئەم سەدەیە خێڵ و پەیوەندییە خێڵەکییەکان فاکتەرێکی گرنگی ڕووداوەکانی دونیای ئێمە بوون. بەرچاوترین و نزیکترینیان بە یادەوەری ئێمە ڕۆڵی خێڵە لە هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستانی دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩٢ دا. لەم هەڵبژاردنەدا خێڵ و پەیوەندییەکانی خزمخواهی بەئاشکرا ڕۆڵی گەورەیان بینی لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و چۆنیەتی دروستبوون و هاتنەکایە و ئیشکردنی مۆدێرنترین دەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دونیای ئێمەدا، مەبەستم پەرلەمانی کوردییە. ڕاستە نزیکەی سەدەیەکە بازاڕ بووتە شوێنی کۆبوونەوەی خێڵەکان و کاڵاکان بەیەکەوە، بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە نەبۆتە هۆی تواندنەوەی سنوورەکانی خێڵ و تێکەڵبوونیان بەیەکتری. خێڵ وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی داخراو لەناو خۆیدا ماوەتەوە و پەیوەندییەکانی خزمخواهیش لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی بەرچاو و گەورەیان بینیوە و یارمەتیدەرێکی گرنگی مانەوە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەم داخرانە سۆسیۆلۆژییە بوون. سەرمایەداری لە دونیای ئێمەدا خێڵە کۆچەرییەکانی نیشتەجێکرد، ئاشتییەکی ڕێژەیی لە نێوانیاندا هێنایەکایەوە، هەندێ توێژ و گروپی تازەی دروستکرد، کەمێک جەستەی خێڵی بچووککردەوە، بەڵام بونیادی خێڵی بۆ تێکنەشکا، یاسا ناوەکییەکانی ئەو بونیادەی بۆ هەڵنەوەشایەوە و فەزا ڕەمزی و ئەخلاقییەکەی خێڵی بۆ نەگۆڕدرا. دەکرێ تا ئەو شوێنە پێداگرم و بڵێم بازاڕی سەرمایەداری لە دونیای ئێمەدا زیاتر ڕۆڵی "تەوتەمێکی کۆیی" بینیوە تا ڕۆڵی کۆمەڵێک میکانیزمی ئابووریی بەهێز، کە کۆمەڵێک دەرەنجامی سۆسیۆلۆژیی بونیادی کاریگەر و گرنگی لێبکەوێتەوە. بە تەوتەمبوونی بازاڕی

سەرمایەداری لە سەرێکەوە پابەستی بونیادی کشتوکاڵییانەی ئابووریی کوردستان خۆیەتی و لەسەرێکی دیکەشەوە وابەستەی ستراتیژێکی سیاسی ناحەزانەی داگیرکەرانی کوردستان و لەڕاستیشدا بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیش خۆیەتی. مانەوەی خێڵ و پەیوەندییە خێڵەکیەکان، بۆ کۆمەڵێ مەبەستی سیاسیی دیاریکراو، هەم لەلایەن داگیرکەران و هەم لەلایەن بزوتنەوە سیاسیە کوردییەکانەوە پارێزراوە.

بۆ ئەوەی زیاتر ئەو بۆچوونەی سەرەوە ئاشکرابکەم، هەوڵدەدەم لێرەدا بەپشتبەستن بەچەند بۆچوونێکی "محمد عابد جابری" بۆ خوێندنەوەی عەقڵی سیاسیی عەرەبی ئەو مەسەلانە قووڵتر و وردتریکەمەوە. خێڵ وەک جابری بەپشتبەستن بە "ئیبن خلدون" دەڵێ، لەیەک کاتدا هەم دەرکەوت و پێدراوێکی سایکۆلۆژییە، واتە واقیعێکە پەیوندیی بە دونیای ڕۆحی و ویژدانیی مرۆڤەوە هەیە، هەم دەزگا، یاخود ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیشە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دونیای پراکتیک و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤەوە هەیە. (٦) بەمانایەکی دیکە خێڵ هەڵگری دوو ڕەهەندە، یەکەمیان ڕەهەندێکی ناوەکییە، ئەویدیکەشیان ڕەهەندێکی دەرەکییە. مەبەست لە ڕەهەندی ناوەکی خێڵ لایەنە سایکۆلۆژیی و ڕۆحییەکانی خێڵ نیشاندەدات، کە لە ناوەوەڕا بەها و پێوەرە ڕۆحییەکان و مەیلی ئینتما لە ئینساندا دەچێنن و ئەو دونیا ڕەمزیەشی بۆ بەرهەمدەهێنن، کە بەهۆیەوە پەیوەندییەکانی خۆی و مەوقیعی و ماناکانی لەبەرامبەر دونیادا دەستنیشاندەکات. بە بۆچوونی من لە دونیای ئێمەدا و تائەم ساتەوەختەی ئێستاشمان، ئەم ڕەهەندە ناوەکییەی خێڵ توانیوێتی تاڕادەیەکی زۆر بمێنێتەوە و سەرمایەداری نەیتوانیوە ئەم هەڵقە ویژدانییە ناوەکییە تێکبشکێنێ و ئینتیمای گەورەتر بۆ مرۆڤی ئێمە دروستبکات..

مەبەست لە ڕەهەندی دەرەکی خێڵیش ئەو لایەنە پراکتیکییەیە، کە پەیوەندیی

خێڵ بە دەرەوەی خێڵەوە دیاریدەکات و لەهەمانکاتیشدا ڕێکیدەخات. خێڵ لێرەدا خۆی وەک کۆیەک، وەک هێزێکی یەکگرتوو، وەک دەزگایەک لە بەرامبەر خێڵ و هێز و دەزگاکانی دیکەدا دەناسێنێت و هەوڵدەدات هاوسەنگییە سیاسییەکان و تەرازووی دەسەڵات وا ڕابگرێت، کە لە قازانجی مانەوە و گەشەکردنی سنوورەکانی دەسەڵات و توانای تایبەتی خۆیدابێت. بەبۆچوونی من سەرمایەداری لەم ئاستەدا توانیویەتی ئەو ناوەندە بخولقێنێ، کە تیایدا پەیوەندییە توندوتیژ و شەڕئامێزەکانی نێوان خێڵەکان کەم تازۆر کۆنترۆڵبکات، بەبێ ئەوەی هەوڵی تەواوی لەناوبردنیان بدات. ئەمەش سەرچاوەی ئەو ئاشتییە ڕێژەییەیە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە لەم سەدەیەدا بە بەراوردکردنی بەسەدەی ڕابوردوو لەگەڵ یەکدیدا هەیانبووە.

-١٣-

مەبەست لە "پەیوەندییەکانی خزمخواهی" لەو دیدە سۆسیۆلۆژیەی سەرەوەدا بە تەنها ئەوەنییە خەڵکان دەبێت خزم و کەسوکاری یەکدی بن و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی خوێن بەیەکدیانەوە ببەستێتەوە. بەڵکو ئەم پەیوەندییە هەموو ئەو مانایانەش دەگرێتەخۆی، کە باس لە ئینتیما بۆ گەڕەکێک، شارێک، ناوچەیەکی دیاریکراو و حیزبێک، دەکات. پەیوەندییەکانی خزمخواهی باس لە ئینتمایەک دەکات، کە نە لەسەر بنەمای پەیوەندییە ئابوورییەکان دروستبوبێت، وەک مارکس پێشنیاریدەکرد، نە لەسەر بنەمای "ڕۆحی نەتەوە" شدا وەک هیگل ئامارەی پێدەدا. پەیوەندییەکانی خزمخواهی پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای هاوخوێنی و خزمایەتی بەو مانایانەی لە سەرەوە باسمانکرد، دروستدەبێت. مارکس باس لەهێزی ئابووری دەکات لە دروستکردنی ئینتمایەکدا گەورەتر و فراوانتر لە ئینتما

بۆ خێڵ و ناوچە هتد... بەڵام هیگڵ باس لە "هێزی کولتور" دەکات بۆ خولقاندی ئەو پەیوەندییانە. ئابووری مارکس بەرەو بڕیاردان لەسەر ڕۆحی چینایەتی دەبات بۆ بەیەکەوەگرێدانی هەموو ئەوانەی یەک هەڵوێستیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەڵام کولتور هیگڵ بەرەوپێشنیارکردنی ڕۆحی نەتەوە دەبات بۆ تێپەڕاندن و ڕزگاربوون لە پارچە پارچەبوون و هەنگاونان بەرەو دروستکردنی یەکە کۆمەڵایەتییە گەورەکان. جائەگەر سەرمایەداری نەیتوانیبێ خەونی مارکس لە واقیعی ئێمەدا بهێنێتە دی، ئەوا هێزی کولتوریش بەهەمان شێوە نەیتوانیوە خەونی هیگڵ لە دونیای ئێمەدا بهێنێتەدی. بەمانایەکی دیکە لەوکاتەدا، کە هێزی ئابووری لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر لەوە لاوازترە بونیادی خێڵ و بونیادی پێکهاتە سروشتییەکان تێکبشکێنێت و چینە کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوی دروستبکات، بەهەمان شێوە هێزی کولتوری نەتەوەیی لای ئێمە ئەوەندە لاوازە نەیتوانیوە ئەو ڕۆحە نەتەوەییەی هیگڵ باسیدەکات، بەرهەمبهێنێت. لێرەوە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دونیای ئێمە نە توانیویانە وەک چین و نە توانیویانە وەک نەتەوە هەڵسوکەوتبکەن. بەپێچەوانەشەوە سەرتاپا لەناو پەیوەندییەکانی خێڵ و پەیوەندییەکانی خزمخواهیدا نوقمن، ئەم پەیوەندییانەش هەردوکیان پەیوەندی بەر لە دروستبوونی چینی کۆمەڵایەتی و بەر لە دروستبوونی نەتەوەن.

بۆ زیاتر قوڵکردنەوەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە پێویستە زیاتر جەخت لەسەر پێکهاتەی پەیوەندییەکانی خزمخواهی لە دونیای ئێمەدا بکەین و ماناکانی ڕوونبکەینەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش هەوڵدەدەم سوود لەو مانایانە وەرگبرم، کە ئەنترۆپۆلۆژیی فەرەنسی "موریس گودولیە" بەم چەمکەی دەدات. (٧) گودولیە ڕای وایە پەیوەندییەکانی خزمخواهی لە کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداریدا، لەیەک کاتدا هەم ڕۆڵی "ژێرخان" و هەم ڕۆڵی "سەرخان" بەمانا مارکسییەکە دەبینن و ئەم پەیوەندییانە لەیەککاتدا هەم ژێرخانی کۆمەڵگان و هەم سەرخانی

کۆمەڵگاش. گۆدولیه ئەم بۆچوونەی قووڵتردەکاتەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە پەیوەندییەکانی خزمخواهی لەیەککاتدا سێ شت بەیەکەوە کۆدەکاتەوە:

١ـ پەیوندییەکانی بەرهەمهێنان

٢ـ دەسەڵات

٣ـ ئایدۆلۆژیا.

وەک ئاشـکرایە گۆدۆلیە دەیەوێـت بڵێـت پەیوەنـدییەکانی خزمخـواهی لەیەککاتـدا دەتوان هەم ڕۆڵی ئابووری و هەم ڕۆڵی سیاسی و هەم ڕۆڵی فیکری و ئایدۆلۆژیش ببینن. کۆکردنەوەی ئەم سێ ڕۆڵەش لەناو یەک پەیوەنـدی دیـاریکراودا مەسـەلەی تێکشـکاندن و تێپەڕانـدنی هێجگـار زەحمەتـدەکات. مەسـەلەکە لێـرەدا بەتەنهـا مەسەلەی تێکشکانی پەیوەندییە ئابووریە تەقلیدییەکان نییە و بەتەنها تێکشـکانی ئەم پەیوەندییە ئابورییانە بەس نیین بۆ ئەوەی خودی پەیوەندییەکانی خزمخواهی وەک گشتێک تێکبشکێنرێن. بەهەمان شێوە تێکشکاندنی شێوازی دەسـەڵات، یـان گۆڕین و دەستکاریکردنی ئایدۆلۆژیا بە تەنیا بەس نیین بۆ گۆڕینی پەیوەندییەکانی خزمخواهی بە پەیوەنـدی کراوەتـر و بەرفراوانتـر. ئەم جـۆرە گـۆڕانە یەکلایەنییـانە چارەسـەری مەسـەلەی پەیوەنـدییەکانی خزامخـواهی ناکـات. بـۆ تێکشـکانی پەیوەنـدییەکانی خزمخـواهی و جێگرتنەوەیـان بە پەیوەنـدی نـوێ و لەوێشـەوە ئینتیمای نوێ بەتەنها تێکشکاندنی ڕەهەندێک لەو سێ ڕەهەندەی سـەرەوە، بەبـێ تێکشکاندنی دوو ڕەهەندەکەی دیکە، بە بەس نییە، ئەم جۆرە تێکشکانە یەکلایەنە جگە لە پرۆسەیەکی مێژووی سەقەت و نیوەوناچڵ کارێکی دیکە نییە. تێکشـکانی پەیوەندییەکانی خزمخواهی خوازیاری پرۆژەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتیە، کە بتوانێت لەیەککاتـدا هەم دەسـکاری پەیوەنـدیە ئابووریەکـان و هەم دەسـکاری فۆرمەکـانی دەسـەڵات و هەم دەسـکاری ئەو پێکهـاتە ئایـدیۆلۆژی و ڕۆحیـیەش بکـات، کە پایەکانی پەیوەندییەکانی خزمخواهی لەسەر بنیادنراوە.

بەبۆچوونی من لەدونیای ئێمەدا سەرمایەداری زیاتر دەستکاری ڕەهەندی ئابووری پەیوەندییەکانی کردووە و کەم تازۆر ئاستێکی دیکە و فۆرمێکی دیکەی پێداون، بەڵام نەیتوانیوە دەستکارییەکی ڕادیکالانەی دوو ڕەهەندەکەی دیکە، ڕەهەندی دەسەڵات و ڕەهەندی ئایدۆلۆژیا بکات. ئەو دوو ڕەهەندە بەدرێژایی ئەم سەدەیە تاڕادەیەکی زۆر زۆریەی ڕەگەز و پایەکانی مانەوەی خۆیان پاراستوە، هەر لە فۆرمەکانی دەسەڵاتەوە بیگرە تا بەو زەمینە ویژدانی و ڕۆحی و ئایدۆلۆژییە دەگات، لەدونیای ئێمەدا خێڵ و پەیوەندیەکانی خزمخوازی بەرهەمدەهێنێتەوە.

-١٤-

ئەگەر ئەوەی تا ئێستا باسمانکرد ئەو هۆکارە بابەتییانەبن، کە زەمینەی جەنگ لە دونیای ئێمەدا، لەناوەوەڕا، خۆشدەکەن و "بوونی بە زەبری" جەنگ دەگرنە خۆیان، لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم ڕۆڵی سیاسەت بەگشتی و حیزب بەتایبەتی، بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕین و دروستکردنی پەرلەمان و حوکمەتی هەرێمەوە، لەخۆشکردنی ئاگری شەڕ و تیژکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێو ئەو ستراکتورە کۆمەڵایەتی و کایە سیاسی و پێکهاتە کولتورییە نیشانبدەم. بەمانایەکی دیکە ئەگەر ئەوەی تائێستا لەم نووسینەدا باسمانکردووە، فاکتەرە بابەتییەکانی بەرپابوونی جەنگ بێت، مەبەستم ستراکتوری کۆمەڵایەتی و هەندێ لایەنی کولتوریی و خودی کایەی سیاسی وەک کایەیەکی پڕ کێشەی چارەسەرنەکراو، ئەوا ئەوەی ئەم زەمینە بابەتییە بارگاوییە دەتەقێنێتەوە، ئەوەی وزەی ناوەکی بونیادەکان بەرەو تەقاندنی تفەنگان دەبات، هۆکارە خۆییەکانن. ئەو هۆکارانەن، کە ڕاستەوخۆ وابەستەی بڕیاری حیزبەکان و سەرکردەی حیزبەکانن. بەم

پەڕینەوەیەش ئیدی سەرزەمینی بونیادەکان بەجێدەیڵین و دەچینە سەرزەمینی "بکەرە کۆمەڵەیەتییەکانەوە".

لەسەرەتاوە لەو ڕاستییە سادەیەوە دەستپێدەکەم، کە هۆکارە خۆییەکان لە دونیای ئێمەدا لەباتی ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشە کولتوری و سیاسی و ستراکتوریانەی لەسەرەوە لێیدواین بدەن، دەبینین زیاتر خەریکی قوڵترکردنەوەی کێشەکان و دوورخستنەوەی چارەسەرکانن. هۆکارە ناوەکییەکان لە باتی ڕێگرتن و دورخستنەوەی تەقینەوە پەنهانەکانی ناو ئەو بونیاد و پێکهاتانەی باسمانکردن، خۆیان دەبنە هۆکاری هەرچی زیاتر و زوتری تەقینەوەکان. هۆکارە خۆییەکان نایەن، بۆنموونە، لەڕێی دروستکردن و بەهێزکردنی کۆمەڵێ دەزگای تایبەت و پیادەکردنی سیاسەتێکی فەرهەنگی ڕادیکاڵانە و بەرهەمهێنانی پراکتیکێکی دیکەی دەسەڵاتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە ئازادکردنی کۆمەڵگای مەدەنی کوردی و داگیرنەکردنی و نەبەستنەوەی هەڵقە ئابوورییە گرنگەکانی کوردستان بە دەغیلە تایبەتەکانی حیزبەوە، ڕێگە لە تەقینەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بگرن. فاکتەرە خۆییانە نایەن بۆ ڕێگرتن لە گەشەی سەرەتانییانەی حیزب وەک تاقە دەزگا و چوونە شوێنی هەموو کۆمەڵگا، نایەن بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵات لە جەستەی سەرکردەکان و نایەن بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی دیکە بۆ بڕیاردانی سیاسی و دروستکردنی دەزگای بان حیزبی و ئەو دەزگایانەی دیکەش، کە دەشێت ببنە سەرچاوەی دروستبوونی ئیجماعێکی سیاسی و کولتوری. هۆکارە خۆییەکان نایەن لەپشتی دابەشبوونەکان و ئینتیما بچووک و بەرتەسکەکانەوە کاربکەن و سەرزەمینی دروستبوونی ئینتیمای گەورەتر و نەتەوەیی فەراهەم بکەن. دەڵێم هۆکارە خۆییەکان لەباتی چارەسەری ئەم کێشانە و ڕزگارکردنی دونیای سۆسیۆلۆژی ئێمە لە جەبری پڕوکێنەری بونیادەکان خۆیان دەبنە سەرچاوەی دروستبوونی دەیان کێشەی نوێ و سەرچاوەی قوولترکردنەوە و خوێناویکردنی

کێشە کۆنەکانیش.

لە چەندساڵی ڕابردوودا حیزبە کوردییەکان دابەشکردنە کۆنەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمەیان نەک چارەسەر نەکرد، بەپێچەوانەوە ئەمان ئەم دابەشکردنانەیان قووڵتر و قووڵتر کردۆتەوە. لەدوای ڕاپەڕینەوە حیزبی کوردی خۆی چۆتە شوێنی کۆمەڵگا و خۆی چۆتە بری نەتەوە و خۆی بۆتە خاوەنی ئابووری و خۆی بۆتە تاقە دەزگایەک، کە ماف و شەرعیەت و هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت. لەدوای ڕاپەڕینەوە دەسەڵات نەک بەدەزگایی نەکرا، نەک بنەمایەکی دەستوری و یاسایی بۆ دانەدرا، بەڵکو زیاتر "جەستێنرا" و ڕاستەوخۆ بوون و نەبوونی دەسەڵات بەجەستەی سەرکردەکانەوە گرێدرا، بەڕادەیەک لە غیابی جەستەیی تاڵەبانی و بارزانی دا، پەرلەمانی کوردی بووە دەزگایەکی بێ ڕۆح و بێ ناو و بێ ئیرادە. ئەو ژوور و ئاپارتمان و خانوەی بارزانی و تاڵەبانی تێدایە، دەسەڵات لەوێیە، نەک لەو دەزگا ڕەسمییانەدا، کە حکومەتی هەرێم دروستیکردبوون. بەجەستەییکردنی دەسەڵات لەعێراقدا ئەزموونێکی بەعسیانەی کوشندەیە و سەرکردە کوردەکان ڕاستەوخۆ کۆپیانکرد. کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە جەستەی سەدام حوسەیندا ئەزموونێکی تاکڕەوانەی بەعسە و دەربڕی خنکاندنی هەموو ئەو بازنانەی دیکەی دەسەڵاتە، کە دەشێ لەدەرەوەی جەستەی سەرۆکدا ئامادەبن، لەپێش هەمووشیانەوە دەسەڵاتی دەزگاکانی "کۆمەڵگای مەدەنی".

ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی لەدوای ڕاپەڕینەوە دەبوایە گەشەی ئێمەی بەرەو بەنەتەوەبوونی تەولو، بەرەو بەرهەمهێنانی ئیجماعێکی سیاسی و نەتەوەیی ئاراستەبکردایە، ئەو هۆکارانەی تێکبشکاندایە، کە ڕێگرن لەبەردەم هەڵسوکەوت و پراکتیکی ئێمەدا وەک نەتەوەیەک. ئاخر پرۆسەی بەنەتەوەبوون، پرۆسەیەکە بەبێ بوونی دەوڵەت، یان بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی، کە بیەوێت بەڕاستی نەتەوە دروستبکات، کارێکی مەحاڵە و نەتەوە و هەستی نەتەوایەتی دەبێت دروستبکرێن و

لەڕاستیشـدا دابهێنـرێن. بەپـێچەوانەوە ئـێمە لە بـاتی دروسـتکردنی دەوڵەت و بەهێزکردنی دەزگاکانی دەوڵەت، خەریکی بەدەوڵەتکردنی حیزب و بە کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەناو دەزگاکانی حیزبـدا بـووین. ئەمەش زیـانێکی مێژوویـی هێجگـار گەورەی هەم بە خودی ئەزمـوونی دەوڵەت خـۆی و هەم بەواقیعـی کـۆمەڵایەتـی و سیاسی و ئەخلاقی و فیکری ئـێمە گەیانـد. لێـرەوە لەبـاتی کۆتاییهێنـان بە کـۆی دابەشبوونە کۆن و توونـدوتیژەکانی ناو واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە دەبینین لەیەککاتدا هەم دابەشبوونە کۆنەکـان قـوڵترکرانەوە و هەم کۆمەڵێـک دابەشـبوونی نوێش لەپاڵ دەسەڵاتـی حیزبدا دروستکران. بەکورتی حیزبە کوردییەکـانی دونیـای ئـێمە سیاسـەتیان کـردە هـونەری بـردنەوەی جەنـگ، نەک هـونەری بەڕێـوەبردنی کۆمەڵگا.

-١٥-

یەکێک لەتایبەتمەنـدییەکانی کـایەی سیاسـیی کـوردی بـریتییە لە کـورتکردنەوە و تەسـککردنەوەی کۆمەڵـگـای سیاسـی کـوردی بـۆ حیـزب و ئۆرگانەکـانی حیـزب. حیزبیش نە بەو مانایەی نوێنەر، یان هەڵگری پرۆژە، یـان سـتراتیژێکی نەتەوەیـی بێت، بەڵکو بەو مانایەی نـوێنەری نـاوچە، یـان هاوپەیمـانیەتێکی دیـاریکراو، یـان شارێک، یان هەر پێکهاتەیەکی دیکە بێت، کە لەسـەر بنەماکـانی ئینتیمـای بەر لە دروستبوونی نەتەوە دروستبووبێت. لەڕاستیشدا هیچ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دونیای ئێمە خولقێنەر، یان هەڵگری شوناسێکی نەتەوەیی نیین، شوناسێک، وەک پێشتر لەپاڵ هیگڵـدا هێمامـان پێکـرد، کولتـور نەیتوانیـوە دروسـتیبکات و لەپـاڵ مارکسیشدا ئابووری نەیتوانیوە بەرهەمیبهێنێت. بەمجۆرە پرۆسەیەک، کە کولتور و

ئـابووری نەیـانتوانیوە بە کـامڵبوونی تەواوی بگەیەنـن، سیاسـەت هـاتوە لەبـاتی چارەسەرکردنی زیاتر قەیراناوی کردووە. لێرەوە پرۆژەکانی حیزب، وێناکردنەکانی، تەماشـا و هەڵسـەنگاندنەکانی، هەر هەموویـان لەو سـنوورانەدا سـوڕاونەتەوە، کە دەکەونە پێش سنووری مانا سیاسیەکانی نەتەوەوە، نەک نـاو سـنووری نەتەوە و قازانج و دەسکەوتە ستراتیژیەکانی نەتەوەوە.

"کۆمەڵگای سیاسی" دەشـێت هەمـوو دەسـتەو گـروپ و تـاکەکەس و چـالاکییەک بگرێتەوە، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان قسە لە مەسەلەی گەیشتن بە دەسەڵات و حوکمڕانی دەکەن و دەسەڵاتیان لە چەقی بیرکردنەوەی خۆیانـدا دانـاوە و هەوڵـی بەدەستهێنانیشـی ئەدەن. کـورتکردنەوەی کۆمەڵگـای سیاسـی بـۆ حیـزب مانـای بەرەهاکردنی دەزگایەکی دیـاریکراو بەرامـبەر چەنـدان دەزگـا و چـالاکی دیـکە، کە دەشێت سیاسەت مەسەلەی سەرەکی بێت لە پرۆسـەی کارکردنیانـدا. بەبۆچـوونی مـن ئەم پرۆسـەی خۆبەرەهـاکردنەی حیـزب لە بەرامـبەر کـۆی دەزگـا سیاسـی و شارستانییەکانی دیکەدا، هەمان بونیادی خۆبەرەهاکردنی خێڵە لەبەردەم نەتەوەدا. بەم مانـایەیە دەڵـێم میکـانیزمی کـارکردنی حیـزب و میکـانیزمی کـارکردنی خێـڵ هەردووکیان یەکن و لەسـەر بنەمـای یەک پرۆسـەی خۆبەرەهـاکردن کـاردەکەن لە بەرامبەر بوونە دەرەکییەکانی دەرەوەی حیـزب و خێڵـدا. ترسـناکترین دەرەنجـامی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە گۆڕینی هەموو باڵادەستییەکی سیاسی بە باڵادەسـتییەکی حیزبی، لێرەوە چەندە هەڵقە کۆمەڵایەتییە فراوانەکانی دەرەوەی خێڵ ونـن (وەک چین و نەتەوە) بەهەمان ئەندازەش هەڵقە فراوانەکانی ئەودیوی حیزب ونن، هەر لە ونبـونی بەرەیەکـی یەکگرتـووەوە بیگـرە تـا بە بـوونی هاوپەیمـانی فراوانـی چەنـد هێزێـک، بـوونی فیکـرەی دەوڵەتێـک، یـان بـوونی دەزگـا گشـتییەکان دەگـات. لەدۆخێکی وادا دەسەڵاتی سیاسی کارێک جێبەجێدەکات، کە بریتییە لە ڕاکێشـانی دونیـای دەرەوە بـۆ نـاو حیـزب، یـان فراوانکردنـی حیـزب تـاڕادەی داگیرکردنـی

کۆمەڵگـــا. ئەمەش لە هەمـــوو ڕوویەکەوە کـــارێکە دژ بە داخـــوازییە بـــابەتی و مێژووییەکانی واقیعی کوردی. بۆ زیـاتر ڕوونکـردنەوەی ئەم خـاڵە و دواتـریش بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن لە ڕوداوەکـانی دوای ڕاپەڕیـن و بارگـاویبوونی فەزای سیاسـی و کۆمەڵایەتی ئێمە بە مۆتیڤەکانی جەنگ و پووچەڵکردنەوەی دەسـەڵاتی حکـومەتی هەرێم لە کوردستاندا، وای بەباش دەزانم ئەزموونی دەوڵەت و دەسەڵات لە عێراقدا بخەمەڕوو، چـونکە بەبـاوەڕی مـن ئەزمـوونی دەسـەڵاتی کـوردی لەگەڵ دەوڵەتـدا، دووبـــارەکردنەوەی هەمـــان ئەزمـــوونی بەعســـە لە عێراقـــدا، بەڵام نە لە شـــێوە تراژیدییەکەیدا، بەڵکو لە فۆرمە کاریکاتۆریەکەیدا.

-١٦-

ئەزموونی بەعس لە عێراقدا لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی تیرۆرئامێز و یەکلایەنە و ناهاوسەنگی نێوان ئەم سێ لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دروستبووە:

١ـ کۆمەڵگای سیاسی

٢ـ دەوڵەت

٣ـ کۆمەڵگای مەدەنی.

لە عێراقدا لەمێژە "کۆمەڵگای سیاسـی" نەک تەنهـا کـورتکراوەتەوە بـۆ ئەزمـوونی تاکەحیزبی بەعس خـۆی، بەڵکـو خـودی بەعـس وەک حیزبێکـی شـێوە سـتالینی کورتبـۆتەوە بـۆ ئەو دەسـتە بچـوکەی حوکمیـان بەدەسـتە، واتە کورتبـۆتەوە بـۆ دیکتاتۆرێک و ئەو بازنە تەسکەی بەدەوری ئەو دیکتاتۆرەدان. لە دەرەوەی بەعس و دیکتاتۆر و هەڵقەی نزیک لە دیکتاتۆرەکە خـۆیەوە نـاتوانین لە عێراقـدا بـاس لە هـــیچ دەرکەوتێـــک لە دەرکەوتەکـــانی کۆمەڵگـــای سیاســـی بکەیـــن، مەگەر ئەو

ئۆپۆزیسیۆنە ئاوارەیە نەبێت، کە لە دەرەوەی وڵات و لە دەرەوەی کۆمەڵگای عێراقیدا ئامادەیە.

سەبارەت بە "دەوڵەت" ی عێراقی دەکرێت بڵێین ئەم دەوڵەتە بەردەوام لە بارودۆخی خۆبەدەستەوەدان و تەسلیمبووندا بووە بە "کۆمەڵگای سیاسی" بەو مانایەی لەسەرەوە باسمانکرد، واتە بە بەعس و بە دیکتاتۆرێک و بەو نوخبە بچوکەی لەدەوری دیکتاتۆرەکە کۆبوونەتەوە. دەوڵەت لە عێراقدا دەزگا، یان پێکهاتەیەکی دەزگایی سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم نییە، دەوڵەتی عێراقی دەربڕ و نوێنەری ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە نییە، کە نەخشەی سۆسیۆلۆژی و ئەتنی و ئایینی کۆمەڵگای عێراقی پێکدەهێنن. ئەم دەوڵەتە دامەزراوێک نییە، کە ناوەڕۆک و بوونی خۆی لە پەیوەندیی خۆیەوە بە یەکە کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئەتنییە جیاجیاکانەوە دیاریبکات، یان لەو ئەرکانەوە وەریبگرێت، کە وەک دەوڵەت لە بەرانبەر کۆمەڵگادا و بۆ خودی کۆمەڵگای جێبەجێیاندەکات. دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقی کۆمەڵێک دامەزراوی ئیفلیجن و لە ڕاستیدا کۆیلەی ژێردەستی بازنە تەسکەکانی حیزبن. دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقی کۆمەڵێک دەزگان حیزب نەک تەنها ڕەنگڕێژیاندەکات بە بەرنامە و پرۆگرامەکانی خۆی، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە حیزب سەرجەمی ئەو دەزگایانەی داگیرکردووە و دەستی خستۆتە ناو فۆرم و ناوەڕۆک و شێوازی کارکردنییانەوە. بەعس لە عێراقدا ئاراستەی کارکردنی دەزگاکانی دەوڵەتی گۆڕیوە لە ئاڕاستەی کارکردنیان بەڕووی کۆمەڵگادا، ڕوە و ئاراستەی کارکردنیان بە ڕووی حیزبدا، لێرەوە دەوڵەت نەک بۆ کۆمەڵگا، بەڵکو بۆ حیزب و لەناو حیزبیشدا بۆ دەستەی حاکم کاردەکات. بەکورتی دەوڵەت لە عێراقدا "بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی مێژوو" نییە وەک هیگڵ دەڵێ، یاخود دەربڕی "ئیرادەی گشتی" وەک ڕۆسۆ پێیوابوو، هەروەها "ئامرازی باڵادەستیی چینێک بەسەر چینێکی دیکەدا" نییە وەک مارکس و ئەنجلس بۆیدەچوون. دەوڵەت لە

عێراقدا کیانێکی لاواز و بێ ئیرادە و ئیفلیجی ژێر دەسەڵاتی بەعسە و دەربڕی ئارەزوو و ویست و قازانجەکانی ئەو بازنە تەسکەیە، کە لە سەرەوەڕا بەعسییان کۆنترۆڵ و دیسپلین کردووە.

چارەنووسی "کومەڵگای مەدەنی" لە عێراقدا لە چارەنووسی دەوڵەت باشتر نییە. کومەڵگای مەدەنی عێراقی بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت و لەوێشەوە لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبدایە، بەڵام پێشئەوەی بێمە سەر شیکردنەوەی میکانزمی پەیوەندییەکانی نێوان حیزب و دەوڵەت و کومەڵگای مەدەنی، با جارێ مەبەستمان لە ماناکانی کومەڵگای مەدەنی ڕوونکەینەوە. کومەڵگای مەدەنی بریتییە لە کۆی ئەو دەزگا و دامەزراو و پێکهاتانەی دەکەونە نێوان دەوڵەت و خێزانەوە. بەبۆچوونی گرامشی کومەڵگای مەدەنی مانای هەموو ئەو بەشانەی کومەڵگا، کە دەکەونە دەرەوەی دەوڵەتەوە. ئەمەش مانای کۆی ئەو هەموو تاک و گروپانەی لە دەرەوەی دەوڵەتدا بەشێوەیەک لە شێوەکان ئازادانە خۆیان ڕێکخستوە و داکۆکی لە سوود و قازانج و داواکارییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی خۆیان دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی لەپشتی بیرۆکەی کومەڵگای مەدەنییەوە هەوڵدانی دابەشکردنی دەسەڵات و ڕێگرتن لە کۆبوونەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەند و بازنەیەکی تەسکدا هەیە. سەربەخۆبوونی کومەڵگای مەدەنی و بەهێزبوونی مانای بوونی تەوەری دیکەی دەسەڵات لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی کومەڵگای سیاسیدا. تیۆرەی کومەڵگای مەدەنی بەشێکە لە تیۆرەی دیموکراسییەت و لەڕاستیشدا بەشێکە لە تیۆرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی و تیۆرەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان. لەنێوان ئامادەگی کومەڵگایەکی مەدەنی وشیار و گەشەکردو و لەنێوان دامەزراندن و بەرقەرارکردنی دیموکراسییەت و وەگەڕخستنی پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی ژیانی کومەڵایەتیدا پەیوەندییەکی پتەو و بەرچاو هەیە. زەحمەتە قسە لە بوونی دیموکراسییەت بکەین بەبێ ئامادەگی چالاکی هێزە

جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای مەدەنی و بەبێ پڕۆژەی دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر ئەو هێزە جیاوازانەدا.(٨)

بەڵام ئەوەی لە عێراقدا دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی بەیەکەوە گرێدەدا بوون و ئامادەگی پەیوەندییەکی توندوتیژ و یەک لایەنە و لاسەنگە. وەک وتمان لە عێراقدا کۆمەڵگای سیاسی کورتکراوەتەوە بۆ دەسەڵاتی تاقە حیزبێک و خودی حیزبیش کورتکراوەتەوە بۆ دەستەی حاکم، بەهەمانشێوە دەوڵەتیش کورتکراوەتەوە بۆ کۆمەڵێک دەزگای کۆنترۆڵکراوی ژێر دەسەڵاتی حیزب و لەڕاستیشدا کراوە بە موڵکی حیزب. کۆمەڵگای مەدەنیش ڕاستەوخۆ کورتکراوەتەوە بۆ کۆمەڵێک دەزگای ئیفلیجی بەتاڵ لە هەموو وزە و توانایەکی ڕەخنەیی و هێزی بڕیاردانی سەربەخۆ. هەقیقەتی ئەزموونی دەسەڵاتی بەعس لە عێراقدا بریتییە لە داگیرکردنی دەستەی حاکم بۆ حیزب و دواتریش داگیرکردنی حیزب بۆ دەوڵەت و لەوێشەوە داگیرکردنی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگای مەدەنی. بەمجۆرە پڕۆسەی داگیرکردن و دیسپلینکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە ڕێگەی پووچەڵکردنەوەی هەموو دەزگا و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حیزب و دەوڵەت و دەستەی حاکم بە توندی لەئارادایە. هەموو ئەمانەش بە یارمەتی فەزایەکی ئایدیۆلۆژی بارگاوی بە سیمبۆڵی نەتەوەیی و ئایینی و سۆسیالیستی و بەیارمەتی سوپایەکی لەڕادەبەدەر گەورە و دەیەها دەزگای چاودێری و کۆنترۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکەی ئامادە بۆ گۆڕکردنی هەر ناڕەزاییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەنجامدراوە. وەک ئاشکراشە دەرئەنجامی ئەم پڕۆسانە بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی یەکێ لە تۆقێنەرترین و هارترین و تۆتالیتارترین سیستمە دیکتاتۆرییەکانی مێژوو.

لە عێراقدا، لە سایەی ئەو هاوکێشانەی سەرەوەدا، کوژراوی یەکەم کۆمەڵگای مەدەنییە، کە لەژێر جەبری ئەو هەلومەرجەی سەرەوەدا هەموو هێز و توانا و وزە

ڕەخنەییەکانی لێسەندراوەتەوە. بە کوشتنی کۆمەڵگای مەدەنیش ئیدی دەوڵەت هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی شێلگیری لەبەردەمدا نەماوەتەوە بۆ ڕەخنەلێگرتن و چاودێریکردنی کاروبارەکانی. هەر ئەم مەسەلەیەش وادەکات لەئێستادا چاوەڕێی هیچ مەترسییەکی جیدی بۆ سەر دەوڵەتی عێراقی نەکەین لە دەرەوەی خودی دەوڵەت خۆیدا. کۆمەڵگای مەدەنی عێراقی بەشێوەیەک ئیفلیجکراوە ناتوانین چاوەڕێی ئەوەی لێبکەین دەوڵەتی عێراقی ناچاربکات دەسەڵات بەشێوەیەکی دیکە دابەشکات و سنوورەکانی خۆی واڵاکات بۆ بەشداربوونی هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگای عێراقی لە مەسەلەی دەسەڵاتداریدا. داگیرکردنی کۆمەڵگای سیاسییش بۆ دەوڵەت زیاتر تێکچوونی هاوسەنگی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی گەورەترکردووە. ئەم تێکچوونەش وایکردووە دەوڵەت بەئاراستە و قازانجی کۆمەڵگای سیاسی، واتە بە قازانجی حیزبی بەعس، کاربکات نەک بە قازانجی کۆمەڵگای مەدەنی عێراقی. هەر ئەمەشە وامان لێدەکات لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەوڵەتی عێراقی دەوڵەتێکە ئامادە لە زۆربەی کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و ڕاستەوخۆ دەستی جەهەنمییانەی خۆی خستبووە ناو ئەو کایانەوە، هێشتا دەوڵەتی عێراقی وەک دەوڵەت لاواز و ئیفلیج ببینین. دەوڵەت لەعێراقدا پایەکانی لەناو کۆمەڵگای عێراقی و پرۆسە مێژووییەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا نییە، بەڵکو لەناو سەرزەمینی دەستەی حاکم دایە و خودی دەوڵەت خۆشی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەوای ژیانی لەو دەستەیەوە وەردەگێت، نەک لە کۆمەڵگای عێراقی و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی ناویەوە. لێرەوە دەکرێ باس لە لاوازی بونیادییانەی دەوڵەت لە عێراقدا بکەین و ئەزموونی دیکتاتۆریەت لەم وڵاتەدا، وەک ئەزموونی دەوڵەت نا، بەڵکو وەک ئەزموونی حیزب تەماشابکەین.

-١٧-

بەڵام داخۆ لە کوردستانی ئێمەدا چی ڕویداو پەیوەندی نێوان کومەڵگای سیاسی و دەوڵەت و کومەڵگای مەدەنی لێرەدا بە چ جۆرێکە، چ میکانیزمێ لەئارادایە و ئەو سێ لایەنە چۆن کاردەکەن و شێوازی پەیوەندیی نێوانیان چ فۆڕمێکی گرتۆتەخۆی. ئەگەر بمەوێت بەپرستەیەک ئەزموونی ئێمە لەچەند ساڵی ڕابردوودا کورت بکەمەوە ئەتوانم بڵێم، ئەم ئەزموونە بریتیە لەهەوڵدانی بەردەوامی حیزب بۆئەوەی دەوڵەت لەدەزگایەکی "بان حیزب" یەوە بکاتە دەزگایەکی حیزبی و کومەڵگای مەدەنیش لەکومەڵگایەکی ئۆتۆنۆم و سەربەخۆوە، بکاتە پاشکۆیەک لەپاشکۆکانی حیزب. ئەگەر ئەزموونی سیاسی بەعس لە عێراقدا بریتیبێت لە داگیرکردنی حیزب بۆ دەوڵەت و لەوێشەوە داگیرکردنی دەوڵەت بۆ کومەڵگای مەدەنی، ئەوا ئەزموونی کوردی هەوڵدانی لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموونی عێراقیە، بەڵام بەبێ بوونی وزە و هێز و ئیمکاناتی تەواو بۆ ئەم پرۆسەی لاساییکردنەوەیە. بۆیە ئەگەر ئەزموونی سیاسی بەعس ئەزموونێکی تراژیدی بێت، ئەوا ئەزموونی کوردی ئەزموونێکی کاریکاتۆرییە.

خاڵی هاوبەشی نێوان ئەزموونی کوردی و ئەزموونی بەعس بەرەهاکردنی حیزب و بەرزکردنەوەیەتی بۆ دەزگایەکی باڵادەست بەسەر دەوڵەت و دەزگاکانیدا لەلایەک و بەسەر هەموو پێکهاتەی کومەڵایەتیدا، لەلایەکی دیکەوە. بەڵام ئەو خاڵەی ئەزموونی کوردی لە ئەزموونی بەعس جیادەکاتەوە ئەوەیە حیزب لە ئەزموونی بەعسدا دوای داگیرکردنی دەوڵەت و لەڕێگای دەوڵەتەوە کومەڵگای مەدەنی داگیردەکات. بەڵام لەئەزموونی کوردییدا حیزبی کوردی کومەڵگای مەدەنی کوردی داگیردەکات بەبێ ئەوەی بەهەڵقەی دەوڵەتدا تێپەڕێت. ئەگەر لای بەعس دەوڵەت ئەو گەمەکەرە بێت، کە ئابووری بە تەواوی دەخاتە ژێردەستی خۆیەوە و

مۆنۆپۆلیزەی دەکات، ئەوا لای ئێمە حیزب، نەک دەوڵەت، دەست بەسەر ژیانی ئابووریی کوردییدا دەگرێت و مۆنۆپۆڵیدەکات و هەمان ئەزموونی بەعس دووبارەدەکاتەوە. هەرئەمەشە وادەکات دەوڵەت لە ئەزموونی بەعسدا تارادەی پیرۆزی پیرۆزبکرێت و لە ئەزموونی کوردییدا لە هەموو شتێ بێنرختر و پووچەڵتربێت. بەمانایەکەی دیکە حیزبی کوردی ڕاستەوخۆ کەوتە هەنجن هەنجنکردن و پارچەپارچەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستانی لەڕێگای فراوانکردنی سنوورەکانی خۆیەوە، بەبێ ئەوەی پێویستی بە دەوڵەت بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەی، لەکاتێکدا بەعس هەمان پرۆسەی بە ئانجامگەیاند، بەڵام لەناو دەوڵەت و بەهۆی دەوڵەتەوە.

لێرەوە حیزب لە ئەزموونی کوردییدا بەبێ ناوکۆیکردنی دەوڵەت و لەڕاستیدا تەنیا لە ڕێی ڕەتکردنەوەی دەوڵەتەوە دەیتوانی پرۆسەیەک ئەنجامبدات، کە لە ئەزموونی دیکتاتۆریانەی حکومەتەکانی دونیای سێهەمدا ئەنجامدانی بە دەوڵەت سپێردراوە. مەبەستم لەو پرۆسەیەش پرۆسەی خولقاندنی نوخبەیەکی ئابووری سیاسی نوێیە، کە بتوانێت پایەکانی دەسەڵاتی خۆی لەڕێگای بێدەنگکردنی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگاوە قایمبکات. ئەمەش ڕووی هەرە تراژیدییانەی ئەزموونی ئێمەیە لەگەڵ دەوڵەتدا، کە ساڵەهای ساڵە خەونی دەوە نوێکان و دەوە کۆنەکانە بەسەریەکەوە و چەندان قوربانی گەورەشی بۆدراوە.

-١٨-

حیزبی کوردی بەڕەتکردنەوەی دەوڵەت وەک دەزگایەکی "بان حیزبی" و ئەگەرێکی مێژوویی گەورە بۆ تەواوکردن و بەکامڵ گەیاندنی پرۆسەی بەنەتەوەبوونی ئێمە

وەک نەتەوەیەکی سیاسی، ئەو ڕاستییەی سەلماند، کە لەزەین و وێناکردنەکانی هێزە سیاسییەکانی کورددا حیزب لە هەموو شتەکانی دیکە، لە خودی خەڵک، لە نیشتیمان و لە نەتەوەش گرنگترە. بەڕادەیەک لە نێوان پاراستنی حیزب و پاراستنی نەتەوەدا و لە نێوان پاراستنی نیشتمان و پایەدارکردنی حیزبدا، هەمیشە پاراستن و پایەدارکردنی حیزب بەپلەی یەکەم دێت. ئەم سیاسەتە تا ئەو ئەندازەیەش پێدادەگرێت، کە وێرانکردنی نیشتمان بۆ پاراستنی حیزب، هەنجن هەنجنکردنی نەتەوە بۆ پاراستنی سەرکردایەتی حیزب، برسیکردنی میللەت بۆ قەڵەوکردنی حیزب، بە کارێکی ڕەوا بزانێت.

من سەرەتا قسەم لەوە کرد، کە واقیعی ئێمە نە خەونی مارکس و نە خەونی هیگڵ، هیچیانی بۆ نەهاتۆتەدی، واتە هێزە سۆسیۆلۆژییەکانی ناو مێژووی ئێمە نەیانتوانیوە پرۆسەی کامڵبوونی خۆیان وەک چین و وەک نەتەوە، لە ڕێی ئابووریی و کولتورەوە، پیادەبکەن و ئەو پرۆسەیە تائێستاش بەناکامڵی و لەناو توونە پێچاوپێچ و ئەهریمەنییەکانی مێژووی ئێمەدا گیریخواردووە و بەدەست ڕێگرە بونیادییەکانیەوە دەناڵێنێت. بەڵام من وای بۆ دەچم، کە ئەزموونی ڕاپەڕین هەلێکی مێژووی وای خولقاند، کە تێیدا سیاسەت، وەک جۆرێک لە پراکتیککردنی ئیرادەگەرێتی تایبەت و وەک مامەڵەیەکی عەقڵانی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمەدا، دەیتوانی یارمەتیدەرێکی گەورە و گرنگبێت بۆ بەکامڵگەیاندن و بەرەوپێشەوەبردنی ئەو پرۆسەیەی سەرەوە. ڕاپەڕین دەیتوانی سەرەتای بونیادنان و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەهێز و پتەو باوەڕبەخۆبوو بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی مێژووی ئێمە لە سەردەمانی ڕاپەڕیندا خوێنێکی نوێ بە شادەمارەکانیدا دەگەڕا و وزەیەکی نوێ لەهەناوی مرۆڤی ئێمەوە دەهاتەدەر. لە ڕاپەڕیندا ئیرادەگەرێتی مرۆڤی ئێمە لە لوتکەی ئامادەگی و تەقینەوە مێژووییەکانی خۆیدابوو. دەکرا سیاسەتێکی عەقڵانییانە و وریا و ئاگادار لە واقیعی کوردی و

هەلومەرجی ناوەکی دونیای دوای ڕاپەڕین ڕۆڵـی ئەو هۆکـارە گـرنگە ببینێت، کە ئابووری و کولتور نەیانتوانیوە بیبینن، واتە سیاسەت دەیتوانی بێت و گوڕ و تین و تەوژمێکـی تـایبەت هەم بە ئـابووری و هەم بەکولتـوریش بـدات و دەسـتی هێـزە کۆمەڵایەتییەکـانی ئـێمە بگـرێ و ئاسـۆی گەشـەکردنیان بـۆ بکـاتەوە، سیاسـەت دەیتوانی چوارچێوەیەکی فراوانتر لە چوارچێوەی حیزب و ناوچە و خێڵ بۆ مرۆڤی ئـێمە دروسـتبکات و مرۆڤـی ئـێمە دەربهێنێـت لە چـاڵی ئەو ئینتیمـا بچـووک و بەرتەسکانە.

بێگومـان تـاکە دەزگـایەکی سیاسـی بیتوانیـایە ئەم پـڕۆژەیە جێبەجێبکـات تەنهـا دەزگایەکی بان حیزبییە، دەزگایەک بتوانێت لەودیو سنوورەکانی حیزب و عەقڵیەتی حیـزبییەوە دیـالۆگ لەگەڵ کۆمەڵگـای کـوردی و دونیـای دەرەوەی کوردیشـدا دەستپێبکات. دەوڵەت، پەرلەمان، بەرە، ئەمانە و دەزگای تری لەمجۆرە دەیانتوانی ئەو گیرخـواردنە بونیادییـانە تێبپەڕێـنن، کە باسـمانکردن و هەمـوو ئەو هۆکـارە کولتوری و ئابووری و فیکری و کۆمەڵایەتییانەی دابەشبوونی ئێمەی لەنـاو خـودی خۆمانـدا بـۆ هێـز و دەسـتە و گـروپ و تـاقمی جیـاواز بەپێـی لـۆژیکی خێـڵ و پەیوەندییەکانی خزمخواهی دابەشـکردووە، تێبپەڕێـنن و لە هەمانکاتیشـدا ئاسـۆی گەشەکردنی ئێمە وەک نەتەوە، ئاسۆی گەشـەکردنی هێـزە کۆمەڵایەتییەکـان وەک چـین بـکەنەوە و هەنگاوێـک دونیـای ئـێمە لەئاییـندەیەکی گەشـتر لە ئێسـتامان نزیکتربکەنەوە.

بەڵام وەک هەمووومـان دەزانـین ئەوەی ڕوویـدا تەواو پـێچەوانەی ئەم داخـوازی و پلانە مێژووییانە بـوو، حیزبـی کـوردی نەک دەرگـای ئاییـندەی نەکـردەوە، بەڵکـو کلیلی هەموو دەرگاکانی ئێستاشی فوودا و مرۆڤی ئێمەی لەنـاو کێشـە بونیـادییە کۆنەکانیدا نووقمکرد و هیچ ڕێگایەک، دەربازێک، ڕەهەندێکی بۆ نەهێشتەوە، جگە لە جەنگ و کارەسات و برسییەتی نەبێت. سیاسی کوردی لە جەنگی فیوداڵییـانە

و خێڵەکییانەی خۆیدا لەسەر دەسەڵات، نەک هەلوومەرجی خولقاندنی دەوڵەتی وەک دەگایەکی بان حیزبی پیادەنەکرد، بەڵکو ئەو تاقە دەزگا بان حیزبییەش، کە ڕۆژگاری تاڵی پڕهەرەس و نائومێدی، لەژێر قورسایی تێکشکانی دەزگاکانی حیزب و وجودی حیزب خۆیدا، دروستببوو، مەبەستم "بەرەی کوردستانی"یە ئەویش تێکشکێنرا و بەتاڵکرایەوە لە هەموو توانا و وزەیەکی جدی کارکردن و جێبەجێکردنی پێویستییە مێژووییەکانی ئێمە. ئەم بەئاسانی لەناوبردنەی "بەرەی کوردستانی" وامان لێدەکات دروستکردنی "بەرەی کوردستانی" وەک هێمای کارکردنی پێکەوەیی حیزب و سەرۆکە فیوداڵە سیاسییە کوردییەکان نەبینین و بەکارێکی ئیرادەگەرانەی گشتی تێنەگەین، دەنا چۆن وابەئاسانی لەناو دەچوو. بە بۆچوونی من "بەرەی کوردستانی" ئەو دەزگایە بوو، کە هێمای بۆ مەرگ و لاوازبوونی حیزب دەکرد وەک کیانێک، کە بتوانێت بەتەنها لۆژیکی گروپگەرای خۆی پیادەبکات. "بەرەی کوردستانی" ڕەمزی سەرەمەرگی حیزب بوو، ڕەمزی لاوازبوونی حیزب بوو تا ئاستی مردن و ماڵئاوایی لە مێژوو. "بەرەی کوردستانی" تێپەڕاندنی لۆژیکی خێڵ و لۆژیکی ناوچە و لۆژیکی پەیوەندییەکانی خزمخوازی نەبوو، بەڵکو ناوەندێک بوو بۆ کاری بە زۆر پێکەوەیی، لەڕۆژگارێکدا، کە مێژووی ئێمە لە خوێن و بای ژەهراویدا نووقمبوو، مەبەستم ڕۆژگاری سەردەمی پەلامارەکانی ئەنفال و دوای ئەنفال بوو. مەرگی مێژووی ئێمە، ئیفلیجکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانمان، وێرانکردنی کوردستان، شێواندنی گەشەی دیمۆگرافی کۆمەڵگای کوردی، زەوتکردنی ئیرادەی مرۆڤی ئێمە، تووڕدانی بەشی هەرە زۆری واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە بۆ دەرەوەی مێژوو و پرۆسە مێژووییەکان لەڕێگای کۆکردنەوەی بەهەزاران هەزار گوندنشین لە ئۆردوگاکاندا. ئەمانەو چەندان فاکتەری دیکەی لەم بابەتە و لەپێش هەمووشیانەوە مەترسی مەرگی حیزب خۆی دوای ئەو هەموو کارەساتانە زەمینەی دروستبوونی "بەرەی کوردستانی"یان هێنایە کایەوە،

نەک وشیارییەکی سیاسی بەرپرسیار و ئیرادەگەریەتێکی سیاسیی هۆشمەند.
بە بۆچوونی من "بەرەی کوردستانی" زیاتر ڕۆڵی دەورەی نەقاهەی دەبینی بۆ ڕزگارکردن و زیندووکردنەوەی حیزب خۆی، زیندووکردنەوەی ئەو نەخۆشە، کە ڕووداوەکانی کوردستان لەسەر خوانی مەرگ داینابوو، زیندووکردنەوەی ئەو نەخۆشەی، کە دواتر ئامادەیە خودی ئەو شوێنەی تێیدا چاکبۆتەوە وێران و خاپووریکات، مەبەستم "بەرەی کوردستانی" خۆیەتی. بەکورتی "بەرەی کوردستانی" زیاتر خەستەخانەیەک بوو بۆ حیزبە نەخۆشەکانی کورد، بەڵام دوای ئەوەی ڕاپەڕین ئەو دەرمانە سیحرییەی بەخشییە حیزبەکان بۆ زیندووبوونەوە و ڕزگاربوون و هاتنەوەکایە، کاری یەکەمیان لەناوبردنی ئەو خەستەخانەیە بوو، کە ڕۆژگارێک هەموویان وەک پەککەوتە لەناویدا کۆبببوونەوە. لێرەوە چارەنووسی بەرەی کوردستانی قسە لە حیکایەتی کۆمەڵێ نەخۆش و پەککەوتە دەکات چاوەڕێی چاکبوونەوەن، بۆ ئەوەی دوای چاکبوونەوەیان سەرلەنوێ یەکتری پارچەپارچەبکەنەوە. حیکایەتی "بەرەی کوردستانی" حیکایەتی کۆمەڵێ خێڵ و جەنگاوەری سەرەتاییە، کە مەترسییەکی دەرەکیی تایبەت بۆ ماوەیەکی کورت ناچاریاندەکات، گەر بەیەکیشەوە کارنەکەن، ئەوا پەلاماری ڕاستەوخۆی یەکدی نەدەن، بەڵام هەردوای ڕەواندنەوە و بەسەرچوونی مەترسییە دەرەکییەکە، ئیدی جارێکی تر ڕم و شمشێرەکانیان بەسەر دڵی یەکدیدا بچەقێنن.

-١٩-

ئەگەر ئەزموونی ساڵانی دوای ڕاپەڕین بە پلەی یەکەم بریتیبێت لە ئەزموونی داگیرکردنی حیزب بۆ کۆمەڵگای مەدەنی لەڕێگای تێنەپەڕین بەهەڵقەی دەوڵەتدا،

ئەوا ڕەوایە بپرسین داخۆ شوێنگرتنەوەی حیزب بۆ دەوڵەت و هەوڵدانی گۆڕینی دەوڵەت لە دەوڵەتی ـ نەتەوەوە بەدەوڵەتی ـ حیزب چ ئەنجامێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی خستۆتەوە؟ ئایا کۆی ئەو دەرەنجامانە بەسەریەکەوە چ ڕۆڵێک لەبەرپاکردنی جەنگ و نەکوژاندنەوەیدا دەگێڕن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە گرنگییەکی گەورەیان هەیە، چونکە گۆڕینی دەوڵەت بۆ دەوڵەتی حیزب بە پلەی یەکەم کارێکە ئیرادەگەر و لە پشتییەوە ویستێکی سیاسیی تایبەت و مەبەستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەئارادایە، نەک کۆمەڵێک بونیادی جیاجیا.
لە کوردستانی ئێمەدا ئەم ویستە سیاسی و ئەم مەبەستە کۆمەڵایەتییە هەڵگری پرۆژەی مۆنۆپۆڵکردنی هەموو شێوەکانی دەسەڵات و مۆنۆپۆلیزەکردنی ڕەهەندە جیاجیاکانی واقیعی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی ئێمەن. ئەم ئیرادە سیاسیە ئیرادەی بەر لە دروستبوونی نەتەوە و ئیرادەی هەوڵنەدانی دروستکردن و داهێنانی نەتەوەیە. ئەم ئیرادەیە کێشەی کۆمەڵگای ئێمەی لە کێشەی "پرۆسەی بە نەتەوەبوونی تەواو" ەوە گۆڕیوە بۆ کێشەی "چۆنیەتی مۆنۆپۆڵیکردنی دەسەڵات" و "چۆنیەتی کۆکردنەوەی دەسەڵات لە جەستەی سەرکردەیەک و حیزبێکدا"، لە باتی فراوانکردنی سنوورەکانی ئینتیما خەریکی داخستنی ئەم سنوورانە بووە بەڕووی هەموو ئەو هێز و گروپانەدا، کە نایانەوێت شوناسی خۆیان لە شوناسی حیزب و لە شوناسی سەرکردەکانی حیزبدا بدۆزنەوە. لە کوردستانی ئێمەدا حیزب هەموو شوناسەکانی دیکەی چەپاندووە بۆ سەروەری کردنی شوناسی خۆی، ئەم چەپاندنەش ئەوەندە بەرفراوان و هەمەلایەنە مرۆڤی ئێمە ناچارکراوە شوناسی نەتەوەیی خۆی وازلێبێنێت بۆ شوناسی حیزبی و لە نێوان نەتەوە و حیزبدا بەناچاری حیزب هەڵبژێرێت. شتێکی ئاشکرایە لە دونیای ئێمەدا هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی بەتەنها توانای سەرکردایەتیکردنی هەموو کۆمەڵگای نییە و هیچ حیزبێکی سیاسیش هەڵگری هەیمەنەیەکی ئایدیۆلۆژی و فیکری و کولتوری وا نییە

بتوانێت بەهۆیەوە سەرکردایەتی هێزەکانی دیکە بکات. لەواقیعێکی وادا تاقە عەقڵانیەتێکی سیاسی تەندروست دارشتنی بەرنامەی دابەشکردنی دەسەڵاتە نەک مۆنۆپۆلیزەکردنی، دروستکردنی زیاد لە تەوەرەیەکە بۆ دەسەڵات، نەک کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە جەستەی سەرکردەیەکدا، دروستکردنی ئەو هەستەیە لای ئینسانی ئێمە، کە خۆی حوکمی خۆی دەکات و خۆی سەروەری ژیانی خۆیەتی، نەک ئیفلیجکردن و وابەستەکردنێکی سەرتاسەری بە حیزب و بڕیارەکانی حیزبەوە.

هەموومان دەزانین بارودۆخی سیاسی دوای جەنگی کەنداو و هاتنە سەر دەسەڵاتی حیزبە کوردییەکان لە کوردستانی عێراقدا بارودۆخێکە هیچ هێزێکی کوردی بەتەنها نەیدەتوانی بیپارێزێ و نەیدەشتوانی چالاکانە ڕۆڵ و کاریگەریی هەبێ لە هێشتنەوە و بەردەوامبوونیدا. ئەو دەسەڵاتەی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا دامەزراوە دەسەڵاتێکە بە حیزبە کوردییەکان خۆیان ناپارێزرێت، بۆیە شەڕکردن لەسەر ئەو دەسەڵاتە جگە لە عەبەس و بێهودەییەکی تاریک شتێکی دیکە نییە. لەڕاستیدا شەڕکردن لەسەر شتێک، کە مۆڵکی خۆت نییە، یان لەباشترین حاڵەتدا بۆتەنەپارێزرێت جگە لە دێوانەییەکی سیاسی و خونکوژیەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی شتێکی دیکە نییە.

دەڵێم وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە گرنگن، چونکە ڕاستەوخۆ دەمانباتە بەردەم ئەو هاوکێشە و بڕیار و بۆچوونە سیاسییانەوە، کە دەستکردی ئیرادەی سیاسی کوردی خۆیەتی، نەک دەستکردی بونیادەکان. وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەوەمان نیشاندەدات، کە خۆمان چ ڕۆڵێکی گرنگ لەوێرانکردنی ماڵی خۆماندا دەبینین و چۆن بەدەر لەهەر هەستێکی نەتەوەیی شەڕێکی خێڵەکی و فیوداڵییانە لەگەڵیەکیدا دەکەین. پاڵەوانی ئەم بەشەی شەڕ ئەو بوونەوەرە نەخۆشەیە، کە ناوی "سیاسی کوردە"، ئەو پیاوەی "نیشتمان وەک خاڵێکی گومرگ

تەماشادەکات" و پڕکردنی دەغیلە و قاسەکانی لە فرۆشتنی چەکەوە دەستپێدەکات و بە فرۆشتنی نیشتیمان و فیکر و ئەخلاقی سیاسیدا تێدەپەڕێت.، کە دەڵێین حیزب کۆمەڵگای مەدەنی کوردی بەتەواوی ڕەتکردۆتەوە، مانای ئەوەیە حیزب ڕێی لە هەموو دەستپێشکەرییەکی فەردی و کۆمەڵایەتی داهێنەرانە گرتووە گەر هاتوو ئەو دەستپێشکەرییە بە دەرگاکانی حیزبدا تێنەپەڕێ و لەوێوە نەهاتە ناو دونیا و مێژوو و واقیعی ئێمەوە. ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی مانای پەکخستنی دینامیکیەتە ناوەکییەکانی کۆمەڵگا و وێرانکردنی ئەو وزە و توانا کۆمەڵایەتییانەی دەشێت فۆرم و ناوەڕۆکێکی دیکە بە پەیوەندییەکان و ئینتیماکان و سیستماتیزەبوونەکان بدەن. ڕەتکردنەوە و بێدەنگکردنی کۆمەڵگای مەدەنی بەتەنها ڕێگەگرتن لە چەند کەسێک، یان چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا خوڵقاندنی فەزایەکە: فەزایەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، کە تیایدا مرۆڤ هەست بەبوونی ئازادانەی خۆی، هەست بەبوونی خۆی وەک بوونەوەرێکی عاقڵ، خاوەن ئیرادە و خاوەن هەڵبژاردنێکی ئازاد، نەکات. لە فەزایەکی وەهادا مرۆڤ هەست ناکات هاوولاتییە و هەڵگری بەهایەکی تایبەت و هەڵگری هەزاران ئەگەری داهێنەرانەیە و دەتوانێت شوێنپەنجەی لەسەر دونیا و واقیع و مێژووی خۆی و مێژووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی دابنێت.

کە کۆمەڵگای مەدەنی دەکوژرێت مانای ئەوەی ڕێ بەهەر کۆنترۆڵ و چاودێریکردنێکی کۆمەڵایەتییانەی دەسەڵات دەگیرێت و هەموو ئەو دەرگایانە دادەخرێن کۆمەڵگا لەڕێگایانەوە دەتوانێت دەسەڵاتداران بخاتە ژێر چاودێری و نەهێڵێت سایکۆلۆژیا و ویست و ئارەزووی دەسەڵاتداران بچنە شوێنی یاسا و ماف و عەقڵانیەتی دەزگاکان. لە دونیایەکدا، کە کۆمەڵگای مەدەنی نەیتوانی بەدەنگبێت و قسەبکات و بڕێک لەدەسەڵات پیادەبکات، ئیدی هیچ شتێک نامێنێتەوە بەر بە بڕیارە تایبەتەکان بگرێت، لە بڕیاری هێنانەوەی دەبابەکانەوە بۆ نیشتیمان، بۆ

بڕیاری کردنی هەموو ئابووری کوردستان بە دەغیلەی حیزب و دەغیلەی نوخبەی دەسەڵاتداری ناو حیزب. ڕەتکردنەوە و بێدەنگکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە دونیای ئێمەدا ئەو ستراتیژەی دەسەڵاتی لەپشتەوەیە، کە دەیەوێ مرۆڤی ئێمە لە هاوڵاتییەوە بکات بەدەستوپێوەند، لەبوونەوەرێکی ئازادی خاوەن ئیرادە و ویست و عەقڵانیەتەوە، بکات بە بوونەوەرێکی بچووک و ئیفلیج، لەهەمانکاتیشدا ئەم ستراتیژەی دەسەڵات ستراتیژێکە دەخوازێت سەرکردەکان لە پیاوانی خاوەن ئەرک و بەرپرسیارێتییەوە لەبەردەم دەزگا و یاسا و کۆمەڵگادا، بکات بە بوونەوەری پیرۆزی دەرەوەی هەر لێپرسینەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەم ستراتیژەی دەسەڵات چەندە ئینسانی ئێمە بێنرخ و بچووک و بێبایەخدەکات، بەهەمانئەندازە سەرکردەکان وەک پێغەمبەران و پیاوانی ئەفسانەیی و بان مێژووی پێشنیاردەکات. ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی واتا ڕەتکردنەوەی ئەو مەرجە "کانت" یانەی بنەمای کۆمەڵگایەکی لیبراڵ و ئازاد و تەندروست دروستدەکەن، مانای ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی تاکەکەسی ئازاد، تاکەکەسی خاوەن هەڵبژاردن و تاکەکەسی عەقڵانی. بەدەستوپێوەندکردنی تاکەکەسی ئازاد، یان بە ڕەعیەتکردنیان، ئەو بونیادەی دەسەڵات نیشاندەدات، کە فۆکۆ دەیگەڕێنێتەوە بۆ زەمانی فیرعەون و بابلییەکان. گۆڕینی تاکەکەسی ئازاد لە هاوڵاتیەوە بە دەستوپێوەند تێگەیشتنێک و وێناکردنێکی تایبەتی دەسەڵاتی لەپشتەوەیە، کە سەر بەمەعقولیەتی سیاسیی سەردەمانی فیرعەون و کۆمەڵگا کۆنەکانە. بەم مانایەش مەعقولیەتی سیاسیی کوردی لەدواهەمین ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا بستێک ئەمدیوتر نەهاتووە لە مەعقولیەتی سیاسیی سەردەمی بابلییەکان، عەقڵیەتی سەرکردە کوردەکان هەمان عەقڵیەتی فیرعەونی هەزاران ساڵ لەمەویەرە. خۆ ئەگەر کاریزمای ئاشوریانیپاڵ و حیکمەتی حامورابیش لەبەرچاویگرین، لەچاو دلماوی و نەخوێندەواری و بێ کاریزمایی سەرکردە

کوردەکاندا، ئەوا ئەوکات لە قوڵایی ئەو کارەساتە تێدەگەین، کە سیاسیی کورد واقیعی کوردی پێگیرۆدەکردووە و لەو قوفڵە مەعریفی و فیکری و سیاسییە ئەستورانەش تێدەگەین، کە ئەم بوونەوەرە نەخۆشە دونیای ئێمە و مێژووی ئێمە و ئیرادەی ئینسانیی ئێمەی پێقوفڵکردووە و ڕازیشنابێت بیانکاتەوە.
کە دەڵێین حیزب کۆمەڵگای مەدەنی ڕەتکردۆتەوە مەبەستمانە بڵێین حیزب هەموو پرۆسەیەکی بەشداربوون لە دەسەڵات و پراکتیککردن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیدا دەکوژێت، کە ئەمەشیکرد ئیدی بەر بە هەموو بەشداربوونێک لە بڕیاردانی کۆمەڵایەتیدا دەگرێت و لەباتی ئەوەی کۆمەڵگا خۆی قسەبکات، چەند سەرکردەیەک بەناوی ئەوەوە قسەدەکەن. بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد بیرۆکەیەکە لە جەوهەردا بۆ ڕێگەگرتن لە کۆبوونەوە و چەقبەستنی دەسەڵات لە تاقە خاڵێک، یان کەسێک، یان دەزگایەکدا لەدایکبووە. ئەم بیرۆکەیە ئامرازێکە بۆ دروستکردنی زیاد لە تەوەرێک بۆ دەسەڵات، دروستکردنی زیاد لەبەرپرسیاریەتییەک، دروستکردنی زیاد لەدەزگایەک بۆ بڕیاردان. ئەمە جەوهەری ئەو فەلسەفە سیاسیەیە، کە قسە لە کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵگای سیاسی و هاووڵاتیان، دەکات. فەلسەفەی کۆمەڵگای مەدەنی فەلسەفەی بەخشینی مافی قسەکردن و بڕیاردانە بە کۆمەڵگا بۆ دەربڕینی خودی خۆی و باسکردنی ئەو گرفت و کێشانەی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.، کە کۆمەڵگای مەدەنی نەبوا، ناتوانین بزانین کۆمەڵگا بەدەست چ کێشەیەکەوە گیرۆدەیە و چ کێشەیەک ئەولەویەتی گرنگیپێدان و چارەسەرکردنی هەیە، ئەو کۆمەڵگایەی کۆمەڵگای مەدەنی تێیدا نەتوانێت بدوێت کۆمەڵگایەکە کێشە و گرفتەکانی خۆی نەناسێت و لەوێشەوە ئەو ئەگەرانەی بۆنانۆزرێتەوە، کە دەشێت کێشەکانی لەڕێگاوە چارەسەربکات.

بە بێدەنگکردنی کۆمەڵگای مەدەنی تەنها کۆمەڵێ دەنگ دەمێننەوە بۆقسەکردن، کە دەربڕی ویست و ئارەزووی ئەو نوخبەیەن، کە هەموانیان بێدەنگکردووە، یان لە ڕاستیدا هەلومەرجێکیان خولقاندووە، کە دەنگ کردن و دەنگ نەکردن وەک یەک وابن. بێگومان بێدەنگکردنی کۆمەڵگای مەدەنی بە پلەی یەکەم مانای دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هەلهەلەکێش لەباتی کۆمەڵگایەکی ڕەخنەگر و عەقڵانی و ئازاد کەتێیدا ئینسان وەک بەهایەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت نەک وەک دوو دەست بۆ چەپڵە لێدان و گەروویەک بە هەلهەلەکێشان.، کە دەڵێین حیزب کۆمەڵگای مەدەنی ڕەتکردۆتەوە، قسە لە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵێک دەزگای مەدەنی دەکەین، کە دەکرا دروستبوون و گەشەکردنیان لایەنە پۆزەتیڤ و گەشەکانی کولتوری ئێمە و ڕەهەندە ڕووناک و بنیادنەر و شارستانییەکانی ژیانی ئێمەی گەشەپێبدایە و دونیایەکی نوێ و فراوانتری لەدونیای خێڵ و حیزب بۆدروستکردبینایە. بێگومان هەر هەنگاوێکی لەم بابەتە هەنگاوێکی گرنگ و سەرەکی دەبوو ڕووەو دروستکردنی ئینیمایەکی نوێ و گەورەتر لە ئینتما بچووک و بەرتەسک و ناوچەییەکانی مرۆڤی ئێمە. ئینتمایەکی نوێ، کە بەبێ دروستبوونی مەحاڵە بتوانین قسە لەبوونی خۆمان وەک میللەتێکی سیاسی، یاخود قسە لەسەر مانا سیاسییەکانی خۆمان وەک نەتەوە بکەین، کە ئەمەشمان نەکرد نەدەتوانین نەوە نوێکانی کۆمەڵگای کوردی و نە دۆستەکانی کورد لەدەرەوەی کوردستاندا قەناعەت پێبهێنین، کە ناسیۆنالیزمی کوردی بزاوتێکی سیاسی ڕەوایە و داواکارییەکانی دەکەونە ئەودیوی قازانج و سودی حیزب و سەرکردەی حیزبەکان خۆیانەوە.

ڕووکارێکی دیکەی داگیرکردنی حیزب بۆ کۆمەلگای مەدەنی بریتییە لە دروستبوونی توێژێکی کۆمەڵایەتی نوێ، گروپێک، کە توانای بڕیاردان و داوەریکردن و یاسادانانیان مۆنۆپۆڵکردووە و لەڕێگای دەزگاکانی حیزبەوە لایەنە جیاجیاکانی

ژیـانی کـۆمەڵایەتی ئێمەیـان کـۆنترۆڵکردووە: لە ئـابوورییەوە بـۆ فەرهەنـگ، لە سووپاوە بۆ پەروەردە، لە یاسادانانەوە بۆ داوەری. ئەندامانی ئەم گروپە، دەشـێت لەباتی پێشمەرگە ناویانبنێین "بیرۆکراتەکانی حیـزب". ئەمـانە ئەو گـروهە نـوێیەن لەکوردستاندا دەسەڵاتدارن و ئابووریی وڵات و ئاسـایش لەژێـر دەسـەڵات و ڕکێفـی ئەماندایە و لە زۆر ڕووەوە شادەمارەکانی کۆمەڵگای ئێمەیـان کـۆنترۆڵکردووە. ئەم گـروهە تـۆڕێکی گەورەیـان لە قـازانج و سـوودی تـایبەت بەسـەر هەمـوو ژیـانی کۆمەڵایەتیدا بڵاوکردۆتەوە، تۆڕێک، کە ڕۆژ بەڕۆژ دونیای ئـێمە هەژار و هەژارتـر و دونیـای ئەو تـوێژە دیـاریکراوە، دەوڵەمەنـد و دەوڵەمەنترەدەکـات. ئەم تـاقمە لە شوێنێکی دەسەڵاتی وا گرنگدان، کە دواجار هەموو چالاکییە ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان دەبێت بەژێر ڕەحمەتـی بڕیارەکـانی ئەوانـدا تێپەڕێـت. ئەمەش وای لێکـردوون لەکاتێکـدا دوێنـێ پـارتیزانبوون لەشـاخەکاندا و تەنهـا خـاوەنی تفەنگەکانیان بن، ئەمڕۆ ببـنە خـاوەنی بەهێزتـرین پـایەی ئـابووری لە کۆمەڵگـای ئـێمەدا. ئەم جێگۆڕکێ خێـرایە لە "پارتیزان"ەوە بـۆ "بازرگـان" دەسـەڵاتێکی لە کوردسـتاندا هێنـاوەتە کـایەوە، کە زیـاتر شوناسـێکی مافیـایی هەیە تـا هەر شوناسـێکی دیـکە، دەسـەڵاتێک لە دەرەوەی هەر موحاسـەبە و لێپرسـینەوەیەکی یاسایی و سیاسی و ویژدانی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیدا.

بێگومـان درێژەپێـدانی شـەڕ و ڕێکـنەکەوتن و چارەسـەرنەکردنی کێشـەکان و هێشتنەوەی بارودۆخی وڵات لە هەلومەرجی ئێسـتایدا ئەو مەرجە پێشـینانەن، کە یـارمەتی مـانەوەی ئەو شـێوە دەسـەڵاتە مافیـاییە ئەدەن، کە ئەم گـروهە لە کوردسـتاندا پیادەیـدەکەن. لێـرەوە جەنـگ لە قـازانجی ئەوان و زەرەری هەمـوو خەڵکـی کوردسـتاندایە، جەنـگ مەرجـی مـانەوە و گەشـەکردنی ئەوان و مەرجـی فەوتان ولاوازی و بێ ئیرادەیی گشـت خەڵـکە، جەنـگ سـەرچاوەی کەڵەکەبـوونی ئابووریی ئەوان و سەرچاوەی ڕووتاندنەوەی ئابووریی کوردستانە، جەنگ گەنجینەیە

بۆ ئەوان و کارەساتە بۆ کوردستان.

-٣٥-

لەکۆتاییدا خوێنەر وەک دەبینێت من لەم لێکۆڵینەوەیەدا قسەم لەو پەیوەندییە ژێرپەردەیی و نادیارانە نەکردووە، کە ئەم لایەنی سیاسی کوردی، یان ئەو لایەنی دی، لەگەڵ ئەم دەوڵەتی دراوسێ، یان ئەوی دیان دروستیدەکات. هۆی ئەمەش ئەوەیە حیزبە کوردییەکان خاوەنی تێڕوانینێکی ئاشکرا و ڕوون نەبوون بۆ ئەو هاوپەیمانییە ناوچەییانە، دەشێت لە شەو و ڕۆژێکدا تەوەری هاوپەیمانیەتییەکانیان بەتەواوی بگۆڕن. ئەگەر ئێستا دوو تەوەری ئاشکرا لەناوچەکەدا ئامادەبێت، یەکەمیان تەوەری ئەنقەرە ـ بەغداد بێت، ئەوا تەوەری دووەمیان تاران ـ دیمەشقە. ئەگەر لە ئێستادا پارتی سەر بە تەوەری ئەنقەرە ـ بەغداد بێت و لەپاڵ دەبابە و فڕۆکەکانی عێراق و تورکیادا دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت، ئەوا یەکێتی لەپاڵ تەوەری تاران ـ دیمەشقدایە. بێگومان ماناکانی دانەپاڵی هەریەکێک لەم تەوەرانە جیاوازە و دەشێت لەڕووی مەعنەویەوە بۆ کوردێکی عێراقی ئاسانتربێت تەوەرەی دیمەشق ئێران قبووڵکات و تەوەرەی ئەنقەرە بەغداد ڕەتبکاتەوە، بەڵام لەڕاستیدا کێشەکە لەوەدایە کەهیچ شتێک زامنی گۆڕانی لەپڕی ئەو تەوەرانە ناکات، هیچشتێ زامنی ئەوە ناکات سبەینێ لایەنەکانی ئەو تەوەرانە نەگۆڕێن و دابەشکردنی نوێ دروستنەبێ و ئەمجارە بەشێوەیەکی دیکە حیزبە کوردییەکان بەسەریاندا دابەشنەبن. ئەوەی لێرەدا دەبێت جەختی لێبکرێت ئەوەیە، کە واقیعی سیاسی کوردی واقیعێکە لە غیابی لانیکەمی هەر ئیجماعێکی سیاسیدا دەژی و هێزەکانی ناوی لەگەڵ هێزە ئیقلیمیەکاندا ڕێکترن تا لەگەڵ یەکیدا. ئەمەش کارەساتێکی

سیاسی گەورەیە و تراژیدیترین ساتەوەختی مێژووی ئێمە نیشاندەدات.
بێگومان ئەگەر ماڵی کورد خۆی لەناو خۆیدا ماڵێکی رێکخراو و پتەو و باوەرپێکراو بوایە و فەزایەکی سیاسی تەندروست لەئارادابوایە، ئەوا هاوکێشە سیاسیە دەرەکییەکان نەیاندەتوانی بەئاسانی لەناویدا بژین و پیلانەکانی خۆیان لە ماڵی کورد دا بەئاسانی پیادەبکەن. کاری سەرەکیمان رێکخستنی ماڵی خۆمان و چاککردنەوە و پاککردنەوەی ئەم ماڵەیە، لەماڵێکی پاکدا زەحمەتە ڤایرۆسە دەرەکییەکان بژین.

هۆڵەندا ١٩٩٥

تێبینییەک
-ئەم باسە رۆژی ١-٩-١٩٩٥ لە (مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردی) لە ئەمستردام پێشکەشکرا.

سەرچاوەکان

١ـ بۆ پێناس و زانیاریی زیاتر دەربارەی چەمکی (هەبیتۆس) بڕوانە:
Kevin Olson: Habitus & body langaug, toward a critical theory of symbolic power Philosophy & social criticism, vol.21, no.2, pp23 49.

٢ـ بۆ تێگەیشتنی زیاتر دەربارەی بیرۆکەی "کایەی سیاسی" بڕوانە:
Pierre Bourdieu, argumenten, SUA, Amsterdam 1992 بەتایبەتی لاپەڕە ٧٥ تا ٣٧.

٣ـ بۆ بۆچوونی فۆکۆ دەربارەی پەیوەندیی شوان/ڕەعیەت بڕوانە: د. محمد عابد الجابری، العقل السیاسی العربی، محدداته و تجلیاته، بیروت/ مرکز دراسات الوحده العربیه، ل ٩٣ـ٣٤.

٤ـ بۆ کۆی بۆچوونەکانی برنارد بادی دەربارەی ئەم خاڵە بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥ـ بۆ فیکرەی (جیاوازی) بڕوانە: د. علی الحرب: نقد الحقیقه، المرکز الثقافی العربی، ط١، ٣٩٩١، ل ٩٢ـ٤٥.

٦ـ بۆ ناسینی تێرمی (خێڵ) لای (جابری) و (ابن خلدون) بڕوانە: محمد عابد الجابری. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٨٤ـ٩٤. هەروەها کتێبی (فکر ابن خلدون، العصبیة و الدوله: معالم نظریة خلدونیة فی التاریخ الاسلامی. بیروت/ دار الطلیعة ٢٨٩١.

٧- بۆ فیکرەی (پەیوەندییەکانی خزمخواهی) لای (مۆریس غودولیە) بڕوانە: د. محمد دکروب: الانتروبولوجیا، الذاکره و المعاش. بیروت/ معهد الانماء العربی، ١٩٨٤، ل١٣٨،١٣٥،١٣٣.

٨- بۆ شارەزایی زیاتر دەربارەی تێرمی (کۆمەڵگای مەدەنی) بڕوانە: المجتمع المدنی و دوره فی تحقیق الدیمقراطیة. بحوث و مناقشات الندوه الفکریه التی نظمها مرکز دراسات الوحده العربیه. بیروت ١٩٩٢، بەتایبەتی ل ١٤-٥٦ لەگەڵ ل ١٩-٢٠١.

بۆ شەڕی ناوخۆ بە 'شەڕی براکان' ناودەبرێت؟

بۆ شەڕی ناوخۆ بە 'شەڕی براکان' ناودەبرێت؟

-١-

هەموو کۆمەڵگایەک سیستمێکی دیاریکراوی ناونانی دیاردەکانی خۆی هەیە. لەڕێی ئەم سیستەمەوە ئەو کۆمەڵگایە هەوڵدەدات ناو لەو دیاردانە بنێت، کە لە ساتێک لەساتەکانی مێژوودا دەرکیانپێدەکات و وەک کێشەیەک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. توانای دەرککردنی ئەم سیستمی ناونانە بەو دیاردانەی لەو کۆمەڵگایەدا ئامادەن وابەستەی ئەو ستراتیژە مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەیە لەو کۆمەڵگایەدا چاودێری دروستبوون و هاتنەکایەی دیاردەکان و بەرهەمهێنانی مەعریفە دەکەن. بێگومان مەرجنییە ئەم سیستمی ناونانە سیستمێک بێت دەرک بە هەموو ئەو دیاردانە بکات، کە کۆمەڵگا بەرهەمیاندەهێنێت و بەشێوەیەکی دیار، یاخود نادیار ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. توانای دەرککردنی ئەم سیستمە بەدیاردەکان وابەستەی ئەو توانا مەعریفی و ئەو هێزی پرسیار و پشکنینەیە ئەو سیستمە هەڵگریەتی. لەغیابی سیستمێکی چالاکی ناوناندا زۆرجار وادەبێت کۆمەڵگا بەشێکی گرنگی ئەو دیاردانەی لەناو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتورییەکانیدا دروستدەبن، نەبینێت و دەرکیان پێنەکات، بەم بۆنەشەوە نەتوانێت ڕاڤەیانبکات و

بەشێوەیەکی عەقڵانی پلانی پێشبینیکردن و چاودێریکردن و گەشەکردنیان بۆ دابنێت.

لەزۆر ڕووەوە دەشێت گۆڕان و وەرچەرخانە لەپڕ و ناوەختەکان، شڵەژانە کۆمەڵایەتی و سیاسییە چاوەڕوان نەکراوەکان و ئەو ڕووداوانەی بێهیچ خۆ بۆئامادەکردنێک لە دەرگاکانی مێژوو ئەدەن، بە بەرهەمی ئەو سیستمی ناونانانە تێبگەین، کە توانای دەرکپێکردن و دیتن و پێشبینیکردنی دیاردەکانیان نییە. ئەو سیستمانەی ناتوانن مێژوو و ئەگەرەکانی مێژوو بپشکنن و بناسن و لەوێوە جۆرێک لەئامادەگی بۆ بەرامبەربوونەوەیان لەناو خۆیاندا سازبدەن، ناتوانن ناو لەدیاردەکان و کێشەکانیش بنێن. بێگومان نابینایی کۆمەڵگایەک لە بینینی دیاردەکانی خۆی و ناونانیان مانای نائامادەیی ئەو دیاردانە نییە لەناو ڕواقە تاریکەکانی واقیع و مێژووی ئەو کۆمەڵگایەدا، بەپێچەوانەوە دەشێت دیاردەیەک ناونەنرابێت، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری ئەو کۆمەڵگایە هەبێت. شتێکی تازەش نالێین گەر بڵێین هەندێ دیاردە ناونانرێن لەبەر ئەوەی هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، ستراتیژێکی تایبەتی ناونان و پێکهاتێکی دیاریکراوی دەسەڵات نایەوێت ئەو دیاردانە ببینرێن و ناوبنرێن. جگە لەمەش دەشێت هەندێک دیاردە ببینرێن بەڵام بەهەڵە ناوبنرێن، لەم دۆخەشدا دیسان ئەو بەهەڵە ناونانە وابەستەی ستراتیژ و لۆژیکێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و سەرزەمینێکی مەعریفی تایبەت و بەرنامەڕێژیەکی دیاریکراوی دەسەڵاتە، کە وادەکات ئەو دیاردەیە بەهەڵە ناوبنرێت. من دواتر دێمەوە سەر ئەم خاڵە و هەوڵدەدەم نیشانیبدەم بۆچی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دیاردەیەک لەدیاردەکان بەهەڵە ناودەنرێت. ناونانی دیاردەکان هەنگاویکی گرنگ و بنەڕەتییە لە تێگەیشتنی ئەو دیاردانەدا، لەهەمانکاتیشدا هەنگاوی یەکەمی بەرهەمهێنانی زانیارییەکی دروست و ڕاستەقینەیە دەربارەی ئەو دیاردانە. بەڵام با ئەوخاڵە تەولو ئاشکرابێت، کە

پرۆسەی ناونانی دیاردەکان پرۆسەیەکی ئالۆزە و وابەستەی چەندان میکانیزمی جیاوازە، کە بەسەریەکەوە سیاسەتێکی تایبەتی ناونان دەسەپێنن. ئەو پرسیارانەی ناسینی ئەم میکانیزمانە دەیانسەپێنێت ئەمانەن: کێ دیاردەکان ناودەنێت؟ چ هێزێک ناوەکان بەناو کۆمەڵگادا بڵاودەکاتەوە؟ کام پێکهاتی کولتوری و رۆشنبیریی سەرزەمینی ناونانەکان خۆشدەکەن؟ چ دید و مەبەست و ستراتیژێک لەپشتی ناونانەکانەوە ئامادەیە؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری دیکەی لەم بابەتە ئەو ئالۆزییەمان بۆ دەردەخەن، کە لەپشتی ناونانی دیاردەیەک لەدیاردەکانەوە ئامادەیە.

من لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم بەسوود وەرگرتن لە هەندێک لە بۆچوونەکانی فەیلەسوفی فەرەنسی میشێل فۆکۆ هێڵە گشتییەکانی چۆنیەتی ناونانی دیاردەیەک لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا روونبکەمەوە و دوای ئەوەش هەوڵدەدەم وەلامی ئەو پرسیارە بدەمەوە بۆ شەڕی ناوخۆی نێوان هێزە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی کوردستان بە شەڕی براکان ناودەبرێت. بێگومان ئەم هەوڵە هەوڵێکی سەرەتاییە و بۆ تێگەیشتنی زیاتری پرۆسەی ناونان لە دونیای ئێمەدا پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی فراوانتر هەیە.

فۆکۆ پرۆسەی ناونانی دیاردەکان راستەوخۆ بە کۆمەڵێ یاساو پرنسیپ و رێوشوێنی تایبەتەوە دەبەستێتەوە، کە لە واقیعێکی سۆسیۆلۆژی و مەعریفی دیاریکرلودا، هەم کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی ماناو بەرهەمهێنانی مەعریفە دەکەن و هەم دەست بەسەر پرۆسەی ناونان و پێناسەکردنی دیاردەکانیشدا دەگرن. فۆکۆ ئەم یاسا و پرنسیپ و رێوشوێنە جیاوازانە بە "سیستمی گوتار" ناودەبات. بەبۆچوونی فۆکۆ سیستمی گوتار ئەو سیستمەیە، کە چاودێری رەهەندە جیاجیاکانی زمان دەکات، لێناگەرێت دیاردەکان بەو شێوەیە ناوبنرێن، کە ئەو ستراتیژە بالادەستەی دەسەلات لەوساتەدا لەئارادایە بکەوێتە ژێر پرسیار و

ڕوویەڕووی مەترسی ببێتەوە. سیستمی گوتار هەوڵدەدات نەهێڵێت زمان ئەو ئەگەرە نەناسرلو و چاوەڕێنەکراوانە بخاتەکارەوە، کە پێکهات و تواناکانی گوتار خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە. بە مانایەکی دیکە سیستمی گوتار بریتیە لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مەعریفیەی زمان لەناویدا کاردەکات و بەهۆیانەوە دیاردەکان ناودەنێت. بێگومان زمان لەڕێگای ناونانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشدارە لەبەرهەمهێنان، یاخود لانیکەم لەسەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دیاردەکاندا. پرۆسەی ناونانی دیاردەکان پرۆسەیەکی بێگوناه نییەو لەهەمانکاتیشدا پرۆسەیەک نییە تەنها ڕۆڵێکی سلبی - پەسیڤ - لەژیانی دیاردەکاندا ببینێت. ناونانی دیاردەیەک هەوڵدانی دەستنیشانکردنی مانا و ماهیەتی ئەو دیاردەیە و بەخشینی 'جەوهەرێکە' پێی، جەوهەرێک، کە لەژێر سایەی بەخشینی ناوێکدا بوونێکی بەرجەستەتر و ئامادەتر بگرێتەخۆی و بەشێوەیەکی دیاریکرلو خۆیبخاتە بەردەمی وشیاری کەسەکانەوە بۆ دیتن و ناسین و ڕاڤەکردنی دەرکەوت و ماناکانی.

کاتێک لەڕێی ناونانەوە جەوهەرێک دروستدەکرێت ئیدی ئەو 'جەوهەرە' تا ڕادەیەکی دیاریکراو میکانیزمێکی ناوەکی گەشە و مانەوە و بەرجەستەبوونی خۆی لەناو دونیای کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و سیاسیدا پیادەدەکات، زۆرجار پرۆسەی ناونانی دیاردەیەک دەبێتە بەشێک لە پرۆژەی دروستبوونی ئەو دیاردەیە خۆی. بەولتایەکی دیکە زۆرجار پرۆسەی ناونانی دیاردەیەک دەبێت بە یەکێ لەو فاکتەرانەی، لەپاڵ کۆمەڵێک فاکتەری دیکەدا، بوونی ئەو دیاردەیە دەستنیشاندەکات. واتە خودی ناونانەکە خۆی دەبێتە هێزێکی مادی و وەک کۆی فاکتەرەکانی دیکە بەشداردەبێت لە مانەوە و بەردەوامبوونی ئەو دیاردەیەدا. بەم مانایەیە مارکس باس لەوە دەکات، کە بیرو بۆچوونی ئایدیۆلۆژی کاتێک بەناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە، دەبێتە هێزێکی مادی. لەم ڕووەوە زانستە کۆمەڵایەتییەکان

نموونەی زۆری ئەو حاڵەتانەمان نیشاندەدەن، کە چۆن مەسەلەی ناونانی دیاردەیەک و مەسەلەی بەرجەستەبوونە واقیعییەکەی یەک پرۆسە بوون و خودی ناونانی دیاردەکە لەهەمانکاتدا خودی خولقاندن و دروستکردنیشی بووە. زمان لەرێگای ناونانەوە وێنەیەک بۆ دیاردەکان دروستدەکات، کە دەیکاتە ئەو دەروازەیەی بەهۆیەوە لەو دیاردانە بڕوانین. بەڵام زمان ئەم شتە لەفەزایەکی ئازاد و بێچاودێریدا ناکات، بەڵکو هەمیشە ناچاریەک، یان جەبرێک هەیە، کە زمان ناچاردەکات بەشێوەیەکی دیاریکراو کاربکات و ستراتیژێکی دیاریکراوی هەبێت لە ناونان و پێناسکردنی دیاردەکاندا. ئەم جەبرانەیە فۆکۆ ناویاندەنێت "سیستمی گوتار" و دابەشیشیاندەکات بۆ دوو جۆر جەبری تایبەت (١):

یەکەم: جەبری دەرەکییەکان.

مەبەست لە جەبرە دەرەکییەکان جەبری ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییە لەدەرەوەڕا، بۆ نموونە لەرێی قەدەغەکردن، یان حەرامکردنەوە، سنورێک بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە و پرۆسەی ناونان و پێناسەکردن دادەنێت. بۆنموونە قەدەغەکردنی قسەکردن لەسەر سێکس و قەدەغەکردنی ڕەخنە لە ئایین لە دونیای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا و لەوێشەوە لە ئامادەنەبوونی ئەم بابەتانە لە ناو دونیای ڕۆشنبیری کوردیدا، بەشێکن لەو جەبرە دەرەکییانەی وادەکەن ئەم بابەتانە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا ئامادەنەبن، یان زۆر بە لاوازی و پەراوێزی ئامادەبن.

دووەم: جەبرە ناوەکییەکان.

ئەم شێوە تایبەتەی جەبر لەناو بونیادی ناوەکی و پێکهاتەی چەمکی و زاراوەیی ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراوەوە هەڵدەقوڵێت، ئەمانەش کۆمەڵێک جەبرن لە ناوەوەڕا وا لە ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو دەکەن نەتوانێت لەسەر کۆمەڵێک دیاردەی دیاریکراو بدوێت، بۆنموونە لەبەر نەبوون و بەرهەمنەهێنانی ئەو دەزگا چەمکی و فیکری و مەعریفیەی بتوانێت ئەو دیاردانە بەشێوەیەکی گونجاو ببینێت و ناوبنێت. بۆ نموونە

میکانیزمی گۆڕینی بیرکردنەوەی ئاڵۆز بۆ بیرکردنەوەی سادە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا، واتە سادەکردنەوەی بەزۆری هەموو دیاردەیەک تا ئەو ئەندازەیەی چیدی نەکرێت لەسەر زۆر دەرکەوەت و ڕووکاری قووڵی ئەو دیاردەیە قسەبکرێت. ئەم سادەکارییە وادەکات نەتوانین ڕەهەندە قووڵ و نەدیتراوەکانی ئەو دیاردەیە بخوێنینەوە، ئەو ڕەهەندانەی، کە بۆ خوێندنەوەیان پێویستمان بەدەزگایەکی چەمکی ئاڵۆزدەبێت دەنا ناتوانین زۆر دەرکەوت و مانای ئەو دیاردەیە بناسین و لێیانتێبگەین و لەوێشەوە هەوڵبدەین بیانهێنینە ژێر ڕکێفی عەقڵەوە. ئەم پرۆسەی سادەکردنەوەیە وادەکات ڕۆشنبیریەک نەتوانێت بونیادێکی ئاڵۆز لە چەمک و زاراوە و پرنسیپ بەرهەمبهێنێت، کە بتوانێت بەهۆیانەوە دیاردە ئاڵۆزەکانی ناو هەناوی خۆی ببینێت و ناوبنێت. باشترین نموونەش لێرەدا نموونەی ناونانی دیاردەیەکی ئاڵۆزو فرە ڕەهەندی وەک "شەڕی ناوخۆ" ی کوردستانە بە شەڕی "براکان"، یان شەڕی "براکوژی".

-٣-

هەموو لێکدانەوەیەک بۆ ناونانی شەڕی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان بە 'شەڕی براکوژی'، بەبێ تێگەیشتن و ناسینی ئەو جەبرە دەرەکی و ناوەکییانەی لەسەرەوە باسمانکردن، لێکدانەوەیەکی ناکامڵ دەبێت. سەرەتا با بزانین ئەو جەبرە دەرەکییانە کامانەن، کە وایانکردووە شەڕی ناوخۆی کوردستان بەشەڕی براکوژی ناوبنووسبکرێت و ئەم دیاردە ئاڵۆزە بۆ وا سادە بە شەڕی کۆمەڵێک برا لەگەڵیەکدا ناونراوە.

شەڕی ناوخۆ لە کۆمەڵگای کوردیدا شەڕێکە لەساتەوەختێکدا ڕوودەدات، کە کورد

خاوەنی بزاوتێکی نەتەوەییە و دەیەوێت خۆی لەڕێی ئەم بزاوتەوە وەک گروپێکی ئەتنی جیاواز و وەک نەتەوەیەکی تایبەت، بەدونیای دەرەوەی خۆی و بە خودی خۆشی بناسێنێت. شەڕی ناوخۆ لەکاتێکدا ڕوودەدات، کە کورد بەبەردەوامی پێ لەسەر ئەو سنوورە ڕەمزی و واقیعییانە داگرێت، کە لە نەتەوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە. بەمانایەکی دیکە شەڕی ناوخۆ لە ساتێکدا ڕوودەدات، کە کورد دەیەوێت وێنەیەکی یەکگرتوو لەسەرخۆی بەدونیای دەرەوەی خۆی بدات و بیسەلمێنێت، کە گروپێکی ئەتنی هاوشێوە و وێکچووە و دەیان شتی هاویەش لە دونیای دەرەوە و لە نەتەوە و گروپەکانی دیکەی جیادەکاتەوە. ئەم شتە هاویەشانەش بریتین لەو هەموو هاویەشە ئایدیۆلۆژییانەی هەموو بزاوتێکی ناسیۆنالیستی پێویستی پێیەتی بۆئەوەی خۆی لە بزاوتەکانی دیکە جیابکاتەوە، ئەو هاویەشانەش فرەجۆرن، لە مێژووی هاویەشەوە بۆ ئابوری هاویەش، لە قازنج و سایکۆلۆژیا هاویەشەوە بۆ ئایندەی هاویەش. ئێریک هۆبزباوم، یەکێک لە تیۆریستە هەرە گرنگەکانی دیاردەی ناسیۆنالیزم، ڕای وایە ئەم هاویەشانە زیاتر کۆمەڵێک هاویەشی دروستکراو و داهێنرلو و پێشنیارکراون، نەک هاویەشی واقیعێکی مێژووی و سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی بابەتی و ڕاستەقینەبن. (٢) هۆبزباوم دەیەوێت بڵێت ئەم شتە 'هاویەشانە' سیستمێکی دیاریکراوی ناونان پێشنیار و دروستیاندەکات، کە نایەوێت ئەو جیاوازییە ناوەکییانە ببینێت، کە دەشێت گومانێک ڕووبەڕووی ئەو هەموو هاویەشە گریمانکراونە بکاتەوە. ناسیۆنالیزم هەڵگری سیستمێکی ناونانە جیاوازییەکان دەشارێتەوە و بەردەوام پێشنیار و گریمانی وێکچوونی کولتوری و سیاسی و ئابووری و سایکۆلۆژی دەکات. ئەم سیستەمی ناونانە ئەو ژێرخانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەعریفی و فەرهەنگییە دەرەکییە دەخولقێنێت، کە بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکان کاریپێدەکەن، بەبێ ئەم سیستمە زەحمەتە هیچ بزاوتێکی ناسیۆنالیستی بتوانێت تاکەکان و

گروپەکـان لەدەوری کۆمەڵێـک شـتی هـاوبەش کۆبکـاتەوە و مۆبیلیزەیـان بکـات. ناسیۆنالیزم لەئاسـتە کولتـوری و فەلسـەفییەکەیدا بـریتیە لە ماشـێنێکی گەورەی بەرهەمهێنانی ئەفسانە و حیکایەتی گەورە، دەربارەی ئەسڵی هاوبەش و ئاییندەی هـاوبەش و لێکچـوونی هاوبەشـی گریمـانکراو. هەمـوو ئەمـانەش پـێکەوە دەتـوانن فانتازیایەک بخولقێنن، کە هیچ بزاوتێکی ناسیۆنالیستی ناتوانێت دەستبەرداری بێت و تا ڕادەیەکی زۆریش گرەوی مانەوەی ئەو بزاوتە وابەستەی توانای ئەو فانتازیەیە لە بەردەوام سەپاندن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەو هاوبەشە گریمـانکراوانەدا. بەکـورتی ئەوەی لەدونیـای ئـێمەدا حـوکمی پرۆسـەی ناونـانی دیاردەکـان دەکـات جەبـری دەرەکـی ئەو بـزاوتە ناسیۆنالیسـتییەیە، کە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان مێــژووی ئــێمەی لەم ســەدەیەدا بەرهەمهێنــاوە. ناســیۆنالیزمێک، کە عەوداڵــی خولقاندنی وێنە هاوبەشەکانە، وێنەی نەتەوەیەکی هاو ڕابـردوو، هـاو چـارەنووس و یەککگرتوو.

بێگومان یەکەمین شتێک شەڕی ناوخۆ بەکردەوە وێرانیدەکات ئەم وێنە هاوبەشەی کوردە، ئەو فانتازیا کۆمەڵایەتی و سیاسییە هاوبەشـەیە، کە وێـنە هاوبەشـەکان و لێکچوونە زۆرەکان دروستدەکات. ئەو وێنانەی دەیانەوێـت لەیەککاتـدا هەم دونیـای دەرەوەی کورد و هەم کورد خۆی لەوە ئاگـاداربکەنەوە، کە مەسـەلەی کـورد یەک مەسەلەیە و کورد دەبێـت وەک یەک گروپـی ئەتنـی جیـاواز و وەک یەک نەتەوەی یەککگرتوو تەماشابکرێت. بەمانایەکی دیکە، شەڕی ناوخۆ دەبێتە هـۆی وێرانکردنـی ئەو وێنە هاوبەشەی کورد دەیەوێت لە دونیای سیاسی و ڕۆشنبیری و کـۆمەڵایەتی کورد خۆیدا و لە فانتازیای ئەوانیدیکەی دەرەوەی کوردیشدا، بیچێنێت. لە قووڵایی ناونـانی شـەڕی نـاوخۆ بە شـەڕی براکـوژی، ترسـێک هەیە هەسـت بە مەترسـی وێرانکردنی ئەو وێنە هاوبەش و یەککگرتـووانە و دەرەنجامەکانیـان دەکـات، هەم بـۆ کورد خۆی و هەم بۆ دونیای دەرەوەی کورد. هەسـتدەکات ئەو دونیـا فانتـازییەی

ناسیۆنالیزمی کوردی دەیەوێ دروستیبکات لەبەردەم مەترسی هەپروون بە هەپروون بوون و لێکهەڵوەشاندنەوەدایە. ئەم ترسە ترسێکە لەوەی نەکرێت کورد وەک یەک گروپی ئەتنی، وەک یەک نەتەوە، وەک یەک خێزان و مەسەلەکەشیان وەک یەک مەسەلە تەماشابکرێت. لێرەوە لە پشتی ناونانی شەڕی ناوخۆوە بە شەڕی براکان لۆژیکێک ئامادەیە، کە هەوڵدەدات ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییە خوێناوییەکان بە ناکۆکی ناو یەک خێزان پێناسبکات، تا هیچ نەبێت بەم پێناسە خێزانییە ئەو هاویەشە سەرەکییە بپارێزێت، کە هەموو بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی پێویستیپێیەتی.

بێگومان پاراستنی پایەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەو مانایەی لەسەرەوە باسمانکرد، وابەستەی ئەوەیە تاچەند ئەو بزوتنەوەیە دەتوانێت ئەو وێنە یەکگرتوو و هاویەشانە بپارێزێت، کە کورد هەم بە خۆی و هەم بەدونیای دەرەوەی خۆی دەدات. نەپاراستنی وێنەی هاویەشی کورد و نیشاندانی کورد وەک کۆمەڵێک هێزی ناتەبا و دژیەیەک تا ئاستی بەرپاکردنی جەنگی خوێناوی لەگەڵیەکدا، هیچ بەهانەیەک بۆ مانەوەی بزوتنەوەیەک بەناوی نەتەوەی کوردەوە، بەناوی گشتێکی هاویەش و هاوچارەنووسەوە ناهێڵێتەوە. لێرەوە ئەم بزوتنەوەیە ناچارە هەموو ئەو جەبرانە پیادەبکات، کە دەتوانێت بەهۆیەوە لانیکەمی ئەو وێنە هاوبەشانە بپارێزێت و بەم پاراستنەشی مانایەک بە مانەوەی خۆی وەک بزاوتێکی سیاسی بدات. جەبری بەرهەمهێنانی وێنەیەکی یەکگرتوو بۆ کورد، جەبرێکە دەیەوێت ڕێ لەهەموو هەوڵێک بۆ تێکشکاندنی ئەو وێنە هاویەشە بگرێت، کە کورد وەک نەتەوە نیشاندەدات، ئەمەش وەک وتم جەبرێکە نایەوێت وێنەی یەکگرتووی کورد لە فانتازیای خۆی و لە فانتازیای ئەوانیدیشدا برینداربێت و لەناوبچێت. ئەم جەبرە جەبرێکە دەیەوێت هەموو مەترسییەکانی لەناوچوونی ئەو وێنەیە بنەبڕبکات. ئاخر ئەو مەترسییانەی بوونی ئەم وێنە یەکگرتووەی کورد دەخەنە بەردەم هەڕەشەی

گەورەوە مەترسی واقیعین و پەیوەندییان بە بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردی خۆی و بەو باروئۆخە ناوچەیی و نێونەتەوەییەوە هەیە، کە کورد خۆی لەناودا دۆزیوەتەوە. بەمانایەکی دیکە ترسی وێرانبوونی وێنەی هاوبەشی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز، ترسێکی واقیعییە و بەردەوامیش بەشێک بووە لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە، ترسێکە لەئێستادا لەهەموو کات ئامادەتر و بەرچاوتر و کوشندەتریشە.

لە مێژووی ئێمەدا بۆ پاراستنی ئەم وێنە یەکگرتووە دەستبراوە بۆ چەندان تەکتیکی جیاواز، لەهەموویان بەرچاوتر ئەو فێڵە مەعریفییەیە، کە شەڕی ناوخۆ بە شەڕی براکان ناودەنووسدەکات. ئەم ناونانە دەیەوێت بڵێت، ڕاستە کورد لەگەڵ یەکدیدا شەڕدەکەن، ڕاستە ناکۆکییەکان لەناو دەریایەک خوێندا دەتەقنەوە و ڕاستە کورد هەمان ئەو فیشەکانەی بە داگیرکەرانییەوە ئەنێت بەسەر دڵی یەکدیشیەوە ئەنێن، بەڵام هاوکات نابێت ئەوەمان لەبیرچێت ئەم شەڕانە شەڕی براکانە، شەڕی ئەو برایانەی بەحوکمی برابوونیان ناکرێت وا چاوەڕوانبکرێت شەڕەکەیان شەڕێکی ڕاستەقینە و بەردەوام و بێکوژانەوە بێت، شەڕێکبێت چوارچێوەی خێزان، چوارچێوەی هاوبەشی پێکەوە کۆکردنەوەی براکان، وێرانبکات. ئەم ستراتیژی ناونانە ئەیەوێت بڵێت ئەم شەڕە شەڕێکی کاتی و ناماقوڵ و لەهەمانکاتدا ناوازەشە. ناونانی شەڕی ناوخۆ بە شەڕی براکان ناونانێکە دەیەوێت لانیکەمی ئەو پەیوەندییە بپارێزێت، کە دواجار دوویرا لە چوارچێوەی یەک خێزاندا بەیەکەوە گرێدەدات، دەیەوێت بڵێت ڕاستە ئەم شەڕە شەڕی نێوان کورد و کوردە، بەڵام ئەم شەڕە شەڕی نێوان دوو برایە، شەڕی نێوان خێزانێکە، کە بێگومان کاتییەو، لەهەمانکاتیشدا هەڵەیە و دەشێت و دەبێت بەئاسانی چارەسەریکرێت. واتە ئەم ناونانە دەیەوێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بڵێت نابێت لەم شەڕەوە ئەو دەرەنجامە دەستگیریکەین و بڵێین ئەمانە یەک میللەت، یان یەک

نەتەوە، یان یەک خێزان نین و یەک چارەنووس چاوەڕوانیان ناکات. چونکە ئەم دەرەنجامە دەرەنجامێکە بوونی هەموو بزوتنەوەی سیاسی کوردی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ڕووبەڕووی کێشەی شەرعییەتی سیاسی دەکاتەوە. بەکورتی ئەم ناونانە هەوڵدانێکە بۆ پاراستنی ئەو وێنە هاوبەشە یەکگرتووەی کورد دەیەوێت بە دونیای خۆی و بە دونیای دەرەوەی خۆشی بدات.

-٣-

هۆکارێکی دیکەی ناونانی شەڕی ناوخۆ بە "شەڕی براکان" هەوڵدانی بەخشینی بارگەیەکی ویژدانییە دژیە شەڕ و ناونووسکردنیەتی وەک کارێکی ناعەقڵانی. ئاخر دۆخی عەقڵانی بوونی براکان بەیەکەوە دۆخی کارکردن و تەبایی و هاوئاهەنگی و پێکەوەبوونی ئاشتییانە و هاریکاری فرەلایەنە. لۆژیکی باڵادەست لای ئینسانی ئێمە و لەناو کولتوری ئێمەدا پێماندەڵێت دۆخی پێکەوەبوونی براکان، دۆخی خێزان، دۆخی هاریکاری و ئارامی و ئاسایشە، دۆخی خەمی یەکدی خواردن و بەدەم یەکەوەچوون و پشتی یەک گرتنە. ئەم دۆخە دۆخی ئەو شێوە هاریکارییە سروشتییەیە، کە دۆرکهایم ناویدەنێت "هاریکاری میکانیکی" خۆبەخۆ. هاریکارییەک، وەک دۆرکهایم دەڵێت، پشتئەستوورە بەو پەیوەندییە سروشتی و خۆبەخۆیانەی لەشێوەی پەیوەندی خزمایەتی و پەیوەندی خوێندا کەسەکان و گروپەکان بەیەکیەوە گرێدەدات. بەم مانایە ئەم ناونانە لە قووڵاییە دەلالییەکانی خۆیدا هەوڵدانێکە بۆ ڕێگرتن لە بەرپابوون و داگیرسانی ئاگری شەڕ، هەوڵدانە بۆ پیشاندانی دونیای سیاسی کوردی وەک دونیای براکان، دونیای هارمۆنیەت و پێکەوەکارکردن.

ئەم ناونــانە ئەرکێکــی ســایکۆلۆژی و ڕەمــزی و دواجــار سیاسیشــی هەیە، کە لەپشتییەوە هەوڵدانێک بۆ ڕێگرتن لە شەڕو لە تەقینەوەی ناکۆکییەکان هەیە. هەر لەم ڕەوتەشــدا دەبــێ هەمــوو ئەو وێنــانەی دیــکەی برامــان لەبەرچاودابێــت، کە ڕۆشــنبیری گــوترلو و نووســرلوی ئــێمە پێشــکەش بە ئینســانی کــورد و دونیــا فانتــازییەکەی ئەو ئینســانەی دەکەن، وێــنەی ئەو بــرا تەبایانەی، کە یەکگرتنیــان هێزێکی لەشکان نەهاتویان دەداتێ و ناکۆکبوونیشــیان دەیانکــاتە بــوونێکی لاوازی ئەوتۆ، کە شکاندنیان زۆر ئاسان بێت.

ئەگەر ئەوەی تائێســــتا باســــمانکرد بریتیبێــــت لەدەرکەوتەکــــانی ئەو جەبــــرە دەرەکییانەی دیاردەی شەڕی ناوخۆیان بە شەڕی براکــان ناونووســکردبێت، ئێســتا کاتی ئەوە هاتووە باس لەو جەبرە ناوەکییانە بکەین، کە ئەم ناونانەی سەپاندووە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو جەبرە ناوەکییانە کامەن؟

-٤-

وەک لە سەرەتای ئەم نووسینەدا هێمام بــۆکرد جەبــرە ناوەکییەکــان جەبری ئەو بونیــادە ڕۆشــنبیرییەیە، کە پرۆســەی بەرهەمهێنــانی مەعــریفە لە دونیــای ئــێمەدا بەرێوەدەبات. ڕۆشــنبیری کــوردی بەشــێوەیەکی گشــتی ڕۆشــنبیرییەکە لە غیــابی چەمــک و زاراوە و میتــۆد و تێــزو تیــۆرەدا کاردەکــات، ڕۆشــنبیرییەکە هەڵگــری گوتارێکی مەعریفی و زانستی نییە سەبارەت بە کۆمەڵگا و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاســی و ســایکۆلۆژی و فەرهەنگییەکــانی نــاو کۆمەڵگــای کــوردی. غیــابی سۆسیۆلۆجیا، ئەنسرۆپۆلۆجیا، سایکۆلۆجیا، فەلسەفە، زانستە سیاسیەکان هتد... وایکردووە ئەم ڕۆشنبیرییە نەتوانێت دیاردەکانی ناو واقیعی کوردی، کە بێگومــان

دیاردەی هێجگار ئاڵۆز و فرەڕەهەندن، تێبگات و بەشێوەیەکی دروست ناویانبنێت. کەئەمەشی بۆ نەکرا ناچار دەستدەبات بۆ سادەکردنەوەی ئەو دیاردانە و ناونانیان بەپێی ئەو توانا مەعریفییە کەمانەی ئەم ڕۆشنبیرییە هەیەتی. لێرەوە دیاردەی ئاڵۆزی شەڕی ناوخۆ کورتدەکرێتەوە بۆ شەڕی براکان و بەم ناونانەشی هەموو ئەو فاکتەرە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کولتوری و فانتازیانە دەکوژرێن، کە لەناوەوەڕا فوو بەکوورە جەهەنەمییەکانی شەڕی ناوخۆدا دەکەن. بەکورتی ناونانی شەڕی ناوخۆ بە شەڕی براکوژی لەم ئاستەدا وابەستەی بێتوانایی ڕۆشنبیریی کوردییە لەناونان و ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی ڕاستەقینەی ئەو دیاردانەی کۆمەڵگای کوردی ڕوویەڕوویان دەبێتەوە، لەوانەش شەڕی ناوخۆ.

-٥-

ئەگەر ناونانی شەڕی ناوخۆ بە شەڕی براکان ئەو جەبرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییانەی سەرەوەی لەپشتەوەبێت و هەوڵدانێکبێت بۆ پاراستنی ئەو وێنە یەکگرتووەی کورد لەم قۆناغەی گەشەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەدونیای دەرەوەی دەدات، واتە ئەگەر ئەم ناونانە بەشێوەیەک لە شێوەکان هەڵگری مانایەکی ئیجابی بێت، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە داخۆ ئەو کاریگەرە سلبییانە کامانەن ئەم ناونانە دەیانخاتەوە؟ یەکەمین خاڵێک لێرەدا هێمای پێبکەین سڕینەوە و دلپۆشینی شوناسی ئەو گروپانەیە، کە بەشەڕدێن. ناونووسکردنی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ناتەباکانی کوردستان بە برای یەکتری هەر لەسەرەتاوە ڕێگرە لەبەردەم ناسینێکی ڕاستەقینە و جدی هێزە شەڕکەرەکان و ناسینی ئەو مەسەلانەدا ئەم هێزە شەڕکەر و ناکۆکانە لەسەری بەشەڕدێن. ئەمەش مانای

تۆڕاندن و لەدەستدانی توانای ناسین و پێناسکردنی ڕاستەقینەی ئەو کێشانەی شەڕی ناوخۆ بەرهەمدێنن. بێگومان ئەم داپۆشینە بە پلەی یەکەم چەپاندنە، چەپاندنێک ناهێڵێت لەو ڕیشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی و کولتوری و سیاسییانە تێبگەین، کە وادەکەن ئەم هێزانە بەشەڕبێن و جەنگ وەک نەگۆڕێک لە نەگۆڕەکانی دونیای ئێمە، بەرهەمبهێنن.

-٦-

لەڕووی سۆسیۆلۆجییەوە سەرنجێکی ورد لە زاراوەی "شەڕی براکوژی" دەمانخاتە بەردەم ئەو ڕاستییەی، کە ناونانی دیاردەی شەڕ لەکوردستاندا بەشەڕی براکان، ناونانێکە سەر بە سیستمێکی بەرهەمهێنانی مانایە، کە تیایدا کۆمەڵگا و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە تێرمەکانی خێزان و پەیوەندییەکانی ناو خێزان پێناسەدەکرێن. ئەم ناونانە دەیەوێت بڵێت ئەوانەی شەڕدەکەن ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە ناکۆکانە نین، کە لەپشتی شەڕەکانیانەوە جیاوازی لە دید و تێڕوانین و تەماحی کۆمەڵایەتییاندا هەیە، بەڵکو ئەم شەڕە شەڕی ئەو برایانەن، کە لەناو یەک خێزانەوە هاتون و هەڵگری یەک خوێنن. کردنی شەڕی ناوخۆ بە شەڕی براکان هەوڵدانێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سڕینەوەی هەموو ڕەگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم شەڕە. بێگومان ئەم ناونانە ڕەمزییە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناونانێکی هەڵەیە، چونکە ئەوانەی شەڕدەکەن براکان نین، بەڵکو کۆمەڵێ هێزی جیاوازن، کە لە ململانێیەکی خوێناویدان لەسەر دەسەڵات. کۆمەڵێ هێز، کە لەڕۆژگاری جیاجیادا ئایدیۆلۆژیای جیاجیا و تێگەیشتنی جیاجیا و بنکەی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەبووە. بەڵام زۆربەی هەرەزۆریان سەر بەکولتورێکی سیاسی تایبەتن، کە ئەکرێ

بەکولتوری خێڵ، یان کولتوری تۆڵە ناونوسیبکەین.
دانان و جێنشینکردنی ناکۆکییەکان لە دونیای خێزان و پێناسەکردنیان بە زاراوەی پەیوەندییەکانی خزمخواهی، بەشێکە لەو سیستمی چاودێریەی دەیەوێت ئینکاری ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییە بکات، کە شەڕ، هەموو شەڕێک، دەبێت ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، ببەسترێتەوە بەو بونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و ڕەمزییەوە ئەو هێزە جیاوازانە هەم بەیەکیەوە دەبەستێتەوە و هەم لەیەکتریشیان جیادەکاتەوە. ئەم داونانە دەخوازێت ئینکاری ئەوەبکات، کە شەڕ بەرهەمی ئەزمەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە گەورەتر و بەرفراوانتر لە سنووری خێزان و ئەو دونیایەی خێزان لەناویدا وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ئامادەیە. شاردنەوەی ئەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەی شەڕ فێڵێکی سیاسیە و لەڕێگەیەوە ئەم هێزانە هەوڵئەدەن ڕووە تاریکەکانی ململانێی نێوانیان و هۆکارە ڕاستەقینەکانی بشارنەوە. داونەنانی ڕاستەقینەی ئەم دیاردەیە و چەندان دیاردەی دیکەی لەم بابەتە ئەو قەیران و پشێویە فیکری و چەمکی و عەقڵییەش بەرهەمدەهێنێت، کە دواجار خۆی دەبێتە سەرزەمینی بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی ئەو هێزانەی قازانجی کۆمەڵایەتییان لەوەدایە هیچ دیاردەیەک لە دیاردەکانی دونیای ئێمە، بە ڕاستی داونەنرێت. ئەمەش مانای ڕێگرتن لە ناسینی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئەخلاقییەی دواجار شەڕ دەبێتە یەکێک لەبەرهەمە هەرە گرنگەکانی.

-٧-

شەڕی ناوخۆی کوردستان لە نەوەدەکاندا شەڕی دووهێزە بڕیاری سەرەکییان ئەوەیە لەیەکدی بچن. ئەم شەڕە چیدی شەڕێک نییە لە پێناوی سەلماندنی

جیاوازییەکانـدا، بەڵکـو شـەڕێکە لە پێنـاوی سـڕینەوەیاندا، شـەڕ نییە لەسـەر هارمۆنیەتی ناو خێزان، بەڵکو شەڕە لەپێنـاوی داگیرکردنـی مەوقیعـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیدا: بەکورتی شەڕی ناوخۆی نەوەدەکانی کوردستان شەڕە لەسـەر بـوون بە تاقە گروپی باڵادەست لە کوردستاندا.

لەئاستی کۆمەڵایەتیـدا شـەڕی نـاوخۆی کوردسـتان لە نەوەدەکانـدا پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆی بەو جێگـۆڕکێ کـۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە لەدوای ڕاپەڕینـەوە لە نەخشـەی کـۆمەڵایەتی کوردسـتاندا دروستبووە. مەبەسـتم لەو جێگـۆڕکێیەش هاتنەکایەی کۆمەڵایەتی ئەو 'سیاسییانەیە'، کە لەناو حیزبەوە و بەهۆی حیزبەوە و لە هەلومەرجی ناوەکی شەڕی ناوخۆدا، مەوقیعێکی کۆمەڵایەتی پتەو و گرنگیـان بـۆ خۆیان دروستکرد. ئەم گـروهە سیاسـییە توانیـان لە سـاڵانی دوای ڕاپەڕینـدا مەوقیعـی سیاسـی خۆیـان بگـۆڕنە سـەر مەوقیعێکـی کـۆمەڵایەتی باڵادەسـت و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بگۆڕن بۆ دەسەڵاتێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورەش. ئەم گـۆڕانە کـۆمەڵایەتییە بەبـێ بـوونی دونیـایەکی نائـارام و بەبـێ پشـێوییەکی کـۆمەڵایەتی گەورە مەیسـەرنەدەبوو. ئەم مەیسـەرنەبوونەش پەیوەنـدی بەو ڕاسـتییەوە هەیە، کە 'سیاسـییەکان' گروهێـک بـوون لەدەرەوەی ژیـانی ئابووریـدا دروستبوون و تاقە هۆکارێک بۆ دابەزینیان وەک هێزێکی باڵادەست بۆ ناو دونیـای ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەبێ مۆنۆپۆلیزەکردنی ژیانی ئـابووری کوردسـتان و بەبـێ خولقانـدنی پشـێوی کـۆمەڵایەتی دروسـتنەدەبوو. پشـێویی کـۆمەڵایەتی نەبـوایە پارتیزانەکانی دوێنێ نەدەبوونە سەرمایەدارەکانی ئەمڕۆ.

شـەڕی نـاوخۆ لەیەککاتـدا هەم مۆنۆپـۆلیزەی ئـابووری و هەم ئەو پشـێوییە کۆمەڵایەتییانەی خولقاند، کە ئەم جێگۆڕکێ کۆمەڵایەتییە پێویستی پێبوو. شەڕی نـاوخۆ سیاسـییەکانی کـوردی لە 'پـارتیزانی نـاو شـاخەکانەوە' کـردە پیـاوانی دەسەڵاتداری ناو شارەکان. ئەم جێگۆڕکێ کۆمەڵایەتییە هاوزەمـان بەنـاو هەڵـقەی

ئەو ململانــێ سیاســی و ئایــدیۆلۆژییەدا تێــپەڕی، کە ڕۆژگــارێکی درێــژە هێــزە سـەرەکییەکیەکانی کوردسـتان بەیەکەوە دەبەسـتێتەوە. لێـرەوە بەشـێکی گەورەی داگیرکردنی مەوقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دونیای ئێمە بەناو ناکۆکییەکانی ئەم هێـزە سیاسـییانەدا تێـپەڕی. بەمانـایەکی دیـکە پرۆسـەی ئەم جێگـۆڕکێ کۆمەڵایەتییە و ململانێ لەسەر داگیرکردنـی مەوقـیعە ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکـان شـێوەی ململانێیەکـی سیاسـی گـرتە خـۆی، کە لە شـەڕی نـاوخۆدا تەعبیـری لەخـۆیکرد. لێـرەوە ناکرێـت شـەڕی نـاوخۆی ئەمجـارەی کوردسـتان لەو پرۆسـەی جێگۆڕکێ کۆمەڵایەتییە دابڕین، کە لە دوای ڕاپەڕینەوە لە نەخشـەی کـۆمەڵایەتی کوردستاندا دروستبووە.

ئەوانەی لەکوردستاندا بەشەڕدێن و لەیەککاتدا ڕابوردوو و ئێستا و ئاییـندەی ئـێمە وێراندەکەن براکان نین، بەڵکو ئەندامانی نـوخبەیەکی سیاسـی دەسـەڵاتدارن، نەک ناتوانرێت لەسنووری خێزانێکدا کۆبکرێنەوە، بەڵکو زۆربەیان لەدەرەوەی کوردستاندا هاووڵاتی دەوڵەتێکی دیکەن. ئەوانەی شەڕ بەرپادەکەن بەتەنها خەڵکی سلێمانی و هەولێـر و دهـۆک و زاخـۆ نـین، بەڵکـو کـوردی سـویدی، دانیمـارکی، ئەڵمـانی، ئەمریکی، هۆڵەندی و بریتانین هتد... شـەڕی ئەمجـارەی کوردسـتان شـەڕێکە ئەو پەنابەرە سیاسییانە بەڕێوەیدەبەن، کە ساڵانێکی درێژ لە ئەوروپا و ئەمریکا ژیاون، پەنابەرانێـک هەمـوو مانگێـک هاوڕێکانیـان بەقاچـاغ ئەو پـارەی بێکارییەیـان بـۆ وەردەگرن، کە لە ئەوروپا بە پیر و پەککەوتە و سەقەتەکان ئەدرێت، پەنابەرانێـک ئێستا بەسەفەر لە کوردستانن و لەوێ نیشتیمانی ئێمە بەسـەر خەڵـک و خەون و ئاییندەی ئێمەدا وێراندەکەن.

سەرچاوەکان

1- Michel Foucault , De orde van vertoog, Amsterdam Boom1976
2- Hobsbawm and Ranger, The envention of Tradition, Cambridge University press, 1983 .

ئەم وتارە یەکەمجار لە گۆڤاری "بینین"، کە لە ئەمریکا دەردەچێت دا بڵاوکراوەتەوە.

هاوكێشەكانی دەسەڵات

سزا، كۆنترۆڵ، كاریزما

بەشی یەکەم

تیۆرە

-١-

سەرەتا

ئەم باسە دەخوازێت لە کێشەی دەسەڵات لە واقیعی کوردیدا بدوێت، لە بابەتێکی گشتی ـ کە دەسەڵاتە ـ لەناو واقیعێکی دیاریکراو و تایبەتدا ـکە واقیعی کوردییە. دەکرێت بڵێم ئەو دوو جەمسەرەی ئەم باسە ئەیەوێت بەیەکیانەوەگرێبدات دوو جەمسەری زۆر ئاڵۆزن. یەکێکیان ـ دەسەڵات ـ کێشەیەکی تیۆریی و فیکری هێجگار ئاڵۆزە، کە فیکری بەشەری لەسەرەتاکانییەوە عەودالّی لێتێگەیشتن و ناساندن و تیۆریزەکردنیەتی. ئەوییدیکەشیان ـ واقیعی کوردی ـ بریتیە لە واقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری ئاڵۆز، کە لەبەردەم گۆڕانی گەورە گەورە و لەپڕ و چاوەڕوان نەکراودایە. ئەم واقیعە تێکەڵێکی ئاڵۆزە لە بەناویەکداچوونی ئایین و سیاسەت، مۆدێرنە و تەقلیدیەت، خەون و تێکشکان، بزوتنەوەیەکی سیاسی، کە بەناوی نەتەوەوە ئەدوێت و لەبەرامبەر واقیعێکی

سیاسی پارچەپارچەی بەر لە دروستبوونی نەتەوەدا، تێکەڵبوونی سۆسیۆلۆژیای خێڵ و سۆسیۆلۆژیای کۆچ، بەناویەکداچوونی سەتەلایت و مزگەوت، کۆمۆنیزم و ئوسوڵییەت، هتد... ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم واقیعە واقیعێکی پەراوێزخراو و پشتگوێخراوی میللەتێکە، کە لەبەردەم دەرگاکانی ساڵی دوو هەزاردا "دەسەڵاتە ناوخۆیی" و خۆماڵییەکەی خۆی بەر لە "دەسەڵاتە دەرەکییەکان" جەستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و ڕەمزییەکەی هەپرون بە هەپرون دەکات.

دەسەڵات وەک بابەتێکی فیکری بابەتێکی هێجگار بەرفراوانە و بەدەیان بۆچوون وتێز و تیۆرەی جیاواز و دژیەیەک سەبارەت بەچیەتی و چۆنیەتی و شێوازی کارکردن و ڕێکخستن و فۆرم و کاریگەریە دیار و نادیارەکانی لەسەر ڕووکار و دەرکەوتە جیاجیاکانی ژیانی گروپ و تاکەکان لەئارادایە. لە ئەفسانە سەرەتاییەکانەوە بۆ کتێبە پیرۆزەکان، لە فەلسەفەی کۆنی چین و هیند و بابلەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی، لە فیکری فەلسەفی مەسیحیەوە بۆ فیکری فەلسەفی ئیسلامی، لە قۆناغی ڕۆشنگەریەوە بۆ فیکری فەلسەفی سەدەی نۆزدە، لە مارکسەوە بۆ ئایەتوڵاخومەینی، لە کۆمۆنەی پاریسەوە بۆ جەنگی خوێناوی کورد لەگەڵ کورددا، دەسەڵات بابەتێکە ئینسان لە سێنتەری تێڕامان و گرنگیپێدانەکانیدا دایناوە. لێرەوە پەیڕەویکردنی تێزێکی تایبەت بە تەنها بۆ تێگەیشتن لە دەسەڵات، لەناو ئەو سەفەرە درێژەی فیکری بەشەری و تەماحی سیاسیدا دەمانخاتە بەردەم مەترسی کورتگەرایی و ڕوویەڕووی ئەو کێشەیەمان دەکاتەوە، کە نەتوانین دەسەڵات و میکانیزمەکانی کارکردنی بەباشی بناسین و نەتوانین لە دەرکەوت و فۆرمە جیاوازەکانی تێبگەین.

لەولاشەوە واقیعی کوردی وەک جەمسەری دوهەمی ئەم نووسینە واقیعێکی ئاڵۆزە و بۆ تێگەیشتنی پێویستمان بە دەزگایەکی تیۆری و چەمکی تایبەت هەیە. ئەم واقیعە، وەک گوتمان، واقیعێکی سیاسی پارچە پارچەیە، لەکتێکدا بزاوتێکی

سیاسی تێیدا، کە بەناوی نەتەوە و مافی نەتەوایەتییەوە دەدوێت، هاوکات ئەوەی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە ڕوودەدات کۆمەڵێک دیاردەن زۆربەیان سەر بەقۆناغ و لۆژیکی بەر لە دروستبوونی نەتەوەن. ئەم واقیعە لەزۆر ڕووەوە واقیعێکی پەرلاوێزکراوی پڕکێشەی هەمەجۆرە، لەهەمانکاتدا بێبەشیشە لە تەکانە نوێکانی مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتی و ئەو دەسکەوتە گەورانەی دەکرێت لەڕێگەیانەوە ئەگەرەکانی ژیان و مێژوویەکی کراوەتر و پێشکەوتوتر گەورەتریکرێن. جگە لەمە واقیعی کوردی واقیعێکە تا ڕادەیەکی زۆر مەسەلەی کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی گەشە ناوەکییەکانی لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە و لەدەرەوەی خۆیدا پیادەدەکرێت، بە مانایەکی دیکە، کۆمەڵگای کوردی بەتەنها لەڕێگای میکانیزمە ناوەکییەکانی خۆیەوە ناجوڵێت، بەڵکو بەردەوام لەدەرەوەشڕا و لەلایەن داگیرکەرانەوە خودی ئەو میکانیزمانە بەشێوەیەک لە شێوەکان کۆنترۆڵ و ئاڕاستەدەکرێن. بۆ نموونە، کە هێزە مۆدێرنەکان لەم واقیعەدا زیاددەبن و هەوڵدەدەن قورسایی سۆسیۆلۆژی و کولتوری خۆیان لەناو واقیعی کوردییدا بسەپێنن، دەبینین بەعس بە بڕیارێک زۆربەیان لەڕێگای "سیستمی موستەشار"ەکانەوە دەخاتەوە بەردەست و ڕەحمەتی هێزە تەقلیدییەکانی ناو واقیعی کوردی و بەمەش سەرلەنوێ گیانێکی نوێ بەبەر هەموو ئەو پەیوەندییە تەقلیدییانەدا دەکاتەوە، کە کۆمەڵگای کوردی هەوڵدەدات لێیان ڕزگاربێت. بۆیە خوێندنەوەی واقیعێکی لەو بابەتە کۆمەڵێک کێشەی میتۆدی و فیکری و تیۆری دروستدەکات، کە چارەسەرکردنیان ئاسان نییە و نووسەر دەخنە بەردەم کۆمەڵێک موغامەراتی فیکرییەوە، کە دەخوازن سنوورەکانی بیرکردنەوە و سنوورەکانی مەنهەج تائەوپەڕی کرانەوە بکەنەوە و دەریازین لەتەڵەی تاکمیتۆدی و تاکڕوانین. لێرەوە ئەم نووسینە بێبەش نییە لە تەحەدای هەردوو جەمسەرەکەی ئەم بابەتە.

-٣-

لەم نووسینەدا بۆئەوەی دەزگایەکی چەمکی لەبار دروستبکەین هەوڵدەدەم سوود لەزیاد لە تیۆرەیەک لە تیۆرەکانی دەسەڵات ببینم. هەروەها هەوڵدەدەم واقیعی کوردی لەو ئاستانەدا بخوێنمەوە، کە دەشێت شێوازی کارکردنی دەسەڵات لەناوانیدا ئاشکراتر و بەرچاوتربێت، جگە لەمە جارنەجارێک لێکدانەوەکانم دەگوێزمەوە بۆ خوێندنەوەی ئەزموونی بەعس لە عێراقدا، چونکە پێموایە ئەزموونی دەسەڵات لە کوردستاندا لەزۆر ڕووەوە لە ئەزموونی بەعس ئەچێت لە عێراقدا، بێگومان لە هەندێک شوێنیدا ئەم ئەزموونە لە ئەزموونی بەعس جیاوازە بەڵام لە هەندێک شوێنی دیکەدا کۆپییەکی تەواوی ئەو ئەزموونەیە. ڕۆژگارێکی درێژی ئەوێت تا کۆمەڵگای ئێمە لەو کەلەپوورە بەدەی دەسەڵات ڕزگاربببێت، کە بەعس لە عێراق و کوردستاندا بۆ دەسەڵاتدارانی سیاسی هاوزەمانی خۆی و دوای خۆشی بەجێهێشتوە. ئەم نووسینە هەوڵدانێکی سەرەتاییە بۆ ناسینی ئەو کەلەپورە و هەوڵدانی ڕزگاربوون لە ڕووکارە ناشیرین و بەدەکانی.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە هەوڵدەدەم لەم وتارەدا سوودێکی زۆر لە تیۆرەی دەسەڵات لای گرامشی و فۆکۆ و بۆردیۆ وەربگرم. لەهەریەکێک لەم فەیلەسوف و زانا کۆمەڵایەتییانە چەمکێک، یان چەند چەمکێک دەخوازم و دواتر ئەو چەمکانە بەسەر یەکەوە وەک سیستمێک بۆ خوێندنەوەی چەند ڕەهەندێکی جیاواز و چەند فۆرمێکی جیاوازی دەسەڵات لە واقیعی کوردیدا، بەکاردێنم. ئەڵبەتە هەر لەسەرەتاوە من ئەو ڕاستییەم لەبەرچاوە، کە ئەم سێ فەیلەسوفە خاوەنی سێ تیۆرەی جیاواز و سێ میتۆدی جیاواز و سێ کەلەپووری فیکری جیاوازن. هەریەکێکیان لەدەلاقەیەکی تایبەتەوە لەمەسەلەی دەسەڵات ئەڕوانێت و هەریەکێکیشیان دیدێکی تایبەتی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە.

با لێرەدا بە چەند نموونەیەک ئەم خاڵە زیاتر ڕوونبکەینەوە. مەسەلەی سەرەکی لای گرامشی مەسەلەی چۆنیەتی بەرپابوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە و گرامشی خۆشی بە "فەیلەسوفی شۆڕش لە ڕۆژئاوادا" ناونووسدەکرێت. (١) گرامشی سەرگەرمی دۆزینەوەی ستراتیژێک بوو بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتییانەی دەسەڵات لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا و تیۆرەی دەسەڵات لای ئەو لە جەوهەردا هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ئەوستراتیژ و ئامرازانەی، کە دەشێت ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەڕێیانەوە فەراهەمبکرێت. ئەمە وادەکات تیۆرەی دەسەڵات لای گرامشی بە پلەی یەکەم "تیۆرەی حیزب" بێت. (٢) پرسیاری ستراتیژی سەبارەت بە دەسەڵات لای گرامشی بریتییە لەوەی چۆن و بە چ شێوەیەک حیزبی پرۆلیتاریا دەگاتە دەسەڵات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ستراتیژییە گرامشی هەوڵدەدات ئەم پرسیارە بۆ کۆمەڵێک پرسیاری بچووکتر و کۆنکریتتر دابەشکات، پرسیاری لەبابەتی:

- چۆن حیزبی پرۆلیتاریا هەیمەنە پەیدادەکات؟
- چۆن و بە چ شێوەیەک کاردەکاتە سەر هێزە جیاوازەکانی ناو "کۆمەڵگای مەدەنی"؟
- حیزب چ پەیوەندییەک لەگەڵ دەوڵەتدا دروستبکات؟
- حیزب لەگەڵ کام هێزی کۆمەڵایەتیدا هاوکار و لەگەڵ کام هێزی دیکەدا بەدکاربێت، بەمانایەکی دیکە حیزب چ جۆرە "بلۆکێکی مێژوویی" پێکبهێنێت؟

دەستەواژەکانی "هەیمەنە"، "کۆمەڵگای مەدەنی"، "بلۆکی مێژوویی" و "دەوڵەت" دەستەواژە سەرەکییەکانی ناو فیکری گرامشین. وەک ئاشکرایە ئەو پرسیارانەی سەرەوە لە جەوهەردا کۆمەڵێک پرسیاری لینینین و بەزۆری لەدەوری حیزب و پەیوەندییەکانی حیزب و ڕۆڵی حیزب دەسوڕێنەوە، بۆیە کەمنین ئەوانەی گرامشییەت بە لینینزم ناودەبەن، بەڵام لینینیزمێک بۆ ڕوسیا نا، بەڵکو بۆ

ڕۆژئاوا. (٣). بەکورتی گرامشی ڕای وایە پارتە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژئاوا بۆئەوەی بتوانن دەسەڵات بگرنەدەست دەبێت سەرەتا هەیمەنە پەیدابکەن، ئەمەش مانای ئەوەی بتوانن بیروبۆچوونەکانی خۆیان بەناو "کۆمەڵگای مەدەنی" دا بڵاویکەنەوە و ئەم کۆمەڵگایە والێبکەن بکەن بە هەڵگری بیروبۆچوونەکانی ئەوان، دواتر لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی دیکەدا "بلۆکێکی مێژوویی" دروستبکەن و لەڕێگای هەڵبژاردنەوە دەسەڵات بگرنەدەست.

فۆکۆ سەر بە کەلووپور و ڕەوتێکی فیکری دیکەیە جیاواز لەوەی گرامشی، ئەگەر گرامشی لەدۆخی گەڕانەوەیەکی بەردەوامدابێت بۆ مارکس و کەلەپووری مارکسیزم، ئەوا فۆکۆ لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ کانت و نیتشەدا. زۆرن ئەوانەی پێیانوایە شێوازی کارکردنی فۆکۆ هەمان شێوازی کارکردنی کانتییانە و نیتشەویانەیە و ئەم دوو فەیلەسوفە گەورەیەی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم بە بەردەوامی لەکارەکانی فۆکۆدا ئامادەن. (٤) فۆکۆ هەڵگری تیۆرەی حیزب نییە و هەر لەسەرەتاشەوە باوەڕی بە دابەشکردن و لێکجیاکردنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی نییە. (٥) فۆکۆ باوەڕی وایە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا یەکجۆر "حوکمگەرایی" و یەک ستراتیژی دەسەڵات هەیە، کە هەم لەناو دەوڵەت و هەم لەناو کۆمەڵگادا ئامادەن و کاردەکەن. (حوکمگەرایی وەرگێڕانی ئەو چەمکە گرنگ و ئاڵۆزەی فۆکۆیە، کە پێدەگوترێت (governmentality). شۆڕش بەگشتی و شۆڕشی پرۆلیتاری بەتایبەتی لای فۆکۆ بابەتی تیۆریزە و بیرلێکردنەوە نین. ئەوەی فۆکۆ سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و ناسینیەتی کێشەی دەسەڵاتە وەک تۆڕێک لە پەیوەندی هەمەلایەن و گشتگیر، کە هەموو خانە کۆمەڵایەتییەکان و سەرلەبەری جەستەی کۆمەڵایەتی دەتەنێتەوە. لەو شوێنانەشدا، کە فۆکۆ لەمانا سیاسییەکانی دەسەڵات نزیکدەبێتەوە، نەک تەنها باسی دەوڵەت و پەیوەندی نێوان حیزب و دەوڵەت ناکات، بەڵکو باسی ئەو بابەتانەش ناکات، کە فیکری سیاسی لەهەردوو

قوتابخــانە گەورەکەیــدا، قوتابخــانەی "ڕیــالیزمی سیاســی" و قوتابخــانەی "یۆتۆپیاگەرایی"، باسیاندەکات. (٦) بەلای فۆکۆ وە مانا سیاسیەکانی دەسەڵات لە مەیلــی "حــوکمگەرایی"، governmentality دا دەردەکەوێــت، چەمکــی "حوکمگەرای"ی لای فۆکۆ بەمانای حوکمکردن نییە لەنـاو دەوڵەتـدا، یـان مەیلـی مۆنۆپـۆلیزەی دەســەڵات و شـتیتری لەم بابەتـانە، مەبەسـتی فۆکـۆ لە چەمکـی "حوکمگەرایی" بریتییە لە بیرۆکەی "ئیـدارەدانی ژیـان"، کردنـی ژیـان خـۆی وەک گشتێک، کە دەسەڵات کاری لەسەریکات. ئیدارەدانی ژیان مانای ئەوەی ژیان لەمانا بایۆلۆژییەکەیدا ببێتە بابەتی دەسەڵات و مەسەلەکانی سێکس و زاوزێ و مەسەلەی دانیشـتوان و مەسـەلەی تەندروسـتی و تەمەن و هەمـوو دیـاردە بایۆلۆژییەکـانی دیکەی ژیانی ئینسان، ببنە بابەتی ئیشـکردنی دەسـەڵات. بەکورتی فۆکـۆ باسـی حیزب و دەوڵەت ناکات، بەڵکو باس لە گشتێتی دەسەڵات دەکات لەناو سەرجەمی خانە کۆمەڵایتییەکاندا.

ڕوویەکی دیکەی تیۆرەی دەسەڵات لای فۆکۆ بریتییە لە پەیوەندی نێوان مەعـریفە و دەسەڵات، لەم بارەیەشەوە دەنووسێت: "مـن (لە مەســەلەی دەســەڵاتدا) باسـی ئاغا ناکەم، مـن زیـاتر لەخەمـی بەرفراوانبـوونی میکانیزمەکـانی هەیـمەنەدام". (٧) بەباوەڕی فۆکۆ میکانیزمەکانی هەیمەنە بەتەنها چینێک لە چینەکان لێی بەرپرسیار نییە و بەتەنیا هێزێکی کۆمەڵایەتی هەڵگر و پیادەکەری نییە، هەیمەنە پێکهـاتێکی دیـاریکراوی دەســەڵاتە و لەهەمــوو جەســتەی کــۆمەڵایەتییەوە هەڵــدەقوڵێت و بڵاویشدەبێتەوە. لای فۆکۆ هەیمەنە سیفەتی سەرەکی ئەم حیزب، یان ئەو حیـزب و بـزوتنەوەی سیاســی نـییە، بەڵکــو ســیفەتی ســەرەکی دەســەڵاتی مــۆدێرنە. لەمڕووەوە فۆکۆ دەڵێت دەسەڵات شتێک نییە یەکێـک لەسـەرەوەڕا بیسـەپێنێت و یەکێکیـدی لەژێـرەوەڕا، یـان قبووڵیبکـات، یـان لە دژی کاربکـات و بەرگریبکـات. هەروەها دەسەڵات شتێک نییە بەتەنیا ئـابووری، یـان سیاسـەت، یـان دەزگاکـانی

حوکمرانی پیادەییکەن و مەعریفە، یان هەقیقەت لێی بێبەشبێت. فۆکۆ ئەڵێت "ئەگەر کەڵەبوونی سەرمایە بەشێکی گرنگی ئایینـدەی کۆمەڵگـای ئێمەبێـت، ئەوا کەڵەکەبوونی مەعریفە لەو کەمتر نییە". (٨) هەرلێرەشدا فۆکۆ جەخت لەوەدەکات، کە هەم بەرهەمهێنـــان و هەم بەکارهێنـــان و هەم کەڵەکەبـــوونی ئەم مەعــریفەیە ناکرێت لە میکانیزمەکانی دەسەڵات جیاکرێتەوە". (٩). بەمانایەکی دیکە دەســەڵات لەنـاو مەعـریفەدا و مەعـریفەش لەنـاو دەســەڵاتدا ئامـادەیە، لەسـەرئەمە مێـژوویە جیاوازەکاندا شێوازی جیاوازی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و مەعریفە دەبینین. بۆیە لە خوێندنەوەماندا بۆ دیاردەی دەسەڵات دەبێت ئاگامان لەم پەیوەندییە نـاوەکی و گرنگەی نێوان دەسەڵات و مەعریفەبێت.

بۆردیـۆ هەم لە گرامشـــی و هەم لە فۆکـۆ جیـاوازە. ســەرەتا ئەگەر ئەم دووانەی دواییان فەیلەسوفبن، ئەوا بۆردیۆ سۆسیۆلۆژ، واتە کۆمەڵناسە. ئەمەش وایکـردووە بۆردیـــۆ هەم لە گرامشـــی و هەم لە فۆکـــۆ ئەزموونگەرتربێـــت و پەیوەنـــدی بە دیاردەکانی دەسەڵاتەوە پەیوەنـدییەکی تەجریبـی و ماتریالیانەتربێـت. بەبۆچـوونی هەندێک نووســەر گرنگـی تیـۆرەی دەســەڵات لای بۆردیـۆ لەوەدایە نوقسـانییەکانی تیــۆرەی دەســــەڵات لای فۆکــۆ تەواودەکــات. ئەم تەواوکــردنەش لەپێــداگرتنی بەردەوامی بۆردیۆدایە لەسەر ڕەهەندە ڕەمزییەکـانی دەسـەڵات. (١٠) مەبەسـت لەم پێداگرتنەش ئاشـکراکردنی ئەو ئـامراز و میکانیزمـانەیە، کە دەسـەڵات بەهۆیـانەوە خۆی لەناو تۆڕێک لە کردە و پراکتیکی ڕەمزیدا ئەشارێتەوە، چـونکە وەک بۆردیـۆ دەڵێـت "کـاری ســەرەکی دەســەڵاتی ڕەمـزی شـاردنەوەی هەقیقەتـی دەســەڵات خۆیەتی وەک ئامادەگییەکی فیزیایی". (١١) ڕەنگە جیاوازی هەرە سـەرەکی نێـوان بۆردیـۆ و فۆکـۆ لەوەدابێـت فۆکۆ پێیـوایە دەسـەڵات لەسـەر جەسـتە کاردەکـات، لەکاتێکدا بۆردیۆ باوەڕی وایە دەسەڵات لەسـەر جەسـتە کارناکـات، بەڵکـو لەسـەر "هەبیتوس" کاردەکات. فۆکۆ دەڵێـت دەسـەڵات لە کۆمەڵگاکـانی بەر لەمـۆدێرنەدا

ڕاستەوخۆ لەسەر سزادان و تێکشکانی جەستە کاریکردووە و لە دوای مۆدێرنەشەوە لەسەر دیسپلین و کۆنترۆڵکردنی ئەو جەستەیە کاردەکات، بەڵام بۆردیۆ پێیوایە دەسەڵات جەستە بە شوێنی سەرەکی کارکردنی خۆی دانانێت، بەڵکو دەخوازێت دونیای ڕۆحی و دەروونی ناوەکی ئینسان بە ستراتیژەکانی خۆی ڕەنگڕێژکات. هەبیتۆس لای بۆردیۆ هێما بۆ ئەو دونیا ناوەکییە دەکات.

فۆکۆ لەوباوەڕەدایە دەسەڵات دێت بۆ ئەوەی بونیادێکی دیاریکراو بەجەستە بدات و بەو شێوەیە دروست و دیسپلینیبکات، کە زۆرترین سوودی لێوەربگیرێت، واتە دەسەڵات دەیەوێت جەستە بکاتە جەستەیەکی چالاک، بەڵام کۆنترۆڵکراو، لەکاتێکدا بۆردیۆ قسە لەوەدەکات، کە دەسەڵات بونیاد بە جەستە نادات، بەڵکو بە هەبیتۆسی دەدات. (١٣) (هەبیتۆس بریتییە لەو ئامادەگییە گشتییانەی لەناوەوەڕا وا لە ئینسان دەکەن توانای ئەوەی هەبێت بەشێوەیەکی دیاریکراو بڕیاربدات و بەشێوەیەکی دیاریکراو هەڵسوکەوتبکات). بە باوەڕی بۆردیۆ مادامەکی دەسەڵات لەسەر هەبیتۆس کاردەکات، واتە لەسەر دونیای ناوەکی ئینسان کاردەکات، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدات ئامادەگی فیزیاییانەی خۆی بشارێتەوە و خۆی لە دەسەڵاتێکی دیترا و و بەرجەستەوە، بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکی ڕەمزی. لێرەوە دەسەڵات لەباتی ئەوەی خۆی لە فۆرمی قامچی و خەنجەر و تفەنگدا نیشانبدات، ئەبێتە کۆمەڵێک ئەمر و نەهی دیاریکراو و دەبێتە کۆمەڵێک بەها و نۆرم و زمان و کۆمەڵێک نایەکسانی بونیادییانە، بەڵام زۆرجار نادیار و شاردراوە. بەکورتی مادامەکی دەسەڵات لەسەر هەبیتوس کاردەکات بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە بوونی فیزیاییانەی خۆی بشارێتەوە و نەهێڵێت وەک هێزێکی دیار و بەرجەستە ببینرێت.

ئەم جیاوازیە بنەڕەتییانە لەنێوان فۆکۆ و بۆردیۆدا بۆ مەبەستی ئەم وتارە یارمەتیدەرێکی لەبارن بۆ بنیادنانی ئەو دەزگا چەمکییەی لەسەرەتاوە هێمامان

پێکرد، چونکە هەریەکێکیان یارمەتیدەری ئەوەن ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکان و دەرکەوتێک لەدەرکەوتەکانی دەسەڵات تێبگەین. لەواقیعی ئێمەدا هەم ئامادەگی فیزیایانەی دەسەڵات و هێرشە بەردەوامەکانی بۆسەر جەستەی ئینسان، لەوێنەی کوشتن و لێدان و ئازارداندا ئامادەیە، هەم ڕەهەندە ڕەمزییەکانی دەسەڵاتیش زۆر بە توندی ئامادەن بۆ شاردنەوەی هەندێک ئاستی بەکارهێنانی دەسەڵات و لانیکەم بۆ بەخشینی شەرعیەت بە هێرشە فیزیاییەکان. بەکورتی هیوادارم ئەم پرۆژە میتۆدە تەرکیبیە ئاڵۆزە یارمەتیدەری ئەوەبێت لەڕێگەیەوە کێشەکانی دەسەڵات لەواقیعی کوردیدا شیبکەینەوە و لە جومگە گرنگە دیار و نادیارەکانی تێبگەین. وەک سەرەتاش هەوڵدەدەم کەمەکێ ئاشکراتر لەسەر ئەو سێ تیۆرەیەی دەسەڵات بدوێم و هێڵە گشتییەکانیان، لە پەیوەندیاندا بەم نووسینەوە، ئاشکرابکەم، تا لە هەنگاوی دواتردا بتوانم دەرکەوتەکانی دەسەڵات لەواقیعی کوردیدا و چۆنیەتی ئیشکردنی هەندێک لە میکانیزمە گرنگەکانی نیشانبدەم.

-٣-

گرامشی

ستراتیژیترین چەمک لە تیۆرەی دەسەڵاتدا لای گرامشی چەمکی "هەیمەنەیە"، Hegemony. ئەم چەمکە ئەو دەروازە گرنگەیە، کە گرامشی لەڕێگایەوە دەچێتە ناو دونیای ئەو پەیوەندییانەی، کە هەر سێ لایەنە گرنگەکەی تیۆرەی دەسەڵات لای ئەم فەیلەسوفە بەیەکەوە گرێدەدات، مەبەستم لەو سێ لایەنەش دەوڵەت و حیزب و کۆمەڵگای مەدەنییە. هەیمەنە لای گرامشی بە مانای باڵادەستییەکی ڕۆحی و ئایدیۆلۆژی دێت، ئەو هێزەی لە کۆمەڵگایەکدا خاوەن هەیمەنەیە ئەو هێزە

نییە بەزۆر و لەژێر زەبری ترس و تۆقاندندا ئەوانیتر ناچاردەکات سەرکردایەتی ئەو قبووڵبکەن، پێناسەکانی ئەو بۆ دونیا و دیاردە و پەیوەندییکان قبووڵکەن، هێزی خاوەن هەیمەنە ئەو لایەنەیە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە خۆبەخۆ و بێ بەکارهێنان، یان هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی زەبروزەنگ و توندوتیژی، هێڵە گشتییەکانی دید و تێڕوانینەکانی ئەو قبووڵدەکەن.، کە دەڵێین فلانە هێزی کۆمەڵایەتی خاوەن هەیمەنەیە ئەمە مانای ئەوەیە ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە توانیویەتی قەناعەتەکانی خۆی و دید و بۆچوون و پێناس و ماناکانی خۆی لەڕێی بالادەستییەکی ڕۆحی و ئایدیۆلۆژی و فەرهەنگییەوە بکاتە هی هێزە کۆمەڵایەتییکانی دیکەش، یان لانیکەم بەشێکی زۆری ئەو هێزانە. هێزێک کاتێک دەتوانێت هەیمەنەی هەبێت، کە هێزەکانی تر سەرکردایەتیکردنی ئەو بۆ کۆمەڵگا وەک شتێکی سروشتی ببینن و خۆبەخۆ قبووڵیبکەن. لای گرامشی هەیمەنەی حیزبێک ئەو ئەڵقە گرنگەیە نیشانیدەدات کام حیزب دەتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست و حوکم بکات، چونکە ئەو حیزبەی خاوەن هەیمەنە بوو مانای ئەوەی توانیویەتی دەنگی هێزە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگای مەدەنی بەلایخۆیدا ڕابکێشێت و لەڕێگای ئەم دەنگانەوە توانیویەتی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتدا بگرێتە دەست و دەسەڵاتی فیکری و فەرهەنگیشی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا چەسپاندبێت. بەمانایەکی دیکە هەیمەنە بریتیە لەو کلیلەی قوفڵەکانی دەسەڵات بۆ حیزب دەکاتەوە، هەم قوفڵەکانی دەوڵەت و هەم قوفڵەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

وەک ئاشکرایە چۆنیەتی دۆزینەوەی کلیلی هەیمەنە لەجەوهەردا وەڵامی ئەو پرسیارە سیاسییە، کە گرامشی لە بیستەکان و سییەکانی ئەم سەدەیەدا وەک مارکسییەکی ڕۆژئاوایی دەیکات، پرسیاری: چۆن بگەین بە دەسەڵات؟ بۆ گرامشی ئاشکرابوو، کە مارکسییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ناتوانن هەمان ئەزموونی بۆلشەویکە ڕوسەکان دووبارەبکەنەوە، گرامشی ئەیزانی مارکسییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە

دونیـایەکی جیـاواز لە دونیـای بۆلشـەویکەکاندا دەژیـن و لەگەڵ کۆمەڵگایەکـدا مـامەڵەدەکەن جیـاواز لە کۆمەڵگـای ڕوسـی. ئەگەر ئەزمـوونی بۆلشـەویکەکان بریتیبوبێت لە پەلاماری ڕاستەوخۆی حیزب بۆسەر دەزگا سەرەکییەکانی دەوڵەت و داگیرکردنـی ئۆرگانەکـانی دەوڵەت، بەبـێ بـوونی هەیـمەنە لەنـاو کۆمەڵگـای مەدەنیدا، ئەوا ئەزموونی مارکسـییە ڕۆژئاواییەکـان قسـە لە غیـابی هەلـومەرجێکی مێژوویـی لەو بـابەتە دەکـات. غیـاب و لاوازی کۆمەڵگـای مەدەنـی لە ڕوسـیادا مارکسییە ڕووسەکانی ناچارکرد ڕاسـتەوخۆ پەلامـاری دەزگاکـانی دەوڵەت بـدەن و وەک هەنگاوی یەکەم دەوڵەت و دەزگاکانی کۆنترڵبکەن، بەوهیوایەی دواتر لەڕێگای دەوڵەتەوە بگەڕێـنەوە نـاو کۆمەڵگـا و هەیـمەنەی خۆیـان لەسـەرەوەڕا بەسـەر کۆمەڵگادا بسەپێنن. بەڵام لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا ئامادەگی کۆمەڵگـایەکی مەدەنـی بەهێـز و خۆڕێکخسـتوو ئەم هەلەی بە مارکسـییە ڕۆژئاواییەکـان نەئەدا. لێـرەوە گرامشی باوەڕی وابوو بۆهاتنە سەر دەسەڵات لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپـای ڕۆژئـاوادا حیـزب نابێـت ڕاسـتەوخۆ پەلامـاری دەوڵەت و دەزگاکـانی دەوڵەت بـدات، بەڵکـو دەبێت سـەرەتا هەیـمەنەی خـۆی لەنـاو کۆمەڵگـای مەدەنیـدا پیادەبکـات و دواتـر لەڕێگـای ئەم هەیـمەنەیەوە دەسـەڵاتی سیاسـی بگرێتەدەست. بەمانـایەکی دیکە ئەگەر مارکسـییە ڕوسـەکان لەبەر غیـاب و لاوزی کۆمەڵگـای مەدەنـی لە ڕوسـیادا ناچاربووبن "لەسەرەوەڕا" و لەناو دەزگانی دەوڵەتەوە هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسـی و دروسـتکردنی هەیمەنەیـان دابێـت، ئەوا مارکسـییەکانی ڕۆژئـاوا بەهـۆی ئامادەگییەکی بەهێز و بەرفرلوانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە ئەبێت هەوڵی پەیداکردنی هەیمەنە "لە خوارەوەڕا"، واتە لەناو ئۆرگانە جیاجیاکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بدەن. خـاڵی هەرەسـەرەکی جیـاوازی نێـوان گرامشـییەت و لینینیـزم لەم بۆچـوونەدا ئاشکرادەبێت، گەرچـی هەردوکیـان دەیانەوێـت وەڵامـی ئەو پرسـیارە بـدەنەوە، کە دەپرسێت: چیبکەین، یان چۆن دەسەڵات بگرینەدەست؟

گرامشی ئەڵێت "هەیمەنە میتۆدێکە بۆ خەباتکردن"، ئەم میتۆدەش وەک "ڕێکەوتن لەگەڵ دۆستاندا و ناچارکردنی ناحەزان" وێنادەکات.(١٤) گەر بشپرسین سروشتی ئەو ڕێکەوتنە چییە، کە لەگەڵ دۆستاندا سازدەکرێت؟ گرامشی لەوەلامدا دەڵێت "سروشتی ئەو ڕێکەوتنە سروشتێکی ئایدیۆلۆژی و کولتورییە".(١٥). کەواتە هەیمەنە لە جەوهەردا کردەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کولتورییە پێشنیاری دونیابینیەک دەکات، کە لەلایەن بڕێکی زۆری هێزە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگای مەدەنیەوە قبوڵبکرێت. هەیمەنە کۆمەڵێک لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و پێناس و بۆچوونە، کە لە فۆرمی کولتور و کاری فیکری و سیاسیدا هێزێک پێشکەشی بە کۆمەڵگای دەکات. کەی کۆمەڵگا قەناعەتی بەو ڕاڤەکردن و بۆچوون و پێناس و لێکدانەوانە هێنا و قبووڵیکرد، ئەمە ئەو هێزە دەکاتە هێزێکی خاوەن هەیمەنە. هەیمەنە بەم مانایە نەخشاندن و ڕەنگڕێژکردنی ڕووبەری ڕۆحی تاک و گروپەکانی ناو کۆمەڵگای مەدەنییە بەو ڕاڤەکردنانەی حیزب، یان ڕۆشنبیرانی حیزب بۆ دونیا و دیاردە و ڕووداوەکانی دەکەن. لێرەوەیە حیزب لەدیدی گرامشیدا بەتەنها کۆمەڵێک دەزگا و ئۆرگانی ڕێکخراو و خاوەن دیسپلینێکی پۆڵایی نییە، وەک لای لینین، بەڵکو بەپلەی یەکەم ڕۆشنبیرە، ڕۆشنبیرێکی دەستەجەمعی. هێزێکە بۆچوون و لێکدانەوە و زمانێکی تایبەت بەرهەمدەهێنێت و دەیەوێت ئەو بۆچوون و لێکدانەوە و زمانە بکات بە زمانی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگا. کەی لەمەشدا سەرکەوت وئەم پرۆژەیەی بۆ چووە سەر، ئەودەم دەبێتە هێزێکی خاوەن هەیمەنە و دەتوانێت لەڕێگای هەڵبژاردنەوە دەسەلات بگرێتەدەست.

بێگومان هەیمەنە وەک ڕێکەوتنێکی ئایدیۆلۆژی لە جەوهەردا ڕێکەوتنی نێوان چەندهێزێکە لەسەر ستراتیژێکی تایبەتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت و بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا، ستراتیژێک، کە قازانج و دەسکەوتەکانی ئەو هێزانە دەردەبڕێت و ڕوانینێکی هاوبەشیان بۆ ئایندە

لادروست دەکـات. کەواتە هێزە موهەیمەنەکـان کۆمەڵێـک هێزن لەسـەر مەسـەلە هەرەگرنگەکـانی کۆمەڵگـا ڕێککەوتـون و دیـدێکیان بەرهەمهێنـاوە، کە هەموویـان قبووڵ کـردووە، دیدێک تیایـدا هەریەکێـک لەو هێـزانە بەشـێکی گرنگـی ویسـت و ئارەزوو و قازانج و ماناکانی خـۆی تێـدا دەدۆزێتەوە، گرامشـی ئەم کـۆمەڵە هێـزە لەنـاوخۆدا ڕێکەوتـوە ناودەنێـت "بلـۆکی مێژوویـی". گرامشـی بـۆئەوەی زیـاتر مەبەسـتەکانی لە چەمکـی هەیـمەنە ڕوونبکـاتەوە جیـاوازییەکی بنەڕەتـی لەنێـوان چەمکـی "هەیـمەنە" و چەمکـی "کـۆنترۆڵ" دا دەکـات. وەک گوتمـان هەیـمەنە دەسەڵاتێکە لە ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا دروستدەبێت، لەم ڕووەوە گرامشی دەڵێت: "هەیمەنە ئەو شێوەیەی دەسەڵاتە لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا پیادەدەکرێت" (١٦). بەڵام کـۆنترۆڵ ئەو شـێوەیەی دەسـەڵاتە لە نـاو دەوڵەتەدا پیادەدەکرێـت. ئەم جیاکردنەوەیەی فۆرمەکانی دەسەڵات لەجەوهەردا لەو تێڕوانینە تـایبەتەوە هـاتوە، کە گرامشـی بـۆ "سـەرخان" ی کۆمەڵگـای هەیە. بەبـاوەڕی گرامشـی سـەرخانی کۆمەڵگا لەیەک ئاست، یـان لە یەک قـات دروسـتنەبووە، وەک زۆربەی مارکسـییە تەقلیدییەکان پێیانوایە، بەپـێچەوانەوە هەمـوو سـەرخانێک لەدوو ئاسـت، یـان دوو قاتی جیاواز پێکدێت. گرامشی قاتی یەکەمیان ناودەنێـت "کۆمەڵگـای مەدەنـی" و قاتی دوهەمیشیان "کۆمەڵگای سیاسی"، یان دەوڵەت. بەباوەڕی گرامشی لە نێوان ئەو دوو ئاستەدا، واتە لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسیدا، دونیایەک پەیوەنـدی ئـاڵۆز و فرەچەشـن هەیە و لەهەریەکێکیانـدا، وەک وتمـان، فـۆرمێکی دیاریکراوی دەسەڵات لەکاردایە. لێرەوە کارکردن لەناو ئاسـتە جیاکـانی سـەرخانی کۆمەڵگـادا پێویسـتی بە سـتراتیژی جیاجیـا هەیە. ئەو سـتراتیژەی لە کۆمەڵگـای مەدەنیـدا وەگەڕدەخرێـت، سـتراتیژیەتی پەیـداکردنی هەیـمەنە، جیـاوازە لەو ستراتیژەی لە بەرامبەر دەوڵەتدا پیادەدەکرێت، ستراتیژیەتی کۆنترۆڵ. لێرەوە ئەو حیزبەی بیەوێت هەیمەنە پەیدابکات پێویستی بە ستراتیژ و تاکتیکی جیـاواز هەیە

لەو حیزبەی ڕاستەوخۆ پەلاماری دەوڵەتبدات و لەشێوەی ئینقیلابێکی لەپڕدا دەسەلات بگرێتەدەست.

گرامشی لەقسەکردنیدا لەسەر ستراتیژیەتی کاری حیزبی لەکۆمەڵگایەکدا، کە کۆمەڵگای مەدەنی تیایدا بەهێز و پێگەیشتوویێت، جەخت لەوەدەکات، کە حیزب پێویستە لەناو ئاستی یەکەمی سەرخانی کۆمەڵگادا دەستبەکاربێت، واتە حیزب دەبێت لەناو دەزگا جیاجیا و هێزە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا چالاکبێت و لەوێدا بناغەی هەیمەنەیەکی ئایدیۆلۆژی و فیکری و سیاسی دابڕێژێت. بەباوەڕی گرامشی حیزب تا لەوەدا سەرنەکەوێت هەیمەنە لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا پەیدابکات و بۆچوونە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی بکات بە دونیای ڕۆحی کۆمەڵگای مەدەنی، مەحاڵە بتوانێت دەسەلات بگرێتەدەست و دەسەلاتی سیاسی بگرێتەدەست. حیزب بۆئەوەی دەسەلاتداربێت ئەبێت لە خوارەوە و لەناو کۆمەڵگای مەدەنییەوە بەرەو سەرەوە سەربکەوێت، واتە لە هەیمەنەوە بەرەو کۆنترۆڵ، نەک بە پێچەوانەوە وەک بەلشەویەکان لەڕوسیادا ئەنجامیاندا. لەڕاستیدا ئەم خاڵەیە گرامشیەت لە لینینیزم و ئەزموونی مارکسییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ئەزموونی بەلشەویکەکان جیادەکاتەوە. هەر ئەم خاڵەشە تایبەتمەندییەکانی تیۆرەی دەسەلات لای گرامشی لە تیۆرە مارکسییە ڕوسەکان جیادەکاتەوە.

دواهەمین خاڵێک بمەوێت ئامازەیەکی خێرای بۆبکەم مەسەلەی شوێن و جێی ڕۆشنبیرانە لەناو تیۆرەی گرامشاییانەی دەسەلاتدا، ڕۆشنبیران شوێنێکی دیار و گرنگیان لە تیۆرەی دەسەلات لای گرامشی هەیە، ئەم شوێنە گرنگەش وابەستەی ئەو میکانیزمانەی دەسەلاتە، کە گرامشی ناوی هەیمەنەی لێدەنێت. وەک ئامازەمان پێکرد هەیمەنە لە جەوهەردا کارێکی ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژی و سیاسییە، هەیمەنە مانای دروستکردنی فەزایەکی فیکری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ڕەمزی وا تیایدا بۆچوون و دید و تێزەکانی حیزبێک ببێتە بۆچوون و دیدی بەشی گەورەی

کۆمەڵگای مەدەنی. ئەمکارەش مەحاڵە بەبێ ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی ڕۆشنبیران. لە دیدی گرامشیدا ئەوە ڕۆشنبیرانن بەها و ڕەمز و پێناس و زمان و فەزای فیکری و ڕۆشـنبیریی دەخـولقێنن، ئەوانـن دەتـوانن بنەمـا فیکرییەکـانی ئەو ڕێکەوتـنە کۆمەڵایەتییەی حیـزب بۆ گرتنەدەسـتی دەسـەڵات پێویسـتی پێیەتـی، لەئاسـتی ڕەمزی و فیکری و ڕۆشنبیریدا و لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا بەرهەمبێـنن. بەکـورتی ئەگەر هەیـــمەنە "ڕێکەوتنێکـــی ئایـــدیۆلۆژی بێـــت"، ئەوا ئەوەی ئایـــدیۆلۆژیا بەرهەمدەهێنێت و بەناو خانە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا، لە شێواز و فۆرمی جیـاوازدا بڵاویاندەکاتەوە، ڕۆشنبیرانن. لێـرەوە ئەگەر هەیـمەنە ستراتیژی گەیشـتنی حیـزب بێـت بەدەسـەڵات، ئەوا ڕۆشـنبیران ئەو هێڵـی شـەمەندەفەرەن، کە حیـزب بەرەو پەیداکردنی ئەو هەیمەنەیە دەبەن. ئەگەر گرەوی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە گـرەوی پەیـداکردنی هەیمەنەدابێـت، ئەوا گـرەوی هەیـمەنە گـرەوێکە تەنهـا بە ڕۆشنبیران دەکرێت. لێرەوە ڕۆڵ و بەشداری ڕۆشنبیران دەبێـتە بەشـێکی ئۆرگـانی تیۆرەی دەسەڵات لای گرامشی. گرامشی تەنانەت حیزب خۆشی وەک ڕۆشنبیرێکی دەستەجەمعی دەبینێت و مامەڵەدەکات. گرامشی ئەم حیـزبە ناودەنێـت "ئەمیـر" بەڵام ئەو ئەمیرە کۆنە نـا میکیـافیلی باسیدەکرد، بەڵکو "ئەمیرێکـی نـوێ"، کە ئـامرازی پەیـداکردنی هەیـمەنەیە. لەنێـوان ئەمیـری میکیـافیلی و ئەمیـری نـوێی گرامشـیدا جیـاوازی زۆر و گەورە هەن، مـن لێـرەدا تەنهـا جەخـت لەو جیـاوازییە بنەڕەتییە دەکەمەوە، کە ئەم دوو شێوە ئەمیـرە لەیەکـدی جیادەکـاتەوە. ئەمیـری نوێ لای گرامشی ئەو پیاوە فێڵباز و تاکتیکچی و درۆزنە نییە فێـڵ و دووڕوویـی و خەڵەتانـدن بەشـێکبێت لە سـتراتیژی مـانەوەی لەسـەر کورسـی دەسـەڵات، بەپـێچەوانەوە ئەمیـری نـوێ حیزبێکـی سیاسـی مـۆدێرنە و بەدوای ڕێکەوتنێکـی کـۆمەڵایەتی بەرفرلوانـدا دەگەڕێـت بتوانێـت لەڕێـگەیەوە "بلـۆکێکی مێژوویـی" دروستبکات. نەک هەرئەمە، بەڵکو ئەمیـری نـوێ بە تەنهـا ئەو نـوخبە وشیارەی

کرێکاران نییە، کە لینینیزم وەک نوخبەی وشیار و بەئاگای کرێکاران پێشنیاریدەکات، نوخبەیەک گوایە لەدەرەوەڕا وشیاری چینایەتی بەکرێکاران دەدات و کرێکاران لەدەرەوەڕا بۆ شۆڕشی چینایەتی ئامادەدەکات. ئەمیری نوێ حیزبێکە لەسەر بنەمای "لێکدابڕانی خەڵک لەلایەک و دەوڵەت لەلایەکی دیکە، نوخبە و جمهور دروستنەبووە"" (١٧) ئەمیری نوێ "هەڵگری هەیمەنەیەکی نوێیە، کە بەهێڵێکی ڕاستەوخۆ لە خەڵکەوە بۆ چین و لە چینەوە بۆ حیزب و لە حیزبەوە بۆ دەوڵەت دەڕوات". (١٨)

لە ڕاستیدا ئەو هەیمەنە نوێیەی گرامشی باسیدەکات و ڕۆشنبیران بە بنیاتنەر و دروستکەری دەزانێت، ئەو خاڵەیە، کە فۆکۆ وەک ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەیی لەدژی کاردەکات. چونکە ئەو شێوە هەیمەنە گشتگیرەی گرامشی باسیدەکات، لە ڕاستیدا هێما بۆ ئەو جۆرە لەدەسەڵات دەکات، کە ناهێڵێت "هەیمەنەی پێچەوانە" دروستبێت و گۆڕانی ڕادیکاڵانە دروستببێت. (١٩) ئەمەش بە پلەی یەکەم مانای کوشتنی ڕۆحیەتی کێبەرکێی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەپاندنی ڕێکەوتنێکی ئایدیۆلۆژی و فۆرمێکی دیاریکراوی ڕێزکردنی هێز و پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەسەر شێوە و ڕیزبەستن و ئەگەرەکانی دیکەی دەسەڵاتدا. لێرەوە زۆرن ئەوانەی باوەڕیان وایە لەنێوان تێگەیشتنی گرامشییانەدا بۆ هەیمەنە و لەنێوان دیموکراسییەتدا دابڕانێکی ڕەها هەیە. (٢٠) پێیان وایە هەیمەنە مانای مەرگی دیموکراسییەت دەگەیەنێت، چونکە دیموکراسییەت لەسەر بنەمای بوونی هێزی جیاواز و بیرکردنەوەی جیاواز و تێگەیشتنی جیاوازی ناموهەیمن کاردەکات، یان لانیکەم لەسەر بنەمای بوونی زیاد لە هەیمەنەیەک کاردەکات.

-٤-

فۆکۆ

بەپێچەوانەی گرامشییەوە پرسیاری فۆکۆ ئەوە نییە چۆن و کێ دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵکو ئەوەیە: دەسەڵات چۆن پیادەدەکرێت؟ لەکوێوە دێت؟ چۆن بەرەنگاری ببینەوە؟ (٢١) هەموو ئەمانەش بەبێ گرنگیدان بە شوناسی ئەو هێزەی دەسەڵات پراکتیک و پیادەدەکات. ئەگەر پرسیاری گرامشی لە دەسەڵات پرسیارێکی سیاسیبێت، ئەوا پرسیاری فۆکۆ تارادەیەکی زۆر پرسیارێکی مێژوویی فەلسەفییە، کێشەی دەسەڵات لای گرامشی کێشەی حوکمکردنی چین، یاخود حیزبێکی سیاسی تایبەتە، بەڵام کێشەی دەسەڵات لای فۆکۆ کێشەی خودی دەسەڵات خۆیەتی بەبێ پەیوەندی ئەو دەسەڵاتە بە هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە. گرامشی بەهاتنە سەر حوکمی پرۆلیتاریا، یان حیزبی پرۆلیتاریا، کۆتایی بە پرسیاری دەسەڵات دەهێنێت و ئەمانخاتە ناو دونیای وەڵامەکانەوە، بەڵام پرسیاری دەسەڵات لای فۆکۆ پرسیارێکی بێکۆتاییە و هەمیشە ئەوەمان وەبیردەهێنێتەوە بە وەڵامەکانی دەسەڵات و تاکتیک و ستراتیژیەکانی ڕازینەبین.

لەسەرێکی دیکەوە پرسیاری سەرەکی فۆکۆ لەدەسەڵات پرسیاری چۆنیەتی بەرگریکردنە، واتە پرسیاری چۆنیەتی دەربازبوونی تاکەکانە لە تۆڕە فراوان و گشتگیریەکانی دەسەڵات. بەباوەڕی فۆکۆ ناکرێت دەسەڵات بە موڵکی هێزێک لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین و وابزانین گروهێک خاوەنیەتی و ئەوانیدی نیانە. دەسەڵات لای فۆکۆ ئەو تۆڕەیە، کە لەناو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و مەعریفی تایبەتەوە دێت و خودی ئەو پێکهاتەیە وەک گشتێک دروستکەر و بەکارهێنەر و پارێزەریشین. لێرەوە فۆکۆ بەو وەڵامە سایکۆلۆژی و سیاسی و فیکرییانە ڕازی نییە، کە ئازادی تاکەکان بە خۆشنودییەکی سیاسی و

سایکۆلۆژی دەگۆڕنەوە و بەم بۆنەیەشەوە هەتانێت چاڵی دەستەمۆکردنی ئینسان قووڵتر و قووڵتر دەکەنەوە. بەبۆچوونی فۆکۆ ناکرێت قسە لە یەک شێوازی سەرەکی دەسەڵات لە کۆمەڵگایەکدا بکەین، هەموو کۆمەڵگایەک شێوازی جیاجیای دەسەڵاتی تێدایە. ئەو دەسەڵاتەی لای پزیشکێکی دەروونی لە کاردایە، جیاوازە لەو دەسەڵاتەی مامۆستایەکی زانکۆ هەیەتی، دەسەڵاتی ناو خەستەخانەکان جیاوازە لە دەسەڵاتی ناو دەزگاکانی داد و داوەریکردن، دەسەڵات لەناو لەشکردا ئەو دەسەڵاتە نییە لەناو ڕۆژنامەنووساندا هەیە، لێرەوە ناکرێت باس لە دەسەڵات وەک جەوهەرێک بکەین، جەوهەرێک لەهەموو شوێنێکدا بە هەمانشێوە دەرکەوێت و بەرجەستەبێت. سەرەڕای ئەمە مۆدێلی دەسەڵات لای فۆکۆ مۆدێلێکی هەرەمی نییە لە سەرەوە بەرەو خوار دابەزێت، بەڵکو مۆدێلێکی شەبەکەییە و سروشتێکی گشتگیری هەیە و لەهەمووشوێنێکدا ئامادەیە.

فۆکۆ باوەڕی وایە بەرگری بەرامبەر و ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتدا بەهاتنە سەر حوکمی هیچ هێز و چینێکی کۆمەڵایەتی کۆتایی نایەت، ستراتیژەکانی دەسەڵات وابەستەی ستراتیژی چینەکان نیین، دەسەڵات خاوەنی نییە و ڕۆژانە لە هەموو ئاراستەکانەوە و لە شوێنە جیاجیاکانەوە ئینسان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. پێشنیاری فۆکۆ بۆ ئێمە ئەوەیە دەسەڵاتمان خۆشنەوێت و هەوڵدەین بەردەوام پانتاییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی بۆخۆمان بنیادبنێین، کە تیایدا دەسەڵات نەتوانێت بە ئاسانی ستراتیژەکانی خۆی بەسەرماندا بسەپێنێت و پیادەبکات. لێرەوە بەرگری نەک تەنها کارێکی پێویستە، بەڵکو کارێکی ڕۆژانە و بەردەوامە و لە شوێنی جیاوازدا فۆرم و ناوەڕۆکی جیاواز دەگرێتەخۆی.

فۆکۆ کاریگەرییەکانی دەسەڵات تەنها لەڕەهەندە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتدا نابینێت، بەباوەڕی ئەو خاڵی هەرەسەرەکی ئیشکردن و کاریگەریی دەسەڵات لەوەدایە دەستنیشانی ئەوە دەکات "خود" ی ئینسان چ

فۆرمێک وەربگرێت و چۆن دروستببێت. بەمانایەکی دیکە کاریگەری گەورەی دەسەڵات تەنها لەوەدا نییە، کە پلانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشاندەکات، بەڵکو لەوەشدایە، کە فۆرمەکانی بەتاکەکەسبوون دادەڕێژێت و تاڕادەیەکی زۆر ئینسان بەوە ناچاردەکات ئەو فۆرمانە قبوولبکات. بەباوەڕی فۆکۆ دەسەڵات ئەوەندە کاریگەرە دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر کەسایەتی تاکەکان دەستنیشانبکات و چوارچێوەیەک بۆ دونیای ڕۆحی و سایکۆلۆژی و تەنانەت شێوەی جەستەشیان، دابنێت. بەڵام ئەم دەستنیشانکردنانەی دەسەڵات بۆ ڕۆح و جەستەی تاکەکەس هەمیشە پشتئەستوور نییە بە تەکنیکی چەپاندن و سەرکوتکردن، بەپێچەوانەوە دەسەڵات تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمهێنیشە، دەسەڵات تەنها ئارەزوو و ویستەکان ناچەپێنێت، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر دروستیاندەکات و بەرهەمیشیان دەهێنێت. لەم حاڵەدا فۆکۆ خۆی لەهەموو کەلەپووری فرۆید و قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونیش جیادەکاتەوە، تەنانەت لە چاپە مارکۆزیەکەیدا، کە ڕۆژگارێکی درێژ لەناو قوتابخانەی فرانکفۆرتدا وەک تاقە تیۆرەی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگای مۆدێرن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا. لێرەوە فۆکۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات پێشنیاری ئەوە دەکات بەگژ ئەو شێواز و تەکنیکانەی بەرهەمهێنانی "خود" دا بچینەوە، کە شێوازە نالەبار و دەستەمۆ و تەسلیمبووەکانی "خود" بەرهەمدەهێنێت. ئەو شێوازانەی دەسەڵات گەمارۆدەمین، کە ژیان بە کارگێڕی و دونیایەکی بیرۆکراسی یەکساندەکات. بە کورتی بەرگری دەبێت بەرگریکردن بێت لەپێناوی بەرهەمهێنانی "خود" ی ئازاد، خودێک خۆی بتوانێت و بەشداربێت لە دروستکردنی خۆیدا.

من لە تیۆرەی دەسەڵاتدا لای فۆکۆ هەوڵدەدەم زیاتر مامەڵە لەگەڵ ئەو دابەشبوونانەدا بکەم، کە فۆکۆ بۆ شێوەکانی دەسەڵات و ستراتیژەکانی دەسەڵاتی دەیانکات. مەبەستم لەو شێوانەش ئەو دوو ستراتیژەی دەسەڵاتە، کە فۆکۆ

ناوپاندەنێت، ستراتیژی سزا و ستراتیژی کۆنترۆڵ، یان دیسپلینکردن.(٢٢) ئەم دوو فۆرمەی دەسەڵات، واتە دەسەڵاتێک، کە سزابەخشە و دەسەڵاتێک، کە دیسپلینکەرە، بە دوو فۆرمی جیاوازی کۆمەڵگاوە گرێدەدات: کۆمەڵگای تەقلیدی و کۆمەڵگای مۆدێرن. لە کۆمەڵگای تەقلیدیدا دەسەڵات ڕاستەوخۆ لەسەر سزادانی جەستە کاردەکات و شانۆ بۆ سزاکان دروستدەکات، واتە سزادانەکان نیشانی کۆمەڵگا دەدات. بەڵام لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا دەسەڵات لەباتی سزا هەوڵدەدات دونیای ڕۆحی ئینسانەکان لەناوەوە ڕەنگڕێژکات و لەناوەوەڕا دیسپلینیان بکات. لێرەوە مادامەکی وەک فۆکۆ دەڵێت: "دەسەڵات کاریگەری هەیە بۆسەر شێوەی کەسایەتی تاکەکەسەکان" (٢٣) کەواتە ئەو دوو شێوازەی دەسەڵات دوو شێوازی جیاوازی کەسایەتی و دوو جۆری جیای فەردانییەت دەخولقێنن. لەڕاستیدا ئەم دوو ستراتیژەی دەسەڵات دەبنە دوو کارخانەی گەورەی بەرهەمهێنانی "خود"، بەڵام خودی جیاواز لەیەکتری. دەسەڵاتی سزادەر دەخوازێت ئەو فۆرمانەی "خود" بەرهەمبهێنێت، کە ترساو و بچووک و سنووردارن، لەکاتێکدا دەسەڵاتی کۆنترۆڵکەر دەخوازێت ئەو شێوانەی تری خود بەرهەمبێنێت، کە پێویست ناکات لەدەرەوەڕا و لەڕێی ترس و سزا و تۆقاندنەوە دیسپلینبکرێن، بەڵکو خۆیان لەناوەوەی خۆیاندا میکانیزمێکی تایبەتی کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنیان بەرهەمهێنابێت و زیاتر لەسەر بیرۆکەی بەرپرسیاربوون بەرامبەر بەو میکانیزمانە کاریکەن. (٢٤) فۆکۆ دەڵێت لە یەکەمیاندا خوێنێک بەرهەمدێت، کە پڕۆژە و بابەتی مەرگە، لەکاتێکدا لە دووەمیاندا خوێنێک دروستدەکرێت، کە بەرهەمهێن و ژیاندۆستە. بە مانایەکی دیکە دەسەڵاتی سزادەر لەسەر هەڕەشەی مەرگ کاردەکات و ئەم هەڕەشەیە ئامرازی سەرەکی پاراستنی سەروەری دەسەڵاتە، لەکاتێکدا ئەوەی سەروەری دەسەڵات لە دۆخی دەسەڵاتی دیسپلینکەردا مەیسەردەکات ئەم هەڕەشەیە نییە، بەڵکو مژدە و میکانیزم و پراکتیکی گەورەکردنی هەرچی زیاتری ڕووبەرەکانی ژیانە، بەڵام

ژیانێکی کۆنترۆڵ و دیسپلینکرلو. ڕەمزی سەرەکی دەسەڵاتی سزادەر کەسی پادشا، یان ئەمیر خۆیەتی، کە مافی کوشتنی ئینسانەکانی هەیە، لەکاتێکدا ڕەمزی سەرەکی دەسەڵاتی دیسپلینکەر و چاودێریکەر دەوڵەتی مۆدێرنە، کە لەڕێگای دەزگا زۆر و فرەجۆرەکانییەوە دەستدەخاتە ناو وردوبرشتی ژیانی ئینسان و دەخوازێت لەناوەوەڕا ئەو ئینسانە وا قورمیش بکات و وا بەرنامەڕێژیبکات، کە خۆی خۆی دیسپلینبکات و پێویستی بەهەڕەشەی مەرگ نەمێنێت. دەشێت لێرەدا لەگەڵ داریوشی ڕیجالیدا یەکبگرینەوە و ئەو بۆچوونانەی سەرەوەی فۆکۆ بەمجۆرە کورتبکەینەوە: "چەندە کۆمەڵگاکان پرۆسەی مۆدێرنیزە پیادەبکەن، ئەوەندە ستراتیژی سزادان ئەبێتە شتێکی ناجۆر و خراپ بۆ پراکتیکی دەسەڵات". (٢٥). بەکورتی و بەسادەیی فۆکۆ پێیوایە دەسەڵاتی تەقلیدی دەسەڵاتێکی سزابەخشە و لەسەر سزای جەستەیی ئینسانەکان کاردەکات، لەکاتێکدا دەسەڵاتی مۆدێرن نەک نایەوێت سزای جەستەکان بدات، بەڵکو دەیەوێت ئەو جەستانە بەهێز و چالاک و فرەتوانا بکات، بەڵام لەناو چوارچێوەیەکی کۆنترۆڵ و دیسپلینکراودا و لەڕێگای دەزگا زۆر و گەورەکانی دەوڵەتی مۆدێرنەوە.

ئەو دۆخی دیسپلینکردنە ناوەکییەی ئینسانە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا وا لە فۆکۆ دەکات بڵێت نابێت گواستنەوە لە سزاوە بۆ کۆنترۆڵ و دیسپلین، وەک ڕیفۆرمێکی ئەخلاقی و ئینسانی ببینین، ڕیفۆرمی ئەخلاقی بەومانایەی گوایە ئەم گۆڕانە لە ستراتیژییەکانی دەسەڵاتدا وەک بەرهەمی پێشکەوتنێکی ئەخلاقیی و بەهێزبوونی ڕۆحی هیومانیستی، یان ئینساندۆستی، ببینین وەک فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری ڕایانوابوو. بەپێچەوانەوە ئەم گۆڕانە لە ستراتیژییەکانی دەسەڵاتدا گۆڕانێکە وابەستەی لەدایکبوونی کۆمەڵێک توانا و تەکنیکی نوێیە، کە هاتنی کۆمەڵگای مۆدێرن لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. کۆمەڵگای مۆدێرن هەلی ئەوەی بۆ دەسەڵات دەخولقێنێت، کە بتوانێت "شێوازێکی چالاکانەتر و کاریگەرتری حوکمکردن بێنێتە

کایەوە" (٢٦)، کە پێویستی بە سزادانی جەستە نەمێنێت، لەباتی سزا بتوانێت لەناوەڕا ئینسانەکان ئاراستە و کۆنترۆڵبکات. هیومانیستەکان ئەم گۆڕانە لە سزاوە بەرەو کۆنترۆڵ بە "پێشکەوتنی" ئەخلاقییەوە دەبەستنەوە، لەکاتێکدا فۆکۆ ئەم گواستنەوەیە بە دۆزینەوەی ئامراز و تەکنیکی چالاکتری دیسپلینکردنەوە دەبەستێتەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو فۆکۆ هەموو گواستنەوەکە بە چوارچێوەی لەدایکبوونی پرۆژەی دیسپلینکردنی ئینسان لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا گرێدەدات. (٢٧) بۆیە بەلای فۆکۆوە ئەم گۆڕانە لە ستراتیژییەتی دەسەڵاتدا کۆتاییهاتنی دەسەڵات و هاتنەکایەی سەردەمانی ئەخلاق نییە، بەڵکو لەڕاستیدا دەربڕی لەدایکبوونی ڕۆژگارێکی دیکە و ستراتیژێکی دیکەی دەسەڵاتە. (٢٨) گۆڕانەکە دەربڕی لەدایکبوونی ڕۆح و عەقڵیەتێکی ئینساندۆستی هیومانیستی نییە، بەڵکو دەربڕی لەدایکبوونی جۆرێکی نوێ و ستراتیژێکی نوێی دەسەڵاتە.

خاڵی سەرەکی ئەو بۆچوونەی فۆکۆ ئەوەیە دەسەڵات و ستراتیژەکانی دەسەڵات نەبەستینەوە بە ئەخلاق و گۆڕانکارییە ئەخلاقییەکانەوە. وەهمێکی گەورەیە وابزانین ڕووە خراپ و ڕووە باشەکانی دەسەڵات بەرهەمی بەرخوردی ئەخلاقی و پێشکەوتنی ئەخلاقن، یاخود پێمان وابێت بۆ گۆڕینی شێوازەکانی دەسەڵات ئەوە بەسە، کە سیاسیەکی 'بێئەخلاق' لابەین و لەشوێنی ئەودا سیاسیەکی 'بەئەخلاق' دابنێین. فۆکۆ دەیەوێت بڵێت دەسەڵات لە سەرزەمینی ئەخلاقەوە هەڵناقوڵێت و بۆ گۆڕینیشی پێویستمان بە گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و گۆڕینی سیستمی بەرهەمهێنانی هەقیقەت و گۆڕینی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و مەعریفەیە، نەک گۆڕانێکی ئەخلاقی بەتەنها.

بەباوەڕی فۆکۆ گواستنەوە لە سزاوە بۆ کۆنترۆڵ، لە ئازاردان و تێکشکانی جەستەوە بۆ دیسپلینکردنی سایکۆلۆژی و ڕۆحی، لەو ساتەوەختە مێژووییەدا هاتەکایەوە، کە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسا لەباتی مەقسەلە

بەدەیان دەزگای دیسپلین و کۆنترۆڵی نوێ بەرهەمبێنن، وەک بەندیخانە، لەشکر، دەزگاکانی پۆلیس، دروستکردنی کارخانە، قوتابخانە، سیستمی تەندروستی تازە و چەندان دەزگای دیکەی کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنی ئینسان. لەپاڵ دروستبوونی ئەم دەزگایانەدا گۆڕانێکی گەورە لە مەعریفەشدا دێتەکایەوە، کە تیایدا دەروونناس و پزیشکە نەفسییەکان شوێنی جەلاد و قامچی وەشێنەکان دەگرنەوە، مامۆستا لە پۆلدا شوێنی مەلای دینی دەگرێتەوە، بەکورتی مەعریفە لە هەڕەشە و گوڕەشەکانی ئایینەوە دەگواسترێتەوە بۆ میتۆدی نوێی "زانستە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان". لە دیدی فۆکۆدا ئەم زانستانە ئینسان دەکەن بابەتی تێبینیکردن و توژینەوە و ناسین و بەمەش هەلی ئەوە بە دەسەڵات دەبەخشن بتوانێت دەرەنجامی لێکۆڵینەوە زانستییەکان بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە جۆری بیرکردنەوە و ڕەوش و هەڵسوکەوتی تاکەکەسەکان تێبگات و لەوێشەوە ستراتیژی تایبەتی دیسپلین و کۆنترۆڵکردنیان دابڕێژێت. ئەم ڕۆڵە دیسپلینکەر و کۆنترۆڵکەرەی زانستە ئینسانییەکانە وا لە فۆکۆ دەکات بەگژ مێژووی سایکۆلۆژیادا بچێتەوە و بەوە تاوانباریکبات، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە دیسپلینکردن و دەستەمۆکردنی ئینساندا بینیوە.

بەباوەڕی فۆکۆ گرنگترین سیفەتی کۆمەڵگاکانی بەر لە مۆدێرنە بریتیە لە غیابی ئەو تەکنیکە تایبەتیانەی دیسپلین و کۆنترۆڵکردن، کە ئاماژەمان پێکردن، ئەمەیە وادەکات لەو کۆمەڵگایانەدا دەسەڵات ڕاستەوخۆ پەلاماری جەستەکان بدات و ڕووی لەسزای جەستەیی ئینسانەکان بێت. بەڵام کاتێک فۆکۆ لەسەردەمی شۆڕشی ئێراندا و لەسەر داواکاری ڕۆژنامەیەکی ئیتالی ئەچێت بۆ ئێران بەچاوی خۆی لەنزیکەوە ئەو ڕاستییە دەبینێت چۆن سزا لەناو ڕەوتی مۆدێرنەدا و لەپاڵ ئامادەگی سیستمی پۆلیس و لەشکر و بەندیخانە و لەپاڵ ئامادەگی پزیشکە سایکۆلۆژییەکان مامۆستاکانی سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخدا ڕوودەدات. ئەگەر ئێران

وڵاتێکبێت ئەو ڕاستییەی سەلماندبێت، کە دەشێت سزا لە هەناوی ستراتیژیەتی دیسپلین و کۆنترۆڵدا پیادە بکرێت، ئەوا درلوسێکانی ئێران و زۆر شوێنی دیکەش ئەم ڕاستییە بۆ چەندەمینجار دەسەلەمێنن. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا سزا دەبێتە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی کارکردنی کۆنترۆڵ خۆی، تەکنیکەکانی سزا دێن و هێزێکی ئەفسانەیی و تۆقێنەر دەبەخشنە تەکنیکەکانی دیسپلین و کۆنترۆڵکردن. لەڕێگای ناونوسکردنێکی بەردەوامەوە لەناو دەزگا جیاجیاکانی چاودێریەوە، لە قوتابخانە و لەشکر و کارخانە و بنکە حیزبیەکان و لیستی ناوی دانیشتوان لای موختاری گەڕەکەکان و ئەفسەرەکانی ئاسایش و یەکێتییە ساختەکانی قوتابیان و مامۆستایان و کرێکارانەوە بیگرە، تا بە دەزگاکانی ئاسایش و دەزگا پۆلیسییەکانی دیکە دەگات، مرۆڤ لەم جۆرە کۆمەڵگایانەی لای ئێمەدا نوقمە لەناو پرۆسەی چاودێریکردنێکی سەرتاسەریدا. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە ئینسانی ئەم کۆمەڵگایانەی لای ئێمە لەپاڵ ئەم هەموو تەکنیکەی چاودێری و دیسپلینکردندا، کە پرۆسەی مۆدێرنبوونەوە مەیسەریاندەکات، ئینجا لە گۆڕەپانە گشتییەکانیشدا و بەدیارچاوی خەڵکەوە، لە دیمەنێکی شانۆسازدا، گولەباران دەکرێن و دوای مەرگیش سوکایەتی بە لاشەکانیان دەکرێت. دوای ئەو هەموو توانا تۆقێنەرانەی دیسپلینکردن ئینجا لەناوەڕاستی فولکەکاندا بە سلنگا هەڵدەواسرێن و خەڵک کۆدەکرێتەوە بۆ تفلێکردنیان. ئەمە جگە لەوەی سزا لەم کۆمەڵگایانەدا زۆرجار بە دیمەنی شانۆیی و ئاشکرای بەریەریانەی دیکە کۆتایی بە شانۆی کوشتنەکان دەهێنێت، وەک ئەوەی کوژراوەکان بە پشتی موسەلەحەکاندا هەڵوسرێن و بەناو شەقامەکاندا بۆ ترساندنی خەڵک ڕابکێشرێن. ئەزموونی بەعس لە عێراقدا ئەرشیفێکی گەورەی ئەم گەمەی ترساندن و سوکایەتیکردنەیە بە ئینسان، لەهەمانکاتیشدا ئەزموونێکی نموونەیی تێکەڵکردنی هەمەجییانەی ستراتیژیەتی سزا و ستراتیژیەتی کۆنترۆڵ و دیسپلینە بەیەکتری. بەمانایەکی دیکە دەسەڵات لەو

نـاوچەیەی ئـێمەدا هەم بە تەکنـیکە بەربرییەکـانی دەسـەڵاتی سـزابەخش و هەم بەتەکنیکە ترسناکەکانی کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنی ئینسان کاردەکات.
لە فەسڵی پێنجەمـی کتێبـی "مێـژووی سێکسوالیەت" دا فۆکـۆ لەژێـر ناونیشـانی "مـافی مەرگ و دەسـەڵات بەسـە ژیانـدا" هەمـان ئەو دوو سـتراتیژەی دەسـەڵات جارێکی دیکە باسدەکاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە دۆخێکـی کۆنکریـت تـردا. فۆکـۆ ئەڵێت دەسەڵاتی کۆن زیاتر لەسەر "مافی کوشتن، یـان مەرگ" بنیـادنرابوو. بەڵام دەسەڵاتی مۆدێرن دەسەڵاتێکە تابتوانێت مەرگ دووردەخاتەوە و لەباتی هەڕەشەی مەرگ بکـات "ژیـان ڕێکـدەخات" (٢٩)، کۆمەڵێـک هێـز و توانـا لەنـاو ئینسـاندا دروسـتدەکات، کە "سوودبەخشـن" و هێزەکـانی نـاو ئینسـان "بەردەوام گەشەپێدەدەن نەک سەرنگونیان بـکەن".(٣٠) لێرەوە مەرگ لەبەردەم دەسـەڵاتی نوێـدا تـاقە هێـزێکە، یـان یەکـێکە لەو هێـزانەی، کە ناتوانێـت کـۆنترۆڵ، یـان دیسپلینیبکات، مەرگ لەم دۆخەدا تەحەدایە بۆ دەسەڵاتی مۆدێرن، نەک ستراتیژی کارکردنیبێت، تەحەدایەک هێز و توانای دیسـپلین و کۆنترۆڵکردنی ئەم دەسـەڵاتە مۆدێرنە دەخاتە ژێر گومانەوە و سنووردارێوونی نیشاندەدات. مەرگ ئەو سنوورەیە کۆتایی بە تواناکانی دەسەڵاتی مۆدێرن دەهێنێت، توانا سنوور بۆکێشراوەکانی ئەم دەسەڵاتە لە پاراستن و ئۆرگانیزەکردنی ژیاندا دەردەخات. لێرەدا مەرگ دەسـەڵات لەوە ئاگـادار دەکـاتەوە، کە هێشـتا ئامـادەیە و دەتوانێـت ژیـان لەو توانـا سوودبەخشانە بدات، کە جەستە هەڵگریەتـی و دەسـەڵاتی مـۆدێرن نەک نایەوێـت تێکیانبشکێنێت، بەڵکو دەخوازێت گەورەیانبکات. وەک دەبینین مەرگ لەم دۆخەدا تەحەدایە بـۆ هێـز و تواناکـانی دەسـەڵات لە ئیـدارەدانی ژیـان و پاراسـتنیدا، نەک تەحەدابێـت بـۆ ڕەوایەتـی ئەو دەسـەڵاتە. ئەمەش تەواو پـێچەوانەی هەڵوێسـت و ویستی دەسەڵاتی کۆنە لەبەردەم مەرگدا. بۆ دەسەڵاتی کۆن مەرگ ئـامرازێکە بـۆ سـەپاندنی ڕەوایەتـی، مـافی کوشـتن یەکـێکە لە مـافە سـەرەکییەکانی پادشـا بـۆ

سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی یاخیگەران، بۆ گەڕاندنەوەی هەیبەت بۆ دەسەڵات. لەکاتێکدا دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا تابۆی دەکرێت مردن کەنارگیر و دوورنەخاتەوە و لەباتی کوشتن هەوڵدەدات ئینسانی بەهێز و چالاک، بەڵام کۆنترۆڵ و دیسپلینکراو بەرهەمبهێنێت. لێرەوە خودکوژی لە کۆمەڵگای تەقلیدیدا وەک دەستدرێژیکرن بۆسەر مافی پادشا، یان ئەمیر وێندەکرێت، چونکە مافی کوشتن تەنها مافی پادشایە و کەسیتر مافی ئەوەی نییە خۆی بڕیاری مەرگی خۆی بدات. لەم کۆمەڵگایەدا مەرگ ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە مەسەلەی ڕەوایەتی دەسەڵاتەوە. بەڵام لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا خودکوژی نەک دەستدرێژیکرن نییە بۆسەر هیچ مافێک، بەتایبەتی مافی دەسەڵاتداران، بەڵکو لە جەوهەردا هێمای فەشەلی دەسەڵاتە لە پاراستنی ژیان خۆیدا، کاری دەسەڵاتی مۆدێرن پاراستنی ژیانە، خودکوژی مانای ئەوەی ئەو دەسەڵاتە نەیتوانیوە ژیان بپارێزێت.

بەڵام بۆ پاراستنی ژیان دەسەڵاتی مۆدێرن پێویستی بە ناسین و تێگەیشتنی مەرگ و خودکوژی هەیە، لێرەوە مەرگ لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بۆتە بابەتێکی سۆسیۆلۆژی (٣١)، نەک بابەتێک شەرعیەتی سیاسی لەسەر بنیادبنرێت. بەباوەڕی فۆکۆ گواستنەوە لەسزاوە بەرەو کۆنترۆڵ لە جەوهەردا گواستنەوەیە لە "ئابووری زەرەرەوە" بۆ "ئابووری قازانج"، گواستنەوەیە لە کۆمەڵگای بەرلەسەرمایەداریەوە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری. ئەم خاڵە، وەک ئاشکرایە، فۆکۆ لە مارکس نزیکدەکاتەوە.

-٥-

بۆردیۆ

بە بـاوەڕی هەنـدێک نووسـەر تیـۆرەی دەسـەڵات لای بۆردیـۆ تەولوکەری ئەو کەموکوڕییانەیە، کە تیۆرەی دەسەڵات لای فۆکۆ هەڵگریەتی، ئەم بۆچوونە پێیوایە فۆکۆ لە دوو ئاستدا دەسەڵات شیدەکاتەوە: ئاستی تاکەکەسی و ئاستی دەزگاکان. بەڵام کێشـەی سـەرەکی ئەم شـیکردنەوەیە لەوەدایە نەیتوانیـوە ئەو دوو ئاسـتە بەیەکەوە گرێدات. (٣١) ئەم دیدە ڕەخنەییە پێیـوایە دەشـێت ئەم کەموکـوڕییەی تیـۆرەی دەسـەڵات لای فۆکـۆ لە ڕێگـای بۆچوونەکـانی بۆردیـۆوە دەربـارەی "دەسەڵاتی ڕەمزی" پڕبکرێتەوە. بـۆ پڕکـردنەوەی ئەو بۆشـاییەی فۆکـۆ لە نێـوان تـاکەکەس و دەزگاکـان بەجێیـدەهێڵێت، ئەم بۆچـوونە پێیـوایە، بۆردیـۆ کاریگەرەییەکانی دەسـەڵات لەسـەر جەسـتەوە دەگـوازێتەوە بۆسـەر "هەبیتـۆس"، بەبۆچوونی بۆردیۆ دەسـەڵاتی مـۆدێرن دەسـەڵاتێکی ئەبسـتراکتە و وەک هێزێکی بەرجەستە و مادی دەرناکەوێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەسـەر هەبیتـوس کاردەکات و لەڕێگای ئەم کارەشیەوە تاکەکان بە دەزگاکانەوە گرێدەدات.

تێگەیشـتن لە تیـۆرەی دەسـەڵاتی ڕەمـزی لای بۆردیـۆ کـارێکی مەحـاڵە بەبـێ تێگەیشتن لە بەشێکی زۆری سۆسـیۆلۆژیای بۆردیـۆ و کـۆی ئەو زارەوە و چەمـکە جۆریەجۆرانەی لە کارەکانی بۆردیۆدا بەکارهاتون. بۆنموونە زەحمەتە بتوانین بەبێ ناسـینی چەمکەکـانی "کـایە"، "سـەرمایە"، "میتـا سـەرمایە"، "هەبیتـۆس"، "توندوتیژی ڕەمزی" و "سەرمایەی ڕەمزی" لە مەبەستەکانی بۆردیۆ لە دەسـەڵاتی ڕەمزی بگەین. هەروەها زەحمەتە لە سۆسیۆلۆژیای بۆردیۆ وەک گشتێک تێبگەین بەبێ تێگەیشتن لەو شوێن و جێیەی ئەم سۆسیۆلۆژیایە لەنێـوان "بونیـادگەری" و "فەلسەفەی ئاگایی"دا داگیریدەکات. لێرەدا هەوڵـدەدەم زۆر بە کـورتی لە بەشـێک

لەم مەسەلانە بدوێم.

بەبۆچوونی بۆردیۆ خەسڵەتی سەرەکی دەسەلاتی مۆدێرن خەسڵەتی ڕەمزی بوونیەتی.(٣٢) ئەم خەسڵەتەش مانای ئەوەی دەسەلاتی مۆدێرن هەوڵی ئەوە دەدات ئامادەگی فیزیاییانەی خۆی دابپۆشێت و ڕووکارە بەرچاوەکانی بشارێتەوە. بەڕەمزیکردنی دەسەلات مانای نابیناکردنی دەسەلات و پیشاندانی وەک بەڵگەنەویست و پێدراوێکی لۆژیکی و کولتوری. بێگومان مەسەلەی خۆداپۆشینی دەسەلات بە ڕەمز مانای نەمانی دەسەلات نییە، بەڵکو لە جەوهەردا فێڵێکە لە فێڵەکانی دەسەلات و تاکتیکێکە لە تاکتیکەکانی خۆپاراستنی خۆی. بۆردیۆ، کە ئەڵێت دەسەلاتی مۆدێرن خەسڵەتێکی ڕەمزی هەیە، دەیەوێت بڵێت ئەم شێوە دەسەلاتە نایەوێت خۆی وەک دەسەلات نیشانبدات، بەڵکو دەیەوێت خۆی وەک ڕاستی، وەک یاسا، وەک بەڵگەنەویست و وەک بوونێک نیشانبدات نەکرێت پرسیارلێبکرێت. لێرەوە دەسەلات هەوڵدەدات بە بەردەوامی بەرجەستەبوونە ماتریالییەکانی خۆی بشارێتەوە و کۆمەڵێک ڕەمز دروستبکات خۆی لەناویاندا بشارێتەوە. بۆردیۆ باوەڕی وایە دەسەلات کاتێک ئەتوانێت وەک دەسەلاتێکی دیسپلینکەر لەسەر جەستە کاربکات، کە پێشوەخت خۆیکردبێت بە دەسەلاتێکی ڕەمزی.، کە دەسەلات دەشبێت بە دەسەلاتێکی ڕەمزی، ئەوکات سنووری جەستە بەجێدەهێڵێت و دەپەڕێتەوە بۆ سەرزەمینی "هەبیتوس". بە باوەڕی ڕەخنەگران ئەم ڕەهەندە ڕەمزییەی دەسەلاتە فۆکۆ نایبینێت و گرنگیپێنادات. فۆکۆ بەردەوام خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی ئارکیۆلۆژیانەی دەسەلاتە لەناو دەزگاکاندا، هەرچی بۆردیۆیە ئەو "نایەکسانییە بونیادییانە ئەدۆزێتەوە، کە خۆیان لە ڕەهەندە ڕەمزییەکانی دەسەلاتدا شاردۆتەوە".(٣٣) بێگومان بۆردیۆ و فۆکۆ لەوخاڵەدا یەکن، کە دەسەلاتی مۆدێرن دەسەلاتێکی بەربڵاوە و لە هەموو ئاراستە و ئاستا جیاوازەکانەوە دێت، هەردووکیان لەسەر ئەوە تەبان ئەم دەسەلاتە دەسەلاتێکی

لۆکاڵییە و بەبێسێنتەرێکی دیاریکراو کاردەکات و قورساییە فیزیاییەکانی خۆی گۆڕیوە بۆ کۆمەڵێک تەکنیکی چاودێریکردنی بیرۆکراسییانە. بەڵام بۆردیۆ لەوێدا لە فۆکۆ جیادەبێتەوە، کە پێیوایە بیرۆکراسیەتی نوێ چاودێری ڕەوشت دەکات نەک جەستە.(٣٤)

دەسەڵات لای بۆردیۆ هەمیشە لەناو کایەکاندا پیادەدەکرێت، بەبێ "کایە" دەسەڵات بوونییە، لە دیدی بۆردیۆدا ململانێ و کێشەکانی ناو کایەکانە دەسەڵات بەرهەمدێنێت. بەڵام داخۆ "کایە" چییە و چ مانایەکی لە سۆسیۆلۆژیای ئەم کۆمەڵناسە گەورەیەدا هەیە؟ بۆردیۆ کایە بەمجۆرە پێناسدەکات: "تۆڕێک، یان پێکهاتەیەکە لە پەیوەندی بابەتی لەنێوان کۆمەڵێک مەوقیعی کۆمەڵایەتیدا".(٣٥) مەبەست لە "مەوقیعی کۆمەڵایەتی" ئەو شوێن و جێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەیە، کە تاکەکەس و گروپەکان لە کۆمەڵگادا هەیانە و تارەدەیەکیش ناکۆک و ناتەبان لەگەڵ شوێن و جێی کۆمەڵایەتی تاک و گروهەکانی دیکەدا. بۆنموونە دەکرێت کۆمەڵگا بۆ چەندان کایەی جیاواز دابەشبکەین لەوانە کایەی ئابوری، کایەی سیاسەت، کایەی کولتور، کایەی میدیا، کایەی وەرزش، کایەی سەربازی هتد... لەناو هەریەکێک لەم کایانەدا هێزی ناتەبا و ململانێکەر و شێوازی جیاوازی کارپێکەوەبیش هەیە. کەواتە "کایە" بریتی نییە لە ڕووبەر، یان ناوەندێکی کۆمەڵایەتی هاوئاهەنگ و بێناکۆکی و تەبا، بەڵکو سەرزەمینی ململانێیەکی بەردەوامە لەنێوان گەمەکەرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی ناو کایەکەدا. ئەوەی لەناو کایەکاندا ڕوودەدات ململانێ و کێبەرکێی تاک و گروهەکانە بۆ چاکترکردن و بەهێزکردنی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی خۆیان، هەوڵدانە بۆ زیاترکردنی قازانج و دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕەمزیەکانیاین. ئەوەشی کایەیەکی تەندروست لە کایەیەکی نەخۆش جیادەکاتەوە ئەوەیە لەکایەی تەندروستدا ململانێکان لەچوارچێوەی کۆمەڵێک یاسادا ڕوودەدەن، کەپێشوەخت زۆربەی

گەمەکەرەکـان لەسـەری ڕێکەوتـن و ڕێـزی پرنسـیپ و سـنوور و داواکارییەکـانی دەگرن. بەکورتی بۆردیۆ کایە وەک ڕوویەرێکـی پـڕ جوڵە و ململانـێ و چالاکی دەبینێت، هەر ئەم جوڵە و ململانـێ و کێبەرکێیەشـە وادەکـات بۆردیـۆ کـایە لەو "جیهـازە ئایـدیۆلۆژییانە" جیاکـاتەوە، کە ئالتوسـێر لە شـیکردنەوەی کۆمەڵگـادا پێشنیاریاندەکات. کایە بوونێکی زیندووی پڕ ناکۆکییە لەکاتێکدا "جیهاز" بوونێکی ئامێری و ئامرازییە.

بەڕای بۆردیۆ دەشێت "کـایە" ببێـت، یـان بگۆڕێـت بە "جیهـاز"، بەڵام ئەمە بەو مانـایە نیـیە یەکێـک لە یـاریکەرە کۆمەڵایەتییەکـانی نـاو کـایەکە ئەوەنـدە هێـز و دەسەڵاتی گرتبێتەدەست توانیبێتی بەهـۆیەوە هەمـوو یـاریکەرە کۆمەڵایەتییەکـانی دیکە بێدەنگبکات. لە دۆخێکی لەو بابەتەدا دونیای ناوەکی و مەوقیعە جیاجیاکانی نـاو کـایەکە لەلایەن گروهێـک لە گروهەکـانەوە بەشـێوەیەک مۆنۆپـۆلیزەکراوە، کە ئاراسـتەوە بۆچـوون و جـوڵەی هەمـوو گروهەکـانی دیـکەی نـاو کـایەکەی چەپانـدبێت. (٣٦) سـیفەتی کـایە لای بۆردیـۆ لەوەدایە، کە "بەردەوام دەگۆڕێت" (٣٧)، بەڵام جیهـاز بـوونێکی نەگـۆڕ و بێجـوڵە و بێرۆحـی هەیە. کـایە ئامانجێک بەدیدەهێنێت، کە لەناو کایەکە خۆیـدا ئامـادەیە، بەڵام جیهـاز ئـامرازێکە ئامانجێک بەدیدەهێنێت لەدەرەوەی ئامرازەکە خۆیدایە. قسەکردن لەسەر کـایە لای بۆردیـۆ ڕاسـتەوخۆ دەمـانگوێزێتەوە بـۆ قسـەکردن لەسـەر سـەرمایە و شـێوە جیاجیاکانی سەرمایە. بەبۆچوونی بۆردیۆ هیچ کایەیەک بوونی نییە بە بـێ بـوونی سەرمایەیەک لەناویدا. کایە نەک پانتاییەکی بەتاڵ نییە، بەڵکو مەملەکەتـێکە پـڕ لەهێـز و گروپـی کـۆمەڵایەتی کێبەرکـێکەر، ئەم هێـزە و گـروهە کۆمەڵایەتییـانەش هەڵگـری جۆرێـک، یـان چەنـدجۆرێکی دیـاریکراوی سـەرمایەن. هەر کـایەیەک لە کایەکان نرخ و بەها و هیراركیەتێکی تایبەتی هەیە بۆ جۆرە جیاوازەکانی سەرمایە، لەهەر کایەیەکدا جۆرێک سـەرمایە سـەروەرە و جۆرێـک لەسـەرمایە لە جۆرەکـانی

نیکە گرنگترە. (٣٨)
بۆنموونە لەکەیەی ئەکادیمیدا "سەرمایەی کولتووری" لە "سەرمایەی ئابووری" گرنگترە، لەم کایەیەدا شوێن و جێی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆفیسۆر و قوتابییە بەرزتر و گرنگترە، کە سەرمایە فیکری و کولتورییەکەیان گەورەترە لە هی پرۆفیسۆر و قوتابییەکانی تر، نەک ئەوەی کێ باشترین سەیارە و زۆرترین پارەی هەیە. کەچی لە کایەی بازرگانیدا بەپێچەوانەوە سەرمایەی ئابووری لە سەرمایەی کولتووری گرنگترە. بەباوەڕی بۆردیۆ دەشێت جۆرێک لەسەرمایە هەبێت لە هەموو کایەکاندا بەنرخ و بەکەڵک و سوودمەند بێت، واتە وەک جۆکەرێک بێت بۆ هەموو کایەیەک دەستبدات. بەپێچەوانەی ئەمەوە دەشێت سەرمایەی تایبەتیش هەبێت تەنها لە کایەیەک لە کایەکاندا بچێت و لەدەرەوەی ئەو کایەیەدا هیچ نرخێکی نەمێنێت. بەباوەڕی بۆردیۆ "بەهای ڕێژەیی سەرمایەکان بەپێی کایەکان دەگۆڕێت". (٣٩) لەهەمانکاتدا دەشێت ئەو بەهایە بەپێی کات و هەلومەرجی جیاجیا نرخی ڕێژەیی سەرمایەیەک لەناو هەمان کایەدا بگۆڕێت. (٤٠) لێرەوە بۆ لێکۆڵینەوە و ناسینی کایەیەک پێویستە بزانین جۆری ئەو سەرمایە جیاوازانە چین لەو کایەیەدا دەستبەکار و سەروەرن. (٤١) هەڵگری سەرمایەکان هەوڵئەدەن بەپێی جۆری سەرمایەکانیان ستراتیژیەکانی خۆیان دابڕێژن، هێزی هەر یەکێک لە کەسانی ناو کایەکە و هێزی هەر یەکێک لە ستراتیژەکانیان وابەستەی ئەو هێزەیە سەرمایەکەی لەناو ئەو کایەیەدا هەڵگریەتی. هەر گروهێکی کۆمەڵایەتیش لەناو کایەکەی خۆیدا هەوڵدەدات ئەو شێوەیەی سەرمایە بەهێزکات، کە خۆی تێیدا بەهێزە و زۆرترین بڕی لێی هەیە. نرخی سەرمایەکانیش وابەستەی ئەوەن لەناو چ کایەیەکدا کاردەکەن. بەڵام ئەمە هەموو ڕاستییەکان نییە، چونکە ئەوە بەتەنها سەرمایە نییە، کە وابەستەی کایەکانە، بەڵکو کایەکانیش تاڕادەیەکی زۆر وابەستەی جۆرەکانی سەرمایەن و شوناسی خۆیان لەو سەرمایانەوە وەردەگرن. لێرەوە هەم

کەیەکان و هەم سەرمایەکان، هەردووکیان "وابەستەی یەکترن". (٤٢)
جگە لە جۆرەکانی سەرمایە بۆردیۆ قسە لە "بونیادی گشتی سەرمایەش" دەکات. بۆردیۆ ئەڵێت دەشێت هێزی "بونیادی گشتی" دوو سەرمایە یەکسانبن، بەڵام هاوکات ئەم دوو هێزە هەڵگری یەک جیهانبینی نەبن. بۆنموونە قۆنتەراتچییەک هێزی سەرمایە ئابوورییەکەی گەورەیە، بەڵام هێزی سەرمایە کولتورییەکەی لاوازە، بەپێچەوانەوە پرۆفیسۆرێکی زانکۆ هێزی سەرمایە ئابوورییەکەی لاوازە، بەڵام هێزی سەرمایە کولتورییەکەی گەورەیە. لێرەوە "بوونیادی گشتی" سەرمایە لای قۆنتەراتچییەکە و لای پرۆفیسۆرەکە وەک یەکە، بەڵام مەوقیع و جیهانبینیان جیاوازە. (٤٣)
بەباوەڕی بۆردیۆ ستراتیژیەتی خاوەن سەرمایەکان تەنها وابەستەی قەبارە و چەندایەتی و بونیادی ئەو سەرمایەیە نییە، کە لەو ساتەوەختەدا هەیانە، هەروەها بەتەنهاش وابەستەی ئەو هەلومەرجانە نییە، کە لەوساتەدا لە ئارادایە. ستراتیژیەتی خاوەن سەرمایەکان تاڕادەیەکی دیاریکرلو وابەستەی هەلومەرج و شانسە ئاییندەییەکانی گەشەکردنی ئەو سەرمایەیە، کە هەیانە، وابەستەی ئەو هەبیتوسەیە، کە لەڕێگای کۆمەڵێک پەیوەندی بەردەوام و تووندەوە کۆمەڵێک شانسی گونجا و بابەتی بۆ ئەو سەرمایەیە دروستدەکات. (٤٤) لێرەوە ناوەرۆکی ململانێی کۆمەڵایەتی و ناوەرۆکی کێشەی دەسەڵات لای بۆردیۆ بریتیە لە هەوڵی بەردەوامی خاوەن سەرمایەکان بۆ پەکخستنی هێزی سەرمایەی بەرامبەرەکانیان و هێنانەخوارەوەی نرخ و بەها و تواناکانی ئەو سەرمایە دژانە. بەم مانایە ململانێکان تا ڕادەیەکی زۆر بریتیین لە هەوڵدانێکی بەردەوام بۆ پەکخستنی ئەو شێوە سەرمایەی هێز بە گروهە ململانێکەرەکان دەدات، یان هیچ نەبێت نرخی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی ئەو سەرمایە دژانە تێکبشکێنن و لەهەمانکاتیشدا نرخ و بەهای ئەو شێوە سەرمایەیە گەورەبکەن، کە خۆیان تێیدا بەهێزن. (٤٥)

لای بۆردیـۆ دەوڵەت لەنێـو کایەکانـدا گرنگییەکـی تـایبەتی هەیە، گرنگـی نە بەو مانایەی دەوڵەت ئامرزای باڵادەستی چینێکبێت بەسەر چینێکی دیکەدا، بەڵکو بەو مانـایەی دەوڵەت "کـۆکراوەی جـۆرە جیاوازەکـانی سـەرمایەیە".(٤٦) گرنگیـی دەوڵەت لای بۆردیۆ لەوەدا نییە، کە ئامرازە، بەڵکو لەوەدایە جۆرێکە لە سەرمایە هەموو سەرمایەکانی تر لە هەناوی خۆیدا کۆدەکاتەوە. دەوڵەت بریتیە لەو سەرمایە گەورەیەی هەموو سەرمایەکانی دیکەی لە ئامێزدایە.(٤٧) لەپاڵ ئەمەشدا دەوڵەت لە مەوقیعێکدایە دەتوانێت جۆرێک لەجۆرەکانی سەرمایە بەسەر جۆرەکانی دیکەدا زاڵبکـات. بەهـۆی ئەم گـرنگییە تـایبەتەوە بۆردیـۆ سـەرمایەی دەوڵەت ناودەنێـت "میتاـ سـەرمایە"، مەبەسـت لە میتاـسـەرمایەش ئەو شـێوەیە لە سـەرمایە، کە بەهـۆیەوە "دەتوانرێـت دەسـەڵات بەسـەر شـێوەکانی دیـکەی سـەرمایەدا بسەپێنرێت".(٤٨)

وەک دواهەمـین خـاڵ دەمەوێـت لێـرەدا ئامـاژە بـۆ ئەو ڕاسـتییە بـکەم، کە میتاـسەرمایە لای بۆردیـۆدا سـەرمایەیەکە هەمیشـە لەلایەن چینـێکەوە ئاراستەدەکرێت. بێگومان ئەو چینەی دەتوانێت میتاسەرمایە ئاراستەبکات لەڕووی کۆمەڵایتییەوە لە چینەکانی دیکە بەهێزترە، بەڵام ململانێـی کـۆمەڵایەتیش لەلایەن جۆرەکـانی دیـکەی سـەرمایەوە هەمیشـە لە هەوڵـی ئەوەدایە بتـوانن کـار لەو میتاسەرمایەیە بکەن و بائاراستەی قازانج و سوودی سەرمایە تایبەتەکانی خۆیـان بـیخەنەگەڕ.(٤٩) لەمخاڵەشـدایە بۆردیـۆ هەنگـاوێکی زۆر گەورە لە مـارکس نزیکدەبێتەوە و بۆردیۆ دەکاتە مارکسیستێکی هاوچەرخ و نوێکەرەوە.

بەشی دووهەم

-٦-

دوای ئەو سەرەتا تیۆرییە جیاوازانە ئێستا دەکرێت بپرسین: ئایا کێشەی دەسەڵات لە واقیعی ئێمەدا چۆن کەوتۆتەوە؟ ئەو تایبەتمەندییانە چین دەسەڵات لەدونیای ئێمەدا ڕەنگرێژدەکەن؟ ئایا دەسەڵات چ شوناسێکی هەیە و لەسەر کام پانتایی کاردەکات، پانتایی مەرگ، یان ژیان؟ ئایا دەسەڵات موهەیمنە، یان کۆنترۆڵکەرە؟ سروشتی ئەو کایانە چۆنن دەسەڵات لەناویاندا کاردەکات؟ کام سەرمایە هێزێکی سەپێنەری هەیە؟ ئایا دەشێت لە دونیای ئێمەدا قسە لە بوونی کایە بەمانا بۆردیۆییەکەی بکەین، یاخود کایەکان گۆڕاون بە جیهاز بەو مانایەی ئالتۆسێر بە جیهازی دەدات؟

سەرەتا با لەمەسەلەی هەیمەنەوە دەستپێبکەم. ئێمە وتمان گرامشی هەیمەنە بە مەرجی گەیشتن بەدەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت دادەنێت. ئەوەمان وت بەبێ هەیمەنەی ئایدیۆلۆژی و کولتوری و ڕۆحیی حیزب لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا زەحمەتە حیزب بتوانێت دەسەڵات بگرێتەدەست. "بلۆکی مێژوویی"، کە بەری کاری پێکەوەیی چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی جیاوازە یەکێکی دیکەیە لە

پێداویستییەکان، ئەمە جگە لەوەی دەبێت لەڕێگای ڕۆشنبیرانەوە هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەدەوری بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی فەرهەنگی کۆبکرێنەوە، کە تەعبیر لەو ڕۆحی هەیمەنەیە بکات، کە هێزەکانی ناو ئە بلۆکە مێژووییە دروستدەکەن. وەک وتمان گرامشی لە لێکۆڵینەوەیدا بۆ ئەزموونی بەلشەویکەکانی ڕوسیا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی ئەوان لەڕێگای "حیزبی پێشڕەوەوە" و لە ڕێگای نەفیکردن و بازدان بەسەر هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای مەدەنیدا، پەلاماری دەوڵەتیان دا و لەشێوەی کۆبێتایەکی سەربازیدا دەسەلاتیان گرتەدەست. حیزب لە ئەزموونی بەلشەویانەدا ڕاستەوخۆ هەڵدەکوتێتە سەر دەزگاکانی دەوڵەت و لەڕێی کۆنترۆڵکردنی ئەو دەزگایانەوە دونیای کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی دەرەوەی دەوڵەتیش کۆنترۆڵدەکات. حیزب لێرەدا لە باڵەخانەکانی دەوڵەتەوە دێتە خوار بۆناو سەر شەقام و گۆڕەپانەکانی دونیای کۆمەڵایەتی و سیاسی وفەرهەنگی کومەڵگا. لەڕاستیدا حیزب لەم ئەزموونەدا لەسەرەوەڕا و بەوشێوەیەی خۆی دەیەوێت دەخوازێت کومەڵگا دروستبکات، ئەو هێزانە بەهێزدەکات، کە خۆی مەبەستیەتی و ئەوهێزانەش لاوازدەکات، کە نایەوێت بەهێزبن، یان هەر بمێنن. بە چەمکەکانی بۆردیۆ لێرەدا میتاسەرمایەی دەوڵەت هەموو ئەو شێوانەی دیکەی سەرمایە وێراندەکات، کە نایەوێت بمێننەوە و گەشە بکەن و ئەو سەرمایانەی دیکەش پایەداردەکات، کە دەتوانێت لەپاڵیاندا دەسەلاتی خۆی هەم گەورەبکات و هەم بپارێزێت.

لەڕاستیدا لەم ئەزموونەدا زەحمەتە حیزب و دەوڵەت، حیزب و کۆمەڵگا، حیزب و کایەکان لەیەکدی جیابکەینەوە. حیزب لەم جۆرە ئەزموونانەدا دەچێتە هەموو شوێنێکەوە و دادەبەزێتە ناو پێکهاتەی هەموو ئەو سەرمایانەی لەو کۆمەڵگایەدا لەناو کایە جیاوازەکاندا لەئارادان. هەندێک تیۆریستی هاوچەرخ ئەم شێوە تایبەتەی دەوڵەت ناودەنێن "دەوڵەتی حۆبزی"، دەوڵەتێک لەسەرەوەڕا و لەناو ئۆرگانەکانی

دەوڵەتەوە هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت و مەودا بەهیچ هێزێک نادات لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی دەوڵەتدا بوونی هەبێت. لە ئەزموونی دەوڵەتی هۆبزیدا حیزب ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، حیزب لەم ئەزموونەدا ڕاستەوخۆ هەموو دەزگاکانی دەوڵەت دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و لەوێشەوە هەموو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان کۆنترۆڵ و تەنانەت مۆنۆپۆلیش دەکات. حیزب لێرەدا دونیایەک دروستدەکات، کە بەردەوام بینراو و قابیلی چاودێری و کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنبێت. گرامشی ئەم دۆخە ناودەنێت "تزاریزمی بێ تزار"، واتە "قەیسەریەت بەبێ قەیسەر"، لەم ئەزموونەدا حیزب ئەچێتە شوێنی قەیسەر و لەباتی قەیسەر دەسەلات دەگرێتەدەست و وەک قەیسەریش هەڵسوکەوت ئەکات.

ڕەنگە ماندووبوونێکی زۆری نەوێت بۆئەوەی لەواقیعی کوردیدا بەهەمان ئەو دەرەنجامانەی سەرەوە بگەین و ئەوە بسەلمێنین هەمان میکانیزمی کارکردنی دەسەلات لەئارادایە. جیاوازی هەرەسەرەکی لە نێوان ئەزموونی کوردی و ئەزموونی بەلشەویەکانی ڕوسیادا لەوەدایە حیزب لەئەزموونی کوردیدا توانای دروستکردنی دەوڵەتی نییە و لە غیابی دەوڵەتدا و لەناو حیزب خۆیەوە بڕیاردەدات چۆن کۆمەڵگا و هێزەکانی ناو کۆمەڵگا و کایەکان دابڕێژێت و ڕێکبخات. ڕەنگە هەر ئەم خاڵەش خاڵی هەرەسەرەکی جیاکردنەوەی ئەزموونی حیزبە کوردییەکان بێت لە ئەزموونی بەعس لە عێراقدا. بەعس لەناو دەوڵەت و دەزگاکانی دەوڵەتەوە دەیخواست بچێتە ناو کایەکانەوە و دەستکارییەکی ڕادیکاڵانەی سەرمایەی ناو کایەکان بکات، لەکاتێکدا حیزبە کوردییەکان لەناو دەزگاکانی حیزبەوە ئەم کارەیان کردووە و ئەم کارە دەکەن. بەم کارەشیان حیزبە کوردییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە حیزبێکن ناتوانن ببنە خاوەنی هەیمەنە، ناتوانن هێزە جیاجیاکانی ناو

کۆمەڵگای کوردی لەڕێی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژییەوە لەناو بلۆکێکی مێژوویدا کۆبکەنەوە و خودی ئەو بلۆکەش لەناو پێکهاتێکی سیاسی بانحیزبیدا بەرجەستە بکەن. بەڵام داخۆ ئەم حیزبانە بۆ ناتوانن خاوەنی هەیمەنەبن؟

دەشێت لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا هێما بەم چەند ڕاستییە بکەین:

١ـ حیزبە کوردییەکان لەناو کۆمەڵگایەکی ناشێلگیر و خۆڕێکنەخستوودا کاردەکەن. سنووری هێزە جیاجیاکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە تا ڕادەیەکی زۆر لەیەکدی جیانەکراوەتەوە و لەڕووی سۆسیۆلۆژیەوە بەیەکداچوونێکی کۆمەڵایەتی دەبینین، کە وادەکات دلواکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بەشێوەیەکی گەورە بەناویەکیدا چووین و بەزەحمەت بکرێت لەیەکدی جیابکرێنەوە.

٢ـ بەرگرتن بەلەدایکبوونی هەر وشیارییەک هەوڵی ناساندن و بەرگریکردن لە جیاوازییەکان بدات، گەر ئەو وشیارییەش هەبێت، یان لەڕێگەدابێت بۆ دروستبوون، ئەوا ئەو هێزە جیاوازانە بە هۆی گوتاری "یەکگرتن"ەوە ناتوانن تەعبیر لەو جیاوازییانە بکەن. لێرەوە هەرکەسێک بخوازێت قسەبکات ناچارە بەناوی هەموو هێزەکان و هەموو نەوەکان و هەموو جنسەکانەوە بدوێت.

٣ـ هۆیەکی دیکەی دروستنەبوونی هەیمەنە ئەوەیە حیزبی کوردی، وەک فۆرمێکی دیکەی ڕێکخستن و کارکردن، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە فۆرمە تەقلیدییەکانی کارکردن و ڕێکخستن لە کۆمەڵگای کوردیدا. بەمانایەکی دیکە حیزبی کوردی نایەت بۆ ئەوەی فۆرمە تەقلیدییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی تێکبدات و پێشنیاری فۆرمی دیکەی کارکردن و خۆڕێکخستن بکات، بەپێچەوانەوە حیزب دێت و بەپێی ئەو فۆرمە تەقلیدییانە و لەسەرهێشتنەوەی ئەو فۆرمانە کاردەکات. بەمەش زۆربەی زۆری ئەو هێزانەی، کە دەبێت لەو پێکهاتە تەقلیدییە جیابېنەوە و ببنە هەڵگری بیدێکی دیکە بۆ کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەک لە شێوەکان

ناچاردەکرێن بچنەوە بەردەمی هێزە تەقلیدییەکانی دونیای ئێمە. ئەمەش بەر بەفرەدەنگی و فرە بەرنامەیی دەگرێت و ئەو رێکەوتنە ئایدیۆلۆژییەی بنەمای هەیمەنەیە هەر لە بێشکەدا دەکوژرێت.

حیزبی کوردی، کە خاوەنی هەیمەنەیەکی کۆمەڵایەتی نییە و بەبێ ئەم هەیمەنەیە دەسەڵاتی لەدەستدایە، تاقە رێگایەک لەبەردەمیدا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی مابێتەوە مۆنۆپۆلیزەکردنی رەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی مۆنۆپۆلیزەکردنی ئابووری. بێگومان مۆنۆپۆلیزەی ئابووری لەواقعێکی تایبەتی وەک واقیعی ئێمەدا مانای داگیرکردنێکی سەرتاسەری هەموو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان و ناچارکردنی کۆمەڵگایە وەک گشتێک بە تەسلیمبوون بە حیزب و ستراتیژەکانی حیزب. حیزب، کە لەوەدا سەرناکەوێت دونیا ئایدیۆلۆژی و رۆحییەکەی خۆی بکاتە دونیای رۆحی و ئایدیۆلۆژی هێزە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگا، ئیدی راستەوخۆ پەلاماری ئابووری کۆمەڵگا دەدات و شادەمارەکانی دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. بەم مانایە پەلاماردانی ئابووری ومۆنۆپۆلیزەکردنی بە پلەی یەکەم هێما بۆ فەشەلی ئایدیۆلۆژی حیزب و فەشەلی پەیداکردنی هەیمەنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات. حیزب، کە نەیتوانی کاریگەریی لەسەر عەقڵ و رۆح و سایکۆلۆژیای ئینسانی ئێمە هەبێت، ئەوەی لەبەردەمیدا دەمێنێتەوە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی گەدەی ئەو ئینسانە و مۆنۆپۆلیزەکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی ژیانی. بەگواستنەوە لە عەقڵەوە بۆ گەدە و لە ئایدیۆلۆژیاوە بۆ نان و لە هەیمەنەوە بۆ کۆنترۆڵ، حیزبی کوردی پشت دەکاتە ئەو دوو رەگەزە گرنگەی گرامشی بە بناغەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیان دەزانێت، ئەو دوو رەگەزەش بریتین لە "بلۆکی مێژوویی" و "رۆشنبیران".

مۆنۆپۆلیزەی ئابووری و بوونی حیزب بە "خاوەنکار" مانای ئەوەی حیزب چارەنووسی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ خستۆتە ژێر

دەسەڵاتی خۆیەوە و ئیرادەی سەربەخۆبونی لەم هێزانە سەندۆتەوە. بەسەندنەوەی ئەم ئیرادەیەش ئیدی هیچ زەمینەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی بلۆکێکی مێژوویی لە ئارادا نامێنێت و حیزب لە باتی هەمووان بیردەکاتەوە و بڕیاردەدات. بەپێچەوانەی هەلومەرجی بونیادنانی بلۆکی مێژووییەوە، مۆنۆپۆلیزەی ئابووری مانای وابەستەکردنی هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بە حیزب و بە سیاسەتەکانی حیزبەوە. ئەم وابەستەبییە وەک ئاشکرایە وابەستەبییەکە نەک لە هاریکاری و هاوبیرییەکی سیاسیەوە نەهاتووە، نەک لەبوونی یەک لێکدانەوەوە و بوونی یەک ڕوانینەوە بۆ دونیا و دەوروبەر و دیاردەکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، نەک لەیەک تێگەیشتن و یەک شێوازی دۆزینەوەی چارەسەرەوە بۆ کێشەکانەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو لە ئەنجامی ناچاریەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تێکشکانێکی ئیرادەگەرانەوە پەیدابووە. مۆنۆپۆلیزەکردن پرۆسەیەکە دیوی ئەودیوی ناچارییە، لەڕێگای مۆنۆپۆلیزەی ئابوورییەوە حیزب هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەخاتە دۆخی ناچارییەکی قورسەوە، کە لە سنوورەکانی تەسلیمبوونی سەرتاسەری نزیکیاندەکاتەوە. لە هەر کۆمەڵگایەکدا حیزب، یان دەوڵەت ئابووری مۆنۆپۆلیزەکرد ئەوکات ئەوەی بە پلەی یەکەم تێکدەشکێنرێت، ئیرادەی سەربەخۆی هێزەکان و ئینسانەکانە لەو کۆمەڵگایەدا. بێگومان مۆنۆپۆلیزەکردنی ئابوری هەنگاوی هەرەسەرەکی مۆنۆپۆلیزەی هەموو شێوەکانی دیکەی سەرمایەشە، کە ئیرادە نەما ئیدی کایەکان ناتوانن گەمەی سەربەستی خۆیان بکەن و سەرمایەکان ناتوانن ئازادانە لە نێوخۆیاندا و لەگەڵ یەکدیدا لە کێبەرکێیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیدا بن. بەمجۆرە حیزب ڕاستەوخۆی دەستدەخاتە ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگاوە و کایەکان لەناوەوەڕا کۆنترۆڵ دەکات و دەستکاری سەرمایە و لۆژیکی ناوەکییان دەکات.

بەڵام حیزب چۆن ئابووری مۆنۆپۆلیزە دەکات؟ بێگومان لەڕێی توونـدوتیژی و خولقانـدنی کـایەکی سیاسـی بەتـاڵ لە ململانێ و کۆمەڵگـایەکی کـۆنترۆڵکراو و ترسێنراوەوە. بۆ ئەم مەبەستە حیزب پرۆسەیەکی دوورودرێـژی بە میلیتـاریزەکردنی کۆمەڵگا دەستپێدەکات. حیزب خۆشی لەم پرۆسەیەدا دەبێتە دەزگایەکی میلیتاری گەورە و لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵگـا بەقبـووڵکردنی هەمـان ڕۆحییەتـی جەنگاوەرانە ناچاردەکـات. بێگومـان ئەوەی پرۆسـەی بە میلیتـاریزەکردنی کۆمەڵگـای ئـێمەی ئاسـان کـرد دروسـتکردنی ئـابوورییەک بـوو، کە لە لایەکەوە لەسـەر هێشـتنەوەی بەتاڵی و لەلایەکی دیکەوە لەسەر بازرگانییەکی بەرتەسـک کاریـدەکرد. لە هەردوو بارەکەشدا بۆ ئەوەی بتوانیت بژێوی ڕۆژانەی ژیان دابینبکەیـت دەبـوو بە حیـزب و بەو بڕیـــارانە تەســـلیمببیت، کە حیـــزب دەریـــدەکرد. ناچـــارکردنی هێـــزە کۆمەڵایەتییەکـانی دەرەوەی حیـزب بە تەسـلیمبوون، بەنـاو مەرگـی سیاسـی ئەو هێزانە و بەر لەهەمووشتێک بەناو مەرگی هەر شێوەیەک لە شێوەکانی دروستبوونی بلۆکی مێژووییدا تێدەپەڕی.

قوربانی دووهەمی ئەم دۆخە ڕۆشنبیرانن. کاری سەرەکی ڕۆشنبیران بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیا و ئەو دونیا ڕەمزی و ڕۆحییەیە حیزب دەیەوێت بۆ پەیداکردنی هەیمەنە بە کۆمەڵگای بدات. حیزب، کە ئابووری مۆنۆپۆلیزە دەکات مانای وایە پێشـوەخت بڕیاریداوە هەیمەنە بەمانا ئایدیۆلۆژی و فیکـرییەکەی کەنارگیریکـات. نەک هەرئەمە بڕیاری مۆنۆپۆلیزەی ئابووری خۆی لەخۆیدا بڕیاری مۆنۆپۆلیزەی هەموو کایەکـانی دیکەشە. بەمۆنۆپۆلیزەی کایەی ئابووری حیزب هەموو کایەکانی دیکە ناچاردەکات بۆ مانەوە و بەردەوامبوونیان پشت بە سەرچاوە ئابوورییەکانی حیزب ببەستن.، کە حیزب لەمەدا سەردەکەوێت ئەوکات پێویستی بە ڕۆشنبیران نامێنێت وا لە کۆمەڵگا بـکەن لەڕوی ڕۆحیـیەوە بە حیـزبەوە ببەسـتنەوە. لەڕاسـتیدا حیـزب کـایەی ڕۆشنبیریش وەک هەمـوو کایەکـانی دیکـە مۆنۆپۆڵـدەکات و بەمەش هەوڵـی ئەوە

ئەدات هەموو سەربەخۆییەکی فیکری و ئەخلاقی لە ڕۆشنبیران بسێنێتەوە.
لە دۆخێکی لەم بابەتەدا و لەژێر سایەی مۆنۆپۆلیزەی ئابووریدا ڕۆشنبیران لەباتی ئەوەی ببن بە عەقڵی حیزب و هەوڵی بەدەستهێنانی هەیمەنەی بۆبدەن، ئەبن بە گرفتێک لەو گرفتانەی حیزب ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. لەباتی ئەوەی ڕۆشنبیران ببنە دەروازەی حیزب بۆچوونە ناو دونیای ڕۆحی و ئایدیۆلۆژی و فیکری هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە، دەبنە کێشەیەکی گەورە و حیزب ئەبێت بەشێوەیەک لە شێوەکان بێدەنگیانکات، یاخود لەباشترین حاڵەتدا مەودای قسەکردنیان تەنها لەناو کەناڵە سانسۆرکراوەکانی خۆیدا بدات. حیزب بۆئەوەی بتوانێت مۆنۆپۆلیزەی خۆی بەسەر هەموو کایەکاندا درێژەپێبدات دەبێت بەپلەی یەکەم ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە بەرهەمهێنانی فیکر و لەبەرهەمهێنانی دید و تێڕوانینی جیاوازدا، کەمبکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش حیزب دەبێت کاریگەری ڕۆشنبیران لەسەر واقیع و لەسەر هێزە کۆمەڵایەتییەکان کەمبکاتەوە. لەپەرگیرترین دۆخدا ڕۆشنبیران لیستی تایبەتی ئەو بابەتانەیان بۆ دەستنیشان دەکرێت، کە دەبێت لەسەری بنووسن و ئەو بابەتانەش کەنابێت توخنی بکەون. ئەم دۆخە لەناو دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی پارتیدا ئاشکراترە تا لەلای حیزبە سیاسییەکانی دیکە لە کوردستاندا، تا ئەو شوێنەی من ئاگاداریم لەناو دەزگا ئیعلامییەکانی پارتیدا قسەکردن لەسەر ئایین و سێکس و سیاسەت یاساغە و ئەم بابەتانە، کە بە بۆچوونی من گرنگترین بابەتی ڕۆشنبیری و فیکری کۆمەڵگای ئێمەن، کراونەتە دەرەوەی تێڕامانە فیکرییەوە لای ئەم هێزە. حیزب بۆ پیادەکردنی ئەم ستراتیژە تایبەتەی دەسەڵات، کە لەسەر مۆنۆپۆلیزەکردن بنیادنراوە، ستراتیژی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕۆشنبیراندا دەبێتە ستراتیژی کەنارگیرکردن و دابڕینیان لەهێزە کۆمەڵایەتییەکان. لێرەوە پێویستە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیران لەناو دەزگا ئیعلامییەکانی حیزبدا و ونکردن و شاردنەوەیان لە ناو ئەو دەزگایانەدا لەپاڵ ئەم ستراتیژ و فۆرمە تایبەتەی

دەسەڵاتەدا ببینین.

لەڕاستیدا لە هەلوومەرجی نەگەڕان بەدوای هەیمەنەدا ڕۆشنبیران دەبنە مایەی سەریەشە بۆ حیزب، نەک ئەو عەقڵە داهێنەر و ڕەخنەییەی دونیا و دیاردەکان بۆ حیزب شیبکەنەوە و گرفتەکانی واقیعی بۆ بکەن بە تیۆرە و چەمک و لێکدانەوەی مەعریفییانە. بەحوکمی ئەوەش، کە سەرچاوەی بژێو و ژیانی ڕۆشنبیران لەلایەن حیزبەوە دەستیبەسەرداگیرلوە و سەرلەبەری کایەی ڕۆشنبیری مۆنۆپۆلیزە کراوە، بۆیە ڕۆشنبیران تا ڕادەیەکی زۆر ناچارن لەگەمە بەرتەسکەکانی حیزبەوە بئاڵێن و ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییە بەرهەمبێنن، کە نوخبەی دەسەڵاتداری ناو حیزب پێویستیپێیەتی. بەمکارەش ڕۆشنبیران دەبنە بەشێکە لەو شەڕانەی حیزبەکان بەیەکدی و بە کۆمەڵگای کوردی دەفرۆشن. بێگومان ئەم ئەزموونەی ڕۆشنبیران لەگەڵ حیزبدا ئاشکراتر لە ئەزموونی ڕۆشنبیران لە عێراقدا لەگەڵ بەعسدا دەبینرێت. تێکشکانی کایەی ڕۆشنبیری و بەتاڵکردنەوەی لەهەموو وزەیەکی ڕەخنەیی نەبێت، چی نەخوێندەوار و شەقاوەیەکی وەک عودەی کوڕی سەدام حوسەین دەکاتە نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و نەخوێندەوار و نەفامێکی وەک لەتیف نسیف جاسم دەکاتە وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

وەک وتمان هەیمەنە بریتیە لە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی، لەم ڕێکەوتنەدا هێزی کۆمەڵایەتی جیاواز لەدەوری بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی وا کۆدەبنەوە، کە لانیکەمی سەریەخۆبوون و سوود و قازانجی ئەو هێزانە بپارێزێت، کە پێکەوەکۆبوونەتەوە، گەر ئەمەش جێبەجێنەبوو ئەو ڕێکەوتنە دەبێت لانیکەم ئەگەری دابینکردن و پاراستنی ئەو قازانجانە پێشنیاربکات. ئەوەی لەواقیعی ئێمەدا ڕوودەدات پێچەوانەی ئەم پرنسیپە سەرەتاییانەی کاری سیاسی تەندروستە، ئەوەی لە کوردستاندا ڕوویدا و ڕوودەدات کەنارگیرکردن و بێدەنگکردن و چەپاندنی زۆربەی هەرەزۆری هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانە و لەڕێگای مۆنۆپۆڵکردنی

ئابوریشــەوە گۆڕینیــانە بە جمهـورێکی بەرفراوانــی چەکـدار و ئامادەکردنیــان بـۆ شەڕێک، کە بەر لەهەموو شتێک ئاییندەی خۆیان و ئاییندەی نەوەکانی داهـاتووی ئەم وڵاتە وێراندەکات. بێگومان کەنارگیرکردنی هێـزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکـان لە کوردسـتاندا دەرەنجـامی دروسـتبوونی گروهێکـی کـۆمەڵایەتی نـوێیە، کە لەدوای ڕاپەڕیــنەوە لە نەخشــەی سۆســیۆلۆژی کۆمەڵگـای ئـێمەدا دروسـتبوون و توانـا سـەرەکییەکانی کۆمەڵگـای ئێمەیـان مۆنۆپـۆلکردووە، مەبەسـتم لەو گـروپەش ئەو تێکەڵەیە لە بازرگانی قاچاغکار و نوخبەی دەسەڵاتداری ناو حیزب.

ئەوەی لەدونیای ئێمەدا ڕوودەدات تا ڕادەیەکی زۆر دارشتنی پلانێکی ئـابووری و سیاسی و سایکۆلۆژی وایە ڕاستەوخۆ پایەکانی دەسەڵاتی گروپـی باڵادەسـتی نـاو حیزب لە کۆمەڵگای ئێمەدا بپارێزێـت و بەردەوام بەرهەمبهێنێـتەوە. تائەوشـوێنەی ئەم ستراتیژە بەبێ توندوتیژی و شەڕ پیادەبکرێت، حیزب هەوڵـدەدات دەسـەڵات لەڕێی نیشاندانی دەموچاوە ڕەمزییەکانی دەسەڵاتەوە کاربکات، بەڵام لەوکاتەدا، کە بەڕەمزیکردنی دەسەڵات دەرەقەتی ڕاگرتنی ناکۆکییەکان و ڕاگرتنی هاوسەنگیەکان نـایەت، ئیـدی شــەڕ و توونـدوتیژی دەبێـتە ئەو زمـانەی دەســەڵات لەگەڵ هێـزە جیاوازەکــان و قــازانجە جیاوازەکــان و کۆمەڵگــای ئــێمەدا بەکاریــدەهێنێت. لەوکاتەشەوە، کە حیزب لە کەنارگیرکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دونیـای ئـێمەدا سەردەکەوێت، ئیدی چیرۆکی درێژی غـائیببوونی هەیـمەنەیەک دەستپێدەکات، کە حیزب تەنها لەسەرەوەڕا و لەڕێگای هێزە چەکدار و توانا ئابوورییەکانیەوە دەتوانێت بۆشـایی ئەو غـائیببوونە پڕبکـاتەوە. لەدۆخێکـی لەو بـابەتەدا حیـزب ڕاسـتەوخۆ دەستدەخاتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسـی و فەرهەنگـی کۆمەڵگـاوە بـۆئەوەی نەهێڵێـت ئاراسـتەی گـۆڕان و گەشـەکردنەکان بە ئاراسـتەیەکدابێت کلیلەکـانی لە دەستی حیـزب بچێـتەدەرەوە. ئەوەی یـارمەتی جێبەجێکردنـی ئەم هاوکێشـەیەش دەدات ئەو دابەشکردنە نادروستەی ئابووری کوردستانە، کە بەپێی قسەی یەکێـک

لە سیاسییەکانی کورد، ٧٠٪ بۆ حیزب بووە و تەنها ٣٠٪ بۆ حکومەتی هەرێم بووە.

لێرەوە ئەوە حیزب نییە لە کوردستاندا، کە چاوەڕوانی کۆمەڵگابێت بۆ بەخشینی هێز پێی و بۆ بەخشینی شەرعیەت بە بوون و مانەوەی، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە، کە سواڵی ژیان لای حیزب دەکات. لێرەوە وەهمێکی گەورەیە کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر لەڕیزەکانی حیزب و لەناو دەزگاکانی حیزبدا وەک هەیمەنەی ئەو حیزبە لەناو کەرتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا تێبگەین، بەپێچەوانەوە کۆبوونەوەی خەڵک لەناو دەزگاکانی حیزبدا گەڕانێکی نائومێدی ئەو کەسانەیە بەدوای بژێو و هۆکارەکانی تری مانەوەدا. لەڕاستیدا ئەم ستراتیژەی دەسەڵاتی حیزب بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ئێمەی کردۆتە سواڵکەری بەر دەرگاکانی حیزب و ئەوەشی ئەم دۆخی سواڵکردنە دەیەوێت تێکیبشکێنێت ئیرادە و ڕێز و نەفەسبەرزی ئینسانی ئێمەیە.

هەموو ئەو گۆڕانانەی باسمانکردن چەندە دەرەنجامی خراپیان بۆ کۆمەڵگای ئێمە هەبووە، بەهەمانئەندازەش دەرەنجامی خراپیان بۆ ژیانی ناوەکی حیزب خۆشی هەبووە. حیزب، کە لەدەرەوەی خۆیدا هەموو بڕیار و هەموو پانتاییەکی سەربەخۆ و سەربەستی بێدەنگکردبێت و کۆمەڵگای کردبێتە ڕەعیەتی خۆی، بەهەمانشێوەش لەناوخۆیدا هەمان پرۆسەی پیادەکردووە و تواناکانی بڕیاردانی لەدەستی کەسێک، یان چەند کەسێکی زۆر کەمدا کۆکردۆتەوە. لێرەوە لەو کاتەدا کۆمەڵگا دەکرێتە ڕەعیەتی حیزب و دەنگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان خەفەدەکرێن، بەهەمانشێوە لەناو خودی حیزبیشدا ئەندامان دەکرێنە ڕەعیەت و بەهەمانئەندازە بێدەنگدەکرێن. ئاوسانی جەستەی حیزبیش، لەڕێی کۆکردنەوەی بەزۆری هەرچی زیاتری خەڵکە لەناو ڕیزەکانیدا، وادەکات ڕەقابەی ناوەکی حیزب بەرفراوانتر و هەمەلایەنتربێت و تانێت دەسەڵاتەکان لەناو حیزبدا سێنترالیزە بکرێن. لەپاڵئەمەشدا حیزب بۆ

پیادەکردنی کۆنترۆڵ هەم لەناو خۆیدا و هەم لەدەرەوەی خۆیدا زیاتر پشت بەدەزگاکانی ئاسایش و زانیاری و دەزگای نهێنی تر ببەستێت، نەک بە هاویەشێکی ڕۆحی و ئایدیۆلۆژی، کە ئەندامانی حیزب لەدەوری کۆببنەوە. تێگەیشتن لە مانا قووڵەکانی گەشەی هەردوو دەزگای زانیاری و ئاسایش لە دوای ڕاپەڕینەوە تەنها لەم دیدەوە بە تەواوی ئاشکرا دەبێت.

بەکورتی لەکاتێکدا حیزب دونیای دەرەوەی خۆی مۆنۆپۆلیزەدەکات و بڕیارەکان لەدەستی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەردەهێنێت، لەهەمانکاتدا لەناوخۆشیدا هەموو بڕیارەکان لەدەستی چەندکەسێکی کەمدا کۆدەکاتەوە، چەند ئەو پرۆسەی مۆنۆپۆلیزەیە لەدەرەوەی حیزبدا بەرفراوان و توندبێت، بەهەمان ئەندازەش هەمان پرۆسە لەناو حیزب خۆیدا بەرفراوان و توندەبێت. ئەم دۆخە لەدونیای ئێمەدا تا ئەو شوێنە قووڵدەبێتەوە هەموو دەسەڵاتەکان لە جەستەی سەرکردەی حیزبەکاندا کۆدەکاتەوە و تەنانەت خودی دەزگاکانی حیزب خۆشیان لە غیابی سەرۆکی حیزبدا توانای دەرکردنی بڕیاریان نامێنێت و سەرۆک لەباتی هەمووان بیردەکاتەوە و بڕیاردەدات. بێگومان ئەم دۆخە نەک بەتەنها ئیفلیجکردنی کۆمەڵگایە بەڵکو ئیفلیجکردنی حیزب خۆشیەتی. لە کوردستاندا لە دۆخی ئەم ئیفلیجییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەدایە ئەو گروهە نوێیەی لەدوای ڕاپەڕینەوە دروستبووە گەشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی، بێهیچ چاودێرییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، مەیسەر و مسۆگەرکردووە، کوشتنی هەموو لێپرسینەوە و ڕەقابەیەکی کۆمەڵایەتی و حیزبی ئەو سەرزەمینەی خولقاند ڕووداوەکانی کوردستان بەو شێوە دراماتیکیە ڕوویدەن، کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا دیمان.

"بەجەستەییکردن"ی دەسەڵات و کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەجەستەی سەرۆکدا بەرەو یەکێک لەڕەهەندە گرنگەکانی فیکری فۆکومان دەبات، بۆیە لێرەبەدوا هەوڵدەدەم ڕووەکانی ئەو بەجەستەییبوونەی دەسەڵات لە دونیای ئێمەدا

لەپاڵ هەندێک لە تێزەکانی فۆکۆدا بخوێنمەوە.

-٧-

فۆکۆ لەباسکردنیدا بۆ جەستەی ئەمیر، یان جەستەی سەرۆک ئەو ڕاستییە نیشاندەدات ئەم جەستەیە ئیستیعارەیەکی سیاسی، یان سیمبۆلێک نییە بۆ دەسەڵاتێک لەدەرەوەی خۆیدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو جەستەیە خۆی واقیع و هەقیقەتی دەسەڵاتە. بەمانایەکی دیکە لەم شێوە دەسەڵاتەدا جەستەی سەرۆک تەعبیر لە دەسەڵاتی حیزب ناکات، یان تەعبیر لەدەسەڵاتی هێزێکی دیاریکراو، ئەوەندەی ئەو جەستەیە تەعبیر لەخودی دەسەڵات خۆی دەکات و لەناوخۆیدا ماناکانی یاسا و سەروەری و داوەریشی هەڵگرتووە. جەستەی سەرۆک لەم بۆچوونەدا جەستەیەک نییە ڕۆڵی ڕەمزێکی سیاسی ببینێت، بەڵکو جەستەیەکە خۆی خودی سیاسەت و خۆی خودی دەسەڵاتە. جەستەی سەرۆک لەم دۆخەدا دەبێتە تیشکۆیەک و دەسەڵات لەو تیشکۆیەوە دەردەچێت و بەسەر هەموو کایەکاندا بڵاودەبێتەوە.

گواستنەوە لە جەستەی سەرۆکەوە بۆ جەستەی کۆمەڵگا و دانانی بیرۆکەی کۆمەڵگا لەشوێنی ئەمیر، یان پادشا، جەوهەری پرۆسەی مۆدێرنیزەی سیاسییە، مۆدێرنیزەی سیاسی مانای کردنی کۆمەڵگایە بەسەرچاوەی دەسەڵات، نەک جەستەی سەرۆک، ئەو شتەش، کە دەبێت بپارێزرێت جەستەی سەرۆک نییە، بەڵکو جەستەی کۆمەڵگایە.(٥٠) هاوکات ئەو لایەنەش، کە تاکەکان لەبەردەمیدا دەبێت وەلائەتی قووڵی خۆیان نیشاندەن دیسانەوە سەرۆک نییە، بەڵکو کۆمەڵگایە، خودلوەند نییە بەڵکو "پەیمانی کۆمەڵایەتییە". بەبێ ئەم گۆڕانە

ناتوانین قسە لە هیچ تازەگەرییەکی سیاسی بکەین و ناتوانین قسە لە هیچ پرۆژەیەکی دابەشکردن و لێکدی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەشداربوونی کۆمەڵگا لەدەرکردنی بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بکەین. ڕەنگە سەدام حوسەین باشترین نموونەیەک بێت سیفەتەکانی دەسەڵاتی جەستەییمان نیشانبدات. سەدام ڕەمزی دەسەڵاتێک نییە لەدەرەوەی خۆیدا و لەوێیو ئامادەگییە فیزیایی و نافیزیاییەکەی خۆیەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو خۆی خودی دەسەڵاتە بەهەموو ئەو مانایانەی دەسەڵاتی جەستەیی لەخۆیدەگرێت. بەڕادەیەک قسە و نوکتە و تووڕەبوونەکانی سەدام چیدی قسە و نوکتە و تووڕەبوونی سادە نەبوون و نین، بەڵکو هەریەکێکیان حوکمی یاسایان هەبووە و هەیە. هێمای پەنجەکانی سەدام ئەو هێمایانەن دەسەڵات بۆ دەرەوەی خۆی دەیکات، ڕووگرژکردنی بەڕووی کەس و تاقم و گروپێکدا مانای هەڕەشە و زۆرجار ئەمری دەسەڵاتە بە مەرگ بەڕووی ئەوانەدا. سەدام دەسەڵاتێکە لەساتەوەختی غیابی دەزگا و دەرکەوتی دەرەکیدا، دەسەڵاتە لە دۆخی گەڕۆکیدا، سەدام دەسەڵاتێکە دوو پێ و دوو دەست و دوو چاو و دوو گوێی هەیە. سایکۆلۆژیای سەدام چیدی سایکۆلۆژیای پیاوێک نییە، بەڵکو خودی سایکۆلۆژیای دەسەڵاتە و فانتازیاکانی سەدامیش شتێکی دیکە نین جگە لە فانتازیاکانی دەسەڵات لە عێراقدا. لێرەوە جیاکردنەوەی دەسەڵات لە عێراقدا لە جەستەی سەدام، یان کردنی بە سیمبۆلێک بۆ دەسەڵاتی گروهێک، یان چینێکی دیاریکراو هەڵەیەکی تیۆری گەورەیە. ئەم بەجەستەییبوونەی دەسەڵات دەشێت لەساتێک لەساتەکاندا بە قازانجی هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بشکێتەوە، بەڵام هیچ زامنێک لەئارادا نییە هەمان ئەو هێزە لەلایەن هەمان ئەو دەسەڵاتەوە کەنارگیرنەکرێت و بەتەواویش بنەماکانی هێز و دەسەڵات و تەنانەت بوونیشی، لێنەسێندرێتەوە.

بێگومان دەسەڵات کاتێک دەتوانێت لەجەستەیەکدا کۆبێتەوە، کە لەدەرەوەیدا هیچ

پایەیەک لە پایەکانی دەسەلات نەمابێت ئەو جەستەیە بە ئاسانی نەیتوانییبێت لەبەریەکدیان هەڵوەشێنێتەوە، لە پایە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەلاتەوە بیگرە بۆ پایە سیاسی و فەرهەنگی و فیکری و یاساییەکانی دەسەلات. بەمانایەکی دیکە دەسەلات کاتێک دەبێتە دەسەلاتێکی جەستەیی، کە جەستە رۆڵی ئەو میتاسەرمایەیە ببینێت، کە دەتوانێت کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەموو فۆرمەکانی دیکەی سەرمایە هەبێت. بەم مانایە ئەزموونی بەعس لە عێراقدا بە پلەی یەکەم ئەزموونی بە جەستەییکردنی میتادەسەلاتە، بەشەخسیکردنی دەوڵەت و بەشەخسیکردنی حیزبە.

لەدونیای ئێمەدا دەسەلات هەمان شوناسی هەیە و بەهەمان ئەو شێوەیە کاردەکات، کە لە عێراقدا کارپێدەکرێت. پرۆسەی بەجەستەییکردنی دەسەلات لە دونیای ئێمەدا هەمان ئەو چارەنووسە بەو دەزگا و لایەنانە دەبەخشێت، کە سەدام لە عێراقدا بەدەرەوەی خۆی دەبەخشی. بۆنموونە دەزگایەکی گرنگی وەک "پەرلەمانی کوردستان" بووە دەزگایەکی ئیفلیجی بێهێز و بێپەنا کاتێک جەستەی تاڵەبانی و بارزانی لەدەرەوەی پەرلەماندا مانەوە. بێگومان خۆمان بە سەهویەکی گەورەدا دەبەین گەرپێمان وابێت بەگواستنەوەی ئەو دوو جەستەیە بۆناو پەرلەمانی کوردستان، ئیدی دەسەلات لە جەستەی سەرکردەکانەوە دەگواسترایەوە بۆ دەزگاکان، لە ژووری نووستن و دانیشتن و مەکتەبەکەی تاڵەبانی و بارزانییەوە دەگواسترێتەوە بۆناو دەزگا جیاجیاکانی حوکمەت و پەرلەمان. گۆڕینی دەسەلاتی جەستەیی بۆ دەسەلاتێکی دەزگایی پێویستی بەتێکشکانی ئەو بونیادەی دەسەلاتە، کە دەسەلاتەکان دەخاتەوە ناو جەستەکان. تێکشکانی ئەو بونیادە پێویستی بە پرۆژەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسی هەیە، کە دەشێت بە "پرۆژەی بەهێزکردن و ئازادکردنی هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای مەدەنی" ناوببەرین. ئەم پرۆژەیە بەپلەی یەکەم وابەستەی ئەوەیە حیزب واز لە هەموو ئەو مۆنۆپۆلیزە

ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیان بهێنێت، کە کۆمەڵگای پێگیرۆدە کربووە و لەناوەوەڕا وزەی هەر گۆڕان و هەستانەوەیەکی ڕەخنەگرانەی تیا کوشتووە. پرۆژەیەکی لەم بابەتە لە جەوهەردا ئیشکردنێکی عەقڵانی سیاسیە تیایدا گەشەی کۆمەڵگا و هێزە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگا و دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر ئەو هێزانە و کۆنەکردنەوەی لە سێنتەرێکی بچووک و بەرتەسکدا هێڵە گشتییەکانی دەنەخشێنێت. لێرەوە پرسیاری سەرەکی دەسەڵات چیدی پرسیارێک نییە وابەستە بە کەسی ژمارە یەکەوە، بەڵکو وەک فۆکۆ دەڵێت، دەبێتە پرسیاری ئەوەی :"چۆن منالان بەڕێوەئەبرێن، چۆن هەژاران بەڕێوەئەبرێن، چۆن خێزان بەڕێوەئەبرێت، چۆن ماڵ بەڕێوەئەبرێت، چۆن سوپا بەڕێوەئەبرێت، چۆن گروپەکان، شارەکان، دەوڵەتەکان بەڕێوەئەبرێن، چۆن خەڵک جەستە و ڕۆحی خۆیان بەڕێوەدەبەن". (٥١) ئەڵێم ئەگەر ئەمە پرسیاری سیاسەت بێت لە دونیایەکی عەقڵانیدا، ئەوا پرسیاری سیاسی لای ئێمە تائێستاش بریتییە لەوەی چۆن منالان ڕاکێشینە ناو ڕیزەکانی حیزبەوە، چۆن هەژاران ناچاریکەین ببنە سووتەمەنی میلیشیاکانی حیزب، چۆن حیزب دابەزێتە ناو خێزان و پەیوەندییەکانی خزمخواهیەوە، چۆن سوپا بکرێتە سووپای حیزب، چۆن جەستە و ڕۆح ئیفیلجکرێن و هەردووکیان بە ڕەوڕەوەکانی حیزبەوە ببەسترێنەوە، بەکورتی چۆن هەموو کۆمەڵگا تەسلیم بە حیزب بکرێت و چۆن ئینسان بکرێتە سواڵکەری بەر دەرگاکانی حیزب؟

یەکێک لە دەرەنجامە هەرە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی دەسەڵاتی جەستەیی لای فۆکۆ دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەیە، کە ئەم دەسەڵاتە بۆئەوەی بژی و بمێنێتەوە دەبێت بەردەوام لەسەر مەرگ کاریکات. فۆکۆ لەم ڕووەوە دەنوسێت :"پاشا چۆن دەسەڵات بەسەر ژیاندا پیادەکات ئەگەر مافی کوشتنی نەبێت". (٥٢). بەمانایەکی دیکە دەسەڵاتی جەستەیی بۆئەوەی بتوانێت لە ژیاندا بمێنێتەوە و بتوانێت لەناو

ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەستبەکاربێت، ئەبێت هەمیشە لە گەڕاندنەوەیەکی بەردەوامدابێت بۆ ئەو مافی کوشتنەی پاشا بە موڵکی خۆی دەزانێت. بۆیە ئەو تەکنیکەی دەسەڵات بۆسەروەری پادشا بەکاریدەهێنێت دەبێتە تەکنیکی سزا و ترساندن و هەڕەشە بە مەرگ. لە کۆمەڵگایەکی داگیرکراودا بە دەسەڵاتی جەستەیی هەڕەشە و ترساندن بە مەرگ هێڵە گشتییەکانی ئیشکردنی دەسەڵاتن، بۆیە ئاسۆکانی ئینسان، بە تایبەتی ئاسۆکانی سەربەخۆبوون و ئازادبوونی، لە کۆمەڵگایانەدا زیاتر لە گۆڕستان دەچن تا ئاسۆیەک بۆ ئازادی. لەدونیای ئێمەدا سزا پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و ئەوانەی سزادەدرێن دەشێت هەم تاکەکەس هەم گروپ بن. ئەزموونی بەعس لە پەیوەندیدا بە ئێمەوە وەک کورد چییە جگە لە ئەزموونی سزادانی جەماعی جەستەی نەتەوەیەک تا سنووری وێرانکردن و مەحفکردنەوەی یەکجارەکی. ئەنفال چییە جگە لە پەلاماری بێئامانی دەسەڵات بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی جەستەی میلەتێک. شەڕی پارتی و یەکێتی چیبوو جگە لە تەمای لەناوبردنی سەرتاسەری و هەمەلایەنی دوو هێزی سیاسی بۆ یەکتری. لێرەوە سزا لە دونیای ئێمەدا بەتەنها دەستدرێژیکردنە سەر مافێک لە مافەکان، یاخود سنووردانان بۆ ئازادییەک لە ئازادییەکان نییە، بەپێچەوانەوە سزا تێکشکانی ئەو جەستانەیە، کە دەشێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ئازادی و مافیان بووێت، وێرانکردنی ئەو ڕۆحانەیە، کە دەشێت بۆ ساتێک لەساتەکان بۆ ستراتیژێکی دیکەی دەسەڵات و ڕیزبەستنێکی دیکەی هێزەکان بگەڕێن. لەسەرێکی دیکەشەوە سزا بەتەنها دانانی قەیدێک نییە لەسەر ئازادی، بەڵکو سڕینەوەیەکی یەکجارەکی بیرۆکەی ئازادییە. لە کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای ئێمەدلو لەپاڵ ستراتیژیەتی دەسەڵاتی جەستەیدا جەلاد بکەری یەکەم، یان لانیکەم یەکێک لەبکەرە هەرە گرنگەکانە، لەکاتێکدا لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا بۆ نموونە، وەک فۆکۆ دەڵێت، "سوپایەک لە چاودێریکەر و پزیشک و قەشە و سایکۆلۆژیست شوێنی جەلادیان

گرتۆتەوە". گواستنەوە لە جەلادەوە بۆ سایکۆلۆژیست گواستنەوەیە لە دەسەڵاتێک لەسەر مەرگ کاردەکات بۆ دەسەڵاتێک لەسەر ژیان کاریکات.

-۸-

تەکنیکی سەرەکی ئەودەسەڵاتەی لەسەر مەرگ کاردەکات بە "شانۆییکردنی مەرگە". بەشانۆییکردنی مەرگ مانای گێڕانی ئاهەنگ لە سەر لاشەی کوژراوەکان، کردنی مەرگ بە دیمەنێکی دیتراو لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و خەڵکدا. ئەمەش لەجەوهەردا مانای بنیادنانی دونیایەک لەترس، کە بەردەوام مەرگ بەبیری ئینسانەکان بهێنێتەوە. لە عێراقدا ئەم دونیا تۆقێنەرە یادەوەری هەر یەکێکمانی پڕکردبوو لە وێنەی ئەو کوژراوانەی لاشەیان بووبوو بە قەرەبروت. بەبێخولقاندنی یادەوەرییەک پڕکراو لە ترس و لە دیمەنی ترسنامێز،بەعس نەیدەتوانی درێژە بە دەسەڵاتی خۆییدات. نیشاندانی جەستە کوژراوەکان لەسەر شاشەی تەلەفیزۆنەکان، کۆکردنەوەی خەڵک لەدەوری گوولەبارانەکان، هەلهەلەکێشان بەسەر جەستەی کوژراوەکاندا، بە کورتی نەشاردنەوەی سزاکان ئەو تەکنیکە سەرەکییەیە دەسەڵاتی سزابەخش کارپێدەکات. ئەمەش مانای تێکەڵکردنی ترس و مەرگ، هەڕەشە و کوشتن، یادەوەری و دەسەڵاتی سیاسی، کونجی زیندانەکان و بەردەرگای مالان، گۆڕەپانی فوتبۆڵێن و فولکە گشتییەکان و بەردەمی خەستەخانەکان بە ئاهەنگی گوولەبارانەکان. هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە ئەو تەکنیکە سەرەکییەیە مەرگ و سزا لە دیمەنێکی شانۆیدا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە.

دەشێت تەکنیکی دووهەمی ئەم شێوە دەسەڵاتە بە تەکنیکی "جیانەکردنەوەی موڵکیەت و ماف لە جەستە" ناوببەین. ئەگەر لە گەشەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا

و لەساتێک لەساتەکاندا سزادان لە سزای جەستەوە گوسترابێتەوە بۆ سزای "لەدەستدانی موڵکیەت و نۆڕاندنی ماف"، ئەوا لەدونیای ئێمەدا تاڕادەیەکی زۆر ئەو دوو مەسەلەیە یەکشتن و بەشێوەیەکی بەرفراوان بەناویەکداچوون. زۆرجار سەندنەوەی موڵکیەت لە کەسێک شانبەشانی سەندنەوەی ژیان بووە لێی و سەندنەوەی ژیانیش لێی مانای نۆڕاندنی هەموو مافێکی موڵکداری بووە. بێگومان نۆڕاندنی موڵکیەت بە پێویست مانای نۆڕاندنی ژیان نییە، بەڵام تێکەڵکردنی ئەم دوولایەنە بە یەکتری یەکێکە لەو تەکنیکانەی دەسەڵاتی سزابەخش کاریپێدەکات. لەعێراقدا هەرکەسێک بەعس گومانی لێبکردایە بەتەنها دەست بەسەر و سەروەت و سامانیدا نەئەگیرا، بەڵکو دەکوژرا، یان لەکونجی زیندانەکاندا سەرنگوون دەکرا.

تەکنیکی سێهەم بریتیە لە "گەمەی بەردەوامی داهێنانی تاوانی نوێ". لەعێراقدا ئەم تەکنیکەی دەسەڵات کاریگەرییەکی زۆر کوشندەی هەبوو، چونکە لەڕاستیدا تەکنیکێک بوو لەسەر سڕینەوەی سنووری نێوان تاوان و بێتاوانی کاریدەکرد. ئەم تەکنیکە تێکەڵکردنێکی بەئەنقسەتی ڕەوشتی ئاسایی ئینسان بوو بە ڕەوشتی تاوانبار. لە عێراقدا بۆنموونە هێشتنەوەی ریش، لەبەرکردنی جلی ڕەش، بەشدارنەبوون لەبۆنە گشتییەکاندا، نەکڕینی کتێبەکانی سەرۆک، نوکتەیەکی 'مەترسیدار'، هەبوونی کۆمەڵێک کتێبی تایبەت، کڕینی تابیعەیەک، گۆڕینی قەناتی تەلەفیزۆن لەکاتی دەنگ و باس و هەندێک بەرنامەی دیکەدا، ئاوڕدانەوە لەدواوە لەهەندێک شەقام و شوێنی تایبەتدا، ئەمانە و چەندەها 'تاوانی' دیکەیەی لەم بابەتە بەسبوون بۆئەوەی مرۆڤ ژیانی خۆی لەدەستبدات. ئەم تاوانانە ئەوەندە گشتی و ئاسایین، دەکرێت لەهەرساتێکدا هەر کەسێکی پێ تاوانبار بکرێت. لە نۆخێکی لەم بابەتەدا خودی ژیانی ڕۆژانە خۆی دەبێتە سەرچاوەی تاوانباربوونێکی بەردەوام. لەعێراقدا زۆرجار ژیان خۆی تاوانێک بوو لەپاڵ تاوانەکانی دیکەدا.

چوارەمین تەکنیکی ئەم شێوە دەسەڵاتە دەکرێت بە "تۆتالیتاریزمی شوێن"

ناوببەین. ئەم تەکنیکەی دەسەڵاتە تەکنیکێکە لەڕێگایەوە دەسەڵات ئینسان لە فەزایەکدا جێگیردەکات نەتوانێت لەناویدا جیاوازی لەنێوان شوێنی ئاسایی و زیندان و بەندیخانە شاراوەکاندا بکات. ئەوەی لە عێراقدا شوێنی سەرنجە سڕینەوەی سنوورە لەنێوان شوێنە جیاوازەکاندا و تێکەڵکردنیانە بەیەکتری. بۆنموونە ئەگەر زانکۆکانی عێراق تەماشابکەین دەبینین هەریەکێکیان لەیەککاتدا تێکەڵکردنێکی بەئەنقەستی زیاد لە شوێنێکی دژ بەیەکن. ژووری یەکێتی قوتابیان لەیەککاتدا هەم ژووری کاروباری تایبەتی قوتابیان و هەم ژووری لێپرسینەوەی سیاسی و هەم ژووری سزادانی ئەو قوتابیانەش بوو، کە بە قوتابی 'نامەرغوب' ناودەبران. ژووری ئەفسەرەکانی ئاسایش بەهەمانشێوە لەیەککاتدا ژووری بەرجەستەکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ژووری ترساندن و ژووری سزادانی قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەران بوو. ئەمە جگە لە ژووری پۆلیس و ژوری ئەمنی بەردەرگا و ئەو دەیان ژوورە چکۆلە و تاریکانەی تریش، کە زانکۆکانیان لە یەککاتدا لە شوێنی فێربوون و خوێندنەوە، دەکردە شوێنی چاودێری و سزا. ئەم تەکنیکەی دەسەڵات بەرهەمهێنانەوەی دەزگاکانی سزادان و چاودێریکردنی ئەمنی بوو لەناو ڕاڕەو و پۆلەکانی خوێندندا. ئەمەش تێکەڵکردنێکی بەئەنقەستی دوو تۆپۆگرافیای جیاوازە بەنیازی بەرهەمهێنانی فانتازیایەکی تایبەت بەرامبەر بە شوێن، کە بەردەوام سنوری نێوان شوێنە جیاجیاکان لە خەیاڵی تاکەکەسدا تێکەڵبکات و لەوێشەوە لە هەموو "شوێن"ێکدا ستراتیژیەتی سزا ببینێت. ئەمەش لەجەوهەردا بەگشتیکردنی شوێنەکانی سزا و بە دیتراوکردنێکی بەردەوامی سزادانبوو. بەعس بەهۆی ئەم تەکنیکەی دەسەڵاتەوە ژوورەکانی ئازار و ئەشکەنجەی، لانیکەم لە فانتازیای ئینسانی عێراقیدا، بەسەر هەموو شوێنەکانی دیکەدا بڵاو دەکردەوە. هەموو ژێرزەمینێک، هەموو خانوویەکی چۆڵ لە زەینی ئینسانی عێراقیدا زیندانێک، یان پرۆژەی زیندانێک بوو. لەڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕیندا خەڵکێکی زۆر لە سلێمانی گوێیان

ئەنا بە کوونی زێرابی سەرجادەکانەوە و دەیانگوت گوێمان لە هاواری زینـدانییانە.
بەعـس لەزەینـی زۆربەمانـدا هەمـوو خـانویەکی چـۆڵ، یـان ژێرزەمینێکـی تـاریکی
کردبووە ئەگەری زیندانێک. بەمجۆرە زینـدان تەنهـا شـوێنێکی دیـاریکراو و ناسـراو
نەبوو، بەڵکو فەزایەکی کراوە بوو ڕۆژانە بەناویدا دەهاتین و دەچووین.
بێگومـان مەسـەلەی بە زینـدانکردنی هەمـوو شـوێنەکان لە فانتازیـای ئـێمەدا
تاڕادەیەکی زۆر وابەستەی ئەوەش بوو بەعس لەهەموو گەڕەک و شەقامێکدا بنکەی
تـایبەتی گـاردی میلـی و حیـزب و چەنـدان دەزگـای دیـکەی دروسـتکردبوو. ئەم
دەزگایانە سەرەڕای ئەوەی ئەرکی چاودێریکردنی دانیشتوانی ئەو شوێنەیان هەبوو،
لەهەمانکاتدا وێنەی ئەو زیندانەشی نیشانەدان، کە بە هەر یەکێک لەوان نزیکبوو،
زۆر نزیکبوو.

-٩-

بۆئەوەی باشتر لەدەسەڵاتی جەستەیی بگەین ڕەنگە لێرەدا گەڕانەوە بـۆ چەمکـی
دەسەڵاتی کـاریزمی لای مـاکس ڤێـبەر سوودبەخشـبێت. دەسـەڵاتی کـاریزمی لای
ڤێبەر دەسەڵاتێکی جەستەییە و ڕاستەوخۆی هەڵقوڵاوی نـاو ئەو توانـا و سیفەتە
تایبەتـانەیە، کە کەسـێکی دیـاریکراو هەڵگریەتـی. بە بـڕوای مـن جیـاوازی
هەرەسەرەکی نێوان بۆچوونی فۆکۆ دەربارەی بە جەستەییکردنی دەسـەڵات لەگەڵ
بۆچوونی ماکس ڤێبەردا دەربارەی دەسـەڵاتی کـاریزمی لەوەدایە فۆکـۆ دەسـەڵاتی
جەستەیی بە دەسەڵاتێکی بەر لە مۆدێرن دادەنێت و ڕاسـتەوخۆ ئەیبەسـتێتەوە بە
سزا و کۆمەڵگـای سـزاوە بەر لە پـرۆژەی مـۆدێرنە، لەکاتێکـدا ڤێـبەر دەسـەڵاتی
کـاریزمی بە وابەسـتەی قۆنـاغێکی دیـاریکراو دانانێـت. لە بۆچـوونی ڤێـبەردا

دەسەڵاتی کاریزمی ئەو شێوەیەیە لە دەسەڵات وەکچۆن دەشێت پێغەمبەرێک، یان سیحریازێک هەڵگریبێت، ئاواش دەشێت سەرۆکی حیزبێکی مۆدێرن، یان سەرۆکی دەوڵەتێک هەڵگریبێت. (٥٤)

یەکێک لە تەکنیکە هەرەسەرەکییەکانی دەسەڵاتی کاریزمی ئەوەیە دەیەوێت واینیشاندات هەڵگری پرۆژەیەکی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە و بەرجەستەکردنی ئەو پرۆژەیەش وابەستەی بوون و ئامادەبوونی ئەو سەرۆکە کاریزمییەیە، کە گوایە خودی پرۆژەکە لەبوونی خۆی بەگرنگتر دادەنێت. باشترین نموونە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە مەسەلەی 'یەکێتی عەرەب' و نیشاندانی سەدام حوسەینە وەک ئەسپسواری جێبەجێکردنی ئەم یەکیەتییە پێشنیارکراوە. هاوکات دەسەڵاتی کاریزمی هەمیشە هەڵگری چیرۆکێکی ڕزگارییە و هەمیشە دوژمنێکیش دروستدەکات ئەو چیرۆکی ڕزگارییە بخاتە مەترسییەوە، بۆیە دەسەڵاتی کاریزمی هەم داوا لە سەرۆک و هەم داوا لەخەڵک دەکات بەردەوام چاویان کراوەبێت بۆ دیتن و لەناوبردنی ئەو دوژمنانە. دەسەڵاتی کاریزمی بەردەوام خەونی ئەوە دەبینێت هەموو نەتەوە بکات بە ئەندامی ئەو دەزگا چاودێرییانەی دروستدەکرێت بۆ پاراستنی سەرۆک و بۆ بەگژاچوونەوەی دوژمنانی نەتەوە. دەسەڵاتی کاریزمی دەسەڵاتێکە بێدروستکردنی ئەو دوژمنە دەرەکییە، کە هەڕەشە لە نەتەوە و نیشتیمان و ئازادی و پێشکەوتن دەکات، نازێ. ئەم دەسەڵاتە بەردەوام پێویستی بە ناحەزانی ڕاستەقینە و ڕەمزی هەیە، بۆیە گەر ناحەز نەبوو ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان دایاندەهێنێت و دروستیاندەکات.

دروستکردنی دوژمنی وەهمی و ڕاستەقینە میکانیزمێکە بێدەنگکردن و کوشتنی ئەو پرسیارانەی لەپشتەوەیە، کە دەشێت بەشێوەیەکی ڕەخنەیی ڕوویەڕووی کاریزما بکرێتەوە. مادامەکی دوژمنان ئامادەن دەبێت هەموان بێدەنگبین لە کاریزما و هەڵەکانی کاریزما، بێدەنگبین لەو دونیا پڕ ترس و تۆقاندنەی کاریزما

دروستیدەکات، بێدەگنبین لەبەدوژمنکردن و لەناوبردنی هەموو ئەو هێزانەی دەشێت لەبەرامبەر پرۆژەی کاریزمادا هەڵگری پرۆژەی دیکەی دەسەڵاتبن. کاریزما هەموو پرسیارێک دەربارەی چۆنیەتی ئیشکردنی دەسەڵات، مافەکانی دەسەڵات، ئەرکەکانی، چۆنیەتی پیادەکردن و پاراستنی بێدەنگدەکات. کاریزما دونیایەکی کپکراو و بێدەنگی دەوێت تەنها سەرۆکی کاریزمی بتوانێت لەناویدا بدوێت، دوژمنی هەرە سەرەکی کاریزما زمانێکە بتوانێت زیاد لەمانایەکی هەبێت و زیاد لە ڕەهەندێکی دەلالی، کاریزما زمانێکی دەوێت نەتوانێت لەدەرەوەی ڕێزمان و فەرهەنگی کاریزمادا بدوێت.

دەسەڵاتی کاریزمی هەمیشە خۆشی بە سەرپۆشێک لە پیرۆزی دادەپۆشێت، سەرۆکی کاریزمی هەیشە ئەو پیاوەیە، کە پیرۆزە و پیرۆزیەکەشی وابەستەی بوونی ئەوە وەک پیاوێکی خاوەن کاریزما، بەشێکی دیکەشی وابەستەی پیرۆزی ئەو مەسەلەیە ئەو خۆی بە نوێنەر، یان هەڵگر، یان خولقێنەری دەزانێت. ئەم پیرۆزگەراییە وادەکات کاریزما لە ئاستی ئایدیۆلۆژیادا بە زمانێک بدوێت هەڵگری گراماتیک و فەرهەنگ و وێنەکانی ئایین و موقەدەسە جیاوازەکانبێت. گەورەترین مەترسیی دەسەڵاتی کاریزمی بەرهەمهێنانی وابەستەییەکی سەرتاسەری کوشندەیە، وابەستەییەک هەموو تواناکان دەبەستێتەوە بە توانا پێشنیار و گریمانکراوەکانی سەرۆکەوە. کاریزما جۆرێک لە پاشکۆیەتی ئەخولقێنێت، کە هێزی داهێنەرانەی مرۆڤ دەکوژێت. پاشکۆیەتی خەڵک بۆ کاریزما مانای کوشتنی هێز و توانای دەستپێشخەری و ڕۆحیەتی ئۆتۆنۆمانەیە لەناو خەڵکدا. کاریزما لەوکاتەدا، کە دەسەڵاتێکە و شانیدادوەتە سەر ئیرادە و ویستی سەرۆکێک، لەهەمانکاتدا سەرچاوەی کوشتن و ئیفلیجکردنی ئیرادەی کۆیی خەڵک و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی بازنەکانی سەرۆکە. بە کورتی کاریزما پرۆژەی کردنی سەرۆکە بە خودلوەند و کردنی خەڵکە بە ڕەعیەت. دەسەڵاتی کاریزمی، چونکە خۆی وەک

دەسەڵاتێکی پیرۆز نیشاندەدات، بۆیە بەردەوام وایپیشاندەدات پێویستی بە قوربانی هەیە. چەنـدە قوربانییەکـانیش بەژمـارە گەورە و زۆریـن و لەڕووی چۆنـایەتییەوە بەنـرخ و بەهـادار بـن، ئەوەنـدە دەسـەڵاتی کـاریزمی پیـرۆزی خـۆی گەورەتـر و هەمەلایەنتـر دەکـات. لێـرەوە "گوتـاری قوربـانی" هەمیشـە بەشـێکی دانەبـڕاوی دەسەڵاتی کاریزمییە. لەم گوتارەدا سنوورەکانی قوربانیدان ئەوەندە گەورەدەکرێت هەموو ڕووەکانی ژیان دەگرێتەخۆی، لە قوربانیدانەوە بۆ نیشـتیمان بـۆ قوربانیـدان بـۆ پێشـکەوتنی ئـابووری، لە قوربانیـدانەوە بـۆ نەتەوە و سـەرۆک خـۆیەوە، بـۆ قوربانیـدان بـۆ مێـژوو و حیـزب و ئایـدیۆلۆژیا و بیـرو بۆچوونەکـانی سـەرۆک. لەدنیایەکی ئاوادا ئەوەی بەر لە هەمووشتێک سووکایەتی پێدەکرێت خـودی ژیـان خۆیەتی و ئەوەی پاڵەوانی ئەم سوکایەتیەشە کاریزمایە.

لێرەوە دوژمنی هەرەسەرەکی کاریزما ئەو گوتارە مەعـریفیەیە، کە بـایەخ بـۆ ژیـان دەگێـڕێتەوە و داوای بچـووککردنەوە و عەقڵانیکردنــی پانتاییەکـانی قوربانیــدان دەکات. گرنگیدان بە ژیان مانـای بەگژاچـونەوەی ئەو دەسـەڵاتەی لەسـەر مەرگ و لەسەر سزادان کاردەکات، مانای ئەوەی ئەو مافـانە لەدەسـەڵات بسـەندرێتەوە، کە ڕاسـتەوخۆ لەسـەر سـەندنەوەی ژیـان لە کەسـێک، یـان لە گروپێـک بنیـادنراوە. گێڕانەویە بایەخەکان بۆژیان، مانای کردنی سەرۆکیش بە کەسێک وەک کەسەکانی دیـکە و دابەزانــدنی لەســەرزەمینی پیــرۆزییەوە بۆنــاو مێــژوو و ڕووداوەکــان و بەرپرسیارکردنی بەرامبەر بە دەرەنجامی بڕیارەکانی. گرنگترین پرسـیارێک لێـرەدا پێویستی بەوەڵامدانەوە هەبێت بریتیە لە چارەنوسـی کایەکـان، داخـۆ کایەکان لە بەردەم دەسەڵاتی کاریزمیدا چییان لێدێت؟ چۆن مەوقیعەکانی ناو کایەکان ڕیزدەبن و چ جۆرە پەیوەندییەکیان لەنێواندا دروستدەبێت؟

یەکەمـین شـتێک دەسـەڵاتی کاریزمـا بەرامـبەر بەکایەکـان بیکـات کـۆنترۆڵ و مۆنۆپـۆلکردنی ژیـانی نـاوەکی کایەکـانە، چـاودێریکردنێکی وردی کـۆی جـوڵە و

ململانێ و ئاڵوگۆڕەی ناو کایەکانە. ئەم چاودێرییە ئەوەندە بەرفراوان و فرەڕەهەندە کایەکان لەوەدەکەون بە کایە ناوببرێن، لەراستیدا لەم دۆخەدا کایەکان دەبن بە جیهاز. گۆڕانی کایەکان بە جیهاز بەپلەی یەکەم کوشتنی لۆژیکی ناوەکی کایەکان و ئەو وزە و هێز و کێبەرکێ کۆمەڵایەتی و سیاسیانەیە، کە دەشێت کایەکان لە ناوەوەڕا هەڵگرببن. گۆڕینی کایەکان بە جیهاز، وەک پێشتریش باسمانکرد، مانای گۆڕینی کایەکان لە سەرزەمینی ململانێوە بۆ دونیایەکی کپکراو و لە کۆمەڵێک وزەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەوە بۆ جەستەیەکی بەنجکراو و لە دونیایەکی کراوەوە بۆ سەرزەمینێکی قوفڵدراو و مۆنۆپۆلیزەکراو. لە دونیای ئێمەدا زۆربەی هەرەزۆری کایەکان مۆنۆپۆلیزەکراون، بەتایبەتی کایەی دەسەڵات. لەم کایانەدا گروهێکی دیاریکراو ژیانی کایەکەی بەتەواوی داگیرکردووە و زۆربەی هەرە زۆری گروهەکانی دیکەی چەپاندووە. ئەم چەپاندنەش بەجۆرێک پڕمەترسییە هەر هێزێک بیەوێت لێی دەربازبێت، دەبێت بەر لەهەر شتێک بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی بخاتە مەترسییەوە. گەر لێشی دەربازنەبێت ئەوا ئەو سەرمایە ڕەمزیەی هەڵگریەتی بەتەواوی بێبەها و بێنرخ دەبێت و ئەمەش وادەکات نەتوانێت لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە چالاکبێت. کایەی دەسەڵات لەدونیای ئێمەدا بەجۆرێک لە ناکۆکی ناوەکی بەتاڵکراوەتەوە تێیدا مەوقیعی گروهی باڵادەست لە ناو خودی کایەکەدا لە بەردەم هیچ مەترسیەکی دیاریکراودا نییە.

پەکخستنی سەرمایەی ڕەمزی گروهە نوێیەکان یەکێکە لەو ستراتیژەی لەڕێیەوە کایەکان لە هەر وزەیەکی ناوەکی بەتاڵدەکرێنەوە. با کایەی سەربازی لە عێراقدا وەک نموونە بهێنینەوە. هەمووومان دەزانین کایەی سەربازی لە عێراقدا باڵادەسترین کایە و سەرمایەی سەربازی گرنگترین و بەهێزترین شێوەی سەرمایەی ڕەمزی بوو، بەڕادەیەک دەشێت بڵێین سەرمایەی سەربازی لەو شێوە سەرمایەیە دەچێت، کە بۆردیۆ دەڵێت لەناو هەموو کایەکانی دیکەشدا دەخوات. خەونی بەعس لە

جەوهەردا خەونی بە سەربازگەکردنی عێراق بوو، بەعس کۆمەڵگایەکی عەقڵانی نەدەویست، بەڵکو سەربازگەیەکی دەویست بتوانێت لەناوەوە خۆی دیسپلین و حوکمی کات. پرۆژەی بەسەربازگەکردنی کۆمەڵگای عێراقی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسییە تێیدا سەرمایەی سەربازی دەبێتە گرنگترین شێوەکانی سەرمایە. بەڵام داخۆ بەعس چۆن مامەڵەی ئەم کایە گرنگەی لە عێراقدا دەکرد؟

دەشێت لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێین یەکەمین شتێک بەعس لە عێراقدا کردبێتی تێکشکاندنی لۆژیکی ناوەکی کایەی سەربازی بوو. هەر کردنی سەدام بە سەرۆکی گشتی هەموو هێزە چەکدارەکان و بەخشینی گەورەترین مەرتەبەی سەربازی پێی خۆی یەکەمین شەپازلەی بەعسە لە ڕوخساری ئەم کایەیە. لەدوای ئەمەوە بەعس لەناوەوەڕا و بەبەردەوامی لۆژیکی ناوەکی کایەی سەربازی وێراندەکرد، ژێرپێخستنی هەموو ترادیسیۆن و یاسا و بەها سەربازییەکان ئەو ستراتیژە بوو بەعس بۆ تێکشکانی لۆژیکی ئەم کایەیە گرتیەبەر. کردنی نائیب عەریفێک لە بیست و چوار سەعاتدا بە سەرۆکی هێزی ئاسمانی عێراق نموونەیەکە لەو هەزارەها نموونانەی بەعس بەهۆیەوە لەناوەوەڕا هەرچی یاسا و ڕێسایەکی سەربازییە پێشێلیدەکرد. بەخشینی چەند ئەستێرەیەک لە چەند سەعاتێکدا بە کەسێک، کە لەڕووی سەربازییەوە بێنرخ و بێتوانبێت، یان کردنی دەرچوویەکی سێی ناوەندی بە ئەفسەری سیاسی و لەوێشەوە کردنی ئەو کەسە بە چاودێریکەر بەسەر جەنەراڵە پیرەکانی سوپاوە، نموونەی دیکەی تێکدانی لۆژیکی ناوەکی کایەی سەربازین لە عێراقدا. خۆ ئەگەر تەماشای کایەی ڕۆشنبیری بکەین ئەوکات مەسەلەی تێکدانی لۆژیکی ناوەکی کایەکانمان ئاشکراتر بۆ دەردەکەوێت. کایەی ڕۆشنبیری لە عێراقدا بەشێوەیەک کۆنترۆڵ و مۆنۆپۆلیزە کرابوو، وایلێهاتبوو کورتکرابوەوە بۆ کایەی تەبریرهێناوە و ئافەرینی بەعس خۆی. جگەلەوەی پرۆفیسۆرێکی زانکۆ زۆر جار سەرمایە ئابوورییەکەی کەمتر بوو لە سەرمایەی عەریفێکی ناو لەشکری عێراقی،

لەهەمانکاتدا دەبوایە لە ناو خەونی بەسەربازگەکردنی عێراقدا ئەمانیش هەمان ڕۆڵی سەربازەکانی ناو لەشکری عێراقیان ببینیایە. کەمنەبوون ژمارەی ئەو پرۆفیسۆرانەی جل و بەرگی سەربازییان دەکرایەبەر و تەسلیم بە نائیب عەریفەکانی ناو سەربازگەکان دەکران. بەم کارە بەعس ئەو سەرمایە کولتورییەی بێنرخدەکرد، کە پرۆفیسۆرێکی زانکۆ دەشێت هەڵگریبێت، ئەمە جگە لەوەی ئەم کارە خۆی لە خۆیدا نووچپێدانی سەرمایەی کولتوری بوو لەبەردەم سەرمایەی سەربازیدا. کردنی نەخوێندەوارەکانی حیزبیش بە وەزیری ڕۆشنبیری و بە سەرۆکی زانکۆ و بە بەرپرسی دەزگا گرنگەکانی دیکەی بواری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن هەمان ئەو تاکتیکە بوو بەعس بۆ تێکدانی لۆژیکی کایەی ڕۆشنبیری دەیخستە گەڕ. بەمجۆرە بەعس لە پرۆسەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دەسەلآتی نوخبە حاکمەکەیدا بەردەوام لۆژیکی هەموو کایەکانی تێکدەشکان و بەتاڵیدەکردنەوە لەهەر هێزێکی ڕەخنەیی. بەعس بەردەوام کایەکانی دەگۆڕی بە جیهاز و جیهازەکانیشی سەرتاپا مۆنۆپۆلیزە دەکرد. لە کوردستانی خۆشماندا هەمان پرۆسە لە ئارادایە و هەمان لۆژیکی تێکشکانی کایەکان ئامادەیە. ئەڵبەتە لێرەدا پێویست بە ناو هێنانەوە ناکات، خوێنەری کورد دەتوانێت بەئاسانی چەندان نموونە لە خەیاڵی خۆیدا بهێنێتەوە، کە لە نموونەکانی بەعس باشتر نین، گەر خراپتریش نەبن.

هۆڵەندا ١٩٩٦

سەرچاوەکان

3- Marxistiesche statstheorie 2 , TE ELFDER URE, NR.2 JANUARI 1981. P293

4- Ibid, P.477

5- Ibid, P. 293

6- Foucault, Waarheid als Macht, TE ELFDER URE, NR.2/3 september 1986.

7- Andrew Barry, _ocault and Political Reasion, London, 1996

8- Foucault, Remarks on Marx, New York 1981, P 173-174

9- Ibid, P.165

10- Ibid, P.165

11- Ibid, P.165

12 Kevin Olson, Habitus & Body langauge: Toward a Critical Theory of Symbolic Power, Philosophi & Social criticisim, Vol 21 nr 2 P. 24

13- Ibid, P.21

14- Ibid, P.24

15- Marxistiesche statstheorie 2 , P. 319 .

16- Ibid, P.319

17- Ibid, 319

18- Ibid, P 378

19- Ibid, P.24
20- Ibid, P.13
21- Ibid, P.138
22- Ibid, P.138
23- Foucault Herdenken, Over Werk en Werking van Michel Foucault, Dam, 1995. P, 96-97

٢٤- مەریوان وریا، لە کومەڵگای سزاوە بۆ کومەڵگای کونترۆڵ، دەروازە، ژمارە دوو، دانیمارک ١٩٩٥.

25- Foucault, Remarks on Marx, P. 167
26- Darius M. Rejali, Torture and Modernty, Self, Society and Stote in Modem Iran. Westview, USA 1994. P. 15
27- Ibid, P.15
28- Ibid, P.15
29- Foucault, Dicipliene snd Punish, The birth of the Prison. Penguin London, 1997
30- Darius M. Rejali, P. 16

٣١ میشل فۆکو، تاریخ الجنسانیه -١- براده یلمعرفه. مرکز النماء القومی ١٩٩٠ ل ١٤٠.

٣٢ ه س پ ل ١٢٩

٣٣- ه س پ ل ١٤١

34- Kevin Olson. P 21
35- Ibid, P.21
36- Ibid, P.24
37- Pierre Bourdieu, Argumenten, Verijsua Amsterdam, 1992. P. 58
38- Ibid, P.63
39- Ibid, P.63

40- Ibid, P.60
41 Ibid, P 59
42- Ibid, P.59
43 - Ibid, P 59
44 Ibid, P.59
45- Ibid, P.59
46- Ibid, P.60
47- Ibid, P.60
48- Ibid, P.60
49- Ibid, P.71
50- Ibid, P.71
51- Ibid, P.72
52- Ibid, P.72
53- Foucault, Recht over de Dood en Macht over het Leven. Te Elfder Ure, nr.1 1981.

یەکگرتن، یان جیاوازبوون

پێداچوونەوەیەک بە گوتاری یەکگرتلدا

بەشی یەکەم

-١-

لە مێژووی ڕۆشنبیری و سیاسی ئێمەدا کەم چەمک هەیە ئەوەندەی چەمکی یەککگرتن گرنگی پێدرابێت و بانگێشەی بۆ کرابێت. تەمەنی ئەم گرنگیپێدان و بانگێشەبۆکردنەش لە چەند سەدەیەک تێپەڕدەکات. لەسەرەتادا بیرۆکەی یەککگرتن لە مێژووی ئێمەدا وەک چەمکێک لە پاڵ چەمکەکانی دیکەدا ئامادەبووە، بەڵام دواتر گەشەیکردووە و بووە بە گوتاری باڵادەستی ناو دونیای ڕۆشنبیری و سیاسیمان. بێگومان جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئامادەبوونی بیرۆکەی یەککگرتن وەک چەمکێک لە پاڵ چەمکەکانی دیکەی ناو ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراودا و لەگەڵ بوونیدا بە گوتاری باڵادەست لە ناو ئەو ڕۆشنبیرییەدا. من لەم وتارەدا هەوڵدەدەم لە گوتاری یەککگرتن بدوێم نەک لە چەمکی یەککگرتن، زیاتر گرنگی بەو فەزایە دەدەم، کە یەککگرتن لە چەمکێکەوە لەپاڵ چەمکەکانی دیکەدا، دەکاتە گوتاری باڵادەست و ڕۆڵێکی چارەنووسسازیشی پێدەبەخشێت لە دەستنیشانکردنی شوناسی ڕۆشنبیری و سیاسی ئێمەدا. بەمانایەکی دیکە ئەم نووسینە دەخوازێ لەو فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییە بدوێت، کە تیایدا گوتاری یەککگرتن

لەدایکدەبێ و گەشەدەکات و دەبێتە هێزێکی ڕێکخەر لەناو کایە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەدا. ئەوەی من لەم گوتارەدا نامەوێت لێیبدوێم ئەو مانا کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییە گشتیانەی بیرۆکەی یەکگرتنە، کە بەرلەدایکبوونی گوتاری یەکگرتن ئامادەن، بۆ نموونە لە ناو پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ڕا و تەکبیری پیاوماقوڵان و ڕیشسپیاندا، واتە من نامەوێت لەسەر ئەو ڕەهەندە ئەنترۆپۆلۆجییەی چەمکی یەکگرتن بدوێم، کە لە پێناسەی ئینسانەوە سەرچاوەدەگرێت وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بوونەوەرێک بەردەوام پێویستی بە هاریکاری ئینسانەکانی دەوروبەری هەیە و بەردەوام بەدوای یەکگرتندا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەدا سەربکەوێت و ئەو ژیانە مسۆگەربکات.

-٢-

چەمکی گوتار لەم نووسینەدا بەومانایە بەکارهاتووە، کە فەلەسوفی فەرەنسی میشێل فۆکۆ بەم چەمکەی دەدات، وەک هەنگاوی یەکەمیش هەوڵدەدەم بەکورتی لەو مانایانە بدوێم، کە چەمکی گوتار لای ئەم فەیلەسوفە لەخۆیدەگرێت. (١) بە باوەڕی فۆکۆ لەهەموو کۆمەڵگایەکدا بەرهەمهێنانی هەموو دەقێکی گوتراو، یان نووسراو دەکەوێتە ژێر پرۆسەی چاودێریکردن و دیسپلینکردنێکی بەردەوامەوە. لەهەر کۆمەڵگایەکدا نە هەموو کەس بۆی هەیە لەسەر هەر بابەتێک لەئارادایە بدوێت و نە هەموو بابەتێکیش دەکرێت قسەی لەسەربکرێت. لەهەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێک کەسانی دیاریکراو دەبنە لێزان و مافی ئەوەیان دەدرێتێ لەسەر کۆمەڵێک دیاردەی تایبەت بدوێن، دوانەکانیشیان نرخ و بەهایەکی تایبەت وەردەگرێت. لەهەمانکاتیشدا لە هەموو کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێک بابەت یاساغدەکرێن و ناهێڵرێت

ببنە بابەتی مەعریفە و قسەیان لەسەربکرێت، لانیکەم قسەی ئاشکرایان لەسەربکرێت. ئەوەشی ئەم پرۆسەی چاودێریکردنە بەڕێوەدەبات ئەو یاساو پرنسیپانەن، کە فۆکۆ ناویان دەنێ "سیستمی گوتار". کەوابوو سیستمی گوتار بریتییە لە کۆمەڵی تەکنیکی ئاراستەکردن و کۆنترۆڵ و سانسۆر و چاودێریکردن، کە چاودێری و کۆنترۆڵ و سانسۆری بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی مەعریفەی جۆربەجۆر دەکات لەکۆمەڵگایەکی دیاریکراودا.

تەکنیکەکانی دیسپلینکردن و چاودێریکردن لەناو گوتاردا هەمەجۆرن، بەڵام دواجار هەموویان بەسەریەکەوە ئەو رووبەرە پێکدەهێنن، کە دەستنیشانی ئەوە دەکات چ مانایەک لە ساتێک لە ساتەکانی مێژوودا باڵادەست بێت، چ بابەتێک ببێتە بابەتی لێدوان لە کۆمەڵگایەکدا، چ شتێک ببێت بە هەقیقەت و چی یاساغ و چی بێدەنگ و چی پەراوێز و چی گرنگ بکرێت. بە بۆچوونی فۆکۆ لەناو هەموو گوتارێکدا دوو سیستمی سانسۆر، یاخود چاودێری کاردەکات، یەکەمیان سیستمی چاودێرییەکی دەرەکییە کەرەگەکانی لەناو ئەو سیاقە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەدایە، کە لەدەرەوەڕا گوتارەکان ناچاردەکات سەر بۆ جەبری ئەو سیاقە دیاریکراوە دانەوێنن و لەسنووری داخوازیەکانیدا بجوڵێنەوە. دووەمیشیان سیستمی چاودێری ناوەکییە، کە لەناوەوە سنوورە ناوەکییەکانی گوتار دەستنیشاندەکات. با سەرەتا باس لە سیستمی یەکەمیان بکەین.

لە باسکردنی ئەم سیستمەدا فۆکۆ باس لە سێ تەکنیکی چاودێریکردن دەکات، کە لەدەرەوەڕا کۆنترۆڵی گوتارەکان دەکەن، ئەم سێ تەکنیکەش بریتین لە:

١ـ تەکنیکی قەدەغەکردن. بەپێی ئەم تەکنیکە هەر کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک بابەت قەدەغەدەکات و ناهێڵێت ببنە بابەتی فیکر و توێژینەوە و قسەلەسەرکردن. بۆنموونە قەدەغەکردنی قسەکردن لەسەر سێکس، یان ململانێی چینایەتی، یان ئایین، یان هەر بابەتێکی دیکە، کە هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەعریفییەکانی

ئەو کۆمەڵگـایە نەیانەوێـت قسـەیان لەسـەربکرێت و، یـان لانـیکەم قسـەیەکیان لەسـەربکرێت، کە لەگەڵ داخوازییەکـانی ئەو سـیاقانەدا یەکنەگـرێتەوە، کە لەو کۆمەڵگایەدا باڵادەستن.

٢ـ تەکنیکی سنوورکێشان لە نێوان شتەکاندا، بۆنموونە کێشانی سـنورێک لەنێـوان شێتی و عەقڵ، مـاقوڵ و نامـاقوڵ، بـاش و خـراپ، ئەشـێ و ناشـێدا. لەڕێـی ئەم تەکنیکەوە گوتاری باڵادەست کۆمەڵێک سنوور دروستدەکات، هەندێک شت بەشیاو و هەندێکشـت بەنەشـیاو ناودەبـات، هەنـدێک جـۆری قسـەکردن وەک قسـەکردنی عەقڵانـی و هەنـدێک جـۆری تـری قسـەکردن بە نـاعەقڵانی ناودەبـات. لەنێـو ئەم سنوورکێشی و جیاکـارییەدا پەیوەنـدییەکانی هێـز دەسنیشـانی ئەوە دەکەن، چـی ماقوڵە و چی ناماقوڵ، چی باشە و چی خراپ، چـی مانـادارە و چـی بێمانـا. ئەم تەکنیکی سنورکێشانە لەڕاستیدا تەکنیکی دەستنیشـانکردنی پانتـایی مەعقولیەتە لەکۆمەڵگایەکـــدا، کە تیایـــدا هەمـــوو ئەو شـــتانەی دژ بەو مەعقـــولیەتە و پێداویســـتییەکانی مـــانەوەی ئەو مەعقـــولیەتەن، وەک نامـــاقوڵ دەناســـرێن و مامەڵەدەکرێن.

٣ـ تەکنیکی جیاکردنەوەی ڕاست لە ناڕاست، ولتە هەقیقەت لە ناهەقیقەت. بەپێـی ئەم تەکنیکەش هەموو کۆمەڵگایەک کۆمەڵی ڕاستیی تایبەت بەرهەمـدەهێنێت، کە دەیانکـاتە پێـوەری هەمـوو حـوکمێکی کـۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئەخلاقـی و سایکۆلۆجی هتد.. هەر کۆمەڵگایەک خاوەنی سیستمێکی دیـاریکراوی هەقـیقەتە و دواتر پێوانی بڕی ڕاستی و دروستی شتەکانی دیکە لەڕێگـای پێـوانی بـڕی دوور و نزیکی ئەو شتانە لەو سیستمی هەقیقەتەوە، دەستنیشاندەکرێت. بەمانەیەکی دیکە ئەگەر دیدێک، یان بۆچوونێک ناکۆکبێت بەو سیستمی هەقـیقەتەی باڵادەسـتکراوە ئەوکـات ڕاســتەوخۆ ئەو دیـدە تـــووڕیەدرێتە دەرەوەی ئەو سیسـتەمەوە و وەک نـاهەقیقەت و لەوێشـەوە وەک هەڕەشـە و مەترسـی مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکرێـت.

بێگومان ئەم هەقیقەتە گریمانکرلو و سەروەرکراوە هەمیشە بەدەیان هەقیقەتی دیکە، یان ئەگەری بەرهەمهێنانی هەقیقەتی دیکە دەکوژێت، کە لەگەڵ دلواکارییەکانی ئەو سیاقە دەرەکییەدا یەکناگرنەوە، کە ئەو هەقیقەتە تایبەتەیان بەرهەمهێناوە و سەروەرکردووە.

بەباوەڕی فۆکۆ ئەم سێ تەکنیکەی باسمانکردن هەوڵئەدەن لەدەرەوەڕا، واتە لەناو بونیادە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە، پێکهاتەی گوتار لە کۆمەڵگادا کۆنترۆڵبکەن و لەڕێی ئەم کۆنترۆڵکردنەشەوە ئەو "پانتایییە گوتارییە" ئامادەبکەن، کە دەتوانێت شەرعیەت بدات بەو دونیایەی لەوساتەدا لەئارادایە، شەرعیەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی. وەک گوتمان سیستمی گوتار هەڵگری جۆرێکی دیکەی سیستمی چاودێرییە، کە فۆکۆ ناوی ئەنێت "چاودێری ناوەکی". چاودێری ناوەکی بریتییە لەو میکانیزمە ناوەکییانەی لەناو گوتار خۆیەوە ئاراستە و جڵەوی پرۆسەی بەرهەمهێنانی شێوازە جیاجیاکانی مەعریفە لەرۆشنبیرییەکی دیاریکراودا دەکەن. ئەم میکانیزمانەش بریتین لە کۆی ئەو بنەما و یاسا و پرنسیپ و پۆلێن و ئەرشیفکردنانەی مەعریفەن، کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفە لە ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراودا بەڕێوەدەبەن.

ئەوەی لەم باسەی مندا شوێنی گرنگپێدانە سیستمی چاودێریە دەرەکییەکانە، واتە جەبری ئەو سیاقە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دەرەکییەیە، کە لەدەرەوەڕا گوتاری یەککرتن دەسەپێنێت، نەک چاودێرییە ناوەکییەکانی گوتار. بەمانایەکی دی من دەخوازم لەو فەزا دەرکییە بدوێم، کە لەدایکبوونی گوتاری یەکگرتنی لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەوە مەیسەرکردووە و گورپیشیەتی بۆ گوتاری باڵادەست و بۆ سیستمی چاودێریکردنی گوتار لە کۆمەڵگای ئێمەدا. لێرەوە پرسیاری یەکەم، کە دەبێت وەڵامبدرێتەوە ئەوەیە داخۆ ئەو پرۆژە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە دەرەکییە چییە، کە گوتاری یەکگرتنی لە دونیای ئێمەدا

وەک پێداویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەعریفی سەپاندووە؟

-٣-

بێچەند و چوونی زۆر دەکرێت هەموومان لەسەر ئەوە کۆکبین ئەو پرۆژەیەی لەدەرەوەڕا گوتاری یەککگرتن ئاراستەدەکات و دەسەپێنێت، پرۆژەی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزمە گوتاری یەککگرتن دەکاتە ژێرخانی هەموو چالاکییە رۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. ناسیۆنالیزمە یەککگرتن لە چەمکێکەوە لەناو چەمکەکانی دیکەدا، دەکاتە گوتاری باڵادەست. ناسیۆنالیزمە گوتاری یەککگرتن لە بوونێکی سەرخانییەوە، بە زاراوەی مارکسییەکان، دەکاتە بوونێکی ژێرخانی، لە باتی ئەوەی خۆی رەنگدانەوەی دیاردەیەکی دیکەبێت، خۆی دەبێتە بەرهەمهێنی دیاردەی دیکە. بەکورتی ناسیۆنالیزمە بەزمانی یەککگرتن لەکایە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمەدا دەدوێت و رۆشنبیری و فیکری سیاسی ئێمە بە رێزمانی یەککگرتن بەرنامەرێژی دەکات.

بەم مانایە گوتاری یەککگرتن بریتییە لەو ئامراز، یان میتۆدی چاودێرییەی ناسیۆنالیزم لەدەرەوەڕا بەسەر کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کوردیدا دەیسەپێنێت و چاودێری پرۆسەی بەرهەمهێنانی تێز و تیۆرەی سیاسی و بەرهەمی کولتوری و کۆمەڵایەتی پێدەکات. ناسیۆنالیزم لەرێگای گوتاری یەککگرتنەوە قسەکردن لەسەر دەیان بابەت لە رۆشنبیری ئێمەدا قەدەغەدەکات، بۆ نموونە قەدەغەکردنی قسەکردن لەسەر ئەو جیاوازییانەی بوّتە هۆی ئەوەی ئێمە وەک میللەتێک تا ئێستاش لەوەدا سەرنەکەوین هەستێکی هاوبەشمان لا دروستبێت، لانیکەم بەرامبەر بە کارەساتە هاوبەشەکانمان. قەدەغەکردنی قسەکردن لەسەر

فەرد و فەردانیەت وەک دوو بابەت، کە گوایە بوونی کۆیی و دەستەجەمعی ئێمە دەخەنەمەترسییەوە. ناسیۆنالیزمە ولیکردووە نەهێڵێت ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بونیادی باوکسالارییانەی کۆمەڵگای ئێمە و لە ڕۆحی پاترپارکییانەی سیاسەت لەدونیای ئێمەدا ڕاڕەوی سروشتی خۆی وەربگرێت و ئەم دووشێوازە ڕەخنەیە وەک کارێکی خراپ بنرخێنێت. ناسیۆنالیزمە ڕۆشنبیران ناچاردەکات ڕەخنە هەڵبگرن بۆ ڕۆژگاریێ "دوای سەرکەوتن". ناسیۆنالیزمە کۆمەڵی هەقیقەت بەرهەمدەهێنێت، کە هەموومان بێهیچ گومان و بێهیچ پرسیارێک ناچارین قبوڵیبکەین.

بێگومان ناسیۆنالیزم ئەم سیستمی چاودێرییە بەمەبەستی هەرچی زیاتر کۆکردنەوەی ڕیزە جیاوازەکانی خەڵک و مۆبیلیزەکردنیان لە دەوری ئەو پرۆگرامە سیاسی و پرۆژە کۆمەڵایەتیەیی دەیەوێت پیادەبیکات، دەخاتەگەڕ. ئەم میتۆدی چاودێریکردنە چەندە لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی گرنگیش بینیبێت، واتە ئەو زەمینە ڕۆحی و ڕەمزییەی دروستکردبێت، کە یەککگرتن تیایدا ببێتە گوتاری باڵادەست، بەهەمان ئەندازەش کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و ڕۆشنبیریی هێناوەتەکایەوە، کە تا ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە لێی دەرباز نەبووە و بەدەستییەوە گیرۆدەیە، لەپێش هەمووشیانەوە کێشەی چەپاندن و بێدەنگکردنی "گوتاری جیاوازی"، کە بەبۆچوونی من بەبێ ئازادکردنی ئەم گوتارە، گوتاری یەککگرتن خۆشی ناتوانێت بەشێوەیەکی چالاک پیادەبکرێت و دەرەنجامی تەندروستی لێوەهەڵهێنجرێت، ئەم خاڵە دواتر دەگەڕێمەوە سەری.

کە گوتاری یەککگرتن دەبێتە سیستمی چاودێریکردنی بەرهەمهێنانی گوتارەکانی دیکە لە دونیای ئێمەدا، ئەوکات هەمان ئەو سێ تەکنیکەی چاودێریکردنی دەرەکی، کە لەسەرەوە باسمانکردن بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دونیای ئێمەدا پیادەدەکرێن. تەکنیکی قەدەغەکردن لە دەرەوەڕا مەملەکەتێک لە بابەتی

قەتەغەکراومان بۆدەخولقێنێت، کە هەریەکێکیان وەک ڕێگرێک لەبەردەم یەکگرتندا تەماشادەکرێت. تەکنیکی سنوورکێشان دەیان بابەتی "خراپ"مان لە بابەتی 'باش' بۆجیادەکاتەوە و ناچارماندەکات لەسەر ئەو بابەتە "نامـاقوڵانە" نەدوێین، کە گوتاری یەکگرتن نامـاقوڵیکردوون. تەکنیکی جیاکردنەوەی ڕاست لە ناڕاست ڕووبەڕووی "هەقیقەت"ێکمان دەکاتەوە، کە وەکو پێشینەیەک و بەڵگەنەویستێک پێماندراوە و هەمووومان ناچاردەکات قبوڵیبکەین، هەقیقەتێک لەدەرەوەی ئاگری سوتێنەری پرسیار و گومانی مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

-٤-

بێگومـان بیـرۆکەی یەکگـرتن لە ئاسـتی بەکارهێنـانی زارەکـی، واتە شـەفەهیدا، بیرۆکەیەکـی کـۆنە و وەک لەسەرەتاشـەوە هێمامـان بـۆکرد وابەسـتەی ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتیبـوونی ئینسـان خـۆیەتی وەک بوونەوەرێـک، کە ناتوانێـت بەتەنهـا و بە دابڕاوی لەوانیـدیکە بـژی. ڕۆشـنبیریی زارەکـی کـوردی، وەک زۆربەی ڕۆشـنبیرییە زارەکییەکانی دیکەی دونیا، پڕە لەو دەستەواژە و بۆچوونانەی بەهاکـانی یەکگـرتن بەرز و بەنرخ رادەگرێت. بەڵام وەک پێشتریش هێمامان بۆ کـرد چەمکـی یەکگـرتن لە ڕۆشـنبیری ئـێمەدا لە مێـژە قۆنـاغی زارەکـی بەجێهێشـتوە و بـۆتە بەشـێک لە گوتارێکی نووسراو. دەکرێت سـەرەتای لەدایکبـوونی چەمکـی یەکگـرتن، لەئاسـتی نوسراودا، ببەینەوە بـۆ سـەردەمی ئەحـمەدی خـانی، بەڵام گـۆڕان و گەشـەکردنی بیرۆکەی یەکگرتن تـا ڕادەی بـوونی بە گوتـاری باڵادەسـت لە ڕۆشـنبیری کوردیـدا دوادەکەوێت بۆ کۆتاییەکانی سەدەی رابوردو و سەرەتاکانی ئەم سـەدەیە، واتە بـۆ ڕۆژگاری لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی وەک تیۆرەیەکی سیاسـی نـوێ و وەک

هێما بۆ جۆرێکی تازەی شوناس و وەک ویستی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوە وەک ئەلتەرناتیڤی هەم ئیمپراتۆریەت، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەم ئەلتەرناتیڤی ئەو دەسەڵاتە لۆکاڵییە بچووکانەی لەکوردستاندا لەئارادابوون، دەسەڵاتی ئاغا و بەگ و ئەمیرە ناوچەییەکان. بێگومان بۆ هاتنەکایەی ئەم "جێگۆڕکیە گوتاریە" چەندان هۆکاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی جیاواز لەئارادان، بەڵام من لەم نووسینەدا تەنها گرنگی بەیەکێک لەو هۆکارانە دەدەم، کە ئەویش بریتییە لە لەدایکبوونی "کایەی سیاسەت" لە کوردستاندا وەک کایەکی سەربەخۆ و جیا لە کایەکانی دیکە، جیبا لە کایەی ئەدەب و دین و ئابوری هتد...

بەڵام مەبەستمان لەکایەی سیاسی چیە؟ ئایا سیاسەت بەر لە دروستبوونی کایەیەکی سیاسی سەربەخۆ بوونی نەبووە؟ سەرەتا دەخوازم وەڵامی پرسیاری دووهەم بدەمەوە، چونکە وەڵامی ئەم پرسیارە وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەمیش ئاسانتردەکات. وەک سەرەتاش هەوڵدەدەم لە ئامادەگی مۆدێرنەوە وەک پرۆژەیەکی تایبەت دەستپێبکەم، چونکە کایەی سیاسی سەربەخۆ بەرهەمی قۆناغی مۆدێرنەیە، کە لە دونیای ئێمەدا بە دروستبوونی هەست و ویست و خەون و عەقڵیەتی ناسیۆنالیزم تەعبیر لەخۆی دەکات.

-٥-

مۆدێرنە پرۆژەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و رۆشنبیری بەرفراوانە، کە سەرلەبەری کایەکانی کومەڵگایەکی دیاریکراو ناچار بە گۆڕان دەکات، ئەو هێزە سەرەکییەش مۆدێرنە پشتی پێدەبەستێ بۆ پیادەکردنی ئەو گۆڕانانە ئەو ماشێنە سیاسیە مۆدێرنە بەهێز و گەورەیەیە، کە دروستیدەکات، مەبەستم دەوڵەت، یاخود

دەوڵەتی نەتەوەیە. دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن ساتەوەختێکی گرنگە لە مێژووی مۆدێرنەدا، چونکە بەدروستبوونی دەوڵەت ئیدی سێنتەرێکی شەرعی دروستدەبێت بۆ چاودێریکردنی کۆمەڵگا و بەخشینی ئاراستە بە کۆی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەکان. دەوڵەت لەسەرەوەڕا کۆمەڵگا مۆبیلیزەدەکات و وزەی پێویست بەو گۆڕانکارییانە دەبەخشێت، کە کۆمەڵگایەک بۆ ڕزگاربوون لە کۆسپە کۆمەڵایەتییەکانی بەر لەمۆدێرنە پێویستی پێیەتی. یەکێک لەکارە هەرە گرنگەکانی دەوڵەت، کە دواجار وەک یەکێک لە ڕەهەندە هەرە گرنگەکانی مۆدێرنە دەناسرێتەوە، مەسەلەی جیاکردنەوە، یاخود ڕزگارکردنێکی ڕێژەیی سیاسەتە لە دیاردەکانی دیکە و کردنیەتی بە کایەیەکی سەربەخۆ، واتە نیشتەجێکردنی سیاسەتە لە "کایەیەکی سیاسی" سەربەخۆدا. لەم کایەدا سیاسەت بۆ یەکەمینجار خۆی لە ئایین و لە "پەیوەندییەکانی خزمخواهی" و زۆربەی ئەو پرنسیپانەی دیکەش ڕزگاردەکات، کە سیاسەت ڕاستەوخۆ بە کەسی ئەمیر، یان پادشاوە دەبەستنەوە، مۆدێرنە سیاسەت دەکاتە پیشەیەکی سەربەخۆ و کایەیەکیشی بۆدروستدەکات، کە تیایدا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. مۆدێرنە بەدروستکردنی کایەکی سیاسی سەربەخۆ سەرزەمینی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە خۆشدەکات، کە شێوە جیاوازەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا لەیەکدی جیادەکاتەوە و دەسەڵات لەجەستەی ئەمیرەوە بۆناو دەزگاکانی دەوڵەت و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەگوازێتەوە. لەڕاستیدا خودی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" خودی هەمان گوتاری یەکگرتنە، بەڵام لە ساتەوەختی تەرجەمەکردنیدا بۆ بابەتێکی فەلسەفی، کە لەپشتییەوە هەموو کۆمەڵگا لەدەوری بیرۆکەی پەیمانێک کۆدەکاتەوە. پەیمانی کۆمەڵایەتی بنەمای دروستبوون و کارکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنە لەساتەوەختی بوونیدا بە بەسێنتەری شەرعی کۆمەڵگا، لەپێش هەمووشیانەوە شەرعیەتی مافی مۆنۆپۆلیزەکردنی

بەکارهێنانی توندوتیژی و مافی دەرکردنی یاسا.

ئەوەی من دەمەوێت جەختی لەسەربکەم ئەو ڕاستییەیە، کە پرۆسەی دروستبوونی کایەی سیاسی سەربەخۆ پرۆسەیەکی نوێیە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە لەدایکبوونی ئەو دیاردە ئاڵۆزەوە هەیە کەناوی ناسیۆنالیزمە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە بڵێین لەقۆناغی بەر لە ناسیۆنالیزمدا شتێک نەبووە ناوی سیاسەت بووبێت. ئەنترۆپۆلۆجیای سیاسی هاوچەرخ ئەو ڕاستییەی سەلماندووە هیچ کۆمەڵگایەک لە مێژوودا نادۆزینەوە سیاسەت بەشێکنەبووبێت لە پێکهاتە ناوەکییەکەی. بوونی سیاسەت لەهەر کۆمەڵگایەکدا وابەستەی بوون، یان نەبوونی دەزگای سیاسی سەربەخۆ نییە لەو کۆمەڵگایەدا. جۆرج باڵاندێ لە کتێبی "ئەنترۆپۆلۆجیای سیاسیدا" ئەوەی نیشانداوین چۆن سیاسەت لە کۆمەڵگاکانی بەر لە مۆدێرنەدا وەک تۆڕێکی بەرفراوان بەناو خانە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا بڵاوبۆتەوە و لەیەککاتدا وەک بەشێک لە ئایین، وەک بەشێک لە پەیوەندییەکانی خزمخواهی، وەک بەشێک لە پەیوەندی نێوان نەوەکان، وەک بەشێک لەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی لە ناوەوە و دەرەوەی گروپەکاندا هەیە، ئامادەبووە.(٢) بەکورتی ئەنترۆپۆلۆجیای سیاسی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە سیاسەت لە کۆمەڵگاکانی بەر لە مۆدێرنەدا ئامادەیە، بەڵام نە لەناو دەزگای سیاسی سەربەخۆدا، نە لەناو پانتاییەکی سەربەخۆدا بۆ سیاسەت، بەڵکو وەک بەشێک لەو سیستەمەی ژیانی کۆمەڵگاکە وەک گشتێک بەسەریەکەوە بەڕێوەدەبات. کەواتە لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا دەکرێت بڵێین سیاسەت نەگۆڕێکی کۆمەڵایەتی بووە و بەردەوام لەناو فۆرمە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا ئامادەبووە. بەڵام گەشەکردن و بوونی بە کایەکی سەربەخۆ دوادەکەوێت بۆ قۆناغی مۆدێرنە، قۆناغێک تیایدا دەوڵەت وەک بوونەوەرێکی نوێ لەدایکدەبێت و بەناوی نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە حوکمدەکات، ئەمەش لەڕووی مێژووییەوە هاوکاتی قۆناغی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمە.

بێگومان بوونی پەیوەندی پتەو لەنێوان کایەی سیاسەت و دەوڵەتی مۆدێرندا مانای ئەوە نییە بوونی کایەی سیاسی سەربەخۆ ڕاستەوخۆ بە بوون، یان نەبوونی دەوڵەتەوە گرێدراوە. ڕاستە بنیادنانی نەتەوە و بنیادنانی دەوڵەت یەک پرۆسەن و هەردووکیان لەناو یەک کایەی سیاسیەوە سەرهەڵدەدەن، بەڵام دەشێت کایەی سیاسی سەربەخۆ دروستببێت، بەڵام دەوڵەت هێشتا لەدایکنەبووبێ، واتە دەشێت کۆمەڵگایەک بەرەو مۆدێرنیزمی سیاسی هەنگاوبنێت، بەبێئەوەی دەوڵەت تیایدا وەک چاودێریکەرێک ئامادەبێت. ئەوەی دەمەوێت جەختی لەسەربکەم بیرۆکەی نەبەستنەوەی کایەی سیاسی سەربەخۆیە بە بوونی دەوڵەتەوە وەک مەرجێکی حەتمی پێشین. لەم حاڵەتەدا دەشێت بیر لەبوونی کۆمەڵێک هێزی دیکە بکەینەوە، کە ڕۆڵی دەوڵەت ببینن، بۆ نموونە ئەو دەزگا مۆدێرنانەی پرۆسەی مۆدێرنیزمی سیاسی لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت، لە دەزگاکانی حیزب و ڕێکخراو و ئۆرگانە سیاسییەکانەوە بیگرە، تا بە میدیای مۆدێرن و هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەگات. لەم ڕووەوە ئەزموونی ناسیۆنالیزمی کوردی نموونەیەکی گرنگی ناسیۆنالیزمێکە لەغیابی دەوڵەتدا کاردەکات، بەڵام لەپاڵ ژمارەیەک لەو دەزگایانەدا، کە مۆدێرنیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەمیاندەهێنێت. واتە ئەوەی کایەی سیاسی سەربەخۆ و تازە لە ئەزموونی ئەم ناسیۆنالیزمەدا دروستدەکات دەوڵەت نییە، بەڵکو حیزب و میدیا و دەزگا و گروپ و کۆڕە سیاسییەکانی ترە. با ئەم بۆچوونە زیاتر وردکەینەوە.

لەناو ناسیۆنالیزمی کوردیدا ئەو بوونەوەرە نوێیەی ناوی "سیاسی کورد" لەدایکدەبێت، بەڵام ئەو بونیادە ئیداری و شەرعی و سیاسییە دروستنابێت، کە ناوی دەوڵەتی کوردییە. بیرۆکەی کوردستان وەک وڵاتی نەتەوەیی کورد، بیرۆکەی بوونی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ، بیرۆکەی کولتوری کوردی وەک کولتورێکی جیاواز، بیرۆکەی دامەزراندی دەوڵەتێکی کوردی وەک چەترێک بەسەر

کۆمەڵگا و کولتوری کوردییەوە، دەزگاکانی حیزب و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی کوردی هەمەجۆر لەدایکدەبن، بەلآم ئەو فۆرمە سیاسییە لەدایک نابێت، کە هەموو ئەم لەدایکبوونە نوێیانە بگرێتەخۆی و لەیەکەیەکی سەربەخۆدا بەرجەستەیان بکات، مەبەستم دەوڵەتی کوردییە. بێگومان نابێت ئەو ڕاستییەمان لەیادبچێت، کە کایەی سیاسی کوردی لە پەیوەندیدا بە هەوڵدان بۆ دروستکردن و بنیادنانی دەوڵەتی کوردییەوە هاتۆتەکایەوە، دەوڵەتێک بتوانێت مانا سیاسییەکانی بوونی کورد وەک نەتەوەیەک نوێنەرایەتی بکات. لەواقیعی سیاسی ئێمەدا ئەم مەسەلەیە مانای بەگژاچوونەوەی ئەو دەوڵەتە دروستکراوانەبووە، کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەو بەشەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا دروستکران، کە کورد تیایاندا وەک "کەمینەیەک" ژیاوە. بەمانایەکی دیکە دروستبوونی کایەی سیاسی سەربەخۆ لە کوردستاندا ناکرێت لە کۆی پرۆژەی دروستبوونی دەوڵەت لەناوچەکەدا داببڕێت، گەرچی خودی ئەم پرۆسەیە لەکوردستان خۆیدا بەئاکامی دامەزراندنی دەوڵەت نەگەیشتوە.

بەلآم "کایەی سیاسی سەربەخۆ" چییە؟ لە وەلآمی ئەم پرسیارەدا دەکرێ بڵێین کایەی سیاسی سەربەخۆ مانای لەدایکبوونی ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەیە لە چەمک و زاراوە و بیرۆکە و شێوازی ڕێکخستن و تەکتیکی سیاسی و پێناسی تایبەتی، کە بەسەریەکەوە کاریان ڕێکخستن و کۆکردنەوە و هاندانی خەڵکە بۆ وەدەستهێنانی کۆمەڵێ داواکاری سیاسی تایبەت. "کایەی سیاسی سەربەخۆ" مانای دروستبوونی پانتاییەکی تایبەتە بۆ سیاسەت، کە جیایدەکاتەوە لە پانتاییە کۆمەلآیەتییەکانی دیکە، بۆ نموونە لە ئایین و ئەو پەیوەندییانەی ئایین پێشنیاریدەکات بۆ ئۆرگانیزە و ڕێکخستنی ناوەکی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو. بێگومان جیاکردنەوەی سیاسەت وەک کایە مانای دابڕانی سیاسەت نییە لە دونیای دەورویەری، بەڵکو مانای ڕێکخستنی سیاسەت خۆیەتی وەک چالاکییەکی کۆمەلآیەتی سەربەخۆ، مانای

دروستبوونی هێزی کۆمەڵایەتی تایبەت، کە دیدی خۆیان لە چوارچێوەی هەندێک پرنسیپ و کردە و هەڵسوکەوتی سیاسیدا بەرجەستەکەن.

-٦-

وەک گوتم سەرەتای لەدایکبوونی کایەی سیاسی سەربەخۆ لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام تەنها لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا ئەم کایەیە گەشەدەکات و دەبێتە کایەکی سەربەخۆ. هەر لەسەرەتاشەوە کایەی سیاسەت لەکوردستاندا وەک "کایەیەکی ناسیۆنالیستانە" لەدایکدەبێت و لەوێشەوە پێدادەگرێت لەسەر ئەو سنوورە رەمزی و واقیعییانەی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز، وەک گروپێکی فانتیازیاکراوی نوێ، لە نەتەوەکانی دیکە جیادەکاتەوە. دەڵێم کورد وەک گروپێکی فانتازیاکراو، چونکە نەتەوە وەک بێنێدیک ئەندرسۆن دەڵێت بریتیە لە گروپێکی سیاسی فانتازیاکراو، کە تاکەکانی هەموویان یەکترناناسن، ڕەنگە تا دەشمرن شوێنی ژیانی یەکتریش نەبینن، بەڵام لەڕووی فانتازییەوە، واتە لەڕێگای خەیاڵەوە، ئاگایان لەبوونی یەکتری هەیە و هەست بەبوونی پەیوەندییەیکی سیاسی و کولتوری و مێژووی هاوبەشیش لەگەڵ یەکدا دەکەن. (٣)، کە دەڵێین نەتەوە گروپێکی فەنتازیاکراوە دەمانەوێت بڵێین نابێت تەماشای نەتەوە بکەین وەک بوونێکی بەرجەستە و فیزیایی، وەک شتێکی مادی هەستپێکراو. بەپێچەوانەوە نەتەوە بیرۆکەیەکە لەناو وشیاریدا، وێناکردنێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا و ئینسان و گروهەکانی ناو کۆمەڵگایە، نەتەوە بەرهەمی فانتازیا، واتە خەیاڵێکی سیاسی تایبەتە. بێگومان لەدایکبوونی ئەو خەیاڵە تایبەتەش، کە کەسانی ناو سەرزەمینێکی دیاریکراو وەک نەتەوە وێنادەکات،

وابەستەی دروستبوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی گەورەیە، کە من لێرەدا مەودای باسکردنیانم نییە. ئەوەی گرنگە جەختی لێبکەم ئەوەیە لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە دروستبوونی نەتەوە وەک گروپێکی فانتازیەکراو مانای لەدایکبوونی جۆرێک لە وشیارییە، کە تیایدا ئەو گروهە خۆی دەخوازێت خۆی پێناسە بکات، نەک لە دەرەوەڕا و لەڕێی ئەوانیترەوە پێناسبکرێت. واتە لەدایکبوونی گروپێک، کە خۆی دەستنیشانی ئەوەدەکات چ شوناسێکی هەیە نەک هێزێکی دەرەکی دەستنیشانی شوناسی ئەوبکات.

لە نۆخی کوردا ئەم مەسەلەیە مانای لەدایکبوونی ئەو وشیارییە تاییەتە، کە کوردی کردۆتە گروپێکی "خود پێناس" نەک بەتەنها گروپێکی "ئەویتر پێناس"، گروپێک خۆی بڵێت کێیە و چییە و چی دەوێت، نەک لەدەرەوەڕا ئایین، یان هاوسێنەکان، یان هەر هێزێکی دیکە، دەستنیشانی ئەوەبکات ئەو کێیە. ئەم گۆڕانە ستراتیژییە لە پێناسەکردنی خود خۆیدا، کە لە جەوهەردا کردەیەکی سیاسیی نوێیە و کایەی سیاسەت لە کوردستاندا دەهێنێتەکایەوە، ئەو زەمینە فانتازی و ڕەمزییە دەخولقێنێت، کە بواری ئەوە دەڕەخسێنێت بیرۆکەی یەکگرتن لە چەمکەوە ببێت بە گوتار. بەمانایەکی دیکە ئەم گۆڕانە لە وێناکردنی "خود"دا، لەدیکبوونی ئەم ویست و وشیارییەی "خودپێناسی"یەیە وادەکات گوتاری یەکگرتن لە فەزای سیاسی و ڕۆشنبیری ئێمەدا ببێتە گوتاری باڵادەست. ئەو گروپەی بیەوێت خۆی پێناسکات پێویستی بە داهێنانی دەیان ڕەمز و هێما و مەسەلەی هاوبەش هەیە، کە بتوانێت لەڕێی ئەوانەوە خۆی وەک بوونێکی دەستجەمعی یەکگرتوو و جیاواز پێناسبکات، ناسیۆنالیزم پێویستی بە کارخانەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی وەهمی لێکچوون و سڕینەوەی جیاوازییەکان هەیە. ئەم کارخانەیە ئەوەندە کۆنترۆڵ و چاودێریکراوە یەکێکی وەک ئارنست ڕێنان دەڵێت ناکرێت بیر لە بوونی ناسیۆنالیزم بکەینەوە بەبێ بیرکردنەوە لە درۆکردن و

پێشنیارکردنی ڕستێک لە وەهم.

گوتاری یەکگرتن نێت بۆ ئەوەی کەرەستە ڕەمزی و خەیاڵییەکانی دروستبوونی ئەم گروپە یەکگرتوو و جیاوازە فەراهەمبکات، مەبەستم لەو کەرەستانەش بەرهەمهێنانی دەیان ئەفسانەیە بتوانێت ئەو بوونە سەربەخۆ و یەکگرتووە بسەلمێنێت، وەک ئەفسانەی بوونی ئەسڵێکی هاوبەش، مێژوویەکی هاوبەش، سایکۆلۆژیایەکی هاوبەش، ئابوورییەکی هاوبەش، زمانی هاوبەش و هەموو ئەو هاوبەشانەی دیکەش کەدەشێت بەهۆیانەوە فۆرمێکی دیاریکراو و یەکگرتوو بەو گروپە بدرێت، هۆبزباوم ئەم زنجیرە داهێنانانە ناو دەنێت "داهێنانی کەلەپور"، یاخود "داهێنانی ڕابردوو". (٤) مەبەستی هۆبزباوم لە داهێنان ئەوەیە ئەوشتە هاوبەشانە، ئەو ڕابوردووە گریمانکراوەی گوایە ڕابردووی هەموانە، ئەو ئەسڵە هاوبەشەی باسیدەکەین، هەموویان کۆمەڵێک شتی دروستکراون و داهێنراون، بەڵام وەک ڕاستی بابەتی و گومانهەڵنەگر وێنادەکرێن. ئەم هەموو شتە هاوبەشانە لەلایەن ئەو نوخبە خوێندەوارەوە دادەهێنرێن و تیۆریزەدەکرێن، کە بەناوی نەتەوەوە دەدوێت و نەتەوە وەک بوونەوەرێکی سیاسی دادەهێنێت.

لەکوردستاندا ئەم لە دایکبوونە فانتازییانەی نەتەوە، لەڕووی مێژووییەوە، لەپاڵ چەندان هۆکاری دیکەدا، کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نییە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو ترسە گەورەوە هەیە، کە کورد لە سەدەی ڕابوردودا ڕووبەڕوویبۆتەوە، مەبەستم ترسی دامەزراندنی دەوڵەت بۆ ئەرمەنییەکان. ترس لە ئەرمەنییەکان ترسبووە لە گروپێک ویستویەتی جیاوازییە ئایینییەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ جیاوازی سیاسی و بەم جیاوازییە سیاسییەش فۆرمی دەسەڵاتێکی سیاسی ببەخشێت. بەمانایەکی دیکە ترس لە ئەرمەنییەکان لای کورد ترس بووە لەوەی ئایینی مەسیحی لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە شێوەی دەسەڵاتێکی سیاسی لە فۆرمی دەوڵەتدا وەربگرێت و لەم ڕووەشەوە کورد وەک گەلێکی موسڵمان تووشی

کێشەی گەورەبێت. ئەم ترسە ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە گۆڕانی "فانتازیای ئایینی" ئینسانی کوردا بە "فانتازیایەکی سیاسی"، فانتازیایەک لەپاڵ بەرگریکردنیدا لە ئیسلام وەک ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بارگاوییبووە بە بەرگریکردن لەو خاکەی، کە کورد لەو ڕۆژگارەدا بە خاکی خۆی ناسیوە. ئەم بەستنەوەیەی چەمکی خاک، یان نیشتیمان بە ئایینەوە، یاخود بەرگریکردن لە ئایین لە فۆرمی بەرگریکردن لە نیشتیماندا، ئەو هەنگاوە بووە هەم ئایین و هەم نیشتیمانی بە مانای سیاسی نوێ بارگاویکردووە و هەردووکیانی لەیەک پرۆژەی پاراستنی دەستەجەمعیدا کۆکردۆتەوە: پرۆژەی ناسیۆنالیزم. ئەم بارگاوییبوونەی ئایین بە مانا سیاسی و نەتەوەییەکانی نیشتیمان لە گەشەی ئاسایی خۆیدا پرۆژەی یەکگرتنی کوردی لە پرۆژەیەکی ئایینییەوە گواستۆتەوە بۆ پرۆژەیەکی سیاسی نەتەوەیی، کوردی لە گروپێکی دینییەوە کردۆتە گروپێکی سیاسی و لەهێزێکەوە لەدەرەوەڕا پێناسبکرێت بۆتە هێزێکی خودپێناس.

-٧-

هەموو ئەو گۆڕانانەی باسمکرد ئەو زەمینە سیاسی و دینی و دەروونییە نوێیە دروستدەکەن، کە تیایدا یەکگرتن دەبێتە گوتاری باڵادەست.، کە ئەم گوتارەش دەبێتە گوتاری باڵادەست ئیدی هەموو ئەو پێکهاتە ڕۆشنبیرییەی لەناویدا ئامادەیە ناچاردەکات بە زارلوەکانی یەکگرتن، هاوخوێنی، هاوچارەنوسی، هاودەردی، هاونیشتیمانی و هاونەتەوەیی هتد.. بدوێت. کایەی سیاسی ناسیۆنالیستی نەک گوتاری یەکگرتن باڵادەستدەکات، بەڵکو بارگاویشیدەکات بە هەموو ئە ڕەهەندە ئایینییە ئەنترۆپۆلۆجییانەی موقەدەس دروست دەکەن. لێرەوە لەکاتێکدا

ناسیۆنالیزمی کوردی هەوڵدەدات سنوری دابەشبوونە ئایینییەکان تێپەڕێنێت و شوناسێکی نوێ دروستبکات، بۆنموونە سنوری جیاوازیی ئایینی نێوان تەریقەتەکان و تایەفە دینیەکان تێپەڕێنێت و لەودیوی ئینتیما ئایینییەکانەوە ئینسانی ئێمە بە ئینتیمایەکی فراوانترەوە، واتە ئینتیمای نەتەوەییەوە گرێبدات. ئەڵێم لەو کاتەدا، کە ناسیۆنالیزم ناچارە لە پشتی ئینتیماکانی ئایینەوە کاربکات بۆ بونیادنانی نەتەوە، ناچارە خودی نەتەوە خۆی و خودی ئەو گوتارەی دەخوازێت ئینتیما بۆ نەتەوە بکات بە بەشێک لە وشیاری و فانتازیای تاکەکان، وەک "ئایینێکی دیکە" پێشنیاربکات. بەکورتی لەکاتێکدا ناسیۆنالیزم لەودیوی جیاوازییە ئایینیەکانەوە کاردەکات و ئینتیمایەکی نوێ بۆ ئینسانەکان پێشنیاردەکات، هاوکات خۆی ناچارە خودی گوتاری یەکگرتن بکاتە "ئایینی مەدەنیانەی" خەڵک. لەمخاڵەدا تەکنیکی چاودێریکردنی گوتاری یەکگرتن بۆ گوتارەکانی دیکە ئەو شێوەیە وەردەگرێت، کە دەقە ئایینیەکان خودی ژیانی پێچاودێری دەکەن. وەک گوتارە دینییەکان گوتاری یەکگرتن دەیان حەڵاڵ و حەرامی نەتەوەیی دەهێنێتەکایەوە، کە تەماحی ئەوەیان هەیە بەهەمان قورساییە رۆحییەکانی حەڵاڵ و حەرامی ئایینی، کاربکان. ئەوەی گوتاری یەکگرتن لە گوتاری ئایین جیادەکاتەوە ئەو سنوورانەیە، کە هەریەکێک لەم دوو گوتارە دەیانەوێت بیگەنێ، ئایین دەیەوێت هەموو مرۆڤایەتی لەناو سنوورەکانی خۆیدا کۆبکاتەوە، لەکاتێکدا گوتاری یەکگرتن رووی دەمی تەنها لە نەتەوەیەکی دیاریکراوە. ئەمەش وادەکات گوتاری یەکگرتن لەکاتێکدا سەرگەرمی خولقاندنی ئینتیمایەکی رەمزی و فانتازییە بۆ کۆکردنەوەی گروپەکان لەدەوری یەک چەمک، یان یەک مانا، بەهەمان ئەندازەش سەرگەرمی کێشانی هێڵێکی ئاشکراشە لەنێوان ئەو گروپانە و دونیای دەرەوەی ئەو گروپانەدا. گوتاری یەکگرتن چەندە پێ لەسەر ئەو شتە هاوبەشانە دادەگرێت، کە ئەندامانی نەتەوەیەک بەیەکەوەکۆدەکاتەوە و

هاوچارەنوسیان دەکات و مژدەی ئایینـدەیەکی گەشیان پێدەدات، بەهەمان ئەندازەش پێ لەسەر ئەو خاڵانە دادەگرێت، کە ئەو نەتەوەیە لەدونیای دەرەوەی نەتەوە و لە نەتەوەکانی دیکە جیایدەکەنەوە.

لە کوردستاندا ئەم پرۆسەی خۆجیاکردنەوەیە لەسەرەتادا پرۆسەیەکی کولتوری بووە و تیایدا زمان ڕۆڵی ئەو سنورە ڕەمزییەی بینیوە، کە کوردی لەوانیتر جیاکردۆتەوە. دەکرێت کۆی ئەم خۆجیاکردنەوە کولتورییە لەسەر بنەمای زمان بە "ناسیۆنالیزمێکی کەلتووری" ناونووسبکەین و دلواکارییەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە لە سنووری بەرگریکردن لە کۆمەڵێک تایبەتمەندێتی کولتوریدا ببینین. بەڵام ئەم پێداگرتنە کولتورییە لەسەر جیاوازیوون، دواتر لە ڕەوتی ڕوداوەکانی کوردستان و گۆڕانەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا سنوری کولتور تێدەپەڕێنێت و وردە وردە گەشەدەکات بۆ پێداگرتن لەسەر مانا سیاسییەکانی جیاوازیوون. لەڕوی مێژووییەوە زۆرجار ناسیۆنالیزمی کولتوریی قۆناغی یەکەمی پرۆژەی ناسیۆنالیزمە، منالیی ناسیۆنالیزمە، کە دواتر لە ڕەوتی گەشەکردنیدا ماناکانی کولتور فرلوانتردەکات تا دەیگۆڕێت بۆ پرۆژەیەکی سیاسی. ئەمەش وەک ئارنیست گێلنەر ئەڵێت، لەجەوهەردا گەڕانی گروپێکی کولتورییە بەدوای فۆرمێکی سیاسیدا، کە بتوانێت ببێت بە پەناگا، یان کەپری ئەو کولتورەی ئەو گروپە پێشتر وەک کولتورێکی جیاواز پێناسیکردووە. (٥) بەمانایەکی دیکە لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی سیاسی مانای گۆڕینی سنوورە کولتورییەکانە بۆ سنووری سیاسی و گواستنەوەی مانا کولتورییەکانی بوونی گروپێکی فانتازیکراوە بۆ مانا سیاسییەکانی. بە لەدایکبوونی کایەی سیاسەت لە کوردستاندا ئیدی ناسیۆنالیزمی کولتوریی هەنگاوی یەکەمی بەرەو بوونی بە ناسیۆنالیزمێکی سیاسی هەڵناوە. ئەوەی ڕاستەوخۆ دەبێتە ژێرخانی گوتاری یەککرتن ئەم گۆڕانەیە لە کارەکتەری ناسیۆنالیزمی کوردیدا، گۆڕان و گوستنەوە لە ناسیۆنالیزمێکی کولتورییەوە بۆ ناسیۆنالیزمێکی سیاسی.

ئەم گۆڕانەش لە یەکەمین دەرکەوتیدا گۆڕانە لە دید و بۆچوون و فانتازیای نوخبەی نوێی کوردیدا، ئەو نوخبەیەی سەرگەرمی بونیادنانی ئەو ژێرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە، کە کایەی سیاسەتی لەکوردستاندا لەسەر دروستدەبێت و ورده ورده سەرزەمینی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی سیاسی خۆشدەکات و دادەڕێژێت. دەشێت یەکەمین دەرکەوتی سیاسی و پراکتیکی و مێژوویانەی گوتاری یەککگرتن لە دروستکردنی ئەو فیدراسیۆنی خێڵانەدا بدۆزینەوە، کە (شێخ عوبەیدوڵای نەهری) لە ساڵی ١٨٧٨ دا دروستی کرد. (٦) ئەم فیدراسیۆنە یەکەمین هەوڵی سیاسی ئاشکرایە بۆ پیادەکردنی گوتاری یەککگرتن بەو مانایەی لەپشتی کۆکردنەوەی خێڵە جیاوازەکانی کوردەوە لەدەوری یاخیبوونێکی سیاسی سەرەتای فانتازیایەکی نەتەوەیی لەکاردابووە، کە هەوڵی مەیسەرکردنی ئەو یەککگرتنەی داوە. لە دوای ئەم ئەزموونەوە و بە تایبەتی لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە ئیدی زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوە سیاسی و کولتورییە کوردییەکان بەئاشکرا دەبنە هەڵگری گوتاری یەککگرتن و ئەم گوتارە دەبێتە بناغەی ئایدیۆلۆژی هەموو ئەو پرۆگرامە سیاسی و پرۆژە رۆشنبیرییانەی لەم سەدەیەدا کورد بەرهەمیاندەهێنێت.

-٨-

وەک گوتمان پرۆسەی گواستنەوە لە گروپێکی "ئەویتر پێناسەوە" بۆ گروپێکی "خودپێناس" پرۆسەیەکە لە هەناوی پرۆژەی ناسیۆنالیزمدا جێگیرە. واتە ئەوە ناسیۆنالیزمە وا لە گروپێکی ئەتنی دیاریکراو دەکات سنوورە رەمزییەکانی خۆجیاکردنەوەی خۆی لە سنورێکەوە، کە دەشێت لەلایەن ئەوانیترەوە بکێشرێن، دەگۆڕێت بۆ سنوورێک، کە خودی ئەو گروپە خۆی دەیکێشێت و بەرووی دونیای

دەرەوەیدا بەرزیدەکاتەوە. بێگومان پێداگرتن لەسەر ئەم سنووورە ڕەمزییە پێویستی بە پێناسێکی نوێ هەیە بۆ خودی ئەو گروپە، پێناسێک مەرجی هەرەسەرەکی تیایدا تێکشکاندن، یاخود لانیکەم لاوازکردنی ئەو ڕەهەندانەیە، کە ئەو گروپە بە گروپەکانی دیکە دەچوێنێت. لێرەدا وەک ئەندرسۆن ئەڵێت بۆ بنیادنانی شوناسی نەتەوەیی دوو ڕەهەندی دەرەکی پێویستییان بەتێکشکاندن هەیە:

یەکەمیان تێکشکانی گوتاری کۆسمۆپۆلیتییانەی ئایینە تەوحیدییەکانە، کە بەناوی هەموو مرۆڤایەتییەوە دەدوێن.

دووهەمیان: تێکشکانی ئیمپراتۆریەتە سیاسییەکانە، کە خۆیان وەک چوارچێوەی سیاسی گرووپە کولتوری و ئەتنییە جیاجیاکان پێناسدەکەن.

لێرەوە لەدایکبوونی نەتەوە وەک بوونەوەرێکی سیاسی وابەستەی تێکشکاندنی ئەو شوناسە کۆسمۆپۆلیتییانەیە، کە لە بوونی نەتەوە و لە شوناسی نەتەوە گەورەترن، مەبەست لەمەش تێکشکانی شوناسی کۆسمۆپۆلیتییانەی ئایینی و شوناسی ئیمپراتۆریەتە فرەنەتەوەکانە. لەکوردستاندا ئەم پرۆسەیە بە قەیرانە سەختەکانی ئیمپراتۆتیەتی عوسمانی لەکۆتایی سەدەی رابردوودا دەستپێدەکات، قەیرانی لاوازبوونی ناوەندی ئیمپراتۆریەتەکە و پارچەپارچەبوون و جیابوونەوەی کەنارەکانی ئیمپراتۆریەتەکە لە ناوەندەکەی. بێگومان ئەمە لەهەمانکاتیشدا قەیرانی هێزی کۆسمۆپۆلیتییانەی ئیسلام و تواناکانی ئیسلام بووە لە کۆکردنەوە و پێکەوەبەستنی نەتەوە جیاجیاکان بەیەکەوە وەک ئومەیەکی ئیسلامی یەککگرتوو و وەک برای ئایینی یەکتری.

بەڵام تەنها لەناوچوونی پەیوەندییە ئایینیە کۆسمۆپۆلیتییەکان و لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتە فرە ئەتنییەکان بەسنین بۆئەوەی پرۆسەی گۆڕانی پێناسی گروپێک بەمانا ناسیۆنالییەکەی لەدایکببێت. واتە گوتاری یەککگرتن تەنها پێ لەسەر سنورە ڕەمزییەکانی جیابوونەوەی گروپێک لە گروپێکی دیکە داناگرێت، بەڵکو

لەهەمانکاتدا پێش لەسەر هەموو ئەو شتە هاوبەشانەش دادەگرێت، کە توێژە جیاوازەکانی ناو یەک گرووپ توووند بەیەکەوە گرێدەدات. بە مانایەکی دیکە نەتەوە تەنها ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە نییە، کە لە پێکهاتەکانی دەرەوەی خۆی جیاوازە، بەڵکو ئەو پێکهاتەشە، کە لەناوخۆیدا وێکچو و هاوشێوە و بێجیاوازییە. گوتاری یەکگرتن ئەم شتە هاوبەشانە ناوئەنێت "سیفەت"، یان "کاراکتەر"ی نەتەوەیی، یاخود وەک فەیلەسوف و باوکی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی هێردەر دەڵێت، "ڕۆحی نەتەوە". لێرەوە بۆ ئەوەی گرووپێک خۆی وەک نەتەوە پێناس بکات پێویستە بێدەنگبێت لەو سنوورە واقیعی و ڕەمزییە ناوەکییانەی توێژە جیاوازەکانی ئەو نەتەوەیە لەیەکدیادەبڕێت، یان لانیکەم ئینکاری بوونی ئەو جیاوازییانە بکات و لەباشترین دۆخدا بیانکاتە سنورێکی لاوەکی و بێبایەخ، کە ناتوانن یەکێتی نەتەوە تێکبدەن. بەبێ بێدەنگبوون و ئینکارکردنی جیاوازییە ناوەکییەکان ناکرێت قسە لەبوونی نەتەوە بکەین. گوتاری یەکگرتن دەبێت هەوڵی ئەوەبدات لە بوونی سنورە واقیعی و بەهێزەکانی بوونی پەیوەندییەکانی خزمخواهی و بوونی خێڵ و ناوچەی جیاواز بێدەنگبێت و لەهەمانکاتیشدا جیاوازییەکانی زمان، چین، جیهانبینی، جیاوازی بەهاو نۆرمی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، جیاوازی خەون و چاوەڕوانی جیاواز هتد.. ئینکاریکات و لەباتی ئەمانە باس لەو هاوبەشە گریمانکراوانە بکات، کە هێمامانپێکرد. بەمانایەکی دیکە گوتاری یەکگرتن دەبێت هەوڵی لەناوبردنی ئەو شوناسە لاوەکییانە بدات، کە لە نەتەوە بچووکترن. بەکورتی ئەرکی سەرەکی گوتاری یەکگرتن جێبەجێکردنی ئەم دوو مەسەلەیەیە:

یەکەم: لەناوبردن، یان بێدەنگبوون لە هەموو ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کولتوری و سایکۆلۆژی و سیاسییانەی دەشێت ڕێگرین لەبەردەم پرۆژەی یەکگرتندا و لێرەشەوە ڕێخۆشکردن بۆ بەرهەمهێنانی فانتازیایەک ئەو جیاوازییانە وەک خاڵێک بۆ یەکگرتن وێنابکات.

دووهەم: کێشانی هێڵێکی ئاشکرا لەنێوان 'خود' دا وەک نەتەوە و 'ئەوانیتردا' وەک بێگانە.

هیچ پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی بەبێ وزەی ئەم گوتارە iekgrtne ناتوانێت بژی و ناتوانێت هێزی کۆکردنەوە و مۆبیلیزەکردنی تاک و گروپە جیاجیاکانی هەبێت. نەتەوە وەک ئارنست رێنان دەڵێت پێکهاتەیەکی یەکگرتووی گریمانکراوە و مەحکومە بەوەی بەردەوام جیاوازییەکانی ناو هەناوی خۆی لەبیربکات، نەتەوە بوونەوەرێکە بەبێ بوونی ئەفسانە، ئەفسانەی لێکچوون و بەبێ درۆ، درۆی نەبوونی جیاوازی، دروستنابێت. هەر بەم ئاراستەیە ئارنست گێلنەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە لەژێر کاریگەری بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمدایە نەتەوە دروستدەبێت، نەک نەتەوە پێشوەخت هەبێت و دواتر بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم دروستبکات. بەمانایەکی دیکە گێلنەر ئەڵێت ئەوە نەتەوە نییە، کە ناسیۆنالیزم، یان بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی دروستدەکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمە ئەو ئامرازە سیاسی و کولتورییانە فەراهەمدەکات بەهۆیانەوە گرووپێک شوناسی خۆی وەک نەتەوە پێناسدەکات. (٧) لەم دیدەوە دەکرێ بڵێین کاری سەرەکی گوتاری یەکگرتن خولقاندنی ئەو گروپە خەیاڵییەیە، کە ئەندرسۆن ناوی ئەنێت نەتەوە. (٨) ئەو پرسیارەی لێرەدا دەبێ وەڵامبدرێتەوە ئەوەیە داخۆ کێ ئەم گۆڕانانە لە وێناکردنی خوددا بەرپادەکات، کێ بیرۆکەی نەتەوە، یان لانیکەم ناسیۆنالیزم لەئاستی سیاسی و فەرهەنگیدا بەرهەمدەهێنێت و بەڕێوەیدەبات، کام هێزی کۆمەڵایەتی دەیەوێت نەتەوە دروستبکات و بەناوی ئەوەوە بدوێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە مێژوویەکەوە بۆ مێژوویەکی دیکە دەگۆڕێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەوهێزانەی تیۆرەی ناسیۆنالیزم بە داینەمۆی ئەو گۆڕانانەی دەزانێت، کە لەسەرەوە باسمکردن بریتین لە نوخبە نوێکان، ئەو نوخبە نوێیانەی لە هەناوی

پرۆسەی مۆدێرنیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا لەدایکدەبن، نوخبەیەک لەسەرەوەڕا و لەڕێگای دەزگاکانی دەوڵەتەوە، دەزگاکانی خوێندن، سەربازی، سیستەمی پارە و ئاڵوگۆڕ، باج، میدیا و ڕۆژنامەگەری، ئەدەبیات و هونەر هتد... دەخوازێت زمانی خۆی، هەستی خۆی، ئەخلاقیاتی خۆی، زەوق و سەلیقەی ئیستاتیکی خۆی، بەهاو نۆرمەکانی خۆی، دید و تێڕوانینەکانی خۆی بەسەر هەموواندا بسەپێنێت و بەم سەپاندنەش ئەو بوونەوەرە ئاڵۆزە دروستبکات، کە ناوی نەتەوەیە. ئەم گۆڕانە وەک وتمان پێویستی بە کارخانەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی بنەما سیاسی و کولتوورییەکانی نەتەوە هەیە و ماشێنی هەرەسەرەکیش تیایدا کایەیەکی سیاسی ناسیۆنالیستییە، کە تیایدا گوتاری یەکگرتن بەشێکی زۆری ئەفسانەکانی لێکچوون و یەکبوون و یەکئەسڵی و هەموو ئەو کارخانە کولتوورییە بەرهەمدەهێنێت، کە ناسیۆنالیزم پێویستیپێیەتی.

-٩-

وەک پێشتر هێمانپێکرد بەدروستبوونی کایەی سیاسەت لە کوردستاندا ئیدی گوتاری یەکگرتن چیدی بەتەنها وەک گوتارێکی ڕۆشنبیری نامێنێتەوە و گەشەدەکات و دەبێتە گوتارێکی سیاسیش.، کە ئەمەش ڕوودەدات گوتاری یەکگرتن ئیدی لە کاری کۆمەڵێک رۆشنبیرەوە گەشەدەکات بۆ کاری سیاسیەکانیش. ڕۆشنبیران تا ئەوکاتەی گوتاری یەکگرتن لەکوردستاندا گوتارێکی ڕۆشنبیرییە و نەبۆتە گوتارێکی سیاسی هەیمەنەی خۆیان وەک گرووپێکی ستراتیژی لەناو دونیای مۆدێرنی کوردیدا پیادەدەکەن، دەڵێم لەناو دونیای مۆدێرندا، چونکە لەدەرەوەی ڕۆشنبیران و لەدەرەوەی پرۆسەی تازەکردنەوەی

کۆمەڵگای کوردیدا هێزە تەقلیدییەکانی دونیای ئێمە لەناو کەرتە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای کوردیدا لەوپەڕی هێزی کۆمەڵایەتی خۆیاندا بوون. بەڵام بەلەدایکبوونی مانا سیاسییەکانی جیاوازبوون و گۆڕانی گوتاری یەکگرتن لە گوتاری ڕۆشنبیرانەوە بۆ گوتاری سیاسییەکانیش، واتە بەلەدایکبوونی کایەی سیاسەت، ئیدی ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە بەتەواوی دەگۆڕێت.، کە سیاسەت دێت ئیدی گوتاری یەکگرتن ڕووبەڕووی پرسیارە پراکتیکییەکانی مەسەلەی یەکگرتن دەبێتەوە. چۆن یەکبگرین؟ چی دەتوانێ یەکمانبخات؟ کێن ئەو کەسانەی دەتوانن زۆربەی خەڵکی کوردستان کۆبکەنەوە؟ ئەم پرسیارانە، کە کایەی سیاسەت بە سەختی دەیانهێنێتە پێشەوە لە پێشهەموانەوە نوخبەی نوێ لەوە ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەوان ئەو گروپە نین ئەم کارەیان بۆ جێبەجێبکرێت. ئەوە نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، پارێزەران، ئەفسەران، مامۆستایان نین دەتوانن خەڵکی کوردستان لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە و سەرکردایەتیان بکەن، بەڵکو ئەوە گروپە کۆمەڵایەتییە تەقلیدیەکانن، کە خاوەنی نفوزێکی کۆمەڵایەتی گەورە و هەڵگری سەرمایەیەکی ڕەمزی ئەوتۆن ئەم کارەیان بۆ مەیسەریکات. سەرمایەی ڕەمزی ئەم گروپە تەقلیدییە بەپلەی یەکەم سەرمایەیەکی ئایینی بووە، بەڵام دواتر لەپاڵ گوتاری یەکگرتندا ڕەهەندێکی سیاسی نەتەوەییش دەگرێتەخۆی. هەڵگرانی ئەم سەرمایەیە بریتیبوون لە شێخەکانی تەریقەت، پیاوانی ئایین، سەرۆک عەشیرەتەکان و هەندێک لە خێزانە ئەرستۆکراتەکان.

کێشەکەش لێرەدا دەستپێدەکات، پرۆسەی مۆدێرنیزمی سیاسی پرۆژەیەکە ڕۆشنبیران، یاخود نوخبەی نوێ خولقێنەرین، بەڵام ئەو گرووپەی دەتوانێت لەناو واقیعی کۆمەڵایەتی کوردیدا پیادەییکات ئەوان نین، بەڵکو هێزە تەقلیدییەکانی دونیای ئێمەن. بەمانایەکی دیکە ئەوانەی کورد وەک نەتەوە پێناسدەکەن، نەک وەک خێڵ، یان ئەندامانی تەریقەتێک، یان بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی،

نوخبەی نوێن، بەڵام ئەوانەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە توانای جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەیان هەیە و دەتوانن خەڵکی کورد لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە ئەم نوخبەیە نین، بەڵکو کۆی هێزە تەقلیدییەکانی ناو واقیعی کوردین، لەپێش هەمووشیانەوە سەرۆک خێڵەکان و شێخەکانی تەریقەت. ئەمەش مانای ئەوەی ڕۆشنبیران بۆ پتەوکردن و فراوانکردنی کایەی سیاسەت و کردنی فانتازیای خۆیان بە فانتازیای نەتەوە دەبێت مەوقیعی کۆمەڵایەتی خۆیان چۆڵبکەن بۆ ئەو گرووپەی لانیکەمی ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی پیادەکردنەی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی هەیە. واتە ڕۆشنبیران بۆئەوەی بتوانن مانا سیاسییەکانی دروستبوونی نەتەوە بپارێزن، دەبێت مەوقیعی کۆمەڵایەتی خۆیان بخەنە مەترسییەوە و تەسلیم بە سەرکردایەتیکردنی هێزە تەقلیدییەکانی دونیای ئێمە ببن. بەڵام نوخبەی نوێی کوردی، وەک هەموو نوخبەیەک لە هەر قوژبنێکی دیکەی دونیادا، بەم دابەزینە کۆمەڵایەتییە رازینەبووە. ئەم نوخبەیە نەیویستوە ئەو مەوقیعە کۆمەڵایەتییە بدۆڕێنێت، کە مۆدێرنیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێیبەخشیبوو، بۆ نموونە ئەفسەرێکی کورد، کە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی لەشکر لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دروستیکردبوو، نەیویستووە مەوقیعی خۆی تەسلیمی تفەنگبەدەستی عەشیرەتێک لە عەشیرەتە بەهێزەکانی کوردستان بکات، یان پارێزەرێک خۆییخاتە ژێر دەسەڵاتی مەلایەکی ئاپینییەوە و ڕۆژنامەنوسێک ئەمرو نەهی لە ئاغایەکی نەخوێندەوارەوە وەربگرێت. لێرەوە نوخبەی نوێی کوردی بەدوای ئەلتەرناتیڤی دیکەدا گەڕاوە، بەڵام داخۆ ئەو ئەلتەرناتیڤە چیبووە؟

لەوکاتەوە، کە پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەناوبراوە و مەسەلەی کورد بۆتە مەسەلەی گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لەڕێگای هێزەوە و بۆتە پرۆژەی کۆکردنەوەی خەڵک بۆ بەرگری و هەوڵدانی دروستکردنی کیانێکی کوردی لەڕێگای خەباتی چەکدارەوە، ئیدی مەسەلەکە بۆتە مەسەلەی گواستنەوەی سەرکردایەتی

بزوتنەوەکە بۆ ئەو هێزە تەقلیدییانەی توانای کۆکردنەوەی خەڵک و دروستکردنی هێزیان هەبووە. نوخبەی نوێی کوردی بۆنەوەی توشی ئەم چارەنووسە کۆمەڵایەتییە سەختە نەبێت هەوڵیداوە لەناو ئەو دەزگا دەوڵەتییە مۆدێرنانەدا جێیخۆی بکاتەوە، کە لەو ڕۆژگارەدا خەریکبوون دروستدەکران، بۆنموونە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقی، یاخود کەرتە مۆدێرنەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەپێش هەموشیانەوە لەشکر و دەزگا ئیدارییە نوێیەکان. نوخبەی نوێی کوردی، کە لەوە نائومێددەبێت بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی تەرجەمەبکات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی و خۆی لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتەوە کۆمەڵگا ناچار بەگۆڕان بکات، وەک ئەوەی ئەتاتورک لەتورکیادا جیبەجێیکرد، ئەڵێم نوخبەی نوێی کوردی، کە ئەمەی بۆنەکراوە ئیدی نەیویستوە قورسایی خۆی بە تەواوەتی بخاتە ناو بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە، بەتایبەتی کاتێک سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوەیە لەژێر دەستی هێزە تەقلیدییەکانی دونیای ئیمەدابووە. وەک ئەلتەرناتیڤ ئەم نوخبەیە چووەتە ناو پرۆسەی دروستکردنی ئەو دەوڵەتانەوە، کە لەناوچەکەدا خەریکبوون دروستدەکران، دەوڵەتانێک، کە زیاتر بەناوی مۆدێرنیزمی سیاسییەوە دروستدەکران نەک بەناوی پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستییەوە، لەپێش هەمووشیانەوە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقی، کە لەپشت دروستکردنیەوە هیچ پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی لەئارادا نەبووە. لێرەوەیە نوخبەی نوێی کوردی تا ساڵەکانی چلی ئەم سەدەیەش لە پەیوەندییەکی پتەوتردابێت لەگەڵ دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق و دەزگاکانی ئەو دەوڵەتەدا تا لەگەڵ شۆڕشەکانی کورد خۆیدا، کە سەرکردایەتیکردنیان لەژێردەستی شێخەکانی تەریقەتدا بووە، شێخانێک، کە لەهەمانکاتدا دەرەبەگە گەورەکانی کوردستانیش بوون.

نوخبەی نوێی کوردی، کە منداڵی مۆدێرنیزەی سیاسیە لەناوچەکەدا ئامادە نەبووە لەپاڵ ناسیۆنالیزمێکدا بژی، کە مەوقیعە کۆمەڵایەتییەکەی بخاتە مەترسییەوە،

یاخود دەرگاکانی گەشەکردنی لەڕوودا دابخات. ئەم ناکۆکییە کوشندەیە وادەکات ئەفسەرە کوردەکان خەریکی دامەزراندنی لەشکری عێراقی بن، نەک بچنە ناو لەشکرەکەی شێخ مەحمودەوە. دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقی زیاتر مژدەی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم نوخبە نوێیە پێبووە تا بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی. بە بۆچوونی من لەهەر لێکدانەوەیەکی سۆسیۆلۆجی شێلگیردا بۆ کۆمەڵگای کوردی و بەتایبەتی بۆ سۆسیۆلۆجیای سیاسی ئەم کۆمەڵگایە، دەبێت جەوهەری ئەو دابەشبوونە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە قووڵەمان لەبەرچاوبێت، کە نوخبەی نوێ و نوخبەی تەقلیدی کوردی لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە لەیەکدیجیاکردۆتە. بەبێ تێگەیشتن لەم جیاوازییە زەحمەتە لە بەشێکی زۆری مێژووی سیاسی خۆمان لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوورد و لە ساڵە سەختەکانی ئەم سەدەیەشدا تێبگەین.

-١٠-

ناکۆکی نێوان ئەم دوو نوخبەیە درێژەدەخایەنێت تا ئەوکاتەی نوخبەی نوێی کوردی لەوە تێدەگات، کە ناتوانێت لەناو دەوڵەتە دروستکراوە تازەکاندا ئازادانە دەستبەکاربێت و ئاسۆکانی گەشەکردنی خۆی فراوانبکات. لەڕاستیشدا لەچلەکانی ئەم سەدەیە بەدوا ئیدی دەوڵەتێکی وەکو دەوڵەتی عێراقی چیدی بەتەنها کیانێکی سیاسی مۆدێرنی بێ پرۆژەیەکی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو ئەم دەوڵەتە بۆتە سەرزەمینی دروستبوون و گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی باڵادەست لە چاپە پان عەرەبیزمەکەیدا. پێموایە ئەمە خاڵی وەرچەرخان بووە لە هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوخبەی نوێی کوردیدا. تاچەند ئەم نوخبەیە بەهۆی کوردبوونیەوە

لە دەوڵەتــی عێراقــی دوورخــرابێتەوە و ئەگەری گەشــەکردنی بەرتەســکرابێتەوە، ئەوەنــدە زیــاتر بەلای ناســیۆنالیزمی کوردیــدا داشــکاوە، تاچەنــدیش لەنــاو ئەو دەوڵەتەدا جێگیرکرابێتەوە و ئاسۆی گەشەکردنی کراوەبووبێت ئەوەندە داواکارییەکانی داواکاری تەنمەویی بوون. لێرەوەیە نوخبەی نوێی کوردی نوخبەیەکی ئۆتۆنۆمیستە و هەرئەمەشــە ســەرچاوەی ســەرەکی دروشــمی ئۆتۆنــۆمی لە بــزوتنەوەی ناسیۆنالیســتی کوردیــدا. بەڵام نــوخبەی تەقلیــدی بەحــوکمی بەشــدارنەبوونی ڕاستەوخۆی لەناو دەزگاکانی دەوڵەتدا و تەنانەت مەترسی لەدەستدانی مەوقیعە کۆمەڵایەتییەکەشی نوخبەیەکی توندڕەوتر و بەڕواڵەت ناسیۆنالیستتر بووە. ئەمەیە وادەکات شێخ مەحمود خۆی وەک مەلیکی کوردستان پێشنیاربکات، بەڵام دواجار، کە پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان دروســتدەبێت و نــوخبەی نــوێ چالاکــانە کــاری تێدادەکات ئۆتۆنۆمی دەبێتە دروشمی بزوتنەوەکە.

لە چلەکــان بەدوا نــوخبەی نــوێی کــوردی لەعێراقــدا لەوە ئاگــاداردەبێتەوە، کە دەوڵەتی دروستکراوی عێراقــی ســەرزەمینی گەشــەی ئەو نییە و لەهەمانکاتیشــدا سەرەتاکانی گۆڕانی دەوڵەتی عێراقی بۆ پرۆژەی ناسیۆنالیستی نەتەوەی باڵادەست لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا هەستپێدەکات. ئەمەش ئەو خــاڵەیە، کە نــوخبەی نــوێ و نوخبەی تەقلیدی کوردی زیــاتر لەیەکدی نزیکدەکاتەوە و هەر ئەمەشــە وادەکــات نوخبەی نوێی کوردی لە چلەکان بەدواوە زیاتر ئامادەبێــت لە بــزوتنەوەی سیاســی کوردســــتاندا و ڕۆڵێکــــی ڕاســــتەوخۆتری تێــــدابببینێت. ئەم لێکــدینزیکبوونەوە و هاریکــارییەش لە دامەزرانــدنی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان و هەڵبژاردنــی مەلا مستەفا بــارزانی وەک نــوێنەری نــوخبەی تەقلیــدی بە ســەرۆک بەباشــترین شــێوە دەردەکەوێت.

وەک ئاشــکرایە ڕەهەنــدێکی گرنگــی گوتــاری یەکگــرتن تــا ناوەڕاســتی چلەکــان ڕەهەندێکی تەنویرییە و لەجەوهەردا هەڵگری خەونێکی مۆدێرنیستییانەیە، خەونــی

ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر بۆ هەورامان لای (ئەحمەد موختار جاف) و خەونی بە ئەورووپاکردنی کوردستان لای (قانع) دوو دەرکەوتی گرنگی ئەم پرۆژە تەنویرییەن. تا چلەکان تۆنی سیاسەت لە گوتاری یەکگرتندا بەبەراوردکردنی بە تۆنی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای کوردی تۆنی نومرە دوو بووە، بەبۆچوونی من ئەم مەسەلەیە پابەندی ئەو ڕاستییەیە، کە نوخبەی نوێی کوردی تا چلەکان زیاتر بەمەسەلەی مۆدێرنیزەی ڕووە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە خەریکبووە تا بە چوونەپاڵ و داکۆکیکردن لەبەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی نوخبەی تەقلیدی. بەڵام لەدوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەتی لەدوای دەستپێکردنی خەباتی چەکدارەوە، ئیدی ڕووە سیاسییەکانی گوتاری یەکگرتن زاڵدەبێت بەسەر ڕووە کۆمەڵایەتییەکانیدا و یۆتۆپیا کۆمەڵایەتییەکان شوێن چۆڵدەکەن بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی سیاسی حەماسی. لێرەبەدوا ئیدی گوتاری یەکگرتن وردە وردە لە گوتارێکی ئەنوارییەوە، دەگۆڕێت بە گوتارێکی ڕۆمانسی سیاسی، کە حەماسەت هێڵە گشتییەکانی دەستنیشاندەکات. بەم گۆڕانەش بابەتی هەرەسەرەکی گوتاری یەکگرتن لە قسەکردن لەسەر کۆمەڵگا و کێشەکانیەوە دەگواسترێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر شۆڕش و کێشەکانی، تادواتر وایلێدێت شۆڕش شوێنی کۆمەڵگا و لەڕاستیدا شوێنی زۆربەی بابەتە ڕۆشنبیری و فیکرییەکانی دیکەش دەگرێتەوە، بێگومان حیزبیش وەک ئەو بوونەوەرەی شۆڕش بەرپادەکات و شۆڕش بەڕێوەدەبات، دەبێتە سێنتەری گرنگیپێدان و سێنتەری کارە ڕۆشنبیرییەکان.

-١١-

ئەگەر لەدایکبوونی کایەی سیاسەت لەکوردستاندا بەشێکبێت لە پرۆسەی مۆدێرنیزەی سیاسی و لەوێشەوە مۆدێرنیزەی کۆمەڵایەتی، ئەوکات لەو پەیوەندییە نادیار بەڵام لەرادەبەدەر بەهێزە تێدەگەین، کە پرۆسەی مۆدێرنیزەی سیاسی لە دونیای ئێمەدا بە مەسەلەی یەکگرتنەوە گرێداوە. ئەم گرێدانەش لەدوای لێکدینزیکبوونەوەی نوخبەکان و بەرپاکردنی خەباتی چەکدارەوە وایکردووە گوتاری یەکگرتن، راستەوخۆ ببێتە سەرزەمینی باسکردنی ئەو داخوازییە پراکتیکی و واقیعییانەی کۆکردنەوەی هێز بۆ بەرەنگاری و بەگژاچوونەوە دەیسەپێنێت. لەم ساتە بەدواوە گوتاری یەکگرتن بەرگری لە شوناسێک کردووە، کە شۆڕش ویستویەتی بنیادبینێت، نەک شوناسێک واقیع پێشکەشی کردبێت. ئەمەش وەک پێشتر هێمامانپێکرد مانای بوونی شۆڕش بە بابەتی سەرەکی گوتاری یەکگرتن نەک کۆمەڵگا. ئەم خاڵەیە وادەکات پێشمەرگە و خەباتی چەکداری ببنە گرنگترین بابەت لەدونیای رۆشنبیری ئێمەدا و خەونی راکێشانی هێڵی شەمەندەفەر بۆ هەورامان، وردە وردە جێگا چۆڵکبات بۆ گۆرانی گوتن بە شۆڕش و پێشمەرگەدا.

بێگومان کێشەی هەرە سەرەکی کۆمەڵگای ئێمە لەگەڵ گوتاری یەکگرتندا لەوەدایە ئەم گوتارە خۆی وەک بنەمای هەموو پرۆژەیەکی تازەگەرانە لە دونیای سیاسی و رۆشنبیری ئێمەدا پیشاندلوە و رۆشنبیرانی ئێمە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لە نێوان مۆدێرنیزم و یەکگرتندا کێشاوە. یەکگرتن بۆتە مەرجیپێشینی پیادەکردنی هەموو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی نوێ. ئەمەش بەحەتمی مانای تەسلیمکردنی هەموو پرۆژەیەکی تازەکردنەوەی کۆمەڵگای ئێمەبووە بەو نوخبە تەقلیدیەی لەڕووی عەمەلییەوە لەهەمووان زیاتر توانای کۆکردنەوەی خەڵکی هەبووە. بێگومان ئەمە بۆخۆی چارەنووسێکی بەدە، کە پرۆسەی تازەکردنەوەی

سیاسی و لەویشەوە کۆمەڵایەتی و کولتوری لەدونیای ئێمەدا کەوتوونەتە ناویەوە.
هاوکات نابێت ئەوەمان لەیادچێت، کە گوتاری یەکگرتن هەمیشە گوتارێک بووە لەسەرەوەڕا و لە ڕێگای نوخبە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانەوە بەسەر کۆی کۆمەڵگای ئێمەدا سەپێنراوە، یاخود هەوڵی سەپاندنی دراوە. گوتاری یەکگرتن گوتارێک بووە لەچوارچێوەی ستراتیژی نوخبەکاندا کاریکردووە و بەحوکمی لەئارادانەبونی بونیادێکی ئابوری کۆمەڵایەتی سیاسی گەشەکردووش، کە بتوانێت سنووری دەسەڵاتی نوخبەکان دەستنیشانبکات، یاخود بونیادی دەسەڵات فراوانتربکات و جگە لە نوخبەکان هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تریش بگرێتەخۆی، ئیدی ئەم گوتارە نەیتوانیوە گەشەبکات و ببێتە بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوان، کە چەند هێزێکی جیاواز لەسەر بنەمای پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کاری تێدابکەن و هەوڵی پیادەکردنی بدەن. ئەم جەوهەرە نوخبەویەی گوتاری یەکگرتن خودی ئەم گوتارەی کردۆتە سەرزەمینی ململانێی و پێکدادانی باڵە جیای نوخبەکان و لەوێشەوە دروستبوونی تەوەرەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز، کە دواتر هەریەکێکیان لەسەر نەفیکردنی تەواوی ئەویتریان کاریکردووە. بەمانایەکی تر خودی گوتاری یەکگرتن بۆتە سەرزەمینی دابەشبوون.
ئەم دەرەنجامە لەو ڕاستییەوە سەرهەڵدێنێت، کە هەریەکێک لەو نوخبانە، یان هەریەکێک لە توێژە جیاجیاکانی ناو یەکێک لە نوخبەکان ناچاربووە بۆ پاراستنی گوتاری یەکگرتن بەناوی هەمووانەوە، بەناوی هەموو نەتەوەوە قسەبکات. هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی ویستبێتی لەدەرەوەی تێز و بۆچوونەکانی گوتاری یەکگرتندا بدوێت، مەحکوم و تاوانبار کراوە. هەرکەسێ لەو وێنانە نەچوویێت، کە گوتاری یەکگرتن کێشاونی، هەرکەسێک هەڵگری نیدی ئەو گوتارە نەبووێت، هەرکەسێک ئەمر و نەهیەکانی ئەو گوتارەی نەکردبێتە ئەمر و نەهی خۆی، کەوتۆتە دەرەوەی نەخشەی نەتەوە و نەخشەی شۆڕش و نەخشەی نیشتیمانپەروەرییەوە. مادامەکی

گوتاری یەکگرتن باس لەیەک نەتەوە و لەیەک شۆڕش و لەیەک سەرکردە و لەیەک ئایدیۆلۆژیا و لەیەک مەسڵەحەت و لە یەک دونیا دەکات، بۆیە ناکرێت لەیەککاتدا زیاد لە یەک دید و یەک بۆچوون و یەک وێناکردن و یەک فانتازیا و یەک سەرکردە هەبێت. ئەو کەس و لایەنەی لەم ستراتیژیی یەکچوونە سەرتاسەرییە پێشنیارکراوە دەرچووبێت لەسنوورەکانی نەتەوە دەرچووە و بەزۆر خراوەتە ڕیزی ناحەزانەوە. لێرەوە هەر گروپێ بیەوێت بدوێت ناچارە پەیڕەوی هێڵە گشتییەکانی ئەم گوتارە بکات و حوکمی کافربوونی سیاسی ئەو گروپە سیاسییانە بدوێن، کە بەناوی گوتاری یەکگرتنەوە نادوێن. ئەم مەسەلەیە بارودۆخێکی وای هێناوەتەکایەوە هەر گروپێک بەناوی هەموو نەتەوەوە نەدوابێت، مەترسی مەحکومکردنی لەلایەن ئەوانی دیکەوە ڕووبەڕوویوویێتەوە. بۆیە هەر گروپێک لەکوردستاندا لەڕووی سیاسییەوە چالاکبووبێت ناچاربووە بەناوی هەموانەوە بدوێت. بۆئەم مەبەستەش پەنابراوەتە بەر هەرشتێک ئەمکارە بتوانێت مەیسەربکات. کەم نین ئەو ئامراز و ڕێبازە ناسیاسییانەی لەمێژووی سیاسی ئێمەدا بۆ مەیسەرکردن و پیادەکردنی گوتاری یەککگرتن خراونەتەگەڕ، کە دواتر دەرەنجامی پێچەوانەیان بەدەستەوەداوە، ئامراز و ڕێبازی ناسیاسی لەبابەتی ژن و ژنخوازی، پارە و دیاری بەخشینەوە، چاوپۆشی لە کاروکردەوەی نابەجێ، تەحالوفاتی خێڵەکی کاتی و ناوچەگەریی تا بەو پرنسیپە ئایدیۆلۆژییە ساکارانە دەگات، کە بۆ یەکخستنی ئەندامانی حیزبەکان ناچار بوون هەوڵی هیچ تەفسیرکردنێکی جدییانەی دونیا نەدەن و نەوێرن گرفتە ڕاستەکانی دونیای ئێمە باسبکەن، لەپێش هەمووشیانەوە گرفتی ونبونی ڕۆحیەت و عەقڵیەتی نەتەوەیی و نەبوونی بەرنامەی تێپەڕاندن و لەناوبردنی هەموو ئەو شوناسە تەقلیدی و بەسەرچوانەی ئینسانی ئێمە لەناو کۆمەڵێک پەیوەندی بەرتەسکدا زینداندەکات. ئەمڕۆ لەهەموو کات ئاشکراترە، کە گوتاری یەکگرتن چ ڕۆڵێ لەدابەشبوونی کۆمەڵگای ئێمەدا دەبینێت

و چـۆن لەژێـر سـایەی نـوخبە ڕۆژمنکارەکانـدا لەبـاتی یەک نەتەوە و یەک چوارچێوەی گشتی و یەک هەستکردن بە مێژوو و بە داهاتوو، چەنـدان نەتەوە و چەندان چوارچێوەی دژیەیەک و چەنـدان مـژدەی ناڕاسـت و جیاوازمـان بەچەنـدان داهـاتووی وەهمـی پێـدەدرێت. ئەمەش وابەسـتەی ئەو ڕاسـتییەیە، کە گوتـاری یەکگرتن گوتاری نوخبەکانە، نوخبە کوردییەکانیش هیچ ساتێک لەمێژوودا بەقەدەر ئێسـتا دابەش و پارچەپـارچە و دژیەیەک نەبـوون. هەر ئەمەش وادەکـات خـودی گوتاری یەکگرتن لەمساتەی ئێستادا بەر لە هەمووشتێک بووبێـت بە گۆڕسـتان بـۆ ناسیۆنالیزمی کوردی خۆی.

بەشی دووهەم

-١-

کێشەی هەرەسەرەکی گوتاری یەکگرتن لەوەدایە باز بەسەر تاکەکەس و دونیای تاکەکەس و هەموو ئەو جیاوازییانەدا دەدات، کە گروپە جیاوازەکانی دونیای ئێمە هەڵگرین. یەکگرتن دەخوازێت دابەشبوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بشارێتەوە و وێنەیەکی یەکگرتوو هەم بۆ ناوەوەی کۆمەڵگای کوردی و هەم بۆ دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایە بەرهەمبهێنێت. بێگومان دروستکردنی ئەو وێنە یەکگرتووە کارێکی گرنگە و هیچ بزاوتێکی ناسیۆنالیزمی ناتوانێت بەبێ ئەو وێنەیە بژی، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم وێنەیە لای ئێمە لەوەدایە، کە بەرهەمهێنانی ئەو وێنەیە لەچوارچێوەی بوون و ئامادەیی کایەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری وادا ڕوودەدات، کە ناتوانێت جیاوازییەکان عەقڵانییکات و هەلی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنێت لەناو گوتاری یەکگرتندا تەعبیر لە بوونی خۆیان بکەن. هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان و پەیوەندییەکانی هێز و پێکهاتی دەسەلآت لە کوردستاندا بەر لە پرۆژەیەکی لەوبابەتە دەگرن. بۆ بنیادنانی چوارچێوەیەکی کراوە، کە تیایدا جیاوازییەکان بتوانن لە سەرزەمینی گوتاری یەکگرتندا تەعبیر

لەخۆیان بکەن دەشێت بیر لە داڕشتنی پرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر گروپە جیاوزەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمەدا و فرلوانکردنی سنووری ئەو هێزانەی دەتوانن بەشدارین لە مەسەلەی بڕیاردانی کۆمەڵایەتیدا، بکەینەوە. لەڕاستیدا بەبێ گۆڕینی هاوکێشەکانی دەسەڵات و بەبێ کردنەوەی پانتاییەک بۆ هەناسەدانی جیاوازییەکان ناکرێت قسە لەبوونی یەکگرتن بکەین. یەکگرتن لە ڕاستیدا بریتییە لە داننانێکی ڕاستەوخۆ بە جیاوازیەکاندا، ئاخر یەکگرتن چییە جگە لە ڕێکەوتنی کۆمەڵێک جیاوازی بەیەکەوە و کۆبوونەوەیان لە چوارچێوەیەکی گشتیدا. ئەوەی لە ئێستادا لە کوردستاندا ئامادەیە چوارچێوەیەکە تیایدا نوخبە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگای ئێمە باز بەسەر فەرد و فەردانیەت، باز بەسەر مافی بەشداربوون لە بڕیاردانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و باز بەسەر مافی کۆمەڵگای کوردیدا بۆئەوەی جیاوازییەکانی خۆی لەناوەوەڕا تەندروستانە بژی، دەدات. جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی لەچوارچێوەی ململانێی نێوان نوخبە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا، یان دەچەپێنرێن، یاخود بەسادەیی ئینکا ردەکرێن. هەموو ئەمانەش لەژێرناونیشانی ئەوەی گوایە کورد یەکە و کۆمەڵگای کوردی گروپ و تاقمی جیاوازی تێدا نییە، یاخود ئێمە لەقۆناغێکداین نابێت باسی جیاوازییەکانمان بکەین، یاخود چەپاندنیان لەڕێگای بێدەنگکردنی هەر دەنگێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی ستراتیژی مانەوەی نوخبە دەسەڵاتدارەکان خۆیاندا. لەهەردوو بارەکەشدا مامەڵەیەکی ناڕاست و ناماقوڵ لەگەڵ واقیعێکی مێژوویدا دەکرێت، کە بەر لەهەموو شتێک پێویستی بەخوێندنەوەیەکی واقیعییانە و ناسینی کێشە و گرفتەکانی هەیە نەک ئینکارکردن و چەپاندنیان.

گوتمان لەکوردستاندا گوتاری یەکگرتن بەناوی ناسیۆنالیزمەوە باز بەسەر بوونی تاکەکەس و دونیای تاکە ئازادەکاندا دەدات، ئەمەشمان بەستەوە بەستراتیژی نوخبەکانەوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان. ئێستا

هەنگاوێک زیاتر دەچینەپێشەوە و دەڵێین ناکرێ قسە لەبوونی بزاوتێکی ناسیۆنالیزمی تەندروست بکەین، بەبێ ئامادەبوونی تاکەکەسی ئازاد، زەحمەتە بزاوتێکی نەتەوەیی ڕاستەقینە هەبێت بەبێ ئامادەبوونی ئیرادەیەکی ئازاد کەخۆی ئینتیما و شوناسی خۆی هەڵبژێرێت نەک لەدەرەوەڕا و لەڕێگای پەیوەندییەکانی خزمخوازی، یان هەر فشارێکی چەپێنەری ترەوە، بەسەریدابسەپێت. بەڵام داخۆ بە چ مانایەک تاکەکەسی ئازاد بناغەی هەموو پڕۆژەیەکی ناسیۆنالیستییە؟ ئەگەر ئەوە ڕاستبێت، کە تاکەکەسی ئازاد بناغەی پڕۆژەی ناسیۆنالیزم بێت و زەحمەتبێت لەدەرەوەی بوونی ئیرادەیەکی ئازاددا باس لەنەتەوە بکەین، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە گوتاری یەکگرتن بەو شێوازەی لەدونیای ئێمەدا ئامادەیەماڵئاوایی بکات و لە شوێنیدا "گوتاری جیاوازی" پیادەبکرێت؟

سەرەتا با وەڵامی پرسیاری یەکەمیان بدەینەوە.

-٣-

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت سەرەتا پێناسێکی نەتەوە بکەین جیا لەو پێناسە جەبریە ئابورییەی مارکسیزم بۆ نەتەوەی دەکات، هەروەها جیاش لەو پێناسە ئیرادەگەرییە زاتییەی ڕێنان، یان ماکس ڤێبەر بۆ نەتەوەی دەکەن. مارکسیزم بوونی نەتەوە بە بوونێکی مێژوویی دەزانێ، بوونی مێژوویش مانای ئەوەی نەتەوە هەم سەرەتایەکی هەیە و هەم کۆتاییش، لەخاڵێکەوە دەستپێدەکات و لەخاڵێکدا کۆتاییدێت. مارکسیزم خاڵی سەرەتای دروستبوونی نەتەوە بەگەشەکردنی ئابوری، یان ڕاستتر بدوێین بە هەوڵدانی دروستکردنی بازاڕی نەتەوەییەوە دەبەستێتەوە و نەتەوە وەک بەرهەمێک لەبەرهەمەکانی دروستبوونی

بازاڕی سەرمایەداری ئەبینێت.(٩) بەم پێیە نەتەوە قۆناغێکی حەتمییە لەگەشەی سەرمایەداریدا بەڵام لەهەمان کاتدا قۆناغێکی کاتیشە و پرۆلیتاریا "کە نیشتیمانی نییە" زوو کۆتایی بەم قۆناغە دەهێنێت.

لەبەرامبەر ئەم بۆچوونە حەتمیەدا رێنان بوونی نەتەوە لە هەموو حەتمیەتێک دادەبڕێت و ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بە ئیرادەی تاکەکانەوە، رێنان لە تێگەیشتنیدا بۆ نەتەوە ئەوەندە فەردگەرایە پێیوایە ئینتیما بۆ نەتەوە کارێکە تاکەکەس دەبێت هەموو رۆژێک سەرلەنوێ تازەییکاتەوە و بڕیاری لەسەر بداتەوە. رێنان پەرگیری دەکات و تائەو خاڵە دەڕوات، کە بڵێت سبەینان، کە لەخەو ڕادەبین دەبێت بڕیار لەسەر ئەوە بدەین سەر بە چ نەتەوەیەکین.(١٠) بەباوەڕی رێنان ئەوە تاکەکەس و بڕیاری تاکەکەسیانەیە دەستنیشانی ئەوەدەکات کەسێک سەریە چ نەتەوەیەک بێت، نەک حەتمیەتێکی ئابووری، یان کولتوری. تاکەکەس خۆی نەتەوەی خۆی هەڵدەبژێرێت نەک بۆی هەڵبژێرن.

بەکورتی لەکاتێکدا مارکس بوونی نەتەوە بەکۆمەڵی فاکتەری بابەتی و جۆرێک لە حەتمیەتەوە دەبەستێتەوە، رێنان بوونی نەتەوە بە بڕیارو ئارەزوو و ویستی تاکەکانەوە گرێدەدات. ئاشکرایە لەم ڕووەوە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان بۆچوونی مارکس و بۆچوونی رێناندا هەیە. ئەم جیاوازییە لە تیۆرەی ناسیۆنالیزمدا وەک جیاوازی نێوان دوو قوتابخانەی جیاواز پێشکەشکراون، "قوتابخانەی بابەتی" و "قوتابخانەی خودی" لە ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی ناسیۆنالیزمدا. قوتابخانەی بابەتی قوتابخانەی ناساندنی نەتەوەیە وەک دەرەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری بابەتی وەک بوون و ئامادەگی زمان، ئابوری، کولتور، مێژوو و هەموو ئەو شتانەی بەر لە دروستبوونی تاکەکەس بوونیان هەیە و دەستنیشانی شوناسی نەتەوەیی تاکەکان دەکەن. هەرچی قوتابخانەی خودییە بڕیار لەسەر ئەوەدەدات، کە تاکەکەس هەردەم دەتوانێت ئەو شوناسانەی پێشوەخت بۆی دەستنیشانکراوە ڕەتبکاتەوە و

شوناسی نوێ و جیاواز هەڵبژێرێت، ئەوەشی لەدەستنیشانکردنی شوناسی تاکەکەسدا گرنگە ئەوەیە ئەو کەسە چۆن دەیەوێت خۆی بناسێنێت، چ شوناسێک هەڵدەبژێرێت و چۆن بوونی ئەو شوناسە ڕەوادار دەکات، واتە چۆن ڕەوایەتی بەو شوناسە دەدات.

-٣-

بەبۆچوونی من ئەو ناکۆکییە ئاشکرایەی مارکس و بۆچوونی مارکسییانە لە ڕێنان و بۆچوونی ڕێنانییانە جیادەکاتەوە تەنها بەشێکی هەقیقەتە، بەشەکەی دیکەی تەبایبوونێکی گەورەیە لەنێوان ئەو دوو فەیلەسوفە گەورەیەی سەدەی نۆزدەهەمدا. چۆن؟ ئەوەی جێگای سەرنجە لەپشتی بۆچوونی مارکس و بۆچوونی ڕێنانەوە نادیارێک هەیە، کە هەردوو فەیلەسوفەکە وەک پێدراوێکی لۆژیکی، وەک بەڵگەنەویستێک، کە پێویست بە ناوهێنان نەکات مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەو پێدراوەش بریتیە لە بوونی تاکەکەس، تاکەکەسی ئازاد. ئەم تاکەکەسە لای مارکس ئەو پرۆلیتاریا، یاخود کرێکارەیە، کە بازاڕی سەرمایەداری ئازادیکردووە و ئەو مافەی پێداوە هێزیکاری خۆی لەکوێ و بەکێی دەیەوێت بفرۆشێت. بەمانایەکی دیکە مارکس دەیەوێت بڵێت سەرمایەداری ئەو ئازادییە ڕێژەییە بە پرۆلیتاریا دەدات هێزیکاری خۆی لەدەرەوەی زادگای خۆیدا، لەهەر جێیەکدا هێزیکاری تێدا بوویێت بە کالا، بفرۆشێت. ئەمەش مانای داپچڕان و جیاکردنەوەی ئەو تاکەکەسەیە لەهەموو ئەو پەیوەندییە تەقلیدییانەی، کە شێوەی بەرهەمهێنانی پێشسەرمایەداری ئینسانی تێدا سنووریەند دەکات، ئەمەش مانای داپچڕانی ئەو کرێکارەیە لەپەیوەندییەکانی خزمخواهی، خێڵ و ناوچە و فڕێدانی بۆناو بازاڕی سەرمایەداری،

کە بـازاڕێکە هەمـوو دونیـا دەکـاتە نیشـتیمانی خـۆی، نەک تەنهـا سـنوورە بەرتەسکەکانی خێڵ و زانگای ناوچەیی و لۆکاڵی خێڵ. ئارنست گێڵنەر ئەم دیدە مارکسییە قوڵتردەکاتەوە و دەڵێ: سەرمایەداری، گێڵنەر سەرمایەداری بە مۆدێرنە ناودەبـات، تاکەکەسـی گەڕۆک دروسـتدەکات، تاکەکەسـێک، کە جەبـری یاسـا ئابورییەکـان کردویەتـی بە کەسـێکی گەڕۆک و بەرەو ئەو شـوێنانەی بـردووە، کە ئابووری مۆدێرن تیایدا لەکاردایە. لای گێڵـنەر مـۆدێرنە پێویسـتی بە دەستیکاری مۆبیل و ئینسانی گەڕۆک و دابڕا و لە زانگا تەقلیدییەکان هەیە. بەبۆچوونی گێڵنەر مۆدێرنە هەلی ئەوە بۆ تـاکەکەس دەڕەخسـێت ڕزگاربێـت لە ئینتیمـای بچـووک و دونیـای بەرتەسـکی نـاو ژیـنگە تەقلیـدییەکان، لەهەمانکاتیشـدا ئەو ئاسـۆیە لەبەردەمیدا دەکاتەوە بۆ بەرهەمهێنان و هەڵبژاردنی شوناسی نوێ.(١١)

لای ڕێنـانیش بەهەمـان شـێوە تاکەکەسـێک ئامـادەیە دەتوانێـت بڕیاربـدات، تاکەکەسێک خاوەن ئیرادە، کە خۆی دەستنیشانی ئەوە دەکات سەر بە چ گروپ و شـوناس و نەتەوەیەک بێـت. ئەم تاکەکەسـە ڕێنـانییە لەجەوهەردا تاکەکەسـێکە ڕزگاربووە لەو پەیوەندییە سەرەتاییانەی کەبەر بەهەموو ئینتیمـایەکی سەریەسـت دەگـرن و ئینسـان مەحکومـدەکەن بە ئینتیمـا بچووکەکـانی بەر لەدروسـتبوونی نەتەوەوە. ئەو تاکەکەسـەی ڕێنـان باسـیدەکات بـوونەوەرێکە خـۆی دەیەوێ بڕیاربدات، نەک گروپ لەباتی ئەو بڕیاربدات، خـۆی دەخوازێـت ئیـرادەی بخاتەکـار نەک ئیـرادەی لەدەرەوەڕا بخرێتەکـار، خـۆی دەیەوێـت بـدوێت نەک لەبـاتی ئەو و بەناوی ئەوەوە بدوێن. ئەم تاکەکەسـە نایەوێـت بێپرسـیار ئەو شوناسـە پێشـینانە قبووڵبکات، کە گروپە جیاوازەکـان دەیانەوێـت بەسەریدابسـەپێنن. ئەم تاکەکەسـە لای ڕێنـان تاکەکەسـێکی ئیـرادەگەرە، تاکەکەسـێکە توانـا و ویسـت و ئـارەزووی هەڵبژاردنی سەربەستی هەیە. بەکورتی تاکەکەسێکە خاوەنی هەڵبژاردن.

-٤-

وەک دەبینین چ لای مارکس و چ لای ڕێنان لەودیو پەیدابوونی نەتەوە و بزوتنەوەی نەتەوەییەوە تاکەکەسێک ئامادەیە. ئەم تاکەکەسە لای مارکس گەشەی ئابووری و لای ڕێنان ئیرادەگەرێتی ڕزگاریکردووە لە زۆریەی ئەو قەید و بەند و ڕێگرە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتورییانەی لەناو هەڵقەی بچووکی ئینتیما بەرتەسکەکانی قۆناغی بەرلەسەرمایەداری و قۆناغی بەر لە ئیرادەگەرێتی نەتەوەییدا بەندیدەکەن. ئەم تاکەکەسە ئازادە، وەک پێشتریش هێمامانپێکرد، تاکەکەسێکە چیدی نە لەپاڵ ئایینێکی کۆسمۆپۆلیتی و نەلەپاڵ شوناسێکی حەتمی بەرتەسکدا خۆی پێناسناکات. ئەم تاکە بوونەوەرێکی بزۆکی دەرەوەی جوگرافیا بەرتەسکەکانی خێڵ و خێزانە و سنووری فانتازیاکانی دەکەوێتە ئەودیوی گووند و شارۆچکەکانەوە. ئەم تاکە لەمێژووی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا وەک تاکێکی عەقڵانی، ئازاد، خاوەن بڕیار ناسراوە، تاکێک، کە کانت بەسەرچاوەی ڕۆشنگەری دەزانێت.

پرۆژەی ناسیۆنالیزم پرۆژەیەکە لەسەر ئەو تاکە ئازادانە کاردەکات، غیابی ئەو تاکە ئازادانە مانای بوونی نوقسانیەکی جەوهەری لەهەناوی پرۆژەی ناسیۆنالیزمدا.، کە تاکی ئازاد نەبوو ئەوکات ئەو پێکهاتە سۆسیۆلۆژییانەی بەر لەدروستبوونی نەتەوە ئامادەن، بۆ نموونە خێڵ و پەیوەندییەکانی خزمخوامی، ڕێنادەن بە گەشەکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو بەنەتەوەبوون و لە هەمانکاتدا دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەکردنی هەموو ئەو ئینتیما بچووکانەی دەکەونە بەر لەدروستبوونی نەتەوەوە، بۆ ئینتیمای نەتەوەیی. لەئاستی ئایدیۆلۆژیشدا غیابی تاکەکەسی ئازاد و غیابی ئەو فانتازیا و خەونانەی ئەو تاکەکەسە هەڵگریانە دەبنە نووقسانییەکی جەوهەری لەناو سیستمی بەرهەمهێنانی مەعریفیدا و وادەکەن ئەم مەعریفەیە نەتوانێت دونیایەک

پێشنیاریکات گەورەتر و کراوەتر لە دونیای پێکهاتەکانی بەر لەنەتەوە. غیابی تاکەکەس وەک یەکەیەکی سەرەکی ناو گوتاری ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی مانای هەژارییەکی رۆحی ئەوتۆ، کە خودی ئەو گوتارە لەناوەوەڕا وێراندەکات. بەبێ کردنی تاکەکەس بە بنەمای سەرەکی ئەو گوتارە و بەبێ بەخشینی کۆمەڵێک بەڵێنی گەورە بە ئاییندەیەکی رۆشن بەو تاکەکەسە، زەحمەتە ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا توانای قەناعەتپێهێنان و ڕازیکردنی ئینسانەکانی هەبێت. ناسیۆنالیزم چەندە پێداگرتنێکی بەردەوامە لەسەر ڕابوردوویەکی درێژ و پیرۆز و پڕشانازی، ئەوەندەش مژدەدانێکی دڵخۆشکەرانەیە بە ئاییندەیەکی ڕووناک.

ڕاستە گوتاری یەکگرتن لەدونیای ئێمەدا لەیەککاتدا هەم هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو پێکهاتانەی داوە، کە لەنەتەوە گەورەترن، هەم ئەو پێکهاتانەش، کە لەنەتەوە بچووکترن، بەڵام لەهەردوو بارەکەدا بەبێ ئامادەکردنی ئەو زەمینە تایبەتەی تاکەکەسی ئازادی تێدا دروستدەبێت. لێرەوە ئەم گوتارە بەبێ هیچ ئەگەرێکی مێژوویی ڕاستەقینە و بەبێ ئەو ئامرازە سەرەکییە کاریکردووە، کە توانای پیادەکردنی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی هەیە، واتە بەبێ "تاکەکەسی ئازاد"، کە ئینتیمای بۆ نەتەوە لە ئینتیمای بۆ خێڵ و ناوچە و ئایینزاکان بەگرنگتر بزانێ و خودی ئەو ئینتیمایەشی زادەی بڕیارێک، یان لانیکەم هەڵبژاردنێکی تاکەکەسی ئازادانەبێت. بەمانایەکی دیکە گوتاری یەکگرتن لە دونیای ئێمەدا گوتاری کۆبوونەوەی تاکە ئازادەکان و گرووپە ئازادەکان نییە لەدەوری بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، کە لانیکەمی داخوازییەکانیان بۆ دابینبکات، بەڵکو گوتاری یەکگرتن بۆتە گوتاری موناوەرات و تەحالوفاتی دوو نوخبە، کە لە شەڕێکی کوشندەدان لەسەر دەسەڵات و لەسەر پاراستنی مەوقیعی کۆمەڵایەتی خۆیان. ئەمەش وادەکات ئەرکی سەرەکی گوتاری یەکگرتن، کە ئەرکی خولقاندنی ئینتیمایەکی نەتەوەییە، بگۆڕێت بۆ ئەرکی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی مەوقیعی

نوخبەکان و بەرگریکردن لێیان. لێرەوە یەکێک لە کارە هەرە سەرەکییەکانی گوتاری یەکگرتن بۆتە ئەوەی لێنەگەڕێت هیچ گروهێکی کۆمەڵایەتی لەدونیای ئێمەدا هەوڵی ئەوە بدات بەناوی خۆی و بەناوی ماف و قازانج و مەوقیعی کۆمەڵایەتی خۆیەوە بدوێت. لەباتی ئەمە ئەم گوتارە هەوڵی تێکەڵکردنێکی بەئەنقەستی سنووری گرووپە جیاوازەکان بەیەکدی دەدات، بۆنموونە تێکەڵکردنێکی بەئەنقەستی دلواکاری گروپێکی کۆمەڵایەتی وەک جوتیاران بە هی گروپێکی کۆمەڵایەتی دیکە وەک مامۆستایان و هی ئەمانیش بە هی قوتابیان و هی قوتابیانیش بە هی کرێکاران هتد... هەمووشی لەناو ستراتیژیەتی پاراستنی دەسەڵاتی نوخبەکاندا. لەم ڕووەوە گوتاری یەکگرتن هەوڵی خولقاندنی فەوزایەکی کۆمەڵایەتی گەورە دەدات، بەڵام تاقە گروپێک بتوانێت لەناویدا سودمەندبێت، نوخبەکانن.

بێگومان ئەم بۆچوونە دووبارەکردنەوەی ئەو بۆچوونە مارکسییە نییە، کە پێیوایە خەباتی نەتەوایەتی بەلاڕێدابردن و بەهەڵەدابردنی خەباتی چینایەتییە، یان ئەو بۆچوونەی، کە دەڵێت خەباتی نەتەوایەتی دێت بۆئەوەی ڕێ لە خەباتی چینایەتی بگرێت. ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا پێی لەسەر داگرم جیاکردنەوەی سنور و بەرنامەی چینەکان نییە لەیەکدی، بەڵکو هەوڵدانی کردنەوەی فەزای کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ئێمەیە تا ئەو ڕادەیەی گروپەکان بتوانن بەناوی خۆیانەوە بدوێن و بە ئازادی بەرگری لە مەوقیعی کۆمەڵایەتی و سود و قازانجی تایبەتی خۆیان بکەن و بتوانن ئازادانە دیدی خۆیان بۆ دونیا و کۆمەڵگا و شێوەی ئۆرگانیزەکردنی پەیوەندییەکان، پیادەبکەن.

-٥-

بەمجۆرە گوتاری یەکگرتن بەچەپاندنی ئەو جیاوازییانە و ئینکارکردنیـان زەمینـەی ناکۆکی و ئەگەری تەقینەوەی کۆمەڵایەتی بەردەوام سازدەکات و ئەبێتە ڤایرۆسێک و لەهەر هەلێکی لەباردا جەستەی کۆمەڵایەتی ئێمە لەناوەوەڕا دادەڕزێنێت. شـەڕی نـاوخۆ، لەسـەرێک لەسـەرەکانەوە دەرەنجـامی کـاری چەپێـنەرانە و بێـدەنگکردنی جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمەیە. شەڕی ناوخۆ دێت بۆئەوەی یەکدەنگ لەباتی هەمەدەنگـی و یەکـیدی لەبـری هەمەدیـدی ئامـادە و باڵادەسـتبکات. بەم مانـایە دەشـێت بڵێـین لەهەنـاوی گوتـاری یەکگرتنـدا بەردەوام پرۆژەیەکـی تەئجیلکـراوی جەنگی ناوخۆ هەیە، کە تەنها گۆڕانێکی بچووک لە هاوسەنگی هێزی نێوان گـروپە کۆمەڵایەتییەکاندا بەسە بۆ بەرپابوونی جەنگ و پێکدادانە خوێناوییەکان. بێگومـان بارگاویکردنی بەردەوامـی کۆمەڵگـا بە پـرۆژەی جەنگـی تەئجیلکراو مانـای بـوونی ژێرخـانێکی لەبـار بـۆ بەرپـابوونی جەنگی بەردەوام. ئەمەش مانـای دروسـتبوونی کۆمەڵگایەک، کە بەزمانی شەڕو پێکدادنی خوێناوی هاوسەنگییە کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر بکات، نەک لەڕێگای دۆزینەوەی کەناڵی عەقڵانی بۆ چارەسـەرکردنی ئەو کێشانە و فەراهەمکردنی سەرزەمینی تەندروست بـۆ پیـادەکردنی ئەو شوناسـانەی گروپە جیاجیاکان دەیانەوێت هەڵیگرن.

بێگومان ئاییندە ی هەر کۆمەڵگایەک و هێزی هەر نەتەوەیەک پابەنـدی ئەوە نـییە تاچەند ئەو نەتەوەیە لەناوخۆیدا یەکگرتووە، تاچەند گروپەکان و هێزەجیاجیاکـانی لەیەکـدەچن، تاچەنـد تاکەکەسـەکانی بـوونەتە کـۆپییەکی مـردووی یەکتـری و هەموویـان یەک چەپـڵە و یەک هەلـهەلە دەکێشـن. بەپـێچەوانەوە هێـزی هەر کۆمەڵگـایەک، بەپـلەی یەکەم، پابەنـدی ئەو ڕاسـتییەیە تاچەنـد ئەو کۆمەڵگـایە چوارچێوەیەکی عەقڵانی بـۆ ئیـدارەدانی جیاوازییەکـانی نـاو هەنـاویی خولقانـدووە.

نەتەوە بوونبەیەکی بەزۆری کۆمەڵێ گروپی جیاواز نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییە بۆ جێکردنەوەی هەموو جیاوازییەکان. نەتەوە کۆپیکردنی ئینسانەکان نییە بۆئەوەی هەریەکێکیان نوسخەیەکی شۆراوەی ئەویدیکەیان بێت، نەتەوە چوارچێوەیەکی سیاسی و کولتورییە چەندە مافی وێکچوون بە تاکەکانی دەبەخشێت، ئەوەندەش مافی جیاوازبوونیان دەسەلمێنێت. یەکگرتن ئەفسانەیەکە نوخبەکان دەیخولقێنن بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان، نەک ڕاستییەکی سۆسیۆلۆجی. دۆخی ئاسایی کۆمەڵگا دۆخی کێبەرکێ و ململانێ و دابەشبونی تاک و گروپەکانە بەسەر ئیهتیمام و سود و قازانج و شێوەژیانی جیاوازدا، نەک بێدەنگکردن و کوژاندنەوەی ئەو ناکۆکییانە. ئەوەی کۆمەڵگایەکی عەقڵانی لە کۆمەڵگایەکی ناعەقڵانی جیادەکاتەوە، لەوەدا نییە کۆمەڵگای عەقڵانی هەموو تاک و گروپەکانی کردووە بە یەک، بەڵکو لەوەدایە ئەو کۆمەڵگایە توانیویەتی ڕۆحییەتێکی هاویەش بۆ موناقەسە و کێبەرکێی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی بەرهەمبهێنێت. بەمانایەکی دیکە کۆمەڵگای عەقڵانی ئەو کۆمەڵگایەیە، کە تاکەکەس و گروپەکانی وەکویەک ڕێزی پرنسیپەکانی موناقەسەی کۆمەڵایەتی دەگرن و وەکویەک لە یەک خاڵی سەرەتایی یەکسانەوە دەستپێدەکەن، لەکاتێکدا کۆمەڵگای ناعەقڵانی لە غیابی هەر پرنسیپێکی کۆمەڵایەتی کێبەرکێ و ململانێکردن و لە غیابی هەر سەرەتایەکی یەکساندا دەژی. بۆیە بۆئەوەی بتوانین پێکەوە کاربکەین، چارەسەر لەوەدا نییە جیاوازییەکان ئینکاربکەین و بیانچەپێنین، یاخود ڕێبازێک، گروپێک، یان حیزبێک بێت و بەناوی هەموومانەوە بدوێت، بەڵکو چارەسەر لەوەدایە جیاوازییەکانمان ئاشکراتر و دیارتر و بەرجەستەتر بکەین و لەهەمانکاتدا چوارچێوەیەکی عەقڵانی و شەرعی بۆپێکەوە هەڵکردنیان دروستبکەین. بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە، کە دۆخێکی تەوفیقی لەنێوان ڕێباز و گروپ و حیزبە جیاوازەکاندا بدۆزرێتەوە، ئەزموونی پەنجا بە پەنجا

لە کوردستاندا ئیفلاسی سەرتاسەری بەهەموو چارەسەرێکی تەوفیقی کرد. ئەوەی گرنگە ئەنجامبدرێت بەرهەمهێنانی عەقڵانییەت و شەرعیەتێکی نوێیە، کە وەک چوارچێوەیەکی گشتی بۆ پێکەوەهەڵکردن و ڕێکخستنی جیاوازییەکانمان دروست و قبوڵبکەین.

-٦-

گوتاری یەکگرتن بەو شێوەیەی لەدونیای ئێمەدا ئامادەیە، بەو شێوەیەی یەکێک لەبری هەمووان و بەناوی قازانجی هەموانەوە بدوێت، هەڵگری جەبرێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی گەورەیە، وادەکات هەر گروپێک بۆئەوەی بتوانێت بەناوی خۆیەوە بدوێت ناچاربێت بەناوی هەموو نەتەوەوە بدوێت. گوتاری یەکگرتن هەمووان ناچاردەکات، یان نەدوێین، یاخود بۆ هەموو نەتەوە و لەبری نەتەوە بدوێین. ئەمەیە بۆنموونە وا لە مارکسییەکی کورد دەکات تەنانەت لەناو ئیسلامیشدا بەناو تێزەکانی خۆیدا بگەڕێت، یاخود وا لەئیسلامییەک دەکات بڵێت پرنسیپەکانی سۆسیالیزم و دیموکراسییەت لە ناو قورئاندا هەن و سەرچاوەکەیان ئەو ئایەتانەیە لە مەککە بۆ پێغەمبەر هاتوونەتەخوارەوە. هەروەها گوتاری یەکگرتنە وادەکات لیبرالێک لەدونیای ئێمەدا لەیەککاتدا لەمارکسییەک مارکسیتر و لە ئیسلامییەک ئیسلامیتر و لە سۆسیال دیموکراتێک، سۆسیالد یموکراتتر بێت. ئەمەیە وادەکات بۆنموونە پارتی ڕۆژگارێک وایراگەیەنێت، کە سوود لە تێزی مارکسیزم لینینیزم دەبینێت و لەم دواییانەشدا لەسەر زاری سەرۆکەکەیانەوە بانگێشەی ئەوە بکات، کە کەس لەوان موسڵمانتر نییە، یان هێزێکی عەلمانی وەک یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان سازشێکی گەورە لەگەڵ ئەو هێزانەدا بکات، کە ئایین و سیاسەت

بەیەکدی تێکەڵدەکەن. بێگومان نۆخێکی لەم بابەتە نۆخی شەڕە نەک نۆخی پێکەوەژیان و هاریکاری، نۆخی پشێویەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییە، کە بەئاسانی بەرە و قەیرانی خوێناوی گەشەدەکات، نەک نۆخێکی تەندروست بۆ بەرگریکردن لە ئازادی و سەرفرزای ئینسان. ئەوەی ڕێ بەم سوریالیزمە خوێناوییە دەگرێت گوتاری یەکگرتن نییە بەڵکو گوتاری جیاوازییە، گوتارێک لێنەگەڕێت وا بەئاسانی گەمە بە سنوورە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکرێت، لێنەگەڕێت تێزەکان و دونیابینییەکان و سیاسەتەکان تێکەڵ بەیەکببن. لەئێستادا پێویستمان بە گوتارێکە ئەو زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ئامادەبکات، کە تیایدا هەر گروپێک بێسڵەمینەوە جیاوازییەکانی خۆی ئاشکرابکات، بەبێئەوەی مەترسی سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی هەبێت. لە نۆخێکی لەم بابەتەدا هەر گروپە و دونیای مادی و ڕەمزی خۆی دەژی، هەر گروپە و سەرگەرمی وەدیهێنانی ئەو سود و قازانجە کۆمەڵایەتییانە دەبێت، کە عەقڵانیەتی ئەو کۆمەڵگایە وەک ئاسۆیەک بۆ گەشەکردن دەیخاتە بەردەمی، بەبێئەوەی هەوڵێنەوەبدات سنوورەکانی ئەو عەقڵانیەتە وێرانبکات. تەنها لەم ڕێگەیەوە دەکرێت هاوسەنگییەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی بێتەکایەوە، کە بەزەحمەت تەقینەوەی لەپڕ و چاوەڕوانەکراوی تێدا دروستدەبێت.

-٧-

گوتاری جیاوازی گوتارێکە پێویستی بە ڕەمزی کۆیی بەناهەق پیرۆزکراو، یان ڕەمزی کاریزمی، کە بەناوی هەموو جیاوازییەکانەوە قسەبکات، نییە. گوتاری جیاوازی بۆ نموونە پێویستی بە عەرەفاتێک نییە بەناوی هەموو فەلەستینەوە

بدوێت، پێویستی بە مەسعود بارزانییەک نییە لەبری هەموو کورد بڕیاربدات، پێویستی بە ئاپۆیەک نییە بەناوی هەموو پارچەکانی کوردستانەوە بدوێت، پێویستی بە تاڵەبانیەک نییە بەناوی هەموو تازەگەرییەکەوە قسەبکات. دوا تەڵەزگەی گوتاری یەکگرتن بەرهەمهێنانی ئەو نۆخە کوشندەیەیە، کە دواجار مەهزەلەیەکی کوشندە دەخاتەوە، مەهزەلەی ئەوەی دەڵێت گەر عەرەفات نەمێنێت ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لەناودەچێت، گەر سەدام بمرێت عێراق لەبەریەکهەڵدەوەشێتەوە، گەر تاڵەبانی نەمێنێت یەکێتی لەناودەچێت. دەشێت ئەم مەهزەلانە ڕاستنەبن و خۆیان بەشێکبن لە ستراتیجی بەرهەمهێنانەوەی مەوقیعی ئەو سەرکردە و نوخبە دەسەڵاتدارانە، دەشێت ئەم جۆرە بۆچوونانە پڕوپاگەندەی ئەو دەسەڵاتدارانەبن بۆ پاراستنی شوێنی خۆیان، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئێمە لەکوردستاندا نموونەیەکی بەرچاوی بەواقیعبوونی ئەم مەهزەلەیەمان لەبەردەمدایە. ئەو نموونەیەش داڕمانی دەستوبردی شۆڕشی چەندان ساڵەی کورد بوو لە ساڵی ١٩٧٥ دا دوای وازهێنانی بارزانی وەک سەرکردە.

-٨-

چیدی ناکرێت لەکوردستاندا ڕێبازێکی فیکری بەتەنیا، حیزبێک بەتەنیا، سەرکردەیەک بەتەنیا تەعبیر لەو هەموو جیاوازییانە بکات، کە کوردستان لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا هەڵگریەتی. هەر هێز و گروپ و حیزب و سەرکردەیەک بیەوێت ئەم نۆخی یەکدەنگی و یەکلایەنییە بسەپێنێت، یان کار بۆ سەپاندنی بکات، دەبێت بە زەبری جەنگ و تیرۆری جەستەیی و فیکری و ئایدیۆلۆژی بیسەپێنێت. ئەمەش مانای بەردەوامبوونی شەڕ و بەردەوامبوونی توندوتیژی مادی

و ڕەمزی بۆ ماوەیەکی دیکەی درێژ لە کوردستاندا، لەکاتێکدا لەشی سیاسی وڵاتی ئێمە لەناو برینەکانیدا هەنجنهەنجنە و بەسەر خوێنی خۆیدا دەکەوێت. چارەسەرەکان لەوەدانین چۆن ڕێبازە فیکرییە جیاوازەکان لەناوببرێن، یان وەک لە کوردستاندا باوە و دەگوترێت ئیحتیوابکرێن، چۆن ڕێبازە سیاسییەکان بکرێن بەیەک، بەپێچەوانەوە چارەسەرەکان لەوێوە دەستپێدەکەن ئەو ڕێباز و تێڕوانینە جیاوازانە لەچوارچێوەیەکی عەقڵانیدا نیشتەجێبکرێن و هەر هێزێکی کۆمەڵایەتیش لەو چوارچێوەیەدا بەرگری لە جیاوازییەکانی خۆی بکات و داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆی تێکەڵ بە داخوازی هێزەکانی دیکە نەکات. بەناشەرعیکردنی هەر ڕێبازێک لە ڕێبازە سیاسی و فیکری و هونەرییەکان لە کوردستاندا، مانای وێرانکردنی بەشێک لە بەشەکانی کۆمەڵگای ئێمە و بەفیڕۆدانی توانا و وزە و خەونی ئەوکەسانەی هەڵگرین. وڵاتی ئێمە پێویستی بە هەوڵی هەمووان و توانای هەمووان و ئیرادەی هەمووان هەیە بۆ سەرلەنوێ بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی، نەک بە لەناوبردن و ئیفلیجکردنی ئیرادەی هێزە جیاوازەکانی بەناوی گوتاری یەکگرتن و مەسەلەی یەکبوونەوە.

ئەوەی لەکوردستاندا گرنگە ڕوویدات "کردن بەیەکی" هێزەکان و ئایدیۆلۆژیاکان و تێڕوانینەکان نییە، چونکە ئەمە کارێکی مەحاڵە و هەرگیز جێبەجێناکرێت، ئەوەی گرنگە ڕێکخستنی ئەو پەیوەندی و ئایدیۆلۆژیا و ڕێباز و دیدە جیاوازانەیە بەیەکەوە. باڵەوە تێبگەین دەمجکردنی ئەو هەموو جیاوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لە کوردستاندا هەیە بەیەکەوە وەهمێکی گەورە و ترسناکە، چونکە تەنها شەڕ و پێکدادانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەخاتەوە، بەڵام با لەوەش تێبگەین، کە دروستکردنی چوارچێوەیەکی عەقڵانی بۆ ئەو جیاوازییانە تاقە دەرفەتێکی تەندروستی کێشەکانە. چیدی ناتوانین جیاوزییەکان ئینکار، یان بچەپێنین، وەڵامی ڕاستەقینەی مێژوویی و تەندروست ئەوەیە کەناڵی تاییەت

بدۆزینەوە بۆ تەعبیرکردن لەو جیاوازییانە.

-٩-

کوردستانی کۆتایی ئەم سەدەیە کوردستانی سەرەتاو ناوەڕاست و تەنانەت کوردستانی تاکۆتایی هەشتاکانی ئەم سەدەیە نییە، زۆریەی هەرە زۆری ئەو شتانەی لە نەوەدەکاندا لە کوردستاندا ئامادەن شتی نوێن، ڕاپەڕین خۆی نوێترین داهێنانی سیاسی ئەم سەدەیەی ئێمەیە. دەتوانم بڵێم لەکۆتایی نەوەدەکاندا کوردستانی ئێمە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە سالآنی بەر لەنەوەدەکانەوە نەماوە، تەنانەت شەڕەکانی کورد لەناوخۆی خۆیدا چۆتە قۆناغێکی نوێوە، کە سیفەتی هەرەسەرەکی ئەوەیە هەڵگری ئەگەری ئینتیحارێکی نەتەوەییە. پەیوەندی کورد بە داگیرکەرانەوە هیچکاتێک ئەوەندەی ئێستا پەیوەندی وێرانکردنی چارەنوسی جەماعی ئێمە وەک نەتەوەیەک نەبووە. سیاسەت لەکوردستاندا هیچکاتێک ئەوەندەی ئێستا گرێدراوی مەسڵەحەتی ڕاستەوخۆی نوخبەی دەسەڵاتدار نەبووە و هیچکاتێک ئەوەندەی ئێستا دوور لە مۆراڵ و ئەخلاق و هەستکردن بەلێپرسراویەتی کارینەکردووە. لەنەوەدەکاندا ئەو جیلە سیاسیەی کەجاران دەبوایە لەشاخەکاندا ژیانیان ببردایەتەسەر، یان لەباشترین حاڵەتدا لە ئێراندا وەک دەستبەسەرێک بژیانایە، ئێستا هەریەکێکیان هەڵگری پەساپۆرتی وڵاتێکی دیکەن و زۆریەشیان خاوەنی پرۆژەی ئابووریین لەدەرەوەی کوردستاندا. زۆریەی سەرکردەکانی کورد هەریەکەیان لەڕووی یاساییەوە هاووڵاتی وڵاتێکی دیکە و هەڵگری ناسنامەی وڵاتێکی دیکەن.

وەک دەڵێم زۆر شت لە کوردستاندا تازەیە، خودی دەسەڵاتی کوردی بەو شێوە

بەرفراوانەی ئێستای شتێکی نوێیە. بێگومان ئێمە پێویستمان بە نوێگەری دیکە هەیە جیا لەم نوێگەرییانەی ئێستا لەئارادان، پێویستمان بەسەرلەنوێ بنیادنانەوەی وڵات هەیە، پێویستمان بە بنیادنانی قوتابخانە و ناردنی منداڵان هەیە بۆ خوێندن، نەک لە چواردە و پازدەساڵیەوە بیانکەین بە میلیشیای چەکداری حیزبەکان و پەوانەی بەرەی شەڕەکانیان بکەین. ئەمڕۆ لە کوردستاندا جیلێکی نەخوێندەوار لە دروستبووندایە، جیلی منداڵانی ڕاپەڕین، ئەو منداڵانەی لە ڕۆژگاری یەکەمی ڕاپەڕیندا تەنها دە ساڵ و بگرە کەمتریش تەمەنیان هەبوو، تاقەتیان تەنها بەسەر هاویشتنی بەردێکدا ڕووەو داگیرکەران دەشکا. خیانەتێکی گەورەیە چ لەو نەوەیە و چ لە داهاتووی خۆمان وەک نەتەوەیەک ئەم منداڵانە، منداڵانی وەرزی ئازادی، ببنە قاچاغچی، یان پیاوکوژیی ناو میلیشیاکانی حیزب. تاوانێکی گەورەیە جیلی ئازادیی لە کوردستاندا ببێتە یەکێک لە نەخوێنەوارترین جیلەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێمە. پێویستمان بە بنیادنانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، بە ئاگاداریکردنی پیران و پەککەوتە و گروپە لاوازەکانی ناو کۆمەڵگا هەیە، پێویستمان بە ئازادکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پیاو و ئافرەت هەیە لەو ڕەقابە کۆمەڵایەتییە کوشندەیە، کە لە نەوەدەکاندا بە بۆنەی گەشەکردنی ئیسلامی سیاسییەوە لە کوردستاندا لەڕادەبەدەر گەشەیکردووە و سەدان ئافرەت بوونەتە قوربانییەکی ناڕەوای ئەو تاوانە بێمانایانەی بە تاوانی شەرەف ناودەنرێن. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێویستمان بە دۆزینەوەی فۆرمی دیکەی پێکەوەژیانی گەنجانی کوڕ و کچ هەیە لە ناو ئەو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییە سەختەدا، کە فرسەتی هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و تەندروست ناهێڵێتەوە. گەنجانی ئێمە، کە ناتوانن ژن بهێنن و شوویکەن دەبێت دەرگای پەیوەندی دیکەی نێوان نێر و مێیان لێدانەخەین، با هەم ئینسانەکان و هەم تەندروستی جەستەیی و ڕۆحییان نەکەینە قوربانی پاراستنی کۆمەڵێک بەها و نۆرمی کۆمەڵایەتی کەسەر بە ڕۆژگار و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی

دیکەن. کوردستانی ئێمە پێویستی بە سەرزەمینێکی ئەخلاقی و کولتوری و مەعنەوی دیکە هەیە، ڕۆشنبیرییەکمان پێویستە ئینسان وەک بەهایەک تەماشاکات، نەک وەک پرۆژەی بوون بەئەندام لەم، یان لەو میلیشیادا، فەزایەکی ڕەمزیمان پێویستە ڕێز لە جیاوازییەکان بگرێت نەک بێدەنگ و لەناویانبات.

پێویستمان بەکارەباکردنی کوردستان هەیە نەک وێرانکردنی لە شەڕی ناوخۆدا، پێویستمان بەنیشتەجێکردنی بێماڵ و بێلانەکان هەیە نەک خولقاندنی بێماڵ و بێلانەی تر وەک دەرئەنجامی سیاسەتی دەرکردن و ڕاوەدونانی لایەنگرانی یەکدی. بە کورتی پێویستمان بە عەقلانیەتێکی سیاسی نوێ هەیە، کە هەموومان وەک ئەندامی نەتەوەیەک ببینێت و پێناسبکات و لەهەمانکاتدا هەریەکێکمان وەک تاکەکەسێکی ئازاد و عەقلانی و خاوەن ئیرادەی جیاواز بناسێنێت. کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە سیاسەتی "بە پارتیکردن" و "بە یەکێتیکردن" ی کۆمەڵگا بهێنرێت، دەبێ هەوڵی پیادەکردنی سیاسەتی بە ئینسانکردن و بە هاووڵاتیکردن بدرێت.

-١٠-

پێویستمان بەبەرهەمهێنانی کۆمەڵێ ڕاستی دیکە هەیە، دەبێت سیاسەتێکی نوێی بەرهەمهێنانی هەقیقەت بەرهەمبهێنین، دەبێت کۆمەڵێک ڕاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری نوێ بخولقێنین بتوانن هەم دان بە جیاوازییەکانماندا بنێن، هەم چوارچێوەیەکی شەرعی بۆ پێکەوە هەڵکردنیان بدۆزرێتەوە. ڕاستییەکان دەخولقێنرێن، کاتی خولقاندنی کۆمەڵێک ڕاستی نوێ هاتووە.

هۆڵەندا

کۆتایی ١٩٩٧

سەرچاوەکان

١- بڕوانە:

Foucault, Michel, De orde van het vertoog. Boom, Amsterdam 1976.

٢- بڕوانە: جورج بالآنديه، لاانترۆپۆلۆجيا السياسيه، منشورات مركز الانماء القومي، بيروت ١٩٨٦

٣- بڕوانە:

3-Anderson, Benedict R OG, Imagined communities, Reflections on the Origin and Spread of .Nationalism. Verso, USA 1991

٤- بڕوانە:

4-Hobsawm and Ranger, The invention of Tradition, Cambridge University Press, 1983.

٥- بڕوانە:

5-Gellner, Ernest Natie en Nationalisme. Wereldbibliotheek, Amsterdam 1994.

٦- بڕوانە:

6-Olson, Robert, The Emergence of Kurdisch Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880-1925. University of Texas press, Austin USA 1989.

٧- بڕوانە:

Gellner, Ernest Natie en Nationalisme. Wereldbibliotheek, Amsterdam 1994

٨- بڕوانە:

Anderson, Benedict R. OG, Imagined communities, Reflections on the Origin and Spread of .Nationalism. Verso, USA 1991.

٩- بڕوانە:

Stalin, Joseph, 'The nation' in Marxism and the national question, from The Essential Stalin: Major Theoretical Writings 1905-1952 ed. Bruce Franklin, Croom Gelm. London 1973.

١٠- بڕوانە:

Renan, Ernest "What is a Nation?" in Eley, Geoff and Suny, Ronald Grigor, ed. 1996. Becoming National: A Reader. New York and Oxford: Oxford University Press, 1996: pp. 41-55. See especially pp. 52-54

١١- بڕوانە:

،Gellner, Ernest Natie en Nationalisme. Wereldbibliotheek Amsterdam 1994

١٢- بڕوانە:

Verschuuren, Stan; Andr□ Gerrits; Marc Jansen; H.J.A. Hofland, Nationalisme in Europa en de Sovjetunie, emancipatie of onderdrukking in een nieuw gewaad. Van Gennep, Amsterdam 1991 .

ئەنفال و مۆدێرنە

ڕوداوێک لەدوامانەوە، یان ئەگەرێک لەپێشمانەوە

ئەنفال و مۆدێرنە

ڕوداوێک لەدوامانەوە. یان لەگەڕێک لەپێشمانەوە

-١-

ئەو پرسیارە سەرەکییەی ئەم وتارە دەخوازێت وەلامیبداتەوە ئەمەیە: ئایا ئەنفال ڕوداوێکە سەر بەمێژووە و کۆتاییپێهاتووە، یاخود ڕوداوێکە دەکرێت سەر بە ئاییندەبێت و ڕوویداتەوە، شتێکە بەسەرچووە، یاخود ئەگەرێکە و تائێستاش تێنەپەڕیوە، کارەساتێکە لە دوامانەوەیە، یاخود مەترسییەکەو هێشتا لەپێشمانەوەیە؟

لەبەر دوو هۆی تایبەت من پرسیارەکانم بەم شێوەیە دادەڕێژم:

١ـ بۆ من وەک کوردێک ئەنفال بەتەنها مادەیەکی ئەکادیمی و مەسەلەیەکی تیۆری نییە، بەڵکو بەپلەی یەکەم مەسەلەی مەرگی هەزاران ئینسانە، کە بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو و پێشوەخت دانرلو کۆتایی بەژیانیان هێنرلوە و ڕەوانەی

گۆڕستانەکان کراون. هاوکات ئەنفال چەندە مەسەلەی ئەو مردوانەیە، کە کەس نازانێت لاشەکانیان لە چ سەرزەمینێکدا شاردراوەتەوە و بە چ جۆرێک کوژراون، بەهەمان ئەندازەش مەسەلەی ژیان و مانەوەی هەموو ئەوانەشە، کە لەدوای ئەو گۆڕەوشارە کۆییەوە ماونەتەوە و دەشێت سەرلەنوێ رووبەرووی هەمان مەترسی ببنەوە. بۆ من وەک کوردێک ئەنفال بەپلەی یەکەم ئەزموونی مەرگ و ترس لەدووبارەبوونەوەی مەرگە. ئەنفال تائێستاش لە وشیاری ئێمەدا بابەتێکی تیۆری نییە ئەوەندەی واقورمانە لەبەردەم کارەساتێکدا بوونی ئێمەی وەک نەتەوەیەک خستۆتە بەردەم هەڕەشەی نەمانەوە. ئەنفال سەرزەمینی زانستە کۆمەڵایەتیەکان نییە، بەڵکو سەرزەمینی ترسە کۆمەڵایەتییەکانە. بەڵام هەموو ئەمانە بەو مانایە نییە تیۆریزەکردنی ئەنفال کارێکی خراپ و بێبایەخ بێت، بەپێچەوانەوە تیۆریزەکردنی ئەنفال جگە لەوەی ئەرکێکی ئەخلاقییە و لەئاستی دووردا دەشێت بەشێکبێت لەدارشتنی بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی تەندرووست، کە هەوڵی بنیادنانی دونیایەک بدات چیدی کارەساتی لەو بابەتەی تێدا دووبارەنەبێتەوە، لەهەمانکاتدا تەحەداکردنێکی فیکریشە و بۆتێکەیشتنی ناچارماندەکات واز لە شێوە کۆنەکانی بیرکردنەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەکردن بهێنین و بۆ دید و تیۆرە و لێکدانەوەی تازە بگەڕێین.

تیۆرەزیکردنی ئەنفال دەشێت یەکێ لەو دەروازە تیۆریە هەرە گرنگانە بێت لەڕێیەوە پرۆسەی تازەبوونەوەی سیاسی و ئەخلاقی، پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا، پەیوەندی دەوڵەت و گروپە ئەتنیە جیاوازەکان، مەسەلەی دەسەڵات و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی، ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگای تۆتالیتێردا هتد... بخوێنینەوە. بەبێ تیۆریزەکردنی ئەنفال و بەبێ کەشفکردن و خوێندنەوەی ئەو هۆکارانەی ئەنفالیان دروستکرد، بەبێ ناسین و خوێندنەوەی ڕەگە قووڵ و نەدیتراوەکانی ئەم دیاردەیە، مەترسی دووبارەبوونەوەی مەترسییەکی ئامادە و بەرچاو و هەمیشەییە.،

کە دەڵێم نووسین و لێکۆڵینەوە و ناسینی ئەنفال ئەرکێکی ئەخلاقییە، ئەمە نەک بەتەنها لەبەر ئەوەیە ئەنفال دیاردەیەکی کارەساتئامێزی سەر بە ساتەوەختێکی تایبەتی مێژووی میلەتێکە و دەبێت باسبکرێت، بەڵکو ئەمە بەو مانایەشە، کە باسکردن و وەبیرهێنانەوەی ئەم دیاردەیە دەشێت ڕێگربێت لە دووبارەبوونەوەی، نە تەنها لەکوردستاندا، بەڵکو لەزۆر شوێنی دیکەی دونیادا، کە هاوکێشەی زۆرینە و کەمینە، هاوکێشەی دەوڵەتی تۆتالیتێر و گروپی ئەتنی جیاواز، هاوکێشەی کولتوری جیاجیا و ناسیۆنالیزمێکی ڕاسترەو، تیایدا بەهێز و بەرقەرارە. بەم مانایە خوێندنەوەی ئەنفال و شیکردنەوەی ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی دەشێت هەڵگری چەندان دەلالەت بێت، کە سنووری مێژووی کورد تێپەڕێنێت و وەک کێشەیەکی ئینسانی گەورە و بەشێک لە مێژووی هاوچەرخی بەشێک لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان تەماشابکرێت. ڕاستە کوردبوون سیفەتێکی تایبەتی بە ئەنفال داوە، بەوەی لەپشتییەوە هاوکێشەیەکی نایەکسانی هێز و تەنیاکەوتنێکی سیاسی کوشندە ئامادەیە، بەڵام ئەنفال و ئەزموونی ئەنفالییانە ڕووداوێکە سنووری مێژووی کورد و مێژووی عێراق و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێدەپەڕێنێت. ئەنفال ڕووداوێکە بێگەورەکردن دەشێت لەسیاقی مێژووی هۆڵۆکۆست و هەموو ڕەشەکوژییەکانی کۆمەڵگای مۆدێرندا تەماشاییکەین. جائەگەر هۆڵۆکۆست، وەک زیگمۆند باومان دەڵێت، بەشێکی ناوەکی و ئەگەرێک لە ئەگەرەکانی مۆدێرنە بێت، ئەوا ئەنفالیش بەهەمان مانا بەرهەمی مۆدێرنەیە، لەدونیایەکدا لەزۆر ڕووەوە لە دونیای نازییەکانی ئەڵمانیای ساڵانی سی و ساڵانی چلی ئەم سەدەیە دەچێت. (١) بەکورتی مەترسی دووبارەبوونەوەی ئەنفال مەترسییەکە ڕەگەکانی لەناو ڕابردووی ئەو پەیوەندییەدایە، کە منی وەک کوردێک بە کۆی مێژووی ئەو کیانە سیاسییەوە بەستۆتەوە کەناوی عێراقە.

٢ــ ئەگەر جینۆسـاید ئەگەرێـک لە ئەگەرەکـانی مۆدێرنەبێـت ئەوا ئەو ماشـێنەی پرۆسـەی جینۆسـاید لەزۆر ڕووەوە ئاراسـتە دەکـات و جینۆسـاید وەک هەوڵـدانی سـەپاندنی هەندەسـەیەکی کـۆمەڵایەتی دیـاریکراو بەرهەمـدێنێت، ئەو بـوونەوەرە ترسناکەیە، کە مۆدێرنە دروستیدەکات، مەبەستم لەو بوونەوەرە دەوڵەتی مۆدێرنە. دەوڵەتـی مـۆدێرن هەڵگری هەمـوو ئەو توانـا و پێداویسـتییە مـادی و سیاسـی و کولتووری و ئەخلاقییەیە، کە وایلێدەکات بەئاسانی بوونی هەموو ئەو هێز و گـروپ و تاکانە وێرانبکات، کە لەگەڵ ئەو وێنانەدا یەکناگرنەوە، کە دەوڵەت بۆ کۆمەڵگای هەیە. دەوڵەتـی مـۆدێرن دەتوانێـت بـوونی هەمـوو ئەوانە بخاتەمەترسـییەوە، کە نایانەوێت لەناو پلانەکانی ئەو هەندەسە کۆمەڵایەتییەدا جێگیـربن، کە دەوڵەت بـۆ کۆمەڵگـای دەکێشـێت. ئەم هەندەسـە کـۆمەڵایەتییە لەفـۆرمە پەڕگـر و توونددڕەوەکەیدا، فۆرمێک، کە لەعێراقدا ئامادەیە، خوازیاری ئەوەیە هەموو هێزێکی کۆمەڵایەتی و هەمـوو گرووپێکـی ئەتنـی و کولتـوری و ئـایینی جیـاواز لە گروهـی باڵادەسـت، واز لە شـوناس و پایەکـانی دەسـەڵاتی خۆیـان بهێـنن و ئەو شوناسـە سـەپاوە قبـووڵبکەن، کە دەوڵەت لەسـەرەوەڕا بەسـەریاندا دەسـەپێنێت. ئەم هەندەسە کۆمەڵایەتییە سـەپێنراوە هەندەسـەی تواندنەوەی جیاوازییەکـانە لەنـاو پرۆسەی دروستکردنی وێکچوونێکی سەرتاسەریدا، کوشتنی فرەدەنگی و سەپاندنی تاقە دەنگە. بەم مانایە دەشێت دەوڵەتی مۆدێرن ماشێنی هەڕەشـەیەکی بەردەوام و توونـدبێت لە بـوونی هەر گـروپ و تاکەکەسـێک، کە فانتازیاکـانی دەوڵەت و وێنـاکردنە سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ئەخلاقـی و کەلتوورییەکـانی، چ بـۆ خـودی دەوڵەت خـۆی و چ بـۆ کۆمەڵگـا، قبووڵنەکـات. بێگومـان ئەم هەڕەشـانە لەو دەوڵەتـانەدا ئامـادەترن، کە لەدەرەوەی هەر پەیمـانێکی کـۆمەڵایەتی و هەر میکانیزمێکی چاودێریکردنی حوکمکردن و هەر پرۆژەیەکی سیاسـی و کۆمەڵایەتی دابەشـکردنی دەسـەڵاتدا، کـاردەکەن. دەوڵەتێـک لە فیکـری سیاسـی نوێـدا بە

"دەوڵەتی هۆبزی" داونووسکراوە و لەسەرەوەڕا وێنە و هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەت بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت و لەسەرەوەڕا بڕیاردەدات کۆمەڵگا چ فۆرم و چ ناوەڕۆکێک و چ ئاراستەیەکی گەشەکردن وەربگرێت.(٢) بەکورتی ئەوەی وا لەمن دەکات پرسیارەکانم بەو جۆرە پێشنیاربکەم ئەو ترسە کیانییە، کە لەئەزموونی کوردبوونمەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقیدا سەرچاوە دەگرێت، مەبەستم لەئەزموونی کوردبوونیش دوو شتە:

یەکەم: بوونی پەیوەندییەکی ناهاوسەنگ، کە من وەک ئەندامی گروپێکی ئەتنی جیاواز، وەک کوردێک، بەدەوڵەتی عێراقییەوە دەبەستێتەوە، پەیوەندییەکی یەکلایەن تیایدا دەوڵەتی عێراقی دەستنیشانی ئەوە دەکات من وەک کوردێک چ بوونێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریم هەبێت، یاخود نەمبێت، بەبێئەوەی مافی ئەوەم هەبێت شتێک لەسەر ئەو دەستنیشانکردنە دەوڵەتییە بڵێم. ئەمەش بەر لەهەمووشتێک سەندنەوەی مافی بڕیاردان و پەکخستنی ئیرادەی منە وەک ئەندامی گروپێکی ئەتنی دیاریکراو، کە بیەوێت شوناسی ئەتنی خۆی بەو شێوەیە بژی، کە خۆی دەیەوێت دەستنیشانیبکات.

دووهەمیش: مەبەستم لە کوردبوون ئەو پەیوەندییە من لەدەرەوەی شوناسی ئەتنیمدا واتە وەک تاکەکەسێک، بە دەوڵەتی عێراقییەوە دەبەستێتەوە، تاکەکەسێک دەوڵەتی عێراقی هەموو مافی فەردبوونێکی لێسەندۆتەوە و ڕاستەوخۆ دەستی بەناو قووڵاییەکانی ژیانیدا هێناوە و لەناوەوەڕا هەوڵی دارشتن و ئاراستەکردن و دواجاریش وێرانکردنی ئەو ژیانە ناوەکییەی داوە. ئەمە لەکاتێکدا ئەو تاکەکەسە لەڕێگای دەزگا مۆدێرنەکانی چاودێرییەوە هەموو بنەماکانی تاکبوونی لێسەندراوەتەوە و بە تۆڕە شەیتانییەکانی دەزگا و دامەزراوەکانی حیزب و دەوڵەت و هەموو ڕەهەندە چەپێنەر و کوشندەکانی تری دەسەڵات، گەمارۆدراوە. لەهەردوو بارەکەدا ترسی من ترسی پێشێلکردنی دوو ڕەهەندی گرنگی شوناسی منە وەک

ئینسانیک، ڕەهەندی ئەتنی و ڕەهەندی تاکەکەسی ئەو شوناسە. بەم مانایە ئەنفال پلانێکی پێشوەختی داڕێژراوە بۆ وێرانکردن و لەناوبردنی ئەو دوو ڕەهەندە گرنگەی بوونی ئێمە وەک کورد لە عێراقدا، سیفەتی جینۆسایدییانەی ئەنفال خۆشی لەم هێرشە لەناوبەرە پێشوەخت پلانڕێژەکراوەدایە.

-٣-

ئەنفال بەتەنها هەوڵدانی وێرانکردنی ڕووکارێک لەڕووکارەکانی بوونی گروپێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای کوردی نییە، سزایەک نییە بەتەنها ڕوو لە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ژیان، هەڕەشەیەک نییە بەتەنها لە ژیانی ئابووری، یاخود لە ژیانی کۆمەڵایەتی، یان ژیانی کولتوری گروپێکی دیاریکراو. (٣) ئەنفال هێرشێکی ڕاستەوخۆ و سیستماتیزەکراوی هەمەلایەنە بۆ سەر کۆی ژیانی کۆمەڵگایەک وەک گشتێکی دابەشنەکراو، بۆ سەر بوونی مادی و مەعنەوی خەڵکانێک تا پلەی فەناکردنی یەکجارەکیان. ئەنفال لەکاتێکدا کوشتن و بێسەروشوێنکردنی سەدان هەزار کەسە، لەهەمانکاتدا وێرانکردنی هەموو ئەو مەرجە پێشینانەیە، کە ژیان لە سادەترین شێوەیدا بۆ بەردەوامبوون پێویستیپێیەتی. وێرانکردنێکی پلانڕێژکراوی هەزاران گوندو شار و شارۆچکە و سوتاندنی دەیان دارستان و خنکاندنی سەدان کانیاو و کوشتن و تالانکردنی هەزاران هەزار ئاژەڵە. چەندە وێرانەیەکی مادییە بەهەمان ئەندازەش وێرانەیەکی مەعنەوییە. لەکاتێکدا مۆدێرنترین چەکی تێدابەکارهاتوە و فەرمانەکانی لە ناو سیستمێکی بیرۆکراتی نوێوە دەرکراوە و لەشکرێکی مۆدێرن بەناوی کۆمەڵێک پرنسیپی سیاسی مۆدێرنەوە پیادەیکردووە، لەهەمانکاتدا هەموو ئەو کەلەپورە تەقلیدی و سەلەفییە دینییەشی لەپشتە، کە

ڕەوایەتی بەم جینۆسایدە دەبەخشێت.

لێرەوە دەڵێم ئەنفال دیاردەیەکی ئاڵۆزە و بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی پێویستمان بەزیاد لە میتۆدێکی خوێندنەوە و شیکردنەوە هەیە. ئەو هۆکارانەی بەشدارن لەبەرهەمهێنانی ئەنفالدا هۆکاری جیاوازن، هەندێکیان وابەستەی ئەو کێشە کیانییانەیە، کە دەوڵەتی عێراقی لەڕۆژی دروستبوونییەوە وەک بوونەوەرێکی سیاسی دووچاریەتی، کێشەی نەتوانینی دروستکردنی ئیجماعی سیاسی و فەشەلی بەرهەمهێنانی بیرۆکەی هاوڵاتی و فەشەلی خولقاندنی "هەستێکی عێراقییانەی" سەرتاسەری لای دانیشتوانی ئەم وڵاتە. بەشێکی دیکەی هۆکارەکانی ئەنفال ڕاستەوخۆ گرێدراوی ئەو ڕێچکەیەیە، کە پرۆسەی مۆدێرنە لە عێراقدا پێیداتێپەڕیوە، مۆدێرنەیەک ئەفسەرەکانی سوپا و پیاوانی لەشکر و دەزگا چەکدارەکانی دیکە پیادەیان کردووە، مۆدێرنەیەک، کە دەشێت بە "مۆدێرنکردنەوەیەکی چەکدار" ناونووسیبکەین. هەندێک هۆکاری دیکەیان وابەستەی دیدەکانی بەعس و دونیابینی بەعسیزمی عێراقییە، دیدی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەچاپە پەڕگیر و سۆفی و فاشییەکەیدا. بەشێکی تری هۆکارەکان گرێدراوی کێشەی مۆراڵ و مەسەلەی بەرپرسیاریەتی ئینسانە لەبەردەم ئەمرو نەهییەکانی سیستمی بیرۆکراسیەتی نوێدا، بۆ نموونە پیادەکردنی ئەمرەکانی کوشتاری بەکۆمەڵ و وێرانکردنی هەزاران گوند لەلایەن لەشکر و دەزگاکانی تری دەوڵەتی عێراقیەوە بەناوی 'جێبەجێکردنی واجبەوە'، واجبێک، کە لەناو ماشێنی دەزگا بیرۆکراتییەکانەوە هاتوە و ڕاستەوخۆ مەرگی هەزاران کەسی نووسیوەتەوە، واجبێک، کە بناغەی کارکردنی سیستمی بیرۆکراسییەتی مۆدێرن و داماڵینی ئینسانە لەهەر بەرپرسیارییەتێکی ئەخلاقی و ویژدانی.(٤) بێگومان کولتوری سیاسی و چۆنیەتی مامەڵەکردن و دیتن و چارەسەرکردنی مەسەلەی ژیانی فرەنەتەوەیی و فرەکولتوری لەچوارچێوەی یەک دەوڵەتدا و ئەو یۆتۆپیا و وێنانەش

دەوڵەتی عێراقی هەڵگریانە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەتنیەت و کولتورە جیاوازەکان، لە هۆکارە هەرەگرنگەکانی پیادەکردنی ئەنفالە. سەرەڕای ئەمانە دەشێت سایکۆلۆژیای دیکتاتۆرێکی وەک سەدام حوسەین و پیاوانی دیکەی ناو بازنەی دەسەڵاتِ لە عێراقدا وەک فاکتەرێکی گرنگی دیکە ببینین و لە لێکدانەوەماندا بۆ ئەنفال لەبەرچاویانبگرین.

بێگومان لێکۆڵینەوەی ئەم هەموو هۆکارانە پێویستی بە وەرشەیەکی فیکری و لێکۆڵینەوەی گەورە هەیە و ناکرێت لە وتارێکدا کۆی ئەم هۆکارانە بەسەریەکەوە شیبکرێنەوە، بۆیە من لێرەدا هەوڵدەدەم بەشێکی زۆری ئەم هۆکارانە لەژێر چەتری یەک چەمکدا کۆکەمەوە و لەوێوەڕا لە ئەنفال و ڕوداوەکانی ئەنفال بڕوانم. ئەو چەمکەش، کە پێموایە دەتوانێت ئەم ڕۆڵە فرەلایەنە ببینێت چەمکی دەسەڵاتە، خوێندنەوەی میکانیزمەکانی کارکردنی دەسەڵاتە لە عێراقی سەردەمی سەدامدا. گرنگی چەمکی دەسەڵات بۆ من لەو دیدە فۆکۆییەوە هاتووە، کە پێیوایە ئینسان بوونەوەرێک نییە بەتەنها نوقم لەناو" پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان" و "پەیوەندییەکانی مانا" دا، بەڵکو لەهەمانکاتدا بوونەوەرێکە نوقمە لەناو "پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا". (٥) بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕەهەندە دەسەڵاتییەی ئینسانیش لە پەیوەندیدا بە مەسەلەی جینۆسایدەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو نووسینانەی فۆکۆ، کە لەسەر کارەستی هۆلۆکۆست و کوشتنی بەکۆمەڵی جولەکەکان لە ئەڵمانیای نازیدا نووسیویەتی. لەم نوسینانەدا فۆکۆ سەرەتایەکی زۆر بەهێز دادەڕێژێت بۆ خوێندنەوەی جینۆساید و توانا کوشندەکانی دەوڵەتی مۆدێرن لەپیادەکردنی جینۆسایددا. بەڵام پێشئەوەی بێمە سەر ئەو بابەتە با جارێ هێما بۆ دوو جۆر خوێندنەوەی هەڵە، یان لانیکەم ناتەولو، بکەم کەدەشێت بۆ ئەنفال و ڕوداوەکانی ئەنفال بکرێت.

یەکەمیان: خوێندنەوەی ئەنفال وەک بەشێک لە جەنگی نێران عێراق و

مامەڵەکردنی ئەنفال وەک بەرهەمێک لەبەرهەمەکانی ئەو جەنگە. دوهەمیان: سنووریەندیکردنی ئەنفال لە ناو عەمەلیاتێکدا، کە ئامانجەکانی بەتەنها تێکدان و وێرانکردنی بنەماکانی ژیانی لادێکانی کوردستان بووبێت.

-٣-

ئەنفال بەشێک نییە لە جەنگی هەشتساڵەی ئێران و عێراق و ناکرێت لە چوارچێوەی ئەو جەنگەدا لەم دیاردە ترسناکە تێبگەین. دەشێت جەنگی ئێران و عێراق رووبەک لە رووەکانی ڕوودانی ئەنفال لێکبداتەوە، پێمانبلێت بۆ لەو کاتە تایبەتەدا ڕوویدا، ڕوونیبکاتەوە چۆن وا خێرا و لە ماوەیەکی کورتدا نەخشەی جێبەجێکردنی پیادەکرا، بەڵام جەنگی ئێران و عێراق ناتوانێت هەموو دیاردەی ئەنفال لێکبداتەوە. دیتنی ئەنفال وەک بەشێک لە جەنگی ئێران و عێراق جگە لەوەی لەڕووی تیۆرییەوە ناڕاستە و زادەی لاوازییەکی تیۆری ئاشکرایە، لەهامانکاتدا یەکناگرێتەوە لەگەڵ ڕووداوە واقیعییەکانی جەنگی ئێران و عێراق خۆیدا. لەڕاستیدا ئەوە جەنگی ئێران عێراق نییە، کە ئەنفال لێکدەداتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوە ئەنفالە ئەوە لێکدەداتەوە بۆ جەنگ لەعێراقدا بەرهەمێکی بەردەوامی پێکهاتەی دەسەڵات و پێکهاتەی دەوڵەت و پێکهاتەی کۆمەڵگای عێراقییە. ئەنفالە لێکیدەداتەوە بۆ جەنگ دەرەنجامێکی لۆژیکی ئەو هەندەسە کۆمەڵایەتییە بەزۆر سەپێنراوەیە دەوڵەت لە عێراقدا کۆمەڵگای عێراقی لەناودا زیندانکردووە و ناچاریکردووە جەوهەرێک قبووڵبکات دژ بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەتنی و ئایینی ئەو کۆمەڵگایە خۆی، جەوهەرێک، کە ڕاستەوخۆ لەسەر ئینکارکردن و وێرانکردنی جیاوازییە زۆرەکانی ئەو کۆمەڵگایە کاردەکات.

ڕاستە بەمیلیتاریزەکردنی هەمەلایەنەی زۆر ڕەهەندی ژیانی کۆمەڵایەتی و مەدەنی لە عێراقدا و کردنی عێراق بە ئۆردوگایەکی سەربازی گەورە لە ڕۆژگاری ئەنفالدا مەسەلەی پیادەکردنی ئەنفالی ئاسانترکرد، (لەهەشتاکاندا لەدوازدە ملیۆن عیراقی نزیکەی پێنج ملیۆنیان سەرباز، یان چەکداری دەوڵەتی عێراقی بوون)، ڕاستە بۆ سەربازێکی عێراقی بەشداربوون لە ئەنفالدا و بەگژاچونەوەی کورد و لانێنشینە مەدەنییەکان لەزۆر ڕووەوە سەلامەتتربوو لە بەشداربوون لە بەرە جیاجیاکانی تری جەنگی ئێران و عێراقدا و ڕوویەڕووبوونەوەی لەشکری ئێرانی، ڕاستە جەنگی ئێران و عێراق و پاڵپشتی بێحیسابی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ عێراق مەسەلەی پیادەکردنی ئەنفالی ڕوویەڕووی بێدەنگییەکی نێودەوڵەتی کوشندە کردەوە و ئەم کۆمەڵگایە ئەنفالی لەباشترین حاڵەتدا وەک بەشێک لەجەنگی ئێران و عێراق نیشاندەدا و لەوێشەوە دەستەکانی دەوڵەتی عێراقی لەوێرانکردنی بیقەید و شەرتی کوردستاندا بەتەواوی ئازادکردبوو، بەڵام ئەم جەنگە هەشتساڵەییە ناتوانێت هەموو هۆکارەکانی ڕوودانی ئەنفالمان بۆ لێکبداتەوە. من دواتر دێمە سەر نیشاندانی ئەو بنەما تیۆرییانەی پێموایە ئەتوانێت ئەنفالمان بۆلێکبداتەوە بەڵام لە ئێستادا بۆ نیشاندانی ناڕاستی گرێدانی ئەنفال بە جەنگی ئێران و عێراقەوە دەخوازم هێما بۆ دوو ڕاستی گرنگ بکەم، کە دەیسەلمێنن ئەنفال بەشێک نییەلە جەنگی ئێران و عێراق. ئەو دوو ڕاستیەش ئەمانەن:

یەکەم: عەمەلیاتی ئەنفال ڕوویەڕووی ڕوویەرێکی جوگرافی کرابوەوە، کە زۆربەی هەرەزۆری بەشێکنەبوون لەبەرەکانی جەنگی ئێران و عێراق و لەڕووی سەربازییەوە هیچ گرنگییەکی ستراتیژی، یاخود تەکتیکشیان نەبوو بۆ ماجەرای شەڕەکە و چارەنووسی پێکدادانە سەربازییەکان. بۆنموونە تێکدانی زۆر دێی گەرمیان و تێکدانی گوندەکانی سەرجادەی هەولێر- کەرکوک، یاخود تێکدانی گوندێکی وەک "بێرکۆت"، کە بوویوو بەبەشێک لە شاری هەولێر و لەڕووی جوگرافییەوە لەزۆر

گەڕەکی تری ناو شاری هەولێر بە ناوەڕاستی شارەکە نزیکتر بوو، ئەوەمان نیشاندەدات، کە ئەنفال بەشێک نییە لەجەنگی ئێران و عێراق بەڵکو دیاردەیەکە دەبێت لە خۆیدا و سەربەخۆ لەو جەنگە بخوێنرێتەوە.

دووهەمیشیان: عەمەلیاتی ئەنفال دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران و عێراق هەر بەردەوامبوو. هەشتەمین پەلاماری ئەنفال، کە پەلاماریوو بۆسەر ناوچەی بادینان و نزیکەی سەدهەزار ئاوارەی خستەوە و بەدەیان و سەدانیشی بەچەکی کیمیاوی کوشت، مانگێک دوای تەواوبوونی جەنگی ئێران و عێراق پیادەکرا. بەمانایەکی دیکە کۆتایی عەمەلیاتی ئەنفال یەکانگیر نییە لەگەڵ کۆتایی جەنگی ئێران و عێراقدا.

-٤-

ئەو خوێندنەوەیەی دیکە، کە ناتوانێت لە ئەنفال و ڕووداوەکانی تێبگات بریتییە لەو خوێندنەوەیەی، کە پێیوایە ئەنفال بەتەنها هێرشە بۆسەر لادێکانی کوردستان و ئامانجی بەتەنها تێکدانی ژیانی لادێنشینەکانی کوردستان بووە. ئەم خوێندنەوەیە خوێندنەوەیەکە تەنها نیوەی ڕاستییەکانمان پێدەڵێت. ڕاستە زۆر گرنگە عەمەلیاتی ئەنفال بەو شێوەیەی ڕژێم پێناسیکردبوو، واتە وەک پەلامارێکی پلانرێژکراو بۆسەر ژیانی لادێنشینی کوردستان بەوردی دۆکومێنتبکرێت و باسبکرێت. زۆر گرنگە لە ئاییندەدا و لە هەموو باسکردنێکی ئەنفالدا، چ لەگەڵ ئەو ڕژێمانەدا، کە لە عێراقدا باڵادەستدەبن، یاخود لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، چۆنیەتی ڕوودانی پەلامارەکان و چارەنووسی قوربانییەکان، کە زۆریەی هەرەزۆریان گوندنشینەکانی کوردستان بوون، بەوردی بهێنرێتەپێشەوە و باسبکرێت. زۆرگرنگە بەردەوام باس

له ئەنفال وەک هێرشی لەناوبردنی بەکۆمەڵی پلانرێژەکراو دژ بە کەرتی لادێی کوردستان بکەین و پێ لەسەر ڕەهەندە جینۆسایدییەکەی دابگرین، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیادچێت ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەنفال، گەرچی دەشێت دەسکەوتی سیاسی گەورەی هەبێت، ناتوانێت پێمانبڵێت قووڵاییەکانی ڕوودانی ئەم کارەساتە لەکوێدایە و هۆکارەکانی کامانەن. ناکرێت عەمەلیاتی ئەنفال تەنها وەک هێرشێکی دیاریکراو بۆ سەر لادێ و ژیانی لادێ لەکوردستاندا ببینین و لەچوارچێوەی پەلاماردانی ژیانی لادێدا سنووردارببکەین. چونکە ئەنفال بەرهەمی پێکهاتێکی دیاریکراوی دەسەڵات و عەقڵیەتێکی تایبەتی سیاسی و شێوەیەکی دیاریکراوی ئۆرگانیزەی کۆمەڵگا و پەیوەندییەکی دیاریکراوی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگایە، نەک تەنها هێرشێکی سەربازی بۆسەر لادێکان. لێکدانەوەی ئەنفال وەک هێرش بۆسەر لادێکانی کوردستان جگەلەوەی لەڕووی تیۆرییەوە زۆر لاوازە و ناتوانێت پێمانبڵێت پێکهاتی ئەودەسەڵاتە چییە، کە جینۆساید یەکێک لەبەرهەمەکانییەتی، لەهەمانکاتدا ناتوانێت ئەوەمان پێبڵێت ئەی وێرانکردنی هەندێک لە شارەکانی کوردستان دوای کۆتاییهاتنی عەمەلیاتی ئەنفال چۆن لێکبدەینەوە. ئەو دەسەڵاتەی، کە گوندەکان و بنەماکانی ژیانی لادێی کوردستانی وێرانکرد، هەمان ئەو دەسەڵاتەیە دوای وێرانکردنی گوندەکان شارەکانی قەڵادزە، سەیدسادق و ڕانیە و چەندان شاری دیکەی کوردستانی وێرانکرد. بەبۆچوونی من ئەو دەسەڵاتەی لەپشتی عەمەلیاتی ئەنفالەوە بوو دەسەڵاتێکە وێرانکردن لەپێکهاتەکەیدایە بەبێ ئەوەی شوناسی ئەوشوێنەی وێراندەکرێت ڕۆڵێکی ئەوتۆی هەبێت لە دەستنیشانکردنی پێکهات و شوناسی ئەو دەسەڵاتەدا، ئەم خاڵە لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر تیشکی دەخرێتەسەر. لەلایەکی دیکەوە جیاکردنەوە و دابڕینی ژیانی لادێ لە ژیانی شار جیاکردنەوەیەکی دەستکرد و زۆرجار ناڕاستە. چونکە وێرانکردنی لادێکانی کوردستان لەزۆر ڕووەوە کاریگەرییەکی هێجگار خراپ و

وێرانکەری بۆسەر ژیانی شارەکانی کوردستان هەبوو. بەلادێکردنی شارەکان و بارکردنی شارەکانی کوردستان لەدوای ئەنفالەوە بە توانایەک لەسەروی وزە و توانای دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتوریی خۆیانەوە، بۆخۆی تێکدانی ژیانی تایبەتی ئەوشارانە و سەندنەوەی سیفەتی بەشاربوونە لێیان. بۆیە من پێموایە ئەو دەسەڵاتەی لە عێراقدا لادێ تێکدەدات لەهەمانکاتدا دەسەڵاتێکە لەناوەوەڕا پێکهاتەی شارەکان و ژیانی ناوەکی شارەکانیش تووشی قەیرانی کوشندە دەکات.

-٥-

پێشئەوەی بێمە سەر شیکردنەوەی چەمکی دەسەڵات، بەتایبەتی چەمکی "دەسەڵاتی جینۆسایدی" دەخوازم چەند سەرنجێک دەربارەی دەوڵەت وەک کیانێکی سیاسی مۆدێرن دەربڕم، چونکە دواجار بەشێکی زۆری پراکتیزەی دەسەڵات بەناوی دەوڵەتەوە و لەڕێی دەوڵەتەوە لەسەر کۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، دەکرێت. ئەنفال خۆشی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا و لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت و کۆتاییهێنان بەیاخیبوون دژ بە دەوڵەت پیادەکرا. یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی دەوڵەتی مۆدێرن خولقاندنی وێنەیەکی هاوبەشی کۆمەڵگایە، کە لانی کەم زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە قبووڵیبکەن. لەڕێی ئەم وێنەیەوە دەوڵەت هەوڵدەدات ئەو چوارچێوە گشتییە بخولقێنێت، کە هاوڵاتییان لەناویدا خۆیان وەک هاوڵاتی ئەو دەوڵەتە پێناسبکەن و چوارچێوەیەک بۆ شوناسی ئایینی و ئەتنی و نەتەوەیی و چینایەتی خۆیان بدۆزنەوە. ئەوەشی دروستکردنی ئەم وێنە گشتییەش مەیسەردەکات کۆی ئەو توانا تەکنیکی و ئایدیۆلۆژی و مۆراڵی و دەزگاییانەیە، کە دەوڵەتی مۆدێرن هەڵگریەتی،

لە قوتابخانەی هاوبەش و لەشکر و میدیاوە بیگرە، تا بە مۆزەخانە و ئاڵا و ئامار و دەیەها ڕەمز و توانای مادی و مەعنەوی دیکە دەکات. تواناکانی دەوڵەتی مۆدێرن بەڕادەیەک گەورە و بەرفراوانە هەندێک تیۆریست سڵ لەوە ناکەنەوە بە توانای کۆلۆنیالیزەکردنی ناوەکی کۆمەڵگای ناو بنێن. (٦) و (٧). دوو پرۆسەی گرنگ ڕۆڵی سەرەکی لەدروستکردنی ئەو وێنە زەینیەدا دەبینن، کە دەوڵەت بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگای دروستدەکات و هەوڵدەدات بەسەر کۆمەڵگاشیدا بسەپێنێت، ئەو دوو پرۆسەیەش بریتین لە:

یەکەم: سێنترالیزەکردنی دەسەڵات، واتە کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی دەسەڵاتێکی ناوەندیدا و کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە لۆکاڵییانەی ڕێگرن لەبەردەم کۆکردنەوەی ئەو دەسەڵاتەدا. واتە دروستکردنی دەسەڵاتێکی ناوەندی زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی کۆمەڵگایەک قبووڵیکەن.

دووهەم: مۆنۆپۆلیزەکردن و دەستبەسەراگرتنی ئامرازەکانی زەبروزەنگ و مافی بەکارهێنانی. ئەمەش مانای بوونی دەوڵەت بە تاقە سەرچاوەی بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبروزەنگ و بەشەرعیکردنی بەکارهێنانی ئەو توندوتیژییە.

بێگومان دەوڵەت بۆئەوەی ئەم کارەی بۆ مەیسەربێت ناچارە وێنەیەکی تایبەتی خۆی پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات، کە لەلایەن هەمووان، یان لانیکەم زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەوە قبووڵکرێت، دەوڵەت دەبێت کۆمەڵگا قەناعەت پێبێنێت، کە مافی ئەوەی هەیە زەبروزەنگ هەم مۆنۆپۆلیزە بکات و هەم لەکاتی پێویستیشدا بەکاریبهێنێت. سەرەڕای ئەمە دەوڵەت دەبێت کۆمەڵگا بەوە ڕازیبکات، کە کۆی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان لە دەسەڵاتێکی ناوەندی و سێنترالیزەکراودا کۆبکاتەوە. بێگومان دەوڵەت دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر بوونی خۆی لەڕێگای ترس و ستەم و توندوتیژییەوە بسەلمێنێت و کۆمەڵگا لەناو چوارچێوەیەک لە ترس وتۆقاندندا نوقمبکات و مانەوەی خۆی لەسەر ئەو ترس و

تۆقاندنانە ڕابگرێت. بەڵام کاری سەرەکی دەوڵەتێک بێەوێت مانەوەی خۆی لەدەرەوەی ترس و تۆقاندندا پایەداربکات، لەوەدایە شەرعیەتی خۆی لەڕێگای قەناعەتپێهێنان و قبووڵکردنێکی خۆبەخۆوە مەیسەربکات. لەزانستی سیاسەتدا ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی گشتی لەژێر ناوی "تیۆرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی"دا هێماییۆکراوە. ئەم پەیمانە بناغەی کاری یەکتیقبووڵکردنێکی دوولایەنە دادەڕێژێت، تیایدا هەم دەوڵەت هاووڵاتییەکانی وەک تاکەکەسی یەکسان و خاوەن ماف قبووڵدەکات و هەم هاووڵاتیانیش دەوڵەت وەک ناوکۆییەکی کۆمەڵایەتی و دەزگایەک لەسەروی ناکۆکییەکانەوە قبووڵدەکەن. لە ئەدەبیاتی سیاسیدا هەر دەوڵەتێک نەیتوانی مەسەلەی شەرعیەت لەڕێگای قبووڵکردنی خۆبەخۆوە بسەلمێنێت بە "دەوڵەتێکی لاواز" ناودەبرێت، گەرچی خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی و موشەک و زەخیرەیەکی گەورە لە چەکی کیمیاوی و هێزی تری ئەمنی و سەربازی، بێت. هێزی ڕاستەقینەی دەوڵەت لەو شەرعیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەدایە، کە کۆمەڵگا پێیدەبەخشێت، نەک لە گەورەیی کارخانە و تفاقی شەڕ و بەربڵاویی دەزگاکانی سەرکوتکردن و تۆڕەکانی تۆقاندن.

دەوڵەت لەکاتێکدا وێنەی خۆی وەک هێزێک لەسەروی هەموو دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانەوە و وەک دەزگایەک، کە مافی بەکارهێنانی زەبروزەنگی شەرعی هەیە دروستدەکات، لەهەمان کاتدا لە ڕێگای سیستمی خوێندن و پەروەردە و لەڕێگای سیستمی باجی یەککگرتو و لەڕێگای میدیا و سیستمی سەربازی و یاسایی هاوبەشەوە، وێنەیەکی کۆمەڵگا لەزەینی ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەچێنێت، کە سیفەتی هەرەسەرەکی ئەو وێنەیە هەستکردنە بە ئینتیما بۆ یەک نەتەوە، یان لانی کەم بۆ یەک سەرزەمین و بۆ یەک سیستمی قازانجی کۆمەڵایەتی و یەک فرسەتی گەشەکردنی یەکسان و یەک سیستمی پاراستنی مافی تاکەکەسی و دەستەیی هتد... ئەو دەوڵەتەی لەدروستکردنی ئەم هاوبەشە جیاجیایانەدا

سەرکەوتوو دەبێت "دەوڵەتێکی بەهێزە" گەرچی خاوەنی چەک و جبەخانەی گەورە و دەزگای کۆنترۆڵی مەزنیش نەبێت. بەکورتی دەوڵەتی بەهێز و سەرکەوتو دەوڵەتێکە وێنەیەکی هاوبەشی کۆمەلگا لە فانتازیای سیاسی هاوڵاتیاندا دروستدەکات، کە یەکانگیرە لەگەل پێداویستییەکانی مانەوەی خۆیدا و پێداویستییەکانی مانەوەی ئەو کۆمەڵگایەشدا، کە خۆی بە نوێنەری دەزانێت و لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو هێزە جیاوازانەشدا، کە لەو کۆمەڵگادا پێکەوەدەژین.
لە عێراقدا هەم وێنەی دەوڵەتە بۆ کۆمەڵگا و هەم وێنەی کۆمەڵگاش بۆ دەوڵەت لە قەیرانێکی هەمەلایەندا دەژی، قەیرانێک، کە شەرعیەتی دەوڵەتی عێراقی وەک دەوڵەت و مافی بوونی وەک ئۆرگانێک لەسەروی کۆمەڵگای عێراقییەوە دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە. ئەو وێنەیەی دەوڵەتی عێراقی بۆ کۆمەڵگای عێراقی دروستیدەکات وێنەیەکە باز بەسەر هەموو ئەو جیاوازییانەدا دەدات، کە ئەم کۆمەڵگایە لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتوون، لە جیاوازی ئەتنی و نەتەوەیی و چینایەتییەوە بیگرە بۆ جیاوازی ئایین و زمان و کولتورو شێوازی ژیان. دەوڵەت وەک بازیشدەدات بەسەر ئەم جیاوازییانەدا و نایانسەلمێنێت، لەهەمانکاتدا هەوڵنادات هاوبەشێکی کۆمەلایەتی و سیاسی و یاسایی و کولتوری دروستبکات، کە هەمووان قبووڵیکەن. لەڕاستیدا خودی ئەم بازدانە خۆی هۆکاری سەرەکی دروستنەبوونی ئەو وێنە گشتییەیە، کە هەرکەس و لایەن و گروپێک بتوانن لانیکەم ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی بوونی کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتوری خۆیانی تێدابدۆزێتەوە. بەمانایەکی دیکە لەکاتێکدا دەوڵەتی عێراقی هەموو مافێکی جیاوازبوون لە گروپە جیاوازەکانی ناو هەناوی خۆی دەسێنێتەوە، لەهەمانکاتدا هیچ هاوبەشێکیان پێشکەش ناکات هەمووان لەسەری ڕێکبکەون و بەیەکەوە قبووڵیبکەن. هاوبەشێک تیایدا هەر تاکەکەس و گروپێک خۆی وەک بوونەوەرێکی عەقڵانی، خاوەن ماف و خاوەن بەرپرسیارێتی یەکسان و خاوەن ئارەزوو ئیرادە و

کەرامەت، بدۆزێتەوە.

دەوڵەتی مۆدێرن، مەبەستم دەوڵەتی بەهێزە بەو مانایەی لەسەرەوە باسمکرد، کە هەموو دەسەڵاتەکان سێنترالیزە دەکات و، کە هەموو ئامرازەکانی زەبروزەنگیش مۆنۆپۆلیزەدەکات، لەهەمانکاتدا بوونیانێکی دەزگایی و یاسایی وا دادەهێنێت نەهێڵێت کۆی ئەو دەسەڵاتانە لەخاڵێکدا کۆببنەوە و نەکرێت چاودێریبکرێن. لەکۆمەڵگایەکی تەندروستدا کۆی ئەو دەسەڵاتە سێنترالیزەکراوانە لەیەکدی جیادەکرێنەوە و دابەشدەکرێن. لەهەمانکاتدا کۆمەڵگا خۆشی چەندان دەزگا و دامەزراو و کۆڕ و کۆمەڵی جیاجیا دروستدەکات بۆ چاودێریکردنی چۆنیەتی کارکردن و پراکتیزەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی سێنترالیزەکراون. لە عێراقدا هەردوو پرۆسەی سێنترالیزەی دەسەڵات و مۆنۆپۆلیزەی ئامرازەکانی زەبروزەنگ پیادەکراون، بەڵام لەباتی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری و دابەشکردنیان بەسەر زیاد لە تەوەرەیەک لە تەوەرەکانی بڕیاردانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، هەموویان لەدەستی دیکتاتۆرێک و دەزگاکانی پاراستنی ئەو دیکتاتۆرەدا کۆکراونەتەوە. ئەوەی خەڵکی عێراق وەک هاوبەشێک هەیانە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی، میکانیزمێکی دیاریکراوی دابەشکردنی دەسەڵات، بوونی سیستمێکی هاوبەشی قازانجی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بوونی دیکتاتۆرێکە، کە دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت ئەیانەوێت وەک خێمەی هەموو عێراقییەکان نیشانیبدەن. بێگومان سەدام حوسەین خێمەی هەموو عێراقییەکانە، بەڵام ئەو خێمەیەی لەسەر مۆدێلی قەسابخانە دروستکراوە بەجۆرێک ئەوەی کەوتە ناو سنوورەکانی ئەو خێمەیەوە، ئەگەری کوشتنی لە ئەگەری مانەوەی گەورەترە.

بەدیوی ئەودیویشدا ئەو وێنەیەی کۆمەڵگای عێراقی بۆ دەوڵەتی عێراقی هەیەتی، وێنەی هێزێکی ناشەرعی و چەپێنەر و تۆقێنەرە، کە لەپەیوەندییەکی دوژمنکارانەدایە لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی کۆمەڵگای عێراقیدا. ئەو

وێنەیە وێنەی دەوڵەتە وەک ئەو درندە هۆبزییەی هیچ پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و هیچ میکانیزمێکی جڵەوکردنی دەسەڵات و هیچ چاودێرییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی قبووڵناکات و کاری مانەوە و پاراستنی خۆیەتی لەڕێگای ستەم و زەبروزەنگەوە. لەنێوان وێنەی دەوڵەتی عێراقیدا بۆ کۆمەڵگای عێراقی و لە نێوان واقیعی کۆمەڵایەتی و ئەتنی و نەتەوەیی و کولتوری ئەم کۆمەڵگاییەدا ناکۆکییەکی گەورە هەیە، ناکۆکییەک دەوڵەتی عێراقی تائێستا لەڕێگای زەبروزەنگ و لەشکر و جیهازێکی گەورەی بیرۆکراسی و دەیان دەزگای پۆلیسی نهێنییەوە پاراستوویەتی، نەک لەڕێگای پەیمانێکی سیاسی، یان هاوبەشێکی کۆمەڵایەتی و کولتوری عەقڵانییەوە. هەروەها لەنێوان وێنەی کۆمەڵگای عێراقیدا بۆ دەوڵەتی عێراق و ئەو پەیوەندییەی ئەو دوولایەنە بەیەکدیەوە گرێدەدات، دابڕانێک هەیە، کە تۆڵە لە دەوڵەت و هەوڵدان بۆ لەبەریەکدی هەڵوەشاندنەوە و ڕوخاندنی دەوڵەت، لانیکەم قبووڵنەکردنی بەو شێوەیەی، کە لە ئێستادا هەیەتی، هێڵە گشتییەکانی دیاریدەکات. بێگومان بازدان بەسەر جیاوازییەکاندا و ئینکارکردنیان مانای کۆتایی هێنان بەو جیاوازییانە نییە، بەپێچەوانەوە ئینکارکردن و بازدان بەسەریاندا مانای توندکردنەوە و بارگاویکردنیانە بە ئەگەری تەقینەوەی بەردەوام، بەڵام هەڵگیراو بۆکات و سات و هەلوومەرجی گونجاو و لەبار. لەم ڕووەوە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ نموونەیەکی ئاشکرای تەقینەوەی کۆمەڵگایەکە بەڕووی مێژوویەکی دووروودرێژی بێدەنگکردن و ڕێزنەگرتنی مافی جیاوازبوون و پێشێلکردنی هەموو داوایەک بشێت ئینسان لەڕێیەوە شوناسی خۆی وەک تاکەکەس و وەک ئەندامیک سەر بە گروهێکی کۆمەڵایەتی و ئەتنی و ئایینی دیاریکراو، بژی.

کاری دەوڵەت، لانیکەم لەڕووی تیۆرییەوە، ئەوەنییە کۆمەڵگا ناچاربکات پێناسێک قبووڵکات دوور لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەتنی و ئایینی خۆی، کاری دەوڵەت ئەوەیە چوارچێوەیەکی دەزگایی و یاسایی و عەقڵانی ئازاد دروستبکات، کە هەموو

شوناسـە جیاجیاكـان تیایـدا جێگەیـانبیبێتەوە و ئـازادانە تێیـدا بـوونی سیاسـی كۆمەڵایەتی كولتـوری خۆیـان بژین. چوارچێـوەیەک ببێـتە ناوەنـدی كۆبـوونەوەی جیاوازییەكان بەیەكەوە.

لێرەوە دەڵێم ڕەنگە كەم دیاردە هەبێت لەژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئەخلاقـی و كولتوری ئەو كیانەی ناوی دەوڵەتی عێراقی لێنراوە، ئەوەندەی ئەنفال نـاكۆكییە كەینونییە قوڵەكانی ئەم پێكهاتە سیاسییە نیشانبدات. ئەنفال هەلـی ئەوەمـان بـۆ دەرەخسێنێت لە كاراكتەر و پێكهاتەی ئەو بـوونەوەرە سـەیرە تێـبگەین، كە نـاوی دەوڵەتی نەتەوەیە لە عێراقدا. ئەنفـال نیشـانیدەدات دەوڵەتـی عێراقـی دەوڵەتێـک نییە حـوكمی نەتەوەیەک بكـات، بەڵكـو دەوڵەتـێكە بەبێ نەتەوە. دەوڵەتـێكە تـا سەرئێسقان بێتوانا لە دروستكردنی نەتەوەیەكدا بەنـاوی نەتەوەی عێـراقیەوە، یان لانیكەم لەدروسـتكردنی ئەو چوارچێـوە گشـتییەی گـروهە جیاوازەكـان لە عێراقـدا شوناسی خۆیانی تیـا بپـارێزن و وەک هـاوڵاتی ئەو فـۆرمەی دەیانەوێـت بە ژیـانی كـۆمەڵایەتی و سیاسـی و كولتـوری خۆیـانی بـدەن، بە كـورتی دەوڵەتـی عێراقـی دەوڵەتـێكە لەدەرەوەی لانـی هەرەكەمـی هەر شـێوەیەک لە شـێوەكانی ئیجمـاعی سیاسی و كۆمەڵایەتی و كولتوری.

بێگومـان ئەم دەستنیشـانكردنە گشـتییەی مـاهیەتی دەوڵەتـی عێراقـی و ئەو پەیوەنـدییانەی بە كۆمەڵگـای عێـراقیەوە دەیبەسـتێتەوە بەس نیـیە بـۆ ئەوەی دیاردەی ئەنفالی لەپاڵدا بخوێنینەوە، ڕاستە ئەم ناكۆكییە لەنێوان وێنەی دەوڵەتـی عێراقیدا بۆ كۆمەڵگای عێراقی و لەنێـوان واقیعـی كۆمەڵگـای عێراقیـدا كێشـەیەكی كەینونی گەورە دەخاتەوە، كێشەیەک نەک تەنها بوونی دەوڵەتی عێراقـی دەخـاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵكو مەسەلەی بوونی شتێک بەناوی "كۆمەڵگای عێراقـی" شـەوە ڕووبەڕووی گومـانێكی گەورە دەكـاتەوە. بەڵام وەک وتـم بـوونی ئەم نـاكۆكییە كەینـونییە بەسـنییە بـۆئەوەی دەسـەڵاتێک دروسـتبكات سـیفەتی جینۆسـایدی

لەخۆبگێت. ئەم ناکۆکییە کەینونیە دەشێت هۆکاری چەوساندنەوە و بێدەنگکردن و سزادانێکی ئایینی و ئەتنی و کۆمەڵایەتی ئەو گروهانە بێت، کە دەخوازن جیاوازیەکانییان بپارێزن و بەرگریلێبکەن، ئەم ناکۆکیە دەشێت سەرچاوەی دروستبوونی دەسەڵاتێکی میلیتاری توندوتیژ و حوکمی میلیشیایی و مافیایی بێت، بەڵام بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکمان هەبێت بتوانێت و بیەوێت جینۆساید پیادەبکات، دەبێت زیاد لە بوونی ئەو ناکۆکییە کەینونییە لەئارادابێت، کە باسمانکرد. لێرەوە بۆ خوێندنەوەی ئەم شێوەیەی دەسەڵات، کە من لەم نووسینەدا ناومناوە "دەسەڵاتی جینۆسایدی"، دەبێت خوێندنەوەکانمان بەتەنها لەئاستی دەوڵەت و پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگادا ڕانەگرین، بەڵکو دەبێت ئەو خوێندنەوانە بۆ ئاستێکی قوڵتر بگوێزینەوە، ئاستی کارکردنی میکانیزمەکانی دەسەڵات لە هەناوی کۆمەڵگا خۆشیدا.

-٦-

لەو چوارچێوە تیۆریەدا کەڕاستەوخۆ پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت وەک دەروازەی شیکردنەوەکان بەکاردەهێنێت، تا ئەوشوێنەی من ئاگادارێم، نوسینەکانی کەنعان مەکییە جدیترین هەوڵی تیۆرین، کە دەخوازن لە مەسەلەی بەکارهێنانی توندوتیژی لە عێراقدا بەگشتی و لە ئەنفالدا بەتایبەتی، ڕاڤەبکەن. مەکییە لە پرۆژەی خوێندنەوەیدا بۆ عێراق و مێژووی عێراق زۆر لەسەر مەسەلەی توندوتیژی ڕادەوەستێت، تا ئەو ڕادەیەی یەکێک لە کتێبەکانی ناودەنێت "قەسوەت و بێدەنگی". (٨) مەکییە توندوتیژی و قەسوەتی دەوڵەت دەبەستێتەوە بە کارەکتەر و پرۆژەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئەو مۆدێلی دەوڵەتەی ئەم ناسیۆنالیزمە

دەخوازێت دروستیبکات. لەکتێبی "کۆماری ترسدا" مەکیيه بەدرێژی لەسەر ئەو پێکهاتە دەوڵەتییە ئەدوێت، کە قەسوەت و ترس بەرهەمدەهێنێت و بوونیانێکی دەزگاییان پێدەبەخشێت. لەم کتێبەدا مەکییە گرنگییەکی گەورە بە دروستبوون و شیکردنەوەی دەزگاکانی ترساندن و تۆقاندن دەدات.(٩) لە هەمانکاتدا مەکییە لە کتێبی "قەسوەت و بێدەنگیدا" لەپاڵ درێژەدان بەهەمان هێڵی شیکردنەوەی کتێبەکەی پێشویدا، ئەمجارەیان مەسەلەی توندوتیژی و قەسوەتی دەوڵەت بەو بێدەنگییە کوشندەیەوە گرێدەدات، کە ڕۆشنبیرانی عەرەب بەرامبەر گوناه و تاوانەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان پیادەیدەکەن. لەم کتێبەدا مەکییە پیشاندەدات چۆن ئەو پرۆسەی بەدەزگاییکردنەی توندوتیژی لە کتێبی یەکەمیدا باسیدەکات، لەڕووی کولتوری و سیاسییەوە لەلایەن ڕۆشنبیرانی عەرەبەوە شەرعیەتی بۆ ئەدۆزرێتەوە و تاڕادەیەکی زۆریش ئافەریندەکرێت.

گرنگیی بۆچوونەکانی مەکییە لەڕووی تیۆرییەوە لەوەدایە دەخوازێت ڕەگە قووڵەکانی دیاردەی توندوتیژی، لەوانەش دیاردەی ئەنفال و جەنگە بەردەوامەکانی تری دەوڵەتی عێراقی، لە سیاقی ساتەوەختی ڕوودانی ڕووداوەکان دەربکات و لە سیاقێکی مێژوویەکی فراوانتردا نیشتەجێیانبکات. مەکییە ئەو سیاقە مێژووییە فراوانە وەک سیاقی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و فەشەلی پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی حوکم و بێدەنگی ڕۆشنبیران بەرامبەر بە تاوانەکانی دەوڵەت، پێناسدەکات.

لە لێکدانەوەیدا بۆ ئەنفال مەکییە دەنووسێت : "ئەنفال ڕووداوێک نییە لەئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە، بەڵکو مێژوویەکی درێژی مامەڵەکردنی دڵڕەقانەی کوردی لەلایەن بەعسەوە لە پشتەوەیە، کە دەکرێت ببرێتەوە بۆ ڕێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥، تەنانەت بۆ کۆنتریش. جگەلەمەش لەئارادابوونی سیاسەتی تێکدان و وێرانکردنی بەرفراوانی گوندە کوردییەکان، کە لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە

لەئـارادابووە". هەر لەم سـیاقەدا مەکیـیە بـاس لە سیاسـەتی وێرانکردنـی گونـدە کوردییەکـان دەکـات لەژێـر ناونیشـانی "نـاوچەی قەدەغەکـراو بەهـۆی مەسـەلەی ئەمنییەوە" و وەک دەرەنجامی ئەم سیاسەتەش دروستکردنی ئەو ناوچانەی بەعس ناوینـابوون "زۆنـی ئەمنـی". دروسـتکردنی ئەم "زۆنە ئەمنیـیە" قەدەغەکـرلوانە لە هەفتاکـانەوە و کێشـانی هێڵێکـی سـوور لەنێـوان دەوڵەت و ئەوانەی لەو زۆنـانەدا دەژین، تا ڕوودانی ئەنفال، بەلای مەکییەوە ئەو هۆکارە سەرەکییەیە، کە زەمینەی ڕوودانی ئەنفالیان لە هەشتاکاندا خۆشکرد. بەکورتی مەکییە ڕوودانـی ئەنفـال بەو قەسوەتەوە گرێدەدات، کە دەوڵەتی عێراقی بەرامبەر کـورد هەیەتـی، قەسـوەتێک دواجار بـوەتە بەشـێک لە کولتـوری سیاسـی لەعێراقـدا و بـۆتە ترادیسـیۆنێک بـۆ مـامەڵەکردنی کـورد و مەسـەلەی کـورد لەو وڵاتەدا. لەگەڵ گرنگـی بۆچوونەکـانی مەکیـیەدا دەمەوێـت بڵـێم هەم چەمکـی "قەسـوەت" و هەم چەمکـی "کولتـوری سیاسـی" نـاتوانن قوڵاییەکـانی ڕووداوێکـی وەک ئەنفـال لێکبـدەنەوە. چەمکـی قەسوەت لەگەڵ گرنگیدا لەوە تێپەڕناکات هێمایەک بێت بۆ شێوەیەکی دیاریکرلو لە شێوەکانی پراکتیککردنی دەسەڵات، ئەویش ئەو دەسەڵاتەیە، کە سزای جەستەیی و گەمەی مەرگ لەگەڵ کۆمەڵگادا دواهەمین ستراتیژیەتی. ئەو هێمایەش مەکییە بۆ کولتوری سیاسی دەیکات هێمایەکە بەرزنابێتەوە بۆ ئاستی کەشفکردنی فۆرمەکانی دیکەی دەسـەڵات، واتە ئەو فۆرمـانەی جینۆسـاید پیـادەدەکەن، میکانیزمەکـانی پراکتیککردنی. بەمانایەکی دیکە ئەو دەزگا چەمکییەی مەکییە باکاریـدەهێنێت بـۆ خوێنـدنەوەی ئەنفـال ناتوانێـت قـووڵایی ئەو دیاردەیە ببینێـت کەمـن لەم وتـارەدا ناومناوە "دەسەڵاتی جینۆسایدی". بۆیە من لێرەدا هەوڵدەدەم لەسەر هەمان هێڵی شـیکردنەوەکانی مەکیـیە بەردەوامـبم، بەڵام بە ڕاڕەوێکـی دیـکەدا خوێنـدنەوەکانم ئاراستەبکەم، ئاراستەیەک، کە لەتوانای دەزگا چەمکییەکەی مەکییەدا نییە ئیشـی تێدابکات.

-٧-

ئێستا ئیدی یەکەمین شتێک پێویستی بە ڕوونکردنەوەبێت چەمکی "دەسەڵاتی جینۆسایدی"یە، ئایا ئەم دەسەڵاتە چییە و کامەیە و چۆن دروستدەبێت و چۆن کاردەکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ تیۆری دەسەڵات لای فۆکۆ، بەتایبەتی لەو نووسینانەیدا، کە لە ئەزموونی نازیزم لە ئەڵمانیادا ئەدوێت. با جارێکی دیکەش لەو دابەشکردنەوە دەستپێبکەین، کە فۆکۆ بۆ فۆرمە جیاوازەکانی دەسەڵاتی دەکات، مەبەستم لەم فۆرمانەش ئەو سێ فۆرمەن، کە لە کۆلێژەکانی بەر لە نووسینی کتێبی "کۆنترۆڵ و سزا" دا باسیاندەکات. فۆکۆ لەیەکێک لەو وانانەدا ئەم سێ شێوەیەی دەسەڵات لەیەکدی جیادەکاتەوە:

١ـ دەسەڵاتی سزابەخش.

ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکە لەسەر سزای فیزیایی کاردەکات و ڕاستەوخۆ مەرگ دەرەنجامەکەیەتی. بە بۆچوونی فۆکۆ دەسەڵاتی سزابەخش ئەو شێوەیەی دەسەڵاتە، کە لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکانی بەر لەمۆدێرنە و بەر لە هاتنەکایەی دونیای مۆدێرن لەئارادابووە. مەبەست و ئامانجی سەرەکی ئەم دەسەڵاتە بریتیە لە پاراستنی سەروەریی پادشا، یان ئەمیر. پادشا بۆ پاراستنی سەروەری خۆی مافی کوشتنی هەموو ئەوانەی هەیە ئەو سەروەریە قبووڵناکەن، یان بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو سەروەرییە بریندارئەکەن. لەم دیدە سیاسییەدا، کە دیدی سیاسەتی تەقلیدی بەر لە مۆدێرنەیە، سەروەری پاشا یەکسانە بە سەروەری هەموو سیستمی دەسەڵات، پادشا و دەسەڵات دوو شتن ناکرێت لەیەکدی جیابکرێنەوە. بۆ ئەوەی دەسەڵات سەروەربێت دەبێت پادشا سەروەربێت، بۆئەوەی دەسەڵات پارێزراوبێت دەبێت سەروەری پادشا پارێزراوبێت. وەک ئاشکرایە لێرەدا چەمکەکانی "کۆمەڵگا"

و "سەروەریی کۆمەڵگا" و بیرۆکەی "هاوڵاتی" و بیرۆکەی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" و زۆریەی هەرەزۆری ئەو چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی مۆدێرنە و کایەی سیاسی مۆدێرن لەگەڵخۆیاندا دەیانهێنن، بەتەواوی نائامادەن. سیستمی دەسەڵات و سیستمی سیاسی لەسەر بیرۆکەی پادشا و سەروەری پادشا بنیادنراون. خودی دەسەڵات خۆی نیشتەجێی ناو جەستەی پادشایە و پادشا بوونەوەرێکە دەتوانێت مافی کوشتن و مافی بەخشینی ژیان دەستنیشانبکات. لەم دیدەدا پادشا ڕەمز، یان هێمایەک نییە بۆ دەسەڵات، بەڵکو خۆی خودی دەسەڵاتە و دەسەڵاتیش جەستەی پادشا خۆیەتی. ئەوەی شوێنی سەرنجی ئێمەیە لە بۆچوونەی فۆکۆدا ئەو مافی کوشتنەیە، کە پادشا هەیەتی. لەم مۆدێلەی دەسەڵاتدا پادشا ڕاستەوخۆ لەسەر گەمەی مەرگ و ژیان کاردەکات و ڕۆڵێکی خودلوەندیانە دەبینێت بەرامبەر بە ڕەعیەتەکانی ناو سنووری دەسەڵاتەکەی. پادشا بۆ پاراستنی سەروەری خۆی مافی سزادانی ئینسانەکانی بەخۆیداوە، تا پلەی سەندنەوەی ژیان لێیان و سزادانیان بە مەرگ. لێرەوە مەرگ بەشێکی ناوەکی و دانەبڕاوی گەمەکانی دەسەڵات و پاراستنی سەروەرییەکانی دەسەڵاتە، هەربۆیە سزای کوشتن ڕاستەوخۆ کراوە بە مافێک لە مافەکانی پادشا، وەک چۆن لە هەمانکاتدا کوشتن خۆشی یەکێک لە گرنگترین تەکنیکێکی کارکردنی دەسەڵات خۆشیەتی.

٢ـ دووهەمین شێوەی دەسەڵات، کە فۆکۆ باسیدەکات بریتیە لە بیۆ ـ دەسەڵات.

بیۆدەسەڵات بریتییە لەو شێوازەی دەسەڵات، کە لەسەر بایۆلۆژیای ئینسان و خودی ژیان خۆی لەمانە بایۆلۆژیەکەیدا کاردەکات. بەباوەڕی فۆکۆ ئەم دەسەڵاتە بەرهەمی ڕۆژگاری مۆدێرنەیە و لەوکاتەدا دروستدەبێت، کە دەوڵەت بیر لە کۆمەڵگا دەکاتەوە وەک گشتێکی سەرتاسەری، وەک مەسەلەی ئۆرگانیزەکردن و بەڕێوەبردنی ژیانی ئەو هەزاران ئینسانەی، کە دەکەونە سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتەوە. بیۆدەسەڵات ئەو فۆرمەی دەسەڵاتە، کە دەخوازێت کۆنترۆڵی ژیانی

دانیشتوان بکات و پلانی بۆدابنێت. هەم بیرۆکەی "کۆمەڵگا" و هەم بیرۆکەی "دانیشتوان" ڕاستەوخۆ وەک بابەتی بیۆدەسەلات دێنەکایەوە و ئەرکی دەسەلات بەرامبەر بەم دووانەش بریتییە لە پارستن و گەشەپێدان و چاودێریرکردنیان. ئیدارەدانی گەشەی ژمارەی دانیشتوان و پلاندانان بۆ مەسەلەی خۆراک و ڕێکخستنی ژیانی جنسی و ئۆرگانیزەی خێزان و مەسەلەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی منالان و ژیانی پیران و تەندروستی گشتی کۆمەڵگا وەک گشتێک هتد... هەموویان دەبنە کۆمەڵێک بابەت، کە دەولەت ڕاستەوخۆ لەڕێگای بیۆدەسەلاتەوە کاریان لەسەردەکات. لێرەوە مەسەلەی سێکس و منداڵبوون و مردن و هەموو ئەو دیاردانەی تر، کە پەیوەندیان بە ژیانی بایۆلۆجی ئینسانەوە هەیە و پەیوەندییان بەپلان دانان بۆ مەسەلەی دانیشتوانەوە هەیە، دەبنە بەشێک لەسیاسەتی ڕۆژانەی دەولەت. فۆکۆ ئەو سیاسەتەی لە ئەنجامی پراکتیککردنی بیۆدەسەلاتەوە دروستدەبێت ناودەنێت "بیۆسیاسەت". بیۆسیاسەت، ئەو سیاسەتەیە، کە دەخوازێت لەسەر ئینسان وەک بوونێکی بایۆلۆژی و لەسەر ژیان خۆی وەک پێدراوێکی بایۆلۆژی، کاربکات. ئامار و ژمێرە، مەعریفەی بایۆلۆژی و پزیشکی، ئابووریی دانیشتوان، ئەو ئامرازانەن ئەم شێوەیەی دەسەلات کاریانپێدەکات و بناغەکانی بیۆ- سیاسەتیان لەسەر دادەڕێژرێت. بەکورتی بیۆدەسەلات دەسلاتێکە کۆمەڵگا وەک جەستەیەکی کۆمەلایەتی گەورە دەکاتە بابەتی خۆی و سیاسەتێک بەرهەمدەهێنێت، کە دەخوازێت ژیان وەک مەسەلەیەکی ئیداری تەماشابکات و وەک مەسەلەیەکی ئیداری بیبات بەڕێوە. ئەگەر دەسەلاتی سزاگەر لە کۆمەڵگای تەقلیدیدا لەسەر مافی مەرگ کاریکردبێت، ئەوا بیۆدەسەلات لە کۆمەڵگا مۆدێرندا لەسەر مافی ژیان و چۆنیەتی بەڕێوەبردن و چاککردن و چالاککردنی ژیان کاردەکات. لێرەوە ئەوەی لە بیۆ-دەسەلات و بیۆسیاسەتدا سێنترالە سەروەری پاشا نییە، بەڵکو پاراستن و هێشتنەوە و گەشەپێدانی ئەو گشتە گەورەیەیە

کەناوی کۆمەڵگا، یان دانیشتوانە.

٣ـ شێوەی سێهەمی دەسەڵات لای فۆکۆ بریتیە لە "دەسەڵاتی کۆنترۆڵ، یان چاودێریکەر".

ئەم شێوەیەی دەسەڵاتیش، وەک شێوەکەی پێشوتر، بەرهەمی ڕۆژگاری مۆدێرنە و پرۆژەی مۆدێرنەیە. چاودێریکردنی کۆمەڵگا و چاودێریکردنی ئینسان لە شوێن و جێ و لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا ستراتیژی سەرەکی ئەم شێوەیەی دەسەڵاتە. کۆنترۆڵ و چاودێری ئەو ستراتیژەن لەڕێگایەوە دەسەڵات دەتوانێت پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگا و چۆنیەتی ڕیزبەستن و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان بهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لە ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنەدا پاشا نەیدەتوانی سەرلەبەری کۆمەڵگا و سەرلەبەری ئینسانەکانی ناو کۆمەڵگا بخاتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵەوە، پاشا نە دەزگای مۆدێرنی چاودێریکردنی هەبوو، نە ئەو مەعریفەیەش، کە بتوانێت ئینسان و کۆمەڵگا شیبکاتەوە و بتوانێت بەهۆیانەوە پێشبینی ئەوە بکات داخۆ کۆمەڵگا و ئینسانەکان بە چ جۆرێک دەجوڵێنەوە و چ جۆرە گۆڕان و پەرەسەندنێک چاوەڕێیاندەکات. مۆدێرنە دەیەها دەزگا و دامەزراوی جیاجیا دەهێنێتەکایەوە، کە کاری کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنی ئینسانەکان فەراهەمدەکات، لە لەشکری مۆدێرنەوە بیگرە، تا بە کارخانە و بەندیخانە و قوتابخانە و خەستەخانە و پارت و ڕێکخراوی سیاسی و دەیەها دەزگای مۆدێرنی دیکە دەگات، کە تیایاندا ئینسان و کۆمەڵگا لەڕێگای بەدەیەها تەکنیکی جیاجیاوە دەکەونە ژێر چاودێرییەکی وردەوە. بێگومان لەدایکبوونی زانستەکانی سۆسیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، زانستی سیاسەت، بایۆلۆژیا هتد... زانیاری زۆریان هەم لەسەر خودی کۆمەڵگا و هەم لەسەر خودی ئینسان بەرهەمهێنا، کە دەوڵەت دەتوانێت سودیان لێببینێت بۆ بەهێزکردنی تەکنیکەکانی کۆنترۆڵ و چاودێریکردن. بە بۆچوونی فۆکۆ دەرەنجامی لەدایکبوونی ئەم هەموو تەکنیکە مۆدێرنانەی چاودێری و کۆنترۆڵ،

دروستبوونی جۆرێک لە ئینسانە، کە فۆکۆ ناویدەنێت "ئینسانی ڕامکرلو" و بەندکرلو لەناو دەزگاکانی کۆمەڵگای مۆدێرندا. بەکورتی ئەم شێوەیەی دەسەڵات بۆیەکەمین جار لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ئەو هەلەی ڕەخساند، کە هەم خودی ئینسان و هەم خودی کۆمەڵگا لەلایەن دەزگا جیاجیاکانی دەسەڵاتەوە تا ئەندازەیەکی ترسناک بخرێنە ناو چاودێرییەکی فرەلایەنەوە.

بەڵام داخۆ کام شێوە لەو شێوانەی دەسەڵات هەڵگری ڕەهەندی جینۆسایدییە؟ کامەیانە هێڵە گشتییەکانی جینۆساید دەستنیشان و پیادە دەکات؟

فۆکۆ ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە نەداتەوە، بەڵام لە قسەکردنیدا لەسەر ئەزموونی نازیزمی ئەڵمانی ئەو ڕاستییە ئەسەلمێنێت، کە جینۆساید بەرهەمی شێوە مۆدێرنەکانی دەسەڵاتە. لەمڕووەوە فۆکۆ سەبارەت بە نازیزم دەنوسێت: "نازیزم خاڵی کۆبوونەوە و کەڵەکەبوونی گەشەی هەموو میکانیزمە تازەکانی دەسەڵاتە، کەلەسەدەی هەژدەهەمەوە هاتوونەتەکایەوە.... (مەبەستیش لەو دەسەڵاتانە) دەسەڵاتی کۆنترۆڵکەر و بیۆدەسەڵاتە". بەمانایەکی دیکە فۆکۆ دەڵێت ئەوەی نازیزم دروستدەکات ئەو شێوانەی دەسەڵاتە، کە مۆدێرنە لەگەڵخۆیدا دەیهێنێت، ئەو دەسەڵاتەی لە توانایدایە هەم چاودێریەکی وردی یەکەبەیەکەی هێز و ئۆرگانەکانی کۆمەڵگا بکات و هەم هاوکات ئەو تاکە لەیەکدابڕلو و بەجیاواز چاودێریکرلوانە، بکات بە بەشێک لەو گشتە گەورەیەی دەوڵەت وەک دلنیشتوان پلانی بۆدادەنێت و لێیدەکۆڵێتەوە بەو شێوەیەش، کە دەیەوێت هەم پێناس و هەم ئۆرگانیزەی دەکات. ئەم دەسەڵاتە مۆدێرنە لەسەرێکەوە ئینسانەکان بۆ تاکەکەسی تەنیاو چاودێریکرلو وردەکاتەوە، لەسەرێکی دیکەوە کۆیاندەکاتەوە و دەیانکاتە گشتێکی ئۆرگانی و لەژێر ناونیشانی دلنیشتواندا پلانی ڕێکخستن و دروستکردن و پێناسەکردن و لەقاڵبدان و ئیدارەکردنیان دادەنێت. بەکورتی نازیزم لەیەککاتدا هەم لەسەر تەکنیکەکانی بەگشتیکردن و سڕینەوەی جیاوازیی و خولقاندنی

هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی چوونیەک کاردەکات، هەم لەسەر تەکنیکەکانی دابڕین و وردکردنەوەی خودی ئەو گشتە گەورەیەی دانیشتوان بۆ تاکەکەسی لێکدی دابڕاو و دەستەمۆکراو و گەمارۆدراو بە دەزگاکانی چاودێری و کۆنترۆڵکردن. ئەوەی فۆکۆ دەیەوێت بیسەلمێنێت گرێدانی توانای پیادەکردنی جینۆسایدە بە تەکنیکەکانی دەسەڵاتی مۆدێرنەوە، فۆکۆ دیەوەێت بڵێت ناکرێت بەبێ ئامادەبوونی شێوە مۆدێرنەکانی دەسەڵات و لەڕاستیشدا بەبێ ئامادەبوونی خودی مۆدێرنە خۆی وەک پرۆژەیەکی گشتگیر، قسە لە جینۆساید بکەین. بەم مانایە جینۆساید منداڵی مۆدێرنە و تەکنیکەکانی دەسەڵاتی مۆدێرنە. ئەو دەزگایانەی مۆدێرنە خەڵک و گروپە جیاجیاکانی پێدەکات بە ئەندامی یەک کۆمەڵگا و یەک نەتەوە و هەموویان لەژێر چەتری یەک کۆمەڵگادا کۆدەکاتەوە و دەیکات بە دانیشتوانی ناو سنووری دەوڵەتێک، ئیدی لە لەشکرەوە بیگرە بۆ هەموو دەزگا بیرۆکراسەکانی دیکە، هەمان ئەو دەزگایانەن، کە دەتوانن بەناوی پاراستنی نەتەوە و پاراستنی کۆمەڵگا و پاراستنی دانیشتوانەوە، سەرلەبەری بوونی ئەو گروهانە بخەنە مەترسیەوە، کە وەک دوژمنی کۆمەڵگا و وەک دوژمنی نەتەوە دوژمنی دانیشتوان پێناسەدەکرێن. بەڵام داخۆ چ میکانیزمێک لەپشتی فەراهەمکردنی توانای جینۆسایدەوەیە؟، یان ڕاستریڵێین لە چ کاتێکدا مۆدێرنە و دەسەڵاتی مۆدێرن دەبنە دەسەڵاتێکی جینۆسایدی؟

فۆکۆ کەدێتە سەر باسکردنی ئەو دونیا پڕ مەرگەی نازییەکان دروستیانکرد و ئەو فیزیای سزایەی جولەکەکانیان پێ سزادا، باس لەمیکانیزمێکی هێجگار گرنگ دەکات، کە نازییەکان لە سییەکان و چلەکانی ئەم سەدەیەدا دروستیانکرد. ئەو میکانیزمەش میکانیزمی گۆڕانی بیۆسیاسەتە بۆ "ساناتۆسیاسەت". ئێمە لە لاپەڕەکانی پێشوودا بیۆسیاسەتمان پێناسکرد و وتمان ئەو شێوەیەی سیاسەتە، کە لەسەر ژیانی بایۆلۆژی ئینسان و پاراستنی ئەو ژیانە و پلان بۆدانانی

کاردەکات، ئەو سیاسەتەی دەخوازێت تواناکانی بەرهەمهێنان و بڕ و ڕادەی وزە و چالاکی لە ئینساندا گەورەتر و بەهێزتر کات. بەڵام ئەی ساناتۆسیاسەت چییە؟ ساناتۆ- سیاسەت ئەو سیاسەتەیە، کە ڕاستەوخۆ هەم لەسەر مەرگ و هەم لەسەر فیکرەی لەڕەگوڕیشە هەڵکەندنی هەموو ئەو شتانە کاردەکات، کە دەسەڵات وەک ڕێگر و کۆسپێک لەبەردەمی خۆیدا پێناسیاندەکات. بەمانایەکی دیکە ساناتۆ- سیاسەت ئەو جۆرەیە لە سیاسەت، کە دەخوازێت هەموو ئەو شتانە وێرانبکات، کە دەسەڵات نایەوێت بوونیان هەبێت، ساناتۆسیاسەت بریتییە لە هەڕەشە و پلانی وێرانکردنی هەموو ئەو شتانەی دەسەڵات وەک ناحەزێک پێناسیاندەکات. ئەگەر بیۆسیاسەت هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت و هەندەسەیەکی تایبەت بۆ ژیان پێشنیاریکات و لەڕێگای دەزگا مۆدێرنەکانەوە بیەوێت ئەو هەندەسەیە بسەپێنێت، ئەوا ساناتۆسیاسەت ئەو کۆسپە ئینسانی و کۆمەڵایەتی و سیاسیيانە وێراندەکات کەڕێگرن لەبەردەم پیادەکردنی ئەو هەندەسە کۆمەڵایەتییەدا. ئەگەر بیۆسیاسەت بیەوێت ژیان بپارێزێت ئەوا ساناتۆ سیاسەت ئەو کۆسپانە وێراندەکات، کە ڕێگرن لەبەردەم پیادەکردنی ئەو ژیانەدا. ئەو ژیانەی، کە ساناتۆسیاسەت دەیەوێت بۆنموونە لە ناو سنورەکانی دەوڵەتی نەتەوەدا وێرانیکات، زۆرجار ژیانی ئەو دەستە و گروپانەیە، کە وەک دوژمنی دەوڵەت و دوژمنی نەتەوە و دوژمنی کۆمەڵگا پێناسەدەکرێن. بە گۆڕانی بیۆسیاسەت بۆ ساناتۆسیاسەت ئیدی دەسەڵات کارەکتەری جینۆسایدی وەردەگرێت و ئەو سەرزەمینی مەرگە دروستدەکات، کە ناحەزەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگایان تێدا سزادەدرێت، ناحەزانێک دەوڵەت وەک بوونەوەری هەڵە پێناس و دروستیاندەکات. لەژێر سێبەری ئەم لێکدانەوەیەدا دەکرێت بڵێین "دەسەڵاتی جینۆسایدی" ئەو شێوەیەی دەسەڵاتە، کە تیایدا بیۆسیاسەت دەگۆڕێت بۆ ساناتۆسیاسەت و گەمەی پاراستنی ژیان دەگۆڕێت بە گەمەی بەرهەمهێنانی مەرگ. بەڵام ئایا ئەو سیاسەتەی مەرگ بەرهەمدەهێنێت،

واتە ساناتۆ سیاسەت، جگە لە سیاسەتێک، کە دەیەوێت سزای فیزیایی کەسەکان بدات شتێکی دیکەیە؟ ئایا ئەم سیاسەتە بەشێک نییە لەو شێوەیەی دەسەڵات، کە فۆکۆ دەڵێت سەر بە ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنەیە، سەر بە ڕۆژگاری مافی کوشتن و مافی سەروەربوونی پادشاکانە، بە مانایەکی دیکە ئایا ئەم جۆرە سیاسەتە بەرهەمی دەسەڵاتی سزاگەر نییە؟

فۆکۆ بە نەخێر وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، بەباوەڕی فۆکۆ سیاسەتی کوشتن و لەناوبردنی جینۆسایدییانەی ئینسان مانای گەڕانەوەی دەسەڵاتی سزاگەر، واتە دەسەڵاتێ لەسەر کوشتن کاریکات، نییە بۆناو هەناوی مۆدێرنە. کوشتنی بەکۆمەڵ لەدونیای نازییەکاندا لەو مافە کۆنەوە نەهاتووە، کە پادشا هەیبوو بۆ لەناوبردنی ئەوانەی سەروەری پادشایان دەخستە مەترسییەوە، کوشتنی بەکۆمەڵ لە دونیای نازیزمدا لەو ڕاستییەوە دێت، کە دەسەڵاتی مۆدێرن بەهەمان ئەندازەی ئیشکردنی لەسەر ژیان، دەتوانێت لەسەر مەرگیش دەستبەکاربێت، چەند دەتوانێت ژیان بپارێزێت و گەشەپێبدات، بەهەمان ئەندازەش ئەتوانێت وێرانیکات. ئەم وێرانکارییە وەک ئەو سزایە نییە، کە دەیەوێت بەرگری لە سەروەری پادشا بکات، بەڵکو بەرگری لە وێنەی کۆمەڵگایەک، یان نەتەوەیەک دەکات، کاری ئەوە نییە شەرعیەتی پادشا بپارێزێت، بەڵکو بەناوی پاراستنی شەرعیەتی کۆمەڵگا و نەتەوەیەکەوە ئەدوێت. بەمانایەکی دیکە کوشتنی بەکۆمەڵ پابەندی پارستنی سەروەری پادشا نییە، بەڵکو بەرەنجامی فانتازیاکردنێکی نوێی شوناسی کۆمەڵگایە وەک بوونێکی هاوشێوە و وێکچوو، بەرەنجامی هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، کە لەسەر بیرۆکەی ئامێزانبوون و هاوچارەنووسی ئەتنی و کولتوری دروستبووە. نازییەت خەونی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی وێکچوو بێجیاوازییە، کە تێیدا یەک ڕەگەز سەروەر و باڵادەستە و ئەوانیدیکە خزمەتکار و بوونەوەری پلە دوو و پلە سێ و پلە چوارین. نازییەت وێناکردنێکی تازە و تایبەتی کۆمەڵگا و

فانتازیایەکی سیاسی نوێیە، کە لەسەر سڕینەوەی جیاوازییەکان و وێرانکردنی هەموو ئەو شتانە بنیادنراوە، کە ڕێگرن لەبەردەم دروستکردنی وێکچوونێکی سەرتاسەریدا، لەڕاستیدا نازیزم ترسێکی بێسنورە لە جیاوازی. لەم دیدەوە هۆلۆکۆست هەم بەرهەمی گەشەی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن و هەم بەرهەمی کولتوری سیاسی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنە، هۆلۆکۆست هەم بەرهەمی ژوورە مۆدێرنەکانی غازی کوشتنە هەم بەرهەمی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنال سۆسیالیزمە. خاڵی جەوهەری لەم بۆچوونەی فۆکۆدا ئەوەیە، کە دەسەڵاتی مۆدێرن هەم دەتوانێت ژیان بپارێزێت هەم دەشتوانێت وێرانیبکات، تەکنیک هەم دەتوانێت زیندەگی ئینسان سانابکات، هەم دەتوانێت غازی کوژەر بەرهەمبهێنێت. بۆیە ساناتۆ- سیاسەت دیوی ئەودیوی بیۆ-سیاسەتە، مۆدێرنە خۆشی لە یەککاتدا هەم هەڵگری ساناتۆ-سیاسەت و هەم هەڵگری بیۆ- سیاسەتە، هەم هەڵگری دونیابینیەکی شاعیرانەیە هەم هەڵگری دیدی جەلادێکیش.

بەباوەڕی فۆکۆ دونیای پڕ مەرگ و کوشتاری نازییەکان شتێک نییە دژ بە مۆدێرنە و ئەو دونیا و ئەگەرانەی مۆدێرنە پێشنیاریاندەکات. هۆلۆکۆست بەربەریەتێک نییە لەدەرەوەی مۆدێرنەوە هاتبێت و بیەوێت ڕەوتی مۆدێرنە تێکبدات، جینۆساید هەڕەشەیەکی ناوەخت نییە ڕێکەوتێک دروستیکردبێت، دونیای پڕ مەرگەکەی نازییەت ئەگەرێکە لە ئەگەرەکانی مۆدێرنە و بەشێکی تۆرگانی ئەو میکانیزمانەی دەسەڵاتە مۆدێرنە لەناوەوەڕا بەرقەرلاریان دەکات. ڕووە ڕووناکەکان و ڕووە تاریکەکانی دونیای هاوچەرخ هەردووکیان بەهامانئەندازە لە هەناوی پرۆژەی مۆدێرنەدا ئامادەن. ئەو ڕووەی مۆدێرنە، کە دەخوازێت کۆمەڵگا لەسەر وێنەی سەریارگە بەرهەمبهێنێت، بەهەمانئەندازەی ئەو ڕووەی دیکەیان، کە دەخوازێت کۆمەڵگا وەک دەرەنجامی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی پێشنیارکات، ئامادەیە. دیموکراسیەت و نازیزم، ویلسۆن و هیتلەر دوو منداڵن هەردووکیان لە ڕەحمی

مۆدێرنەوە هاتونەتەدەرەوە. بێگومان ئەم بۆچوونە فۆکۆییە مانای ئەوە نییە، کە مۆدێرنە بە حەتمی ڕووی لە جینۆسایدە و بە حەتمی جینۆساید بەرهەمدەهێنێت، ئەوەی فۆکۆ دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە جینۆساید یەکێک لە ئەگەرەکانی مۆدێرنەیە، ئەم ئەگەرە توانای بەرجەستەبوونی نابێت گەر کۆمەڵگا توانی بەر بە ڕووکارە تاریکەکانی دەسەڵاتە مۆدێرنەکان بگرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت بەردەوام دەسەڵات چاودێریبکرێت و کۆمەڵگا دەزگا و دید و میکانیزمی تایبەتی ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵات بدۆزێتەوە، کە نەهێڵێت دەسەڵات ڕووە جینۆسایدییەکانی خۆی بەهێزبکات.

مارسیل بلانچۆت لەپاڵ لێکدانەوەکانی فۆکۆدا لەسەر هەمان هێڵ دەڕوات و دەڵێت: "بۆ پیادەکردنی جینۆساید پێویستمان بەهەموو شێوەکانی دەسەڵات هەیە لەوانەش بیۆدەسەڵات کەلەسەر فیکرەی چاککردنەوە و میتۆد و دەستنیشانکردنێکی خوێنساردانە کاردەکات". (١٠) مەبەستی بلانچۆت لە مەسەلەی "چاککردنەوە" لەم پەرەگرافەدا چاککردنەوەی ئەو شتانەیە، کە دەسەڵات وەک هەڵە پێناسیاندەکات، ئەم چاککردنەوەیەش لە ڕێگای ڕیشەکێشکردن و لەناوبردنی ئەو هەڵە پێشنیارکراوانەوە دەبێت. لەدۆخی ئەڵمانیای نازیدا چاککردنەوەی هەڵەکان مانای لەناوبردنی جولەکەکان بوو وەک ڕەگەزێکی هەڵە، یان نەخۆش. جولەکەکان لەدیدی نازییەکانەوە هەڵگری خوێنێکی هەڵەبوون، کە مەترسییەکی گەورەیان بۆ پیسکردنی خوێنی ئاری بەگشتی و بۆخوێنی ئەڵمانی بەتایبەتی، هەبوو. پرۆسەی پاککردنەوەی خوێنی ئەڵمانیش مەسەلەیەک بوو نازییەکان دەیانویست بەهانە و پاشخانێکی میتۆدی و زانستی بۆ بدۆزنەوە، ئەم میتۆدەش بەوە دەستیپێدەکرد، کە بیسەلمێنێت جولەکەکان لەڕووی بایۆلۆژییەوە ڕەگەزێکی هەڵەن و ئارییەکانیش لە ڕەگەزەکانی دیکە پێشکەوتوتر و بەتواناترن. دواقۆناغیش لەم چیرۆکەدا دەرکردنی بڕیاری لەڕەگوڕیشە هەڵکەندنی ئەو هەڵە پێشنیارکراوانە

بـــوو بەشـــێوەیەکی بیرۆکراســـی ڕۆحســـارد و بێهەســـتکردن بەهـــیچ گوونـــاه وەسوەسەیەکی ویژدانی.

ئەم دەستنیشانکردنەی بلانچۆت پڕاوپڕی ئەزموونی نازیزمی ئەڵمانییە، جینۆسـاید لە ئەزمـوونی نازییەتـدا لەپـاڵ گوتـارێکی ڕاسیسـتیدا پیـادەکرا، کە بیۆـدەسەڵات ڕۆڵێکی هێجگار گرنگی لەداڕشتنی ناوەڕۆکی ئەو گوتـارە ڕاسیستییەدا دەبینـی. فۆکۆ ئەم ڕاسیزمە ناودەنێت "ڕاسیزمی دەوڵەت"، مەبەست لە ڕاسیزمی دەوڵەتـی ئەوەیە دەوڵەت لەسـەر بنـاغەی ڕەگەز هەنـدێک گـروپ دەردەکـاتە دەرەوەی ئەو شوناسە گشتییەوە، کە بۆ کۆمەڵگای دروستدەکات. دەوڵەت لە دروسـتکردنی ئەو هەندەسە کۆمەڵایەتییەدا، دەخوازێت بەسەر کۆمەڵگایـدا بسـەپێنێت، ئەو گروهـانە دەردەکاتەدەرەوە، کە لەگەڵ فانتازیاکانی دەوڵەتدا بۆ کۆمەڵگـا یەکنـاگرنەوە. ئەم دەرکـردنە دەرەوەیەش لە دۆخـی جینۆسـایددا لەنـاوبردنێکی سەرتاســەری ئەو گروپانەیە، کە دەوڵەت نایەوێت بەشێکبن لە شوناسی ئەو کۆمەڵگایە. بەڵام فۆکۆ مەسەلەی ڕاسیزمی دەوڵەت تەنها بە مەسەلەی ڕەگەزەوە گرێنادات و هاوکات پـێ لەسەرئەوە دادەگرێت نابێت ڕاسیزم تەنها بـۆ مانـا بـایۆلۆژییەکەی کـورتبکەینەوە. دەوڵەت دەتوانێـــت زیـــاد لە گـــرووپ و دەســـتەیەک وەک بـــوونەوەری هەڵە پێناسەبکات، بەڵام نەلەسـەر ئەساسـی ڕەگەز وەک نـازیزمی کلاسیکی دەیکـات، بەڵکـو لەسـەر ئەساسـی سـێکس، وەک لەنـاوبردنی هۆمۆسێکسـواڵەکان، لەسـەر ئەساسـی ڕاو بۆچـوونی سیاسـی، وەک لەنـاوبردنی نـاحەزە سیاسـیەکان، لەسـەر ئەساسـی ئەتنـیەت، وەک لەنـاوبردنی قەرەجەکـان، هتـد... بەکـورتی دەشـێت ڕاسـیزمی دەوڵەتـی بەرهەمـی فانتازیـاکردنێکی دیاریکراوی کۆمەڵگـا و بەرهەمـی هەندەســەیەکی کـۆمەڵایەتی بێـت، کە شـوێنی زۆر گـروپ و ڕەگەز و سێکســی جیـاوازی تێـدانەبێتەوە. لێـرەوە جینۆسـاید، وەک دیوێـک لە دیوەکـانی ڕاسـیزمی دەوڵەتی، دەشێت ڕووبەڕووی هەریەکێک لەو گروپانە ببێتەوە، کە دەوڵەت نایەوێت

وەک بەشێک لە فانتازیا کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەکانی خۆی بیانبینێ.

-٨-

لەڕاستیدا شیکردنەوەکانی فۆکۆ بۆ دەسەڵات ڕوویەڕووی کێشەیەکی زۆر گرنگمان دەکاتەوە ئەویش کێشەی بێدەنگبوونە لە دەسەڵاتی کاریزمی و کاریگەرییەکانی دەسەڵاتی کاریزمی. فۆکۆ بەدرێژایی نووسینەکانی لەسەر دەسەڵات بە هیچ جۆرێک باس لە دەسەڵاتی کاریزمی ناکات. ئەم باسنەکردنەشی، بەبۆچوونی من، وابەستەی ئەو دیدە فەلسەفییەیە، کە فۆکۆ هەڵگریەتی، مەبەستم لە باوەڕنەبوونە بە فەلسەفی زات، یان خود. لای فۆکۆ خود منداڵی قۆناغی ڕۆشنگەرییە و فەلسەفەی خودیش جگە لە ڕستێک وەهم هیچیدیکە نییە. لێرەوە کاریزما، ئەو زاتەی هەمەتوانایە، لە گوتارە فەلسەفییەکەی فۆکۆ دەرکراوە. بەبۆچوونی من ئەم دەرکردنەی کاریزما لە تیۆرەی دەسەڵاتی فۆکۆیی بەهیچ جۆرێک لەگرنگی ئەم شێوە دیاریکراوەی دەسەڵات، چ لە مێژووی دەسەڵات و چ لە پێکهاتەی دەسەڵات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، کەمناکاتەوە. نەک هەرئەمە بەڵکو من پێمولیە دەسەڵاتی کاریزمی تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە و هەیە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی ئەو شێوانەی دیکەی دەسەڵات، کە فۆکۆ بەدرێژی میکانیزمی کارکردنیانی شیکردۆتەوە.

تێڕوانینێکی ورد لە چۆنیەتی کارکردنی دەسەڵات لەم سەدەیەدا نیشانیدەدات چۆن کاریگەری دەسەڵاتی کاریزمی، لەهەناوی کۆمەڵگای مۆدێرندا، لەسەر کۆی کارکردنی شێوەکانی دیکەی دەسەڵات کاریگەریەکی وێرانکەریبووە. کاریزما لەم سەدەیەدا بەشێوەیەکی گشتی ئینسان و کۆمەڵگاکانی بەر لەهەموو شتێک

ڕوویەڕووی تاریکستانەکانی ناو مۆدێرنە کردۆتەوە، نەک ڕووناکییەکانی. ڕێکەوت نییە جینۆسایدەکانی مێژوو لەئامادەگی سەرۆکێکی کاریزمیدا ڕوویانداوە، ئەتاتورک، هیتلەر، ستالین، پۆلپۆت و سەدام حوسەین، لە نموونە هەرە دیارەکانیانن. بێگومان کەدەڵێم ئەم سەرۆکانە هەڵگری دەسەڵاتێکی کاریزمین، مەبەستم نییە بەشان و باهوی ئەم دیکتاتۆرە خوێناویانەدا هەڵدەم، مەبەستی من لە دەسەڵاتی کاریزمی مانا ئەنسرۆپۆلۆجییەکانی کاریزمایە. واتە مەبەستم ئەو شێوەیەی دەسەڵاتە، کە لە جەستەی سەرکردەیەک، یان سەرۆکێکدا جێگیرە و دەزگاکان و زانستەکان و بەرنامەکان ناچاردەکات بەشێکی گەورەی مۆڵەتی کارکردنی خۆیان لەو سەرکردەیەوە بخوازن.

بە بۆچوونی من دەسەڵاتی کاریزمی نەغمەیەکە لە نەغمەکانی دەسەڵاتی سزابەخش، بەڵام ئەم سزایە بەتەنها سزای تاکەکان و گروپەکان نییە، بەڵکو سزادانی لۆژیکی دەسەڵاتی مۆدێرن خۆشیەتی. ئاخر مۆدێرنە ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیە، کە تیایدا دەسەڵاتەکان لە یەکدی جیادەکرێنەوە، چاودێری دەکرێن، پانتایی کۆمەڵایەتی بۆ بەرگری دژ بەو دەسەڵاتانە فەراهەم دەبن هتد.... بەڵام کاریزما دێت بۆ تێکشکان و سزادانی ئەم لۆژیکە فرەڕەهەندەی مۆدێرنە، کاریزما دێت تا دەستبخاتە ناو میکانیزمەکانی ئیشکردنی دەسەڵاتی مۆدێرنەوە و تایپییبکرێت نەهێڵێت دەسەڵات سنوورەکانی خۆی بکاتەوە و بەسەر هێزی کۆمەڵایەتی جیاوازدا دابەشببێت. کاریزما دێت تا نەهێڵێت دەسەڵات لەدەرەوەڕا چاودێریبکرێت، تا نەهێڵێت بەرگری پانتایی تایبەتی خۆی دروستبکات. کاریزما دێت بۆ بێدەنگکردن و وەلاوەنان و سڕینەوەی جیاوازییەکان، لەکاتێکدا مۆدێرنە پرۆژەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی جیاوازییە، لەجیاوازی کارەوە بۆ جیاوازی سایکۆلۆژیا. کاریزما دەسەڵاتی ئەو پادشا، ئەمیر، یان سەرۆکە سەروەردەکات، کە دەسەڵاتەکەی لە جەوهەری گریمانکراوی ئەوەوە وەک پیاوێکی

خاوەن کاریزما سەرچاوەدەگرێت، نەک لە شەرعیەتێکی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە. کاریزما ئەو دەسەڵاتەیە، کە لەدەرەوەی یاسا و دەزگا و رێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا و لەناو جەستەی سەرکردەکاندا جێگیرە.

بێگومان نابێت کاریزما لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا وەک دەسەڵاتی تاقە سەرکردەیەک، یان ئەمیرێک، یان پاشایەک بەتەنها تێبگەین، بەپێچەوانەوە پێویستە کاریزما وەک سیستمێک ببینین. کاریزما وەک سیستم مانای ئامادەگی بەردەوامی سەرۆکە گەورە و بچووک و بچووکترەکانە لە نێو زۆربەی هەرەزۆری کایە و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا و وەرگێڕان و پەکخستنی لۆژیکی ئەو کایانەش تا ئەو ئەندازەیەی کاریزما وەک سیستم بتوانێت هەم خۆی و هەم باڵادەستبوونی خۆی بەبەردەوامی بەرهەمبهێنێتەوە. ئەوە دەسەڵاتی کاریزمییە لەیەککاتدا هەم سەدام حوسەین و هەم عودەی و هەم قوسەی و هەم عەلی حەسەن مەجید و هەم حسێن کامیل، هەم ئەو ئەفسەری ئاسایشانەش بەرهەمدێنێت، کە لە قوتابخانەکاندا چاودێری ئەوەدەکەن منداڵانی ئەو قوتابخانانە لە پشووی نێوان وانەکاندا چ سرودێک دەڵێن و چ نووکتەیەک بۆیەکدی دەگێڕنەوە. کاریزمای مۆدێرن سیستمێکە و دابەزیوەتە ناو هەموو خانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، لەخانەی شیعرەوە بۆ خانەی مەرگ، لە هەڵبژاردنی ڕەنگی جلوبەرگەوە بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر. ئەزموونی عێراقی لەم ڕووەوە نموونەیەکی هێجگار گرنگە.

بێگومان بەسیستمکردنی دەسەڵاتی کاریزمی خۆی لە خۆیدا بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی مۆدێرنە، کاریزما چیدی بەتەنها دەسەڵاتی سیحربازێک نییە فێڵەکانی هێزی ئەوەی بدەنێ ئەوانیتر لێیبترسن و بە گوێی بکەن، یاخود نەوێرن پرسیار دەربارەی سەرچاوەکانی ئەو سیحرە بکەن. بەپێچەوانەوە کاریزمای مۆدێرن کاریزمای دانیشتووی ناو مۆدێرنە و هەڵگری تواناکانی مۆدێرنەیە.، کە دەڵێم کاریزما سیستمە و بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی مۆدێرنە، دەمەوێت بڵێم کاریزما لەناو

پرۆژەی مۆدێرنەدا دەسەڵاتێکە شانیدادلوەتە سەر کۆی هێز و تواناى ئەو فۆرمانەی تری دەسـەڵات، کە مـۆدێرنە بەرهەمیانـدەهێنێت. کاریزمـا ئەو هێـز و توانایـانەی مۆدێرنە بەرهەمیاندێنێت دەخاتە سەر هێز و توانـای خـۆی و ئەمـر و نەهییەکـانی خۆی بە تەکنیک و میتۆد و توانای دەسەڵاتەکانی مۆدێرنە پیادە دەکات.

بەبۆچـوونی مـن ئامـادەگی کاریزمـا لەنـاو هەنـاوی مـۆدێرنەدا هـیچ لەو ڕاسـتییە ناگۆڕێت، کە دەسـەڵاتی کـاریزمی لەدوالێکـدانەوەدا جـگە لەدەسـەڵاتی سـزابەخش شتێکی دیکە نییە. دەسەڵاتی سزابەخش بەو مانایەی دەسەڵاتدار مافی کوشـتن و لێسەندنەوەی ژیانی لەکەسانی تری ناو قەڵەمڕەوی دەسـەڵاتەکەی هەیە. کاریزمـا لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهەمانئەندازەی قۆناغی بەر لە مۆدێرنە هەڵگـر و پـارێزەری مافی کوشتنە، چەندە پاشا کۆنەکان مافی کوشتن و سەپاندنی مەرگیان هەبـووە، بەهەمانئەنـدازە کاریزمـا نوێکـان لەژێـر دروشـمی پاراسـتنی نەتەوە و دەوڵـەت و قازانجی گشتی کۆمەڵگادا هەمان مافی کوشتن و لەناوبردن پیادەدەکەن. بەڵام ئەم مافی کوشتنە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا تەنها گرێدراوی پاراسـتنی دەسـەڵاتی پادشـا نیـیە، بەڵکـو ڕاسـتەوخۆ بە چەنـدان لەو پرنسـیپە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـانەوە گرێدراوە، کە مۆدێرنە لەگەڵخۆیدا هێنـاویەتی. هەمووومـان دەزانـین لە زۆر حـاڵەتی باڵادەستی کاریزمادا شەرعیەت و سەروەری دەوڵەت، کە خاڵێکی گرنگی داهێنـانە سیاسییەکانی مۆدێرنەیە، تاڕادەیەکی زۆر دەبەسترێتەوە بە کەسی پادشا، ئەمیـر، یاخود سـەرۆک خـۆیەوە. برینـدارکردنی سـەرۆک مانـای برینـدارکردنی شـەرعیەتی دەوڵەت و قبـووڵنەکردنی سـەرۆک مانـای قبـووڵنەکردنی سـەروەری دەوڵـەت و بەگژاچونەوەی سەرۆک مانای بەگژاچوونەوەی سەروەری دەوڵەت دەگەیەنێت.

لە دەسـەڵاتی کاریزمیـدا مەسـافەیەک نامێنێـت لەنێـوان جەسـتەی سـەرۆک و جەستەی دەوڵەتدا، تەماهییەکی تەواوەتـی لەنێـوان سـەرۆک و دەوڵـەت و خـودی نیشتیمان خۆشیدا هەیە. لەعێراقدا ئەو دروشمەی، کە دەیگوت "سـەدام حوسـەین

خـێمەی هەمـوو عێراقییەکـانە" دەربـڕی ئەو نیـازەیە، کە دەخوازێـت کاریزمـا بە مەسەلەی شەرعیەتەوە گرێبدات. لۆژیکی ئەم دەسەڵاتە دەیەوێت بڵێت شەرعیەتی دەسەڵاتی سەدام لەو ڕاستییەوە دێت، کە خێمەی هاوڵاتییان و خێمەی کۆمەڵگا و نەتەوەی عێراقییە، سـەدام یەکسـانە بە عێـراق و جەسـتەی سـەدام و جەسـتەی عێراق یەکشـتن و هەردووکیـان خـێمەی هاوڵاتیـانن. ئەو دروشـمەی دیـکەش، کە دەیگوت "ئەگەر سەدام وتی بەڵێ، عێراق وتی بەڵێ" تێکەڵکردنێکی بەئەنقەست و ترسـناکی ئیـرادەی دەوڵەت و ئیـرادەی کاریزمـابوو بەیەکتـری. لەهەردوو حاڵەتەکەشـدا کاریزمـا و دەوڵەت، کاریزمـا و سـەروەری و کاریزمـا و شـەرعیەت بەیەکـدی تێکەڵکـراون، گەرچـی ئەم تێکەڵکـردنە بسـت بەبسـتی دەسـەڵاتێکی هەڵئەچنی، کە ژیانی هەموومانی دەکردە بارمتەی بەڵێ وتنێکی بێقەیدوشەرت بۆ سـەدام و کارەکـانی سـەدام. هاوکـات برێکـی زۆری ئەوکـارانە بەنـاو مەرگـی دەستەجەمعی هەمووماندا تێدەپەڕی و هەندەسـەیەکی کۆمەڵایەتی دەسـەپاند دژ بەهەموو ڕاستییە سۆسیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگـای عێراقـی و ئـارەزووی جیـاوازبوونی گروپە جۆربەجۆرەکانی ئەو پێکهاتە سیاسییەی ناوی عێراقە.

دەسـەڵاتی کـاریزمی سـایکۆلۆژیای دەسـەڵات لە سـایکۆلۆژیایەکی ئـاڵۆز و فـرە ڕەهەندەوە، سایکۆلۆژیای دەزگاکان و پلانەکـان و زانسـتەکان و پەیوەنـدییەکانەوە دەگۆڕێت بۆ سایکۆلۆژی ئەو پیاوە کاریزمییانەی بڕیارەکاندەدەن. سیستمی کاریزما سـایکۆلۆژیای چـڕی پرۆسـە ئـاڵۆز و جیاوازەکـانی مـۆدێرنە دەگـۆڕێتە سـەر سایکۆلۆژیای سادەی ئەفسـەرەکانی چاودێری. لـۆژیکی ئـاڵۆزی مـۆدێرنە، لـۆژیکە سیاسـی، فیکـری، ئـابووری و کولتـورییەکەی، دەکەوێـتە ژێـر جەبـری لـۆژیکی کاریزمایەک زۆرجار دونیا تەنهـا لەو دابەشـکردنە هێجگـار سـادەیەدا دەبینێـت، کە دەڵێت "کێ لەگەڵ مندایە باش" و "کێش منی قبووڵ نییە خـراپ"ە. ئەم خـاڵەیە وا لەمـن دەکـات بڵـێم دەسـەڵاتی کـاریزمی فـۆرمێکە لە فۆرمەکـانی دەسـەڵاتی

سزابەخش، بە بۆچوونی من هەم سزا و هەم کاریزما لە پەیوەندییاندا بە مەسەلەی سەروەرییەوە یەک ستراتیژیان هەیە، ئەویش ستراتیژی پاراستنی سەروەری پاشا و سەروەری سەرۆکە. دەسەڵاتی سزابەخش سەروەری دەسەڵات دەبەستێتەوە بە جەستەی ئەمیر، یاخود پاشاوە، کاریزما بوونی دەوڵەت و تەنانەت بوونی کۆمەڵگا خۆشی بە بوونی سەرۆک خۆیەوە، دەبەستێتەوە. پاشا ناحەزەکانی دەکوژێت بۆ پاراستنی سەروەری دەسەڵات، کاریزما هەموو بەرگرییەک لەناودەبات بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایەی کورتکراوەتەوە بۆ ئەو "خێمەیەی" هەم کۆمەڵگا و هەم دەوڵەت دادەپۆشێت. هەر ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی نێوان دەوڵەت و کاریزما لەلایەک و کۆمەڵگا و کاریزماش لەلایەکی دیکەوەیە وا لەمن دەکات دەسەڵاتی جینۆسایدی وەک دەسەڵاتێک ببینم لە پەیوەندییەکی پتەودا بە دەسەڵاتی کاریزمییەوە. تا نەک هەر ئەمە بەڵکو تائەوڕادەیەش پێدادەگرم و دەڵێم جینۆساید بەبێ کاریزما مەحاڵە. بێگومان دەبێت ئەوەمان لائاشکرابێت بەبێ ئامادەیی شێوە مۆدێرنەکانی دەسەڵات، واتە بەبێ بیۆـدەسەڵات و دەسەڵاتی چاودێریکەر، کاریزما ناتوانێت هەڵگری ڕەهەندی جینۆسایدی بێت. تەنها لە ئامادەگی و لەپاڵ ئەم دوو فۆرمەی دەسەڵاتدایە کاریزما دەتوانێت بەشێکی گرنگی دەسەڵاتی جینۆسایدیبێت.

بەکورتی دەسەڵاتی جینۆسایدی ئەو شێوەیەی دەسەڵاتە، کە لەکۆمەڵگایەکی مۆدێرندا هەر سێ شێوەکەی دەسەڵاتی لە هەناوی خۆیدا کۆکردۆتەوە. مەبەستم لەو سێ شێوەیەی دەسەڵاتیش ئەو شێوانەن لەسەرەوە باسمانکردن. کۆکردنەوەی ئەم دەسەڵاتانە بەیەکەوە دەبێت کۆکردنەوەیەکبێت تیایدا کاریزما باڵادەستبێت و تاڕادەیەکی زۆر دەستنیشانی ئەوە بکات شێوازە جیاجیاکانی دیکەی دەسەڵات لەسەر چی کاربکەن و بەچ شێوەیەک کاربکەن، لەسەر ژیان، یاخود لەسەر مەرگ، بیۆـدەسەڵات بن، یاخود ساناتۆـ دەسەڵات.

ئەم سێ شێوەیەی دەسەڵات بوو لە سیستمی نازییەکاندا بەیەکەوە کۆبوونەوە و ئەو دیاردەیــان دروســتکرد، کە نــاوی هۆڵۆکۆســت ە. واتە هۆڵۆکۆســت بەری کۆبـوونەوەی ســزا و کـۆنترۆڵ و گەمەی بایۆلۆژییــانەی دەســەڵاتە لە دونیایەکـدا ســەرۆکی کــاریزمی و سیســتمێکی کــاریزمی ئاراســتەکانی کــارکردنی دەســەڵات دەستنیشاندەکان. هەر ئەم پێکهاتەیەش بوو لە کوردستاندا ئەنفالی خولقاند بەڵام لە ڕۆژگار و هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جیاوازدا. ئەم خاڵە دواتر دێمەوە سەری.

-٩-

کە کاریزما دێت ئەگەری وەرگەڕانی بیۆ- دەسەڵات لە ئیشکردنییەوە لەسەر ژیان بۆ ئیشکردن لەسەر مەرگ گەورەتـر و فراوانتـر دەبێـت. فۆکۆ دەڵێـت "بیۆدەســەڵات دەشێت دەسەڵاتێک بێت لەیەککاتدا هەم ژیان بپارێزێت و هەم وابکات هۆڵۆکۆست لەدایکببێت". (١١) بە بۆچوونی من ئەوەی وادەکات بیۆدەسەڵات لە کـارکردنییەوە لەسەر ژیان بگوازێتەوە بـۆ کـارکردن لەســەر مەرگ بە پـلەی یەکەم پەیوەنـدی بە ئامـادەگی دەســەڵاتی کـاریزمییە هەیە بەو مانـایەی لەســەرەوە بە کاریزمامـان دا. چونکە کاریزما دەسەڵاتێکە نایەوێت هیچ سنوورێک بەر بە گەمەکان و خەونەکان و تەماحەکـانی بگرێـت، گەرچـی پیـادەکردنی ئەم تەمـاح و خەونـانە بەنـاو دەیـان گۆڕستان و ژێرزەمینی تاریکی پڕ لەڕ ۆحـی کـوژراو و شـاری سوتێنراو و گونـدی وێرانکـراودا تێپەڕێـت. کاریزمـا هەمیشـە لەســەر کۆمەڵێـک وەهـم کاردەکـات، کە دەشێت دەسەڵات بە ئاراستەیەکی ترسناکدا ببات. بێگومان گواسـتنەوە لە گەمەی ژیانەوە بۆ گەمەی مەرگ پێویستی بە ئامادەکردنی سەرزەمینێکی ئایـدیۆلۆژی و

دەزگایی و سیاسی و کولتوری هەیە، تیایدا کاریزما بتوانێت هەقیقەت بەوشێوەیەی دەیخوازێت و بەشێوەیەی خەونپێوەدەبینێت بەرهەمیبهێنێت. کاریزما بۆ پیادەکردنی جینۆساید و گواستنەوەی گەمەکانی ژیان بۆ گەمەی مەرگ پێویستی بە سیستمێکی بەرهەمهێنانی هەقیقەت هەیە تیایدا هەقیقەتەکانی کاریزما لە هەموو هەقیقەتە سیاسی و سۆسیۆلۆژی و کولتورییەکای دیکە گرنگترین، لەڕاستیدا مەسەلەکە مەسەلەی گرنگی هەقیقەتەکان نییە، ئەوەندەی مەسەلەی بوونی هەقیقەتێکی کاریزمییە، کە لەسەر کوشتن و لەناوبردنی هەموو هەقیقەتەکانی دیکە کاردەکات. نموونەی عێراق، دەسەلاتێکی کاریزمی بینانراو لەسەر گۆڕی دەستەجەمعی و گۆڕینی کۆمەڵگا بە قەبرستانێکی گەورە، لەم ڕووەوە نموونەیەکی دەوڵەمەند و پڕمانایە. لە ئەڵمانیاشدا ناکرێت کۆی ڕووداوەکانی هۆلۆکۆست و بەکۆمەڵ کوشتنی جولەکەکان لە ئامادەگی کاریزمییانەی هیتلەر و ئەو هەزاران هیتلەرە بچووکانەی تریش داببڕین، کە بە سەر جەستەی کۆمەڵگای ئەڵمانیدا بڵاوبووبوونەوە.

بەڵام وەک پێشتریش هێمامپێکرد دەسەلاتی کاریزمی بەتەنها دەسەلاتی تاقە پیاوێک نییە بۆخۆی و بەس، بەڵکو ئەم دەسەلاتە دەسەلاتی گروهێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، کە کاریزما هەلومەرجی بوونی کۆمەڵایەتی ئەوان وەک گروهێکی باڵادەست بەردەوام بەرهەمدەهێنێتەوە. بە مانایەکی دیکە دەسەلاتی کاریزمی دەسەلاتی گروهێکە بۆ ئەوەی شوێن و جێی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی بەرهەمبهێنێتەوە، ناچارە فۆرمەکانی دەسەلات وا ڕێزبکاتەوە کاریزما تیایدا خاوەنی یەکەمین و دواهەمین بڕیاربێت، گروهێک نەتوانێت لەدەرەوەی کاریزمادا باڵادەستی خۆی بپارێزێت. شوناسی ئەم گروهە کۆمەڵایەتییە چییە؟ ئەمەیان پرسیارێکە دەشێت لە شوێن و جێی جیاواز و هەلومەرجی مێژوویی جیاوازدا، وەڵامی جیاوازی هەبێت.

لە ئەزمـــوونی عێراقیـــدا شوناســـی ئەو گـــروهە شوناســـێکە ڕەگێکـــی لەنـــاو پەیوەنـدییەکانی خزمخـوامی و کولتـوری خێڵەکیـدایە، ڕەگەکـانی دیکەشـی لەنـاو دەزگـانی لەشـکر و ماشـێنی میلیتـاری نـوێی دەوڵەتـی عێراقیـدایە. ئەم گـروهە گـروهێکە لەنـاو دەوڵەتەوە و لەڕێگـای دەوڵەتەوە شـوێنی کـۆمەڵایەتی خۆیـان بەدەستهێناوە، بەمانایەکی دیکە ئەم گروهە لە جەوهەردا گروهێکـی سیاسییە، کە شـوێن و جێـیە سیاسـییەکەی خـۆی لەڕێگـای دەوڵەت و دەزگاکـانی دەوڵەتەوە دەکات و کردووە بە شوێن و جێیەکی ئـابووری و کۆمەڵایەتی. گروهێکە بەردەوام سەرمایە ڕەمزییەکەی، ئەو سەرمایە ڕەمزییەی مەوقیعی ئەم گروپە لەناو دەوڵەتـدا دروستیدەکات، دەگۆڕێتە سـەر سـەرمایەی ئـابووری. ئەوەی لێرەدا دەبێـت پێـی لەسەر دابگیرێت فانتازیای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم گروپەیە، من وتم ئەم گروپە سەدامی وەک خێمەی عێراقییەکان پێشنیاردەکرد و تەمـاهییەکی ڕاسـتەوخۆی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا و سەدامدا دروستدەکرد. ژێرخانی ئەم فانتازیا سیاسی و کۆمەڵایەتییەش بریتیبوو لە وێناکردنی کۆمەڵگا بە هەمـوو جیاوازییەکـانیەوە وەک خێڵێک، خێڵێک ئەندامەکانی ڕەعیەتێکی ملکەچ و گوێڕایەڵی سەرۆک خێڵەکە بن. ئێسـتا هەنگـاوێکی دیـکە دەچمەپێشـەوە و دەڵـێم ئەم فانتازیـا سیاسـییە ئەو سەرزەمینەیە، کە جینۆسایدی لە عێراقدا لەسەر بنیادنراوە. ئاخر سەدام حوسەین، سـەرۆک کۆمـاری دەوڵەتێکـی مـۆدێرن، چـۆن وەک خـێمەی خێڵـێک، کە هەمـوو عێراقییەکان کۆبکاتەوە، پێشنیاردەکرێت گەر لەپشتییەوە خەونـی کردنـی کۆمەڵگا بە خێـڵ و خەونـــی بەرهەمهێنـــانەوەی کۆمەڵگـــا لەســـەر مـــۆدێلی خێـــڵ بنەمـــا فانتازییەکانی ڕەنگرێژ نەکردبێت. لەڕاسـتیدا هەوڵـدانی بەرهەمهێنـانەوەی کۆمەڵگا لەسـەر مـۆدێلی خێـڵ هەوڵـدانی ڕکێفکردنـی هەمـوو پرۆسـەکانی مـۆدێرنەیە، ئەو پرۆسـانەی وەک "ڤێـبەر" دەڵێـت بەردەوام گروهـی جیـاواز و فەردی جیـاواز و پەیوەنـدی جیـاواز و ئینتیمـای جیـاواز و ئەخلاقـی جیـاواز و دونیـابینی جیـاواز

بەرهەمدەهێنن. بەمانایەکی دیکە لە کاتێکدا مۆدێرنە بەردەوام گروهی جیاواز لە هەناوی کۆمەڵگادا دروستدەکات و بەردەوام کۆمەڵگا بە جیاوازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری نوێ مەحکومدەکات، لەهەمانکاتدا دەسەڵات ناچاردەکات سنوورەکانی خۆی بۆ جێکردنەوەی ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتییانە واڵاکات. لەو کاتەدا، کە دەسەڵات نایەوێت و ناتوانێت سنوورەکانی خۆی بۆ ئەو جیاوازییانە واڵابکات، کە مۆدێرنە دەیانخولقێنێت، تاقە دەروازەیەک دەمێنێتەوە چەپاندنی جیاوازییەکان و ئینکارکردن و تووڕدانەوەیانە بۆ ناو ئەو مۆدێلە کۆمەڵایەتییانەی بەر لە مۆدێرنە باڵادەستبوون، مەبەستم لەو مۆدێلەش مۆدێلی خێڵ و مۆدێلی پەیوەندییەکانی خزمخواهیە.

بەڵام با ئەو خاڵەش تەواو ئاشکرابێت ئەو گروهەی لە عێراقدا هەوڵی ڕکێفکردنی کۆمەڵگا و هەوڵی ڕکێفکردنی مۆدێرنەی ئەدا خۆشی بەرهەمێک لەبەرهەمەکانی مۆدێرنەیە. ئەم گروهە گروهێکە ئەفسەرەکانی سوپا ناوەندەکەی پێکدەهێنن و ئەو گوندنشینە خێڵەکییانەی مۆدێرنە بەرەو شارە گەورەکانی بردوون، تەوەرەکەی و ئەو خوێندەوارانەش، دەرچووی زانکۆ و دەزگا نوێکانی خوێندن، ئەو خاڵی بەیەکەوە گرێدانە پێکدێنن، کە ناوەند و تەوەرەی ئەم بازنەیە بەیەکدیەوە دەبەستێتەوە. بێگومان خەونی گۆڕینی کۆمەڵگا بۆ خێڵ بەبێ فشارێکی هەمەلایەن و بەبێ هێرشێکی بەردەوام بۆسەر هەموو ئەو بەشانەی کۆمەڵگا، کە ئەم پرۆسەیە قبووڵناکەن کارێکی مەحاڵە. لێرەوە نەک تەنها جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان ئینکاردەکرێن، بۆ نموونە بەعس ویستی بە بڕیارێک جیاوازی نێوان کرێکاران و فەرمانبەران بسڕێتەوە، بەڵکو هەر جیاوازییەکی دیکەی ئەتنی و ئایینی و کولتوریش بەتوندی ئینکاردەکرێن و عێراق دەبوایە وەک کۆمەڵگایەکی بێجیاوازی خۆی بناسێت و پێشکەشبکات. تاقە شتێک هێنانەدی ئەم خەونەی مسۆگەردەکرد پرۆسەی بە میلیتاریزەکردنی سەرلەبەری کۆمەڵگا بوو، لەڕێگای بەرهەمهێنانی

جەنگی بەردەوامەوە. لێرەوە بەرپاکردنی جەنگی بەردەوام لە عێراقدا جگە لە بوونی چەندان هۆکاری سیاسی دەرەکی و ناوچەیی جیاواز مەحکومبووە بە کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکیش، لەپێش هەموویانەوە هەوڵدانی ڕکێفکردنی ئەو جیاوازییە ئەتنی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و حەیاتییانەی مۆدێرنە لەگەڵخۆیدا دەیانهێنێت. مۆدێرنە جیاوازی بەرهەمدێنێت و بەعس دەخوازێت جیاوازییەکان بسڕێتەوە، ئەمە ئەو ناکۆکییە کوشندەیە لە عێراقدا حوکمی سەرلەبەری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەتنی و کولتوری کردووە. وەک وتم تاقە چارەسەرێک لە عێراقدا بیریلێکرابێتەوە بۆ دەرچوون لەم ناکۆکییە و هەوڵدانی بەعس بوو بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگا لەسەر مۆدێلی خێڵ، یان سەربازگە، واتە لەسەر مۆدێلی خێڵێکی چەکدار. ئەم مۆدیلە وادەکات لەسەرێکەوە هەموو توانا تەکنۆلۆژی و ڕێکخراوەیی و سەربازییەکانی مۆدێرنە بخرێنەگەڕ بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا لەسەر مۆدیلی سەربازگە. بەمانایەکی دیکە لەم مۆدیلەدا تواناکانی مۆدێرنە، توانا تەکنیکی و سیاسی و مۆرالییەکانی، دژ بە بەرهەمەکانی مۆدێرنە خۆی، واتە دژ بە هێزە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان و داواکارییەکانیان سەبارەت بە سەربەخۆبوون و پاراستنی مافی جیاوازبوونیان، بەکاردەهێنرێت. باڵادەستبوونی خەونی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگا لەسەر مۆدێلی سەربازگە، یان خێڵێکی چەکدار وا لەمن دەکات پرۆسەی مۆدێرنە لە عێراقدا بە "مۆدێرنەیەکی چەکدار" لەقەڵەمبدەم.

هەوڵدانی گۆڕان، یاخود بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن لەسەر مۆدێلی خێڵێکی چەکدار، یاخود سەربازگەی، کە ئەمرو نەهییەکانی دەسەڵاتێکی کاریزمی قبووڵبکات، ئەو خاڵەیە لە عێراقدا بیۆسیاسەتی گۆڕیوە بۆ ساناتۆسیاسەت و دونیایەک، کە تێیدا دەسەڵات لەسەر ژیان کاریکات، گۆڕیوە بە دونیایەک چنراو بە مەرگ.

-١٥-

کاریزما لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی میدیا و هۆیەکانی ڕاگەیاندن، نەک بوونی کۆمەڵێک سیفەتی دیاریکراو لە کەسێکی دیاریکراودا. کاریزما کاڵایەکە وەک کۆی کاڵاکانی دیکەی کۆمەڵگای مۆدێرن. میدیای هاوچەرخ لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەبەرهەمهێنان و گەشەکردنی ئەم پیشەسازیەدا. ئەم میدیایە توانای ئەوەی هەیە پیاوکوژێک وەک کەسایەتیەکی کاریزمی گەورە، ترسنۆکترین ئینسان وەک پاڵەوان و گەمژەیەک وەک زانایەکی گەورە لەکات و ساتی پێویست و بۆ مەبەستی دیاریکراو، پێشکەشبکات. ڕۆشنبیرانیش تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵێکی گەورە لە بەرهەمهێنانی ئەم مەهزەلە کاریزمییەدا دەبینن، ڕۆشنبیران دێن بۆ ئەوەی ئەو وێنانە دروستبکەن، کە کاریزما پێویستی پێیانە، ئەو حیکایەتانە بگێڕنەوە، کە ئەسڵ و ڕەگەزێکی پیرۆز بە کاریزما دەدەن. هەموومان دەزانین چۆن لە هەشتاکانی عێراقدا شاعیرەکان دیوانە شیعرەکانیان پێشکەش بە سەدام حوسەین دەکرد، چۆن ڕۆماننووسەکان ڕۆمانیان لەسەر ژیانی سەرۆک و قارەمانیەتییە گریمانکراوەکانی دەنوسی، بە چاوی خۆمان بینیمان چۆن نووسەرە چەپەکان شەجەرەی سەرۆک و نەسەبی خێزانەکەیان دەبردەوە سەر ئیمامی عەلی. لە هەشتاکاندا بینیمان چۆن تەنانەت هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن قسەیان لەوەدەکرد "سەرۆک حەکەمە" نەک "لایەنێک" لە تاوانەکاندا. ئا لەمخاڵەدا کەنعان مەکییە سەد دەرسەد ڕاستدەکات، کە بێدەنگبوونی ڕۆشنبیران لە بەرامبەر تاوانەکاندا، نا نەک بێدەگنبوونیان بەڵکو بەشداریوونیان لە بەهێزکردنی پایەکانی دەسەڵاتی کاریزمیدا، ڕۆڵێکی گەورەی لە پایەدارکردنی ئەم دەسەڵاتەدا بینیوە. بەم مانایە ڕۆشنبیران ڕاستەوخۆ لەگەمەی جینۆسایدەوە ئاڵاون.

پیشەسازی بەرهەمهێنانی سەرکردە و بەرهەمهێنانی سەرۆکی کاریزمی وەک

زۆربەی پیشەسازییەکانی دیکە بەرهەمی کۆمەڵگای مۆدێرن و ئەو ئەگەر و توانایانەیە ئەم کۆمەڵگایە هەڵگریەتی. کاریزمای نوێ کاریزمایەکە بەتەکنیکەکانی چاودێری و گەمەی ڕاستەوخۆی دەسەڵات لەسەر ژیان کاردەکات، ئەم کاریزمایە کاریزمایەکە لەپاڵ کۆی دەسکەوتی تیۆرە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندا کاردەکات و هاتۆتەسەر ئەو خەزێنە زانستییەی ئینسانی نوێ لەڕێگاوە دەستەمۆکراوە، لە سایکۆلۆیژیاوە بۆ سۆسیۆلۆژیا و لە زانستی کارگێڕی و زانستی ئۆرگانیزاسیۆنەوە، بۆ زانستی پەیوەندیکردن و کۆی دەسکەوتەکانی تری زانستە ئینسانییەکان .

لە مێژووی هاوچەرخدا بەشێکی گرنگی دەزگا و پرنسیپەکانی مۆدێرنە لەلایەن دەسەڵاتی کاریزمییەوە وزەی کارکردنیان وەرگرتووە. ناسیۆنالیزم، فیکرەی دەوڵەتی نەتەوە، بیرۆکەی سەروەری (السیادە)، کە قورئانی سیاسی و مانیفێستی سەرەکی مۆدێرنەن، لەڕووی مێژووییەوە لەزۆر حاڵەتدا سەرکردە کاریزمییەکان پیادەیانکردووە. لە "بسمارک " ەوە بۆ "دیگۆڵ" و لە "گاندی" ەوە بۆ "عەبدولناسر"، کاریزما فۆرمێکی گرنگی کارکردنی ئۆرگانی دەسەڵاتبووە لە ناو کۆی پێکهاتی دەسەڵاتی مۆدێرندا. کێشەی سەرەکی لێکدانەوەکانی فۆکۆ بۆدەسەڵات لە پشتگوێخستنی ئەم ڕەهەندە گرنگ و ترسناکەی دەسەڵاتی مۆدێرنەدایە. بێگومان مۆدێرنە کەدێت لۆژیکی کارکردنی دەسەڵاتی کاریزمی ڕاستەخۆ گرێدەدات بەلۆژیکی مۆدێرنە خۆیەوە، بەمانایەکی دیکە کاریزما لەناو مۆدێرنەدا کاراکتەری دەگۆڕێت و دەبێت بەبەشێک لەکۆی پرۆژە و ئەگەرەکانی مۆدێرنە. بەحوکمی ئەوەی مۆدێرنە لەیەککاتدا دەشێت هەم سەرزەمینێکی ئاسودە و دیموکراس و خۆشگوزەران و هەم هۆڵۆکۆست و ئەنفالیش دروستبکات، بۆیە کاریزماش دەشێت هەم هەڵگری پرۆژەی وێرانکردنێکی سەرتاسەریبێت هەم پرۆژەی بنیادنانێکی عەقڵانی، کە تێیدا دەسەڵاتی کاریزمی خۆی خۆی بخاتە ژێر

میکانیزمی چاودێرییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. بەڵام هەمیشە نموونەی دووهەمیان کەمتر و دەگمەنترە لەکاتێکدا نموونەی یەکەمیان تابڵێی زۆر و بەرچاوە. کاریزمای چاودێرینەکراو لۆژیکی دەسەڵاتەکانی دیکە تێکدەشکێنێت، کایەکانی دەسەڵات لەناوەوەڕا ڕووبەڕووی میکانیزمی دیکە دەکاتەوە، کە بەرهەمی ناوەکی کارکردنی ئەو کایانە خۆیان نین. ئەم دەستتێوەردانەی کاریزما بۆناو لۆژیکی کایەکانی دیکە ڕەنگە بەرەو ئەو تەفسیرە هەڵەیامان ببات واتێبگەین دەسەڵات بەتەنها لەسەرەوەڕا دێتەخوارێ و بەتەنها لەسەرەوەڕا کاردەکات. ڕاستە کاریزما دەتوانێت لۆژیکی کایەکان وێرانکات بەڵام ناتوانێت خودی کایەکان دروستبکات. ئەوەی کایەکان دروستدەکات مۆدێرنە و لۆژیکی مۆدێرنەیە، مۆدێرنە دێت و پرۆژە و فۆرمە جیاوازەکانی دەسەڵات لەگەڵخۆیدا دەهێنێت، بەڵام دواجار کام پێکهاتی دەسەڵات دروستدەبێت و کام شێوەی کارکردنی دەسەڵات هەیمەنە پەیدادەکات، ئەمەیان والبەستەی ئەو هەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە، کە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا هیرارکیەتێکی دیاریکراوی ڕیزبوونی دەسەڵاتاکان، دروستدەکات. دەسەڵات نە لەسەرەوەڕا نە لەخوارەوەڕا دروستدەبێت و کاردەکات، بەڵکو لەهەموو شوێنێکدا و بەهەموو ئاراستەیەکدا دروستدەبێت و کاردەکات، بێگومان هەر ساتەوەختێکی مێژووی و هەر پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕیزبەستن و دابەشکردنێکی تایبەتی دەسەڵات بەرهەمدەهێنێت و فۆرمێکی دیاریکراوی پەیوەندی لەناو دەسەڵاتەکاندا دروستدەکات.

ئێستا دێمە سەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی، کە پێشتر دەربارەی چۆنیەتی ریزبەستنی دەسەڵاتەکان کردم. بۆئەوەی دەسەڵاتێکی جینۆسایدیمان هەبێت دەبێت دەسەڵاتی کاریزمی بەشێوەیەک بەهێز و پارێزراوبێت بتوانێت لۆژیکی کایەکان تێکبدات. (بۆ نموونە کردنی نائیب عەریفێک بە سەرۆکی سوپا نموونەی تێکدانی لۆژیکی کایەی سەربازییە، بەپێی لۆژیکی ناوەکی ئەم کایەیە دەبێت

شارەزاترین و لێزانترین جەنەراڵ ئەو پۆستە وەربگرێت، نەک نائیب عەرفییێک، کە سەرۆک، یان حیزبەکەی سەرۆک دایبنێت. مەبەست لە تێکشکانی لۆژیکی کایەکان پیادەکردنی ئەمجۆرە سیاسەتەیە). دەسەڵاتی کاریزمی دەبێت نەهێڵێت دەسەڵات لە ئیشکردنیدا لەسەر ژیان ئەو میکانیزمانە دروستبکات، کە ژیان لە گەمە پڕمەترسییەکانی کاریزما بپارێزێت. بێگومان هەیمەنەی کاریزما بەپلەی یەکەم مانای غیابی کۆمەڵگا لە بەشداریبوون لە مەسەلەی دلبەشکردن و چاوبڕیکردنی دەسەڵاتدا. مانای دانانی ئیرادەی سەرۆکەکان لە شوێنی ئیرادەی کۆمەڵگا، دانانی مافی سەرۆک بۆ کوشتنی خەڵک لە شوێنی مافی کۆمەڵگا بۆ ژیان. هەموو ئەمانەش مانای ئیفلیجکردنی توانای کۆمەڵگا لە مەسەلەی ئۆرگانیزەکردنی خۆیدا و ئیفلیجکردنی ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵبژاردنی فۆرمی تایبەتی خۆیاندا.

لە عێراقی قۆناغی ئینتیداب و ئامادەگی ناڕاستەوخۆی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا دەسەڵاتی کاریزمی ئەو شوێنەی نەبوو، کە لە عێراقی قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزمدا پەیدایکرد. ئەزموونی بەعس لە عێراقدا ئەزموونی بە سەروەرکردنی دەسەڵاتی کاریزمییە، ئەزموونی خولقاندنی هەیمەنەیەکی دەستکردە لە دەرەوەی هەر ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتیدا. ئەم هەیمەنەیە بەپلەی یەکەم هەیمەنەیکە ڕاستەوخۆ لەو سیاسەتی پیادەکردنی مردنەوە دێتەدەر، کە کاریزما هەموو کۆمەڵگای ڕوویەڕوو دەکاتەوە. بەعس داهێنەری گەمەی کوشندەی کاریزمایە لەناو کایە مۆدێرنەکانی دەسەڵاتدا. بەعس ئەندازیاری وێرانکردنی لۆژیکی ناوەکی کایەکانی دەسەڵات و فرێدانەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵاتە بۆناو جەستەی سەدام و ئامادەگی فیزیایی سەدام و ئەو سەدان و هەزاران سەدامۆچکانەی بەعس بەدرێژایی مێژووی خۆی بەرهەمیهێنابوون. ڕەنگە لەم خاڵەدابێت تاوانەکانی قۆناغی کۆلۆنیالیزم لە تاوانەکانی سەردەمانی دوایکۆلۆنیالیزم جیابکەینەوە. لە قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا تاوانەکان بەرەنجامی تووڕەبوونی دەوڵەت بوون لەوانەی پرسیاریان

بەرامبەر شەرعیەتی دەوڵەت هەبوو، بەڵام تاوانەکانی سەردەمانی دوایکۆلۆنیالیزم تاوانێکن بەرەنجامی تورەبوونی کاریزمایە لە دونیا، کاریزمایەک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەڵگری پرۆژەی سەپاندنی دەسەڵاتی ئەو گروهەیە، کە لە قۆناغی دوایکۆلۆنیالدا بوونە گروهی باڵادەست و دەوڵەت و دەزگاکانی دیکەیان گرتەدەست. لەسەردەمانی ئەنفالدا دەسەڵات لە عێراقدا کورتبوبوەوە بۆ ئەمر و نەهییەکانی سەرۆک و ئەوانەی لە دەوروبەری سەرۆکدابوون، هیچ دەزگایەک، گروپێک، ناوەندێکی یاسایی، سیاسی، فەرهەنگی نەبوو بتوانێت پرسیارێک بەرامبەر مۆنۆپۆلیزەی دەسەڵات و پرۆژەی سەرتاسەرانەی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی رووکارە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بکات. کاریزما بەیارمەتی شێوە نوێیەکانی دەسەڵات لە سەردەمانی ئەنفالدا دونیایەک لە کۆیلەی دروستکردبوو، کە ئەمری جینۆسایدییانەی سەرۆکەکانیان پیادەدەکرد.

-١١-

وەک وتم لە عێراقی هەشتاکاندا ئەو فۆرمەی دەسەڵات، کە هەیمەنەی بەسەر فۆرمەکانی دیکەی دەسەڵاتدا هەبوو بریتیبوو لە دەسەڵاتی کاریزمی. کاریزما لۆژیکی ناوەکی هەموو کایە و پانتاییەکانی دەسەڵاتی لەناوەوەڕا بەشێوەیەک گۆڕیبوو، کە زەحمەتە قسە لەبوونی کایە بەمانا زانستییەکەی بکەین. لەساتەوەختی ئەنفالدا کاریزما و دەسەڵاتی کاریزمی بەو مانایەی لەسەرەوە باسمکرد بەتەواوی کۆی کارکردنی فۆرمەکانی دیکەی دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردبوو. ئەو کایەیەی دەسەڵات ڕاستەخۆ کاریزمای بەرهەمنەدەهێنایەوە، یان لانیکەم ئەو هەلومەرجەی فەراهەم نەدەکرد، کە کاریزمای تیادا بەرهەمبێتەوە، وێراندەکرا.

لێرەوە هەموو عێراق کرابوو بە گۆڕەپانێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی سەرۆک و هەموو ئەو ئامرازانەی سەرۆکیان وەک تاقە دەسەڵات پێناسدەکرد. بێگومان سەرۆک تەنها فەردێک نییە و کۆتایی پێبێت، بەڵکو ئەو قسەکەر و ڕەمز و پارێزەری دەسەڵاتی گروهێکی کۆمەڵایەتییە، کە دونیا لەسنووری قازانجەکانی خۆیەوە نەبێت نایەوێت، یاخود ناتوانێت، ببینێت. لێرەوە تێکدانی لۆژیکی کایەکان بەرهەمی پرۆژە و بەرنامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییە، کە گروهی باڵادەست و حاکم لە عێراقدا پیادەی دەکرد. با لێرەدا تێکشکانی لۆژیکی کایەی عەسکەری لە عێراقدا وەک نموونەیەک بهێنینەوە. ئەگەرچی کایەی عەسکەری کایەی باڵادەستی دەسەڵاتبوو لە عێراقدا بەڵام لۆژیکی کارکردنی ئەو کایەیە لۆژیکێک بوو لەدەرەوەڕا کاریزما بەسەریدا سەپاندبوو، نەک لۆژیکی ناوەکی کایەکە خۆی. هیرارکیەتی پلەکانی دەسەڵات هیرارکیەتێک بوو وابەستەی یاساکانی کایەی سەربازی نەبوون، بەڵکوو وابەستەی ئەو داخوازیانەبوون، کە دەسەڵاتی کاریزمی لەدەرەوەڕا دەیسەپاندن. بۆنموونە بڕیارێکی دەرەکی لەدەرەوەی کایەی سەربازییەوە دەهات و عەریفێکی لەشەو و ڕۆژێکدا بەرزدەکردەوە بۆ پلەی وەزیر.

ئاشکرایە عێراقی هەشتکان عێراقی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن بوو. مۆدێرن بەو مانایەی هەموو ئەو ڕەگەزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەزگایی و مەعریفی و تەکنیکییانەی مۆدێرنە بەرهەمیاندەهێنێت لە هەناوی ئەو کۆمەڵگایەدا ئامادەبوون. لەئاستی سیاسیدا فیکرەی دەوڵەتی نەتەوە و مەسەلەی سەروەری و فیکرەی دانیشتوان و ئۆرگانە حیزبیەکان لەئارادابوون، لەئاستی کۆمەڵایەتیدا هەموو ئەو هێزە نوێیانە ئامادەبوون، کە مۆدێرنە دەیانخولقێنێت، هەر لەکرێکارانەوە بیگرە تا ئەو گروهە سەربازی و گروهە ئەکادیمییانەی دەشێت هەم خەونی بەسەربازگەکردن و هەم خەونی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگا ببینن، لەئاستی مەعریفیدا دەیان زانکۆ و دەزگای لێکۆڵینەوە هەبوون و چەندان تیۆرە و بۆچوونی جیاواز لەئارادابوون، کە مۆدێرنە

دروستیکرابوون، لەئاستی تەکنیکیدا بەدەیان کارگە و ناوەندی بەرهەمهێنانی پیشەسازی مۆدێرن لەئارادابوون، کە دەیانتوانی دواهەمین چەکی کوشندە بەرهەمبهێنن و بەرهەمیشیان دەهێنا. کاریزما لەناو ئەم دونیا مۆدێرنەدا سیاسەتی مەرگی پیادەدەکرد.

-١٣-

لەهەشتاکاندا و بەتایبەتی لەڕۆژگاری ئەنفالدا جگە لەدەسەڵاتی کاریزمی، کە لەهەموو شوێنێکدا سەدان بەچکەی بچووکی لەسەر وێنەی کاریزمای یەکەم، سەدام حوسەین، هەڵهێنابوو، لەهەمانکاتدا دەسەڵاتی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی بەناو یەکە بە یەکەی خانەکانی جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عێراقیدا ڕۆچوبوو. بەبۆنەی جەنگی ئێران و عێراقەوە دەوڵەت زیاتر لەهەرکات دەستی خستبوە ناو ژیانی بایۆلۆژی ئینسانی عێراقیەوە، هەموومان لەبەرچاوی دەوڵەت و دەزگاکانی حوکمڕانیدا بوونەوەرێکی بینراو و دیاربووین. ڕاپەڕین ئاشکرایکرد چۆن دەزگاکانی ئەمن هەموو کۆمەڵگای عێراقیان لەناو فایلەکانیاندا کۆکردبوەوە و زانیاری زۆر وردیان لەسەر زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی عێراق کۆکردبوەوە. لەڕاستیدا خەونی بە سەربازگەکردنی کۆمەڵگا و بەرهەمهێنانەوەی لەسەر مۆدێلی سەربازگە بەبێ بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگا لەناو فایلەکاندا کارێکی مەحاڵە، ئەم خەونەبوو وایکردبوو بیرۆکراتیەت لە عێراقدا وێنەی ئەژدیهایەکی گەورە وەربگرێت، کە بتوانێت کۆمەڵگای عێراقی قووتبدات.

لەهەشتاکاندا بەعس لەهەمووکات زیاتر لە هەوڵی پیادەکردنی خەونی بە سەربازگەکردنی عێراقدا بوو. ئاخر لە هەشتاکاندا مۆدێرنە هەزاران دەرچووی

زانکۆ و خوێندەوار و هێزی مۆدێرنی تری دروستکردبوو، مۆدێرنە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی عێراقی ڕووە و شارەکان ڕاپێچکردبوو و کەم تاز ۆر لەو ئینتیما تەقلیدییانە ڕزگـــاریکردبوون، کە بەر لە مــــۆدێرنە لەناویانــــدابوون، لە هەشـــتاکاندا هێـــزە مەدەنییەکـانی عێـراق لەهەمووکـات زیـاتر بە ژمـارە گەورەتریـوون. لە هەشـتاکانا مـۆدێرنە هەمـوو شـێوەکانی جیـاوازیی لە کۆمەڵگـای عێراقیـدا بەرهەمهێنـابوو، لە جیاوازی کار و پیشەوە بیگرە، بۆ جیاوازی شوناس و دید و بۆچوون و ئـارەزوو و چێژ. ئەم هەموو گۆڕانانە پێویستیان بە دۆزینەوەی کەناڵی تەعبیرکـردن لەخۆیـان هەبوو، پێویستیان بە بەخشینی فۆرم بوو بە ژیانیان، پێویستیان بە خۆڕێکخسـتن و خۆکۆکردنەوە هەبوو، بەکورتی پێویستیان بە شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵات هەبـوو و دەیانویســت بەشــدارین لە پرۆســەی بڕیـاردانی کۆمەڵایەتیـدا. بەعـس نەیدەویســت هیچیەکێـک لەم داواکاریـانە وەدیبێنێـت، بەدیهێنـانی ئەم داواکاریـانە پێویستی بە پرۆژەی سەرلەنوێ دابەشـکردنەوەی دەسـەڵات هەبوو، پێویسـتی بە فراوانکردنی سنووری نوخبەی حـاکم هەبـوو، پێویسـتی بە کـردنەوەی دەرگاکـانی گەشـەکردن و هەڵکشـانی کـۆمەڵایەتی هەبـوو. بەعـس هەمـوو ئەمـانەی وەک مەترسییەک دەبینی، لێرەوە لەباتی پیادەکردنی ڕیفۆرمی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی، هەوڵـی وێرانکردنـی ئەو هێـزانەی ئەدا و بە واقیعـیش کەوتە وێزەیـان بە ئامـانجی لەناوبردنیان. جەنـگە بەردەوامەکـانی بەعس لەسـەرێک لە سـەرەکانەوە هەوڵـدانی وێرانکردنـی ئەم هێـزانە و وێرانکردنـی داواکـارییە کـۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیانە. ئەنفال وەڵامی بەعسە بەرامبەر بەو داواکارییانە. چەنـدە کـارێکە دژ بە کۆمەڵگـای کوردی ئەوەندەش پەیامێکە بۆ هەموو کەس و لایەنێک لە عێراقـدا. بـۆیە ناکرێـت ئەنفـال تەنهـا وەک هێرشـێک بۆسـەر ژیـانی لادێکـانی کوردسـتان ببینـین، بەڵکـو لەراسـتیدا هێرشــە بۆســەر هەمــوو نــاڕەزاییەکی کــۆمەڵایەتی و سیاســی و هەر پــرۆژەیەک بیەوێـت مەسـەلەی دابەشـکردنی دەسـەڵات لە عێراقـدا بهێنێتەکایەوە.

بێگومـــان بـــزوتنەوەی ناســـیۆنالیزمی کـــوردی، بەهەمـــوو بـــاڵ و لایەن و نوقسانییەکانیشیەوە، لە جەوهەردا هەڵگری پرۆژەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دەسەڵاتە لە عێراقدا. چونکە ئەم بزوتنەوەیە هیچی نەوێت برێک لەدەسەڵاتی بۆ سەرکردەکانی بزوتنەوەکە دەوێت، ئەوەشی بەعس نایەوێت بیکات، مەسەلەی سەرلەنوێ دلباشکردنەوەی ئەم دەسەڵاتە و بەشکردنیەتی لەگەڵ کەسی دیکەدا.

لە کوردســتاندا بەعس هەمـان سیاسـەت و هەمـان سـتراتیژی دابەشـنەکردنی دەسەڵاتی بەکاردەهێنا، بەعس نەیدەویست هێزە مۆدێرنەکانی کوردسـتان خەونی مۆدێرنانەی خۆیان ببین و سەربەخۆ لە هێزە تەقلیدییەکانی کوردسـتان کاربکەن. بەعس نەیدەویسـت پرۆسـەی مـۆدێرنە ئینتیمـا تەقلیـدییەکانی ئینسـانی ئـێمە تێکبشـکێنێت و لەشـوێنیدا ئینتیمـای نـوێ دروستببێت. ئەو سـتراتیژەی بەعس لەرێگەیەوە هێزە مۆدێرنەکانی کوردستانی ناچارانە بۆ نـاو هەنـاوی تەقلیـدییەت و هەناوی خێڵ گەڕاندەوە بریتیبوو لە دروستکردنی سیستمی موستاشارەکان. بەعس بە دروسـتکردنی ئەم سیسـتمە تـوانی هەزاران دوکتـۆر و پـارێزەر و ئەنـدازیار و دەرچـووی تـری زانکۆکـان تەسـلیم بەســەرۆک خێڵەکـان بکـاتەوە و لەرێگـای ئەوانیشەوە کۆنترۆڵیانبکات. سیستمی موستەشارەکان بەتەنها کۆکردنەوەی خەڵک نەبوو لە ئـامێزی سـەرەک خێـڵ و هێـزە تەقلیدییەکانـدا بەمەبەسـتی خۆپاراسـتن لەوەی بدەنە پاڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئەم سیستەمە ئەو سـەرزەمینەش بـوو، کە تیایدا زۆریەی هێـزە مۆدێرنەکـانی تەسـلیم بە سـەرک خێـڵ و ئاغـا و فیـوداڵە کۆنەکان کرایەوە. بێگومـان ئەمە تـاقە سیاسـەتێک نەبوو بەعس لە کوردسـتاندا پەیڕەویدەکرد، چونکە بەعس بەدرێژایی مێژووی خـۆی وازیَ لەو سیاسـەتی ترسـە نەهێنابوو، کە ڕۆژانە لە کوردستاندا پیادەی دەکرد. لەناوبردنی فیزیایانەی خەڵک و گــروهە نارازییەکــان دەگــۆڕێکی بەردەوام بــوو لە سیاســەتەکانی بەعســدا لە کوردسـتاندا، هەم لەرێگـای جەنگـی ئێـران و عێـراقەوە هەم بەهـۆی ئەو جەنـگە

سڕێژخایەنەی ترەوە، کە بەعس لە کوردستاندا دژ بە کورد بەرپای کردبوو.
کێشەی سەرەکی لە عێراقی هەشتاکاندا لەوەدایە کاریزما هیچ هێز و توانایەکی ڕەخنەیی لای هیچ گروهێکی کۆمەڵایەتی نەهێشتەوە، بەتایبەتی لای ڕۆشنبیران. کەمنەبوون ژمارەی ئەو ئایدیۆلۆژیست و کۆلۆمیست و شاعیر و نووسەر و ئەکادیمییانەی کاریزما و سەروەری کاریزمایان بەرهەمدەهێنایەوە. لەهەمانکاتیشدا ماشێنی گەورەی بیرۆکراسییەت تادەهات ئینسانی عێراقی ڕووتدەکردەوە لەهەر هەستێکی ئەخلاقی و نائینسانترین کاری بە ناوی واجبەوە پێ جێبەجێ دەکردن. ئەم دۆخە لەناو لەشکری عێراقیدا لە چڵەپۆپەدابوو، بەناوی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرکردایەتی حیزب و دەوڵەتەوە سەربازەکانی سوپای عێراقی خوێنی هەزاران هەزار قوربانی بێگوناهیان دەڕشت. بیرۆکراسییەت پانتایی وەسوەسە و دوودڵی ویژدانی بەرامبەر بە بڕیارەکان کەمکردبووەوە، لەڕاستیدا بیرۆکراسییەت چووبووە شوێنی ئەخلاق خۆی و مەسەلەی مەرگ و لەناوبردنی ئینسان کورتبووبووەوە بۆ کۆمەڵێک فەرمان و ئیجرائاتی ئیداری سادە، کە کەس خۆی بەرامبەریان بە بەرپرسیار نەدەزانی. ئەم پێکهاتەیەی دەسەڵات و ئەو هەلومەرجە ئەخلاقی و سیاسییە بوو ئەنفالی خولقاند، ئەنفال ئەو وێرانەیەیە، کە دەسەڵاتی کاریزمی لە سەر پایەکان و تواناکانی دەسەڵاتی مۆدێرن خولقاندی، دەسەڵاتێک هیچ پەیوەندییەکی بە گەمەی پاراستنی ژیانەوە نەمابوو و ڕاستەخۆ لەسەر مەرگ و لەڕێگای مەرگەوە کاریدەکرد. ئەو سیاسەتەی ئەنفالی خولقاند سیاسەتێک بوو سەرزەمینی بیۆسیاسەتی بەجێهێشتبوو و ڕاستەوخۆ لەناو تاریکستانەکانی ساناتۆسیاسەتدا نوقمبووبوو.

-١٣-

دەسەڵاتی کاریزمی وایکردبوو دەوڵەتی عێراقی ببێتە دەوڵەتێکی ڕاسیستی. بەڵام ئەم ڕاسیزمە ڕاسیزمێک نەبوو دونیا لەسەر بنەمای ڕەگەز و خوێن دابەشکبات، بەڵکو لەسەر بنەمای دابەشکردنی "یان ئێمە"، یان "دژی ئێمە"، یان ئەوانەی سەرۆکیان دەوێت بەرامبەر ئەوانەی سەرۆکیان ناوێت، دونیای دابەشدەکرد. ئەم دابەشکردنە شاقوڵییەی نێوان دەوڵەت و دەرەوەی دەوڵەت بەتەنها دابەشکردنێکی ئایدیۆلۆژی نەبوو، بەڵکو دابەشکردنێکیش بوو ڕەگەکانی لەناو میکانیزمێکی قوڵتری ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگادا بوو، کە لەسەر بنەمای قبووڵکردنی پێناسەکانی دەوڵەت بۆ خۆی و بۆ دونیای دەرەوەی خۆی دروستبووبوو. بەڵام دەوڵەتی عێراقی لەهەشتاکاندا بەتەواوی کورتبووبووەوە بۆ دەوڵەتی گروپی حاکم و سەرلەبەری کۆمەڵگای عێراقی کرابوون بەڕەعیەتێکی دەست لەسەرسنگ و گوێڕایەڵی دەوڵەت. لەپاڵ ئەمەشدا لەهەشتاکاندا دەزگانی دەوڵەت بەجۆرێک گەشەیانکردبوو سەرلەبەری کۆمەڵگای عێراقیان خستبووە ناو چوارچێوەی سنووری تواناکانی چاودێریکردنی دەوڵەت خۆیەوە، لەهەشتاکاندا پانتاییەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی نەمابوو دەوڵەت ئاڵاکانی خۆی تیا هەڵنەکردبێت. گەشەی کۆمەڵگا و گەشەی دەوڵەت یەک پرۆسەبوون، ئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا نەتوانێت لەدەرەوەی دەوڵەتدا هەناسەی سەربەخۆی خۆیبدات. لێرەوە ئەخلاقیەتی بیرۆکراسیەتی دەوڵەتی چووبووە شوێنی ئاکار و مۆراڵی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی. بیرۆکراسییەت و ئەو ڕۆحی تەسلیمبوونەی بیرۆکراسییەت و، ئەو سنوورەی بیرۆکراسییەت بۆ بەرپرسیاریەتی ئینسان و، ئەو هیرارکیەتەی بیرۆکراسییەت بۆ ئاستەکانی دەسەڵاتدارێتی دروستیدەکات ڕاستەوخۆ لەناو دەزگاکانی دەوڵەتەوە گواسترابووەوە بۆناو کۆمەڵگا. فیکرەی واجب و قبووڵکردنی

ئەمر و نەهییەکانی ریزەکانی سەرەوەی هەرەمی بیرۆکراسی لە ناو دەزگاکانەوە، گواسترابوونەوە بۆ ناو مۆراڵی کۆمەڵایەتی. بۆیە لە هەشتاکاندا سەرباری ئەو هەموو کوشتن و سوکایەتیکردنە بە ژیان، کەچی ئاستی بەرگری دژ بەدەوڵەت لەوپەڕی لاوازیدابوو.

بەڵام دەبێت لێرەدا هێما بۆئەو ڕاستییەش بکەین، کە بەعس لە تەکتیکی بەرەنگاربوونەوەی مۆدێرنە و هێزەکانی مۆدێرنەدا بەردەوام پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە مۆدێرنەی زیندووەکردەوە و بەهێزتریدەکردن، هەروەها شەڕی ئێران و عێراقیش بەعسی بەرەو گەڕانەوەیەکی دیماگۆگییانە بەرەو ئایین بردەوە. ئەمانە وایانکردن گەڕانەوە بۆ سەرزەمین و دونیابینی و فانتازیاکانی بەر لەمۆدێرنە لە هەشتاکاندا کارێکی ئاسایی و تاڕادەیەکیش لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ئافەرینلێکراوبێت. ڕەنگە هەڵبژاردنی ناوی ئەنفال بۆ ناونانی ئەو سیاسەتی جینۆسایدەی بەعس بەرامبەر بە کورد پیادەیکرد باشترین نموونەیەک بێت ئەم سیاسەتە نوێیەی بەعس نیشانبدات. گەڕانەوەی بەعس لە هەشتاکاندا بۆ ئایین و بۆ پەیوەندییە تەقلیدییەکان بە مەبەستی هەرچی زیاترکردنی چاودێری و سانسۆری کۆمەڵایەتی بوو. بەعس دەیزانی چیدی ناتوانێت 'خۆشگوزەرانی ڕێژەیی ئابووریی' بەر لە جەنگ بۆ خەڵک دابینکات و ئابووری عێراق ئەو توانایەی نەماوە بەعس چۆنیبوێت وا هەڵسوکەوتی لەگەڵدابکات، بۆیە بەکارهێنانی ئایین و گەڕانەوە پەیوەندییە خێڵەکی و سەرەتاییەکان ئەو هەلەی بۆ بەعس دەڕەخساند لەڕێگای ژمارەیەکی کەمی پیاوانی ئایین و سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکانەوە، ئەو لەشکرە برسییەی پەیدادەبێت، کۆنترۆڵبکات. ئەنفال لەیەک کاتدا بەرهەمی ئەو پێکهاتە دەسەڵاتییەی مۆدێرنە و ئەو بەکارهێنانە تایبەتانەی ڕەگەزەکانی بەرلەمۆدێرنەیە، کە بەعس بۆ سەپاندنی هەیمەنەی خۆی مامەڵەی کێشەی نەتەوایەتی کوردی لە عێراقدا پێکردووە.

بەکورتی ئەنفال چەندە بەرهەمی دەسەڵاتێکی مۆدێرنە کەلەسەر پایەکانی تەکنۆلۆژیای تازە و سیستمی بیرۆکراسییەت و بوونی ئامار و ئامادەگی زانست و میتۆدی مۆدێرن کاردەکات، لەهەمانکاتدا لەگەڕانەوەیەکی بەردەوامیشدایە بۆ ئەو فەزا سەلەفییە دینی و ئەخلاقیەیی شەرعیەتێکی دینی و ئەخلاقی بە پیادەکردنی ڕوداوەکانی ئەنفال دەدات و لاشەی قوربانییەکان وەک جەستەیەکی بێئیمان پێناسدەکات. لە پشتی ئەم ستراتیژەوە ئەو ئیرادە سیاسییە ئامادەیە، کە دەخوازێت کۆمەڵگا لەسەر مۆدێلی سەربازگە، یاخود لەسەر مۆدێلی خێڵێکی چەکدار بەرهەمبهێنێتەوە. ئەم ستراتیژەش ستراتیژی ئینکارکردنی هەموو جیاوازییەکانە، لە جیاوازی نەتەوەییەوە بیگرە بۆ جیاوازی ئایینی و کولتوری و ناوچەیی، هتد...

-١٤-

لە هەشتاکاندا دوو میکانیزمی زۆر گرنگ لەعێرقدا بە بەردەوامی کاریاندەکرد:
یەکەمیان: میکانیزمی بەدەوڵەتیکردنی دەسەڵاتە، واتە کردنی هەموو دەسەڵاتێکە بە دەسەڵاتی دەوڵەت و لەناوبردنی هەموو ئەو شێوانەی دەسەڵات، کە دەکەونە دەرەوەی دەوڵەتەوە، بۆنموونە لەناوبردنی دەسەڵاتی دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەیەکی هەمەلایەن. کۆکردنەوەی لەڕادەبەدەرەی دەسەڵات لە دەستی دەوڵەتدا وابەستەی ئەوەبوو دەوڵەتی عێراقی لە هەشتاکاندا چیدی نەیدەتوانی لە ڕێگای بەخشینی دەسکەوتی ئابورییەوە شەرعیەتی خۆی لە کۆمەڵگا بکڕێت. هەشتاکان لوتکەی قەیرانە ئابورییەکانی دەوڵەتە و خەرجی جەنگ و دابەزینی نرخی نەوت دەرامەتی ئابووری دەوڵەتی عێراقی تەواو

کزکربـــوو. لێـــرەوە ئەو "خوشـــنوونگەراییە"ی، (Welfaresim)، دەوڵەت لە حەفتاکانـدا خولقانـدبووی، لە هەشـتاکاندا خەریـک بـوو لە دەسـتی ئەدا. تـاقە شەرعیەتێکیش بەعس دەسەڵاتی خۆی لەسەر بنیادنابێت خۆشنودی ئابووری بوو، لە کۆتایی هەشتاکاندا ئەم بەردەوامیـدان بەم سیاسـەتی خۆشـنوودیيە کەوتە ژێـر پرسیارەوە، بەمەش هیچ زەمینـەیەک بـۆ شـەرعیەتی ئەم دەوڵەتە بێشـەرعیەتەی بەعس نەدەمایەوە، بۆیە تاقە ئامرازێک بۆ پاراستن و ڕاگرتنـی دەسـەڵاتی دەوڵەت لە سـەردەمانی لاوازی ئابووریـدا بریتیبـوو لە هەرچـی زیـاتری بە دەوڵەتیکردنـی دەسەڵات و هێرشی بەردەوامی دەوڵەت بوو بۆسەر کۆمەڵگای عێراقی.

دووهەم: میکـانیزمی بە کاریزمـاکردنی هەرچیزیـاتری دەسـەڵات. واتە بەخشـینی هەمـوو تواناکـانی دەسـەڵاتی دەوڵەت بە سـەرۆک و ئەو گـروپە کـۆمەڵایەتییەی سەرۆک و هەیـمەنەی سـەرۆک بەرهەمـدەهێننەوە. ئەم میکانیزمەیـان درێژکراوەی میکانیزمی یەکەمە. لێرەدا بەعس هەوڵدەدات لەڕێی شەخسی سەدام و 'کاریزما" ی سـەدامەوە ئەو بۆشـاییە پڕبکـاتەوە، کە لەدەسـتدانی خۆشـنونگەرایی ئـابووری دروستیکردبوو.

لە میکـانیزمی یەکەمیانـدا دەوڵەت هەوڵـدەدات هەمـوو شـێوەکانی دەسـەڵات لە چوارچێـوەی خۆیـدا کۆبکـاتەوە و هەمـوو ڕووکـارە جیاوازەکـانی ژیـان بخـاتە ژێـر کۆنترۆڵ و چـاودێری خـۆیەوە، لە مەسـەلەی لەدایکبـوونەوە تـا مەسـەلەی مـردن. لەدووهەمیشیاندا خودی دەوڵەت خۆی دەبێـتە مـوڵکی سـەرکردە کاریزمییەکـان و ئارەزوو و سایکۆلۆژیای کاریزما دەبێتە ئارەزوو سایکۆلۆژیای دەوڵەت. هەرئەمەشـە گەمەکانی دەسەڵاتی چ لەسەر مەرگ و چ لەسـەر ژیـان دەبەسـتەوە بە ئـارەزوو و سایکۆلۆژیای پیاوانی کاریزماوە و فەرمانی کیمیابارانکردنی کوردستان لەسەر زاری تاوانبارێکی وەک عەلی حەسەن مەجیدەوە دەرکرا.

ئەنفـال ئەو هەلەی بە بەعـس بەخشـی لەڕێگـایەوە ئەو شـێوە هەڵسـوکەوتە بە

کۆمەڵگای عێراقی و بێگومان بە کورد خۆشی نیشانبدات، کە بەنیازە لە قۆناغی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران و عێراقدا بەرامبەر بەهەر نارەزاییەک پیادەیکات. لەرێی ئەنفالەوە بەعس نامەیەکی کراوەی بۆ هەمووان نووسی و لەوەی ئاگادارکردنەوە، کە بەعسی قۆناغی کۆتایی خۆشنودگەرایی، بەعسی جینۆسایدە، راستە بەعسێکە توانای ئابووری لاوازە بەڵام توانای کوشتنی بەکۆمەڵ و لەناوبردنی یەکجارەکی بەهێزە. بەعس بە دۆڕاندنی توانا ئابوورییەکەی، کە بە ناوی 'مونجەزات' ەو شەرعیەتی خۆی لەسەر بنیادنابوو، تاقە ئامرازێک بۆ مانەوەی خۆی بەدەستییەوەمابوو توندوتیژی بوو، ئەنفال نموونەیەکی ئەو توندوتیژییەبوو، کە بەعس دەیویست بە هەمووانی نیشانیبدات. بەبۆچوونی من ماناکانی جینۆساید لە عێراقدا لەم گەمە ترسناکەی دەسەڵاتدا پەنهانە، هەر خودی مانەوەی ئەم گەمەیشە بەبێدەستکاری لەم ساتەی ئێستادا وام لێدەکات لەو باوەرەدابم لە ئاسۆکانی ئاییندەدا ئەنفالی دیکە هەبێت.

ئەم دەرەنجامە گەرچی بۆنی رەشبینییەکی گەورەی لێدێت بەڵام لەهەمانکاتدا لێدانی شووتی خەتەرێکە دەبێت بەرەو وریابوونێکی بەردەوامیمان ببات، ئێمە لەدونیایەکدا دەژین بۆنی جینۆساید تائێستاش لەهەموو سوچ و کون و قوژبنێکی هەڵدەستێت، نەک لەناو باخچەیەکدا، کە چاوەڕونی گوڵی ئەفسوناوی لێبکەین. گۆڕینی قەبرسانەکانی جینۆساید بە باخچە بە پاککردنەوەی ئەم دونیایە دەستپێدەکات لە ئەگەرەکانی جینۆساید، خودی ئامادەیی ئەو ئەگەری جینۆسایدەیە لە ئێستای کۆمەڵگای عێراقیدا وا لەمن دەکات بترسم، بەڵام بێگومان نائومێد نەبم.

-١٥-

لەکۆتایدا دەڵێم بۆ تێگەیشتن و ناسین و ڕاڤەکردنی ئەنفال بەتەنها ناسینی بەعس بەس نییە. بەڵکو، بە پلەی یەکەم، پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی سەرتاسەری پرۆسەی تازەبوونەوە لە عێراقدا هەیە. لەم وتارەدا من ئەم تازەبوونەوەیەم بە مۆدێرنیزەی چەکدار ناونا. ئەزموونی بەعس و ئەنفال ئەزموونی دەسەڵاتێکە نایەوێت سنوورەکانی خۆی بۆ هیچ دابەشبوونێک بکاتەوە. هەر گروهێکیش داخوازی کرانەوەی ئەو سنوورانەی هەبێت، یاخود بوونی ڕێگرێک بووبێت لەبەردەم داخستنی ئەو سنوورانەدا، لە دیدی بەعسەوە پێویست بووە لە ناو ببرێت. بێگومان ئەنفال ئامانجی دیکەشی هەبووە جگە لەوانەی تا ئێستا باسمانکردن، دەکرێت لێرەدا زۆر بە خێرایی باس لە هەندێکیان بکەین

١ـ ئەنفال ئەو هەلەی بە بەعس بەخشی ئەو چەکە کیمیاوییانەی کارخانە سەربازییەکانی ساڵانێکی درێژ خەریکی بەرهەمهێنانیبوون تاقیبکاتەوە.

٢ـ ترساندنی ئێران و ڕاکێشانی بۆسەر مێزی گفتوگۆ.

٣ـ لەناوبردنی یەکجارەکی بزوتنەوەی چەکداریی لە کوردستاندا و کۆتایهێنان بە کێشەی کورد.

٣ـ تاقیکردنەوەی کاردانەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کار و تەماحەکانی بەعس.

٤ـ ترساندنی هێزە ناوچەییەکان.

٥ـ خولقاندنی هەستکردن بە سەرکەوتن لای لەشکری عێراقی لەکاتێکدا بەدرێژایی جەنگی لەگەڵ ئێراندا نزیکەی ملوێنێک کوژرا و بریندار و سەقەتی دابوو.

بە کورتی دەشێت بۆ تێگەیشتن لە ئامانجەکانی ئەنفال زۆر هۆکاری دیکەش هەبێت من لەم نووسینەدا باسمنەکردبێت، بەڵام لە هەموو دۆخێکدا هەموو ئەو

هۆکـارلنە لەنـاو ئەو پێکهـاتەیەی دەسـەڵاتدا دەسـتبەکاربوون، کە لەم وتـارەدا بەدرێژیی باسمانکرد.

سەرچاوەکان

١ـ بەبۆچوونی باومان هۆڵۆکۆست، یان بەکۆمەڵکوشتنی جولەکەکان، بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی مۆدێرنە نەک دەرەنجامی فەشەل، یان غیاب، یان پاشەکشەی مۆدێرنە. هۆلۆکۆست و کامپەکانی کوشتن، دیسپلینی سەرتاسەرییانەی کۆمەڵگا و دواتر ئەنجامدانی کوشتاری سیستماتیزەکراو، شتانێک نین لەدەرەوەی دونیای مۆدێرن و پرۆسەی مۆدێرنیزەدا بن، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەگەرێکن لە ئەگەرەکانی مۆدێرنە و بەشێکی ئۆرگانی دونیای مۆدێرنن. هۆڵۆکۆست و جینۆساید دونیایەکن بەبێ مۆدێرنە نەدەخولقان، بۆیە هۆلۆکۆست تۆڵە نییە لە مۆدێرنە بەڵکو دانیشتووی ناوماڵی مۆدێرننە و ناو لۆژیک و ناو دەزگاکانی کۆمەڵگای مۆدێرنە. مەبەستی باومان لە مۆدێرنە کۆی ئەو بوونە تەکنۆلۆژی و بیرۆکراسی و ئایدیۆلۆژی و مۆراڵییەیە، کە پرۆسەی مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لەشکری مۆدێرن، دەوڵەت، جیهازی بیرۆکراسی، ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی و ڕاسیزمی عەقلانیکراو، ناسیۆنالیزم لەهەموو چاپە فاشیستی و نازیەکانیدا، دەزگای زیندان، ئۆردوگاکانی کوشتنی بەکۆمەڵ، چۆنیەتی ئۆرگانیزەکردن و پۆلێنکردن و پێناسکردن، فەردانیەتی دەرەوەی بەرپرسیاریەت، شاردنەوەی سزلو گواستنەوەی بۆ ناو شوێنە نهێنیەکان، هەرهەموویان بەرهەمی مۆدێرنە و کۆمەڵگای مۆدێرنن، هەر هەموویان دەربڕی ڕووە تاریکەکانی مۆدێرنەن. باومان لەم بۆچوونەیدا بەقوڵی لەژێر کاریگەری

بۆچوونەکانی فۆکۆدایە بەتایبەتی لەکتێبی، کۆنترۆ سزادا. بڕوانە:
Zygmunt Bauman, Modernity and Holocaust Polity Press, Cambridge UK 1989

٢ـ دەوڵەتـی هـۆبزی بەو خـاڵە لە دەوڵەتـی (لـۆک) ی جیـادەکرێتەوە، کە لە یەکەمیاندا کۆمەڵگا لەدەرەوەی دەوڵەتدا ناتوانێت هیچ فۆرمێکی ڕێکخستنی ژیـانی کـۆمەڵایەتی دروسـتبکات لە کاتێکدا لە دەوڵەتـی لۆکیـدا کۆمەڵگـا خـۆی خـۆی بەرهەمدەهێنێت و خۆی خۆی لە ناوەوەڕا بەڕێوەدەبات. لە یەکەمیاندا شتێک نییە بەنـاوی کۆمەڵگـای مەدەنیـیەوە لەدەرەوەی دەوڵەتـدا، لەکاتێکـدا لە دووهەمیانـدا کۆمەڵگـای مەدەنـی بە بەردەوامـی چـاودێری دەوڵەت دەکـات. بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانە:
Kees van der Pijl, wereldorde en Machtspolitiek: Visie op de Internationale Betrekkingen van Dante tot Fukuyama. Amsterdam, Het Spinhuis, 1992

٣ـ دەشـێت لێـرەدا ئەو پێناسـەمان قبووڵبێـت، کە ئەنفـال وەک هێرشـێکی جینۆسـایدییانە بۆسـەر ژیـانی لادێ و لادێنشـینەکانی کوردسـتان دەبینێـت. بەڵام نابێت ئەوەمان لەیادبچێت، کە ئەنفال مۆدێلێکی تـایبەتی دەسـەڵات لە پشـتییەوە دەستبەکارە، کە وێرانکردنی ژیانی لادێ و لادێنشینەکان تەنها کارێک لەکارەکانی و دەرکەوتێک لەدەرکەوتەکانی زەبری کـارکردنی ئەم دەسـەڵاتەیە. ڕاسـتە ئەنفـال لە ساڵی١٩٨٨ دا هێرشبوو بۆسەر لادێکانی کوردسـتان، بەڵام هـیچ ڕێگرێـک لەئـارادا نییە ئەو لۆژیک و ستراتیژیەی لەپشتی ئەنفالەوە کاردەکات، فراوانەکرێت بۆسـەر هێرش بۆسەر شوێنی دیکە و بەشـی دیـکەی پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی و جـوگرافی لەکوردستاندا. گەر ئەو ڕاستییەمان قبووڵکرد، کە ئەنفال دەسەڵاتێکی جینۆسایدی دروستیکردووە ئەوکـات مەسـەلەی ئەوەی کـێ و کـام گـرووپ جینۆسـایدەکرێت، مەسـەلەی کـات و شـوێن و ڕێـکەوتە، گرنـگ ئەوەیە دەسـەڵات لەم دۆخەدا

سروشتێکی جینۆسایدییانەی وەرگرتووە.

٤ـ بۆ پەیوەندی نێوان بیرۆکراسییەت و مۆراڵ بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو (zygmont Baumann 1989). لەچاوپێکەوتنێکدا باومان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت گەر بهاتایە هیتلەر جەنگی ببردایەتەوە ئەوکات تاواناکانی هۆلۆکۆست و شێوەی ئۆرگانیزەکردنی بیرۆکراسییانەی بەڕێوەبردنی ئەو تاوانانە، وەک مۆدێلێکی سەرکەوتوی بەڕێوەبردن و کارگێڕی مامەڵەدەکران و بە وانە دەوترانەوە و دەخوێنران. باومان دەیەوێت بڵێت، کە بیرۆکراسییەت دەشێت مۆراڵ تووشی ئیفلیجبوونی تەواوەتی بکات.

٥ـ بڕوانە: Alan Milchman and Alan Rosenberg: Mitchel Foucault: Auschwitz and modemity. Philosophy and Social criticism. No 1, 1996. P 101-113) لێرەدا ئەم دوو نووسەرە ئەو خاڵە گرنگانە دەستنیشاندەکەن، کە فۆکۆ لەسە ئەزموونی نازیزمی ئەڵمانی نووسیوە. بە باوەڕی ئەم دوو نووسەرە وێنەی ئەوشەفیتز، کەمپی بەکۆمەڵکوشتنی جولەکەکان، لە دیدی فۆکۆدا ئەو وێنە گرنگەیە، کە لەپشتی تیۆرەی دەسەڵاتی فۆکۆییەوەیە. فۆکۆ لە نازیزمدا ترۆپکی تێکەڵبوونی تەکنیککەکانی دیسپلین و سزای پێکەوە دەبینی. تێکەڵبوونێک، کە ئاراستەی دەسەڵاتی لەسەر کارکردنەوە لەسەر ژیان گواستۆتەوە بۆ سەر مەرگ. هەروەها بۆ لێکدانەوەیەکی تەواوی بۆچوونەکانی فۆکۆ دەربارەی شێوە جیاجیاکانی دەسەڵات بڕوانە:

Foucault, Discipline, Toezicht en Straf, De Geboorte va De Gevangenis. Historische Uitgeverij Groningen 1989 .

٦ـ مەبەست لە "کۆلۆنیالیزەی ناوەکی" لەوەیە، کە دەوڵەت پارچە جیاجیاکانی سەرزەمینێک، دیالێکتیکە جیاجیاکانی زمانێک، کەلتوور و لقە کەلتوورە جیاوازەکان لەسەرەوەڕا ناچاردەکات، کە یەکبگرن.، یان ڕاستریلێم زۆریەی

هەرەزۆریان لەناوبەبات لە قـازانجی دروسـتکردنی یەک زمـان، یەک کەلتـوور، یەک کەلەپوور هتد.. هەندێکجار ئەم لەناوبردنانە ئەوەندە بەرفراوان و توونـدوتیژدەبێت، کە دەشێت بە کۆلۆنیالیزمێکی ناوەکی ناونووسبکرێت.

٧ـ دەوڵەت لە مەسەلەی خولقانـدنی ئەو وێـنە هاویەشـەدا تونـدوتیژی و زەبرێکـی زۆری لەسەر کولتـور و گـروپە لۆکاڵییەکـان بەکارهێنـا بـۆ قبـووڵکردنی ئەو وێـنە گشتییە، بەڵام ئەم مەسەلەی سەپاندنە زۆر جیاوازە لە مەسەلەی جینۆساید، یـان دەسـەڵاتێک لەبـاتی هاوشـێوەکردنی کۆمەڵـگا و دروسـتکردنی کۆمەڵـگا، پـرۆژەی وێرانکردنی کۆمەڵگا پیادەبکات.

٨ـ بڕوانە:

Kanan Makiya, Verzweg en Wreedheid, nationalism, dictatuur, opstand en het Midden _ Oosten. Bulaaq, Amsterdam 1993.

٩ـ بڕوانە:

Samir al Khalil, Republic of Fear. Berkeley and Los Angeles. University of Califomia press, 1989.

١٠ـ بڕوانە:

Alan Milchman and Alan Rosenberg: Mitchel Foucault· Auschwitz and modemity. Philosophy and Social criticism. No 1, 1996. P (103)

١١ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٠١

جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ.

بانگەوازێکی گەردوونییە، یاخود بەرهەمێکی خۆرئاواییە؟

جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ،

بانگەوازێکی گەردوونییە، یاخود بەرهەمێکی خۆرئاواییە؟

-١-

پەنجا ساڵ لەمەوبەر، واتە ساڵی ١٩٤٨، هەشت دیپلۆمات لە پاریس پێکەوە کۆبوونەوە بۆ نووسینی ئەو دەقەی، کە دواتر ناوی "جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ"ی لێنرا. ئەو هەشت دیپلۆماتە لە کیشوەر و وڵات و کولتوری جیاوازەوە هاتبوون. خەڵکی ئوستراليا، چین، فەرەنسا، شیللی، بەریتانیا، لوبنان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون. ئەو هەشت کەسە بەدرێژایی دوو ساڵ خەریکبوون تا ئەو سی، (٣٠)، بەندەی بانگەوازەکەیان داڕشت، سی بەند، کە بەسەریەکەوە تەنها سێ لاپەڕەیەک دەبێت.

بە پێکهاتەی گروپی دیپلۆماتەکاندا دیارە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەر لەسەرەتاوە ویستویەتی ڕێ لەوە بگیرێت بانگەوازەکە وەک بەرهەمی کولتورێک، یان ئایینێک، یان کەلەپورێکی تایبەت تەماشابکرێت. پێکهاتەی گروپەکە، کە پێکهاتەیەکی

هەمەڕەنگە، هەوڵدانی ئەوکاتەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیشاندەدات بۆ زامنکردنی گەردوونێتـــی و جیهـــانیبوونی دەقەکە، نەک بەنـــدکردنی لە نـــاو ســـنووری شارستانیەتێک، یان کولتورێکی دیاریکراودا بەتەنها.

خوێنـــدنەوەیەکی وردی بـــانگەوازەکە نیشـــانیدەدات نووســـەرەکانی زۆر بەباشـــی ئاگاداری ئەوەبوون، کە هەلومەرج و توانـای پیـادەکردنی مـافە نووسـراوەکانی نـاو بانگەوازەکە و کردنیان بە بەشێک لە "کولتوری سیاسی" دەوڵەتان و کۆمەڵگاکانی ئەو ڕۆژگـــارە، زۆر لاواز و کەم بـــووە. نووســـەرانی بـــانگەوازەکە زانیویـــانە ئەو بەیاننـامەیە هێـزی ئەوەی نیـیە سیسـتمە سیاسـیەکان ناچاریکـات پەیـڕەویبکەن، دەزگایەک، یان لایەنێک نییە بەزۆر و لەڕێگای هێـزەوە بەنـدەکانی ئەو بەیاننـامەیە بیسەپێنێت، هەروەها هێزی یاسایەکی سەپێنراویشی نییە، کە هەمـووان ناچـارین پەیڕەویبکەن، ئەو سێ لاپەڕە ڕووناکە جگە لە هێزێکـی مەعنەوی خـاوەنی هـیچ لەشکر و چەک و زەبرێک نییە دیکتاتۆر و سیستمە سیاسییە ستەمگەرەکان ناچار بە ڕێزلێنانی بەندەکانی بکەن. هەربۆیە نووسـەرانی بەیاننـامەکە دەقەکەیـان زیـاتر وەک بەرنامەیەکی ئەخلاقی و وەک ئایدیالێک داڕشتووە، کە مرۆڤایەتی خەبات بـۆ پراکتیککـردن و پیـادەکردنی بکـات، نەک وەک پرۆگرامێکـی سیاسـی. بێگومـان دیپلۆماتەکان تەواو باوەڕیـان بەوەبووە ئەم بەرنـامەیە دەتوانێت ڕۆژێـک لە ڕۆژان ببێـتە بەرنـامەیەکی ئەخلاقـی گشـتی و مرۆڤـایەتی لەهەمـوو کاتێـک و لەهەمـوو وڵاتێکدا بگەڕێتەوەسەری و پرنسیپەکانی پەیڕەو و پیادەبکات. بەکورتی نووسەرانی بەیاننامەکە ویستوویانە لەســەرێکەوە بەریەوەبگرن بەیاننـامەکە وەک بەرنـامەیەکی سیاســی ببینرێــت و لەســەرێکی دیکەشــەوە هەوڵیانــداوە نەهــێڵن لێکــدانەوەی کولتوراليستانە بـۆ بەیاننـامەکە بکرێـت و هێـزە بـان ـ کولتـوورییەکەی لاوازبکرێـت. لەهەردوو بارەکەشدا نووسەرەکان ویستویانە بەپلەی یەکەم نـرخە گەردوونییەکـانی بەیاننامەکە بپارێزن.

لەگەڵ ئەو هەمــوو هەوڵانەدا بــۆ داڕشــتنی بەیاننــامەکە وەک بەڵگەنــامەیەکی گەردوونــی و ســنووربەزێن، کەچــی هەر لەســاتەوەختی یەکەمــی بڵاوبــوونەوەیەوە کەوتۆتە بەر ڕەخنەی جۆربەجۆرەوە و لەلایەن چەندان دەستە و گروهــی و لایەنــی جیاجیاوە و بۆمەبەستی جیاواز، دژایەتیکرا. یەکەمــین ڕەتکــردنەوەی بەیاننــامەکە هەر لە لەکاتی یەکەمین پێشکەشکردنیدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ دا دروستبوو. هەشت وڵاتــی ئەنــدامی ئەوکــاتەی نەتەوە یەکگرتووەکــان خۆیــان لە دەنگدان کێشایەوە و بەیاننامەکەیان بە بەهانەی جیاواز ڕەتکردەوە. ئەو وڵاتــانەش بریتیبوون لە سعودیە و ئەفریقای باشوور و شەش وڵاتی بلۆکی سۆشیالیستی ئەو کاتە. وڵاتە سۆشیالیستییەکان، کە هیچ جۆرە ئــازادییەکی بڵاوکــردنەوە و ئــازادیی سیاسی و ئازادی بیرکردنەوە و مافە سەرەتاییەکانی تری هاووڵاتیانیان نەدەناسی، بانگەوازەکەیان بەو بەهانەیە ڕەدکردەوە گوایە بەرنــامەیەکی بۆرژوازییــانەیە و جــگە لە هەوڵدانێک بۆ "پاراستنی ئاسایشی سیستمی سەرمایەداری" هیچی تر نییە. ئەم وڵاتانە لەبــاتی ئــازادیی سیاســی و کولتــوری و تاکەکەســییەکانی نــاو بەیاننــامەکە قسەیان لە ئازادی و مافی کۆمەڵایەتی دەکرد، ئەوان پێیانوابوو هەموو ئەو مافانەی لە بەیاننــامەکەدا هــاتووە جــگە لە میکیــاجکردنێکی ناشــیرینی دەموچــاوی سەرمایەداری شتێکی دیکە نییە.

سعودیە، کە نەیدەویســت زیــان لە دەســەڵاتی نــوخبە ئــایینییەکەی نــاو وڵاتەکەی بکەوێت، ئەو نوخبە دینییەی، کە ڕەوایەتی سیاسی بە دەسەڵاتدران و حوکمڕانانی سعودیە دەبەخشــی، بــانگەوازەکەی بە بەهــانەی ئــایینی و کولتــوریی ڕەدکردەوە. سعودییەکان ڕایانگەیاند گوایە بانگەوازەکە لەگەڵ ئیسلام و ئەو دونیــایەی ئیســلام پێشنیاریدەکات ناگونجێت. بەباوەڕی ئەوان بەیاننامەکە بەرهەمی ڕۆژئاوا و فیکــری ڕۆژئــاوایە و دژ بەو جەوهەرە گریمــانکراوەی ئیســلامە، کە ســعودییەکان وەک موسڵمان باوەڕیان پێیەتی.

ئەفریقــــای باشـــوور، کە تـــازە سیســـتمی ئاپارتهایـــدی، واتە هەڵاوردنـــی ڕەگەزپەرستانەیان، داهێنـابوو، نەیدەتوانی خۆی لە هیچ بەندێک لە بەندەکانی بانگەوازەکەدا بدۆزێتەوە، چونکە هەر بەندێک لە بەندەکانی ئەو بەیاننـامەیە دژ بەو سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ڕەگەزپەرستانەیە بوو، کە ئەوان لە ئەفریقـای خـــواروودا دروســـتیانکردبوو. مـــامەڵەکردنی ڕەشپێســـتەکانی ئەو وڵاتە لەلایەن دەوڵەتەوە وەک ئینسانی پلە دوو و پلە سێ ناکۆکبوو بە تێسکت و بەند و ڕۆحی یەکسانخوازی بەیاننـامەکە. بەرگریکـردن لە بـوون و مـانەوە و بەرقەرای سیسـتمی ڕەگەزپەرستی لەو وڵاتەدا ڕاستەوخۆ گرێدراوی ڕەفزکردنی هەموو بۆچوونێـک بـوو، کە قسەی لە یەکسانی نێوان ئینسانەکان و ڕەگەزەکان دەکرد و دژی دابەشکردنی ئینسانە لەسەر بنەمای رەگەز و ڕەنگی پێست و دین و بیروبۆچوونی سیاسی.

وەک ئاشـکرایە ئەو بەهـانە هاوبەشـەی لەهەرسـێ دۆخەکەدا بـۆ ڕەتکـردنەوەی بانگەوازەکە لەئارادایە، واتە لە دۆخی وڵاتە سۆسیالیستەکان و لەدۆخی سعودیە و لەدۆخی سیستمە ڕەگەزپەرستەکەی ئەفریقای باشوردا، ئەوەیە گوایا ئەم بانگەوازە کاراکتەرێکی جیهانی و گەردوونی و بان ـ کولتوری نییە و ڕاستەوخۆ پابەندی دید و بۆچوون و دونیـابینی چـین، کولتـور، ئـایین، یـان شارسـتانیەتێکی دیـاریکراوە. لێرەوە لەبۆچوونی ئەم لایەنانەدا ئەم بەیاننامەیە ناتوانێت خۆی وا نیشـانبدات، کە دەقێکی گەردوونیـیە و پێویسـتە لەسەراسـەری جیهانـدا جێـی ڕێزلێگرتنبێـت، بە پێچەوانەوە ئەو هەشت وڵاتە لایانوایە ئەم بەیاننـامەیە دەقێکە منـاڵی ناوەنـدێکی کولتوری و سیاسی و شارستانی تایبەتە.

ئێستاش، پەنجا ساڵ دوای دەرچوونی ئەم بانگەوازە، هێشتا ئەو جۆرە نارەزایی و بەرهەڵسـتییانە هەر مـاون و بەهێـزن، هێشـتا دەنگێکـی زۆرەەن، کە نایانەوێـت بەیاننامەکە و ڕۆحە یەکسانخوازەکەی بەیاننـامەکە قبـووڵکەن. بەڵام ناڕەزاییەکـانی ئێســتا بەجــۆرێکی تــر لە زاراوەســازی و لەچوارچێــوەیەکی تیــۆریی جیــاوازدا

پێشکەشدەکرێن. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕەخنە لە جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ، وەک فەیەلسوفی هۆڵەندی هاری کیونێتمان، Künnenman، دەڵێت، دکرێت لە سێ شێوەدا کورتبکرێتەوە: (١)

١ـ رەخنەی کولتوریی

٢ـ رەخنەی تیۆرەی رێژەگەرایی، واتە تیۆرەی نسیبییەت.

٣ـ رەخنەی پۆست مۆدێرنیزم.

من لەم وتارەدا لە دوو جۆرە رەخنەی یەکەم و دووهەم دەدوێم، جۆری سێیەم، واتە رەخنەی پۆست مۆدێرنیزم، وازی لێدێنم، چونکە بەڕای من ئەم رەخنەیە هیچ شتێکی جەوهەری بۆ ئەو دوو جۆرە رەخنەیەی تر زیادناکات و لەزۆربەی کاتدا تەنها دووبارەکردنەوەی رەخنەکانی ئەوانە.

رەخنەی کولتوری و رێژەگەرایی لە بانگەوازەکەی مافی مرۆڤ لەوێوە دەستپێدەکەن گوایا هەر گروپێک پێشخانی کولتوریی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەو کولتورە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی ئەو گروپە دادەڕێژێت و دەستنیشاندەکات. هاوکات دەڵێن ئەوەی بۆ کولتور و هەڵگرانی کولتورێکی دیاریکراو دەشێت و دەگونجێت بۆ هەڵگرانی کولتورێکی دی ناگونجێت. بۆنموونە رێژەگەراکان لەو باوەڕەدان ئەوەی بۆ 'کولتوری رۆژئاوایی' دەگونجێت، بۆ کولتورەکانی دیکە، بۆ نموونە بۆ 'ئیسلام' ناگونجێت. لەم دیدەدا 'کولتوری رۆژئاوایی' و 'کولتوری ئیسلامی' وەک دوو دونیای تەواو جیاواز وێنادەکرێن و وا نیشانئەدرێن وەک ئەوەی هەرگیز بە یەکنەگەن، نا نەک هەر بەیەکنەگەن بەڵکو هەم هێزە ئوسوڵییەکان لە رۆژئاوا و هەم هێزە ئوسوڵییە دینییەکان لە رۆژهەڵات قسە لە 'جەنگی کولتوری' دەکەن و بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی سەرزەمینێک پێشنیاردەکەن تەندرا و بە جەنگی کولتورە جیاجیا و دوژمنەکان. نەک تەنها ساموئیل هینگتینتۆنی نووسەری کتێبی "بەریەککەوتنی شارستانییەتەکان"،

هەڵگری ئەم دیدە کولتورگەرایەیە بۆ مێژوو و بۆ پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکانی دونیا، بەڵکو لەشکرێک ڕۆشنبیری ئوسوڵی ئیسلامی و لەشکرێک ئیمام و ئایەتوڵا و لە ئایەتوڵا بچووکتر، هەڵگری هەمان دیدن. ئەمانە نەک تەنها جەنگ و ململانێی نێوان کولتورەکان وەک جەنگێکی ئەزەلی و ئەبەدی تێدەگەن، بەڵکو هاوکات جەوهەرێکی نەگۆڕ و جێگیر بەهەریەکێک لەو کولتورانەش دەبەخشن، کە هەرگیز قابیلی گۆڕان و تازەبوونەوە نییە.

بەباوەڕی ئەمانە هەموو کولتورێک "لۆژیکی ناوەکی" خۆی هەیە و ناکرێت لەدەرەوەڕا لۆژیکێکی دیکەی بەسەردابسەپێنرێت. لێرەدا کولتور وەک سەرزەمینێکی یەکگرتوو و ڕێکچووی بێناکۆکی و بێجیاوازی ناوەکی پێشنیاردەکرێت، وەک جەوهەرێکی نەگۆڕی بان ـ کات و بان ـ شوێن و وەک هێزێکی جێگیر و نەگۆڕ، کە دەستنیشانی ئەوە دەکات ئینسان چۆن بژی و چی بکات و چی نەکات. ئەم ڕەخنە کولتورییە بانگەوازەکە لەسەر بنەمای ئەوەوە ڕەد دەکاتەوە، کە گوایا ئەم بانگەوازە بەرهەمی "کولتوری ڕۆژئاوایەو" لەگەڵ پێشخانە کولتورییە جیاوازەکانی دیکەی دونیادا یەکناگرێتەوە و لە جەوهەردا دژ بە کەلەپور و بیروبۆچوون و هەموو ئەو بەها و پرنسیپانەیە، کە سەر بە کولتوری ڕۆژئاوایی نیین.

ڕێژەگەراکانیش بە هەمان هێڵی کولتورگەراکاندا دەڕۆن و بەرگری لەوەدەکەن، کە دەبێت ڕێزی لۆژیکی ناوەکی و بەها و پرنسیپی کولتورەکانی دیکە بگیرێت و بەزۆر دید و پرنسیپ و بەهای کولتورێکی دیکەیان بەسەردا نەسەپێنرێت. بەپێی ئەم لۆژیکە، بۆ نموونە، خەتەنەکردنی ئافرەت لە سۆماڵ، یان لە میسر، یان لە کوردستان، دەبێت ڕێزی لێگیرێت و ڕەخنەی لێنەگیرێت، چونکە ئەمە عادەتێکی تایبەتی ناو کولتوری ئەو وڵاتانەیە و لۆژیکی تایبەتی خۆیان هەیە و لەناو ئەو کولتورانەشدا هەم وەزیفەیەکی دیاریکراو و هەم مانایەکی تایبەتیان هەیە. لێرەوە

نابێت، بۆ نموونە لە ڕێگای ئەو بەندانەی بەیاننامەی مافی مرۆڤەوە، کە باس لە مافی سەروەری و ئۆتۆنۆمبوونی جەستە دەکات، بەگژ عادەتەی کولتوری خەتەنەکردنی ئافرەتدا بچینەوە.

هەم لە رۆژئاوا و هەم لەدەرەوەی رۆژئاوادا رەخنەی کولتوریی و ڕێژەگەرایی لە جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ ڕەخنەیەکی ڕەوالجدارە، زۆرن ئەوانەی لەم دیدەوە و لەژێر چەتری کولتورگەرایی و ڕێژەگەراییەدا، ڕەخنە لە بەیاننامەکە دەگرن. لەدەرەوەی رۆژئاواشدا ڕەخنەی کولتوری، بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتداران و ئەو رۆشنبیرانەوە، کە تارادەیەکی زۆر لە خزمەتی دەسەڵاتداراندان برەوێکی گەورەی هەیە، یاخود لەلایەن ئەو بزاوتە سیاسییە ئوسوڵییە دینی کولتوریانەوە، کە جارێک ئایین و جارێک 'رۆحی نەتەوەیی' وەک جەوهەرێکی جیاواز بە گژ بەندەکانی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤدا دەکەنەوە. ئەم ڕەخنانە بەناوی 'کاراکتەری خۆیی' و 'تایبەتمەندی کولتوری' و 'ترادیسیۆنی جیاواز' هوە دژایەتی بانگەوازەکە دەکەن. ئەم ڕەخنانە 'جەوهەرێکی نەگۆڕ' بۆ کولتورەکان گریمانەدەکەن و لەوێوشەوە بە خەتێکی سوور 'جەوهەر'ی گریمانکراوی ئەم کولتور لە جەوهەری گریمانکراوی ئەو کولتور لە یەکدی جیادەکەنەوە و شوناسێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی پێشنیاردەکەن، کە گوایە لەهەموو شوێن و کات و ڕۆژگار و سەردەمێکدا تەعبیر لەو جەوهەرە نەگۆڕەی ئەو کولتورانە دەکات.

ڕەنگە بۆ من وەک کوردێک باشترین نموونەیەک ڕەخنەی کولتوری و ڕێژەگەرایی ڕوونبکاتەوە ئەزموونی بەعس و پروپاگەندەی ڕۆشنبیران و ئایدیۆلۆژیستەکانی بەعس بێت لە عێراقدا بەرامبەر بە کورد. بەعس لە عێراقدا بەناوی کاراکتەری 'تایبەتی' و 'دەگمەن' و 'بێوێنە' ی نەتەوەی عەرەبەوە، بەناوی گوتارێکی هەمەلایەنەوە دەربارەی 'تایبەتمەندێتی'، واتە خسوسیەتی عەرەبییەوە، نەک هەر تەنها بانگەوازی مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو زۆر لایەنی دیموکراسییانەی تری بیری

سیاسی مۆدێرنی ڕەتکردۆتەوە. لەهیچ شوێنێکی تری جیهانی عەرەبیدا ئەوەندەی عێراق جەخت لە مەسەلەی 'کولتوری خۆیی' و 'تایبەتمەندی' و "ڕەسەنایەتی" عەرب و نەتەوەی عەرەب نەکراوە، بەهەمانشێوە لەهیچ شوێنێکی دیکەی دونیای عەرەبیدا ئەوەندەی عێراق پرۆژەی جینۆساید و کوشتنی بە کۆمەڵ و وێرانکردنی شوناسە جیاوازەکانی دیکە ئامادەنەبووە. بەعس سنوورێکی زۆر ئاشکرای لەنێوان عەرەب و دونیای دەرەوەی عەرەبدا دەکێشا، بەعس لەڕێی گوتاری 'تایبەتمەندێتی' ەوە جۆرێک جیاوازی بەرهەمدەهێنا، کە بەرهەمی سەپاندنێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ستراتیژێکی تایبەتی دەسەڵات بوو، کە هیچ ڕێزێکی بۆ تایبەتمەندییەکان و جیاوازییەکانی ئەوانیتر دانەدەنا. بەعس عەرەبی وەک بوونەوەرێکی جیاواز و باڵا و خاوەن پەیامێکی نەمر، الرسالە الخالدە، پێشنیاردەکرد و هەموو ئەمانەشی لەژێر ناونیشانی کولتوری تایبەت و ڕێژەگەرایی کولتوریدا بەڕێوەدەبرد، هاوکات هیچ ڕێزێکی بۆ کولتور و کەلەپور و شوناسی هێزەکانی تری ناو نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق دانەدەنا. ئاشکرایە لەپشتی ئەم دیدە کولتورگەراییەوە گوتارێکی فاشیستی کاردەکات، کە مافی جیاوازبوون تەنها بە بەعس خۆی ئەدا و ئەو مافە لەهەموو ئەوانیتری نابەعسی دەسسێنێتەوە، لەڕاستیدا بەعس دەیویست هەموو ئەوانیدی ناچاربکات ببنە بەعس و وەک بەعس بیربکەنەوە و بژین.

دواهەمین دەرەنجامی ئەم کولتورگەرایی و ڕێژەگەرلییە، وەک هەمووومان دەزانین، کردنی هەموو شتێکی دونیای دەرەوەی بەعس بوو بە دوژمن. ئەم دیدە پەرگیرە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا تا ئێستا دەیان ساڵ جەنگ و ملیۆنەها قوربانی بەرهەمهێناوە.

بەکورتی ڕەتکردنەوەی کولتوریی ئەم دەسەڵاتدارانە بۆ بەیاننامەکە بە بیانوی ئەوەی سەر بە کولتوری ڕۆژئاوایە لە کاتێکدایە ئەوان خۆیان بەو چەکە

کۆمەڵکوژانە بەهێز و تەیارەکەن، کە بەرهەمی خۆرئاوان و لە خۆرئاواوە هێنراون. لە کاتێکدا تێروانین و بۆچوونی دەسەڵاتدارانی عێراق و ئەوانیتری وەک عێراق بەرامبەر رۆژئاوا تێروانینێکی خراپە و رۆژئاوا وەک بەدبوونێکی گەورە دەناسێنن، لەهەمانکاتدا ئەو دەسەڵاتدارانە لە کۆشکەکانی خۆیاندا شتومەک و کاڵا و تەکنۆلۆژیای رۆژئاوا بەکاردەهێنن. لە کاتێکدا ئەوان بەیاننامەکە بەناوی رۆژئاوابوونەوە رەتدەکەنەوە لە هەمانکاتدا پشووی هاوینەکانیان لە کەناری دەریاکانی رۆژئاوادا بەسەردەبەن و، کە نەخۆشیش دەکەون هەر روویان لە نەخۆشخانەکانی رۆژئاوا دەکەن.

جگە لەمانەش لەو کاتەدا، کە سێ لاپەڕەی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا یاساغ دەکرا، لە هەمانکاتدا لە بازاڕی رەشدا و بەبەرچاوی دەسەڵاتدارانەوە فلیمە سێکسیە رۆژئاواییەکان و گۆڤارە سێکسیەکانی وەک "Play Boy" دەفرۆشران و بڵاودەکرانەوە. لەکاتێکدا رووە دیموکراسییەکانی فیکری سیاسی نوێ بەناوی تایبەتمەندیتی کولتورییەوە رەتدەکرانەوە، لەهەمانکاتدا هەموو ئەو دەزگا دیسپلینکەر و چاودێریکەرانە کۆپیدەکران، کە لە ئەزموونی سیستمە تۆتالیتارەکانی رۆژئاواوە هاتبوون.

بێگومان ئەوە هەرتەنها دەسەڵاتداران و رۆشنبیرەکانیان نیین لە رۆژهەڵات، کە ئەم بانگەوازە وەک بەرهەمی کولتور و ترادیسیۆنی رۆژئاوایی سەیردەکەن. بەڵکو زۆر لە رۆشنبیرانی ناو رۆژئاوایش هەمان دید دووبارەدەکەنەوە بەتایبەی کاتێک بانگەوازەکە وەک بەرهەمێکی یەهودی-مەسیحی سەیر دەکەن. تازەترین دەقێک لەم رووەوە بەرچاوی من کەوتبێت و خوێندبێتمەوە، وتارێک بوو لە رۆژنامەی "Trouw"-ی هۆڵەندی لە رۆژی ٢٨-١١-١٩٩٨ دا. (٢) نووسەری ئەم وتارەدا پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان بانگەوازەکە و دە ئامۆژگارییەکەی دینی

یەهودیەتدا دەخاتەڕوو، لێرەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بەیاننامەی مافی مرۆڤ و کولتووری یەهوودی و مەسیحیدا پێشنیاردەکات و بە بەیاننامەکە ڕەگوڕیشەیەکی دینی مەسیحی یەهودی دەبەخشێت. لەڕاستیدا ئەمجۆرە دید و لێکدانەوانە هەڵگری، زۆرجار بەنائاشکرایی، تێڕوانینێکە پێیوایە کولتورەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا کەمتر شارستانین و ناتوانن وەک 'کولتوری ڕۆژئاوا' مرۆڤدۆست و ژیاندۆست بن. بە بۆچوونی من ئەم جۆرە لێکدانەوەیە هیچی زیاتر نییە لەو دیدە یۆنانییە دێرینەی، کە جیهانی دەکرد بە دوو بەشەوە: لەلایەک یۆنانییەکان وەک هەڵگری شارستانییەت و لەلایەکی تریشەوە هەموو ئەوانەی یۆنانی نەبوون، وەک بەربەری، ئەم دیدە کولتورگەرایە هاوچەرخە دووبارەکردنەوەیەکی کۆمیدییانەی ئەو دیدەت ڕاژیدییە یۆنانییە. وەک یۆنانییە کۆنەکان، کولتورگەرا هاوچەرخەکانی خۆرئاوا، دونیای ئەمڕۆ بەهەمان لۆژیکی جیاکردنەوەی شارستەنییەت لە بەربەریەت دابەشدەکەن و خۆرئاوا وەک سەرزەمینی شارستانیەت و دەرەوەی خۆرئاوا وەک سەرزەمینی بەربەریەت وێنادەکەن. کولتورگەراکان چ لە یۆنانی کۆندا بژین، یان لە خۆرئاوای ئەمڕۆدا، چ باوەڕیان بە ئیسلام بێت، یان بە مەسیحیەت، یان بودیەت، یان سۆسیالیزم هەرشتێکی دیکە، هەموویان بەهەمان لۆژیکی کولتورگەرایی بیردەکەنەوە و بەهەمان لۆژیک دونیا دابەشدەکەن. لۆژیکێک کۆمەڵگاکان بۆ یەک کولتور کورتدەکاتەوە و بەو کولتورەش جەوهەرێکی ئەبەدی و نەگۆڕ دەبەخشن.

ئەو پرسیارەی لێرەدا پێویستی بە وەڵامدانەوەیە ئەوەیە داخۆ ئەو جیاوازییە کولتوورییە گرنگانە چین، کە کولتورگەراکان لەنێوان 'کولتوری ڕۆژئاوا' و کولتورەکانی دیکەدا پێشنیاریدەکەن؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە پێویستە تێبینییەک دەربارەی چەمکی "کولتور" بەوشێوەیەی لەم پرسیارەدا بەکاردێت، بخەمەبەرچاو. لەم جۆرە دیدەدا کولتور وەک گشتێکی نەگۆڕ و وەک جەوهەرێکی چەسپاو سەیردەکرێت، وەک ئەو ئامێری کۆپیکردنە گەورەیەی

مرۆڤگەلێک بەرهەمدێنێت لەهەموو روویەکەوە لەیەکدەچن. کولتور لەم دیدەدا نەگۆڕێکە و جەوهەرێکی جێگیری هەیە و ئەو جەوهەرەش دەستنیشانی ئەوەدەکات ئینسان چییە و چۆنە و بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت دەکات؟

ئەم دیدە کولتورالیستییە دیدێکە لەنێوان رۆژئاوا و بەشەکانی تری جیهاندا جیاوازییەک پێشنیار دەکات، کە لادان لێی و تێپەڕاندنی مەحاڵە، جیاوازییەک بە بۆچوونی ئەمانە لە بوونی دوو جەوهەری گریمانکراوی لێکنەچووەوە سەرچاوەدەگرێت. هاوکات ئەم دیدە بۆ خۆرئاوا، کە خۆرئاوا لەدەیان وڵات و ملیۆنان ئینسان و سەدەها و هەزارەها گروپی جیاواز پێکدێت، یەک کولتور پێشنیاردەکات و بەهەموویان یەک ئاکار و شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانیان دەبەخشێت. بێگومان ئەم پیشەسازی دروستکردنی جەوهەرە بەسەدان شێوە هەڵەیە. "جەوهەری" جیاوازی گریمانکراوی نێوان خۆرئاوا و دەرەوەی خۆرئاوا زۆرجار لەو دیدە سۆسیۆلۆژیەدا ئامادەیە، کە باس لە پەیوەندی نێوان تاک و گروپ دەکات. سۆسیۆلۆژیای کولتورگەرایی پێشنیاری ئەوە دەکات گوایا 'کولتوری رۆژئاوایی' لەسەر بنەمای تاکەکەس و بەرژەوەندی تاکەکەس دامەزراوە و کاردەکات، لەکاتێکدا 'کولتوری رۆژهەڵاتی' لەسەر بنچینەی گروپ و بەرژەوەندیی گروپ. وەک دەبینین لێرەدا بە "خۆرهەڵات"یش یەک کولتور بەخشراوە و بەم کولتورەش یەک جەوهەر بەخشراوە، کە گوایە جەوهەرێکی دژ بە تاکەکەسە.

بۆئەوەی ئەم بۆچوونە بخەمە ژێر پرسیارەوە، جارێکی دی دەگەڕێمەوە سەر نموونەی عێراق، چونکە من بەشێکی زۆری ژیانم لە عێراقدا بردۆتەسەر. بەعس لە عێراق بەبەهانە کولتورییەکان هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی دیموکراسییانە رەتدەکاتەوە. بەڵگە و بەهانەکانی بەعسیش بۆ ئەم ڕەتکردنەوەیە ئەوەیە بەعس هەرچی زیاتر جەخت لە گروپ و قازانجەکانی گروپ دەکات و نەتەوەی عەرەب و ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب پێش تاکەکەس و ئامانجەکانی تاکەکەس دەخات.

بەپێی ئەم لۆژیکە قازانجی خێزان لەسەروی قازانجی تاکەکەسەوە و قازانجی حیزب لەســەروی قــازانجی ئەنـدامانەوە دادەنێـت. بێگومــان هەرکەسـێک زانیــارییەکی سەرەتایی دەربارەی عێراق هەبێت، دەزانێـت ئەو وڵاتە وڵاتێکی فرەگروپە و هیچ گروپێکیش لە عێراقدا ئەو مافە سەرەتاییانەی نییە، کە گروپەکان لە کۆمەڵگایەکی تەندروست دەبێت هەیانبێت. بەپێچەوانەوە ئەو گروپانەی رۆژێک لەرۆژان خەونیان بەلاینکەمی ژیانێکی ئۆتۆنۆمەوە بینیوە و بیریان لە قـازانجی خۆینـا وەک گـروپ کردۆتەوە، لە گروپە سیاسییەکانەوە بیگرە بۆ سـەندیکاکان و بۆ گـروپە ئەتنـی و ئایینیەکان، هەرهەموویان نەک هەمـوو جـۆرە مافێکیـان وەک گـروپ لێزەوتکـراوە، بەڵکـو گەر تەسـلیمی ئەم بێمـافیەش نەبـووبن، ئەوا بەشـێوەیەکی سیسـتەماتیک قڕکراون. لە عێراقدا، کە گوایە هەڵگری کولتوری خـۆرهەڵاتییەوە لەم کولتورەشـدا مافی گروپ بەسـەر مـافی تاکەکەسـدا زاڵە، دەبینـین بەر لە مافەکـانی تـاکەکەس مــافی گروپەکــان پێشـێلکراوە و بەردەوامـیش پێشـێلدەکرێت. هەمــوو ئەمــانە لەکاتێکدایە وا پێشنیاردەکرێت گوایە 'کولتوری عێراقی' وەک بەشـێک لە کولتـوری خۆرهەڵاتی کولتورێکە گرنگی بە گروپ و مافەکانی گروپ دەدات.

بەبۆچوونی من کارێکی مەحاڵە بتوانرێت مافەکانی تـاکەکەس و مافەکـانی گـروپ لەیەکدی جیاکرێنەوە. عەقڵیەتی پاراستنی ماف یەک عەقڵیەتە، جـا چ پاراسـتنی مافی تاکەکەسبێت، یان هی گروپ. من ناتوانم هـیچ نمـوونەیەکم بـدۆزمەوە تیایـدا ئەوە نیشانبدات، کە مافەکانی گروپ زامنکرابێـت، بێئەوەی پێشـوەخت مافەکـانی تـاکەکەس پارێزرابێـت، وەک چـۆن ناشـتوانم بیـر لە نمـوونەیەک بـکەمەوە تیایـدا مافەکــانی تــاکەکەس پارێزرابێــت، بەبێــئەوەی مــافی گروپەکــانیش نەپــارێزرابن. لەهەرشوێنێکدا مـافە تاکەکەسـییەکان پێشـێلکرابن، ئەوا مـافە هاوبەشـەکانیش بە ئەندازەیەکی گەورە پێشێلکراون. لە هەرشوێنێکیش مافی گروپەکـان پێشـێلکرابێت مــافی تاکەکــانیش پێشــێلکراوە. جیــاکردنەوەی مــافە تاکەکەســییەکان و مــافە

هاوبەشەکان لەیەکتری هەمیشە بەهانەیەکی بێمانایە بۆئەوەی بەئاسانی ئازادیی تاکەکەسی لە هاووڵاتییان و ئازادی دەستەجەمعی گروپەکان زەوتبکرێن.

لە ڕۆژئاواشدا لە کاتێکدا قسە و باسێکی زۆر لە جەوهەری تاکگەرایی ئەم بەشەی دونیا دەکرێت، لە هەمانکاتدا سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ پێماندەڵێت هیچ کاتێک کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا بەئەندازەی ئێستا گروپی جیاجیای تێدا ئامادە نەبووە، لە ئێستادا لەو کۆمەڵگایانەدا گروپ بۆ هەموو جۆرە چالاکییەک و بۆ هەموو هەڵسوکەوتێکی ئینسانی هەیە، ئیدی لە گروپی پاراستنی ژینگەوە بیگرە بۆ گروپی بەرگریکردن لە مافی پەنامەندە و بۆ گروپی گرنگیدان بە تەندروستی ئاژەڵان، کەچۆن لە هەمانکاتدا تاکگەرایی لەوپەڕی گەشە و ئامادەگی خۆیدایە.

لە دەرەوەی ڕۆژئاواشدا، دیسانەوە بۆ نموونە لە عێراقدا، چەندە تاک و تاکگەرایی غائیبە، بەهەمان ئەندازەش بوونی گروپی جیاواز و گروپگەرایی خۆشی غائیبین. لەعێراقدا لە نێوان خێزان و دەوڵەتدا هیچ جۆرە گروپێکی دیکەی جیاواز و سەربەخۆ لە ئارادا نییە، مەگەر ئەو گروپە ساختانە نەبێت، کە دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن و لەکاتی پێویستیشدا بۆ لەناوبردنی ئینسان و کۆمەڵگای عێراقی دروستیکردون. دەتوانم تا ئەوشوێنە پێدابگرم و بڵێم لە کوێ تاکەکەسی ئازادنەبوو گروپی ئازادیشی لێنییە، مەگەر ئەو شێوانەی گروپ نەبێت، کە وەک پێدراوێکی سروشتی ئامادەن، بۆنموونە خێزان و خێڵ و تائیفەی دینی. لەهەرشوێنێکیش تاکەکەسی ئازاد هەبوو ئەوکات کۆمەڵگا دەبێتە سەرزەمینی بەرهەمهێنانی دەیان و سەدان گروپ، کە لەسەر بنەمای ڕێکەوتن و ئازادی و پەیوەندی کراوە دروستدەبن. بەم مانایە کارێکی نابەجێ و ناڕاستە تاکەکەس و گروپ لەیەکدی جیابکەینەوە و هەریەکێکیشیان وەک دونیایەکی جیاواز و کولتورێکی جیاواز و جەوهەرێکی جیاواز پێشنیاربکەین.

-٢-

شتێک نییە ناوی مافی مرۆڤی رۆژئـاوایی و مـافی مرۆڤـی رۆژهەڵاتـی بێـت، یەک ماف هەیە ئەویش مافی مـرۆڤە و هیچیدی. گرنگتـرین پەیـامی جـاڕی گەردوونـی مافەکـانی مـرۆڤ، وەک فەیلەسـوفی ئیسـپانی "Fernando Savater" لە کتێبەکەیدا "کۆمەڵگایەکی باش" دەڵێت، بریتیە لە: "مافە گەردوونییەکانی مـرۆڤ پێشنیاری ئەوەدەکەن مرۆڤەکان سەرەڕای جیاوازی نێوان گروپەکانیـان مافەکانی یەکدی بسەلمێنن، هەروەها پێشنیاری ئەوەشدەکەن گرنگترین شـتێک بۆ ئینسـان ئەوەیە تاکێکی ئینسانی بیت نەک کەسێک سەر بە رەگەز، نەتەوە، یان کولتورێکی تـایبەت". هەر لەم دیـدەوە مـن پێمـوایە مافەکـانی مـرۆڤ کۆمەڵێـک مـافن، کە ڕاستەوخۆ وابەستەی بوونی ئینسانن وەک تاکەکەسێک، کە بە کۆمەڵێـک مـافەوە دەچێتە ناو سەرزەمینی کولتورە جیاجیاکانەوە.

-٣-

بەبۆچوونی من مـافی هـاوڵاتیبوون و مـافە سیاسـییەکان بەشـێوەیەکی بـاش لە بانگەوازەکەدا داڕێژراون. زۆر ڕێکخراو و دامودەزگا هەن چاوەدێری بـڕی ڕێزگرتنـی ئەم مافانە، یان پێشێلکردن و ئەتککردنیان لە وڵاتە جیاجیاکاندا دەکەن، لەوانەش سـازمانی لێبـووردنی نێـونەتەوەیی "Amnesty International". ڕەنـگە ئەو خاڵەی، کە قابیلی ڕەخنەبێت لە بەیاننـامەکەدا مـافە کـۆمەڵایەتی و ئابوورییەکـان بێـت، کە بە بۆچـوونی زۆر کەس بە باشـی دانەڕێـژراون. لەم ڕووەوە ڕەخنەکـانی

جیهانی سێ لەم خاڵە رەوایە، ئاخر ژیانی سەگێک لە هۆڵەندا لە زۆر ڕووەوە لە ژیانی ئەندازیارێک لە سودان باشترە. وەک قەشەی هۆڵەندی بەناوبانگ "Muskens" دەڵێت: "هەژارکردنی نەخشە بۆکێشراو کەمتر توندوتیژ نییە لە سەرکوتکردنی سیاسی". بێگومان ئەم ڕەخنانە لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ مانای ئەوە نییە بەیاننامەکە بەناوی کولتورگەرایی و ڕێژەگەراییەوە ڕەفزبکرێت، کاری ڕاستەقینەی ڕۆشنبیران ڕەتکردنەوەی بەیاننامەکە نییە بەناوی کولتورگەراییەوە، بەڵکو دەوڵەمەندکردنیەتی بە پرنسیپ و ماف و داواکاری نوێ. ژنە فەیلەسوفی فەرەنسی، جولیا کریستیڤا، نموونەیەکی باشی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانەیە، کە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ بەیاننامەکەدا دەکات، ئەم خانمە داوای ئەوەدەکات و تا ئەوشوێنە دەڕوات، کە بڵێت دەبێت ئەم بەیاننامەیە دەوڵەمەندکرێت بە "پرنسیپی مافی هەڵبژاردنی نەتەوە". بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم داوایە جولیا کریستیڤا ئەڵێت: "من بە ڕێکەوت لە هەنگاریا لەدایکبووم و کەس پرسی پێنەکردبووم لەکوێ لەدایکبم. بۆیە دەخوازم ئەو مافەم بدرێتێ خۆم نیشتیمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆم هەڵبژێرم". لە میانەی هەمان لۆژیکەوە هەندێک لەدۆستانی ژینگە دەخوازن مافێکی دیکە بۆ بەیاننامەکە زیادبکەن: هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە لە ژینگەیەکی خاوێندا بژی. لە هۆڵەندا بە بۆنەی یادی پەنجاساڵەی لەدایکبوونی ئەم بەیاننامەیەوە یەکێک لە گۆڤارە فەلسەفییەکان داوای لە منداڵانی ئەم وڵاتە کرد، کە مافی نوێ بۆ بەیاننامەکە زیادبکەن، لەکاتێکدا لە دونیای ئێمەدا بەدەیان سیاسی و ڕۆشنبیری کولتورگەرا هەن بەناوی تایبەتمەندێتی و ڕەسەنایەتییەوە دژ بەم بەیاننامەیە دەقیژێنن و دەیانەوێت ئەو ئاوازە ئینسانییە مەزنە نەبیستین، کە لە نێو بە نێوی ئەم بەیاننامەیەوە دەڕژێت.

بەهەرحاڵ هەنووکەییبوونی ئەم بەیاننامە مێژووییە، لەئێستادا زۆر گەورەترە لە هەنووکەییبوونی سەرجەمی ئایدیۆلۆجیاکانی تر. جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ

سەرەڕای هەموو سەختییەکان بەڕێوەیە بۆ ئەوەی ببێتە بەرنامەیەکی ئەخلاقـی گەردوونی، کە ئامانجی پاراستنی بەها و کەرامەتـی هەر مرۆڤێکە لەهەر شـوێکی دونیادا. (٣)

ijqlrcy

* ئەم وتارە بۆ یەکەمینجار بە هۆڵەندی نوسراو و بڵاوکرایەوە، هاوڕێی ئازیزم گۆران بابا عەلی ئەرکی وەرگێڕانی بۆ کوردی خستە سەر شانی خۆی.

١ـ بڕوانە:
Harry Kunneman, van theemutscultuur naar walkman-ego. Contouren van postmoderene individualiteit. Boon Amsterdam 1996.

٢ـ ڕۆژنامەی Trouw یەکێک لە ڕۆژنامە سەرەکییەکانی هۆڵەندایە.

ئەم وتارەی بۆ یەکەمجار وەک موحازەرەیەک لە "٧-١٢-١٩٩٨" لە هۆڵی "Vrijhof" لە زانکۆی "توێنتە" لە هۆڵەندا پێشکەشکراوە. ئەم موحازەرەیەش یەکێک بووە لەو زنجیرە موحازەرانەی بە بۆنەی تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر نووسینی "جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ" لە هۆڵەندا پێشکەشکران. دواتر ئەم موحازەرەیە لە گۆڤاری "Inter Disciplinair" ی کۆلێژی ئیدارەی زانکۆی "توێنتە" دا، ژمارە ١، ساڵی دەیەم، لە شوباتی ١٩٩٩ بڵاوکرایەوە.

ئەخلاقناسی جیاوازیی

لە دونیای پۆست مۆدێرندا

ئەخلاقناسی جیاوازیی
لە دونیای پۆست مۆدێرندا

-١-

لەژیانی ڕۆژانەیدا ئینسان تەنها لە دەرەوەڕا و بێلایەنانە لە شتەکان و دیاردەکان ورنـابێتەوە. ئینسـان بوونەوەرێـک نیـیە بـێ پرسـیار بەپـاڵ دونیـادا تێپەڕێـت و هەوڵـەدات بیناسێت و ڕاڤەییکات و دوا جاریش دەرکەوتە جیاوازەکانی ئەو دونیایە دەکاتە کۆمەڵێک چەمکی فیکریی و فەلسـەفی و ئەدەبی. بەپـێچەوانەوە ئینسـان بوونەوەرێکە دەپرسێت و دەشخوازێت وەڵام بۆ پرسیارەکانی بدۆزێتەوە، دەڕوانێت و دەیەوێـت ڕوانینەکـانی بکـاتە ڕاڤەکـردن و فیکـر، گومانـدەکات و دەخوازێـت گومانەکانی بکاتە هەڵسەنگاندن و نرخاندن. ئینسان بوونەوەرێکە ناتوانێت بێدەنگ بەرانـبەر بەو دونیـایەی لەناویـدا دەژی و دەبـزوێ و ماناکـانِ بەرهەمـدەهێنێت، دانیشێت. ئەوشتانەی دەیانبینێت لێیاندەکۆڵێتەوە، هەڵیاندەسەنگێنێت و حوکمیان بەباشە و بەخراپە بەسەردادەدات. ئەو کایە فیکرییەی ئینسان تیایدا حوکمی باش و خـراپ بەسـەر دیـاردە و ڕوودلو و ئینسـانەکانی دیـکەدا دەدات، لە فەلسـەفە و

زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە کایەی ئێتیک، یاخود ئەخلاقناسی ناونووسکراوە.
ئەم وتارە دەخوازێت لە ئەخلاقناسی بدوێت، بەتایبەتی لەو شێوەیەی ئەخلاقناسی ئەمڕۆکە لە "ڕۆژئاوادا" بە "ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن" ناودەبرێت و گفتوگۆیەکی بەرفراوان و هەمەلایەنی لەسەردەکرێت. بێگومان ئەم وتارە هەوڵدانێکی سەرەتایی و شەرمنە بۆ ئاشنابوون بەو دیالۆگە گەورەیە؛ دیالۆگێک تائێستا دەیان و بگرە سەدان کتێبی لەسەر نووسراوە و بەبەردەوامیش دەشنوسرێت و بەسەدان کۆڕ و سیمینار و کۆبوونەوەی ئەکادیمی بۆ سازکراوە و بەردەوامیش بۆی سازدەکرێت. هەر لەم سەرەتایەشدا دەمەوێت ئەو ڕاستییە بە خوێنەر بڵێم ئەم دیالۆگە ئەوەندە بەرفراوان و هەمەلایەن و فرەدەنگە زەحمەتە لەسنووری وتارێکدا تەنانەت هێڵە گشتییەکانیشی دەستنیشانبکرێت. بۆیە من لێرەدا بەناچاری هەوڵدەدەم لە ڕوویەک لە ڕووەکان و لە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ئەو دیالۆگە بدوێم. مەبەستم لەو ڕووەش ئەو دیدە گەشبینەیە، کە هەندێک فەیلەسوف و زانای کۆمەڵایەتی دەربارەی مۆراڵی پۆست مۆدێرن و دونیای پۆست مۆدێرن هەیانە. لەو دیالۆگەشدا تەنها لەچەند لایەنێکی زۆر دیاریکراوی ئەم بابەتە ئەدوێم، کە دەشێت بەشێوەیەک لەشێوەکان لەکۆمەڵگای کوردیشدا ببێتە مایەی کردنەوەی دەرگایەک لەسەر سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی ئەو سیستەمی بەها و سیستەمی نرخاندنەی لەم کۆمەڵگایەدا بۆ دەستیشانکردن و جیاکردنەوەی باش لە خراپ و ڕاست لە هەڵە و جوان لە ناشیرین بەکاردەهێنرێت. بە مانایەکی دیکە من لەم وتارەدا تەنها لەو بەشەی دیالۆگە فەلسەفی و فیکرییەکان ئەدوێم، کە دەخوازن جارێکی دیکە بە پێناسەکانی ئەخلاقناسیدا بچنەوە و لەژێر کاریگەری گۆڕانە گەورەکانی ئەم نیوسەدەیەی دواییدا، چوارچێوەیەکی نوێ بۆ نرخاندنی هەڵسوکەوت و چالاکییە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان پێشنیاربکەن. لەمەشدا من زیاتر گرنگی بەو بەشەی ئەم دیالۆگە دەدەم، کە پێموایە دەشێت کاریگەری بۆسەر ئەو سیستمانەی دیکەی

ئەخلاقناسی هەبێت، کە لە دەرەوەی "ڕۆژئاوا" دا ئامادەن و ئینسان لەپاڵیاندا دەخوازێت وەڵامی ئەو پرسیارە ئەرستۆییە هەمیشەییە بداتەوە، کە دەپرسێت: چۆن بژین؟

ئەو هەڵوێستەی من لەم وتارەدا هەڵیدەبژێرم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم باسەدا هەڵوێستێکە دوور لە هەموو ڕەشبینییەکی کولتوری. ئاشکرایە کارێکی زەحمەتە لە دونیای ئەمڕۆدا هەڵوێستێکی گەشبینانەی دوور لە پاسیڤیزمی کولتوری هەڵبژێرین و بەڕەحەت بخەوین وەک ئەوەی لە بەهەشت و یۆتۆپیایەکی وەدیهاتوودا نیشتەجێبین. ئامارە جیاوازەکانی زانستی سیاسی و زانستی ئابووری و سۆسیۆلۆژیا و بەشەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتییەکان قسە لە کارەساتی ئینسانی گەورە و نایەکسانییەکی بێوێنە دەکەن، لە هەموو ڕووەیەکەوە لەنێوان بەشە جیاجیاکانی دونیای هاوچەرخدا. جگە لەمانەش لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا قسەکردن لەسەر دونیای پۆست مۆدێرن و مۆراڵی پۆست مۆدێرن وەک خراپترین و نائینسانیترین و پڕمەترسیترین قۆناغێک لەژیانی مرۆڤایەتیدا، بۆتە مۆدە و زۆربەی زۆری ئەخلاقگەر و گرووپگەرا و ئایینخواز و ئایدیۆلۆژیستەکان بەشدارن لە سازدانی ئەم کۆراڵە غەمگینەدا. جگە لەمانە و بەباوەڕی ڕۆسیانو،Rosenau، دەشێت خودی بیریار و نووسەرە پۆست مۆدێرنەکان خۆشیان لەژێر سایەی هەڵوێستیان لە ڕەشبینی و گەشبینی کولتوریدا بکرێن بەدوویەشەوە، ئەوانەی بەدگومانن بەرامبەر بە دونیای ئەمڕۆ و بەرمبەر بە تواناکانی ئینسان و بەرامبەر بە ئەگەرەکانی گۆڕانی بەرەوباشتر، بەرامبەر ئەوانەی بنیادنەر، یان سەلمێنەری دیدێکی گەشبینن و باوەڕیان بە گۆڕان و باشترکردنی شوێن و جێی ئینسان لە دونیای هاوچەرخدا، هەیە. دیدی یەکەمیان باس لە پارچەپارچەبوون، قەیران، فەوزا، بێهیوایی، پوچی، مەرگی مانا و نەمانی ئەخلاق و کولتور دەکات، لەکاتێکدا دووهەمیان، بەبێ نکوڵیکردن لە گەورەیی و فرەڕەهەندی گرفتەکانی دونیای هاوچەرخ، بەشێوەیەک

لەشێوەکان هیوادار و گەشبینە بەرامبەر بەم دونیایە و بەرامبەر بەو ئەگەرە ناوەکییانەی ئەم دونیایە لە هەناویخۆیدا بۆ بەرپاکردنی گۆڕانی گرنگ و تەندروست و بەسەمەر، هەڵیگرتووە. یەکەمیان باوەڕی بە هیچ سیاسەت و بزاوتێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی نەماوە بۆ گۆڕان و بەرهەمهێنانی مانای نوێ، لەکاتێکدا دووەمیان کراوەیە بۆ پراکتیکی سیاسی دیاریکراو و گرێدراو بە مەسەلەی کۆمەڵایەتی و پرۆژەی لۆکاڵی تایبەتەوە (Rosenau 1992: 14). لەم سیاقەدا زیگمۆند باومان وەک پۆست مۆدێرنێکی گەشبین باس لەوەدەکات، کە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرن "دەشێت لە کۆمەڵگای قۆناغی مۆدێرنە ئەخلاقیتربێت، بەڵام بێگومان ئەم مەسەلەیە تەواو دڵنیا نییە. ئەمە تەنها ئەگەرێکە و بەس" (Bauman 1998: 111)

ئەم وتارە دەخوازێت خۆی لەو مۆدە ڕەشبینییە فیکرییە بپارێزێت و ناخوازێت دونیای هاوچەرخ وەک جەهەنەمێکی ئەخلاقی ببینێت و ناشیەوێت ئینسانی هاوچەرخیش وەک بوونەوەرێکی بێ ئەخلاق پێشنیاربکات، لەهەمانکاتیشدا هەوڵدەدات ئەو لایەنە ئیجابیانە دەستنیشانبکات، کە دەشێت ئەخلاقیاتی هاوچەرخ هەڵگریانبێت. بە کورتی ئەم وتارە ناخوازێت دلوەتێکبێت بۆ گریان، بەڵکو دەیەوێت پێشنیارێک بێت بۆ ئومێد، ناخوازێت تاریکستانەکانی ناو دونیای بێئومێدیی هەندێک لە پۆست مۆدێرنەکان نیشاندات، بەڵکو دەخوازێت ئەو ڕێچکە بچکۆلە و ڕۆشنانە بدۆزێتەوە و نیشانبدات، کە دەشێت دونیای پۆست مۆدێرن و فیکری پۆست مۆدێرن نیشاندەریانبن. ئەم وتارە دەیەوێت ئەو ئەگەرە بچووکانە ببینێت، کە زیگمۆند باومان لەسەرەوە هێماپێدەکات و وەک دەروازەیەک بۆ ئومێد پێشنیاریدەکات.

بینینی دونیا وەک ماکۆناڵدێکی گەورە ئەو وێناکردنە ڕەمزییەیە، کە لەپشتی زۆربەی هەرەزۆری ئەو دیدە کولتورییە ڕەشبینانەوە ئامادەیە، کە لەدونیای

هاوچەرخدا ئاهەنگی گریان و لە باشترین حاڵەتدا نۆستالجیایەکی ڕۆمانسییانە بۆ ڕۆژگار و سەردەم و ساتەوەختێکی تێپەڕیو و لەدەستچوو دەگێڕن. لەم دیدە گریاناویەدا "بەماکۆناڵدکردنی دونیا" بەپلەی یەکەم مانای "بەئەمریکایکردنی دونیا" و بە ئەمریکایکردنی دونیاش یەکسانە بە نائینسانیکردنی دونیا. بێگومان دیوی ئەودیوی ئەم ماکۆناڵدە گەردوونییە ئەو جیهادە ئاینییەیە، کە نەک تەنها ئیسلام بەڵکو زۆربەی زۆری ئاینەکان و چەندان بزاوتی ناسیۆنالیزمی توندڕەویی داخراو و دۆگمایی و چەندان بزاوتی ڕاسیزمی ڕەگەزپەرستانەش دەگرێتەوە، کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەرامبەر بەم ماکۆناڵدە گەردوونییە پێشنیارکراوە ئاڵای جیهادیان بەرزکردۆتەوە. لەهەردوو دۆخەکەشدا، هەم لەدۆخی بە ماکۆناڵدبوون و هەم لە دۆخی جیهاددا، قسە لە نەمانی ئەخلاق و نەمانی ئەو چوارچێوە ئەخلاقییانە دەکرێت، کە دەشێت باش لە خراپ و ئەشق لە ناشق و ئینسان لە درندە و ڕاستی لە درۆ جیابکاتەوە. لەم وتارەدا من دەمەوێت خۆم لەم ڕەشبینییە کولتورییە و هەموو ئەو نرخاندنە ئەخلاقییە نێگەتیڤانە بپارێزم، کە لە پشتی ئەم دیدە ساکارەوە بۆ دونیا و بۆ دیاردەکان ئامادەیە. لەڕاستیدا هەڵبژاردنی ئەم هەڵوێستە بۆ قسەکردن لەسەر ئینسان و لەسەر ئەخلاق و لەسەر کۆمەڵگای هاوچەرخ لەو ڕاستییەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ناکرێت دونیای هاوچەرخ و ئەخلاقی هاوچەرخ کورتکبرێتەوە بۆ پرۆسەی بەماکۆناڵدکردنی دونیا و بۆ ئەو جاڕی جیهادەش، کە دژ بەم دونیا بە ماکۆناڵدکراوە، ڕادەگەیەنرێت. لەنێوان ماکۆناڵد و جیهاددا ڕوویەری دیکە و پرۆژەی دیکە و ئەگەری دیکەی ڕاڤەکردن و بەرگری و بنیادنانی ئەلتەرناتیڤی فیکری و کۆمەڵایەتی هەیە، کە من پێموایە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی فیکرد و کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنە دەشێت هەڵگری بەشێک، ڕەنگە بەشێکی زۆر بچووکی، ئەو ئەلتەرناتیڤانە بێت.

بێگومان پرۆژەی بەماکۆناڵدکردنی دونیا و پرۆژەی جیهاد دوو پرۆژەن

هەردووکیان ئامادەن و بەشێکن لە دونیای ئەمڕۆمان و هەریەکێکیشیان ستراتیژی تایبەت و شێوازی ئیشکردن و کولتور و دەزگا و هێزی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام ئەم دوو پرۆژەیە تاقە پرۆژە و دواهەمین پرۆژە و دواهەمین ئەگەری ناو دونیای هاوچەرخ نیین. لێرەوە من لەم وتارەدا هەوڵدەدەم لەو ڕووە ڕووناک و ئەگەرە ئینسانییە گرنگانە بدوێم، کە قۆناغی پۆست مۆدێرنە و ئەخلاقیاتی پۆست مۆدێرنە هەڵگرین و لەهەمانکاتیشدا بەشێکن لەو وشیارییە ڕەخنەییەی ئەمڕۆکە لە "ڕۆژئاوا" و زۆر شوێنی دیکەشدا ئامادەیە. قسەکردن لەسەر ڕووە تاریکەکانی فیکر و لەسەر جەهەنەمەکانی دونیای هاوچەرخ بۆ ئەوانە بەجێدەهێڵم، کە چێژ لە سەفەری ناو تاریکی دەبینن و لەهەموو بستێکی ئەم سەر زەمینەدا لەباتی ئەگەرێک، گەرچی زۆر لاوازیشبێت بۆ گۆڕان، کوورەی داخراو و کراوەی جەهەنەمێک دەبینن.

-٢-

مەسەلەی گەڕانەوەی ئەخلاقناسی بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ ناو کایەی فەلسەفە و کایەکانی تری ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ سەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەتەنها دیاردەیەکی "ڕۆژئاوایی" نییە. مەسەلەی سەرلەنوێ پێداچوونەوە و ڕاڤەکردنەوەی سیستەمە ئەخلاقییەکان لەزۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی دونیادا لە ئارادایە و ئەمڕۆکە ئەخلاقناسی لەبەردەم خوێندنەوەی نوێ و پێداچوونەوەیەکی نوێ و سەرتاسەریدایە. زەحمەتە لەدونیای ئەمڕۆدا کۆمەڵگایەک بدۆزینەوە داخراوبێت، واتە بەشێوەیەک لەشێوەکان، یان بەشێکنەبێت لە گۆڕانکارییەکانی دونیای ئەمڕۆ، یاخود پریشکی ئەو گۆڕانکاریانەی بەرنەکەوتبێت. نە تەنها لە ئەمستردام و پاریس و نیویۆرکدا ئەم سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیە بە

ئەخلاقناسیدا لەئارادایە، بەڵکو لە بێروت و کابول و تارانیشدا ئەم مەسەلەیە هاوچەرخە و یەکێکە لەگرنگترین ئەو ڕەهەندانەی، کە ململانێی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسییەکانی تێدا بەرجەستەدەبێت. بێگومان لەهەریەکێک لەم شوێنانەدا گوتاری جیاواز سەبارەت بە ئەخلاقناسی بەرهەمدێت و بەرهەمهاتووە، ئەوەی گرنگە جەختی لێبکەین ئەوەیە لەهیچ شوێنێکدا بێدەنگی بەرامبەر بە بابەتە لەئارادانییە. لەکاتێکدا لە کابول هەموو فەلسەفەی ئەخلاق تەسلیم بە ڕاڤەکردنێکی بەرتەسک و دۆگمایی و کوشندەی دەقە ئایینییەکان دەکرێتەوە و دونیای هاوچەرخ کورتدەکرێتەوە بۆ ئەو وێنانەی لە خەیاڵی ئاخوندە دینییە وەهابییەکاندا ئامادەیە، لە ئەمستەردام قسە لە ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن دەکرێت و ئەخلاق لەدەستی هەموو حیکایەتێک لە "حیکایەتە گەورەکان" و لە هەموو ناچاری و حەتمیەتێکی ئەخلاقی دەرەوەی هەڵبژاردنە تاکەکەسییەکان دەسێندرێتەوە. لەکاتێکدا لە کابول ژیان لەناو سنووری تەسکی فەتوا ئایینییەکاندا دەکوژرێت و ئەخلاقناسی ڕاستەوخۆ دەدرێتەوە دەستی لێکدانەوە تاریکەکانی ناو دین، لە ئەمستەردام ئەو دواهەمین تابو و حەرامانە دەشکێنرێن کەڕێگرن لەبەردەم هەرچی فراوانتربوونی سەرزەمینی ئازادییەکانی ئینساندا. لەکاتێکدا لە کابول بەردەوام حیکایەتی گەورە بەرهەمدەهێنرێت، حیکایەتی دینی دۆگمایی، بۆ کوشتنی حیکایەتە بچووکەکانی ئینسان خۆی، لە ئەمستەردام حیکایەتە گەورەکان یەک لەدوای یەک دەمرن و فەزای کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لێوانلێودەبێت لە حیکایەتە بچووکەکان، کە تاکەکەسە ئازادەکان نووسەر و بکەرەکانیانن.

مەبەست لە حیکایەتە گەورەکان هەموو ئەو دید و ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونە گشتگیر و تۆتالیتاریانەن، کە هەڵگری گشتییەتێکی ئەوتۆن دەخوازن وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئینسان بدەنەوە و پێشیان وایە هەڵگری دواهەمین هەقیقەتن (Rosenau 1992: 6). مەسیحیەت، ئیسلام، مارکسیزم نموونەی ئەو حیکایەتە

گەورانەن، کە مۆنۆپـۆلیزەی ھەقـیقەت دەکەن و پۆسـت مۆدێرنەکـان پێیـانوایە ڕۆژگاریان بەسەرچووە و کۆتاییان پێهاتووە و ئینسـان دەبێـت لەدەرەوەی ئەوانـدا حیکایەتی تاکەکەسانەی خۆی ھەبێت و بنووسێتەوە.

-٣-

بێگومـان بـوونی جیـاوازی لەنێـوان ئەم شـوێنە جیـاوازانەی دونیـادا نابێـت بەرەو ئەوەمـان بەرێـت وابزانیـن، کە "ڕۆژئـاوا" و "ڕۆژھەڵات" دوو پێکهـاتن لە ڕووی جەوھەرەوە لەیەکـدیجیاوازن و دوو دونیـان لە ھـیچ ڕوویەکەوە لەیەکـدیناچن، دوو شتن لە ھەمووشتێکدا لەیەکتر جیاواز و بەیەکتر نامۆ. من لەم وتارەدا دەستەواژەی "ڕۆژئاوا"" بەردەوام لە نێوان دووکەوانەدا بەکاردەھێنم و دەمەوێت ئەم دەستەواژەیە بخەمە ژێـر پرسـیارەوە و وەک پێـدراوێکی لـۆژیکی، کـۆمەڵایەتی، فەرھەنگـی و سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا نەکەم. ئەم مەسـەلەیە بـۆ مـن مەسـەلەیەکی مەنھەجـی ھێجگار گرنگە و سـەرچاوەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ بەرگریکـردن لەو دیـدەی پێیـوایە ھەڵەیە چەمکـی "ڕۆژئــاوا" بــۆ دەستنیشــانکردنی جەوھەرێکــی جیــاواز لە جەوھەرەکـانی دیـکە بەکـاربھێنین، یـاخود وەک چەمکێـک بـۆ شـیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی واقیعی ژیانی ملیۆنەھـا ئینسـان و دەیەھـا کۆمەڵگـا و چەندان سیستمی ئابووری و سیاسی و فەرھەنگی جیاواز بەکاربھێنین. بەبۆچوونی مـن چەمکـی ڕۆژئـاوا لە دەرەوەی ھێمـاکردنێکی زۆرگشـتیدا بـۆ سـەرزەمینێکی جوگرافی بەرفراوان و تایبەت، ھیچ گرنگییەکی زانستی و مەنھەجـی دیـکەی نییە. ھەموو بەکارھێنانێکی ئەم زاراوەیە بۆ کردنی بە چەمکێکی فیکری دەمانخـاتە نـاو سـەرزەمینی جەوھەرگەرایـیەکەوە، کە دونیـا و کوولتـوور و شارسـتانیەت و

ئینسانەکان وەک جەوهەری نەگۆڕ و جیاواز و ناکۆکبەیەک پێناسەدەکات، جەوهەرێک، کە لە "غەریبیبوون"، یان "شەرقیبوون" ێکی گریمانکراوەوە هەڵدەقوڵێت و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەزۆر سەپاندنی جیاوازییەکی ئەنتۆلۆژی بانمێژوویی جەوهەرگەرای نەگۆڕ بەسەر سیاقە کۆمەڵایەتییە جیاجیا و پڕ گۆڕان و پڕ جوڵە هەمەجۆرەکاندا. بێگومان هەر سیاقێک هەڵگری هەلومەرج و تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی، هیچ سیاقێکیش نییە لەناوخۆیدا جێگیر و نەگۆڕ و میتافیزیکی بێت. هەر سیاقێک بریتییە لە سەرزەمینێکی پڕ ناکۆکی و پڕ جووڵە و پڕ ئەگەری تایبەتی گۆڕان، کە لەساتی جیاجیادا پێناسی جیاجیا و شێوەی جیاجیا دەگرێتەخۆی و وەڵامی جیاجیاش بە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەکان دەداتەوە. بەڵام ئەم جیاوازییانە سەرچاوەکەیان ناگەڕێتەوە بۆ بوونی جەوهەری جیاواز، کە گوایە لە بوونی کولتوری جیاوازەوە سەرچاوەیگرتووە. هەڵەی گەورە لەوەدایە بۆ بوونی ئەم جیاوازییانە لێکدانەوەی کولتوریی بکەین و کولتور بکەینە ئەو هۆکارەی پێمانبڵێت بۆ لە کابولدا ئەخلاقناسی بە کۆنەپارێزترین و نائینسانیترین و ناشیرینترین دەموچاوەکانی ئیسلام دەسپێردرێت و بۆ لە ئەمستردامدا بە عەقڵیەتێکی پۆست مۆدێرنی کراوە بۆ شێوازی جیاوازی ژیان و بۆ ئەخلاقیاتی لێبوردن و کۆتایی حیکایەتە گەورەکان لەئارادایە. کولتور ئەو ئامێرە گەورەیەی کۆپیکردنە نییە، کە ئینسانی لێکچوو و وەک یەک بەهەمانشێوە بەرهەمبهێنێت. لەڕاستیدا دەبێت ئەو خاڵە مەنهەجییەمان لا ئاشکرابێت، کە کولتور ئینسان دروستناکات، بەڵکو ئینسان کولتور دروستدەکات. ئەوەی جیاوازیی دەخولقێنێت، بەپلەی یەکەم، بوونی هێزی کۆمەڵایەتی جیاواز و ئامادەگی ستراتیژی جیاوازی دەسەڵات و بوونی پرۆژەی کۆمەڵایەتی جیاوازن، کە بەسەریەکەوە فۆرمێکی تایبەت بە مێژوو و ڕوودلو و کێشەکانی ناو واقیعێکی دیاریکراو، ئەدەن، نەک کولتورێک، کە دەستنیشانی ئەوە

بکات ئینسان چی لەناو مێژوودا پیادەبکات و وازیش لەچی بهێنێت. بەمانایەکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە بەشە جیاوازەکانی دونیای هاوچەرخ لەباتی گەڕاندنەوە بۆ کولتور و گریمانکردنی جەوهەری کولتوری جیاواز، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ستراتیژییەکانی دەسەڵات و جۆری ئەو پرۆژە سیاسییانەی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان لە ساتێکی مێژوویی دیاریکراودا هەڵگریانن.

چەندە وەهمێکی گەورەیە پێمانوابێت دەتوانین بەهۆی ئەتڵەسەکانەوە دونیا و کۆمەڵگا و سەرزەمینە جیاوازەکان بناسین، بەهەمان ئەندازەش هەڵەیە وابزانین لەڕێی ئەو دروستکراوە جەوهەرگەراییانەوە، کە بە کولتور ناودەبرێن لە دونیا تێبگەین. وەک چۆن بۆ ناسینی دونیا سەفەری واقیعی بۆ ئەو دیوی ئەتڵەسەکان پێویستە، ئاواش بۆ ناسینی کۆمەڵگاکان خوێندنەوەی ژیانی ڕۆژانە و هەڵسوکەوتی ئینسانەکان لە ناو پەیوەندییەکانی هێز و مانا و بەرهەمهێناندا پێویستە. کولتور لەباشترین دۆخدا ڕەگەزێکی زۆر بچووکی ناو ئەو گشتە ئاڵۆزەیە.

-٤-

گەڕاندنەوەی بەرفراوانی ئەخلاقناسی بۆناو دیالۆگە فەلسەفی و بۆناو زانستە ئینسانییەکان وابەستەی ئەو کۆمەڵە گۆڕانکارییە گەورانەیە، کە لە هەفتاکانەوە لە دونیای هاوچەرخدا بەرپان و تائێستاش لە بەرپابووندان. ئەم سەرزەمینی گۆڕانکارییانە لە ئەدەبیاتی فەلسەفی و لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ناوی جیاجیایان لێنراوە و لەهەمانکاتیشدا بە دەگمەن ڕێدەکەوێت چەند فەیلەسوف و زانایەکی کۆمەڵایەتی بدۆزینەوە لەسەر جەوهەری ئەو گۆڕانکارییانە هاوڕابن و یەک

نید و بۆچوونیان دەربارەیان هەبێت. ڕاستە ڕێکەوتنێکی گەورە لە نێوان فەیلەسوفان و بیریاران و زانایانی کۆمەڵایەتیدا لەسەر قووڵی و بەربڵاوی و فرەڕەهەندی گۆڕانکارییەکان لەئارادایە، بەڵام ڕێکەوتنێکی ئەوتۆ لەسەر سروشت و ناوەڕۆک و شوناسی ئەو گۆڕانکارییانە لە ئارادانییە. هەندێکیان باس لە دروستبوونی کۆمەڵگا و هەلومەرجی پۆست مۆدێرن دەکەن، ئەوانیدیکەیان قسە لە قۆناغی درەنگ-کاپیتالیزم، یان کاپیتالیزمی درەنگوەخت دەکەن، سێیەم قسە لە جیهانگیریی دەکات و چوارەمیش باس لە قۆناغی کۆمەڵگای زانیاری و گوندی گەردوونی ئەکات، پێنجەمیش دونیای هاوچەرخ وەک دونیای دوای - پیشەسازی ناونووسدەکات، شەشەمیش باس لە بە ماکدۆناڵدبوونی دونیا و حەوتەم باس لە فراوانبوونی گوتاری جیاوازی دەکات. لەکاتێکدا هەندێک قسە لە هاوشێوەبوون و وێکچوونێکی ترسناکی بەشە جیاجیاکانی دونیا دەکەن، بە تایبەتی مەسەلەی بە ئەمریکاییکردنی دونیا، کەسانێکی دیکە هەن باس لەهەرچی زیاتر دروستبوونی جیاوازی و پەرەسەندنی گوتاری لۆکاڵە جیاجیاکان و هاتنەکایەی دونیایەکی فرەڕەنگ و فرە دەنگ دەکەن (Bauman 1998: 149).

بەهەرحاڵ کۆی ئەم گۆڕانکارییانە ئەوەندە گشتگیر و هەمەلایەن و قووڵن ئینسان ناچاردەکەن بەکۆی پێناسە و مانا و مەنهەجە کۆنەکانی ناسینی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقیەکاندا بچێتەوە. لەپێش هەمووشیانەوە پێداچوونەوە بە سیستەمەکانی ئەخلاق و ئەو چوارچێوە مۆراڵیانەی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەستنیشانی ماناکانی باشە و خراپە دەکەن و پێشنیاری ئەوە دەکەن ئینسان چۆن بژی. مۆراڵ، یان ئەخلاق بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە کۆی ئەو مانا و پرنسیپانەی، کە لە دەرەوەی تاکەکەس دان و دەکەونە سەرەوەی کۆمەڵگا و بوونێکی دەرەکی موفاریقیان هەیە. مۆراڵ لەشوێنێکدایە لە نێوان وشیاری و شتەکاندا. پێکهاتوە لە زنجیرەیەک نۆرم و بەها و حوکمی

ئەخلاقی و ئیستاتیکی و کولتوری. ئەم بەها و نۆرمانە نابینرێن، هەستەکان ناتوانن بیانگرن و بەشێوەیەکی فیزیکی بەرجەستەیانبکەن، بەڵام ئەوان ئامادەن و واش قسەیان لەسەردەکرێت وەک ئەوەی لەپشتی زۆربەی هەرەزۆری بڕیارەکانەوەبن و لەوبیوی هەڵبژاردنەکانی ئینسانەوە ئامادەبن. تیۆرەکانی ئەخلاق پێماندەڵێن، کە فەزای بەهاکان فەزایەکی نەبیتراوە، بەڵام فەزایەکە وشیاری دەتوانێت پێناسیبکات و بیناسێت و ماناکان و دلواکارییەکانی بدۆزێتەوە.

مادامەکی بەها ئەخلاقییەکان، لەوانە بۆ نموونە بەهاکانی باشە، خراپە، جوانی، ناشیرینی، ڕەحم و بەزەیی دڵڕەقی و بێدەربەستی هتد.. بوونەتە بەشێک لەپێکهاتی زمان و لەناو دەستەواژەکاندا جێگیرن، بۆیە بوونەتە بەشێک لە پێکهاتی وشیاریش. لێرەوە زەحمەتە قسە لە بوونی کۆمەڵگای بێبەها و ئینسانی بێبەها بکەین. مادامەکی زمان بوونێکی گەردوونی و هەمیشەیی هەیە و مادامەکی بەهاکانیش بوونەتە بەشێک لە پێکهاتی زمان بۆیە پێناچێت مرۆڤایەتی چاوەڕوانی دروستبوونی کۆمەڵگایەکبێت تیایدا بەهاکان کۆتاییانهاتبێت. بەهاکان لەناو ناچن، بەڵام ماناکانیان و شوێنیان لەناو سیستمە ئەخلاقییەکاندا و کاریگەرییەکانیان لەسەر ئینسان و کۆمەڵگا دەگۆڕێت. لەدونیای ئەمڕۆدا مانای کۆنی بەهاکان و شوێنی مۆراڵ خۆی وەک سیستمێکی ئەخلاقی گشتگیر کەوتونەتە بەر ڕەشەبای گۆڕانێکی سەرتاسەری و واقیعێک هاتۆتە کایەوە، کە بەهاکان تیایدا بەردەوام پێویستیان بە پیاچوونەوە و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە هەیە.

سۆسیۆلۆژیای سەدەی ڕابردوو پێماندەڵێت بەهاکان ئەو شتانەن، کە ئینسان و هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان لەناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بەیەکدیەوە گرێدەدەن. لەم دیدە سۆسیۆلۆژییە تەقلیدیەدا کۆمەڵگا بەبێ سیستمێک بۆ بەهاکان بوونی نییە و کۆمەڵگا خۆشی، بە مانایەک لەماناکان، بریتییە لە مەسەلەی بەشداریکردن هەموو ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە بەهاکاندا. لەم دیدەدا

کۆمەڵگـا ئەو پێکهـاتەیە، کە تاکەکـان و گروپەکـانی یەک سیسـتمی بەهـای هاوبەشیان هەیە، لەکوێشدا بەهای گشتی و ناوکۆیی نەما لەوێدا پشێوی و فەوزا باڵادەستدەبێت و شتێک بەناوی کۆمەڵگاوە بوونی نامێنێت، یاخود بوونی دەکەوێتە بەردەمی مەترسی گەورەوە.

ئەخلاقناسی لەمانا گشتییەکەیدا لەو سـەرەتا سۆسـیۆلۆژییەوە دەسـتپێدەکات، کە پێیوایە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا تەنها لەڕێگای بەهـا و پرنسـیپە ئەخلاقییەکـانەوە دەشێت بەیەکـدیەوە ببەسـترێنەوە. لەم دیـدەدا نەبـوونی سیسـتمێکی ئەخلاقـی هـاوبەش یەکسـانە بە نەبـوونی کۆمەڵگـا. تاکەکـان لەڕێگـای بەهاکـانەوە خۆیـان بەیەکتیەوە گرێدەدەن و لەڕێگای بەهاکانەوە دەبنە ئەندامێکی ئەخلاقـی کۆمەڵگا. لە سـەدەی ڕابـوردوودا و لەژێـر کـاریگەری سۆسـیۆلۆژیای دۆرکهایمـدا ئەم دیـدە سۆسـیۆلۆژییە بـۆ ئەخـلاق دەچەسپێت و بـوونی کۆمەڵگـا ڕاسـتەوخۆ بە بـوونی سیسـتمێکی ئەخلاقـی نـاوکۆیی هاوبەشـەوە، گرێـدەدرێت. لێـرەدا بەهاکـان وەک "چیمەنتۆیەکی کۆمەڵایەتی" پێشنیاردەکرێن و کۆمەڵگاش خۆشی وەک پێکهاتێکی یەکگرتوو و چوونیەکی ناو ئەو چیمەنتۆ کۆمەڵایەتییە پێناسکەدەکرێت (Bauman 1998: 129-140). لە لاپەڕەکانی داهاتوودا جارێکی دیکە لەم دیدە دۆرکهایمییەو کێشەکانی ئەم دیدە ئەدوێین.

بێگومان گۆڕانە تەکنۆلۆژییەکان، بەتایبەتی تەکنۆلۆژیـای جینەکـان و لەبەریەکدی هەڵوەشاندنەوەی فۆرمە کۆنەکانی پەیوەندی و ئەو گروپانەش، کە لەژێرسایەی ئەو پەیوەندیانەدا دروسـتبوویوون، بۆنمـوونە لاوازبـوونی سـنوورە کۆنەکـانی خێـزان و دروسـتبوونی دەیـان گروپـی نـوێی، کە دەکەونە ئەودیـو خێـزانەوە، لەدایکبـوونی "کۆمەڵگـای شـەبەکەیی"، کە تیایـدا ئینسـان لەیەککاتـدا بەسـەدان پەیوەنـدی ئاسۆییەوە بەدەوروبەرییەوە بەسترلومتەوە، بەبێئەوەی لایەنێکی باڵادەست بەناوی کولتور، ئایدیۆلۆژیا، یـان ئـاینەوە هێـزی ئەوەی هەبێـت دەستنیشـانی ئەوەبکـات

ئینسان چۆنبژی و شوناسی خۆی چۆن دیاریبکات، هەرەسی یەقینە کۆنەکانی ئایین و ئایدیۆلۆژیا گشتگیرەکان، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئینسانیان ڕێنماییدەکرد بۆ ئەوەی بەپێی نەخشە فیکری و ئەخلاقییەکانی ئەوان بژی، بڵاوبوونەوەی ڕۆحانیەتی ئیستیهلاکی و لەدایکبوونی کولتوری سەفەر و دیدگای سەیرانکەر، هاتنەکایەی ماکدۆناڵد و مادۆنا و مایکل جاکسۆن و دروستبوونی ئیمامی ناو تەلەفزیۆنەکان هتد.... هەموو ئەم گۆڕانکارییانە وایانکردووە ئینسان لە دونیایەکی نوێدا بژی جیاواز لەو دونیایەی جاران ئایدیۆلۆژیا و ئایین وەک یەکەیەکی یەکگرتوو و ڕێکچووی دروست، یاخود پێشنیاریاندەکرد. دروستبوونی ئەم دونیا جیاوازەیە وایکردووە لەدونیای ئەمڕۆدا جارێکی دیکە بە توندی ئەخلاقناسی ببێتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی خوێندنەوە و تێڕامان.

لەڕاستیدا پرۆسەی جیهانگیری، عەولەمە، کە پرۆسەیەکە تیایدا ئابوورییەکان، کولتورەکان، ئینسانەکان، ئامێرەکان و زانیارییەکان لە تێکەڵبوونێکی هەمەلایەندان، وایکردووە چوارچێوە کۆنەکانی ئینتیمای ئینسان و چوارچێوە کۆنەکانی پێناسەکردنی چاکە و خراپە و ڕەهەندە جیاوازەکانی شوناس بکەونە ژێر پرسیارەوە. لەڕێگای پرۆسە ئاڵۆزەکانی جیهانگیرییەوە دونیایەک دروستبووە ئەو پێناسە کۆنانەی ئینسان بۆ ئیتیک و کێشە ئەخلاقییەکانی دەکرد لە ڕوویەڕووبوونەوەی دونیای ئەمڕۆدا و لە دیاریکردنی ئەو چوارچێوە گشتییەدا، کە ئینسان لەناویدا ماناکان و شوناسەکان و هەڵسوکەتەکانی بەرهەمدەهێنێت، کورتبهێنێت و پێویستی بەپێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری هەبێت. لە دونیای جیهانگیریدا ئینسان ناچارە بەدوای دیدی دیکە و بۆچوونی دیکە و هەڵوێستی دیکەدا بگەڕێت هەم لەبەردەم ژیان و کۆمەڵگادا و هەم لە بەرامبەر ئینسانەکانی دیکەشدا. دونیای پۆست مۆدێرن و مۆراڵی پۆست مۆدێرن بەشێکن لەو پرۆسە قووڵ و هەمەلایەنەی گۆڕانکاری ئەمڕۆ لە دونیادا ئامادەیە. پێشئەوەی بێینە سەر

دەستنیشانکردنی ماناکانی ئەم چەمکی دونیا پۆست مۆدێرن و ئەخلاقـی پۆست مۆدێرن، با جارێک سەرنجێکی گشتی لە ماناکانی ئەخلاقناسی بدەین.

-٥-

لەم باسەدا هەردوو چەمکی "ئیتیک" و "مۆراڵ" بەیەک مانا بەکارهاتوون، بە مانای ئەخلاق، گەرچی لە ئەخلاقناسیدا ئەم دووچەمکە لەیەکدی جیاوازن و هەریەکێکیان مانای تـایبەتی هەیە و بۆ مەبەسـتی تـایبەتیش بەکـاردێن. بەکارهێنـانی ئەم دوو چەمکەش بەهەمـان مانـا لەم وتـارەدا بە مەبەسـتی ئەوەیە، کە وێنەیەکـی گشـتی دیالۆگە زانستی و فەلسـەفییەکان سـەبارەت بە ئەخلاقناسـی نیشـانبدەم، نەک ئەو هەموو وردەکاری و جیاکارییە چەمکییەی فەلسـەفەی ئیتیـک قسـەی پـێ لەسـەر ئینسان و کۆمەڵگا و کارو کردەوەی تاک و گروپەکان دەکات. ئەمەی دواییان کاری بەشـــەکانی فەلســـەفە و ئەو کەســـانەن، کە ئیتیـــک ســـەرزەمینی کـــارکردنی رۆشنبیرییانە.

لەفەلسـەفە و زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا زیـاد لە پێناسـێک و زیـاد لە بۆچوونێـک بەرامـبەر ئەخلاقناسـی هەیە، رەنـگە تـا ئەو شـوێنەش پێـدابگرین و بڵێـین هەر فەیلەسوف و زانایەکی کۆمەڵایەتی تیۆرەیەکی تایبەت و تێگەیشتنێکی دیـاریکراوی بۆ ئەخلاقناسی هەیە. لەم رووەوە ئەخلاقناسی ئەفلاتوون جیاوازە لە ئەخلاقناسی ئەرستۆ و ئیتیکی هـۆبز نـاکۆکە بە ئیتیکی کانـت. لە ئیسلامیشـدا ئەخلاقناسـی موعتەزیلە زۆر جیاوازە لە ئەخلاقناسی ئیسلامی سوونەتی و لە نێوان ئەخلاقناسی ئیبن رۆشد و ئەخلاقناسی غەزالیدا دەریـایەک جیـاوازی هەیە. مـن لێـرەدا کـات و شوێنی ئەوەم نییە ئەم جیاوازییانە نیشانبدەم، بەڵام خوێنەر دەتوانێت راسـتەوخۆ

بۆ هەر کتێبێکی سەرەتایی دەربارەی ئەخلاقناسی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم جیاوازییانەی بۆ دەربکەوێت.

بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی ئێتیک چ لە فەلسەفە و چ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بریتیە لەو چوارچێوە و پرنسیپە گشتییانەی بەهۆیانەوە هەم ئینسان و هەم کۆمەڵگا بڕیاری ئەوە ئەدەن چی بە باش و چی بە خراپ، چی بە جوان و چی بە ناشیرین، چی بە بەرپرسیار و چی بەبێبەرپرسیار، کێ بە زۆردار و کێ بە داوەر، کێ بە بەڕەحم و کێ بە بێڕەحم و چی بە ئینسانی و چی بە نائینسانی، دابنێن. بەمانایەکی دیکە دەکرێت بڵێین ئێتیک، یان ئەخلاق، بریتیە لەکۆی ئەو پرنسیپانەی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا یاساکانی ڕەوشت و هەڵسوکەوتکردن دەستنیشاندەکەن. ئەم چوارچێوە گشتییەش هەمیشە لەلایەن پرنسیپێک، یاخود کۆمەڵی پرنسیپەوە بەڕێوەدەچێت، کە پرنسیپی ترانسێندالن، واتە موفاریقن و دەکەونە ئەودیوی هەڵسوکەوتەکان خۆیانەوە (De Graaf1979: 1).

بێگومان مەبەست لە پرنسیپە گشتییەکانی ڕەوشت بە تەنها ڕەوشتی تاکەکان نییە بەرامبەر بە یەکتری بەڵکو هاوکات مەبەست لەو ڕەوشت و هەڵسوکەوتە بەئاگا و بێئاگایانەشە، کە ژیانی تاکەکان لە گەڵیەکدا، لە بەرامبەر گروپەکاندا ڕێکدەخات، هەروەها ژیانی گروپەکان بەرامبەر بە تاک و بەرامبەر بە گروپەکانی تر ڕێکدەخات و بەڕێوەیدەبات. کەوابوو ئەخلاقناسی بریتییە لە چوارچێوەی ژیانی ئەخلاقی کۆمەڵگایەک، کە تیایدا تاک و گروپەکان لەسەر ئەو یاسا و ڕێسا و سەرەتایانە ڕێدەکەون، کە لەسایەیاندا ئەو لایەنانە لەگەڵیەکیدا و لەگەڵ دونیای دەرەوەدا هەڵسوکەوت بکەن و بڕیاری ئەوەبدەن چۆن بژین.

لەڕاستیدا جەوهەری ئێتیک، یان مۆراڵ، یان ئەخلاق بەو شێوەیەی لە فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیای بەر لە پۆست مۆدێرنەدا پێناسکراوە، گەڕانە بەدوای ئەو پرنسیپ و

بنەما ئەخلاقییە ڕەهایە، یان کات و یان شوێنە گشتییانەدا، کە خەڵک بەیەکەوە گرێدەدات. ئەو شتانەی، کە وادەکات گروپێکی دیاریکراو بەیەکەوە کۆبکاتەوە و بەیەکەوەبژین و بەیەکەوە ماناکانی چاکە و خراپە دابەشبکەن. بیرکردنەوە لە ئێتیک بیرکردنەوەیە لە ڕەوشتی ئینسان و هەڵسوکەوتەکانی لەژێر سایەی پرنسیپەکانی چاکە و خراپە، بەها و نرخەکان، هەڵبژاردن و بەرپرسیاریدا. بەم مانا تایبەتە ئەتیک لەمێژە لەیەککاتدا هەم بابەتی فەلسەفە و هەم بابەتی تیۆلۆژیا، واتە خوداناسی، و سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆجیای کولتوریشە. لەهەموو ئەم بەشانەشدا هەمیشە تیۆرەی ئێتیک پشتئەستوور بووە بە پرنسیپێک، یان چەند پرنسیپێک، کە ڕەهان، واتە یان کات و یان شوێنن، پرنسیپی ترانسێندالی موفاریق، کە تێپەڕینی کات و جیاوازی شوێن کاریگەری لەسەر مانەوە و لەسەر هەقیقەتی ئەو پرنسیپانە دروستناکات. .

با چەند نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە بهێنینەوە.

بۆ نموونە بیرۆکەی چاکەکاری لەئاییندا بیرۆکەیەکە وابەستەی شوێن و کات نییە، بەڵکو وابەستەی جەوهەرێکی یان مێژووی نا ئەرزیە، کە لە ڕاستیدا جەوهەری خوداوەند خۆیەتی. خوداوەند چاکەیەکی موتڵەقە و مۆراڵی ئینسان لەو چاکەکاریە یان مێژوویەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێت لەژێر مەرج و داواکارییەکانی ئەو چاکەکارییە ڕەهایەدا کاربکات. لە سۆسیالیزمدا ئەخلاق وابەستەی بیرۆکەی عەدالێتێکی سەرتاسەریە، کە بوونێکی بابەتی هەیە و عەقڵ تەنانەت لە حاڵەتی نائامادەگی ئەو عەدالەتەدا دەتوانێت هەستیپێبکات و بیناسێت، ئەم بیرۆکەی عەدالەتە لەدەرەوەڕا دەستنیشانی ئەوەدەکات چی باشەو چی خراپە، چی بکرێت و چی نەکرێت. مۆراڵی سۆسیالیزمی ئەو مۆراڵەیە، کە مەرج و داواکارییەکانی گەیشتن بەو عەدالەتە قبووڵدەکات.

گەر بۆ یۆنانی کۆن بگەڕێینەوە دەبینین ئەرستۆ پێیوابوو، کە تەنها ئینسان

خاوەنی ئەو دەستەواژە سەرەکییانەیە، کە لەڕێگەیەوە ئەخلاقناسی تەعبیر لەخۆی دەکات. بۆ نموونە دەستەواژەی یەکسانی و داوەری دوو دەستەواژەن، کە نە ئاژەڵ و نە خواوەندەکان هەستیپێناکەن و نایناسن. ئاژەڵ نایناسێت چونکە ناتوانێت بیریکاتەوە و ئەم شێوە ئاماژانە بەرهەمبهێنێت، خودلوەندەکانیش چونکە نامرن و سنورێک بۆ تواناکانیان لەئاردانییە، بۆیە ناتوانن ئەو چوارچێوەیەیان هەبێت، کە لە ناویدا ئەخلاق لەدایکدەبێت. قسە لە ئیتیک لەو ناوەندانەدا دەکرێت، کە هەڵبژاردنەکانی ئینسان سەرتاسەر ئازادانە بێت و ئارادەیەکیش پڕ گرفتبێت. (Martha Nussbaum 1999: 27) خودلوەندەکان مادامەکی گرفتیان نییە ناتوانن بوونەوەری مۆراڵی بن. لای ئەرستۆ کۆمەڵێ خیبرە هەن لە ژیانی ئینساندا، کە خیبرەی ئەساسین و لە هەموو شوێن و جێیەک هەن بەڵام دەشێت کولتورەکان فۆرم و شێوەی جیاواز بەم خیبرانە بدەن. بەباوەڕی ئەرستۆ ئەو خیبرانە خیبرەی بەرکولتورین. خیبرەی ئەو ڕاستییەن، کە ئینسان ئینسانە، ئەمەش وادەکات ئەم خیبرانە گەردوونی بن. بوونی جەستە و سنوور و تواناکانی جەستە، بوونی مەرگ، بوونی ئازار، بوونی چێژ، بوونی توانای تێگەیشتن، توانای پرسیارکردن و گەڕان بە دوای وەڵامدا، خیبرەی حەز، خەم، دۆڕاندن، هاوڕێیەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، پێویستی بە پێکەنین و پێویست بە خۆشی و بەختەوەری، هەموویان کۆمەڵێک خیبرەن، کە لەهەناوی ژیان خۆیدا ئامادەن گەرچی کولتورە جیاوازەکان شێوە و فۆرمی جیاوازیان پێدەبەخشن. (Martha Nussbaum 1999: 25-30)

لە ڕاستیدا هەرخودی ئەم خیبرانەن، کە مۆراڵی پۆست مۆدێرنە بۆیاندەگەڕێتەوە و دەخوازێت بەرگریانلێبکات، بەڵام لەچوارچێوەیەکی تیۆری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی جیاواز لەوەی ئەرستۆ و جیاواز لە سەردەمی شارە یۆنانیە کۆنەکاندا. هەر ئەمەشە وایکردووە ئەخلاقی پۆست مۆدێرنە ئەخلاقێک بێت لە گەڕانەوەیەکی بەردەوامدابێت بۆ یۆنان، بەڵام یۆنانی بەر لە ئەفلاتوون و بەر لە دروستبوونی ئەو

ئایدیایانەی دەکەونە ئەودیوو ژیان خۆیەوە. لەگەڵ ئەفلاتوندا بەهاکان لە ژیان دەسێندرێتەوە و دەدرێتە دەستی وێکچوونێکی بەزۆری دیارنەکان لەگەڵ ئەو دونیا ئایدیالیەدا، کە ئەفلاتوون لەو دیوی واقیع و لەودیووی ژیانەوە بەرقەراریدەکات. لێرەوە ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن تا سەر ئێسقان ئەخلاقناسییەکی دژ بە ئەفلاتوون و هەموو شێوە کۆن و تازەکانی ئەفلاتوونیەتە.

-٦-

بۆئەوەی مەسەلەی گەردوونیبوون و بان ـکات بوونی ئەخلاقناسی لە قۆناغی بەر لە پۆست مۆدێرنەدا زیاتر ڕوونبکەمەوە هەوڵدەدەم کەمەکێک لەسەر ئەخلاقناسی لای کانت بووەستم. کانت پێیوابوو ناکرێت ئەخلاق، یان ئێتیک لەسەر بناغەی ئەو پرنسیپانە دابمەزرێن، کە کاتین و ناکرێت لەهەموو شوێنێکدا پراکتیکبکرێن. بۆنموونە ئەخلاقناسی ناتوانرێت لەسەر بنەمای چێژ و لەزەت دروستبکرێت چونکە هەم چێژ و هەم لەزەت دوو شتی کاتین و بەردەوام لە گۆڕاندان، لەکاتێکدا ئەخلاق پێویستی بە بوونی پرنسیپی نەگۆڕ هەیە. کانت پێیوایە ناتوانین ماناکانی باشە و خراپە لەپاڵ ماناکانی چێژ و لەزەتدا دەستنیشانبکەین و بڵێین ئەوەی چێژی ئینسان زیاددەکات باشە و ئەوەی ئەم چێژە کەمدەکاتەوە، یاخود ئینسان تووشی ئازاردەکات، خراپە. هۆکەشی ئەوەیە چێژو و لەزەت هەردووکیان پەیوەندیان بەخیبرەی ئینسانەوە هەیە و خیبرەی ئینسانیش هەمیشە لەگۆڕاندایە و وابەستەی کات و شوێنی دیاریکراوە، بۆیە ناکرێت تیۆرەیەکی ئێتیکی نەگۆڕمان هەبێت لەسەر بنەمای ئەم دوو پرنسیپە، کە خۆیان بەردەوام دەگۆڕێن. بەمانایەکی دیکە کانت دەیەوێت بڵێت ئێمە ناتوانین تیۆرەیەکمان سەبارەت بە ئێتیک هەبێت، کە

پشتئەستووربێت بە پرنسیپێک، کە خۆی هەمیشە لە گۆڕاندابێت(De Graf 1979: 29). پرنسیپی هەمیشە گۆڕاو ناتوانێت کۆمەڵێک بەهای نەگۆڕ دروستبکات، کە هەموولان ناچارین پەیڕەوییکەین. ئەو پرنسیپەی، کە موتڵەق، یان ڕەها نییە و بۆ هەموو شوێن و جێی و ڕۆژگارێک دەستنادات، ناتوانێت چوارچێوەیەکی نەگۆڕمان پێشکەشبکات، کە بەهۆیەوە بتوانین دەستنیشانی ژیانی ئەخلاقی خۆمان بکەین و بڕیاربدەین چۆن بژین. لێرەوە کانت لەباتی لەزەت بیرۆکەی ئەرک، یان واجیب، دەکاتە بنەمای فەلسەفەی ئەخلاقناسی. کانت ئەڵێت ئیرادەی چاکەکەر، یان چاکەخواز ئەو ئیرادەیەیە لە بیرۆکەی لەزەتەوە دەستپێناکات، بەڵکو لە بیرۆکەی ئەرکەوە دەستپێدەکات. بە باوەڕی کانت ئەرکی ئینسانە ئەوەیە چاکەکارییکات بێئەوەی چاوەڕوانی چێژ، یان لەزەتێکی دیاریکراوبێت لەو چاکەکردنەی. کانت وەک ڕۆشنگەرێک باوەڕی تەواوی بەوەبوو ئینسان بە حوکمی ئینسانبوونی، بەحوکمی عەقڵانیبوون و بەحوکمی توانای وەگەڕخستنی عەقڵی پێویستە کۆمەڵێک ئەرک جێبەجێکات، بەبێئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبێت ئەو جێبەجێکردنە ئامانجێکی دیاریکراوی بۆ بهێنێتەدی(De Graf 1979: 29). لەڕاستیدا (کاتاگۆریە ئیمپریتیفەکان)، یاخود گوتراوە بابەتییەکانی کانت کۆمەڵێ پرنسیپن، کە وابەستەی هیچ ئامانجێک و وابەستەی هیچ داواکارییەک و هیچ ئارەزوویەک نین، بەڵکو وابەستەی بەهاکان و ئەرکەکانن. کانت کۆمەڵێک ئەرکی دیاریکراو و موفاریق دەستنیشاندەکات و دەڵێت ئەم ئەرکانە گەربوونین و بریتین لەکۆمەڵێک پرنسیپ، کە ئینسان بەر لە هەڵسان بە کار و کردەوەکانی، پێویستە ئاگاداریانبێت تا وریابێت لەوەی کاری هەڵە و کاری خراپەکارانە نەکات.

بە کورتی کانت بیرۆکەی ئەرک دەکاتە تاقە سەرچاوەی ئەخلاق و هەموو فەلسەفەی ئەخلاقناسی خۆی. بەڕای هەندێک فەیلەسوف کانت ئەوەندە پێ لەسەر فیکرەی ئەرک، واتە واجیب، دادەگرێت ئیدی هیچ شوێنێک بۆ مامەڵە و

هەڵسوکەوتی ئەخلاقی خۆبەخۆ و خۆڕسک ناهێڵێتەوە (De Graf 1979: 30). کانت بیرۆکەی ئەرک دژ بە بیرۆکەی مەیل، یاخود ئارەزوو دادەنێت. بەڕای کانت ئارەزوو بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ، بۆیە ناتوانێت لەڕووی ئەخلاقییەوە باشبێت، چونکە لەدیدی کانتەوە ئەخلاق سەر بەسروشتی ئینسان نییە، بەڵکو پیادەکردن و شوێنکەوتنی کۆمەڵێک پرنسیپن کەدەکەونە ئەودیوی سروشتی ئینسان خۆیەوە. کانت باوەڕیشی وابوو، کە ئینسان لە نیازی کردنی چاکەوە نابێت بە بوونەوەرێکی ئەخلاقی، بەڵکو لەوکاتەوە دەبێتە بوونەوەرێکی ئەخلاقی، کە لە ئازادییەوە دەستپێبکات و چاکەکاری بکات. بەمانایەکی دیکە ئینسان کاتێک بوونەوەرێکی ئەخلاقییە، کە لەپشتی چاکەکارییەکەیەوە هیچ حەتمیەتێکی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆجی ئامادەنەبێت ناچاریکات چاکە بکات، بەڵکو چاکەکردن دەبێت لە ئازادییەکەوە هەڵقوڵابێت، کە بە ئەرکی خۆی بزانێت چاکەبکات، نەک بەشێوەیەک لە شێوەکان ناچارکرابێت چاکەکاری بکات. ئینسان دەبێت هەمووکات پەیڕەوی ئەم پرنسیپانە بکات، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەنجامەکانی ئەم پەیڕەویکردنەی بێت (De Graf 1979: 29).

مەترسی ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ ئەخلاق لەو پێداگرتنە پێشینەییە قورسەدایە لەسەر کۆمەڵێک بەها و پرنسیپ، کە پێش بینینی دەرەنجامی کار و کردەوەکان جەبرەکانی خۆی پیادەکردووە (De Graf 1979: 30). بیرۆکەی ئەرک دەشێت دواجار کۆمەڵێک بەها و ئەنجام بخاتەوە، کە بەهۆیانەوە بەر لەهەموو شتێک وزەی چێژوەرگرتن لە ژیان بکوژرێت. جگەلەمەش ڕەنگە یەکێک لە مەترسییە گەورەکانی بیرۆکەی ئەرک ئەوەبێت ئینسان بکاتە بوونەوەرێکی دەستەمۆ و گوێڕایەڵ. جگە لەمە گوێگرتن بۆ ئەو ئەرک و پرنسیپانە، کە بەهیچجۆرێک دەربەستی ئەو دەرەنجامانە نییە، کە دەشێت بیانخاتەوە، دەشێت مەترسی دیکە بخاتەوە. بۆنموونە مەرجنییە ئیرادەی کردنی چاکەکاری هەمیشە دەرەنجامی چاکەکارانە

بدات بەدەستەوە، دەشێت ئیرادەیەکی چاکەخواز کاری خراپەکارانە بەرهەمبهێنێت. کەوابوو مەرجنییە دەرەنجامی کارەکان هەمیشە یەکانگیربنین لەگەڵ ئیرادەی بەر لە ئەنجامدانی کارەکاندا، لێرەوە مەرجنییە بیرۆکەی ئەرک بەردەوام ئەو دەرەنجامە باشانە بخاتەوە، کە کانت لێی چاوەڕوانەکرد (De Graf 1979: 31).

بەکورتی، لای کانت یاساکانی ئەخلاق، یاساکانی چاکەکاری و فەزیلەت، یاسای بان مێژوویی و بان شوێن و بان کاتن. ئەم یاسایانە گەردوونین و نەگۆڕیشن و دەکەونە دەرەوەی ئینسان و دەرەوەی کۆمەڵگاشەوە. لەزەت، کە لەدیدی کانتدا کاتییە سەر بەم کاتاگۆریانە نییە. کانت وەک ڕۆشنگەرێک باوەڕی تەواوی خۆی بە عەقڵ دابوو بۆ دۆزینەوە و داڕشتنی پرنسیپە ئەخلاقییە بابەتییەکان، ئەو پرنسیپانەی دەستنیشانی ئەوەدەکەن چی چاکە و چی خراپ، ئینسان چیبکات و چۆن بژی.

ئەو دژایەتییەی کانت لەنێوان ئارەزوو و ئەرکدا دەیکات دواتر لەسەردەستی هیگڵدا لەناودەبرێت. هیگڵ دێت و جیاوازیی نێوان ئەرک و ئارەزوکرد، کە جیاوازییەکەی جەوهەرییە لای کانت، لەناو یەک پێکهاتەدا کۆدەکاتەوە. هیجڵ هەم ئەرک و هەم ئارەزوو وەک ساتەوەختێکی دیاریکراوی گەشەی دیالەکتیک دەبینێت. کانت پراکتیکی چاکەکارانە و ئایدیالەکانی چاکەکاری لێکدادەبڕێت لەکاتێکدا هیگڵ ئەم دووانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لە فۆرمێکی واقیعییانەدا جێگیریاندەکات. لەلای هیگڵ چاکەکاری خۆی بەشێکە لە ماهیەتی عەقڵ، یان ڕۆحی ڕەها خۆی و لەناو دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکاندا بەرجەستەدەبێت. ئەم ماهیەتەی عەقڵی ڕەهاش ماهیەتێکی جێگیرە گەرچی دەرکەوتەکانی لە ساتەوەختی جیاوازدا گۆڕانیان بەسەردائێت و بەشێوەی جیاواز دەردەکەون. لێرەوە هیگڵ لەباتی فیکرەی ئەرک لای کانت، فیکرەیەکی دیکەی بان کات و بان مێژوو دەکاتە بنەمای مۆراڵ، ئەویش فیکرەی ڕۆحی ڕەهایە.

-٧-

ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن لە خاڵی داڕمان و بزربوونی ئەو بنەما بان ـکات و بان ـشوێن و ڕەهایەوە دەستپێدەکات، کە لەسەرەوە کانت و هیگڵ و، لەدوای ئەوان و لەپێش ئەوانیشەوە بە دەیان فەیلەسوف و زانای کۆمەڵایەتی دیکە، بە بنەمای هەموو تیۆرەیەکی ئەخلاقناسییان زانیوە. ئەو بنەمایانە، کە پێوەرێکی ڕەها بۆ چاکەکاری و خراپەکاری پێشنیاردەکەن و لادان لەم پێوەرە بە نەشیاو و نەکردە دەزانن. زۆرجار ئەم پێوەرە رەهانە جگە لە خەونێک، یان وەهمێک زیاتر نەبوون. لەم ڕووەوە قۆناغی پۆست مۆدێرنە، وەک زیگمۆند باومان دەڵێت، بریتیە لە خودی مۆدێرنە، بەڵام بەبێ وەهمەکانی مۆدێرنە (Bauman 1998: 105). بەمانایەکی دیکە دونیای پۆست مۆدێرن هەمان ئەو دونیایەیە، کە مۆدێرنە هێناویەتیەکایەوە، بەڵام بەبێ ئەو مژدە و خەون و وەهمانەی، کە ڕۆشنگەری، وەک گرنگترین ساتەوەختی مۆدێرنە، جاڕی هاتنیان ڕادەگەیەنێت. پۆست مۆدێرنە قۆناغی مۆدێرنەیەکی شەرمن و دروستبوونی عەقڵێکی شەرمنە، کە هەردوکیان سنوور و تواناکانی خۆیانیان بۆ ئاشکرابوە و لەو مەترسییانەش ئاگاداربوونەتەوە کەدەشێت هەردووکیان بەرهەمیبهێنن.

بەر لە ڕۆشنگەری تیۆرەکانی ئەخلاق تیۆرەی ئایینی بوون و لەپاڵ خوداناسیدا ئامادەبون، ئەفلاتونیەتی نوێ چ لەدونیای مەسیحیەتدا و چ لەدونیای ئیسلامدا ژێرخانی زۆربەی هەرەزۆری تیۆرەکانی ئەخلاقناسی بوو. ئایین دەستنیشانی مەسەلەکانی چاکە و خراپە و ئەشێ و ناشێکانی دەکرد، هەروەها پێناسی ئەو دیاردە و ڕووداو و سەرزەمینەشی دەستنیشاندەکرد، کە ئینسان پێویستە لەڕووی ئەخلاقییەوە لەناویاندا بجوڵێت و بژیت. لە قۆناغی بەر لە ڕۆشنگەریدا ئایین ئابووری کۆمەڵگا و ئابووری ئەخلاقناسیی بووە و بەناوی بوونی هەقیقەتێکی بان ـ

کاتی و بان ـ شوێنەوە ئینسانی بەدەمیان جەبر و ناچاری و داواکاری ئەخلاقی و ڕۆحییەوە بەستۆتەوە. قۆناغی ئایین، کە بێگومان تا ئەمڕۆش بەشێوەی جیاواز و بە توانا و هێزی جیاوازەوە لە کۆمەڵگا جیاجیاکاندا ئامادە و بەردەوامە، تارادەیەکی زۆر قۆناغی بەندکردنی ئینسانە لەناو زینداني ئایەت و گوتە و ئەمر و نەهییەکانی ئەوانەی بەناوی خوداوە و بەناوی دەسەڵاتێکی پیرۆزەوە لەباتی خوداوەند دواون. لەم قۆناغەڵدا ئەخلاقناسی ئایینی تاڕادەیەکی زۆر ئەخلاقناسی چەپاندن و بەرگرتنبووە لە ئارەزو و لە ویست و خواستە جیاوازەکانی ئینسان. لەدوای ڕۆشنگەریشەوە عەقڵ و ڕاڤەکردنی عەقڵانییانە ڕۆڵی ئەو ژێرخانەیان بینیوە، کە تیۆرە جیاجیاکانی ئەخلاقناسیان لەسەر بنیادنراوە. عەقڵ گەورەترین و گرنگترین گوتراوێکی ڕۆشنگەرییە. لای کانت ڕۆشنگەری مانای توانای وەگەڕخستنی عەقڵ بۆ ناسینی دونیا و ناسینی خۆی، ڕۆشنگەری مانای ئازادبوونی عەقڵ لە هەموو ئەو جەبرە دەرەکییانەی، کە بەناوی سیستمێکی بان ـ عەقڵی و پیرۆزەوە دەیانەوێت عەقڵ قووفڵبدەن و بە ناوی جەبری جیاوازەوە مەحکومییکەن. ڕۆشنگەری مانای جێگرتنەوەی عەقڵ بۆ خوداوەند. لێرەبەدوا لەباتی ئەوەی ئایین ژێرخانی ئەخلاقناسی بێت، عەقڵ دەبێتە ئەو ژێرخانە.

پۆست مۆدێرنەکان لە ڕەفزکردنی ئەو دوو شێوە ئایینی و ڕۆشنگەرییەی ئەخلاقناسییەوە دەستپێدەکەن. بۆ پۆست مۆدێرنەکان نە ئایین و نە هەموو ئایدیۆلۆژیا گشتگیرەکانی ترش، نە عەقڵ خۆشی سەرچاوەی گەیشتن بە هەقیقەت نین. ئەو هەقیقەتەی عەقڵ ئەیدۆزێتەوە لەدیدی پۆست مۆدێرنەکانەوە تەنها ڕاڤەکردنێکە لەپاڵ ڕاڤەکردنەکانی دیکەدا و وەک بەشێک لەگەمەی دەسەڵات و گەمەی زمان تەماشایدەکەن. بەمەش پۆست ـ مۆدێرنەکان ئەو بنەما ڕۆشنگەرییەی ئەخلاقناسی قۆناغی مۆدێرنەی لەسەر بنیادنرابوو، لەبەریەکدی هەڵدەوەشێننەوە و بنەما فەلسەفی و "زانستی" یەکانی ئەم ئەخلاقناسییە، ڕووبەڕووی نیشانەی

پرسیاری گەورە دەکەنەوە. بەمانایەکی دیکە ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرنە چیدی هەڵگری ئەو بنەما موفاریقە نییە، کە ڕۆشنگەری لە عەقڵدا هەڵیگرتبوو، لەهەمان کاتیشدا ئەم ئەخلاقناسییە لەدوای کەوتنی عەقڵەوە هیچ بنەمایەکی دیکەی موفاریق و بان کاتی قبووڵنییە، چ لەشێوە ئایینیەکەیدا، بۆنموونە مۆراڵی مەسیحییانە، یاخود ئیسلامییانە، چ لەچاپە ئایدیۆلۆژییە یۆتۆپییەکەیدا، بۆنموونە مۆراڵی ئەو فەلسەفانەی قسە لەبوونی بابەتیبوونێک دەکەن، کە لەناو مێژوودا پەنهانەوە مێژوو بەرەو چارەنووسێکی دیاریکرلو دەنێرێت و لەسەر ئینسان پێویستە وەک پێوەری ئەخلاقی قبووڵیانبکات. بەباوەڕی پۆست مۆدێرنەکان ئێمە لەڕۆژگاری کۆتایی دڵنیاییەکان و یەقینەکاندا دەژین، تەنانەت یەقینی زانستیش نەماوە و زانست خۆشی بۆتە ڕاڤەکردنێک، حیکایەتێک لەپاڵ حیکایەتەکانی دیکەدا (Bauman 1998: 48-72).

ئەم وەرچەرخانە گەورەیەیە وادەکات چەندان دەنگ لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا بەرزببنەوە و جاڕی نەمانی ئەخلاق و کۆتایی ویژدان و لەدایکبوونی بەربەریەت بدەن. تاچەند ئەم جاڕە ڕاستە و تاچەند ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن ئەخلاقناسی نەمانی ئەخلاق و سڕبوونی ویژدان و هاتنی بەربەریەتە، هەوڵدەدەم لەلاپەڕەکانی دیکەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە. بەڵام با بەو ڕاستییە دەستپێبکەین، کە لەقۆناغی گۆڕانە ڕیشەیی و قووڵەکاندا ئەم شێوە جاڕدانە و ئەم جۆرە شووتی مەترسی لێدانە، کارێکی ئاسایین و بەشێکن لەو داچڵەکینە ناوەختەی گۆڕانکارییە چاوەڕواننەکراوەکان لەناو ئینسانەکاندا دروستیدەکەن. با سەرەتای هاتنەکایەی مۆدێرنە خۆی وەک نموونە بهێنینەوە، کە تێیدا کۆتایی مۆراڵ و ترس لە لەبەریەکهەڵوەشاندنەوە و پارچە پارچە بوونی کۆمەڵگا بابەتی سەرەکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بوو.

-٨-

سەرەتای سۆسیۆلۆژیا لەسەدەی رابردوودا بە پرسیار دەربارەی مەترسی نەمان و کۆتایهاتنی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات. ئەخلاق لە دیدی سۆسیۆلۆژیای ئەو سەدەیەدا بریتییبووە لەو "چیمەنتۆ کۆمەڵایەتییەی" پارچە جیاواز و ناکۆکەکانی کۆمەڵگای بەیەکەوە راگرتووە، نەیهێشتووە شیرازەی کۆمەڵگا لەبەریەکدی بترازێت و کۆمەڵگا لە فەوزایەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی کوشندەدا نووقم ببێت و کۆتایی پێبێت. بەمانایەکی دیکە ئەو سۆسیۆلۆژیایە وێنەیەکی کۆمەڵگای دروستکردووە گوایە ئەوەی بەشە جیاوازەکانی بەیەکەوە گرێدەدات ئەخلاقێکی هاوبەشە، نەمانی ئەم ئەخلاقە مانای نەمانی کۆمەڵگا. سۆسیۆلۆژیای سەدەی رابردو لەوە ئاگاداربوو، کە هاتنی مۆدێرنە شێوە کۆنەکانی شوناس و ئەو پەیوەندییانەی تائەوکاتە ئینسانەکانی لە کۆمەڵگادا بەیەکەوە دەبەستەوە و ئەو چوارچێوە رەمزیەش لەپاڵیدا ئینسان ماناکانی بوونی خۆی و بوونی کۆمەڵگای بەرهەمدەهێنا، هەرهەموویان رووبەرووی گۆڕانکاری ریشەیی قووڵ و هەمەلایەن کردۆتەوە. ئەو سۆسیۆلۆژیایە دەیزانی ئایین چیدی ناتوانێت رۆڵی ئەو ژێرخانە ببینێت، کە دەستنیشانی چوارچێوەکانی مانا و شوناس و پەیوەندییەکانی دەکرد و بەسەریەکەوە ئەو دونیا رەمزی و ئەخلاقییەی دروستدەکرد، کە ئینسانەکانی بەر لە مۆدێرنە لەناویدا دەژیان و ماناکانیان بەرهەمدەهێنا.

کە ئایین روو لەلاوازی دەکات وەک چوارچێوەی ئەخلاق و چوارچێوەی سەرەکی کۆکردنەوەی کۆمەڵایەتی، مۆدێرنە ورده ورده دونیایەکی نوێ دروستدەکات لەدەرەوەی نەخشەکانی ئاییندا. یەکەمین پرسیارێک، کە سۆسیۆلۆژیا لەم رەوتەدا دەیکات ئەوەیە چی جێگای ئایین لە بەیەکەوە گرێدانی پارچە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا دەگرێتەوە؟ کامە ئەخلاق دەچێتە شوێنی ئەو ئەخلاقە دینییەی

لەئارادابوو؟ ئەگەر خودا ئەما چیدەبێتە ناوەند و سێنتەری بەرهەمهێنانی ماناکان؟ چی ڕۆڵی ئەو هاویەشە دەبینێت، کە بەر لەمۆدێرنە ئایین دەیبینی؟، کە ئایین ئەما چۆن و لەکوێدا بەدوای خوداوەندێکی دیکەدا بگەڕێین ماناکانمان پێببەخشێت؟ بەمجۆرە لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵناسیدا وەک زانست پرسیاری دەربارەی ئەخلاق دەبێتە یەکێک لە گرنگترین پرسیارەکانی فیکر لەسەدەی ڕابردوودا.

بەکورتی یەکێک لە گرنگترین پرسیارەکانی سەدەی نۆزدەهەم بریتییە لەوەی ئایا دەشێت ئەخلاقی ڕۆژانە لەدەرەوەی ئاییندا بوونی هەبێت. ئەم پرسیارە لەهەمانکاتدا یەکێکە لە گرنگترین پرسیارەکانی سۆسیۆلۆژیای دۆرکهایمیش. دۆرکهایم دەیزانی ڕۆژگاری ئایین وەک سێنتەری ئەخلاقناسی بەسەرچووە، بەڵام باوەڕیشی وابوو، کە فەردگەرایی مۆدێرنە نابێتە ئەلتەرناتیڤی ئایین. بۆیە دۆرکهایم بەدوای هاویەشێکی کۆمەڵایەتی نوێیدا دەگەڕا، کە ئەو وێنەیەی ئەو لە سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ کۆمەڵگای هەبوو لەڕێگایەوە بپارێزرێت. مەبەستیش لەمە بوونی کۆمەڵگایەکە وەک یەکەیەکی یەکگرتوو و هاویەش، کە تاک و گروپەکان یەکگرتووانە لەناویدابژین.

بە باوەڕی دۆرکهایم لە کۆمەڵگای نوێدا نە خودا و نە تاکەکەس ناتوانن ببنە بنەمای کۆمەڵگا، ئەوەی دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت بریتییە لە بیرۆکەی پێداویستی "پێکەوەبوون"ی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگا خۆی ببێت بە چوارچێوە، خۆی ببێت بەو شتەی لەهەموو شتەکانی دیکە گرنگتر، ئەو شتەی، کە ئینسان بتوانێت لەپێناوی مانەوەی خۆیدا بیپەرستێت. دۆرکهایم باوەڕی وابوو ئینسان دەبێت لە نێوان خودا و کۆمەڵگادا یەکێکیان هەڵبژێرێت، سۆسیۆلۆژیای دۆرکهایم خۆی خودا هەڵنابژێرێت، بەڵکو بیرۆکەی "کۆمەڵگا" هەڵدەبژێرێت. ئەمەش مانای ئەوەی ئەخلاقی نوێ بەلای دۆرکهایمەوە دەبێت شاندابداتە سەر ئەو ڕۆحی دەستەییبوون

و پێکەوەبوونە نوێیەی لە فۆرمی کۆمەڵگادا و لە بیرۆکەی کۆمەڵگادا دروستدەبێت (دۆرکهایم ١٩٩٧: ٣٨)، بۆ مانەوەی خۆی وەک ئینسان بە کۆمەڵگا هەمان شوێنی خودلوەند لە دینەکاندا ببەخشێت. بائەوەشمان لەیادنەچێت کەسەدەی ڕابردوو سەدەی بنیادنانی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیە لە خۆرئاوادا، لێرەوە کەنارگیرکردنی خودلوەند لەلایەن دۆرکهایمەوە لەجەوهەردا وابەستەی ئەو پرۆسەی بنیادنانەی نەتەوەیە، کە نەک لەسەر بنەمای ئایین بەڵکو لەسەر بنەمای فانتازیایەکی سنورداری نەتەوەیی تایبەت بنیاددەنرێت، فانتازیایەک دەکەوێتە ئەودیوی فانتازیا گەردوونییەکانی ئایینەوە (Anderson 1983).

بەکورتی دۆرکهایم باوەڕی وایە، کە ئایین ناتوانێت ببێتە چوارچێوەی کۆمەڵگای مۆدێرن و ناکرێت بنەماکانی ئەخلاقی نوێ لە ئاییندا بدۆزرێنەوە، لەباتی ئەمە دۆرکهایم بیرۆکەی پێکەوەبوونی دەستەجەمعی و بیرۆکەی کۆمەڵگا خۆی دەکاتە ئەو چوارچێوە ئەخلاقییەی تاکەکەس و گروپەکانی قۆناغی مۆدێرنە تیایدادەژین. بەمانایەکی دیکە دۆرکهایم ئایین لادەبات و لەشوێنی ئەودا جۆرێکی نوێ لە وشیاری دەکاتە بناغەی ئەخلاقناسی، کە لەسەر بیرۆکەی گروپگەرایی و پێکەوەبوون و هاوچارەنووسی دروستبووە. دۆرکهایم دەیەوێت بڵێت ڕاستە ئایین ڕۆژگاری بەسەرچووە و ناتوانێت ڕۆڵی چوارچێوەیەکی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی ببینێت، بەڵام با لەوە نەترسین، کە کۆمەڵگا پارچەپارچە ببێت و لەبەریەکهەڵبوەشێتەوە و نەمێنێت، چونکە لە قۆناغی مۆدێرنەدا بیرۆکەی کۆمەڵگا خۆی دەبێتە ئەو بیرۆکە موقاریق و ئەو ئامانجە سەرەکییە، کە کۆمەڵگا لە داڕمان دەپارێزرێت (Hans Boutellier1994: 18). ئەمەش ئەو وەڵامە دڵنیاکەرەیە، کە سۆسیۆلۆژیای سەدەی ڕابردوو بەو دڵە ڕاوکێ و نائارامییە گەورەیەی دەداتەوە، کە لاوازبوونی چوارچێوە ئایینیەکانی ئەخلاقناسی لەو سەدەیەدا دەیهێنێتەکایەوە.

وەک گوتمان سۆسیۆلۆژیای سەدەی ڕابردوو سۆسیۆلۆژیای بنیادنانی دەوڵەتی

نەتەوەیە، بۆیە لە قووڵاییدا سۆسیۆلۆژیای وێکچوون و هاوشێوەییە، یان لانیکەم سۆسیۆلۆژیای گەڕانە بەدوای وێکچوون و یەکبوونی کۆمەڵایەتیدا. ئەمەش وابەستەی ئەو ڕاستییەیە، کە نەتەوە هەمیشە وەک دەستە، یان دونیایەکی یەکگرتوو و لێکچوو پێناس و وێنەکراوە. ئەم ڕاستییەیە وادەکات سۆسیۆلۆژیای ئەو سەدەیە بەبەردەوامی قسە لە بوونی یەک سیستمی کۆمەڵایەتی و لەپێش هەمووشیانەوە لە بوونی یەک سیستمی بەهای هاوبەش و هاوشێوە بکات. ئاشکرایە بوونی نەتەوە، وەک پێکهاتێکی وێکچوو، لە فانتازیای سیاسیدا، هەمیشە لەسەر مۆدێلی لادێ و لادێنشینان بنیادنراوە، لەکاتێکدا نەتەوە خۆی بەرهەمی شار و گەشەی شارە. بەڵام چونکە فیکری سیاسی هەمیشە نەتەوەی لەسەر مۆدێلی لادێ نیشانداوە، ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی زانستە ئینسانییەکانی دیکەش بەهەمان زاراوە و وێناکردنەکانی لادێوە لە شار و لەو پێکهاتە مۆدێرنانەی دیکەش بدوێن، کە بۆ ناسینیان پێویستمان بە دیدێکی جیا هەیە لە دیدی ناسینی گوندنشینان. لادێناسی ناتوانێت بچێتە شوێنی شارناسی و لەهەمانکاتیشدا ناتوانێت لۆژیکی شار و کێشەکانی شار بخوێنێتەوە. بەم مانایە بەشێکی زۆری سۆسیۆلۆژیای قۆناغی مۆدێرنە، کە تارادەیەکی زۆر سۆسیۆلۆژیای دروستبوون و پاراستنی پایەکانی نەتەوەیە، سۆسیۆلۆژیایەکە هەڵگری فانتازیای لادێیە و لە لادێناسییەوە دەستپێدەکات، بۆ ناسینی دونیای شار. ئەمەش ناکۆکییەکی سەرنجڕاکێشە، لەکاتێکدا سۆسیۆلۆژیا لەسەدەی نۆزدەهەمدا شایەتی لاوازبوونی ڕۆڵی دینە لەوەدا وەک چوارچێوەی ئەخلاق و پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی کاربکات، هەروەها شایەتی دروستبوونی دونیایەکی نوێ و جیاوازە، بەڵام ئەو وێنە سەرەکییانەی بەکاریاندەهێنێت بۆ ناسینی ئەو دونیایە وێنەی بەر لە هاتن و دروستبوونی ئەو دونیا تازەیەن. مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە ئەگەر لادێ سەرزەمینی وێکچوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕاستەخۆ و ڕوویەڕوو بێت و لێرەوە دونیای لادێ لەسەر

وێکچوون و هاوشێوەیی دروستبوو‌بێت، بەکورتی مۆدێلی خێزانبێت و گەورەکرابێت، ئەوا شار مۆدێلی جیاوازیی و مۆدێلی ئەودیوی خێزانە (De Vries 1999). ئەمە وادەکات سۆسیۆلۆژیای هاتنی مۆدێرنە تا ڕادەیەکی زۆر سۆسیۆلۆژیایەک بێت وێنەکانی لادێ ئاراستەبیکات، بەڵام سۆسیۆلۆژیای پۆستمۆدێرنە سۆسیۆلۆژیای شارە، سۆسیۆلۆژیای جیاوازی، یان هەمەڕەنگی و فرەڕەهەندی و فرەدەنگییە، ئەم سۆسیۆلۆژیایە قسە لە بوونی دەنگی جیاواز و شوناسی جیاواز و مۆراڵی جیاواز دەکات، باس لە لەیەکنەچوون و یەکنەگرتن و فرەپارچەیی دەکات. لێرەوە ئەگەر بە مانایەک لە ماناکان سۆسیۆلۆژیای مۆدێرنە سۆسیۆلۆژیای داخرانبێت ئەوا سۆسیۆلۆژیای پۆست مۆدێرنە سۆسیۆلۆژیای کرانەوەیە. لە یەکەمدا بیرۆکەی جەوهەر، وێکچوون و یەکێتی، باڵادەستە لە دووەمدا بیرۆکەی دەرکەوت، جیاوازی و نەمانی سێنتەر و ناوەندێکی هاوبەش باڵادەستە.

ئەو هەڵە سۆسیۆلۆژییە بنەڕەتییەی سۆسیۆلۆژیای بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوە دەیدات، پێشنیارکردن و سەلماندنی بوونی یەک کولتور و یەک شوناس و یەک مۆراڵە لەناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا. ئەم گوتاری وێکچوون و هاوشێوەییە فانتازیای تایبەتی بنیادنای نەتەوە دەیخولقێنێت، نەک ڕاستییەکی سۆسیۆلۆژی واقیعی. واقیع هەمیشە فرەجۆر و فرەدەنگە، بەڵام خەیاڵی نەتەوەیی دەیکات بە واقیعێکی وێکچو و بێجیاوازی و هاوبەش. لە فانتازیای نەتەوەییدا هەموو ئاڵۆزییەکان کورتدەکرێنەوە بۆ یەک فیکرە و، هەموو جیاوازییەکانیش بۆ وێکچوونێکی گریمانکراو، هاوکات هەموو هێزێکی دابەشکردنیش دەگۆڕدرێت بۆ وەهمی یەککگرتنێکی سەرتاسەری. بەم مانایە سۆسیۆلۆژیای سەدەی ڕابردوو تاڕادەیەکی زۆر سۆسیۆلۆژیای کووشتنی جیاوازییەکانە.

دیکارت و سپینۆزا بەر لە دۆرکهایم و لەسەدەی هەقدەهەمدا عەقڵی فەلسەفییان لەژێردەستی عەقڵی لاهوتی دەرهێنا و لەڕووی فەلسەفییەوە شەپازلەی یەکەمیان

لە ڕوخساری ئایین وەشاند. پرۆژەی ڕۆشنگەری بەم مانایە پرۆژەی ئازادکردنی عەقڵە لە ئایین و باوەڕهێنانە بە توانکانی عەقڵ لەگەیشتن بە هەقیقەتدا. لە سەردەمی "لۆک" یشەوە چیدی ئینسان بوونەرێک نییە بە ئەخلاقەوە لەدیک بووبێت، بەڵکو بونەوەرێکە دەبێت ئەخلاق فێرببێت. ئەم دیدە لۆکییە بۆ ئەخلاق دژ بەو دیدە ئایینیە مەسیحییەی ئۆگستینە، کە پێیوایە هەموو ئینسانێک بە نووری خوداییەوە، واتە بە دیدێکی تایبەتەوە دەربارەی چاکە و خراپە، لەدایکدەبێت(De Vries 1999: 59). بەباوەڕی لۆک ئەوەی ئینسانیش فێری ناسینی ئەخلاق دەکات و ئەم ناسینە دەڕەخسێنێت عەقڵە (هەس پ).

ئاشکرایە ئەو بوونەوەرە عەقڵانییەی لۆک باسیدەکات ئەو تاکەکەسەیە، کە لە زەمانی ڕۆشنگەرییەوە تا ئێستا هەم بابەتی سەرەکی مۆدێرنە و هەم بەرهەمهێنەری مۆدێرنەیە، ئەو عەقڵانییەتەش، کە لۆک باسیدەکات ژێرخانی زۆربەی هەرەزۆری تیۆرە جیاجیاکانی ئەخلاقناسی قۆناغی مۆدێرنەیە.

-٩-

پۆست مۆدێرنە قۆناغی غیاب، یان کۆتایی عەقڵ نییە وەک زۆر کەس پڕوپاگەندەی بۆدەکەن، بەڵکو ئەو قۆناغەیە، کە تیایدا عەقڵ سنوورەکانی خۆی دەزانێت و لە ڕێژەییبوونی خۆی و سنوری تواناکانی خۆی تێدەگات. عەقڵ لەقۆناغی پۆست مۆدێرنەدا لەپاڵ دەسکەوتە مەزنەکانیدا، تاوانەکانی خۆی و ئەو کارەساتەنەش دەبینێت، کە لە ڕۆشنگەرییەوە تا ئەم ساتەی ئێستا دروستیکردوون. ناسیۆنالیزمی پەرگیر و ڕاسیزم و جینۆساید و کۆلۆنیالیزم و جەنگی تەکنۆلۆژی و ئیستیهلاک، یان بەرخۆرییەکی ترسناک و هەژارییەکی

پلانرێژەکراو و تێکدانی سروشت و هتد... هەرهەموویان بەرهەمی کارکردنی عەقڵی مۆدێرنن لەناو دونیای مۆدێرنەدا. هەموو ئەمانە بەشێکن لە پرۆژەی مۆدێرنە و بەشێکن لەو ئەگەرانەی مۆدێرنە لەناوەوەرا و وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خۆی بەرهەمیاندەهێنێت. لە کتێبی "مۆدێرنە و هۆلۆکۆست " دا کۆمەڵناسی بەناوبانگ زیگمۆند باومان زۆر بەوردی ئەو میکانیزمانە شیدەکاتەوە، کە وادەکات ڕووە تاریکەکانی مۆدێرنە ببنە هۆی کوشتاری بەکۆمەڵ و پیادەکردنی جینۆساید (Bauman 1987).

هەر لەم ئاستەدا فەیلەسوفی فەرەنسی جان فرانسوا لیوتار لەیەکێک لەکتێبە گرنگەکانیدا دەپرسێت: ئایا دەکرێت لەدوای هۆلۆکۆستەوە قسە لە بوونی مێژوو بکەین؟، (هۆلۆکۆست کوشتنی بە کۆمەڵ و پلان بۆدارێژراوی جولەکەکان بوو لە ژوری پڕکراو لە گازی ژەهراویدا لەلایەن نازییەکانەوە). بەباوەڕی لیوتار هۆلۆکۆست نیشانیداین، کە مێژوو بەو شێوەیەی ڕۆشنگەری بیری لێدەکردەوە کۆتاییهاتوە. لەدوای هۆلۆکۆستەوە مێژوو چیدی مێژووی بەرەوپێشەوەچوونی بەردەوامی ئینسان و کۆمەڵگاکان نییە، هۆلۆکۆست نیشانیداین، کە مێژوو نەک لە پرۆسەی بەرەوپێشەوەچوونێکی بەردەوامدا نییە و عەقڵ نەک ئینسان بە بەهەشتی سەرزەمینی ناگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەشێت مێژوو ببێتە قەبرستانی مەرگی بە کۆمەڵ و ژووری پڕ گازی خنکێنەر و دروستکردنی بیرۆکراتییەتێک، کە ئیمزاکردنی مەرگی هەزاران هەزار ئینسان و ئیمزاکردنی چەکێکی سەد دۆلاری وەکویەک ببینێت. بەباوەڕی لیوتار ئەو دیدەی ڕۆشنگەری، کە پێیوایە مێژوو پرۆسەیەکە و بەردەوام کۆمەڵگاکان بەرەو پێشەوەدەبات و ئینسان بەدونیایەکی عەقڵانیتر و ئازادتر دەگەیەنێت، جگە لە وەهمێکی ڕۆشنگەرییانە شتێکی دیکە نییە. بەم مانایە لیوتار دەڵێت ناکرێت لەدوای هۆلۆکۆستەوە قسە لە بوونی مێژوو بکەین. بێگومان هۆلۆکۆست یەکەمین و دواهەمین تاوانێکی عەقڵانییەتی

پلانرێژەکراوی دونیای مۆدێرن نییە، لەدونیای ئێمەدا عەمەلیاتی ئەنفال بەرهەمی مۆدێرنەیەکە، کە دەیویست کۆمەڵگا لەسەر مۆدێلی سەریازگە بەرهەمبهێنێتەوە (مەریوان ١٩٩٩).

عەقڵی پۆست مۆدێرن عەقڵێکی شەرمن و گومانکەر و رێژەییە، لەکاتێکدا عەقڵی رۆشنگەری عەقڵێکی دڵنیا، هێرشبەر و رەهایە. عەقڵی مۆدێرن عەقڵی مژدە ئایدیۆلۆژیە گەورەکانە، لەکاتێکدا عەقڵی پۆست مۆدێرن عەقڵی دوای داڕمانی پرۆژە ئایدیۆلۆژییە گەورەکان و ئاشکرابوونی وەهمە ترسناکەکانی مۆدێرنە و کۆتایی حیکایەتە گەورەکانی رۆشنگەرییە. جیاوازی نێوان سپینۆزا و دیکارت و کانت، لەگەڵ فۆکۆ و لیوتار دا لەوەدایە، کە ئەمانەی دوایان عەقڵ لەدەرەوەی گەمەکانی دەسەڵات و زماندا نابینن، هەقیقەت وەک پێدراوێکی بابەتی و وەک جەوهەرێک لەدەرەوەی ئیرادەی دەسەڵات و سیاسەتێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنانی مەعریفە و مانادا نابینن، بۆیە هەم فۆکۆ و هەم لیوتار عەقڵ وەک ئامرازی بەرهەمهێنانی ڕاستییەکی موتڵەق تەماشاناکان، بەڵام دیکارت و سپینۆزا عەقڵیان وەک تاقە سەرچاوە و دوامەمین سەرچاوەی هەقیقەتی رەها دەبینی و لەدەرەوەی هەر گەمەیەکدا و وەک سەرچاوەیەکی بێغەشی گەیشتن بە هەقیقەت تەماشایاندەکرد.

پۆست مۆدێرنەکان لەو باوەڕەدان مادامەکی عەقڵ شتێک نییە لەدەرەوەی گوتارەکانیدا بوونی هەبێت، بۆیە کردنی بە بنەمایەکی جێگیر بۆ ئەخلاقناسی بەکارێکی ڕاست و لە ڕاستیدا بەکارێکی ئەخلاقیشی ناناسن. مادامەکی عەقڵ لەهەموو لایەکەوە لە رێگای ستراتیژەکانی دەسەڵات و جەبرەکانی زمانەوە کارلێکراوە و ئاراستەکراوە، بۆیە ناکرێت وەک ناوبژیوانێکی بێلایەن و وەک قسەکەرێک بەناوی هەقیقەتێکی رەهاوە قبووڵبکرێت. لەم دیدە پۆست مۆدێرنەدا دۆڕاندنی عەقڵ بۆ شوێنی خۆی وەک ناوبژیکەرێک لەدەرەوەی گەمەکانی

دەسەڵاتدا ئەو مافەی لێدەسێنێتەوە ببێتە بنەمای ئەخلاقناسی، لێرەوە لیوتار لەباتی عەقڵ پێشنیاری چەمکی جیاوازی دەکات بۆ کردنی بە بنەمای ئەخلاقناسی. پێشئەوەی ئەم خاڵە بەدرێژی باسبکەین باجارێ سەرنجێک لەهەندێک لەو ڕەخنانەبدەین، کە لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا ڕوویەڕووی عەقڵ کراوەتەوە.

-١٥-

عەقڵی ڕۆشنگەریی، وەک فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەڵێن، لەمێژە لە گەشەی بەردەوامی خۆیدا گۆڕاوە و بووە بە "عەقڵێکی ئامرازیی" یەکڕەهەند، کە کاری سەرەکی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ستراتیژەکانی دەسەڵات و گەمەی ئاڵۆزی گوتارەکان و بەقسەی مارکوزە بەرهەمهێنانەوەی بنەماکانی سیستمی سەرمایەداری خۆیەتی. ئەو ئامرازە سیاسیەش، کە ئەم عەقڵە دروستیکرد بۆ چاودێریکردنێکی عەقڵانی کۆمەڵگا، مەبەست دەوڵەتە، ئەویش، وەک هابرماز دەڵێت، کورتبۆتەوە بۆ عەقڵانیەتێکی ئابووری بەرتەسک (Habermas 1989). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم چارەنووسە تایبەتەی عەقڵ با لێرەدا سەرنجێک لەو تابلۆ خەمبارە بدەین، کە هێربێرت مارکۆزە لەشەستەکاندا بۆ عەقڵ بۆیکێشاوین.

بێ دوودڵی دەتوانین فیکری مارکۆزە وەک قەسیدەیەک بۆ ئازادی پێناسبکەین. دوو کتێبی "ئیرۆس و شارستانیەت" و "کۆمەڵگای تاک ڕەهەند" دوو قەسیدەی خەمباری بەر لە گەردەلولی شەستەکانن، کە زۆر ڕەهەندی جیاوازی کۆمەڵگاکانی لە "ڕۆژئاوادا" ناچار بە گۆڕانی ڕیشەییکرد. مارکۆزە بەدوای دونیایەکدا دەگەڕا، کە ئینسان تیایدا لە بوونەوەرێکی ئیشکەرەوە بکاتە بوونەوەرێکی گەمەکەر. مارکۆزە

لەنێوان ئیش و گەمەدا جیاوازییەکی ئەنتۆلۆژی پێشنیاردەکات، کە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای ئیستاتیکی ڕاوەستاوە. مرۆڤی گەمەکەر مرۆڤێکە دژ بە لۆژیکی مرۆڤی ئیشکەر کاردەکات و لەباتی ئەوەی ئابووری مەسەلەی سەرەکی ژیانییێت ئیستاتیکا مەسەلەی سەرەکی ژیانیەتی. لەم گەشتەیدا بەرەو ئازادی مرۆڤی گەمەکەر ئازادی سێکس و ئازادی پەیوەندی نێوان نێر و مێ وەک وێستگەی هەرەگرنگی ژیان پێناسەدەکات(Weiland 1999: 286).

بە باوەڕی مارکۆزە و تۆریەی فرانکفۆرتیەکانی دیکەش، پرۆژەی ڕۆشنگەری مرۆڤی لە دەستی سروشت ڕزگارکرد، بەڵام نەیتوانی ئازادییکات، چونکە دوای ئەم ڕزگارکردنە لەسروشت ئینسانی کردە کۆیلەی کۆمەڵگا. ڕۆشنگەری ئینسانی لەدەستی باران و ڕەهێڵە و هەورەبروسکەکان سەندەوە، بەڵام کردیە کۆیلەی ناو کارگە و توونەکانی خەڵوزی بەرەبین و سیستمی بیرۆکراسیەتی نوێ.

مارکۆزە بۆ دیاریکردنی مەبەستی خۆی لە گۆڕان لە مرۆڤی ئیشکەرەوە بۆ مرۆڤی گەمەکەر، باس لە کەسایەتی ئۆرفیۆس دەکات. بە باوەڕی مارکۆزە ئۆرفیۆس ئەو دەنگەیە، کە ئەمر ناکات، بەڵکو گۆرانی دەڵێت، ئاسایش و ڕژێم بەرقەرار دەکات، بەڵام کەس ناچەوسێنێتەوە(Weiland 1999: 286). جگە لە ئۆرفیۆس، مارکۆزە لە نیتشەوە فیکرەی دیتۆیسیسزم وەردەگرێت و دەیکاتە بەشێک لەو گوتارە فەلسەفییەی، کە بەرگری لە تاکەکەس دەکات لەبەرامبەر کۆمەڵگادا. جگە لەمە بیرۆکەی دیتۆسیسزم لای مارکۆزە دەربڕی پەیوەندییەکی ئیرۆتیکییە لەگەڵ ژیاندا. ئیرۆتیک لێرەدا بەمانای ئازادی لاشەیە لە باوەشکردنەوەیدا بۆ ژیان، ئازادکردنی غەریزەکان لەهەموو چاودێرییەکی چەپێنەرانە و لەوێشەوە بەجەستەییکردنی خودی ژیان. مارکۆزە ئەم پەیوەندییە ئیرۆتیکییە لەگەڵ ژیاندا دەخاتە شوێنی ئەو پەیوەندییە عەقڵانییەی ڕۆشنگەرەکان ئینسانیان پێ مەحکوم کرد. بەمانایەکی دیکە مارکۆزە پێشنیاری بوونی پەیوەندییەکی ئێرۆتیکی، واتە جەستەیی جنسی،

لەگەڵ ژیاندا دەکات لەباتی پەیوەندییەکی عەقڵانی، ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ ئەو هەوڵەی مارکۆزەدا، کە دەخوازێت مرۆڤ لە بوونەوەرێکی ئیشکەرەوە بگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی گەمەکەر. بەکورتی پرۆژەی مارکۆزە بریتییە لە پرۆژەی بە ئیرۆتیزێرەکردن و بە ئیستاتیکاکردنی ژیان لەبەرامبەر پرۆژەی ڕۆشنگەریدا، کە پرۆژەی بە عەقڵانیکردنی ژیان بوو. بۆ تێگەیشتن لەم دەرەنجامە فەلسەفییە دەبێت لەوە تێبگەین، کە فرانکفۆرتییەکان لەویاوەڕەدابوون، کە عەقڵ لە ئامرازێکی ڕزگارکەرەوە گۆڕاوە بۆ ئامرازێکی چەپێنەر، لە هێزێکی نەفیکەر و یاخیبووەوە، گۆڕاوە بۆ هێزێکی سەپێنەر و تۆتالیتێر، واتە شمولی.

بەباوەڕی مارکۆزە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا چیدی تاکەکەس ناوەوەیەکی نییە دەستی تەکنیک و دەستی کۆمەڵگای نەگەیشتبێتێ. هیچ ڕەهەندێکی سیاکۆلۆژی ناوەکی لە ئینساندا نەماوەتەوە کۆمەڵگای نوێ دلواکارییەکانی خۆی پێنەگەیاندبێت. کۆمەڵگای تەکنیک بەوە ڕازینابێت ڕەهەندێکی ناوەکی لە ئینساندا بمێنێتەوە ئەو دەستی تێوەرنەدات و بەو ئاراستەیە پرۆگرامی نەکات، کە لە سود و قازانجی تەکنیک و کۆمەڵگای تەکنیکدا نەبێت (Weiland 1999: 288).

ڕەهەندی ناوەکی ئینسان، کەسەرچاوەی بەرگری و ڕەفز و یاخیبوون و هێزە ڕەخنەییەکانی عەقڵ و توانای نەفیکردنە، لە کۆمەڵگای مۆدێرندا لەناوەوەڕا پرۆگرامکراوە و لە هەر وزەیەکی نەفیکەرانە بەتاڵکراوەتەوە. لێرەوە بەباوەڕی مارکۆزە هیچ گوترلوێک، واتە مەقولەیەکی، سایکۆلۆژی نەماوەتەوە، کە نەبووبێتە مەقولەیەکی سیاسی، دونیای ناوەکی ئینسان لە قۆناغی مۆدێرنەدا دونیایەکی سەرتاسەر سیاسییە و لەهامانکاتیشدا کۆنترۆڵکراوە. تەنانەت ئەو یاخیبوونانەش کەدەشێت دروستببن، پێشوەخت دەستەمۆکراون و سنوور و ئاست و مەوداکانیان دەستنیشانکراوە. لەم دۆخەدا ئەوە ئینسان نییە ئیرادە و یاساکانی خۆی بەسەر دونیادا دەسەپێنێت، بەڵکو دونیایە یاساو ئیرادەی خۆی بەسەر ئینساندا

دەسەپێنێت. لێرەوە مۆراڵی ڕاستەقینە لای مارکۆزە لە بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی عەقڵ و کردنی عەقڵ بە ناوبژیکەر، یان بە پرنسیپێکی موفاریق نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەخلاقی تازە دەبێت دژ بە عەقڵ و دژ بە عەقڵانیەتێک بێت، کە کورتبۆتەوە بۆ عەقڵانیەتێکی ئامرازی. بەباوەڕی مارکۆزە دەبێت بۆ ڕزگارکردنی ئەخلاق و لەوێشەوە بۆ ڕزگارکردنی ئینسان، ژیان خۆی بکرێت بە هونەر و بە گەمە. چەند زەحمەتە هونەر و گەمە یەک پێناسیان پێبدرێت و لەیەک یاسا و یەک خوێندنەوەدا بەندبکرێن، ئاواش دەبێت ئینسان ببێتە ئەو سەرزەمینی جیاوازییەی لەهەرساتێکدا هێزی ئەفیکردن تیایدا بتوانێت شوناسێکی موێی پێببەخشێت، کە نەکرێت کورتبکرێتەوە بۆ هیچ پێدراوێکی پێشین. لەڕاستیدا دیدی پۆست مۆدێرنەکان لەسەر جیاوازی و شوناس درێژکراوەی ئەم دیدە مارکۆزییەن بەڵام لەچوارچێوەی تیۆریزەکردنی خودی جیاوازی خۆیدا، نەک لەچوارچێوەی تیۆرەیەکدا بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، کە مارکۆزە لە حیکایەتە گەورەکانی مارکسیزم و فرۆیدیزمێکی چەپانەوە دەیهێنێت.

مارکۆزە جیاوازییەکی زۆر گرنگ دەستنیشاندەکات لەنێوان نامۆبوون لەسەدەی نۆزدەهەم و نامۆبوون لەم سەدەیەدا، لەسەدەی ڕابردوودا کرێکاران دەیانزانی، کە سەرمایە نامۆی کردوون و ئینسانیەتی لێسەندونەتەوە. ئەوان هەستیان بەئازاری ئەم نامۆبوونە دەکرد و دەشیانزانی، کە دونیا دەبێت بگۆڕدرێت و سیستەمێکی دیکە بێتەکایەوە بۆ کۆتاییهێنان بەم نامۆبوونە. لەمەش گرنگتر کرێکاران دەیانزانی ئەوان خۆیان دەبێت ئەمکارە جێبەجێکەن و خۆیان بۆ مافە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەکانی خۆیان بجەنگن. بەم مانایە مارکسیزم وەڵامی کرێکارانی سەدەی نۆزدەهەمە بە نامۆبوونیان لە دونیا و لەپێش هەمووشتێکیشەوە، لە ئینسانیەتی خۆیان. بەڵام مارکۆزە پێیوایە، کە دونیای ئەمڕۆ و کرێکارانی ئەم سەردەمە دونیا و کرێکارانی سەدەی نوزدەهەم نیین، کرێکاران چیدی نایەنەوێت دونیابگۆڕن،

چونکە سودی زۆریان لەمانەوەی ئەم دونیایەی ئێستادا و لە بەرقەراربوونی پایەکانی ئەم عەقڵانیەتە ئامرازیەدا هەیە، کە هەیە. بە قسەی مارکۆزە، کرێکاران قازانج و سودێکی گەورەیان هەیە لەمانەوەی سیستمی ئێستادا. کرێکاران دەیانەوێت ئەم سیستمە ریفۆرمبکەن، باشتریبکەن نەک بیگۆڕن و لەشوێنی ئەودا سیستمێکی تازە دروستبکەن. لەبەرئەمە نامۆبوون لەدونیای ئەمڕۆدا تەنها نامۆبوونی ئینسان نییە لە ئینسانیەتی خۆی، بەڵکو نامۆبوون بۆتە نامۆبوونی ئینسان لە هەموو وجودی دەرەوەی خۆی بەهەموو ئەو ئەگەرانەشەوە، کە دەشێت ئەم وجودە لەناو مێژوو هەڵگریانبێت. لەم دیدەدا تەکنیک تەنها ئێستای تووشی نامۆبوون نەکردووە، بەڵکو تەنانەت ئایندەشی تووشی نامۆبوون کردووە (Weiland 1999: 288).

لە ساڵی ١٩٦٤ دا مارکۆزە لە کتێبی " ئینسانی تاک ڕەهەند" دا کۆتایی خود، ڕادەگەیەنێت. دووساڵ دوای ئەو میشێل فۆکۆ کۆتایی مرۆڤ ڕادەگەیەنێت. بەرلەمان لە پەنجاکاندا میرلۆپۆنتی باس لەوەدەکات، کە ئینسان لە سێنتەردا نەماوە (بێگومان لەپشتی ئەم دیدە جیاوازانەوە هایدگەر وەستاوە، کە دەڵێت ئینسان بۆتە فەرمانبەری تەکنیک. هەموو ئەم بۆچوونانەش قسە لە ونبوونی ئینسانەکەن لەناو سیستەمدا، ئەو سیستەمەی، کە کۆڵەکەکانی لەسەر پێناسەکانی ڕۆشنگەری بۆ عەقڵ و هیواکانی ڕۆشنگەری بەکارکردنی عەقڵ لەناو مێژوودا بنیادنابوو (Weiland 1999: 290-91).

-١١-

بەشێکی گەورەی فیکری پۆست مۆدێرن لەسەر هەمان هێڵی فرانکفۆرتییەکان و هەمان رەخنەی مارکۆزە لە عەقڵ کاردەکات، بەڵام رەنگە جیاوازی سەرەکییان لەوەدابێت، کە ئیدی رەخنەیی پۆست مۆدێرن دەشێت ستراتیژی جیاوازی گۆرانکاری لێبکەوێتەوە، لەکاتێکدا فرانکفۆرتیەکان هەڵگری یەک ستراتیژیوون بۆ گۆران. فرانکفۆرتییەکان بەحوکمی پەیوەستبوونیان بە مارکسیزمەوە هەمیشە گۆرانەکانیان لە شێوەی شۆرشی کۆمەڵایەتیدا دەبینی و هەمیشە بەدوای هێزێکی کۆمەڵایەتیشدا دەگەران شۆرشیان بۆ پیادەبکات. لێرەوە کاتێک لەوە تێگەیشتن، کە کرێکاران ئەم ئەرکەیان بۆ جێبەجێناکرێت و ناتوانن ببنە ئامراز و بکەری شۆرشە کۆمەڵایەتییەکان لەدونیای ئەمرۆدا، ئیدی هەموو پرۆژەیەکی گۆرانیان لا بوویوو بە یۆتۆپیا. بە مانایەکی دیکە فرانکفۆرتییەکان بە پرۆژەی شۆرشی کۆمەڵایەتی دەستیانپێکرد و بە یۆتۆپیا کۆتاییان بە پرۆژەکەیان هێنا. بەلێکدانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەستیانپێکرد و دواجار بە ئیستاتیکا کارە فیکرییەکانیان قوفڵدا. بەڵام پۆست مۆدێرنەکان چونکە هەڵگری هیچ حیکایەتێکی گەورە نەبوون دەربارەی رزگاربوونی یەکجارەکی و سەرانسەری و هەمیشەیی، بۆیی بۆ پرۆژەی گۆران ستراتیژی دیکەیان پێشنیاردەکرد لەشوێنی ستراتیژیی شۆرشی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە، لەکاتێکدا میشێل فۆکۆ پرۆژەی گۆران وەک شۆرشێکی کۆمەڵایەتی سەرتاسەری نابینێت و بەدوای هێزێکدا ناگەرێت دەسەڵات لە هێزێکی دیکە بسێنێتەوە و خۆی بچێتە شوێنی ئەو و بۆ هەتاهەتاییە کۆتایی بەنامۆبوون و چەوساندنەوەی ئینسان لەلایەن ئینسانەوە بهێنێت، دەبینین پرۆژەی گۆران لای ئەم دەبێتە پرۆژەی جەنگ و بەرگرییەکی بەردەوام دژ بە فۆرمە جیاوازەکانی دەسەڵات لەناو هەموو خانە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا. لای

فۆکۆ گۆڕان دەرەنجامی ئەو شەڕە بچووکانەیە، کە ئینسان ڕۆژانە هەریەکە و لەئاستی خۆیەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا دەیکات، نەک شەڕێکی گەورەی یەکجارەکی. پرۆژەی گۆڕان بریتییە لە هەوڵدان بۆ گۆڕانی بەردەوامی هەلومەرج و ژینگە لۆکاڵییەکان و خانە بچووکەکان، کە دەسەڵات بەردەوام ستراتیژییەتەکانی خۆی تیایاندا بەرهەمدەهێنێتەوە، نەک گۆڕانێکی ژێرەوژوورکەری کۆمەڵایەتی یەکجارەکی پێشنیارکراو، کە تیایدا حیکایەتێکی گەورە بچێتە شوێنی حیکایەتێکی گەورەی دیکە.

ئەم دیدە فۆکۆییە بەپلەی یەکەم ڕزگاربوونە لە سۆسیۆلۆژیای مارکسیزم بەومانایەی، کە باس لەوەدەکات پێویستە چینێک هەڵگری پرۆژەی ئازادییێت بۆ هەموو مرۆڤایەتی. لەڕاستیدا ئەم سۆسیۆلۆژیایە، کە سۆسیۆلۆژیای وابەستەبوونە بە هێزێکی کۆمەڵایەتی و پەیامەکەیەوە، فرانکفۆرتییەکانی بە دەروازەیەکی داخراو گەیاند. تێزەی فرانکفۆرتییەکانیش دەربارەی بە ئیستاتیکاکردنی بوون و ڕزگاربوون لەبونیادە چەپێنەرەکانی عەقڵ و گەڕاندنەوەی ڕەهەندی ئیستاتیکی بۆ ئینسان، لە جەوهەردا تەعبیر لە فەشەلی پرۆژەی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە دەکات، کە فرانکفۆرتییەکان نەخشەی فیکریان بۆ دروستدەکرد و نائومێدانە چاوەڕوانی پیادەبوونیاندەکرد. ئەم پرۆژەیە لە فەشەلیدا بۆ گەڕان بەدوای ئەو "چین" ە کۆمەڵایەتیدا، کە بتوانێت ستراتیژە فیکرییەکانیان پیادەبکات، دەکەوێتە باوەشی ئەو بوونیادە یۆتۆپییەوە، کە دواجار هەموو وزەکان بە ئیستاتیکا دەدات و یۆتۆپیای ئیستاتیکا دەخاتە شوێنی یۆتۆپیای شۆڕشی کۆمەڵایەتی. لێرەوە فرانکفۆرتییەکان شوێن و جێی حیکایەتە گەورەکانی سیاسەت لە فیکریاندا دەدەن بە حیکایەتە گەورەکانی هونەر و ئەدەب.

بە باوەڕنەمان بە عەقڵ وەک بەرهەمهێنەری هەموو هەقیقەتەکان، ئیدی گومانیش لەو پرۆژە ئایدیۆلۆژییە سەرتاسەری و گشتگیرانە پەیدابوو، کە عەقڵانیەتێکی

تۆتالیتاری لەپشتی بنەما فەلسەفی و سیاسییەکانیانەوە بوو. ئەم باوەڕنەمانەی فرانکفۆرتییەکان بە عەقڵ ئەرکی پۆست مۆدێرنەکانی لەوەدا سوکترکرد، کە جاڕی کۆتاییهاتنی حیکایەتە گەورەکان ڕاگەیەنن. لەناو فرانکفۆرتییەکاندا تەنها هابرماز باوەڕی بە مۆدێرنە و بە ئیمکاناتە ڕزگارکەرەکانی عەقڵ ماوە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا، کە دەشێت مرۆڤایەتی ڕوویەڕوویان ببێتەوە. هابرماز لەو باوەڕەدایە، کە ڕۆژگاری عەقڵ کۆتایی نەهاتووە و مۆدێرنە هەڵگری ئەو دینامیکیەت و وزە ناوەکییەیە، کە بەهۆیانەوە دەتوانێت قەیرانەکانی خۆی چارەسەربکات و کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازاد و ئەخلاقیاتێکی بەرپرسیار و ئینسانتۆست بەرهەمبهێنێت.

هابرماز، کە سەر بەنەوەی دووەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتە ئەو عەقڵە گەورە و ڕەخنەییە، کە ئەمڕۆکە بەناوی عەقڵ و تەواونەبوونی پرۆژەی مۆدێرنەوە، ناکۆکییەکانی خۆی بەرامبەر بە فیکری پۆست مۆدێرن و ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن ڕادەگەیەنێت. لەم بەشەی ئەم نووسینەدا چەند سەرنجێکی زۆر گشتی لەو دیالۆگەی نێوان هابرماز و پۆست مۆدێرنەکان ئەدەین، بۆ ئەمەش دەگەڕێمەوە بۆ ئەو دیالۆگەی فەیلەسوفی هۆڵەندی هاری کوونەمان لەگەڵ هابرمازدا هەیەتی و هەوڵدەدەم لەڕێگەی ئەو دیالۆگەوە بنەما تیۆرییەکانی ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن ڕوونبکەمەوە.

-١٣-

لە جەوهەردا پرسیاری هابرماز بەرامبەر بە دونیای ئەمڕۆ زۆر نزیکە لە پرسیاری مارکس لە دونیای سەدەی نۆزدەهەم. پرسیاری مارکس بریتیبوو لە چۆنیەتی

دروستبوون و سەرچاوەکانی بەرپابوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا پرسیاری هابرماز بریتییە لەوەی دلخۆ ڕزگاربوون لەکوێوە دەستپێدەکات (Weiland 1999: 293). ڕەنگە جیاوازی هەرەسەرەکی لەنێوان مارکس و هابرمازدا لەوەدابێت، کە پرۆژەی هابرماز پرۆژەی شۆڕش نییە، پرۆژەی ژێرەوژوورکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەرتاسەری نییە تیایدا چینێک دەسەڵات لە چینێکی دیکە بسێنێتەوە، بەڵکو پرۆژەی گۆڕانێکی ڕادیکاڵانەی دەزگاکانی دەوڵەت و ئەو پەیوەندییانەیە دەوڵەت و کۆمەڵگا بەیەکدیەوە گرێدەدات، ئەمەش بە ئاراستەی هەرچی زیاتر دیموکراتیزەکردنی ئەو دەزگایانە و ئەو پەیوەندییانەی لەوساتەدا لەئارادان. سەرەڕای ئەمە هابرماز داکۆکییەکی گەورە لە مەسەلەی بەشداربوونی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بەکارهێنانی ئەو ئیمکاناتانە دەکات، کە ئەم سیستەمەی ئەمڕۆ ئەیخاتە بەردەستیان بۆ ئەوەی خۆیان ژیانی خۆیان دروستبکەن و خۆیان ئەو فۆرمەی دەیانەوێت بە ژیانی خۆیان ببەخشن (Weiland 1999: 295). کێشەی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان لە دیدی هابرمازدا لەوەدایە، کە دەوڵەت لە بوونەوەرێکی عەقڵانییەوە، کە کاری پیادەکردنی عەقڵە لەناو کۆمەڵگادا، گۆڕاوە بۆ بوونەوەرێکی ئابووری، کە تەسلیمی یاسا ئابوورییەکان و لۆژیکی قازانجە ئابوورییەکان بووە. دەوڵەت لەباتی ئەوەی کۆمەڵگا وەک سەرزەمینێک بۆ کرانەوە و بەشداربوون و پەیوەندی هاوسەنگ و کراوە ببینێت، وا مامەڵەی کۆمەڵگا دەکات وەک ئەوەی بازاڕ، یان سوپەرمارکێتێکی گەورەبێت و هیچیدی، هابرماز پێیوایە لە دەوڵەتی ئێستادا عەقڵانیەتی ئابووری چۆتە شوێنی هەموو شێوەکانی دیکەی عەقڵانیەت.

گرنگترین مەسەلەیەک لە فیکری هابرماز دا لە پەیوەندیدا بەم باسەی ئێمەوە ئەو جیاکارییە گرنگەیە، کە هابرماز لە نێوان سیستم و دونیای دەرەوەی سیستم، واتە "ژیانگە"دا دەیکات. سیستم، وەک سەرزەمینی ئابووری و شوێنی کارکردنی کۆمپانیا و بیرۆکراتییەتی دەوڵەت. دونیای دەرەوەی سیستم، واتە " ژیانگە "،

وەک ئەو پانتاییە کۆمەڵایەتی و ئینسانیانەی دەکەونە دەرەوەی سیستەمەوە. واتە شوێنی ژیانی ئینسانەکان پێکەوە لەدەرەوەی ئەخلاق و جەبرەکانی سیستمدا. (بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانی هابرماز پشتێکی تەواوم بەستووە بەم دوو کتێبەی هاری کوونەمان) :

1- Harry Kunneman, postmoderne moraliteit, Boom 1998 Amsterdam.

2- Harry Kunneman, van theemutscultuur naar walkman-ego. Contouren van postmoderene individualiteit Boom 1996 Amsterdam

هابرماز جیاوازیەکی جەوهەری لەنێوان سیستم و ژیانگەدا دەبینێت و پێشیوایە لە هەریەکێکیاندا لۆژیکێکی جیاواز و ئەخلاقیەتێکی جیاواز و ستراتیژێکی جیاواز و شێوازی جیاوازی پەیوەندی و هەڵسوکەوتی ئینسانی لەئارادایە. لە یەکەمیاندا یاساکانی فشاردانان و بەدەستهێنانی قازانج و گەورەکردنی سوودەکان کاردەکەن و ئینسانەکان لە پەیوەندییەکی ڕەسمی و بیرۆکراسیانەدان لەگەڵیەکدیدا. لێرەدا هاوڕێیەتی، کارلێککردنی چەندلایەنە و پەیوەندی کراوە و ئازاد لەوپەڕی لاوازی و کەمیدایە. یاساکان شێوازی مامەڵە و شێوازی پەیوەندییەکانیان دەستنیشانکردووە و ئینسان ناتوانێت لە پەیوەندییەکی یەکساندا لەگەڵ ئەویدیکەدابێت و ناتوانێت مافی وتنی نەخێری هەبێت گەر هاتوو بیرۆکراتیەت پێشوەخت ئەو مافەی پێنەبەخشیبێت. لە سیستمدا مەسەلەی بوونی نۆرم و بەهای تایبەت و بوونی خاوەندارێتی ئینسان بۆ دونیای خۆی و بوونی ئارەزوو و ئەخلاقیاتی تایبەت ئامادەنییە و ئینسان مەحکومە بەوەی یاساکان و ئەخلاقیات و داواکاری و ئامانجەکانی سیستم قبووڵبکات. لێرەدا پەیوەندی ئینسانەکان لەگەڵیەکدیدا بۆ کردنەوەیان بەڕووییەکدیدا و بۆ قبووڵکردنی دونیای یەکدی و قبووڵکردنی جیاوازییەکانی یەتری نییە، بەڵکو ئەم پەیوەندییانە بەمەبەستی وەدیهێنانی

مەبەست و دلوا و ئامانجەکانی سیستەمە. ئینسانەکان ناتوانن ئامانجەکان و یاساکانی سیستم بگۆڕن، ئەوەی هەیانە گوێڕایەڵیکردنیانە بۆ ئەو یاسایانە.
لەناو سیستمدا گەشەی تەکنیک و گەشەی ئابووری بونەتە هۆی دروستبوونی بازاڕی سەربەخۆ وَ هاتنەکایەی بیرۆکراسیەتی سەربەخۆی دەوڵەت، کە خۆیان یاساکانی خۆیان دەستنیشاندەکەن و دەشخوازن ئینسان ناچارکەن لۆژیکی ئەوان قبووڵکات و بەپێی ئەو لۆژیکە هەڵسوکەوتبکات. هابرماز جۆری ئەو پەیوەندی و مامەڵەیەی لە سیستمدا لەنێوان ئینسانەکان خۆیاندا و لەنێوان ئەوان و دەزگاکاندا دروست دەبێت، ناودەنێت، "هەڵسوکەوتی ستراتیژی". "هەڵسوکەوتی ستراتیژی" هەڵسوکەوتێکی ڕەسمی و وشک و بیرۆکراتییە، کە لۆژیکی سیستم دەیسەپێنێت و ئینسانەکان تیایدا یەکدی وەک بەشێک لەسیستمی بیرۆکراسی دەبینن و مامەڵەدەکەن، واتە بیرۆکراسیەت پێشوەخت ڕەوتی چۆنیەتی پەیوەندییەکان و مامەڵەکردنەکانی بۆ پێناسکردوون.

-١٣-

بەڵام لە "ژیانگا" دا ئینسانەکان بە پێچەوانەی "سیستم" ەوە هەڵسوکەوتی دیکەیان لەگەڵیەکدیدا هەیە، هابرماز هەڵسوکەوتەکانی ئینسان لەناو "ژیانگا" دا ناودەنێت " هەڵسوکەوتی پەیوەندیخواز". بە پێچەوانەی "هەڵسوکەوتی ستراتیژیەوە" ئینسانەکان لە "هەڵسوکەوتی پەیوەندیخوازدا" ئازادانە لە گەڵ یەکدیدا هەڵسوکەوتدەکەن و پێکەوە و بە ڕەزامەندی هەردوولایان ڕەوتی چۆنیەتی پەیوەندییەکان دیاریدەکان. بەمانایەکی دیکە لەمجۆرە پەیوەندیەدا ئینسانەکان خۆیان دەستنیشانی هەلومەرجی پەیوەندییەکانیان دەکەن و خۆیان لەسەرئەوە

ڕێدەکەون چۆن و بە چ شێوەیەک لەگەڵیەکدیدا بجوڵێنەوە. لەهەمانکاتدا هەریەکێک لەو تاکانەی لەگەڵیەکدا دەچنە پەیوەندییەکی پەیوەندیخوازەوە، مافی ئەوەیان هەیە پێناسەکانی ئەویدی بۆ ڕەوتی پەیوەندییەکان ڕەتبکەنەوە وئەو هەقیقەتانەی یەکێکیان هەڵگریەتی ئەم وەرینەگرێت و بیخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە. هەموو ئەمانە بەبێئەوەی ئەم ڕەتکردنەوەیە ببێتە هۆی کۆتاییپێهاتن و لەبەریەکدی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکان و گۆڕانی مامەڵە و هەڵسوکەوتەکان بە "هەڵسوکەوتی ستراتیژی".

لەمجۆرە پەیوەندییەدا ئینسانەکان خۆیان خۆبەخۆ بەهای چۆنیەتی پەیوەندییەکانیان دەستنیشاندەکەن، نەک لەدەرەوە و لەڕێی یاسا، یان ئیرادەیەکی دەرەکییەوە بەسەریاندا بسەپێنرێت. ئینسانەکان لەم جۆرە پەیوەندییەدا پانتایی پێویست بەیەکدی دەبەخشن بۆئەوەی هەرکەسە و بە ئارەزوو و ویست و پێناس و هەقیقەتی خۆیەوە بێتەمەیدانی پەیوەندییکردنەوە و شتەکانی خۆی بڵێت. لەم جۆرە پەیوەندییەدا ئینسانەکان بەبێ هیچ فشارێک بەدەم یەکدیەوە دەچن و یارمەتی یەکدی دەدەن و لەگەڵیەکیدا دەدوێن. هەریەکێک لە کەسەکان هەوڵدەدات پانتایی تەواو بەویدیکە بدات بۆئەوەی تێگەیشتنی خۆی و ماناکانی خۆی پێشنیارکات. بێگومان دەشێت ئەم پێناس و مانایانە جیاواز و بەیەکدی ناکۆک بن، بەڵام کەسەکان ئامادەن لەسەر بنەمای ڕاڤەکردن و گفتوگۆیەکی عەقڵانی بگەنە بەرهەمهێنانی پێناسێکی هاویەش و قبوڵکراو لەلایەن هەریەکێکیانەوە. بەباوەڕی هابرماز عەقڵ و دیالۆگی عەقڵانییانە ئەو مێزەن ولەدەکەن ئینسانەکان لەئەنجامی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی هەقیقەتەکانەوە لەگەڵیەکیدا، بگەنە ڕێکەوتن و پێکەوە هەقیقەتێکی هاویەش بەرهەمبهێنن. ئەم هەقیقەتە هاویەشە بەرهەمی دیالۆگێکی ئازادە، کە تیایدا هەر تاکێک لەتاکەکەن کەرامەت و ئازادی و تاکایەتی خۆی پاراستووە. بەکورتی هابرماز دەیەوێت بڵێت

ئەگەر لە دونیای "سیستم" دا سیستم لەباتی ئینسان بدوێت و سیستم یاساکانی خۆی بەسەر ئینسانەکاندا بسەپێنێت، ئەوا لە "ژیانگادا" ئینسانەکان ئازادانە بۆ یەکدی و لەگەڵ یەکتیدا دەدوێن. "سیستم" سەرزەمینی ئابووری و بیرۆکراسییەتە، لەکاتێکدا ژیانگا سەرزەمینی سیاسەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مەجالی گشتی و پەیوەندی تایبەتی کەسەکانە لەگەڵیەکدا.

بەباوەڕی هابرماز هەم شێوازی "سیستمیانە"ی پەیوەندی و هەم شێوازی "ژیانگایانە"ی پەیوەندییەکان، هەردووکیان بۆ بەرقەراری کۆمەڵگایەکی تەندروست پێویستن. واتە کۆمەڵگا هەم پێویستی بە سیستم و هەم پێویستی بە ژیانگایە. "هەڵسوکەوتی ستراتیژی" پێویستە بۆئەوەی کۆمەڵگا بتوانێت لەڕووی ئابوورییەوە گەشەبکات و بەباشترین و بەکارترین و چالاکترین شێوە مەسەلەی بەرهەمهێنان گەشەپێبدات. "مامەڵەی ستراتیژی" وادەکات کۆمەڵگا لەڕووی ئابووری و سامانەوە بەئاستێکی پێشکەوتووی گەشەکردن بگەیەنێت و تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگا لە مەسەلەی نەبوونی و هەژاری مادی چارەسەربکات. هاوکات "مامەڵەی پەیوەندیخوازیش" پێویستە بۆئەوەی ئینسان بتوانێت ئینسانیەتی خۆی بپارێزێت و کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازاد و هاریکار دروستبکات، کۆمەڵگایەک بتوانێت ئینسانەکان لە هەژاری ڕۆحی بپارێزێت. هابرماز پێیوایە ئەو دوو شێوەیەی ئەخلاقیش، کە لە ناو "سیستم" و "ژیانگادا" دروستدەبن هەردووکیان پێویستن و یەک ئەویدیکەیان تەواودەکات.

ئەگەر ئەمەی هابرماز باسیدەکات ڕاستبێت، ئەوکات ئەو پرسیارە دێتە کایەوە: ئایا کێشە و گرفتەکان لەکوێوە دروستدەبن و چۆن دەستپێدەکەن؟ هابرماز لە وەڵامدا ئەڵێت: کێشەکان لەوێوە دەستپێدەکەن، کە "سیستم" بیەوێت یاسا و بەها و ئەخلاقیەتی خۆی بەسەر "ژیانگادا" بسەپێنێت و سنوورەکانی نێوان ئەو دونیا جیاوازانە بسڕێتەوە. بەکورتی کێشەکان لە داگیرکردنی سیستمەوە بۆ ژیانگا

دەستپێدەکات. لای هابرماز ئەرکی "ژیانگا" ئەوەیە، کە نەهێڵێت کارتێکردنەکانی سیستەم بۆناو ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی و ژیانی کولتوری ئینسان درێژببێتەوە. ئەم بەشەی ژیان دەبێت توانای ئەوە پەیداکات، کە نەهێڵێت لۆژیکی گەشەی ئابووری و سیاسی و حەز و ویست و دەستدرێژیەکانیان شۆڕببنەوە بۆناو ژیانی ڕۆژانە و ئەم ژیانە کۆنترۆڵبکەن و بیخەنە ژێر چاودێریەکی میعیارییەوە. هابرمز دەڵێت کێشەی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان و لەوێشەوە کێشەی مۆدێرنە لەوێوە دەستپێدەکات، کە سیستەم ئەوەندە گەشەی کردووە و ئەوەندە بەهێز بووە، وایلێهاتوە بەردەوام فشاردەخاتە سەر "ژیانگا". تێکچوونی ئەم هاوکێشەیە بە قازانجی سیستەم ئەو قەیرانە گەورەیەیە، کە مۆدێرنەی تێکەوتووە. ئەم پەیوەندییە ئەوەندە تێکچووە هابرماز قسە لە داگیرکردنی سیستەم بۆ ژیانی ڕۆژانە دەکات بەباوەڕی هابرماز دەربازبوونی مۆدێرنە لەم قەیرانە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی تێکچوونی ئەو پەیوەندییانەی لەسەرەوە باسکرا، لەوەدا نییە واز لە عەقڵانیەت بهێنین و چیدی باوەڕی خۆمان بە عەقڵ نەدەین، بەڵکو بەپێچەوانەوە مۆدێرنە پێویستی بە تەواکردنی پرۆژەی عەقڵ و بەڕادیکاڵکردنی پرۆژەی عەقڵانیەت هەیە. هابرماز لەمخاڵەدا جیاوازی خۆی لەگەڵ دیدی پۆست مۆدێرن و لەگەڵ ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرندا ڕادەگەیەنێت.

بەباوەڕی هابرماز مۆدێرنە لەناو "ژیانگادا" پەیوەندییەکانی عەقڵانیکردووە و هیرارکیەتە کۆنەکان و ئەو بەها و ئەخلاقیاتە بەسەرچووانەی لەناوبردووە، کە بەریان بە دروستبوونی پەیوەندی ئازاد و "هەڵسوکەوتی پەیوەندیخوازانە" لەنێوان ئینسانەکان و لەنێوان ئەوان و دەزگاکاندا، دەگرت. بەمانایەکی دیکە مۆدێرنە لێرەدا ئەو چوارچێوە تەقلیدییانەی لەناوبردووە، کە مانایان بە ژیان ئەدا و لەشوێنی ئەواندا ئەخلاقناسییەکی مۆدێرنی هێناوەتەکایەوە، کە ئازادی بنەماکەیەتی. بەباوەڕی هابرماز لە "ژیانگا"ی مۆدێرندا ئینسان زیاتر مافی قسەکردن و مافی

دەربڕینی هەستی خۆی بەدەستهێناوە بەبەراورد بە دونیای بەر لە مۆدێرنە. ئەو دەسەڵاتانەی بەر لە مۆدێرنە نەدەکرا هیچ جۆرە گومانێکیان بەرامبەر بکرێت، مۆدێرنە ڕووبەڕووی دەیان پرسیاری کوشندەی کردوونەتەوە. بۆ دەرچوون لە قەیرانە تازەکانییش مۆدێرنە پێویستی بە بەرفراوانکردنێکی عەقڵانی ژیانگا و چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی زیاتری سیستم و عەقڵانیەتی سیستم هەیە.

وەک وتمان هابرماز لۆژیکی سیستم ناودەنێت "لۆژیکی سەرمایە و دەسەڵات" و لۆژیکی دونیای ژیانگاش "لۆژیکی هەڵسوکەوتی پەیوەندیخواز". ئەم دولۆژیکە هەم ناکۆکن بەیەکدی هەم هەریەکێکیشیان دەخوازێت دەستبخاتە ناو سەرزەمینی ئەویدیکەیانەوە. ئەم دوو لۆژیکە دوو لۆژیکی دەستدرێژیکەرن و هەریەکێکیان دەیەوێت ئەو دیکەیان پەکبخات و بێدەنگیبکات. بەڕای هابرماز لەم ململانێیەدا دواجار سیستم دەدۆڕێت و لۆژیکی ژیانگا دەیباتەوە. هۆی ئەم بردنەوەیەش ئەوەیە، کە لۆژیکی ژیانگا گرنگترە بۆ ژیان تا لۆژیکی سیستم. بۆیە سیستم دواجار ناچارە خۆی لەسەر لۆژیکی ژیانگا بیناببنێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم دەرەنجامە هابرماز باس لەوەدەکات، کە هێزی دژ بە سیستم و دژ بە فشارەکان و بە لۆژیکی سیستم بەردەوام لەناو دونیای ڕۆژانەی خەڵکدا لە فراوانبووندایە و باوەڕیشیوایە دواجار ئەم هێزە فشارهێنانەن وادەکەن ژیانگا و لۆژیکی ژیانگا بەسەر سیستم و لۆژیکی سیستمدا زاڵبێت و هەردوو دونیاکە یەک لۆژیک کۆیانبکاتەوە و بەڕێوەشیانببات، کە ئەویش لۆژیکی ژیانگایە،، کە لۆژیکی ژیانگاش سەرکەوت ئەوکات هەقیقەت شتێکی بابەتی، یاخود سەپێنراو نابێت، بەڵکو دەبێتە دەرەنجامی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی، کە خودی ئەو ڕێکەوتنە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی ئەرگومێنت و دیالۆگ دروستدەبێت.

تیۆرەی ڕێکەوتن دەربارەی هەقیقەت لای هابرماز لەسەر ئەو فیکرەیە دامەزراوە، کە دەڵێت هەموو کەس لەڕووی پرنسیپەوە بۆی هەیە هەم خیبرەکانی و هەم

بۆچوونەکانی بخاتە ناو پانتایی گفتوگۆوە. لێرەدا بابەتی بوون و ڕاستەقینەییبوونی خیبرەکـان بنـاغەی پرۆسـەی فێربـوونە عەقڵانیەکـان نـین، بەڵکـو ئـاڵوگۆڕی ئەرگومێنتەکان دەستنیشانی هەقیقەت دەکات. بەمانایەکی دیکە هەقیقەت شتێکی پێشـوەخت پێـدراو و بـابەتی نیـیە، بەڵکـو دروسـتکراوێکی کـۆمەڵایەتییە، کە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی ئازادی ئەرگومێنت دروستیدەکات.

-١٤-

فەیلەسوفی هۆڵەندای، هاری کوونەمان، لە ڕەخنەکردنیدا بۆ بۆچوونەکانی هابرمـاز دەڵێـت کێشـەی ئەو بۆچوونـانە لەوەدایە هـیچ گـرنگییەک بە مەسـەلەی جەستەییبوون، ئارەزو، هەستەکان و ئەو هەڵوێستە وجودییانە نادات، کە ئینسـان ناتوانێت تیایاندا خۆی بە شێوەیەکی عەقڵانییانە پێناسبکات. هابرماز ئینسان وەک بـوونەوەرێکی عەقڵانـی پێناسـدەکات، کە دەتوانێـت دونیـای نـاوەکی و کێشـە ڕۆحییەکانی هەم لە پەیوەندییەکانیـداو هەم لە زمانـدا بەرجەسـتەبکات. بەبـاوەڕی هابرماز ئینسان بۆچارەسەری هەموو کێشەکانی دەتوانێت ڕاسـتەوخۆ بـۆ عەقـڵ و ئەرگومێنتی عەقڵانییانە بگەڕێتەوە. کوونەمان پێیوایە خاڵی ناکۆکی نێوان هابرمـاز و پۆست مۆدێرنەکان ئالێرەوە دەستپێدەکات. ئەم متمـانە ڕۆشـنگەرییانە گەورەیە بە عەقڵە، کە پۆست مۆدێرنەکانی وەک لیوتار و فوکۆ بەرپەرچینەدەنەوە، ئەمـانە پێیانوایە عەقڵ ناتوانێت هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی ئینسان بەرجەستەبکات. لای هابرماز ئینسان بکەرێکی زمانزانە، زمانیش بنەمای عەقڵانیەت و بنەمای تەعبیـرە، بـۆیە دەکرێـت سـەرجەمی دونیـای نـاوەوەی ئینسـان لەڕێـی زمـانیەوە بناسـرێت. هابرماز لەم وێنەیەیدا بۆ ئینسان، ئینسان وەک بوونەرێکی بێجەستە، بێسـێکس و

بێڕەگەز، واتە لەدەرەوەی نێر و مێبووندا، دەبینێت.
کوونەمان دەڵێت هابرماز ئەو چاڵانە نابینێت، کە لەناو زماندا هەن، ئەو بۆشاییانەی ناو زمان نابینێت، کە بەهیچ وزەیەکی عەقڵانی ناتوانرێت پڕبکرێنەوە. بە مانایەکی تر ئەو دەستکورتییەی زمان هەیەتی لە توانای دەربڕینی دونیای ناوەکی ئینساندا، شتێکە لە فیکری هابرمازدا نابینرێتەوە، هابرماز ئینسان کورتدەکاتەوە بۆ بوونەوەرێکی عەقڵانی زمانزان و قسەکەر. بێدەنگی و جەستەییبوون، کە دوو ڕەگەزی سەرەکی ئینسانن، هابرماز بێبایەخیان دەکات و دەریاندەکاتە دەرەوەی لێکدانەوە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە. هابرماز چارەسەری کێشە ڕۆحی و دەروونییەکانی ناو دونیای ژیانگا دەداتە دەست سایکۆلۆژیا و چارەسەری کلینیکیانەی دەزگاکانی دەروونناسی، واتە هابرماز تەندروستی ڕۆحی و دەروونیانەی ئینسان دەداتە دەستی دەزگاکانی بواری پزیشکی دەروونی و تیۆرەکانی سایکۆلۆژیا و باوەڕی وایە ئەم دەزگا و تیۆریانە دەتوانن وەڵامی عەقڵانی و زانستییانە بە کێشە سایکۆلۆژی و ناوەکییەکانی ئینسان بدەنەوە. ئەمە لەکاتێکدا فۆکۆ لەمێژە ئەوەی سەلماندووە، کە هەم سایکۆلۆژیا خۆی وەک زانست و هەم دەزگاکا سایکۆلۆژییەکان لەڕێگای ستراتیژە جیاوازەکانی دەسەڵاتەوە پاوانکراون و دەسەڵاتی مۆدێرن لەناو خودی ئەو "زانست" و دەزگایانەدا ئامادەیە. فۆکۆ پێیوایە کاری سایکۆلۆژیا و دەزگا سایکۆلۆژییەکان گەڕاندنەوەی عەقڵانییەت نییە بۆ ئینسانێک، کە بەپێی پێناسە باوەکانی ناو کۆمەڵگا وەک نەخۆش تەماشادەکرێت، بەڵکو کاریان ئەوەیە ئینسان بگێڕنەوە سەر دۆخی "ئینسانێکی ئاسایی"، ئاسایی بەو مانایەی بۆچوونە باڵادەستەکانی ناو کۆمەڵگا دەربارەی ئاساییبوون قبووڵ و پیادەبکات و بەپێی ئەو پێناسانەی ئاساییبوون و نائاسایی بجوڵێتەوە، کە دەسەڵاتی مەعریفە و دەزگاکان و سیاسەت کردوونی بەپێناسی باڵادەست. فۆکۆ نیشانیداین، کە سایکۆلۆژیا بەشێکە لەو

ستراتیژە ئاڵۆزەی دەسەڵات، کە کاری ئەوەیە ئینسان لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا چاودێری و کۆنترۆڵ و دەستەمۆبکات. بەباوەڕی کوونەمان هابرماز لەقسەکردنیدا لەسەر ئەم ڕەهەندە گرنگەی کۆمەڵگای مۆدێرن وا قسەدەکات وەک ئەوەی نە ڕەخنەی فۆکۆ و تەنانەت نە بەشێکی گرنگی ڕەخنەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش، بوونیانتەبێت. هابرماز لەم حاڵەدا پۆزەتیڤیست و عەقڵانییەکی ڕۆشنگەرانەی تەقلیدییە و باوڕی بە بێلایەنی عەقڵ و بێلایەنی مەعریفە هەیە.
خاڵێکی دیکەی ڕەخنەی کوونەمان لە هابرماز بریتییە لە مەسەلەی کورتهێنانی "تیۆرەی پەیوەندیکردن" لای هابرماز و یەک ڕەهەندییوونی ئەو پەیوەندییانە لەو تیۆرەیەدا. کوونەمان پێیوایە بیرۆکەی پەیوەندی لای هابرماز تەنها لەو پەیوەندییانە ئەدوێت، کە ئینسان لەگەڵ ئەویتردا هەیەتی، لەکاتێکدا پەیوەندی ئینسان لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا، کە بەهەمان ئەندازەی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتردا گرنگە، لای هابرماز بەتەواوی لەیادکراوە. کوونەمان لێرەدا جەخت لەسەر کۆی ئەو شتانە دەکاتەوە، کە زمان ناتوانێت دەریانبڕێت و لەڕێی پەیوەندییەکی دەرەکییەوە بەرجەستە و فۆرمیولەیان بکات. کوونەمان تا ئەوڕادەیە پێدادەگرێت و دەڵێت چۆنایەتی و جۆری ئەو پەیوەندییانەی ئینسان لە کۆمەڵگادا دروستیاندەکات، بەتەنها وابەستە نییە بەو پەیوەندییانەی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا دروستیدەکات، بەڵکو وابەستەشە بەوە پەیوەندییانەوە، کە لەگەڵ ناوەوەی خۆشیدا دروستیدەکات. ئینسان گەر پەیوەندییەکی تەندروستی لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا نەبێت، ناتوانێت پەیوەندییەکی تەندروستی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا هەبێت. ئەم پەیوەندییەش بەناوەوە نە زمان دەتوانێت بە تەواوی بەرجەستەییکات و نە عەقڵ و عەقڵانیەتیش دەتوانێت هەموو دەرکەوت و قوڵاییەکانی ببینێت.
لێرەوە کونەمان ڕەخنەی هابرماز لە فۆکۆ و لە نیتشە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت:
هەوڵی نیتشە بۆ وازهێنان لەوە بەجێهێشتنی ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی، کە

کۆمەڵگا دروستیاندەکات و هەوڵی فۆکۆ بۆ هێنانەکایەی ئەخلاقناسی "بەتەنگ خۆوەهاتن" هەوڵدانی ئەهلیستی و ناعەقڵانی نین، وەک هابرماز ڕایدەگەیەنێت، بەڵکو بریتین لە بەرجەستەکردنی ئەو ڕەهەندە ناوەکییەی ئینسان، کە لەسەرەوە باسکرا. بەباوەڕی کوونەمان، فۆکۆ کاتێک قسە لە ئەخلاقی "پاراستنی تاکایەتی ئینسان" دەکات و پێیوایە ئینسان دەبێت بوونی خۆی بکاتە کارێکی هونەری کراوە بەڕووی هەموو ئەگەرێکدا و هاوکات ڕاپەڕیویش بەڕووی هەر پێناسێکی پێشین و سەپاودا، ئەمە ناعەقڵانیەت و ئەهلستیەت نییە، بەڵکو پێشنیارکردنی ئەخلاقناسییەکی تازەیە، کە وابەستەی گۆڕانەکانی ناو دونیای پۆست مۆدێرنە و زادەی ئەو مافەیە، کە ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن ناویدەنێت "مافی جیاوازبوون". بەباوەڕی کوونەمان پەیوەندی کراوە و "هەڵسوکەوتی پەیوەندیخواز"، کە هابرماز باسییاندەکات، پێویستیان بەوپەڕی ئاشکرایی و ڕوونیی عاتیفی و وجودییانە هەیە، کە ئینسان وەک تاکەکەس دەبێت هەڵگریانبێت. ئەم ڕوونییەش بەرامبەر بە ئەویتر و بەتایبەتی بەرلمبەر بە خود خۆی، سەرچاوەکەی تەنها لەو ئەرگومێنتە عەقڵانییانەدا نییە، کە ڕێکەوتن لەنێوان ئینسانەکاندا دروستدەکات، بەڵکو لە پەیوەندیکردن و ڕووناککردنەوەی ئەو شتانەدایە، کە ئینسان دەکاتە تاکەسێکی دەگمەن و تەنیا و بێوێنە. بەمانایەکی دیکە ئینسان بۆئەوەی ببێتە بوونەوەرێکی ڕوون لە ڕووی سۆز و هەست و ئارەزووەکانییەوە، پێویستی تەنها بەناسینی ئەویدیکە نییە، بەڵکو پێویستی بە ناسینێکی ورد و قووڵی خۆشی هەیە. ئینسان بوونەوەرێکی فرەڕەهەند و فرەخودە، کە تەنانەت خۆشی بۆ خۆی تەولو ئاشکرا نییە و ژیانی بریتیە لە هەوڵدانێکی بەردەوام بۆ ناسین و ئاشنابوون بەو هەموو ئەگەرانەی لەناوەوەڕا و لە قووڵاییەکانی خۆیدا هەڵیگرتووە. ناسینی ئەم فرەڕەهەندی و ئاڵۆزییە ناوەکییە بەبێ سەلماندنی ه ، جیاوازبوون و بەبێ *ئەخلاقناسی لێبووردن، کارێکی مەحاڵە. بەکورتی ئی ..ن بەتەنها بوونەوەرێکی*

قسەکەر نییە بەڵکو جەستەیەکی چێژپشکن و داواکەرە، جەستەیەکی ئازارچێژە، بوونەوەرێکی هەستکەر و قابیلی تێکشکانە، وەکچۆن ئیشکەر و بێدەنگیشە. لەکاتێکدا هابرماز ئینسان کورتدەکاتەوە بۆ بوونەوەرێکی قسەکەر، کە توانای دۆزینەوەی ئەرگومێنت و زمانێکی عەقڵانی هەیە بۆ دەربڕینی ناوەوەی خۆی لەوکاتەدا ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن باس لە ئاڵۆزی و کورتهێنانی عەقڵ و ئەرگومێنتی عەقڵانی دەکات لە ناسین و نیشاندان و نرخاندنی هەڵسوکەوت و ئاکارەکانی ئینساندا.

-١٥-

هاری کوونەمان پێیوایە بۆ ئەوەی "هەڵسوکەوتی پەیوەندیخواز" جێبەجێ و پیادەبکرێت بەو مانایەی هابرماز بەم چەمکەی دەدات، پێویستە تیۆرەکەی هابرماز بە دوو تەوەرەی تر دەوڵەمەندکرێت. یەکەمیان پێداگرتن لەسەر ئەو ڕاستییەی، کە جەستە بەقەد زمان گرنگە و لێرەوە لۆژیکی چێژ و ئازار و ئارەزوو و توانای تێکشکانی جەستە، هێندەی ئەو توانا عەقڵانییانە گرنگە، کە زمان هەڵگریەتی. دووەمیش پێداویستی بنیادنانی ئەخلاقناسییەکی تایبەت بە تاکەکەس، کە ڕاستەوخۆ بەبەرجەستەکردن و دابینکردنی چێژ و ئارەزوو و داواکارییە جەستەییەکانەوە گرێدراوە، کە لەدەرەوەی ئەخلاقناسی ئایینی و ئایدیۆلۆژی و گرووپگەراییەوە، کاریکات.

بەباوەڕی کوونەمان ئەم دوو ڕەهەندە زۆرگرنگن بۆ دروستبوونی ئەو شێوە هەڵسەکەوتەی هابرماز ناویدەنێت "هەڵسەکەوتی پەیوەندخواز" و پۆست مۆدێرنەکان لەژێر دەستەواژەکانی جیاوازی و مافی تاکبوون و ئەخلاقناسی

تاکگەریدا ناونووسیدەکەن. بەباوەڕی کوونەمان لە خاڵی یەکەمیاندا جەستە هەموو مافەکانی خۆی وەردەگرێتەوە، لە مافی چێژوەرگرتنەوە بۆ مافی قسەنەکردن و بێدەنگبوون. لە دووهەمیشیاندا ئەو ئەخلاقناسییە تاکگەرلییە لەدایکدەبێت، کە ئامادەیە کۆی جیاوازییەکانی ئینسان بسەلمێنێت و هەموو ئەو شوناسانە قبووڵبکات، کە لە شوناسی باڵادەستی ناو کۆمەڵگا ناچن. کوونەمان پێیوایە "تیۆرەی ڕێکەوتن" وەک بنەمای دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئینسانی، نابێت تەنها وێکچوونەکانمان نیشانبدات، بەڵکو دەبێت جیاوازیەکانیشمان بە شێوەیەکی ڕوون بەرجەستەبکات، نابێت تەنها دەرەنجامی وتنی "بەڵێ" کانمان بۆ یەکتری، بەڵکو دەبێت ئەنجامی هەموو ئەو "نەخێر" انەش بێت، کە دەشێت بەیەکتری بڵێین. بەباوەڕی کوونەمان ئەم دۆخەش کاتێک دێتەکایەوە ئێمە بێدەنگییەکانی ناوخۆمان و ئارەز و ئازارەکانمان بناسین و مافی ئەوەشمان هەبێت دەریانبڕین بەبێئەوەی بترسین لەوەی سەرکوت و سەرزەنشت بکرێن و لەڕووی ئەخلاقییەوە خراپ بنرخێنرێن و خراپ داوەرییبکرێن.

ئەم مافی جیاوازبوونەیە بنەمای ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن دەستنیشاندەکات، گەر بکرێت باس لە بوونی بنەمایەکی گشتی بۆ ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن بکەین. ئەم مافە ئەوە دەسەلمێنێت هەرکەسێک ئارەزووەکانی، ئەگەرەکانی ناو خۆی، لەژێر سایەی خێرە حەیاتییەکانی خۆیدا بەرجەستەبکات و خۆی دەستنیشانی ئەوەبکات چی لە ژیانیدا گرنگترین شتە و دەخوازێت چ فۆرمێک بەو شتانەبدات و بە چ شێوەیەک پراکتیکیانبکات. بێگومان هەموو ئەمانە دژ بەو گوتارە باڵادەستەی ئەخلاقناسییە، کە دەخوازێت ئینسان لەناو پرۆسەکانی بەکۆمەڵایەتیکردن و بەسروشتیکردنی ئەخلاقیدا بەندبکات. واتە ئەخلاق بکات بە دیاردەیەکی سروشت، یان کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی هەڵبژاردنی تاکەکەسیدا. هەروەها ئەم پرۆسەیە دژ بە هەموو ئەو فۆرمانەی ئەخلاقناسییە، کە بەناوی

بوونی کۆمەڵێک بەهای بابەتی و موفاریقەوە دەخولێن سنووری هەڵسوکەوتەکانی ئینسان و سنووری هەڵبژاردنەکانی بەرتەسکبکەنەوە، ئیدی هەر لەوانەوە، کە بەناوی خودلوەند و ئایین و بەها پیرۆزەکانەوە ژیان بەرتەسک و هەڵبژاردنەکانی ئینسان گوناهبار دەکەن، تا بەوانە دەگات، کە بەناوی مژدەی ناو ئایدیۆلۆژیا گەورەکانەوە ئینسان بە کۆمەڵێک هەڵبژاردنی تایبەت و بە شێوازێکی تایبەتی بیرکردنەوە و هەڵسووکەوت مەحکومدەکەن. بەمانایەکی دیکە ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن ناتوانێت ئەو دونیایە قبووڵکات، کە داوا لە ئینسان دەکات مانا باوەکان و پێناسە باوەکان و شوناسە باوەکان قبووڵکات، کە لە جەوهەردا بۆ دەستەمۆکردن و ڕامکردنی ئینسان داڕێژراون و هاتوون بۆئەوەی قوفڵێک لە ئازادی ئینسان بدەن.

-١٦-

بەباوەڕی کوونەمان لەپاڵ ئەو دوو زۆنەی، کە هابرماز لە یەکدیان جیادەکاتەوە، مەبەست "سیستم" و "ژیانگا"یە، دەبێت زۆنێکی دیکە بکەینەوە، کە بکەوێتە نێوان سیستم و ژیانگاوە، ئەویش "زۆنی تێکەڵبوونە". "زۆنی تێکەڵبوون" بریتییە لەو زۆنەی سیستم بە ژیانگاوە دەبەستێتەوە و بەیەکتریان تێکەڵدەکات. کوونەمان لێرەدا دانشگا وەک نموونەیەک بۆ زۆنی تێکەڵبوون دەهێنێتەوە. بەبۆچوونی ئەو دانشگا ئەو زۆنەیە، کە سیستم، واتە دەسەڵاتی ئابووری و بیرۆکراتیەت، ڕاستەوخۆ گرێدەدات بە ژیانگاوە، واتە بەو پەیوەندییانەوە، کە لەنێوان قووتابییان و مامۆستایاندا و لەنێوان قووتابییان خۆیان لەگەڵیەکدا دروستیدەکەن. بەم مانایە زانکۆ لەیەککاتدا بەشێکە لە دونیای ئابووری و لە دونیای ژیانگاش لەهەمانکاتدا. کوونەمان پێیوایە ئەو دابڕینە شاقووڵییەی هابرماز لەنێوان سیستم و ژیانگادا

دروستیدەکات، پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، چونکە واقیعی کۆمەڵایەتی ئینسان و پێکهاتەی ناوەکی کۆمەڵگا لەو دوو لایەنەی هابرماز باسیاندەکات، ئاڵۆزترە.

بە باوەڕی کوونەمان بەناوییەکداچوونی ڕۆنەکانیش مانای ئەوەی هەریەکێکیان بڕێک لە کاراکتەری خۆی بەویدیکەیان دەبەخشێت و هەریەکێکیان بەشێک لە ڕەگەزەکانی خۆی تێکەڵ بە ڕەگەزەکانی ئەویتریان دەکات. بۆ نموونە ئیستیهلاک، کە بەشێکی گرنگە لە لۆژیکی ئابووری و لەوێشەوە لە لۆژیکی سیستم، دەشێت لە ژیانگادا مانای پۆزەتیڤ بگریتەخۆی، بەپێچەوانەی بۆچوونی هابرمازەوە، کە پێیوایە ئیستیهلاک بەدرێژایی خەت شتێکی خراپە. کوونەمان ڕای وایە ئینسان دەتوانێت بەشێک لە شوناسی خۆی لەپاڵ ئەو شتانەدا بنیادبنێت، کە هەیەتی و بەکاریاندەهێنێت. ئەو شتانەی، کە ئارەزوویاندەکات و دەخوازێت بەدەستیانبهێنێت و لەدەرەنجامیشدا بەکاریانبهێنێت، دەشێت بەشێک لە شوناسی ئینسان دروستبکەن لەدەرەوەی ئەو داواکارییە ئەخلاقیانەدا، کە کۆمەڵگا داوا لە تاکەکان دەکات، پەیڕەوییکەن. بە مانایەکی دیکە کوونەمان دەیەوێت بڵێت لەکاتێکدا هابرماز عەقڵانیەتی ئابووری و ئیستیهلاک و بیرۆکراسییەت نێگەتیڤانە دەنرخێنێت و لە عەقڵانیەتی کراوە و پەیوەندخوازی ژیانگای دادەبڕێت، پۆست مۆدێرنەکان دەیانەوێت ئەم عەقڵانیەتانە بەیەکتری تێکەڵبکەن و هەوڵیشدەدەن لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەم تێکەڵبوونە نیشانبدەن.

ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا جەختی لێبکرێت، کوونەمان دەڵێت، ئەوەیە، کە لۆژیکی هەریەکێک لەو سێ کایەیە، یان ئەو سێ ڕۆنە، وەک لۆژیکی فرەڕەهەند، یان ڕاستتر بڵێین وەک فرەلۆژیک ببینین. هەریەکێک لەو کایانە بارگاوین بە ئەگەری کێشە و ئازادیی، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بە ئەگەری جەنگ و توندوتیژیش.

[illegible]

گشـتی هەموویـان بەیەکەوە گرێـدەدات و یەکیەتییەکـی نـاوەکی لەنێواندیانـدا دروستدەکات. بە پێچەوانەی فیکری مۆدێرنەوە، کە هەمیشە ڕای وابووە لۆژیکێکی گەورە هەیە هەموو لۆژیکەکانی دیکە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، یـاخود وەک ژێرخـانی هەموو لۆژیکەکانی تر دەستبەکارە، لۆژیکی پۆستمۆدێرن ئەو لۆژیکەیە، کە باوەڕی بەم لۆژیکە سەرتاسەرییە ژێرخانییە نییە، کە هەمـوو لۆژیکەکـانی دیـکەی لەسـەر بنیادبنرێت. بەباوەڕی کوونەمان هەریەکێـک لەوکایـانە چەنـدان لـۆژیکی جیاوازیـان تێدایە، کە دەشێت لە هەریەکێکیاندا بونیادێکی سەرەکی هەبێت بـۆ کارکردنیـان، بەڵام نە بونیادێکی سەرەکی و نە لۆژیکێکی گشتی نییە ئەو هەمـوو جیاوازییـانەی لەناو ئەو سێ کـایەدا هەیە، بەیەکەوە کۆکـاتەوە. لێـرەوە ناکرێـت قسـە لە بـوونی تیۆرەیەکی گشتی ئەخلاقناسی بکەین، کە لەهەموو ئەو کایانەدا دەسـتبەکاربێت و دەستنیشانی ئەوەبکات ئێمە چۆن بژین و چۆن هەڵسوکەوت بکەین.

جیـاوازی لۆژیکەکـان بەرەو گرنگتـرین بـابەتی ئەخلاقناسـی پۆسـت مۆدێرنەمـان دەبـات، کە بـریتیە لە جیـاوازی و مـافی جیـاوازبوون. کوونەمـان پێیـوایە، کە تاکەکەسـی پۆسـت مـۆدێرن تاکەکەسـێک نیـیە بەدوای ڕێکەوتنـدا بگەڕێـت وەک هابرماز دەڵێت، بەڵکـو تاکەکەسـێکە بەدوای وەدیهێنـانی خـودی خـۆی و دونیـای تاکانەی خۆیدا دەگەڕێت. ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە قۆنـاغی پۆسـت مـۆدێرنە قۆناغی غیابی ئەخلاق و غیابی بەرپرسیاریەتە، بەڵکو مانای ئەوییە قۆناغی گۆڕانی ئەخلاق و گۆڕانی مەسەلەی بەرپرسیاریەتە. چیدی مانا کۆنەکانی ئەخلاق نـاتوانن ببنە ئەو سەرزەمینەی هەڵسوکەوتی ئینسان لە ئێستادا دەستنیشان بکەن، بەڵام ئەمە مانـای ئەوە نییە، کە ئینسـانی هـاوچەرخ لە هەڵسـوکەوتیدا هەڵگـری هـیچ سەرەتاگە و پرنسیپێک نییە. بەرپرسیاریەت بەرامبەر بە ئازادی خود و بەرامبەر بە ئـازادی ئەوانیتـر، یەکـێکە لەو پرنسـیپە گرنگـانەی، کە ئەخلاقـی ئەم قۆنـاغە لە ئەخلاقی قۆناغەکانی دیکە جیادەکاتەوە.

-١٧-

لەناو هەموو سیستمێکی ئەخلاقیدا سیستمێکی دیاریکراوی یاساغکردن و کوشتنی ئارەزووەکان لەئارادایە، کوونەمان پێیوایە بۆ ڕزگارکردنی ئینسان و ڕزگارکردنی ئەخلاق خۆشی دەبێت ئارەزووەکان ئازادبکرێن. لەم دیدەدا ئەخلاقی پۆست مۆدێرنە ئەخلاقێکە تێیدا تاکەکەس خۆی سنوورەکانی کرانەوە و داخرانی خۆی دەستنیشاندەکات، خۆی ئارەزووەکانی خۆی ڕەنگڕێژدەکات و خۆی شوناسی خۆی هەڵدەبژێرێت. لەدونیایەکی ئاوادا ئەوەی لەبەریەکدی هەڵدەوەشێتەوە کۆمەڵگا و پەیمانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو شێوەیەکی تایبەتی ئەخلاقە، کە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی، یان ئایینی دروستبووە، ئەخلاقێک چیدی ناتوانێت ڕۆڵی ئەو سیستمە ڕەمزییە ببینێت، کە ئینسان ماناکانی ژیانی لێوە هەڵدەهێنجێت.

لەم دۆخەدا ئەوی لەبەریەکدی هەڵدەوەشێتەوە ئەخلاق نییە و کۆمەڵگاش نییە، بەڵکو سیستمێکی دیاریکراوی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە. بۆ نموونە ئەوەی لە ئەفغانستاندا ڕوودەدات پاراستنی ئەخلاق و پاراستنی کۆمەڵگا نییە، بەناوی پاراستن، یان پیادەکردنی ئیسلامەوە، بەڵکو پاراستنی ئەو سیستمی کۆنترۆڵەیە کەنایەوێت هیچ جیاوازییەک بۆ هیچ کەس و لایەنێک بسەلمێنێت تەنها بۆ ئیمامەکان و ئایدیۆلۆژیستەکانی خۆیان نەبێت. لە "ڕۆژئاوا" خۆشیدا ئەخلاقگەراکان تاکەکەس بەوە تاوانبـاردەکەن، کە بـوونی کۆمەڵگایـان خستۆتە بەر مەترسی گەورەوە و تاکگەرایی هەڕەشە لە کۆمەڵایەتیبوون دەکات، کەچی لە شەستەکان و سەرەتای هەفتاکاندا قسە لە دەستدرێژی کۆمەڵگا و سیستم بۆسەر تاکەکەس دەکرا و دەگوترا کۆمەڵگا و سیستم تاکەکەس و ئازادی تاکەکەسیان وێرانکردووە.

-١٨-

جان فرانسوا لیوتار، باوکی پۆست مۆدێرنەکان، دەیویست تیۆرەیەکی نوێ دەربارەی ئارەزوو بەرهەمبهێنێت، کە دەشێت بە تیۆرەی ئارەزووی سەردەمی پۆست مۆدێرن ناوبنێین. لیوتار باوەڕی وابوو، کە دونیای ئەمڕۆ پێویستی بە تیۆرەیەکە دەربارەی ئارەزوو بتوانێت بکەوێتە ئەودیوی فرۆیدیزمەوە. لیوتار ڕای وایە بۆ تێگەیشتن لەکۆمەڵگا دەبێت بەوە ڕازینەبین، کە تەنها تەماشای ڕەهەندی نوێنەرایەتی دەزگاکان بۆ خەڵک بکەین، واتە تەنها تەماشای ئەوە نەکەین ئایا دەزگاکان نوێنەرایەتی خەڵک دەکەن، یان نا، بەڵکو دەبێت تەماشای ئەوە بکەین ئەو دەزگایانە چۆن وزەی ئینسان و ئارەزووەکانی ئۆرگانیزە دەکەن(van Peperstraten 1995: 44). بەباوەڕی لیوتار هەموو سیستمێکی کۆمەڵایەتی شوێن و جێیەکی دیاریکراو بۆ ئارەزوو لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت. هەموو سیستمێکی کۆمەڵایەتی لەڕاستیدا هاوشانە بە پیادەکردنی ئابوورییەکی دیاریکراوی لیبیدۆ. ئەوەی لای لیوتار گرنگە ئەوەیە، کە ئارەزوو وەک دژەدیوی سیستم تەماشانەکەین، پێمان وانەبێت سیستم دژ بە ئارەزووە، چونکە هەموو سیستمێک شێوەیەکی تایبەتی تێرکردنی ئارەزووەکانی هەیە. بەڵام هاوکات هەمیشە ڕەهەندێکی هێز لە ئینسان و کۆمەڵگادا هەیە، کە سیستمەکان ناتوان دەستەمۆ و کەنالیزەی بکەن و نەهێڵن نەبنە هۆی دروستبوونی "ڕووداو" (van Peperstraten 1995: 44). چەمکی "ڕودلو" لای لیوتار مانایەکی تایبەتی هەیە ئەویش بریتییە لەو شتەی، کە چوارچێوە جێگیرەکانی بیرکردنەوەی ئێمە لەبەریەکدی هەڵدەوەشێنێتەوە و ئیدی لەدوای ئەوەوە ناتوانرێت لەو چوارچێوەیەدا شتەکان و ماناکان نمایشبکرێن و بیر لە دونیا بکرێتەوە (van Peperstraten 1995: 33).

لیوتار باوەڕی وابوو پێویستمان بە کۆمەڵێک "ڕووداو" هەیە وابکات لیبیدۆ خۆی بدوێت، نەک یەکێک بەناوی ئەوەوە بدوێت و نوێنەرایەتی ئەوبکات (ە. س. پ ل ٥٤). بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە لیوتار باوەڕی وابوو لەناو هەر سیستمێکدا خاڵی بەرگری هەن، کە کاری ئەو وەک فەیلەسوف بریتیە لە دۆزینەوەی ئەو خاڵانەی بەرگریکردن و دۆزینەوەی شێوازی دیکەی پەیوەندی تازە، کە ئەو ناویدەنێت "جیاوازی". بەمانایەکی دیکە لیوتار لەدایکبوونی سیستمێکی نوێ تیایدا لیبیدۆ خۆی بدوێت نەک نوێنەرایەتی بکرێت، دەبەستێتەوە بە لەدایکبوونی کۆمەڵێک پەیوەندی نوێوە، کە لەسەر بیرۆکەی جیاوازی دروستببێت، چونکە جیاوازی ئەو شتەیە کەناکرێت نوێنەرایەتی بکرێت (ە. س. پ. ل٤٢). جیاوازی بۆیە جیاوازییە، چونکە کەس ناتوانێت نوێنەرایەتی بکات، ئەو خۆی نوێنەرایەتی خۆی دەکات.

یەکێک لەو چەمکە گرنگانەی تر، کە لیوتار بۆ لەدایکبوونی جیاوازی باسیدەکات بریتیە لە چەمکی "تەعبیرلێنەکراو"، دەشێت ئەم چەمکە بەمانای "لە هیچ شوێنێکەوە نەهاتووش" بگەیەنێت. "تەعبیرلێنەکراو"، وەک کوونەمان دەڵێت، دەکەوێتە ئەودیوی هەموو ئەو ڕێکەوتنانەی ئینسان لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەسەر بنەمای ئەرگومێنتی عەقڵانی و پەیوەندی دولایەنە و پەیوەندی پەیوەندیخواز، بەدیاندەهێنێت (Kunneman1998). "تەعبیرلێنەکراو" دەکرێت وەک ئەو منداڵەی ناو هەر ئینسانێک ببینین، کە ڕازینابێت گەورەببێت و بە لۆژیکی عەقڵ و عەقڵانیەت تەعبیر لەخۆی بکات. "تەعبیرلێنەکراو" ئەو ڕەهەندەی کەسایەتی و ڕۆحییەتی ئینسانە، کە لەدەستی هەموو لێکدانەوەیەکی عەقڵانی و کلینیکی و سایکۆلۆژی دەربازدەبێت و ئینسان زۆر بەزەحمەتی دەتوانێت بیناسێت، واتە بزانێت چییە و لەچی پێکهاتوە. ئەم پانتاییە ناوەکییە ئەو پانتاییە، کە زمان دەرەقەتی نایەت و کراوەیە و داگیرنەکراوە، دەستی هیچ هێزێکی نەگیشتوتێ و

لەهەمانکاتیشدا بەرووی هەموو ئەگەرێک و هەموو فۆرمێکی نوێی شوناسدا، کە ئینسان بیەوێت هەڵیبژێرێت، کراوەیە. بەڵام بێگومان ئەم پانتاییە ناوەکییە، کە ناکرێت تەعبیری لێبکرێت، بەتەواوی داخراو نییە بەرووی ئینساندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئینسان دەتوانێت هەندێکجار پەیوەندی پێوەبکات و مانا و هێماکانی بخوێنێتەوە. بەڵام ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکە دەکەوێتە ئەودیوی ئەو "هەڵسوکەوتە پەیوەندیخوازەوە" بەو مانا هابرمازیەی لەسەرەوە باسمانکرد. بەکورتی ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی ناوەکییە لەگەڵ خود خۆیدا، نەک لەگەڵ ئەویدیدا، ئەجگە لەمەش پەیوەندییەکی زمانی نییە و لەزماندا بەرجەستەنابێت. هاوکات ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکە لەناو جەستەدایە، ئەو جەستەیەی لە یەککاتدا جەستەیەکی گەڕۆکە بەدوای چێژ و وەدیهێنانی ئارەزودا، وەک چۆن جەستەیەکە دەشێت لەناوبچێت و کۆتایی پێبێت و نەمێنێت.

ئەم ئەخلاقی لیبیدۆیە، کە لیوتار باسیدەکات ئەخلاقی جیاوازی و گەڕاندنەوەی بەهاکانە بۆ تاکەکەس و بۆ جەستە خۆی، ئەخلاقی هەرچیزیاتر چالاککردنی جیاوازییەکانە بەئاراستەی ئازادکردنی ئینسان لەو سیستەمە ئەخلاقییانەی لەدەرەوەی ئینسان خۆیدا و وەک بوونێکی بان کاتی و بان شوێنی پێشنیارکراوە. بێگومان زۆرن ئەوانەی ئەم شێوە ئەخلاقە بە گەورەترین مەترسی بۆ لەبەریەکدی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگا و پارچەپارچە بوونی تێدەگەن، زۆرن ئەوانەی پێیانوایە ئەمە سەرەتای هاتنی بەربەریەت و سەرەتای کوشتنی بەرپرسیاریەت و سەرەتای لەناوبردنی هەموو شتێکی جوانە لەدونیادا. ئەم دیدە ئەخلاقگەرایە پێیوایە ئەم ئەخلاقی پۆست مۆدێرن ئینسانەکانی ناو کۆمەڵگا لە یەکدیدادەبڕێت و هەریەکەیان دەکاتە دوورگەیەکی دابڕاو لەویدیکەیان. بەڵام وەک زیگمۆند باومان دەڵێت لە قۆناغی پۆست مۆدێرنەدا ئەگەری بوونی کۆمەڵگا بە کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی ئەگەرێکی ئامادەیە و دەکرێت یەکێک لە ئەگەرە گرنگەکانی قۆناغی پۆست

مـۆدێرنە دروسـتبوونی دونیـایەکی ئەخلاقـی پـڕ لەبەرپرسـیاریەت بێـت. گەر ئەم بۆچــوونەی باومــانیش جۆرێــک لە گەشــبینی تێــدابێت، کە ئەخلاقفــرۆش و گرووپگەراکان نەیانەوێت قبووڵییکەن، ئەوا لەهەموو دۆخێکدا دەکرێت بڵێین ئەوەی ئینســانەکانی نــاو کۆمەڵگــایەک بەیەکــدیەوە گرێــدەدات ئەخــلاق نیــیە وەک سۆسیۆلۆژیای سەدەی رابردوو پێماندەڵێت، بەڵکو بـازاڕ و دەوڵەتـی مـۆدێرنە. چ بازاڕ و چ دەوڵەتیش لەسەر بنەمای ئەخلاق بنیادنانرێن و کارناکەن، بەڵکو لەسەر بنەمای یاسا و پەیوەندی یاسایی کاردەکەن. لێرەوە فرمێسکرشتن بۆ لەبەریەکدی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگا و نەمانی بەرپرسیاریەت جگە لە گریـان و قورپێـوانێکی کۆمەلایەتی تایبەت بۆ دید و وێناکردنێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا زیـاتر نییە، دید و وێناکردنێـک، کە هەم سـتالینیزم و هەم نـازیزم و هەم ئەنفـال و هەم کوشـتار و جەنگە دینییەکانی بەرهەمهێناوە و بەرهەمدەهێنێت.

-١٩-

بەکورتی ئەخلاقی پۆست مۆدێرنە لەسەر سێ کۆڵەکەی گەورە وەستاوە

یەکەم: داواکاریەکانی سیستم

دووهەم: داواکاریەکانی بە تاکبوون.

سێهەم: بیرۆکەی بەرپرسیارییوون.

بەناویەکداچوونی ئەم سێ لایەنەش هـێڵە گشـتییەکانی ئەخلاقـی پۆسـت مـۆدێرن دەنەخشـێنێت. بێگومـان ئەم سـێ لایەنە دەشـێت لەسـیاقی جیاجیـادا نـاوەرۆکی جیاجیـا بگرنەخۆیـان. بـۆ نمـوونە دەشـێت داواکارییەکـانی سیسـتم ئەوەنـدە بەهێزبیێـت، کە دوانەکەی دیکەیـان وێرانبکـات، دەشـێت پێویسـتی بەتـاکبوون

ئەوەنـدە پەرگیـرانە ئامادەبێـت هەرچـی هەسـتێک بە بەرپرسـیاریەتە لەناوبیـات، دەشێت هەستکردن بەرپرسیاریەتیش لە کات و شوێنی جیاوازدا ئەوەندە لاوازبێت، کە جینۆساید لەدلیکبێت، یان ئەوەندە بەهێزبێت ژیان بکوژێت. چۆنیەتی کارکردن و کارلێکردنی ئەو لایەنـانە پـێکەوە و لەسـەریەکتری پابەنـدی ئینسـان و خەبـاتی ئینسانە بۆ خولقاندنی دونیایەکی ئازدتر لەوەی لەئارادایە.

ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە شتێک بەناوی تاقە هەقیقەت و دواهەمین هەقیقەتەوە بوونییە، هەقیقەت هەمیشە پارچەپارچەیە. بۆئەوەی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوومـان هەبێت دەبێت سیستمێکی پارچەپارچەی هەقیقەتمـان هەبێـت. ناکرێـت بمانەوێـت کۆمەڵگـایەکی پـڕ هێـز و تاکەکەسـی جیاجیـا و نـاکۆک لەدەوری یەک هەقـیقەت کـۆبکەینەوە، مەترسـی پارچەپـارچەبوونی کۆمەڵگـا لە بـوون و سـەپاندنی یەک هەقیقەتدایە بەزۆر بەسەر هەمووانداء ئارامی و یەکپارچەیی کۆمەڵگایەک وابەستەی ئامادەگی سیستمێکی هەقیقەتە بتوانێت لەهەناویدا چەنـدەها هەقیقەتـی جیـاواز و چەنـدەها ئەخلاقناسـی جیـاواز و فـۆرمی ژیـانی جیـاواز و شوناسـی جیـاوازی هەڵبگرێت و لەیەککاتدا هەمووشیان مـافی بـوون و گەشـەکردن و هاتنەقسەشـیان هەبێت. لێرەوە ئەوەی لە کۆمەڵگایەکدا پێویستە ئامادەبێـت حیکـایەکتێکی گەورە نییە دەربارەی ئەخلاق و ئەخلاقناسی، بەڵکو دروستکردنی چوارچێوەیەکە جێگای هەموو حیکایەتەکانی تێدا ببێتەوە.

دونیـای کـۆمەڵایەتی ئینسـان بـریتییە لە زنجیـرەیەک تێکسـت، کە دەبێـت بـۆ لێکدانەوە و خوێندنەوەیان تاڕادەیەکی زۆر لە پەیوەندییاندا بە تێکستەکانی دیکەوە ببینـرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت، کە دونیـا بـوونێکی یەکگرتـووی هاوشـێوە و لێکچوو نییە، بەڵکو بریتییە لە تێکستی پارچەپـارچە و جیاجیـا، کە لەنێوانیانـدا پەیوەنـدی فرەجـۆر هەیە، نەک یەکگـرتن و هاوشـێوەیی، نـاکۆکی هەیە نەک هارمۆنیەت، ململانێ هەیە نەک بێـدەنگی. ئەخلاقـی پۆسـتمۆدێرن ئەو ئەخـلاقەیە

لەم ڕاستییە سۆسیۆلۆژی و فیکریانەوە دەستپێدەکات، نەک لەو سیستەمە ئەخلاقییە گریمانکراوانەوە، کە دەکەونە دەرەوەی ئینسان و دەرەوەی کۆمەڵگاوە. ئەم سەردەمە سەردەمی بەقسەهاتنی چیرۆکە لۆکاڵی و بچووکەکانە. قۆناغی کۆتایی تاقە تیۆریەکە هەموو شتەکان لێکبداتەوە و ڕاڤەبکات، ئەخلاقناسی پۆستمۆدێرنە ئەخلاقناسی فرەتیۆرەییە.

-٦٥-

پێش کۆتاییهێنان بەم باسە دەخوازم لەهەمان دیدی تیۆرییەوە چەند وشەیەک لەسەر ئەخلاقناسی لە دونیای کوردیدا بڵێم بەو هیوایەی لە داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لەم بابەتە بدوێم. سەرەتا لەم پرسیارەوە دەستپێدەکەم: ئەو دەزگایانە کامانەن لە دونیای ئێمەدا بەهاکان بە تاکەکەس دەبەخشن و دەخوازن ئینسان بکەنە بوونەوەرێکی بەرپرسیار؟ پێموایە خێزان و قوتابخانە لە دونیای ئێمەدا سەرچاوەی سەرەکی بەخشینی ئەخلاقن، یان دەزگا گۆڕینی ئینسانن بۆ بوونەوەرێکی ئەخلاقی. بەڵام ئەمە هەموو حیکایەتی ئەخلاق لەدونیای ئێمەدا نییە، چونکە لەو کاتەدا، کە خێزان و قوتابخانە بەسەرچاوەی بەخشینی ئەخلاق دادەنرێت و وەک بێشکەی پەروەردەکردنی ئەخلاقییانەی ئینسان تەماشادەکرێت، لەهەمانکاتدا زۆربەی شوێنەکانی دیکە وەک شوێنی دژە ئەخلاق، یان بەدئەخلاقی تەماشادەکرێن. سەرجادە، شوێنی ئیش، شوێنی یاری، چاخانەکان، سینەما هتد... هەموویان وەک شوێنی بەهەڵەدابردنی ئینسان و بەدئەخلاقی دەنرخێنرێن. لەڕاستیدا ئەوەتەی گوتاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا تەشەنەیکردووە، مەیلێک هاتۆتەکایەوە بۆ سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی قوتابخانە و جادە و

شوێنەکانی دیکەش لەسەر مۆدێلی مزگەوت و گەڕاندنەوەی سەرلەبەری ئەخلاقناسی لەدونیای ئێمەدا بۆ باوەش و سەرزەمینی دین. بێگومان ئەم مەسەلەیە لە جەوهەردا وابەستەی دەسەڵات و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی مۆدێلێکی تایبەتی دەسەڵاتە لە دونیای ئێمەدا، کە تێکەڵێکە لە کاریزما و ڕووە تاریکەکانی مۆدێرنە. دەسەڵاتێک، کە هەڵگری وزەیەکی لەئەندازە بەدەری چەپاندن و زەلیلکردنی ئینسانە. ئەم پێکهاتەیەی دەسەڵات هیرارکییە، باوکانەیە، سزادەرە، ترسێنەرە، سەرکوتکەرە، دەسەڵاتێکیشە کاریزما و کۆپییەکانی کاریزما بەڕێوەیدەبەن. ئەو ئەخلاقەی ئەم پێکهاتە تایبەتەی دەسەڵات دەیبەخشێت ئەخلاقی تەسلیمبوونێکی هەمەلایەنی و ونکردنێکی قووڵی تاکایەتی ئینسانە، نەک ئەخلاقی هەڵبژاردنێکی ئازاد و عەقڵانییانە. ئەم ئەخلاقە ئەخلاقێکی سەپێنراوە، نەک هەڵبژێردراو، ئەخلاقی هێزانێکی نادیموکرات و نا عەقڵانییە، نەک هی هێزگەلێک کراوە و دیموکرات. لەناو تاریکستانەکانی مێژووەوە هاتووە، نەک لە پرۆژەیەکی هاوچەرخ و نوێوە، کە هەڵگری پرۆژەی ئازادییێت.

بیرۆکەی چاکەکاری لەناو ئەم شێوە چەپێنەرانەیەی ئەخلاقناسیدا لە دونیای ئێمەدا لەسەر دوو کۆڵەکە بەندە: یەکەمیان گوێڕایەڵییەکی سەرتاسەری و پڕوکێنەر، دووهەمیان ئینتیمایەکی سەپێنرلو و بەزۆری بێپرسیار و تۆتالیتێر. ئەم دوو پرنسیپەش نەک ئینسانی ئازاد و بەرپرسیار، هاوڵاتی لێبورد و ڕێزگر لە ئازادی یەکتری دروستناکەن، بەڵکو خۆیان سەرزەمینی کوشتنی هەموو ئازادییەک و زەلیلکردنی ئینسانن.

ئێمە ناتوانین ئەم ڕاستییە سۆسیۆلۆژیانە ئینکاریکەین بەبێئەوەی بەشێکی هێجگار گەورەی ژیانی خۆمان ئینکارنەکەین. سیستیم لە دونیای ئێمەدا ژیانگای ئیفلیجکردووە و لەگەڵیشیدا ئینسانەکانیش. دونیای ئێمە جەهەنەمێکی ئەخلاقییە و هێزە دەسەڵاتدارەکانی ناوی دەمیانەوێت وەک بەهەشتێکی ئەخلاقیی پێمان

بفرۆشن.

حەسەن تورابی لە سیاقێکی لەم بابەتە دەڵێت، ئێمە باروبۆخمان لە هی ڕۆژئاواییەکان باشترە، چونکە لای ئێمە خودلوەند ماوە لەکاتێکدا لای ئەوان لە کونجی چەند کەنیسەیەکدا شاردراوەتەوە. بێگومان دەشێت لەدونیای حەسەن تورابی و لە دونیای ئێمەشدا زۆرشت هەبێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک خودلوەندی تیانەماوە. دونیای ئێمە لەباتی خودلوەند پڕە لەو هەموو ئەو تورابیانەی بەناوی خودا و لەبری خودا دەدوێن و فەتوا دەردەکەن. فەتوای سووتاندنی کتێبەکان، کووشتنی ئافرەتان، پارچەپارچەکردنی ئینسان و سووتاندنی لەسەر بیرکردنەوەی جیاواز. لە دونیای ئێمەدا سەدەها تورابی هەن، کە کاری سەرەکییان دەرکردنی خودلوەندە لەناوماندا. خودا دانیشتووی شوێنی "پیرۆز" و ناودڵی ئینسانی زاهیدە، ناو دڵی تورابییەکان هەرچییەکبێت نە شوێنی پیرۆز و نە شوێنی زوهدە.

لەم ڕووەوە ئەرکی ڕۆشنبیران بەپلەی یەکەم پێشنیارکردنی سیستمێکی دیکەیە بۆ هەقیقەت، پێشنیارکردنی ئەخلاقناسییەکی کراوەیە بەو مانایانەی کەم تا زۆر لەم وتارەدا باسکران، ئەخلاقناسییەک ڕێزگرتنی جیاوازی بنەما سەرەکییەکەیبێت. بۆ بنیادنانی ئەخلاقناسییەکی لەوجۆرە دەبێت زۆر شت ئەنجامبدرێت. بەر لەهەمووشتێک دەبێت ئەو ڕاستییە فێرببین، کە سیاسەت سەرزەمینی بەهاویەشەکان نییە، بەڵکو سەرزەمینی ڕا و بۆچوونە جیاوازەکانە، سیاسەت مانای دۆزینەوەی ناوەندێکە بۆ پێکەوەژیانی جیاوازییەکان لەگەڵیەکدا، نەک ناچارکردنی هەموان بە دووبارەکردنەوەیەکی تووتییانەی بۆچوونەکانی حیزب و سەرکردە و سەرکردۆچکەکان. دەبێت فێرببین لەم سەرزەمینە پڕ جیاوازیانەدا ڕێزی یەکدی بگرین و ئامادەبین بەم ڕێزەوە لە کۆمەڵگا و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداربین. ئەبێ لەوە تێبگەین، کە چارەسەری هەمیشەیی بۆ هیچ کێشەیەک بوونی نییە، کێشەکان دەبێت بەردەوام پێناسەبکرێنەوە و سەرلەنوێ لەژێر

کاریگەری گۆڕانی کات و شوێندا بنرخێنرێنەوە و جارێکی دیکە دیموکراسییانەتر چارەسەربکرێنەوە.

قوتابخانە و خێزان دەبێت منداڵان فێربکەن، کە هیچ کەس و لایەن و فیکرێک هەموو ڕاستییەکانی پێنییە، دەبێت منداڵان فێربکرێن بتوانن بدوێن و ئەرگومێنت بۆ بۆچوونەکانیان بهێننەوە، فێربن پرسیار بکەن، فێربن لەسەر بنەمای جیاوازیبوونیان ڕێکبکەون، نەک لەسەر وازهێنان لە تاکیەتی خۆیان و پشتکردنە بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیان. قوتابخانە بۆ ئەوە نییە فێرمانبکات هەموومان لەیەکبچین و وەکویەک بیربکەینەوە و یەک سیستمی بەها قبووڵبکەین، قوتابخانە بۆ ئەوەیە فێرمانبکات ڕێزیی فرەدەنگی و فرەبۆچوونی و ناکۆکبوونمان لەگەڵ یەکیدا بگرین. منداڵان دەبێت فێربن ڕێژەیبین لە بۆچوونەکانیاندا، ئامادەبن هەقیقەتی ناو بۆچوونەکانی دیکە ببینن. دەبێت منداڵان لەوە تێبگەن، کە ژیان مانای هاتوچۆیەکی بەردەوامە بەناو ناکۆکی هەمەجۆردا، کاری کۆمەڵگا بێدەنگ و سەرکوتکردنی ئەو ناکۆکییانە نییە، بەڵکو بەخشینی فۆرم و شێوەی تایبەتە بەو ناکۆکییانە و دۆزینەوەی کەناڵی تەعبیر و بەرجەستبوونە بۆیان. بەهەموو بارێکدا کۆی ئەو چەپاندن و سەرکوتکردنەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە زۆر لەوە زیاترە، کە ئەو سیستمە فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە باڵادەستە پێویستیپێیەتی بۆ پاراستنی خۆی. بێگومان من ناتوانم بۆ خەڵکانی دیکە بڕیاربدەم و مافی ئەوەشم نییە لەباتی ئەوان وەڵامی پرسیاری چۆن بژیم بدەمەوە، بەڵام تەواو باوەڕم وایە، کە پانتایی ئازادی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەبێت فراوانتربکرێت و ئینسانی ئێمە ماف و هەلی ئەوەی پێبدرێت خۆی فۆرمی ژیانی خۆی دیاربیکات، نەک حیزب و مزگەوت و باوک و سەرکردەکان بۆی دیاریبکەن.

چۆن بژین؟ دیسانەوە ئەو پرسیارە سوکراتییەی، کە جارێکی دیکە و هەزاران جاری تریش ڕوویەڕومان دەبێتەوە. پۆست مۆدێرنەکان پێیانوایە ناکرێت وەڵامێکی

گشتی و یەکجارەکی بەم پرسیارە بدرێتەوە، چونکە چاکە و خراپە بەشێوەیەکی ماتماتیکییانە نەدەپێورێن، نەدەکێشرێن و نەبەیەکتریش بەراوردەکرێن.

هاوینی ١٩٩٩

هۆلەندا ئەمریکا

سەرچاوەکان

1- Gerard de Vries, Zeppelins. Over filosofie technologie en cultuur. 1999 Uitgeverij Van Gennep Amsterdam

٢-محمد اركون، قضايا فى نقد العقل الدينى، كيف نفهم الاسلام اليوم، دار الطليعة بيروت. ترجمه هاشم سالح ٨٨٩١

3- Hans Boutellier, Solidariteit en slachtofferschap De morele betekennis van criminiliteit in een postmoderne cultuur. Nijmegen 1993.

٤-بڕوانە، مەریوان وریا، ئەنفال و مۆدێرنە، ڕووداوێک لە دوامانەوە، یان ئەگەرێک لەپێشمانەوە، ڕەهەند ژمارە حەوت ١٩٩٩.

5- Jurgen Habermas, De nieuwe onoverzichtelijkheid en andere opstellen. Boom Amsterdam 1989.

6- Harry Kunneman, postmoderne moraliteit, Boom Amsterdam 1998.

7- Anderson, Ben imagined community, london 1983.

8- Harry Kunneman, van theemutscultuur naar walkman-ego. Contouren van postmoderene individualiteit. Boon, Amsterdam1996.

9- J.Sperna Weiland. de mens in de filosofie van de twintigste

eeuw. Meu;enhoff Amsterdanm 1999.

10- Zygmunt Bauman Leven met veranderlijkheid verscheidenheid en onzekerheid Boom. Rein Munters redactie. 1988 Amsterdam.

11- Zygmunt Bauman, modemity and Holocaust,´ polity press, Cambridge Uk 1989 .

12- Martha Nussbaum: De onvevreemdbare eigenschappen van het lachende dier. Filosofie magazine, nummer drie jaar 8 april 1999

13- De Graaf, Elementaire begrip van de ethiek Scheltema en Holkema1979 Utrecht

14- Rosenau, Pauline Marie, Post-Modernism and the Social

15- Sciences. Princeton University Press, New Jersey 1992